# گەمەی سێبەرەکان

"پێشکەشە بەو کەسانەی چارەنووسی نەتەوەو نیشتیمانەکەیان بەلاوە گرینگەو دڵسۆزانە و بەرپرسانە بۆی تێدەکۆشن"

**تابلۆیەکی کورت لە ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

لە هەزارەی سێهەمدا کۆمەڵە فاکتۆرێك هاتنە نێو گەمەکانەوە کە تا رادەیەك هەڕەشە بوون بۆ سەر ئاسایشی ئابووری‌و تەك هێز و جەمسەریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی. هێرشی سەربازیی بە رێبەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دژکردەوەو وڵامێکە لە بەرامبەر گەورە کۆمپانیا نەوتییە ئەمەریکی ـ بریتانییەکاندا کە لەگەڵ "پێنج گەورە" بەرهەمهێنەری چەك‌و تەقەمەنی ئەمەریکادا بە ناوەکانی لاکهید مارتین (Lockheed Mortin)، ریسۆن (Roytheon)، نورس رۆپ گرۆمان (Northrop Grumman)، بۆئینگ (Boeing)و جنراڵ داینمیکز (General Dynawicz). یەکیەتییەکیان پێك هێنا بوو، ئەو یەکیەتییە خەریك بوو هەم بەرژەوەندی نەتەوەیی‌و هەم بەرژەوەندی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی ئەو دوو زلهێزەی دەخستە مەترسیەوە. تێکەڵ کردنی کۆمپانیای نەوتی بریتیش پترۆلیۆم ((British Petoleum (BP)و کۆمپانیای گەورەی نەوتی ئەمەریکی هالیبرتن(Holibirtn) لەپێوەندی لە گەڵ ئەو پرۆەیەی ئەمەریکاو بریتانیا دایە. بەپێ بەڵگەیەك بەرپرسانی باڵای ئەمەریکا [لە رەوتی دانشتنی گرووپی پێوەندی نێونەتەوەیی لەژێر چاوەدێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لەمەڕ ئەفغانستان لە نێوەڕاستەکانی ژوئییەی ساڵی 2001دا] بە [نایك] وەزیری دەرەوەی پاکستانیان وت کە عەمەلیاتی دژبە ئەفغانستان لە نێوەڕاستەکانی ئوکتۆبری [ساڵی 2001]دا بەرێوە دەچێ. بە وتەی [نایك] مەبەستی سەرەکی لەناوبردنی رێژیمی تاڵەبانە. ناوبراو گوتی کە پاش هێرشەکانی 11ی سێپتەمبر بۆ سەر ناوەندی بازرگانی جیهانی، ئەم پلانە لە ماوەی دوو تا سێ حەوتوودا بەرێوە دەچێ. کە وابوو گومانم بوو کە تەنانەت بە تەسلیم کردنەوەی بنلادن لەلایەن تاڵەبانەوە ئەمەریکا لە خێری پلانەکەی نەدەگوزەرا. چونکی مەبەستی سەرەکی ئەوان دیتنەوەی دەروازیەك بوو بە مەبەستی هاتنە ژوورەوەیەکی بەهێزتر بۆ کەنداوی فارس‌و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئێستا کە باشترین بیانوو بە دەستەوە بوو باشترین گەڵاڵە رێژی لەسەر ئەو بیانووە دەکرا. ئەمەریکاییەکان لە رێگای دام‌و دەزگاکانی راگەیاندراوە کە باشترین مکانیزم بۆ بانگەشە کردن بۆ سیاسەتەکانیان بوو توانیان لانی زۆری خەڵکەکەیان بە قەناعەت بگەیەنن کە ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە هەرکات چاوەڕوانی گەورەترین قەیران و کارەسات دەکەین.

**پێشەکی**

ئەورۆ فەزای سیاسی جیهان حاڵەتێکی سیاڵیکی هەیە، واتە کردەوەیەکی سیاسی لە هەر شوێنێکی جیهان دا کاریگەریی جیهانی بەدواوەیە. ئەوەش نیشان دەدا کە دۆخی قەیران، تیرۆر، مەرگ خوڵقاندن، ئاژاوەو شەڕئاشۆیی لە هەموو کات لەبارترە.

ئاساییە کە نەخۆشیو ئازارەکانی ئێمە لەگەڵ نەخۆشیو ئازارەکانی نەتەوەو کۆمەڵگاکانیتردا جیاوازی خۆی هەیەو بە نوسخەی کۆپی کراو چارەسەر ناکرێ. لەگەڵ ئەوەی دا کە جیهان پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە دیتوە، چەندین قۆناغی سیاسی، ئابووری، کولتووری، مێژوویو...ی جیاجیای بڕیوە، و نەتەوەی ئێمەش بەردەوام لە خەباتو بەرخۆدان دا بوە، کەچی هەوڵمان داوە لە شەپۆلەکانی پێشکەوتن دوانەکەوین، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ئێستا رووداوە سیاسییەکان کاریگەریی بەرین و بەرینتریان لێ دەکەوێتەوە.

بێگومان دەبێ لەو راستییە ئاگادار بن کە ئاسایشو بەرژەوەندی نەتەوەیی لە ژیانی سیاسی هەر نەتەوەیەك دا دوو فاکتۆری کاریگەرن، دوو فاکتۆری تەوەری. هەر نەتەوەیەك لە بەڕێوەبەریی کۆمەڵگاکەیداو لە رێنوێنی نەتەوەکەیدا ئەو دوو خاڵە لەبەرچاو نەگرێ بێگومان سەرکەوتوو نابێ. هەر بۆیە لە نێوەرۆکی باسەکانمان دا دوو تەوەری ئاسایشی نەتەوەییو بەرژەوەندی نەتەوەیی رێگایان بۆ باسو بابەتو چەمكو گوتەزاکانیتر لەبار کردووە.

تیرۆرو تیرۆریزمیش لە گرینگترینی ئەو چەمكو گوتەزایانەن کە بە بێ پێناسەی ئاسایشو بەرژەوەندی نەتەوەیی لێکدانەوەیان بۆ نەتەوەیەك خەساری لێ دەکەوێتەوە.

ئێمە وەك نەتەوەیەکی گەورەو بێدەوڵەت لەمێژە ئامانجی پلانو پیلانە تیرۆریستیو دژەئاسایشییەکانین. رووداوەکەی 11ی سێپتامبر وەکوو زرینگاندنەوەی ناقووس(زەنگ)ی مەترسی ، جیهانی لەخەونێکی قورس بە حەپەساوییەوە راچڵەکاند. بەلێدانی ئەفغانستانو روخانی حکومەتی تاڵەبانو پاشان هێرش بۆ سەر عێراقو رزگار کردنی ئەو وڵاتە لە دەست بەعسیزمو سەدام ، کۆمەڵێك ئەنجامی لێ کەوتەوە کە ناوچەکەی ئێمە یەکێ لە ناوەندە بەهێزەکانی ئەو دواهاتانەیە. هاتنە ئارای ژێۆپۆلیتیکی رخنەگرانە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، هاتنە ئارای هیلالی شیعی، مەترسی پەرەسەندی هەڕەشەی ئەتۆمو... کەشێکی ئاڵۆزیان خوڵقاندوە کە وێنای کارەساتی دڵتەزێنو مەرگ خوڵقێنی لێ بەدی دەکرێ.

ئێمەش وەکوو نەتەوەیەك بە ژێۆپۆلێکێکی هەستیارەوە لە ناوەندی ستراتژیی زلهێزان دا پێگەیەکی جێگیرتر لە جارانمان دەستەبەر کردوە کە لە کارتێکی یارییەوە بووین بە یاریکەرێکی سیاسی.

لەمەڕ نێوی کتێبەکە ، واتە" گەمەی سێبەرەکان" ، دەبێ بڵێین ئەم نێوە لە خۆڕا هەڵ نەبژێردراوە، گەر بیرمان بێ لە نەوەدەکاندا "پ.ساموئل هانتینگتۆن" لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا تێزی "پێکدادانی ژیارەکانی" هێنایە ناوەندی باسو موناقشەی نێونەتەوەییەوە، پاش ئەو "سید محمد خاتمی" سەرۆك کۆماری پێشووی ئێران تێزی "وتووێژی ژیارەکانی" لە بەرامبەر ئەودا هێنایە گۆڕێ، پاش ماوەیەکی دیکەش "د.مهدی المانجرا" تێزی"جیهانی بوونێکی تری" هێنایەبەرباس. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا بەرەی شارستانییەتی ئیسلام لە وڵاتانی ئیسلامی لە لایەك و رۆژئاوا بە سەرکردایەتی مەسیحییەت لە لایەکیتر لەناتەباییدا بوون. بە روودانی کارەساتەکەی 11ی سێپتامبر، کۆمەڵگای رۆژئاوا لە خەونێکی ترسناك راچڵەکاو بە دوای ئەوەدا ناتەباییەکان بوون بە دژایەتیو کۆمەڵگای سەلیبی خۆی بۆ رووبەڕووبوونەوەیەکی جیددیتر ئامادە کردو لێرەدا جارێکیتر گەمەیەکی سیاسی سەربازی دەستی پێکرد، گەمەیەك کە زۆرتر لە لایەن دەزگا ئابووریی و ئەمنییەکانەوە کاری بۆ دەکرا، گەمەیەك کە زیاتر هێزە سێبەرەکان و لە تاریکایی و سێبەرەکاندا کاریان بۆ دەکرد، هەر وەك ئەوەی کە

پێشتریش لە سێبەرەکانەوە دەستی پێ کردبوو. گەر بڕۆینە نێو باس و بابەتەکان مەبەستەکانمان زیاتر بۆ روون دەبێتەوە. من ئەوەم بە "گەمەی سێبەرەکان"ناوزەد و وەسف کردوە.
هەربۆیە تەوەری باسەکان شرۆڤەو لێکدانەوەیەکی تیرۆرو تیرۆریزم لە ژێر چەتری جۆراوجۆردا و لە روانگەیەکی مێژوویی، زانستی، سیاسی، ئابووری، کولتووریو ...وە لەوخۆ دەگرێو لە پێش زەمینەکانی 11ی سێپتامبر، هۆکارو دواهاتەکانم کۆڵیوەتەوەو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بە ناوەندی بەشێکی زۆر لەو کێشانە دانراوە. بە گشتی کاکڵی باسەکان توێژینەوەگەلێکن لە مەڕ تیرۆر و تیرۆریزم بە رەهەندو لایەنەکانیەوە، ئاسایشی نەتەوەیی، بەرژەوەندی نەتەوەیی، تیرۆریزمی نەتۆمیو هەڕەشەکانی، باسێك لە سەر پێکهاتەی سیستمی نێونەتەوەیی پێش 11ی سێپتەمبرو دوای 11ی سێپتامبر، دژەتیرۆریزم، جیاوازی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەو تیرۆریزم، باسێك لە مەڕ چەکی کۆمەڵکوژ بەگشتیو چەکە کۆمەڵکوژەکانی بەعس بەتایبەتی، پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو باکووری ئافریقا، رۆڵی وڵاتانی عەرەبی، کۆماری ئیسلامی، تورکیە، ئیسرائیل لەو نێوانەدا، ئاسایشی نەتەوەیی لە رۆانگەی کۆماری ئیسلامییەوەو کێشەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامیو... و لە ئاکام دا پێگەی کورد لە ئاسایشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست داو کاریگەرییەکانی ئەم کێشانە لەسەر دۆزی کورد.
بەڵام ئەوەی وەکوو خاڵێکی گرینگ دەبێ ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە ئەو بابەتانە هەرکام کتێبێكو چەندین کتێب هەڵدەگرن، بۆیە ئەم کتێبەش ئەگەرچی دێکیۆمێنتارییەو نێزیکەی 5 ساڵ کاتی بۆ تەرخان کراوەو لە زیاتر لە 170 سەرچاوە کەڵك وەرگیراوەو راو بۆچوونی زۆرێك لە دەسەڵات دارانو بەرپرسانی وڵاتانی لەخۆ گرتووە، دیسان بەریی لە کەمو کۆڕی نیە.
بەو هیوایەی سوودی لێ وەربگیرێ.
نووسەر

## بەرایی

ئەگەر سەرنج بدەینە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە روونی هەست بە نائارامیی جیهان، هەست بە نەبوونی ئاشتیو تەبایی مرۆڤ، هەست بە سەرهەڵدانەوەی بارگرژی، هەست بە ئاڵۆزیو شڵەژانو .. . دەکەین. زۆر جار تەلویزیۆنەکەمان یان رادیۆکەمان دەکوژێنینەوە تا ترۆمۆبیلە سووتاوەکان، تا خانووە رووخاوەکان، لەتوپەت بوونی جەستەی قوربانییە بێتاوانەکان بە دەستی تیرۆریستەکانو دڕندایەتی بە ناو مرۆڤەوە دژ بە مرۆڤایەتی نەبینین یا نەبیسینو ساتێکی دوور لە خەمو پەژارەمان هەبێ، کەچی هەرچی بیری لـێدەکەینەوە ئۆقرە ناگرینو هاواری ویژدانمان رامان دەچڵەکێنێو هاودەنگمان دەکا کە نە تەنیا لە ئاست ئەو دڕندەیی و تەوەحوشەدا بێدەنگ دانەنیشین بەڵکوو بە باوڕێکی ئاشتیخوازانەو مرۆڤدۆستانەوە لە بەرەی دژایەتی لەگەڵ تیرۆرو تیرۆریستان هەنگاوی جێددی و کاریگەر هەڵگرین و بچینە سەنگەری بەرەی جیهانی دژبە تیرۆرو تیرۆریزم بە سەرجەم رەهەند و لایەنەکانیەوە.

## پێرست

* چۆنیەتی سەرهەڵدانی تیرۆر و مەبەستەکانی
* تیرۆریزم لە ژێر چەتری ئاسایشی نەتەوەیی( امنیت ملی ) دا
* دابەش کردنی تەوەریی تیرۆریزم
* ئاوڕدانەوەیەك لە تیرۆریزمی مۆدێرن
* تیرۆریزمی دەوڵەتی وەکوو ئامرازێك
* تیرۆریزمی دەوڵەتیی دەوڵەتانی توتالیتار
* تیرۆریزمی نێودەوڵەتی
* تیرۆریزمی جیهانی ـ 11ی سێپتامبرو کاریگەرییەکانی
* تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ـ تیرۆریزمی ئیدئۆلۆژی دەسەڵاتدار
* تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و جیهانی ـ تیرۆریزمی ئیدئۆلۆژی دەسەڵاتدار بە ئامرازی مۆدێڕنەوە
* 11ی سێپتامبر، هۆکارو دەرئە نجامەکانی
* کێشەی ئاسایشی جیهان و ئامرازی ناڕەوا
* تایبە تمەندییەکانی سیستمی هاوسەنگی هێزەکان
* پێکهاتنی سیستمی نێونەتەوەیی
* هاتنەئارای شەڕی ساردو واتاو نێوەرۆکی
* سەرهەڵدانی خوڵقێنەرانی 11ی سێپتامبر
* چالاکیی مسکیتۆ( جۆرێ مێشوولەی تایبەتە )و سەرهەڵدانی سوپای ( خۆف )ترسناك
* حکومەتی تاڵیبان و هێرەمی بڕیاردان لە حکومەتی تاڵیبان دا
* تاڵیبان لە بواری سیاسییەوە
* ئۆسامە بن لادن کێیە؟
* ڕێکخراوی القاعدە، چۆنییەتی دامەزران و پەیوەندییەکانی
* تووڕەبوونی ئیسلام و هاتنەمەیدانی ئیسلامی سیاسی
*کێبڕکێ هێزە ئیسلامییەکان لەسەر پێشەوایەتی دنیای ئیسلام
* پەرەسەندنی القاعدەو دەست ئاوالاتر بوونی بن لادن
* نهێنییە پشتی پەردەکانی 11ی سێپتامبر
* شەڕی پاش 11ی سێپتامبرو نهێنییەکانی
* کێشەی سەرەکی نێوان یەکییەتی ئوروپاو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئامریکا
* 11ی سێپتامبرو کاریگەرییەکانی لەسەر رۆژهەلاتی نێوەڕاست
* ئاستەنگەکانی سەرریگای گۆڕان لەو ناوچەیەدا
* مەترسییەکانی هێزی پێشگرانەی ستراتژیك( نیروی بازدارندە استراتژیك )
* بارودۆخی رۆژهەلاتی نێوەڕاست و کاریگەرییەکانی لەسەر جیهان
* ئاسایشی رۆژهەلاتی نێوەڕاست و ئاسایشی جیهان

* هێژمونیی وڵاتەیەکگرتوەکانی ئامریکا
* بنئاژوویی ئیسلامیی و شەڕی دژەتیرۆر
* رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پاش 11ی سێپتامبر
* 11ی سێپتامبرو لێدانی عێراق
* کێشەی عێراق و رۆژئاواو روخانی دیکتاتۆریی بەعس
* ئامادەکاری بۆ شەڕ
* شەڕی یەکەمی کەنداوو بوار رەخسانێك بۆ رەوتی دووهەمی رووداوەکان
* پلان و پرۆگرامی چەکەکۆمەڵکوژەکانی بەعس و دڕدۆنگییەکانی رۆژئاوا
* هاوکاری ناوچەیی تورکیە، ئیسرائیل، ئامریکا
* هیلالی شیعی و جیۆپۆلیتیکی شیعی و راچڵەکانی دنیای ئیسلام
* 11ی سێپتامبرو پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو باکووری ئافریقا
* کورتەیەك لە پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو باکووری ئافریقا
* رەشنووسی گرووپی هەشت بۆ پشتیوانی لە گۆڕان و چاکسازییەکان
* کۆنفرانسی سەنعا، کۆنفرانسی عەقەبە، بەڵگەنامەکانی ئەسکەندەرییە، ئەنجۆمەنی هەوڵە بازرگانییەکانی عەرەب، ئەنجومەنی کارگێڕی عەرەب
* شەڕی عێراق و ئاکامەکانی
* هۆکارە دەرەکییەکانی شەڕی عێراق بەگشتی و هۆکارە ناوچەییەکانی بەتایبەتی
* هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و شەڕی ئێران ـ عێراق
* روخانی حکومەتی بەعس و ئاکامەکانی
* دابین کردنی ئاسایش کۆڵەکەی سەرەکی سەرکەوتنی پرۆژەی عێراقە
* هەڵەی سیاسەتی دووبەرەکێ نانەوە لەناو هێزەکانی عێراق دا
* ئاستەنگەکانی بەردەم سەرکەوتنی عێراق
* "بەغدا دەبێ خەرجی خۆی دابین بکات"
* راپۆرتی ژێنراڵ پێترائۆس لەمەڕ بارودۆخی عێراق بە کۆنگرە ـ نێوەرۆکی گێرەو کێشەکان ـ بارودۆخ و پیشاژوی هەنوکەیی هێزە ئەمنییەکانی عێراق ـ کەندولەندەکانی سەررێگای سەرکەوتنی عێراق
ـــ گەڕانەوەیەك بۆ سیاسەتی خۆچەکدار کردنی رێژیمی بەعس و هەڵەکانی
* رێژیمی بەعس و چەکەکۆمەڵکوژەکانی
* راپۆرتی دەوڵەتی بریتانیا
* جۆری چەکەکان
* چەکە میکرۆبیۆلۆژیکییەکانی عێراق، هەڕەشەیەکی ناوچەیی و جیهانی
* کردەوەکانی ئانسکام لە چەك داماڵینی عێراق داو کێشە چارەسەرنەکراوەکان
* پرۆگرامە ئەتۆمییەکانی عێراق
* قەیرانی ئەتۆمی و مەترسییەکانی

* بۆمبی ئەتۆمی
* تاقیکردنەوەی بۆمبی ئەتۆمی و خەسارەکانی بۆ مرۆڤایەتی
* بۆمبی ئەتۆمی و گۆڕانی هاوسەنگی و کێبڕکێیەکان
* شەڕی ساردو کێبڕکێ چەکسازی ئەتۆمی
* دەقی رێککەوتن نامەی ساڵتی یەك و لایەنە پەیوەندیدارەکانی
* رێککەوتن نامەی کاتیی
* تیرۆریزمی ئەتۆمیی
* کۆماری ئیسلامی، ئاسایشی سیستم یان ئاسایشی نەتەوەیی
* کۆماری ئیسلامی و بابەتی ئاسایش
* روانگەی کۆماری ئیسلامی بۆ ئاسایش لە ئاستی سیستمی دەررەکیدا
* تیۆری شەڕی پێشگیرانەی کۆماری ئیسلامی
* سیاسەتی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی
* ئاسایشی سیستم و هێزی قودس کە لقی پێنجەمی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانە
* ئێران چالاکی ئەتۆمی و هەڕەشەکانی
* پرۆگرامی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی
* دەقی بڕیارنامەی 1803ی ئە نجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان
* دژەتیرۆریزم یان پادتیرۆریزم(Anti terrorism or Counter Terrorism)
* کێشەکانی روون نەبوونی پێناسەی دژەتیرۆریزم
* پێناسەی دژەتیرۆریزم و هێزو دەسەڵات
* یاسا پەسەندکراوەکان دژبە تیرۆریزم
* تیۆری بەرگری رەوا( دفاع مشروع )
* یاساو ستراتژی یەکییەتی ئوروپا لە خەباتی دژەتیرۆریزم دا
* رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان
* جیاوازی بزوتنەوەی ئازادیخوازی و تیرۆریزم
* کۆلۆنیالیزم و بزوتنەوە رزگاریخوازییەکان
* تیرۆریزمی مادە هۆشبەرەکان
* مادەهۆشبەرەکان مەرگی هێدی هێدی کۆمەڵگایە
* گیرۆدەبوون( اعتیاد ) بە مادەهۆشبەرەکانەوە
* هۆکارەکانی گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکانەوە
* رێگاو شێوازە بنچینەییەکان بۆ پێشگیری لە گیرۆدەبوون بە مادەهۆشبەرەکانەوە
* هێز، دەسەڵاتی سیاسی و سیاسەت
* سەرچاوەکانی هێز
* هێزو رێکخستن

* جیاوازی نێوان تێگەیشتنەکان لەهێزو دەسەڵاتی سیاسی
* پێگەی کورد لە ئاسایشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا
* چوار دوژمنی سوێندخواردوو
* کوردستان و گرینگی ئاسایشی ناوچەکە.
و لە کۆتایی دا فەرهەنگۆکێك بۆ وشە نوێیەکان.

## چۆنیەتیی سەرهەڵدانی تیرۆرو مەبەستەکانی

سروشتییە کە بیروڕای جیاواز لەمەڕ پێناسەی تیرۆرو تیرۆریزم بوونی هەیە، ئەوەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەربلاو بوونی بابەت و گوتەزای تیرۆریزم، کە دەکرێ بەکێشەیەکی بابەتیانەو گرینگی لانیکەم سەردەمی خۆمانی نێو بەرین. هەر بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانین ئەو گوتەزاو بابەتە کارێکی وردو قووڵی دەوێ، هاوکاریی‌و رێخۆشکەریی گەل‌و کۆمەڵگای دەوێ، بەهایەکی بەرچاوی پێویستەو لە هەموان گرینگتر کادرو لێکۆڵەری ئاکادێمیستی دەوێ. بەلاَم ناچارین بۆ تاوتوێکردنی دیاردەی تیرۆرو تیرۆریزم لەوەی کە هەمانە کەڵك وەرگرین تا بتوانین دیسان بە وردی‌و لە روانگەیەکی ئاوالاَوە ئەو دیاردەیە بخەینە بەر باس و هەڵیسەنگێنین. بۆ ئەم ئەرکەش پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی زۆر کۆن و لانیکەم ئاوڕێکی کورت لە سەردەمانی سەرهەڵدان و شکڵ‌و قەوارەگرتنی توندو تیژیی وەك لایەنێکی گرینگی بنچینەسازی فیکری تیرۆر لە ژیانی سەرەتایی مرۆڤدا، سەردەمێك کە مرۆڤەکان خۆیان دۆزییەوەو بوونە خاوەنی وشیاری، هەستیان بە بوونی بەرژەوەندییەکانیان کردو بیریان لە پێکدادانی بەرژەوەندی و بەرژەوندی خوازی کردەوە وهەوڵەکانیان بە تەواوی هێزو تواناوە خستەگەڕ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان .

دەبێ بێژین ئەگەر واقیعبین بین لە گەڵ ئەوەیدا کە بەرژەوەندی و بەرژەوەندیخوازی بەشێکی گرینگ و سەرەکی زاتی مرۆڤ و مرۆڤایەتی پێکدێنی، بەلاَم دیسان مرۆڤ خاوەنی پرنسیپ و پرستیژی ئینسانییەو بیر لە بایەخە مرۆییەکان دەکاتەوەو رێگا بە هەموو کردەوەیەك بۆ بەدەست هێنان و پاراستنی بەرژەوەندی نادات. بەلاَم دوورکەوتنەوەی مرۆڤەکان یان خۆ دوور خستنەوەیان لە بایەخە ئینسانییەکان بۆتە هۆی ئەوەیکە تەنیا بەرژەوەندی‌و بەرژەوەندیخوازی بکەنە مەلاك. هەر بۆیە بوونی بەرژەوەندیی جیاواز لە نێوان مرۆڤەکانداو پێکدادانی ئەو بەرژەوەندییانەو هەوڵی مرۆڤەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، بوتە هۆی سەرهەڵدانی کردەوەو دژکردەوە لە نێوان تاك، بنەماڵە، خێڵ، نەتەوە، کۆمەڵگاو...،داو لەو نێوانەشدا لایەنێك سەرکەوتوو و لایەنێك دۆڕاو دەبوو. یان دادەنیشتن بە وتووێژ پێك دەهاتن یان پەنایان بۆ کردەوەی توندوتیژ دەبردو هەوڵی تۆڵە سەندنەوەیان بە هەموو جۆرێك دەدا کە ئەمە قۆناغێکی سەرەتاییە بۆ تیرۆریزم.

بەلاَم لەو دەمەوە کە مرۆڤەکان بوونە خاوەنی دەسەلاَت، ئیدارە، خۆبەڕێوەبەریی، ولاَت و سیستم، ئەو پێکدادانانە توندو تیژتر، بەرینترو پتروپتر لە جاران پەرەیان ئەستاند. واتە مرۆڤەکان بۆ بەڕێوەبردنی دەسەلاَت و گەیشتن بە پلەو پایەو بەدەستەوەگرتنی حوکم لە ولاَت‌ودەوڵەت و کۆمەڵگادا کەوتنە بەربەرەکانێ، هەوڵدان‌و چالاکیی

هەمەلایەنە. کەوابوو لەم قۆناغەدا لە پێکدادانێکی رووتی بەرژەوەندیخوازانەوە هەنگاوێ بەولاوەتر نەچووبوو چووە قۆناغی پێکدادانی دەسەڵات کە خۆی پێگەی وەدەستهێنان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانە. ئەوکات ئیدی ئەوە بەتەنیا بەرژەوەندی هی کەسێکی تایبەت نەبوو، بەڵکوو چووبوە چوارچێوەی میکانیزم و سیستمێکەوە، میکانیزم و سیستمێك بەناو حکوومەت و دەسەڵات لە لایەك و نەیارانی حکوومەت و دەسەڵات و لە لایەکی دیکەوە. بەڵام لێرەدا گرینگ چۆنیەتی بەڕێوەچوون و جۆری سیستمی بەڕێوەبەریی و دەسەڵات مەرجی سەرەکییە. چونکی شێوازی دەسەڵات و بەڕێوەبەریی یەکێ لە خاڵە دیاریکەرەکانەو مەرجی سەرەکیی سەرهەڵدانی توندوتیژی و دیاریکردنی لایەنی تیرۆریست بوون بوە.

پێویستە ئەوەش بێژین کە زۆر جار تیرۆریزم لە چۆنیەتی بەڕێوەبەری و سیستمی ئیدارە کردنی دەسەلات و کۆمەڵگا بۆ رەواییەتی جینایەتەکانی لە نێو توێژی خوارەوەی کۆمەڵگادا کەڵك وەردەگرێ و پاساوی وەحشیگەرییەکانی پێ دەداتەوە، ئەوەش تا رادەیەك بەستراوەتەوە بە ئاستی ئاگایی و تێگەیشتوویی بەگشتی کۆمەڵگا لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. کە ئەوەش خۆی کاریگەریی لە سیستمی پەروەردەو فێرکردن وەردەگرێ وئەو سیستمەش تا چەندە سکیۆلارو مۆدێڕن بیت خۆی مەرجێکی سەرەکییە. لە لایەکی دیکەوە رادەی خەڵك سالاری و دێموکراتیك بوونی سیستمی دەسەڵات و چۆنییەتی وەڵامدانەوەی بە داخوازییەکانی خەڵکەکەی وهەروەها چۆنییەتی مامەڵە کردنی لەگەڵ کۆمەڵگادا، یان لە گەڵ داخوازییەکانی لایەنەکەی دیکەو چۆنییەتی دەربڕین و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنیان دەتوانن لە سەر دیاردەی تیرۆرو تیرۆریزم بەرچاوانە شوێن دانەر بن. کەوابوو دەبوا پێناسەیەکی گشتگیرو جیهانی بۆ تیرۆرو تیرۆریزم بکرابایە.

بەداخەوە تاوەکو ئێستاش لە جیهاندا بە وەها پێناسەیەك نەگەیشتوون کە پشتیوانی و رەزایەتی سەرجەم لایەنەکانی دژ بە تیرۆر وەدەست بێنێ. لە زۆربەی وڵات و کۆمەڵگاکاندا چ لە لایەن دەسەڵاتەوەو چ لە لایەن نەیارانی دەسەڵاتەوە کردەوەو دژکردەوەی توندوتیژ بەڕێوە چووە کە هەر لایەن بە پێوانەی خۆی و لە روانگەی خۆیەوە لایەنەکەی دیکە بە تیرۆریست دەزانێ و کردەوە یان دژکردەوەکەی بە تیرۆر دادەنێ، کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پێوانەیەکی لۆژیکی و جیهانی بۆ لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی تیرۆرو تیرۆریزم.

1_ مرۆڤ سەرەڕای ئەو هەموو بەربەرەکانێیەی دژ بەتیرۆرو تیرۆریزم لە جیهاندا دەکرێ دیسان لە هەمبەر ئەو کێشەیە دەستە ئەژنۆ ماوەتەوە، کە دەبێ لە چ قۆناغێکەوە لەسەر تیرۆریزم حیساب بکرێ؟

2_تایبە تمەندییەکانی تیرۆرو تیرۆریزم کامانەن؟

3_سنوورەکانی لە لایەن چ ناوەند و دەزگاگەلێکەوە دیاری دەکرێن؟

4_نێوەرۆکی تیرۆریزم چیەو داخوازی یەکانی کامەن؟بوارەکانی سەرهەڵدانی تیرۆرو تیرۆریزم چیەن؟

5_تیرۆریستان زۆرتر هەوڵ دەدەن لە سەر کام چین و توێژی کۆمەڵگا کار بکەن ؟

دەکرێ بێژین وەڵامدانەوەیەکی گونجاو بەم پرسیارانە تا رادەیەك دەتوانێ پێناسەیەك بۆ تیرۆریزم و تیشکێك بێ بۆ ناسینی بوارەکانی و بە گشتی رووناکاییەك بێت لە سەر تاریکایی تیرۆریزم.

هەروەك باسمان کرد تیرۆر یان توندوتیژی، ترساندن و تۆقاندن بەکردەوە لە سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤایەتییەوە بوونیان هەبوە، لەگەڵ قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و رۆژ لە رۆژ گەشەسەندوتر بەرەنگاری مرۆڤ بوونەتەوە. بە گەیشتنیان بە دنیای مۆدێڕن و دەستڕاگەیشتنیان بە تێکنۆلۆژی

هاوچەرخ لە ئامرازو کەرەستەی مۆدێرن و لە گۆڕانکاریی فیکریی تیکنۆکراتیك بۆ خۆڕێکخستنەوە و خۆنوێژەن کردنەوەیان لە بوارە جۆراو جۆرەکاندا کەڵکیان وەرگرتوە.

لە سەر پێناسەی تیرۆریزم کێشەکان زۆرن و پێناسەکانیش زۆرتر.

وشەی تیرۆر (Teroor)و تیرۆریسم (Teroorism) دوو وشەی بە تەواوی سیاسین و بەکارهێنانیان بۆ بوارگەلی ناسیاسی هەڵەیە. لە قامووسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا ئاوها ئاماژە بە پێناسەی تیرۆریزم کراوە:

"تیرۆرو تیرۆریزم بە چالاکیی سیاسیی یاریزانە سیاسییە دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەکان دەوترێ کە لە رێگاو مکانیزمی توندوتیژ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان کەڵك وەردەگرن".

پێناسەیەکی دیکە پێناسەی "والتر لاکوئیۆر"ە(Walter Lakoyur) لە ناوەندی لێکۆڵینەوە ئیستراتیژیکییە نێونەتەوەییەکانەوە، بە باوڕی ناوبراو تیرۆریزم بریتی یە لە :" کردەوەیەکی ترسێنەرانە کە لە توندوتیژی بۆ گەیشتن بە ئامانج کەڵك وەردەگریٚو کردەوەگەلێك وەکوو شەڕ، شۆڕشی رێکخراوو خەڵکی و تەنانەت باندە جینایەتکارو مافیاییەکانیش بەم پێناسە ناچنە بازنەی تیرۆریزمەوەو بە گشتی ئەوە قبووڵ کراوە کە هەر کردەوەیەکی توندوتیژانە کە کۆمەڵگاو خەڵکی مەدەنی کردبێتە ئامانج و دژ بە کۆمەڵانی خەڵك بێ دەچێتە بازنەی تیرۆرەوە."

پێناسەیەکی دیکە کە لە کتێبە فێرکارییەکانی ئەرتەشی وڵاتە یەکگرتووەکاندا هاتوە ئاوا ئێژێ:

"تیرۆر کەڵك وەرگرتنی حیساب کراو لە توندوتیژی، یا ترساندن بە توندوتیژییە بۆ گەیشتن بە ئامانجگەلی سیاسی، ئیدئۆلۆژیکی ئایینی و غەیری ئایینی لە رێگای تۆقاندن، گوشارهێنان لەگەڵ ترساندنی بەردەوامدا"، لەم پەیوەندییەشدا "نوام چامسکی"(Nwam Chomski) یەك لەوانەیە کە ئەم پێناسەیە بۆ تیرۆریزم بە شیاو دەزانێ. ئەم پێناسانەو دەیان پێناسەی دیکە بۆ وشەی تیرۆریزم کراوە، بەڵام هەر لایەن، وڵات، نەتەوەو دەوڵەتێك پێناسەیەکیان بۆ تیرۆریزم کردوە کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا ناتەبا نەبێ.

## تیرۆریزم لە ژێر چەتری ئاسایشی نەتەوەیی( امنیت ملی )دا

ئێمە وەکوو گەلی کورد تا ئێستا بە شێوەیەکی جیددی کارمان لە پێوەندی لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەییدا نەکردوە، رەنگە تەنانەت بۆ هێندێ کەس وشەیك بێ تەنیا جاروبار بەرگوێی کەوتبێت و بەس. بۆ سەلماندنی ئەو راستییەش دەتوانین سەیرێکی ئارشیوی رۆژنامە، گۆڤارو دەزگاکانی راگەیاندن و هەموو چاپەمەنی و بڵاوکراوە نەتەوەییەکانمان بکەین و بزانین بە راستی ئەو گوتەزای "امن قومی"یەی کە دوژمنانمان بەردەوام بەو بیانوەوە ئێمەیان جینۆساید دەکرد، چەند جار خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و شیتەڵکاری و لەو پێوەندییەدا توێژی روناکبیری کۆمەڵگاکەمان تا چەندە هەوڵی داوە و تێکۆشاوە؟ تا چەندە خەڵکەکەمان هانداوە بۆ هەست بە بەرپرسایەتی کردن لە هەمبەر ئاسایشی نەتەوەییدا؟ پێشتر باسمان لە سەر بەرژەوندی "هەر جۆرە بایەخێکی مادی و مەعنەوی "کرد کەوابوو دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە ئەوە "بەرژەوەندی نەتەوەیی" یە کە گوتاری ئاسایشی نەتەوەیی دێنێتە ئاراوەو پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی و دیاریکردنی رەهەندو سنوورەکانیەتی کە گرنگی بە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەو کۆمەڵگا دەداو گرنگیی تەبایی و ئاسایشی نەتەوەییە کە پێناسە بۆ نەیارو بەرامبەرەکانی دەکاو هێڵە سوورەکان دیاری دەکا. کەوابوو ئەوە زلهێزەکانی جیهانن کە بابەتی تیرۆریزم دەخەنە

ناوەندی لێکۆڵینەوەو پاش تاوتوێکردنی دەیکەنە پێناسەیەکی جیهانیی و لە راگەیاندنەکانیاندا بۆ رای گشتی شی دەکەنەوە بناخەی بیرێکی دژە تیرۆریزمی جیهانی دادەرێژن و هەوڵ بۆ مەحکووم کردن، بەرەنگاربوونەوەو لەناوبردنی دەخەنە گەڕو لە ئاکامدا دەیکەنە گوتارێك بۆ لێك نزیك کردنەوەو هاوبەرژەوەندی بوونی وڵاتانی قوربانیی تیرۆرو تیرۆریزم. جاری واش هەبوە کە تیرۆریزم بناخەی سیاسەتی وڵاتێك لە قۆناغێکدا بوە، واتە فینداسیۆنی سیاسەتی وڵاتێك لە سەر بنەمای تیرۆر دامەزراوەو ئەوەش یانێ تیرۆریزە کردنی سیستم و دەسەڵات، یانێ تیرۆری دەوڵەتی. بۆ وێنە یەکەم جار بەکارهێنانی وشەی تیرۆرو هاتنەگۆڕی وتەزای "تیرۆریزم"و مکانیزمێك بۆ کردەوەی توندوتیژانە لە شۆڕشی ژاکۆبینەکان لە فەرەنسای پاش شۆڕشی"1789" بەملاوە بوو کە زۆربەی بیرمەندان و پسپۆرانی ئەو بوارە سەرهەڵدانی تیرۆریزمی رێکخراو بە بەرهەمی ئەو شۆڕشە دەزانن. لەو کاتەدا شۆڕشگێڕە بیرتەسکەکان کە دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشەیان بە هی خۆیان دەزانی و خەڵکی دیکەیان بە بێگانە لەو دەسکەوتانە لە قەڵەم دەدا. هەر بۆیە بۆخۆیان بە فەرمی رایانگەیاندبوو کە حکوومەتی ئێمە لە سەر بنەمای بیری "ژاکوبینسم" (Jacobinism) یان حکوومەتی ترس، خۆف و توندوتیژییەو پێشنیاریان دەکرد بەو نێوە بیاننا‌سن.

## دابەشکردنی تەوەریی تیرۆریزم

لەم شۆڕشەدا تیرۆر دوو رەهەند یان تەوەری لەخۆ دەگرت، رەهەندی کردەکی یان تیرۆری سوور(گەرم)و رەهەندی دیکە رەهەندی دەروونی (روانی)یە. رەهەندی کردەکی یان فیزیکی تیرۆر ئەو کاتەیە کە مرۆڤ بە کردەوەیەکی تیرۆریستی و بە بەکارهێنانی ئامرازێکی کوشتن دەکرێتە ئامانج و هەوڵی تیرۆر کردنی دەدرێ یان گیانی لە دەست دەدا. لێرەدا ئێژین کە کردەوەیەکی تیرۆریستی رووی داوە خەڵکیش بە ئاشکرا دەیبینن و دەزگا ئەمنی و ئاسایشییەکانیش بەکردەوە هەڵوێست دەگرن. بەڵام رەهەندی رۆحیی و دەروونیی ئەو کاریگەرییە هەستی و دەروونی، هزریی، بیریی و سۆزدارانەیەیە کە کۆمەڵگا دەگرێتەوە. ئەو بەشەی لە تیرۆر، واتە بەشی روحیی زۆر گرینگەو دەبێتە هۆی تێکدانی نۆرمە دەروونییەکان لە کۆمەڵگاداو دۆخێکی ترسێنەرو نائارامیی جەستەیی و دەروونی لە کۆمەڵگادا حاکم دەکاو کەش وهەوای سیاسی ئاڵۆزو بوار لەبار دەکا بۆ پێشێلکردنی یاسا و شێواندنی شیرازەکانی کۆمەڵگاو دەسەڵات، هەربۆیە لە شۆڕشی فەرەنسا بەدواوە بە قۆناغی سەرهەڵدانی تیرۆریزمی میکانیزمیی و سیستماتیك دەژمێردرێ. وەك گرووپە کاربونرییەکان لە ئیتالیا کە بە دوای یەکگرتوویی ئەو وڵاتەوە بوون ودژ بە هەر جۆرە مافێکی کەمینەی بە تیرۆریستانەترین شێواز دەجوڵانەوە، بزووتنەوەی "بورشن شافت"یان ئەنجومەنی خوێندکارانی یەکگرتوویی خوازی ئاڵمانی لە زانکۆی" ئینا"و بزووتنەوەی خوێندکاریی "یوگوسلاڤی" کە ئەم گرووپە لە رابردوودا بە تیرۆری وەلیعەهدی ئوتریش ئاوری شەڕی جیهانیی یەکەمی نایەوە. دەیان وێنەی دیکە لەو گرووپ و بزووتنەوانە هەیە بەڵام گرینگ ئەوەیە کە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم سەردەمی سەرهەڵدانی تیرۆریزمی نوێ و مودێرن بوە.

ئەوەیکە ئەم قۆناغەی لە قۆناغەکانی دیکەی تیرۆریزم جودا کردۆتەوە، سیاسی بوونی بیرۆکەی تیرۆریزمی نوێیە. واتە تیرۆر لەم سەردەمەدا بە تەواوی بیرۆکەو ئامانجی سیاسیی لە پشتە، بە شێوازێکی رێکخراو عەمەل دەکاو لە نێو قامووسی سیاسیدا جێی گرتوە، بوەتە بەشێك لە سیاسەتی دەوڵەتی ونێودەوڵەتی. تەنانەت بەشێك لە بیرمەندانی ئەم بوارە هاوڕان کە لەم قۆناغەدایە تیرۆر مەکتەبی و ئیدئۆلۆژیك دەبێتەوەو تیرۆریزم دەبێتە

مەکتەب و قوتابخانە لە ژێر ناو و عینوانی جۆراو جۆرداو دەچێتە چوارچێوەی روانگەکانەوەو لە پاڵ ئانارشیزمو نهیلیزمدا جێدەگرێ، هەم لە کاناڵی سیاسی، هەم لە کاناڵی کردەوەی توندوتیژانەوە هەوڵی بەرەوپێش چوونو گەیشتن بە ئامانجەکانی دەدا. تەوەری چالاکیو رێبازی ئیدئۆلۆژیك دیاری دەکاو هەوڵی ئەندامگیریو پێکەوەنانی گرووپو تاقمو هەوڵی پێکهێنانی سەرچاوەی دارایی دەدا، هەوڵی راکێشانی سەرنجی لایەنە جیاوازەکان دەداو هەوڵی پرۆپاگەندە بۆ رێبازەکەیو رەواییەت دان بە کردەوەکانی دەداو...، تێدەکۆشێ بۆ زیندوو راگرتنی بوارە خورافییەکانو هەوڵ دەدا بۆکێشانەدەری مرۆڤ لە ناوەندی زانست و شارستانییەتدا بۆ لێوارەکانی "نهیلیزم"وپووچگەرا بوون کە مەکۆی ئەفسانەو خورافات بوو. بۆ پتەوکردنەوەی بناخەکانی خۆی دەبێ پەیوەندی لەگەڵ چین یان توێژێکی کۆمەڵگادا بگرێ پێوەندییەکی کاریگەری رۆحیی، بە ناسرانی تیرۆریزمو نێورۆکەکەی لە نێو چینو توێژی روناکبیردا جێگای نابێتەوە. کەوابوو هەوڵی تیرۆریزم بەردەوام پێکهێنانو لەبارکردنی بواری "دوگماتیزم" لە کۆمەڵگاکان دایە. لە نێو چینو توێژە دواکەوتوو، خورافیو تەنانەت هەژارو دەستکورتەکاندایە. بەسەرنجدانو لێ وردبوونەوە لە پێکهاتەکانی تیرۆریزم بەو ئاکامە دەگەین کە ئیدئۆلۆژیو بوارە دۆگمو بەرتەسکەکان بە هۆی بوونی روانگەیەکی ئێجگار داخراوەوە بۆ بەرەوپێشچوونو گەیشتن بە ئامانج پێویستیان بە مکانیزمی تیرۆر، ترسو خۆف هەیەو لە بەرامبەردا تیرۆریزمیش وەکو گرووپ، لایەن یان دەسەڵات بۆ گەیشتن بە ئامانج پێویستی بە بواری دۆگمو بەرتەسك هەیە، ئەو بوارە دوگم و بەرتەسکەش دەتوانێ رادیکاڵیزمی ئیسلامیی بێ، دەتوانێ پان زایۆنیزم بێ، دەتوانێ شۆڤینیزمێکی درەندە وەکوو بەعسیزم بێ، دەتوانێ پان تورکیزمی ئاتاتورکی بێ و...،.

# ئاوڕدانەوەیەك لە تیرۆریزمی مۆدێڕن

بێگومان دەبێ بزانین کە تیرۆریزم بە تێپەڕاندنی چەندین قۆناغی جۆراوجۆر ئەمڕۆ وەك گوتەزایەکی بەربڵاو خۆ دەنوێنێ و مەیدانداری نائەمنی جیهانییەو رەهەند، تەوەرو لایەنی جیاجیا لە خۆ دەگرێ، هەربۆیە لە سەرەتای باسەکەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە وەك گوتەزایەکی بەربڵاوو لە روانگەیەکی ئاواڵاوە سەیری بکەن بۆ ئەوەی لە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن و شرۆڤە کردنی رەهەندو تەوەرە جیاجیاکانیدا، تووشی ئاڵۆزی فیکری و سەرلێشێوان نەبین.

پاش کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانیی دووهەم، هاتنەئارای قۆناغی شەڕی ساردو دوو جەمسەری بوونەوەی جیهان، بە کردەوە شەڕ لە ئاراستەیەکی مۆدێڕن و تایبەتدا هاتە ئاراوە. شەڕێکی سارد و بێدەنگ کە هیچ کام لە لایەنەکان بە فەرمی بۆ خۆی نەدەهاتە مەیدان یارییەکەی بە یاریزانە وردو بچووکەکانی گۆڕەپانەکە دەکردوو لەونێوەشدا جارناجار چەك و تەقەمەنی خۆشیان تاقی دەکردەوە بێئەوەی خەسارێکیان وێ بکەوێ، ئەوەش بۆ ئەوە بوو کە دەیانەویست ئەوەی کە لێی تۆقیبوون نەیەتە گۆڕێ، ئەوەش بە خوشحاڵی خۆیان نەبوو بەڵکوو وەك یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی دەتوانین ئاماژە بەو ترس و خۆفەی بکەین کە جیهانی بەگشتیو دەسەڵاتە بەهێزەکانی بەتایبەتی لە سەرهەڵدانی شەڕی ئەتۆمیی واتە "توازن وحشت" بوو، بەڵام ئەوە دیوی دەرەوەی بابەتەکان بوو، نێومرۆك یان پشتی پەردە ئاماژەی بە هێندێ نهێنی دەکرد کە ئاشکرابوونیان بۆ هەر دوو بەرە قەیران خوڵقێن بوو. داخوا دەبێ ئەو

نهێنییانه چی بن؟ ئەگەر بمانەوێ وەڵام بدەینەوە، هەردوو جەمسەر بەگشتیو سەردەمداریی جەمسەرەکان بەتایبەتی لە پێکهاتنی ئەو قەیرانانەدا جیالەوەی کە بە بەرپرس دەزانرێن، تاوانبارو مەحکومیش دەکرێن، بۆچی؟ چونکی نە مافی مرۆڤ دەپارێزرا، نە دێموکراسی مانای هەبوو. قەیرانی ئازادی و رزگاریخوازیش گەیەشتبوە ئەوپەڕی خۆی، سەرکردایەتیی بەرەکانیش بۆ بەهێزکردنی پێگەکانی خۆیان تەنانەت پشتوانییان لە دڕندەترین دیکتاتۆران دەکرد کە دەتوانین بە ڕاشکاوانە بێژین قەیرانی دیکتاتۆری و توتالیتاریزم لە پاش شەڕی جیهانی دووهەمەوە دەگەڕێتەوە بۆپێکدادانی ناپیرۆزی نێوان ئەو دوو جەمسەرەکە. لەراستیدا ئەوەش درۆیەکی گەورەیە کە ئێژێ ولاتانی جیهانی سێهەم خۆیان لەو پێکدادانە پاراست چونکی دەتوانین بە بەڵگەوە بێژین کە نە تەنیا نەیانتوانی خۆ بپارێزن بەڵکوو ببوونە ئامرازی دەستی سەردەمدارانی بەرەکان. بەڵام بە کۆتایی هاتنی شەڕی ساردو هەڵوەشانەوەی بەرەی سوسیالیزمو سەرکەوتنی کاپیتالیزم"ئامپریالیزم"، جیهان بەگشتی پێ نایە قۆناخێکی نوێوە.

لە قۆناغی پاش شەڕی ساردا، جیهان دیسان بە شێوەیەکیتر دابەش کرایەوەو ئەم جارە بە سەر جیهانی پێشکەوتوو و جیهانی دواکەوتوودا. لە نێوان ئەم دوو جیهانەشدا جیهانی پێشکەوتوو بە لووتکەی پێشکەوتوویی سەردەم گەیشتبوو، بەڵام جیهانی دواکەوتوو لە هەموو رەهەندەکانی پێشکەوتن بەجێمابوو، کە ئەمەش خۆی یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی دیکتاتۆرلێدراویی ئەو ولاتانە بە پشتیوانیی بەرەی کاپیتالیزم لە قۆناغی شەڕی ساردا بوو. ولاتە رۆژهەلاتییەکان بوون بە مەیدانی پێکدادانی خەلكو دەسەلات، خەلکێکی وەزاڵەهاتوو و ئازادیخواز بە خەباتێکی رەواو مافخوازانەوە هاتبوونە مەیدانی نارەزایەتییەوە. ئەوەش لە حاڵێکدا بوو کە تەنانەت ولاتانی رۆژئاواش بەو بڕوایە گەیشتبوون کە ئیدی ئەو دەسەلاتە دیکتاتۆرانەش ئیکسپایەر بوونو بۆ پشتیوانی لێکردن نابن. دیکتاتۆری هەوڵی سەپاندنی دەسەلاتو سەرکوتی خەباتی دەدا، کەچی لەو نێوانەشدا دیاردەی رەشو ترسناكو دژی ئینسانیی تیرۆریزم لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژی یە جیاجیاکاندا لە لایەك خۆی خزاندە نێو خەباتی رەواو مافخوازانەی گەلانەوە و لە لایەکی دیکەوە بوو بە ئامرازی مانەوە و درێژە پێدانی سیاسەتی سەرکوت و خەفەقان لە لایەن دەوڵەتانی توتالیتارو نادێموکراتیکەوە.

"دومنیك وڵتون"نووسەرێکی رۆژئاوایی پێی وایە کە واقیعییەتی بەرەبەیانی سەدەی بیستو یەکەم سەرهەڵدانی سێگۆشەی شوناس، کولتوورو پێوەندییەکانە. هەروەها ئاماژە بەوە دەکا کە دژایەتییەکانو ساتوسەودا سیاسییەکان کە لە لایەن تیرۆریزمی نێونەتەوەییەوە سەریان هەڵداوە هۆکاری پەیدابوونی ئەم سێگۆشەیەیە. واتە بەهۆی بوونی نابەرامبەریی نەریتی لە نێوان باکوورو باشووردا، مەترسیگەلی سیاسی پێوەندی دار بە کەلتوورو پێوەندییەکانەوە لە زیادبوون دایە. لە لایەکی دیکەشەوە جێگەو پێگەی بیری رۆژهەلاتیو رۆژئاوایی بۆتە رۆلگێرێکی بەرچاوی گۆڕەپانی ئەم یارییە سیاسییە. واتە سێکیۆلار بوونی حکوومەت، پێشکەوتووبوون لە بواری زانستیو تەکنیکیدا، بەرەو لیبرالیزم رۆیشتنو پەرەپێدانی هەموو ئەو فاکتۆرانەو هەوڵدان بۆ چاکسازی لە حکوومەتو کۆمەڵگاکانی دیکەدا، دژکردەوەی بناژۆە ئایینییەکانو دەسەڵتدارانی دینیو حکوومەتە تۆتالیتارەکانی بەدوادا هاتوە. هەر بۆیە "دومینیك وڵتون"لە جێگایەکی دیکە ئاماژە بەوە دەکا کە دیاردەی تیرۆریزم بە شێوەیەك نیشاندەری پەسەندنەکردنی

وێنەی رۆژئاواییە و لە ئاکامدا تێدەکۆشێ کە توانای وەڵامدانەوە بە زانیاریی رۆژئاوایی، وەك هێمایەك لە خۆیدا بەهێز بکا.

ئەم قۆناغەی تیرۆرو تیرۆریزم پشت پەردەیی و ژێرزەمینی بوون، و وەکوو یاریکەرێکی بەهێزی یارییە سیاسییەکان نەهاتبوونە نێو گۆڕەپانی سیاسەتەوە. کەوابوو پێناسەکانی تیرۆریش لەم قۆناغەدا لەگەڵ پێناسەکانی دیکە دەبێ جیاوازیان هەبێ و روانگەکانیش بۆ ئەو دیاردەیە دەبێ ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێ، هەر بۆیە بە پێویستی دەزانین کە تێڕامانێکمان لە پێناسەکانی تیرۆریزم لە روانگە و رەهەندی جیاوازەوە هەبێ.

بە بۆچوونی بەشێکی بەرچاو لە زانایان و پسپۆڕانی بواری لێکۆڵینەوە لەمەڕ تیرۆرو تیرۆریزم، بە رووداوی کارەساتی 11ی سێپتەمبر لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە گەورەترین رووداوە تیرۆریستییەکانی جیهان بوە ئێدی تیرۆریزم لە بازنەیەکی داخراوو بەرتەسکدا هاتە دەرێ و سنوورێکی بەربڵاوو جیهانیی گرتەوە. واتە تا ئەو کات ئەو دیاردەیە لە لایەن سوپڕ پاوەری جیهان و وڵاتانی پێشکەوتووەوە بە جیددی وەرنەدەگیرا، چونکی تیرۆریزم تا ئەوکات نەتەنیا دژ بە ئامانج و بەرژەوەندییەکانی ئەوان نەجووڵابووەوە، بەڵکوو لە خزمەتی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئەواندا دەچوە پێش.

جێگای ئاماژە پێدانە کە وڵاتێك وەکوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەنانەت تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمیش هەر بە پێویستیشی نەزانیبوو کە یاسای دژە تیرۆر بێنێتە بەرباس و پلانی دژە تیرۆر دابڕێژێ و بەرێوەی ببات. بە گشتی وڵاتانی پیشەسازیی باوڕیان وابوو کە تیرۆریزم قەیرانێکی ناوچەییە و لەو باوڕەشدا نەبوون کە رۆژێك ئەو دیاردەیە گلۆبالیزە بکرێت، لە چاپەمەنی و راگەیاندنەکانیشیاندا وەکوو دیاردەیەکی بێگانە لە خۆیان و تەنیا وەکوو قەیرانێکی ئایینی، نەتەوەیی، ئیدئۆلۆژیکی و ناوچەیی لێکیان دەدایەوە و بۆچوونی "ئاگرە سوورە لە من دوورە"یان بۆی هەبوو. بەڵام بەو رووداوە چڵەکەیەك(شوکی) بە لەشی دەسەڵاتدارانی بەهێزدا هات و وریا کرانەوە کە تا ئێستا یان خۆیان لەخەو کردبوو یان بەڕاستی لە خەودا بووبوون. هەر بۆیە ناچار بوون بە خێرایی هەڵوێست بگرن، کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنفرانس لە ئاستی سەرانی وڵاتاندا پێك بێنن، پەیتا پەیتا لە کۆنفرانسە رۆژنامەوانییەکاندا، ئاکامی دانیشتن و بە یەك گەیشتنەکان رابگەیەنن، هەوڵە دیپلۆماسییەکان وەکوو باسکێکی بەهێزی سیاسەتی نێودەوڵەتی چڕتر بخەنە گەڕو هەوڵی دەزگاکانی راگەیاندنی رۆژئاوایی بۆ ناساندن، شیکردنەوە، یەکدەنگ کردنی جیهان و لەبار کردنی بوار بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی جیهانی دژەتیرۆر گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی.

بە چاوخشاندنێك بەو پێناسانەدا کە بۆ تیرۆرو تیرۆریستان کرابوون چەندین بۆچوون دێنە ئاراوە کە بریتین لە:

1ـ تیرۆر کردەوەیەکی توندوتیژانەیە"

2ـ بیرۆکەی کردەوەی تیرۆریستی، سیاسی یان ئایینییە"

3ـ ئامانجی تیرۆریزم هاونیشتمانانی بێ چەکن"

4ـ ئامانجی تیرۆریزم خوڵقاندنی کەشێکی پڕ لە ترس و خۆفە"

5ـ مەبەستی تیرۆریزم ئاڵۆزکردنی باری هێمنیی کۆمەڵگا یان دەسەڵاتە"
6ـ عامیلانی تیرۆر یان گرووپی تیرۆریستی نادەوڵەتین"
7ـ کردەوەی تیرۆریستی کردەوەیەکی نایاسابییە.

دەسەڵاتدارانی سیاسی و تیۆریسیەنەکانی ئەو بوارە بەو ئاکامە گەیشتن کە هیچکام لەم پێوەرانە لە ئاستی جیهانیدا وەکوو پێوەرێك بۆ پێناسەو هەڵسەنگاندنی تیرۆریزم تێرو تەسەل نین، چونکی جارێکیتر ئاماژەمان پێکرد کە گوتەزایەکی جیهانگیر و بەربڵاو وەکوو تیرۆریزم تاکوو ئێستا پێناسەیەکی لێ نەکراوە کە لە گەڵ بەرژەوەندی هەموو لایەنەکانی بەرەی دژەتیرۆردا یەك بگرێتەوە، هەر ئەمەش گەورەترین کۆسپی سەر رێگای خەباتی جیهانی دژ بە تیرۆر و تیرۆریزمە و یارمەتیدەری بەشێك لە لایەنەکانی تیرۆریزمە لە سووچاوسووچی جیهاندا.

وشەی تیرۆریزم بۆ یەکەمجار لە شۆرشی مەزنی فرەنسا دا(1789ز) هاتەگۆرێ، هەم بە مانای ژاکوبین(Jacobin) واتە تیرۆر و ترساندن، یان ژاکوبینیسم (Jacobinism)کە بە حکوومەتی تیرۆرو تۆقاندن یان سیستمی بەرێوە بردنی ژاکۆبینەکان بە ناو بانگە و هەم بە مانای ترساندن یان ترساندن لە(x) دێتە ئاراوە کە (x) دەتوانێ هەموو کردەوەیەکی ترسێنەر لە خۆبگرێ. بەڵام بە لێکدانەوەکانی تیرۆریزم لەم قۆناخەدا، بەو ئاکامە گەیشتن کە ئەویش ناتوانێ مانای واقیعیی تیرۆریزم لە خۆبگرێ.

هەر لەو بارەیەوە پاش ڕووداوی 11ی سێپتەمبری 2001 و شڵەژانی بارودۆخی سیاسیو تێکچوونی باری ئاسایش و هێمنیی جیهان، نوێنەرایەتیی توێژینەوەی نێونەتەوەیی هەواڵدەریی خویندکارانی ئێران کۆنفرانسێکی "حوزووری و غیرە حوزووری" بۆ کارناسان، پسپۆرانو ماموستایانی زانکۆ بە مەبەستی تاوتوێ کردنی ئەم بابەتە پێکهێنا، لەم کۆنفرانسەدا چەندین پرسیار لە رێگای ئەو نوێنەرایەتییەوە ورووژێنران کە ئاماژە بە یەکێکیان دەکەین.

تیرۆریزم چیە؟ و بۆچی پێناسەیەکی یەکگرتوو و جیهانیی لەم دیاردەیە لە کۆمەڵگای جیهانیدا نەهاتۆتە ئاراوە؟ لە وەڵامدا دوکتور "ماتئو دفلم"(mateo deflem) کارناسی گرووپی کۆمەڵناسیی زانکۆی کارۆلینای باشوور لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئاوا وەڵامی دایەوە:

"ئەگەرچی پێناسەیەکی یەکگرتوو لەو گوتەزایە نەکراوە بەڵام بەگشتی لە سەر ئەو پێناسەیە تا ئێستا ئەورێککەوتنە کراوە کە تیرۆریزم بریتییە لە کردەوەگەلێکی توندوتیژ دژ بە هاونیشتمانە سێڤیلەکان بە مەبەستی بردنە پێشی ئامانجێکی سیاسی یان ئیدئۆلۆژیك. هەروەها ئاماژە بە جیاوازیگەلێکی گرینگ دەکا کە لە نێوان شەڕو تیرۆریزمدا بەدی دەکرێن. واتە تیرۆریزم راستەوخۆ توندوتیژی دژ بە هاونیشتمانانی بێچەك پەیرەو دەکا، لە حاڵێکدا لایەنەکانی شەڕ هەوڵ دەدەن کە کەمترین خەساراتی گیانییان هەبێ". بە سەرنجدان لەم پێناسەیە لە ئاستی پێناسەی گشتیی تیرۆریزمدا گرفتمان نیە، بەڵام گەر بمانەوی ئەم پێناسەیە بۆ کردەوەگەلێکی تایبەت بە کار بێنین لە گەڵ گرفتی جیددی بەرەوڕو دەبین.

واتە بە ڕای کەس و لایەنگەلێك کردەوە یان چالاکیی گرووپ، رێکخراو، حیزب و تەنانەت بزووتنەوەگەلێك راستەوخۆ دەچنە بازنەی تیرۆریزمەوە بەڵام بەشێکیتریان بە پێچەوانە، لێرەدا

کێشەیەکی دیکە خۆدەنوێنی ئەویش ئەوەیە کە گرفتی بنچینەیی تەنیا لەسەر پێناسەی تیرۆریزم نیە، بەڵکوو پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی تیرۆریزمیش جیددین و جێگای باس و موناقشەن.

تیرۆریزم لە سەردەمی مۆدێرندا بەردەوام بوونی هەبوە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە لە ساڵانی سەرەتای سەدەی 21دا، تیرۆریزمی نێونەتەوەیی بە خێرایی پەرەی ئەستاندوە.

ئەوەش ئاکامی پێکدادانی کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی و شارستانیەتی رۆژئاوا و رۆژهەڵات بەگشتی و رۆژئاواو وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی بە تایبەتییە، بۆ زیاتر سەلماندنی ئەم ئیددیعایە دەتوانین ئاماژە بە تیۆری پێکدادانی ژیارەکانی پ.ساموئێل هانتیگتۆن بکەین کە تێزێکی سەرنجڕاکێشی جیهانییەو کاریگەریشی لە سەر سیاسەتی نێودەوڵەتی داناوە.

کەوابوو نایەکسان بوونی ژیاریی‌و جیاوازیگەلی کەلتووری و بەرژەوەندیگەلی سیاسی، هەموویان لە جێی خۆیاندا فاکتۆرگەلێکی بە هێزن بۆ هەڵسەنگاندنی تیرۆریزم، بەڵام ناتوانین بە بێ لە بەر چاوگرتنی گرنگی و سەنگی ڕووداوی 11ی سێپتەمبر و کاریگەرییەکانی رەوتی تیرۆریزم لە جیهاندا تاوتوێی بکەین. واتە دەتوانین بێژین ڕووداوی 11ی سێپتەمبر "کاتالیزۆری" ڕەوتی تیرۆریزمی جیهانی بوو. ئەو ڕووداوە تیرۆریزمی بە سەر دوو قۆناغی گرینگدا دابەش کرد کە بریتین لە:

1_قۆناغی پێش 11ی سێپتەمبر"

2_قۆناغی پاش 11ی سێپتەمبر.

هەر بۆیە جیهانی پێشکەوتوو بەو ئاکامە گەیشت کە دەبێ لە سەر دیاردەی تیرۆرو تیرۆریزم هاوبیریی، هاوڕایی، باس، وتووێژو ڕوانگەی جیهانی هەبێ.

پاش تەقینەوەکانی شاری مادرید پێتەختی ئیسپانیا هەر لەو شارە بە بەشداریی 50 کەس لە سەرانی ئێستای وڵاتانی جیهان‌و دووسەد کەسایەتیی سیاسیی دیکەو سکرتێری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کونفراسێکی نێونەتەوەیی لە ژێر ناوی( دیموکراسی، تیرۆریزم‌و ئەمنییەت ) بەڕێوە چوو کە باس، بابەت، وتار، روانگە، تیئۆری، تێز، ئەنتی تێز، گەڵاڵەو پێشنیارو بیروڕای جیاواز هاتنە ئاراوە. هەر لەم کۆنفرانسەدا کوفی ئەنان سکرتێری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەکەم جار بابەتێکی گرینگی وروژاند کە بوە جێگای باس و موناقشەیەکی گشتی. ئەویش جودا کردنەوەی گرووپە ناڕازی و بزووتنەوە نارەزایەتییەکان لە تیرۆو تیرۆریزم بوو، واتە ئەو خاڵە گرینگەی کە بە پێی بەرژەوەندی وڵاتان تا ئیستا پێناسەو جێگە و پێگەی بۆ دەستنیشان کراوە، هەر بەدوای ئەمەشدا، کوفی ئەنان پشتیوانیی خۆی لە پێناسەیەك دەربڕی کە لە ڕاپۆرتێکدا گرووپی داوەرانی پایە بەرزی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بەو کەشە نالەبارەی ترس و خۆفو ئەو گیروگرفتانەی کە لە جیهاندا پێك هاتون ئامادەیان کردبوو. ئەم ڕاپۆرتە ئاوا پێناسەی تیرۆریزم دەکا، "تیرۆریزم هەر جۆرە کردەوەیەکە، کە مەبەستی کوشتن یان خەسارات گەیاندن بە لەشی خەڵکی سیڤیل یان خەڵکی بێچەك بە مەبەستی ترساندنی کۆمەڵێکی ئارام‌و یان ناچارکردنی دەوڵەتێك یان ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی بۆ بەئەنجام گەیاندنی کردەوەیەك یان پاشەکشە کردن بە کردەوەیەکە".

لە واقیعدا هەنگاوی سەرەکی لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ پێناسەی تیرۆریزم هەڵگیرا، هەر وەها کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد تا ئەو کاتە پێناسەو پێورەێکی یەکگرتووو جیهانی

تایبەت بە تیرۆریزم لە گۆڕێ دا نەبوو، دەوڵەتەکان هەر کام بە پێی بەرژەوەندیی خۆیان پێناسەی تیرۆریزمیان بۆ ناڕەزایان و دوژمنانی خۆیان بەکاردەهێناو ئەنتی تیرۆرێکی تایبەت و کردەکییان بۆ دەتاشی و بە ئاسانیش لە ڕێگای دپلۆماسییەکی ئابوورییەوە ڕەواییەتیان بۆ وەردەگرت.

هەر چەند ئەو پێناسەیەی کە لەو کۆنفرانسەدا هاتبوە ئاراوە تا ئێستا پێناسەیەکی جیهانییە، بەڵام دیسان لەم قۆناغە مۆدێرنەی جیهانیشدا کە ڕەهەندو شێوازی جیاوازی تیرۆر هاتۆتە ئاراوە یان چاوەڕوانی هاتنە ئارای دەکرێ، ئەو پێناسەیەش ناتوانێ وەڵامدەر بێ. بە گشتی تیرۆر دەبێ بەردەوام پێناسە بکرێتەوە و ئەنتی تیرۆریش ڕێکەوتنێکی نێونەتەوەیی و جیهانیی دەوێ تاکوو ئێزن بە دەوڵەتە دیکتاتور و توتالیتارو هەلپەرەستەکان نەدرێ کە بە پێی بەرژەوەندییەکانیان پێناسە لە تیرۆرو ئەنتی تیرۆر بکەن و بە مکانیزمی تیرۆر هەوڵی بە هێزکردنی دەسەڵاتەکانیان بدەن.

## تیرۆریزمی دەوڵەتی وەکوو ئامرازێك

لە کوێوە دەست پێ بکەین، بە ڕاستی لە کوێوە؟ لە دنیایەکی ئاڵۆز، تەمومژاوی کە یەکێك بەشەڕی جیهانیی ناو دەبا، یەکێ بە پێکدادانی ژیارەکان، یەکێ بە بەرهەمی چالاکی بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسیی کۆمەڵێك، یەکێ بە بەرهەمی فیندەمنتالیزم، یەکێ بە دژکردەوە بەرامبەر بە زیدەخوازی، یەکێ بە بەرهەمی ئاڵۆزاویی کێشە سیاسییەکان، یەکێ بە ئاکامی سەرکوتی بزووتنەوە ئازادیخوازییەکان، یەکێ بە کۆنتاکتی کردەوەو دژکردەوەی نێوان ئیدئولۆژییەکان، یەکێ بە....ی ناو دەبا.

ناحەق نیە ئەگەر ئەم پرسیارانەو سەدان پرسیاری دیکەمان، بێوەڵام بمێننەوە، چونکی تا ئێستا وەڵامی گونجاو و جیهانی بۆ هیچکام لەوانە نەدیتراوەتەوە، واتە وەڵامێك کە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پەسند کرابێ. هەوڵی ئێمەش لەم بابەتەدا بە شێوازێك تیشك خستنە سەر ناڕوونییەکان و روونکردنەوەی لایەنە شاراوەکانە.

لە بابەتەکانی پێشوودا ئاماژەمان بە چەند شێوازی دابەشکردنی تیرۆریزم کرد کە پێویستە ئاوڕ لە شێوازیکیان بدەینەوە، تیرۆریزمی دەوڵەتی، تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، تیرۆریزمی غەیری دەوڵەتی کە ئەم جارە هەوڵ دەدەین ئاوڕێك لە تیرۆریزمی دەوڵەتی بدەینەوە، ڕەهەندێکی تیرۆریزم کە کۆسپێکی بەهێزو بەرچاوی سەر ڕێی ئاشتی، تەبایی و پێکەوە ژیانی مرۆڤایەتییە. کۆسپێك کە بە زەقی هەستی پێ دەکرێ و تۆش ناتوانی خۆتی لێ بە بێبەش بزانی، چونکی ئەوە ڕاستییەکی سەلمێنراوە کە بە بوونی تیرۆریزم جێ بە ئاسایش، ئاشتی، تەبایی و پێکەوە ژیان لێژ دەبێ، مرۆڤەکان، نەتەوەکان، ئایینەکان، وڵاتان بە چاوی شك وگومانەوە دەڕواننە یەکتری. با بزانین تیرۆریزمی دەوڵەتی چۆن و بە چ مەبەستێك سەری هەڵداوە؟ پاش پێناسە کردنی تیرۆریزم و روونکردنەوەی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی، گەشە سەندنی تیرۆریزم ڕەوتێکی خێرا، ئاستێکی بەرزو چاوەڕوان نەکراوی بەخۆوە بینی. بە جۆرێك کە لە قامووس و کوولتوری سیاسیدا چەندین لق و پۆپی جۆراوجۆری لێ کەوتەوە. یەکێ لە لقە سەرەکییەکانی تیرۆریزمی دەوڵەتییە.

زۆر دەمێکە دەسەڵاتی بەشێك لە دەوڵەتان بە میکانیزمی تیرۆرو تۆقاندن بەرێوە دەچێ و لە تیرۆریزم وەکوو سیاسەتێکی فەرمی کەڵك وەردەگرن، کە چی تاکو کۆتایی سەدەی بیستەم، جیهان بە گشتی چاوپۆشی و بێدەنگیی لەو مێژووە درێژەی تیرۆر کردوە، دەتوانین لە سەردەمی نوێدا ئاماژە بە ئەڵمانی هیتلێری، سوڤیێتی

ئێستالینی، ئیتالیای موسولینی، ئێرانی ئاخوندی، عیراقی بەعسی، تورکیای کەمالیزم و...، بکەین، بەڵام لە کوتایی سەدەی بیستەم دا بوو کە یاریزانانی بەهێزی نێودەوڵەتی هێدی هێدی هەستیان بە مەترسییەکانی تیرۆریزمی دەوڵەتی کرد. هەر بۆیە دەستەواژەیەکی نوێیان بەو مەبەستە داڕشت و پێناسە کرد بە ناوی "تیرۆریزمی دەوڵەتی"، مەبەستی ئەوان لەم دەستەواژەیە، بریتی بوو لە "بەڕیوە بردن و پەرەپێدانی بەرنامەی داڕێژراوی سیاسەتی توندو تیژانە بە مەبەستێکی سیاسی لە لایەن دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی نهێنی دەوڵەتانەوە دژبە ئاما نجگەلی ناسەربازیی".

بەڵام لێرەدا دیسان دەبێ ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ بکەین کە یەکێ لە خاڵە دیاریکراوەکانی چوارچێوەی پێناسەی تیرۆریزمە لە لایەن دەسەڵاتەکانەوە، ئەوەیش ئەوەیە کە وتمان بەرژەوەندی نەتەوەیی دیاریکەری ئاسایشی نەتەوەییەو ئاسایشی نەتەوەییش چوارچێوەو پێناسە بۆ تیرۆریزم دیاری دەکا. هەر بۆیە کە سەیری مێژووی پێناسەی تیرۆری خەڵکی بێدیفاع و گەل و نەتەوەکانی دیکە بەڕێوە چووبێ کە بەڵگەو دیکۆمێنتی ڕوون و ئاشکراو حاشا هەڵنەگریش لە دەستدابێو تەنانەت لە ڕاگەیەنەکانیشەوە پێشان درابێ. کە وابوو ئێمەش وەکوو گەلی کورد با جارێکی دیکە بە خۆماندا بچینەوەو بزانین بەرژەوەندی نەتەوەییمان کامەیە، ئاسایشی نەتەوەییمان دەبێ چۆن پێناسەو دیاری بکرێ و تیرۆریزم بەگشتیو تیرۆریزمی دەوڵەتی بە تایبەتی لە روانگەی ئێمەوە دەبێ چۆن پێناسە بکرێ، دەبێ بزانین ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە بەبێ وەڵام دانەوە بەو خاڵانەی کە ئاماژەیان پێکرا، نەتەنیا ناتوانین مافە رەواکا نمان بپارێزین، بەڵکوو بەردەوام وەکوو ڕابردوو دەبێنە قوربانیی سیاسەتی تیرۆرو تۆقاندنی دوژمنا نمان.

گەلانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتانی توتالیتارو کۆمەڵگا دیکتاتۆر لێدراوەکان، بەردەوام لە قوربانییانی سەرەکیی دەستی تیرۆریزمی دەوڵەتین. بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەی باسەکەمان ئاماژە بە چەند شێوەی دەکەین" بۆ وێنە هێزی سامناکی گشتاپۆی ئەڵمانی هیتلێری چ جینایەتگەلێکی کە دژبە یەهودییەکان نەکرد. ترس و خۆفی دەسەڵاتی هیتلێر لە سەر میکانیزمی توندوتیژیو تیرۆر نە تەنیا ئۆرووپا بەڵکوو جیهانی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێ کۆتایی بە تەمەنی دەسەڵاتی ئەو دیکتاتۆرە بێنن. یەکییەتی سۆڤێیەتی ژێر دەسەڵاتی ئیستالین یەکێکی دیکە لەو وێنانە بوو، پولیسی نهێنی "چێکا" ئەو ڕێکخراوە کە تایبەت بە پارێزگاریی لە دەسەڵات و دەستکەوت و بەرژەوەندییەکانی دیکتاتۆریی تۆقێنەری ئیستالین بوو و ترس لە تیرۆرو توندوتیژی "چێکا" ببوە چەترێکی ڕەشی خەفەقان و یەکییەتی سۆڤێیەتی بە تەواوی دا پۆشیبوو. لە ژێر دەسەڵاتی "چێکا"دا نەیاران، رووناکبیران و جودابیران هەموو لە کەمپەکانی کاری زۆرەملیی سیبریدا بە درێژایی زەمەن دەتوانەوە، ڕێکخراوی پۆلیسی نهێنیی "ساواک" کە پارێزەری دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی شای ئێران بوو، یەکێکی دیکە لەو دەسەڵاتە تیرۆریستیانە بوو کە بە ئەمری دەسەڵاتداران نەیارانی ئەوان، جودابیران و رووناکبیرانی ئێرانی بە تەواوی دەخستە ژێر کونترۆڵ و سەدان و هەزاران کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی ئەحزاب و گرووپە سیاسییەکان، کەسایەتیی عەشیرەو قەوم و نەتەوە جیاجیاکان و نەیارانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ڕێگای میکانیزمی تیرۆری دەوڵەتییەوە بە دەستی شاراوەی "ساواک" کردە قوربانی.

هەر بە شوێنی ئەودا واتە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، خەڵکی ماندوو و بێزار لە تیرۆرو توندوتیژی پێیان وابوو کە ئێدی کاتی ئەوەیە کە هەناسەیەکی ئاسوودە بدەن، هەر بۆیە هیوایەکی زۆریان بە دەستکەوتەکانی شوڕشە خەڵکییەکەیان هەبوو بەڵام ماوەیەکی کورت، پاش ساغ کردنەوەی حکوومەت و پێگرتنی

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەیان باندو گرووپ، و ڕێکخراو لە ژێر ناو و نیشانگەلی جیاجیای وەکوو "کۆمیتە"، "پاراللە" "انصارحزباللە"، فیداییانی ڕێبەرو ئورگان و باندو گرووپەکانی دیکە سەربە واواک(WAWAK) وەزارەتی ئیتلاعات خۆیان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای میکانیزمی تیرۆرو تۆقاندنەوە ئامادە کرد، میکانیزمێك کە بە تەنیا بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و دەستوپەیوەندەکانیانی بە لاوە گرینگ بوو و بە هەموو نرخێکیش هەوڵی بۆ پاراستنیان دەدا....

## تیرۆریزمی دەوڵەتی دەوڵەتانی توتالیتار

جێگای سەرنج ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی زۆر، خێراو چاوەڕوان نەکراو سنوورەکانی تیرۆریزمی دەوڵەتی بەزاندو هەوڵی تیرۆری لە قۆناخی نێو دەوڵەتیدا خستەگەڕ. ئیستراتیژیی تیرۆری نێودەوڵەتیی لە ڕێگای وەزارەتی کارو باری دەرەوە کونترۆڵ دەکردو بەڕێوەی دەبرد، هەروەها کە بۆ هەمووماں دەرکەوت باڵوێزخانەکانی ببوونە لانکەی تیرۆریزم و بەشێکی زۆر لە وەڵاتانی ناوچەکە، تەنانەت وڵاتانی ئۆرووپاییش ببوونە مەیدانی ڕمبازێنی "وەزارەتی نهێنیی تیرۆر"ی کۆماری ئیسلامیی بۆ زیاتر سەلماندنی ڕاستییەکان، دەتوانین موتاڵایەکمان لە سەر فایلی سیاسەتی نێوخۆیی‌و نێو دەوڵەتیی ڕێژیمی ئاخوندی لە ماوەی تەمەنیدا، لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، مافی مرۆڤ و... لە جیهانداو فایلی کۆماری ئیسلامی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەبێ، باس لە سەر کۆماری ئیسلامی زۆری دەوێ‌و دەبێ لە فایلێکی تایبەتدا باس بکرێ.

عیراقی بەعس یەکێکی دیکە لە حکوومەتە یاخییەکان بوو کە هەر لە سەرەتاوە بە کوودێتا، کوشتن و بڕین بە بێ لە بەرچاو گرتنی یاساو پرەنسیپە مرۆییەکان دەسەلاتی قەبزە کرد هەر لەو کاتەشدا وەکوو شۆڕشگێڕە سەرکەوتووەکانی 1789ی فەرەنسا هەوڵیدا فۆنداسیونی دەسەڵاتەکەی لە سەر بنچینەی "ژاکۆبینیسم" دامەزرێنێ، بۆیە لە هیچ توندوتیژی و جینایەتێ بۆ پتەو کردنی پێگەی دەسەڵاتەکەی دوودڵیی نەکرد.

تورکیەی کەماڵیزم یەکێکی دیکە لەو حکومەتە توتالیتارانەیە کە بەردەوام بۆ پاوانکردنی دەسەڵات لە دەستی خۆیدا و بۆ بێدەنگ کردن و لە نێو بردنی ئەویتر هەموو شێوازێکی تیرۆریزمی بە کار هێناوە. بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەی باسەکەمان، ئاماژە بە چەند خاڵ لە قسەکانی نوام چامسکی لە وتارێکیدا لە مەڕ شەڕی دژە تیرۆر دەکەین، ناوبراو ئاماژە بەوە دەکا کە لە ساڵی 1984دا تورکیە شەڕێکی تیرۆریستی بەربڵاوی دژە کوردەکان لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات لەو وڵاتەدا دەست پێکرد، ئەو هێرشە دڕندانەیە بوە هۆی ئاوارە بوونی دوو تا سێ میلیون کەس و بە وەحشیانەترین نەسڵ کوژی و پاکتاوی ڕەگەزی تا 1990 ناودێر کرا. لەو جینایەتە بێوێنەیەدا کە مرۆڤایەتی دەبێ شەرم لە بیستنی بکات، دەیان هەزار مرۆڤی بێتاوان، ژن و منداڵ، پیرو لاو، کوژران و 3500 شارو گوند وێران کران. بزووتنەوەی کوردو هەر جۆرە جووڵانەوەیەکی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی لە تورکیە بە تیرۆریست ناو دەبرێ‌و لە ژێر ئەو ناوەشدا سەرکوت دەکرێ.

لێرەدا خاڵی سەرەکی بۆ ئێمەی کورد ئەوەیە کە دوژمنانی تیرۆریستمان، بەردەوام لە هەوڵدا بوون یان ناچار بە کردەوەی ترۆریستیمان بکەن یان هەوڵ و چالاکییەکا نمان بە تیرۆر ناو بەرن و لە ڕێگای دام ودەزگا تەبلیغییەکان و لە ڕاگەیاندنە گشتییەکانیانەوە ڕەواییەتێکی جیهانیی بۆ سەرکوت‌و پاکتاوی ڕەگەزیمان وەرگرن کە تا ڕادەیەك سەرکەوتوو بوون و تاڕادەیەکیش پیلانەکانیان بۆتە بلقی سەرئاو. لە تورکیە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیان بە بزووتنەوەیەکی تێرۆریستی لە قەڵەم داوەو ڕەواییەتیشیان بۆ سەرکوتی وەرگرتو، ڕێبەرەکەشیان وەکوو سەرکردەی

بزووتنەوەیەکی تیرۆریستی لە قەڵەم داو بە هاوپەیمانییەکی ئەمنییەتی ـ شوفاریی لەداویان خستو کەلەپچەکراو خستیانە نێو بەندیخانەی ئیمپراڵی میتی تورکیەوە. بەڵام بەڕاستی ئەمە تا چەندە وایە؟ بۆ بە ئاکام گەیشتن دەبێ بگەڕێینەوە بۆ باسی تیرۆریزم ـ بەرژەوەندیی نەتەوەیی ـ ئاسایشی نەتەوەیی، بە سەرنجدان لەو پێوەرانە ڕەنگە بتوانین دەرك بە واقیعییەت بکەین.

لە پارچەکانی دیکەی کوردستان چەمکی تیرۆریزم بەکار نەبراوە، بەڵام حکوومەتێك وەکوو کۆماری ئیسلامی کە سەرکردەو پێشەنگی تیرۆری دەوڵەتییە لە جیهاندا هەوڵ دەدا بزووتنەوە ئازادیخوازەکان و جووڵانەوە ناڕەزایەتییەکان بە تیرۆریزمی کوردیی نێو بەرێ. ئەو وشەیە کە لە کوولەکەی تەڕیشدا کەس نەیبیستوە، بە تەواوی پیلانێکی دژی گەلیی بۆ ڕەواییەتدان بە سەرکوتی هەر جووڵانەوەیەکی ئازادیخوازیی کوردە، وەکوو ئەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کەڵکی لێ وەرگرت. ئەوەیش یەکێ لەو بوارلەبار کردنە نوێیانەیە بۆ پەرەپێدانی تیرۆریزمی دەوڵەتی، بۆیە ئەگەر بە جیددی لەو مەسەلەیە وردبینەوە، مەترسیی پیلانێکی نزیك هەست پێ دەکەین، مەترسیی خۆ تەیارکردن بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەر جۆرە بزوتنەوەیەکی نەتەوەکانی ئێران بە گشتیو نەتەوەی کورد بە تایبەتی.

دەبێ ئەوە بزانین بە سەرنجدان بە فاکتەرە دەستنیشانکەرەکانی تیرۆریزم و بە خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆییانەی تیرۆریزم لە لایەن دەسەڵاتەکانەوە، دەبێ زۆر وریاتر لە جاران هەوڵ بۆ ناسین، هەڵسەنگاندن و پێناسە کردنی تیرۆریزم بدەین کە ئەوەیش کارێکی سووك و ئاسان نیە. دەبێ خوێندنەوەیەکی نوێمان بۆ نەتەوە، شوناسی نەتەوەیی، ناسیونالیزم، خەباتی ئازادیخوازانە، توندوتیژیو تیرۆریزم هەبێ. دەبێ هاوکێشە سیاسییەکان بخەینە مەیدانی ڕامانێکی قووڵی سیاسییانەو سەردەمییانەوەو مکانیزمێکی پێویستیان بۆ دابڕێژین...

## تیرۆریزمی دەوڵەتی

ئەوەی کە لە یارییە ئیدئۆلۆژیکەکان دا، چاوپۆشی لێ کراوە، مێژوویەکی دوورودرێژی دەسەڵاتی دەوڵەتەکانە لەسەربنەمای تیرۆر. ( جیمز درداریان )

جێگای تێرامانو سەرنجە، لە سەردەمی بەجیهانیبوون یان بەجیهانی کردن دا کە وڵاتە پێشکەوتووەکان هەوڵی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگاکانیان دەدەن، سنووری دەستێوەردانی دەسەڵات لە کاروباری مەدەنیدا بەردەوامو ڕۆژبە ڕۆژ بەرتەسکتر دەبێتەوەو بانگەوازی مەدەنییەتو مرۆڤ تەوەری لە وڵاتانی پێشکەوتوو و خاوەن ئاشتیو تەباییدا دەنگ دەداتەوە. دەبینین مرۆڤەکان لەو دنیا پانو بەرینەدا بە ئاواتی چێشتنی تامی ئازادی، ئاشتی، تەباییو ئاسایش لە دانی هیچ نرخێك درێغیان نەکردوە، کەسەکان، گرووپ، لایەن یان بزووتنەوە ئاشتیخوازەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیانو بۆ دابینکردنی داواکانیان لەلایەن دەسەڵاتە بەهێزەکانەوە هەوڵ دەدەن بە مکانیزم، ڕێگاو پرۆگرامێکی مەدەنییانە، لۆژیکیو ئاشتیخوازانە تێبکۆشن.

بەڵام بە سەرنجدان لە مێژووی هاوچەرخو چەند دەهەی پێشوو، واتە هەر لە قۆناخەکانی شەڕی سارد بەم لاوە بەو ئاکامە دەگەین لە وڵاتانێك کە دەسەڵاتگەلێکی دیکتاتۆریو دەوڵەتگەلێکی توتالیتار حوکمی کردونو بەردەوام مکانیزمەکانی ڕاگرتنو بەڕێوەبردنی دەسەڵات، تیرۆریزمی دەوڵەتی بوە لەژێر لەفافەو پۆشەنە جۆراوجۆرەکاندا. لە دنیایەك دا کە سەردەمی قەبزەکردنی دەسەڵات لەدەست

ئیمپراتورەکاندا بەسەر چووە. لە دنیایەکدا کە گەشەی بیری مرۆیی‌و سەرکەوتنی ئامرازو تکنۆلۆژیی پەیوەندی‌گرتن بە "ئینتێرنێت‌و راگەیاندن" بەرەو لوتکە هەڵدەکشێ، مرۆڤەکان ناتوانن لە پلەی هاوولاتیی پلەچەندەمدا بژین. کەوابوو دەنگی نارەزایەتیی بەرز دەبێتەوە گرنگ نیە ئەو چەشنە نارەزایەتییە مەدەنی بێ یان توندوتیژ، چوونکی دەسەڵاتی توتالیتار هەر چەشنە دەنگی نارەزایەتیی پێ ناخۆشە. لەبیرمان نەچێ کە دەسەڵاتی فەرمانرەوا لە هەموو بایەخە مرۆیی‌و دێموکراتیکەکان دا بێبەرییە. کەوابوو دەبێ چاوەروانی چ بین؟ دێوەزمە باڵی بەسەر دەسەڵات دا کێشاوە، ملدانی دەسەڵات‌و قبوڵکردنی ئەو خاڵانەی کە ئەو لێ بێبەرییە، ئاکامەکەی شکانی دێوزمەی دەسەڵاتەو سەرکەوتنی یەکەمی بەرامبەرە بە نەمانی دووهەمی.

یەکێ لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی توتالیتێریش ئەوەیە کە ریفۆرم‌و چاکسازی هەڵناگرێ، واتە ناچار بە شکان دەبێ. کەوابوو بەردەوام پارێزگاری لە دەسەڵات قورستر‌و قایمتر دەبێ‌و مکانیزمی تیرۆریزمی دەوڵەتیش مۆدێرن‌و مۆدێرنتر دەبێتەوەو هەروەها کە ئاماژەمان پێکرد، گشتاپۆکان، چیکاکان، ساواکەکان، ئیستخباراتەکان‌و... رۆژبە رۆژ زیاتر بە ئامرازو کەرەستەی مۆدێرن خۆیان پرچەك دەکەنەوەو سنووری چالاکییەکانیشیان بەربلاوتر، واتە کەرەستەکانی تیرۆریزمی ئەمجارەیان، پاکتاوی رەگەزی‌و ژینۆساید بوو، بەناوی تیرۆریزمەوە سەرکوتکردنی درندانەی بزووتنەوە نارەزایەتییەکان بوو، وڵاتانی پێشکەوتووش بەرژەوەندییەکانیان بەلاوە گرینگتر بوو، پاراستنی مافی مرۆڤ دروشم بوو، بەڵام بە رووداوی کارەساتەکەی 11ی سێپتەمبر، تەقینەوەکانی مادریدو...، خێرا پێناسەکان دیاری کران. تیرۆریزمی دەوڵەتی، غەیرە دەوڵەتی، نێودەوڵەتی، پێناسەی مۆدێرنیان بۆکرا، تەنانەت هەوڵ بۆ "ریفۆرماندنیان" درا، بەڵام هەروەها کە گوتمان نیزامی دیکتاتۆری‌و سیستمی توتالیتاریزم ناتوانن خۆیان "ریفۆرمیزە" بکەن، چونکی دەشکێن‌و لێك بڵاو دەبن، ناتوانن لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی خۆیان بگونجێنن، چونکی کۆمەڵگای جیهانی بەدژی ئەوان رێك کەوتوە ئۆپۆزسیۆنیشی خستوونەتە ژێر مەنگەنەوە. بۆیە ناچار دەبێ مکانیزمە پەیرەوکراوەکەی درێژە پێبدا. لە ئاکامدا تیرۆریزمی دەوڵەتی بە لوتکەی خۆی دەگاو لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی تێپەربوونی سنوورەکانی تیرۆریزمی دەوڵەتی‌و دژکردەوەی جیهانی، لە ئاکامدا چارەنووسی تاڵەبان لە ئەفغانستان‌و بەعس لە عێراقی بەدواوە دەبێ.

دەوڵەتانی تیرۆریست بەو نێوەرۆکە تیرۆریستییەوە کە هەیانە بەردەوام کاریگەرییان لەسەر دوو مێژوو هەبوە، یەکەم مێژووی خۆیان، دوو، مێژووی جیهان، چونکی مێژوویەکی ترسناك‌و نائەمن‌و دوور لە ئاشتی‌و تەبایی پێك دێنن کە کۆمەڵگای پێشکەوتوو دێموکرات ناچارە بەرەنگاری بێتەوە، کەوابوو ئەو مێژووە کە مێژووی پێکدادانی تیرۆریزمی دەوڵەتی‌و ئەنتی تیرۆریزمی جیهانییە.

بۆ ئەوەی لە نێوەرۆکی تیرۆریزمی دەوڵەتی لە قۆناخی مۆدێرندا بە باشی تێبگەین، دەبێ بۆ رەگو ریشەو بیرۆکەی بەرێوەچوونەکەی ئەو ئیدەیە لە کۆمەڵگاکەیدا بگەرێنێتەوە، واتە فۆنداسیۆنی تیرۆریزمی دەوڵەتی هەر دەوڵەتێك لەسەر بنچینەی مەکتەبی کۆمۆنیزم، نازیسم، لەسەر بنچینەی ناسیۆنال سوسیالیستیی رەگەزپەرستانە، کەمالیزم لەسەر بنچینەی پان تورکیزم، بەعسیزم لەسەر بنچینەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی‌و سوسیالیزم، تاڵیبان لەسەر بنچینەی بناژۆیی ئیسلامیی

"فندەمنتالیزمی ئیسلامی"، کۆماری ئیسلامی لەسەر فۆنداسیۆنی ئیسلامی سیاسی، بە دواکەوتووترین شێوازی بیرۆکەکانیەوە....

هەرکام لەم ئیدئۆلۆژییانە دەتوانن باشترین بوار بن بۆ سەرهەڵدانو پەرەسەندنی تیرۆریزمی نێودەوڵەوتی، واتە تیرۆریزمی دەوڵەتی بەجۆرێك لە جۆرەکان بەرهەمی پێکدادانی روانگەو بەرژەوەندییەکانی داهاتوو بێنو رابردوو دۆستەکانە، رابردوو دۆستەکان، تەنیا مەبەستیان مانەوە لەسەر تەختی دەسەڵات بوە، بیر لە چۆنیەتییەکەی ناکەنەوە، تەنیا مەبەستیان مانەوەیەو بەس، گرنگ نیە نرخەکەشی دەدەن، چ دەبێ نارەزایەتییەکی نێوخۆیی سازدەبێ، ئامرازو کەرەستەی مۆدێرنی بۆچیە؟! دەوڵەتێك وەکوو کۆماری ئیسلامی کە لە ساڵی 1979وە بەشێکی بەرچاوی داهاتی وڵاتی بەجێ تەرخان کردن بۆ پرۆژە چاکسازیو ئاوەدانییەکان، بۆ چەكو تەقەمەنیو ئامرازو کەرەستەی سووكو قورسی شەڕ تەرخان کردوە، ئەو ئامرازو کەرەستانە، لە دەستی دەزگا سەربازییو باندو گرووپە تیرۆریستییەکان دان کە لە خزمەت دوگمترین بواری فندەمنتالیزمی ئیسلامیدانو باوەڕیشیان بە کردەوەی خۆکوژی بۆ بەرگریی لە رێژیمەکەیان هەیەو بە کردەوەش سەلماندوویانە. لە بارودۆخێکی وادا دەبێ چ چاوەڕوانییەکمان هەبێ؟ هیچ چاوەڕوانییەك جگە لە ئاکامگەلێك وەکوو فتوای جیهاد دژبە کورد کە خۆی گرینگترین فاکتەری تیرۆری دەوڵەتییە، کوشتو کوشتاری تورکمەنەکان بەهۆی جیاوازیی مەزهەبییەوە، جینایەتەکانی ئەهواز لەبەر ئەویتربوون، تیرۆرو کوشتو بڕی لایەنەکانی دەسەڵات یان روونتر بێژین شەڕی نێوان مافیای بەرژەوەندیخوازی، تیرۆرو لەنێوبردنی کەسایەتیو ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆییو دەرەکی، کە بە تیرۆری دوکتور کازمی سامی ساڵی 1367 دەستی پێکردو بە قەتڵە زنجیرەییەکان درێژەی پێدراوو ئێستاش بەردەوامە، تیرۆری رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، د. عبدالحمان قاسملوو و د.سادق شەرەفکەندیو سەدان کادرو پ.م و ئەندامو لایەنگری ئەم حیزبەو بە سەدان کەس لە ئەندامانو لایەنگرانی پارتو لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆنو کەسایەتی سیاسی دژ بە کۆماری ئیسلامی. بە قەولی خۆیان شەڕکردنی پێشگرانە یان پێشدەستانە(عملیات فرامرزی) لە جۆری دەستێوەردانەکانیان لە ئەفغانستان، عێراق، لوبنانو فەلەستین داو پەرەپێدانی تیرۆریزمی دەوڵەتی بە هەوڵدان بۆ دەستراگەیشتن بە تکنۆلۆژیی چەکی ئەتۆمیی بە مەبەستی گەرەنتیی کردنی داهاتووی دەسەڵاتە توتالیتێرەکەی، هەموو ئەو فاکتەرانەن کە تیرۆریزم لە سیاسەتی دەوڵەتێك دا دەسەلمێنن. ئەوەی کە باسمان کرد کورتەیەك بوو لەسەر تیرۆریزمی دەوڵەتی، چونکی تیرۆریزمی دەوڵەتی بۆ خۆی باسێکی بەربڵاوو دوورودرێژە کە بابەتی سەربەخۆی دەوێ.

## تیرۆریزمی نێو دەوڵەتی

کاتێك باس لە سەردەمی ئینفۆرماتیك و گلوبالیزم هاتە ئاراوە، دەبوایە روانگەکان بەگشتی بەنیسبەت جیهان و رەهەندە پێکهێنەرەکانیەوە بگۆڕدرایە کە وا نەبوو، ئەوەی کە هەوڵی گلۆبالیزە کردنی بە چڕی دەدرا نە هەموو لایەنەکانی پێکهێنەری کۆمەڵگای جیهانی، بەڵکوو شەپۆلێك لە بەشێکی کاریگەر لەو فاکتەرانەی گلۆبالیزم بوو، لێرەدا پرسیارێك دەورۆژێ، چ شوپۆلێك؟ کام بەش؟ بۆچی کاریگەر؟

بۆ ئەوەی بتوانین باشتر بچینە ناو باسەکەوە و وردتریش لە مەبەستەکانمان کۆڵبینەوە، پێویستە ئاورێك لە قوناغەکانی بنج گرتنی، توندوتیژیی سیستماتیك لە جیهاندا بدەینەوە. بێ گۆمان هەر مرۆڤێکی سیاسی، کەم یان زۆر لە قوناغە جیاجیاکانی شەڕی جیهانیی یەکەم، شەڕی جیهانیی دووهەم، شەڕی سارد، رووخانی بلوکی سوڤییەت و تەك جەمسەر بوونەوەی جیهان ئاگادارە. چوونکی بە خوێندنەوەیەکی دیکە، بە هاتنە ئارای ئەم قۆناخانە فونداسیونی جیهانێك هەڵوەشێنرایەوە و جیهانێکی نوێی لەسەر بنەمای ئەو هاوکێشە سیاسییە نوێیانە بینا نرایەوە کە دەکرێ بە ئاخێزگەی بەشێکی زۆر لە قەیرانە هاوچەرخەکانی دنیای بزانین، ئەو قۆناخانە بە دەستەواژەیەکی دی مەیدانی پێکدادانی ئیدئولوژییەکان بوون، ئامانج و بیرۆکەی هەرکام لەو ئیدئولوژییانە، دەیتوانی پەیکانی نێزەی ئاڵۆزییەکی بەردەوام بێ، ئیدئۆلۆژیی دوڕاوی نازیسم لەلایەك ئاڵای ڕاسیستی بەسەر نێزەی تیرۆریزمەوە کردبوو، فاشیستەکان خۆیان لە هەموو کەسێك پێ شایستەتر بوو، بۆ ئەو دەسەلاتەی کە بە مافی خۆیانیان دەزانی، کەوابوو لە ئەوانیش دژکردەوەیەك دوور لە نازیستە براکانیان چاوەڕوان نەدەکرا، ئیدەی کۆمونیزم و سوسیالیزمیش کە کارێکی ئێجگار زۆری لە بەشێك لە کۆمەڵگاکاندا کردبوو و خۆی بە ئاڵاهەڵگری بیری شۆڕشگێڕی ئەو کاتە دەزانی و لەواقعیش دا بەشێك لە فاکتەرەکانی لەباربوون، حازر نەبوو مەیدانداری بە هیچ لایەنێکی دیکە بسپێرێ. لەلایەکی دیکەوە نەتەوەکان و ڕەهەندی ناسیونالیزم لەنێویاندا بەهۆی دەرك کردن بە مەترسیی توانەوەیان لە نێوان ئەو چەند هاوکێشە ئیدئۆلۆژییانەدا لە هەوڵی خۆ رێکخستندا بوون، پێکدادانی ئایینەکان، بەتایبەت ئیسلام و یەهود لە رۆژهەڵاتی نێوەراستدا بوە هۆی کردەوە و دژکردوەی توند لە نێوان ئیسلام، وەکوو ئیسلامیی سیاسی یان ڕادیکالیزمی ئیسلامیو یەهودییەکان وەکوو بزوتنەوەی زایونیزم. بەڵام ئەمانە بەشێك لە کێشەکە بوون، لە بەرامبەر ئەو تەووژمە ئاڵۆزانەدا چەمکی ئازادی و دێموکراسی بە هەموو واتاکانیانەوە لە ئەوبەری مەیدانەوە راوەستابوون.

مەبەستم لێرەدا تەنیا ئاماژە بەو فاکتەرانەی پێکهێنەری ئەو ئاڵۆزاوییە بوون کە دەتوانین بە ئاخێزگەی توندوتیژی لەئاستی جیهاندا یان بە واتایەکی دیکە تیرۆریزمی جیهانییان نێو بەرین.

هەروەها کە گوتمان دەکرێ خوێندنەوەی جیاواز و جۆراوجۆر بۆ ڕەهەندەکانی دیکەی تیرۆریزم بکرێ، هەروەها دەکرێ ڕوانگە و بۆچوونی جیاواز بۆ تیرۆریزمی نێودەوڵەتی یان جیهانی هەبێ، بەڵام پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد کە ئەوە دەسەڵات و سەنگ و هێزە، پێناسە بۆ بەشێك لە چەمکە سیاسییەکان دەکاو هەر ئەویشە مکانیزمیان بۆ دادەرێژێ و دەیا نخاتە قۆناخی پراکتیکەوە.

ئەگەر نەختێ بە وردی سەرنج بدەینە جیهانی پێش شەڕی سارد و پاش شەڕی ساردیش، بە ڕوونی دەرك بە بوونی تیرۆریزم لە ئاستی جیهانیدا دەکەین. بۆ دەرکەوتنی راستیی ئەم قسەیەش دەتوانین لە کردەوەی هێزە پولیسی نهێنی و دەزگا سیخورییە بەهێزەکانی جیهان بکۆڵینەوە، ئەو کاتەیە کە بێگۆمان بۆمان دەردەکەوێ چ هێز، گرۆپ، لایەن، حیزب و دەوڵەتگەلێکی تا سەر ئێسقان تیرۆریست بە پیلان و پشتیوانیی دەسەڵاتدارانی زلهێز بوون بەهێز و پاڵپشت بۆ تیرۆریزمی جیهانیی. بەڵام لەبیرمان نەچێ گوتم ئەوە هێزە کە واتای سیاسی دەبەخشێو پێناسەکان دیاری دەکات، دەسەڵاتدارانی بەهێز یاریکەری مەیدان بوون و مینی هێزەکان بەتەنیا کارت یان مۆرەی ئەو یارییە بوون. کەواتە ئەوە یاریکەرەکان بوون کە سەنگ و هێزیان دەدایە کارت یان مۆرەکان. زۆرجار تەنانەت کارت یا مۆرەکەیان وەکوو پێویستی یاریی سیاسی دەسووتاند، وەکوو قوربانییەك بۆ باشتر بەڕێوەچوونی یارییەکە و ڕاگرتنی باڵانسە سیاسییەکان و لە ئاکامدا کەوتنەوەی دەستکەوتی سیاسیی دڵخواز، بەرهەمی ئەو یارییە

سیاسییانە سەرهەڵدانی دەوڵەت و سیستمگەلێکی توتالیتار بنناژوو لە جیهاندا بەگشتی و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەت بوو، وەکوو سێ وێنەی دیار و ناسراو دەتوانین ئاماژە بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، عێراقی ژێر دەسەڵاتی بەعس و ئەفغانستانی ژێر دەسەڵاتی تاڵەبان بکەین.

ئەو سیستمانەی ئاماژەیان پێکرا سێ وێنەی راستەقینەو سەلمێنەری ئیددیعاکانی ئێمەن، سێ دەسەڵات کە خاوەنی هەموو فاکتەرەکانی سێ سیستمی توتالیتارن، کەس ناتوانێ نکوڵی لە پشتیوانیی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی زلهێزان لەو سیستمانە بکات، ئەو هێزانە بۆ ماوەیەك کارتی هاوکێشە سیاسییەکان بوون، مافی مرۆڤ، ئازادی، دێموکراسی، و تیرۆریزم گرینگ نەبوون، چونکی ئەوان پێویستیی ئەو قۆناخە بوون، بە پێچەوانەوە رەنگە بە حکوومەتگەلی خەڵکی، رەواو دێموکراتیش ناودێر کرابایان. ئەوە لەحاڵێکدا بوو کە نێوەرۆکی ئەو دەوڵەتانە بۆ جیهان ڕوون و ئاشکرا بوون، بەڵام ئیتر سەردەمی یاریپێکردنیان بەسەر چووە کەم کەم کامێرای ڕاگەیەنەکان، هەواڵدەر و ژورنالیستەکان ڕوویان کردە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تریبوونەکان دژی دەوڵەتانی توتالیتار وەرچەرخان، سەردەمی حکوومەتی ئەوان ئیدی بەرەو ئێکسپایەربوون دەرۆیشت، تەپووتۆز و تەمومژی کوێرە رێگاکان، ڤانگ و دووکەڵی هاوکێشە سیاسییەکان بۆ مۆدێرنیزەبوونی جیهان ڕووی لە کەمبوونەوە دەکرد. کەوا بوو تا ڕادەیەکیش بە خۆشەی خۆیان نەبوو، ئەو دیوی دەرکە داخراوەکان ئیدی نهێنی نەمابوو و دنیا لەناخی جینایەتە تیرۆریستییەکان ئاگادار بوو، پرۆپاگەندە دژبە تیرۆر و تیرۆریزم وەکوو گوتار خەریك بوو دەبوو سووژەی کۆڕ، سمینار، کۆنفرانس و دەزگاکانی راگەیاندنی جیهانیی. پێش لە گەیشتن بەو قوناخە دەتوانرا پێش بە جیهانی بوونی تیرۆریزم بگیرێ، بەڵام بەرژەوەندی ئوردوگاداران سەرەکیترین کۆسپی سەر رێگای خەباتی دژە تیرۆر بوو لەسەر ئاستی جیهانیدا. لەباوەڕی وڵاتانی زلهێزدا نەبوو کە رۆژێ تیرۆر وەك دیاردە و ڤەیرانێکی گلوبال (بەجیهانیبوو) هەموو پێکهاتە سیستماتیکە ئەمنییەکانی جیهان هەڵتەکێنێ و لەوەش سەختتر ئەوە بوو کە ئەوان ئاگاهانە یان نائاگاهانە ماریان لە سەر سفرە و خوانی خۆیاندا پەروەردە کردبوو، کەچی پێش لە هەر لایەك خۆیانی گەستەوە. بەڵێ ئەو مارەی کە هێلانەکەی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدایە، ئەو ناوچەیەی کە دەتوانێ حەشارگەیەکی پڕ لە ترس و خۆفی تیرۆریزمی جیهانی بەخۆی و بنەماڵەکەیەوە بێ، واتە بە تیرۆریزمی دەوڵەتیو نادەوڵەتیشەوە.

# تیرۆریزمی جیهانی

### 11ی سێپتەمبرو کاریگەرییەکانی

بەبڕوای ڕامیاران و زۆربەی زانایانی سیاسی 11ی سێپتەمبر کاتالیزۆرێکی چاوەڕواننەکراو بوو لە سیاسەتی جیهانی دژبە تیرۆردا.

دوو فرۆکەی گەورەی نەفەرهەڵگر لەرۆژی ڕووندا بەسەر ئاسمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەسەر ئاسمانی نیویورکدا، ئاسمانێك کە بە پێی ئیدیعای خۆیان، ڕەشەمیشوولە لەشەوە زەنگدا نەیدەتوانی دوور لەچاوی سیستمی پێشکەوتووی ئاسایشیی و دەزگا ئەمنییەکانی ئەو وڵاتە بجووڵـێ، رۆیشتن و خۆیان بە تاوەری دوانەی تیجارەتی جیهانیداو هەزاران کەس کوژران و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون. دەچوویە سەر ئینتێرنت، تەلەویزیونت دەکردەوە، ڕادیوت هەڵدەکرد، رۆژنامەو بڵاوکراوەت چاو لـێ دەکرد بەشوێن یەکدا مەحکووم کردن لەدوای مەحکووم کردنت لە لایەن دەسەڵاتدارانی جیهانەوە دەدی، خەباتی دژەتیرۆر لە قاڵبی تیئوریدا بە ئەو

پەڕی خۆی گەیشتبوو، ببوە سەردێڕی هەواڵو دروشمی ئەنجومەنەکان، کۆمەڵگای جیهانی و تەنانەت تیرۆریستانیش دروشمی مەرگ بۆ تیرۆریزمیان دەگوتەوە، جیهان بە گشتی حەپەسابوو چوونکی ئێدی ناهێمنیی جیهانی، بەو کارەساتە بە تەواوی سەلمابوو. تاوەرە سووتاوەکانی تیجارەتی جیهانی، ببوونە هێمای قوربانیی تیرۆریزمو نائەمنی لەجیهاندا، شەڕی دژە تیرۆر دەچوو ببێتە گۆتارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی لە ئاستی کۆمەڵگای جیهانیدا. دەوڵەتی ئەمریکا بەخێرایی وەخۆ کەوت بۆ تەسکیندان بەدڵی بریندراری خەڵکی وڵاتەکەی، لەلێکۆڵینەوەی دەزگا ئەمنییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەرکەوت کە ئەو هێرشە لە لایەن گرووپی القاعدەوە رێك خراوە.

گومانێکی نزیك لەباوڕ لەسەر ئەوە هەبوو کە ئۆسامە بن لادەن رێبەری گرووپی ناوبراو لە ئەفغانستان بێ. داوا لە حکوومەتی تاڵیبان کرا کە بن لادەن تەسلیمی وڵاتە یەکگرتووەکان بکا، بەڵام ئەو حکوومەتە وەڵامی ڕەدی بەو داوایە دایەوە. بەقەولی مەشهوور دەوڵەتی ئەمریکاش بە باشی دەزانی " تا تەنوور داخە، نانەکەی پێوەدەن"، هەر بۆیە بەخێرایی ژمارەی پیچەوانەی بۆ لێدانی دەوڵەتی ئەفغانستان، بە قەوڵی ئەوان لانکەی بەشێك لە ئیسلامی سیاسی دیاری کرد. هەڵبەتە پێویستە ئاوڕێك لە ڕابردووی نزیك بدەینەوە هاوینی ساڵی 1993 ساموئێل هانتیگتۆن تێزو وتاری پێکدادانی ژیارەکانی هێنایە ئاراوە، تێزی ناوبراو لە رێگای وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بڵاوکرایەوە، تێزی هانتینگتون لە ناوەندە سیاسیو ئاکادیمییەکانی جیهاندا چ لەلای کەسایەتییە سیاسییەکانەوە چ لەلای بیرمەندانی سەربەخۆوە هەڵلاو هەنگامەیەکی زۆری نایەوە، ئەوەیەش ئاکامی ئەو پێشبینیانە بوو کە لە پێوەندی لە گەڵ سیاسەتی ئەمریکادا کرابوون. واتە ئەم وتارە لە هەوڵدابوو تا بە تێزێکی مودێڕن خەڵکی ئەمریکا بە دنیای سیاسەتی پاش کۆتایی شەڕی سارد ئاشنا بکاو بەقەوڵی خۆی فازێکی نوێ بینێتە ئاراوە.

ئەوەیکە تێزی ناوبراو پێشانی دەدا ئەوە بوو کە دژایەتیی جیهان نە ئیدئۆلۆژیکییە، نە ئابووری بەڵکوو دژایەتییەکی کولتوورییە کە تێیدا دەوڵەتان یاریکەرانی سەرەکیی مەیدانن، لەو نێوانەشدا گرنگترین پێکدادان، بە پێکدادانی نێوان ئیسلامو رۆژئاوا دادەنرێ. هەر بۆیە 11 سێبتەمبر کە باسمان کرد نەتەنیا کاریگەریی خۆی وەکوو کاتالیزۆرێك هێنایە گۆڕێ، بەڵکوو بەکردەوە ڕێخۆشکەرێك بوو بۆ چوونە قاڵبی پراکتیکیی تێزەکەی ساموئێل هانتینگتون، واتە پێکدادانی ژیارەکان و بواری لە بارکرد بۆ شەرێکی جیهانیی پڕمەترسیتر لە دوو شەڕی جیهانی. جۆرج بووش سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەسەرنجدان بەو مەترسییە تۆقێنەرەی هەستی پێ دەکرد، بەشێوەیەکی فەرمی شەڕێکی جیهانیی راگەیاند. شەرێك کە بەکردەوە دیسان جیهانی دووجەمسەر کردەوە، شەرێکی جیهانی لە نێوان تیرۆر دژە تیرۆردا، بەرەی تیرۆر بە سەرکردایەتی دیاری ئۆسامە بن لادەنو گرووپەکەی واتە القاعدەو هەموو هێز، لایەنگرو پاڵپشتەکانیو هەموو ئەوانەی لەبەرەی دژە تیرۆردا نەبوونو لەگەڵ ئەمریکا نەکەوتن لەسەروی هەموویانەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکوو پالپشتێکی بەردەوامو بە هێزی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، دیاریکراو بەرەی دژە تیرۆریش بە سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، جێ ئاماژەپێکردنە کە جۆرج بووش پێش لێدانی ئەفغانستان، بەفەرمی لە ترییونی دەوڵەتی ئەمریکاوە ڕایگەیاند "هەرکەس لەگەڵ ئێمەدا نیە دژ بە ئێمەیە" هەربۆیە خوازراو یان نەخوازراو دنیایەکی دوو جەمسەری بۆ شەڕێکی جیهانی ئامادە دەکرد، بەڵام ئەوەیکە هاتە ئاراوە نازانین چی نێو بنێین؟! شەڕی خاچپەرستان؟ شەڕی چاکەو خراپە؟ شەڕی ئازادی دژبە مەترسیو خۆف؟ شەڕی دێموکراسیو توتالیتاریزم؟و ... هتد.

بەڵام گرینگ ئەو ناوانە نین کە ئێمەو دەوروبەرەکانمان، واتە هێزو وڵاتە لاواز یان بێ دەسەڵاتەکان دایدەنێین، گرینگ ئەو ناونیشانەیە کە زلهێزان لەسەرەوەی هەموویانەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاوی دەکەنەوەو دەیکەنە پۆشەنی یارییە سیاسییەکان.

گەرچی تێزەکەی فرانسیس فۆکۆیاما "کۆتایی مێژوو"، کە لەودا لیبرالیزم بە قۆناغی کۆتایی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێ شکستی هێنا، بەڵام بەردەوام فاکتەرێکی سەرەکیی فونداسیۆنی دونیای مودێرن حەرەکەت بەرەو دێموکراسیو لیبراڵ دێموکراسییە، سروشتیشە کە دێموکراسیو لیبراڵ دێموکراسی بە بەشێك لە ژیاری ڕۆژئاوا دادەنرێنو بە پێی تێزو ڕوانگەی "شەڕی ژیاریی "مەهدی ئەلماندجرا" پێکدادانو شەڕ لەنێوان ژیاری ڕۆژئاواو دەستکەوتەکانیداو ژیاری ڕۆژهەڵات بەتایبەت" ئیسلامو شوێنکەوتوانیدا دەبێ. جێ ئاماژە پێدانە کە بە پێی تێزەکەی فرانسیس فۆکویاما لە وڵاتانی باشوورو ڕۆژهەڵاتدا سیستەمو حکوومەتگەلێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر دەسەڵاتدارانو لەژێر گوشاری دواکەوتوویی، هەژاریو توتالیتاریزمدانو بۆ ڕزگارییان هیچ ڕێگایەك نیە جگە لە پەنابردن بۆ دێموکراسیو لیبرالیزم. لە لایەکی دیکەوە، ترسی ڕۆژئاوا لە مەزهەبە، واتە لە ئیسلام، چوونکی حەشیمەتی موسڵمانان لە جیهاندا زیادی کردوە، واتە تا چەند ساڵی دیکە 40٪ حەشیمەتی جیهان لەخۆ دەگرنو بەو میکانیزمە پەروەردەییەوە کە وڵاتانی ئیسلامی هەیانەو بەو دەسەڵاتە ئیدئۆلۆژیکییە ئیسلامییەوە، کە بەسەر وڵاتانی ئیسلامیدا حاکمەو، بەو کەشو بوارە هزرییەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، نەریتگەرێتی باڵی بەسەر کۆمەڵگاکاندا کێشاوە، واتە لە نێوان سێکوچکەی دەوڵەتی توتالیتار، پەروەردەی ئایینیو کەشوهەوای ترسو خۆفدا ژێرنەخشێکی لەبار بۆ پەروەردەو بارهاتنی تیرۆریزم ئامادەیە. کەوابوو ئەو ڕەوتە لە بەرژەوەندی تیرۆریزمو بەرەی تیرۆردایەو بەرەی دژە تیرۆریش دەبێ مکانیزمێك بۆ پاشکەشە یان ریفۆرمێك لەو بارودۆخەدا ئامادەو پێشکەش بکا، مکانیزمێك کە بتوانێ ڕەوایی بەدەست بێنێت، ڕەواییەکی جیهانی، باشترینو لەبارترین مکانیزم "نەزمی نوێی جیهانی" و "دێموکراتیزە کردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست"و "پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەو باکووری ئافریقا"یە، واتە سێ مکانیزم کە دەتوانن تەواوکەری یەکتربن.

## تیرۆریزمی نێودەوڵەتی

### تیرۆریزمی ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتدار

ئەو فەندەمێنتالیزمەی کە ئەمڕۆ خەریکی پتەوکردنی بنچو بنەوانی دەسەڵاتی خۆیەتی، ئەو فیندەمێنتالیزمەی کە لە هەوڵی خۆگەشاندنەوەو خۆبەهێز کردن دایەو ئەو فەندەمێنتالیزمە تەنانەت فیندەمنتاڵەکانی دیکە لێدەترسن دەستیان گەیشتوە بە ئامرازو کەرەستەی مۆدێرن، یان بە واتایەکی دیکە دەتوانین بێژین، ئەم قۆناخەی فەندەمێنتالیزم بە گشتیو فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی بە تایبەتی، بەرهەمەکانی دنیای پیشەسازیو سەردەمی مۆدێرنیان خستۆتە خزمەتو ترسو دڵەراوکێیان لە ئەنتیتیرۆری دنیای مۆدێرن نیە، لە لایەکی دیکەشەوە، بڵاوبوونەوەی فیندەمێنتالیزمی ئیسلامیو کردەوە تیرۆریستییەکانی لە سووچاوسووچی جیهاندا، مەشرووعییەتی بە پلانی ئەنتیتیرۆری جیهانی بە پێشڕەوایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان داوە، بەو کردەوانەی کە فیندەمێنتالیزمی ئیسلامی بە شێوەیەکی پرژوبڵاو بەڕێوەیان دەبا. وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ بوونی لە هەر جێگایەك دا ڕەواییەتی وەدەست هێناوە.

بە بوونی ئەو شێوە حوزوورەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی لە جیهاندا بە گشتیو لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بە تایبەتی، رۆژئاواو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناچار بوون جارێکی دیکە بەهاوکێشە سیاسییەکان دا بچنەوە. ئەو هاوکێشە سیاسییانەی کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیخوازی دامەزرا بوونو چەندین هێزو لایەن، بزووتنەوەو خەباتی رەوای نەتەوەییو کەمینەییيان کردبوە گەرووی دێوی بەرژەوەندیخوازیداو لە سووچاوسووچی جیهان دا خەبات لە پێناو ئاشتی، ئازادیو دیموکراسییان لە ئامێزی تیرۆریزمدا کرد بە قوربانیی بەرژەوەندی خۆیان، بێئاگا لەوەی ئەو مارەی کە لەباخەڵی خۆیانە پەروەردەیان کردوە ئەمڕۆ ئەو دێوە نادیارەی تیرۆریزمە کە لە شەقامەکانی نیویورك دا مۆتەکەی مەرگ دەخولقێنێ. ئەوەش وتمان ناتوانێ بە تەنیابێ، چونکی پێکهاتەیەك وەکوو گرووپێکی تیرۆریستی بە هەر پێوەرێك هەڵیسەنگێنین وزەو پۆتانسیەلی بەرێوەبردنی پلانو بەرنامەی دژەئاسایشیی گەورەو بەربڵاوی نیە، دیسان پرسیار دەورووژێو رادەمێنن، وەڵامەکەشی روانگەی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام یەکێ لە روانگەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەر وەك ئاماژەمان پێکرد لە سەردەمی ئینفۆرماتیکدا ئێدی بە تەواوی جیهان بە دوو بەش دابەشکراوە، باشوور، باکوور، کە باشوور وڵاتانی قارەی ئاسیاو ئافریقاو باکووریش وڵاتانی ئورووپاییو بەشێك لە وڵاتانی ئەمەریکاییو وڵاتەیەکگرتووەکان لەخۆ دەگرێ.

یان بە دابەشکردنی سەردەمی شەڕی سارد، رۆژهەڵاتو رۆژئاووا، کە رۆژهەڵات خاوەن شارستانییەتێکی جیاواز لە شارستانیەتی رۆژئاواو بوەو هەیە. لەو نێوەشدا بەرگریی لە شارستانییەتو مەزنایەتیی کولتووری رۆژهەلاتی بۆتە دروشمی درێژەدان بە کونترۆڵ کردنی دەسەلات لە لایەن ئیدئۆلۆژییە فیندەمنتاڵەکانەوە، کەشو هەوای ژیان لەژێر دەسەڵاتی فیندەمێنتالیزم داو تاکەکانی کۆمەڵگاش بە گشتی لە زۆربەی فاکتەرەکانی پێکهاتنی رۆشنبیری بێبەش دەکا. کەوابوو دەسەڵات (بیەوێ یان نەیەوێ) بە چەکی ئیدئۆلۆژیکی خۆی کۆمەڵگا تەیار دەکا، ئەوەش راستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کۆمەڵگایەکی وەکوو ئەفغانستان کە بە دەیان ساڵە بۆتە مەیدانی شەر، دەمێکە بۆتە بەشێك لە مەیدانی پێکدادانی بەرەی رۆژهەڵاتو رۆژئاواو دەمێکە مەیدانی رمبازێنی باندو گرووپە مافیاییە جیهانییەکانە، دەبێ ببێتە ئاخێزگەی بناژۆو فیندەمێنتالیزمی ئیسلامیو لە ئاکام دا حکوومەتو دەسەڵاتێکی کۆنسرڤات ببێتە حاکمو نە تەنیا ببێتە ژئۆپولیتیکی تیرۆریستی، بەڵکوو دەکرێ ببێتە فێرگەو مۆڵگەیەکی بەهێزو ناوەندێکی جیهانی بۆ تیرۆریزمیش. یان کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەمێکە نازناوی وڵاتانی سەر بە "تەوەری شەڕو ئاژاوەگێڕی"ی پێبڕاوە. ئەوەش راستییەکی حاشاهەڵنەگرە، واتە هەر لە سەرەتای پێگرتنیەوە خۆی وەکوو دایکی تیرۆر ناساندو ئەودەم بەوێنەی ژاکۆبینیسمەکان پێ دادەگرت کە پێ بێژن بانکی نێودەوڵەتی تیرۆریزمی جیهانی، واتە ئەو نازناوە واقیعییەی کە وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کوندالیزاڕایس لەسەری دانا، بەڵام بۆ راگرتنی باڵانسی سیاسی ناچار بە چاوپۆشی لەو دێوزمە پڕمەترسییەی کردن.

هەمووان دەزانین کە داگیرکردنی باڵوێزخانەی هەر وڵاتێك بە مانای بەزاندنو داگیرکردنی سنووری خاکی ئەو وڵاتەیە، کەچی کۆماری ئیسلامی وەك یاسایەکی تایبەتی خۆی هێرشی کردە سەر باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانو بۆ ماوەی زیاتر لە 444 رۆژ، کاربەدەستانی ئەو باڵوێزخانەیەی لە بەندیخانە هێشتنەوەو زۆر بە شانازیشەوە پڕوپاگەندەی بۆ دەکردوو وەك بایەخێکی حکوومەتیو وەکوو دەسکەوتێکی

سیاسی ـ مەزهەبی لەقەڵەم دەدا، زمانی مەنتیقی ئیدئۆلۆگەکانی ئەو سیستمە، چەکی ئیدئۆلۆژییەکەیان واتە تیرۆریزم بوو. زمانی ئیقناعیشیان هەڵوێستی تیرۆریستانەیە، زمانی پرۆگرامی پەروەردەو فێرکردنیشیان ئەدەبیاتی ئیدئۆلۆژیکو ئەڵو بێ تیرۆرە، روانگەو بۆچوونەکانیشیان تیرۆریزە کراوە، هەڵوێستەکانیشیان چ لە ئاستی دەوڵەتیدا، چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە زمانی تیرۆر زیاتر نین. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە تراژدیی فتوای "جیهاد" لە لایەن ئایەتوڵا خومەینییەوە دژ بە گەلیکورد بکەین. پێناسەی تیرۆرمان کرد بە پێ فاکتۆرەکانی ناسینی چوارچێوەی تیرۆرو کردەوەی تیرۆریستی، قەتڵو کوشتاری خەڵکی مەدەنیو هێرشی سەربازیی لە ئاستی ئەرتەشو هێزی ئاسمانیداو کوشتاری دەیان هەزار پیرو لاوو منداڵ، ئێعدامی هەزاران کەس بە تاوانی ئەویتربوونو خەبات بۆ ئاشتی، ئاسایشو پێکەوەژیان، لەناوبردنو وێران کردنی چەندین گوندو ژینۆسایدی خەڵکی گوندگەلێك وەکوو "قارنێ"و "قەلاتان" دەچنە خانەی ژینوسایدەوە کە ئەوەش خۆی بەشێك لە تیرۆریزمە، چونکی مەبەست لەو کردەوەیە ترساندنو تۆقاندنی بەگشتی خەڵکە.

## تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و جیهانی

### تیرۆریزمی ئیدئۆلۆژی دەسەڵاتدار بە ئامرازی مودێرنەوە

"قارنێ و قەلاتان"مان وەك دوو نموونەی زیندوی ژاکۆبینیسمی دەسەڵاتداری فیندەمینتالیزم لە کۆماری ئیسلامیدا هێنایەوە. "قارنێ و قەلاتان" بەپێی پێناسەکانی تیرۆر دوو جینایەتی زیندوون کە ئێستاش خاکەکەی دارستانەکانی، خەڵکەکەی ڕەنگ و بۆنی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەیان پێوە دیارە، یەکێك لەو مرۆڤ کوژییە بێ وێنانەی کە بە ناساندنی بە بیروڕای جیهانی دەکرا هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە نێوەرۆکی نائاشتیخوازانەبوونی بۆ دنیا ڕوون بکرابایەوە. بەڵام ئەوەش دیسان سەنگ و هێزی نێودەوڵەتی پێویستە. تراژیدیی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لەوێوە وەکوو ئیستراتژیەکی نێودەوڵەتی و تەنانەت جیهانیش خۆی ڕێك خست. ستراتژییەك کە ئامانجەکەی پێکهێنانی جیهانێکی ئیسلامی و شیعەی دوازدە ئیمامی بوو، وەکوو سەرەتای بناخەکانی ڕێژیمی پاشایەتی تێکدرا، حکومەتێك بونیادنرا بە میکانیزمێکی بەتەواوی نەناسراو بۆ جیهان، حکوومەتێکی پڕ نهێنی، بەو مانایە کە لەگەڵ هیچکام لە سیستمە پەیڕەوکراوە نێودەوڵەتییەکاندا یەك ناگرێتەوە. دەسەڵاتی پڕ لە شەكو گومانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دەسەڵاتدارێتییەوە وەك یاغییەکی لەخۆبایی دروشمی بەشیعە کردنی جیهانی هەڵگرت. یەکەم هەنگاوی مەبەستە ئیدئۆلۆژییەکەی بە ئازاد کردنی قودس لەدەست زایونیزم دەستی پێکرد. دیارە ئەوەش کاری بۆ کرابوو، کاری تیۆری. خەڵکێکی ڕا پەریوی تامەزرۆی ئازادی، خەڵکێکی مەزهەبی کە تا سەر ئێسقان هەستی مەزهەبی کاری تێکردبوون، باشترین بوار بوون بۆ پتەوکردنی بنج و بنەوانی دەسەڵاتێکی رادیکالی ئیسلامی، هەوڵی پراکتیزەکردنی ئیدەکانیدا، ڕێگای بۆ پەرەپێدانی تیرۆریزمی جیهانی و نێودەوڵەتی لە عێراقەوە هەڵ بژاردبوو، واتە کەربەلا ڕێگای دڵخوازی ئەوان بوو، ئەو شەپۆلە لێلاو و لافاوەیە کە هیچ پرنسیپ و پرستیژێکی دنیای هاوچەرخی تێدا بەدی نەدەکرا، بەڵام پێشتر، واتە لە بابەتەکانی پێشوودا باسمان کرد کە تیرۆریزم بۆ پێکانی مەبەستەکانی لەبواری دۆگم و چەقبەستوویی ئیدئۆلۆژیك کەڵك وەردەگرێ و ڕێبەرانی حیزب و لایەن و بیرێکی ئیدئۆلۆژیکیش بۆ گەیشتن بە

مەبەستەكانیان پێویستیان بە میكانیزمگەلێكی توندوتیژ وەك تیرۆریزم هەیە، كەوابوو تیرۆریزم بۆ گەیشتن بە ئامانج لای كۆماری ئیسلامی ئەسڵێكی سیاسییە كە وەك بایەخ و دەسكەوتێكی شۆڕشی ئیسلامی دەبێ پەیڕەو بكرێ و بپارێزرێ، بۆیە بەشێك لە پرۆگرامی دەزگای ڕاگەیاندن ڕۆژانە بە فەرمی پروپاگەندە بۆ تیرۆر دەكا.

لە قوتابخانەكان وەك ناوەندی پەروەردەیی بیری كۆمەڵگا و بناخەدانانی كۆمەڵایەتی، سیاسی، كولتووری، ئابووریو...، بە شێوەیەكی تیۆریك تیرۆریزە كراوە. لەئاستی سەرەوەش دا، لە قوناغەكانی دیكەی پەروەردەییدا هەوڵ دەدەن كەسایەتییەكی بەتەواوی ئیدئۆلۆژیك و مۆنۆپۆل كراو بەرهەم بێنن كە بتوانێ لەبەرامبەر تێزەكانی "كۆتایی مێژووی" فرانسیس فۆكۆ یاما و"پێكدادانی شارستانیەتە"كانی ساموئێل هانتینگتۆن و...،دا ئەنتی تێزی هاوشێوەیان هەبێ؟! بۆ ئەو مەبەستەش، خوێندكارانی شوێن كەوتووی ڕێبازی ئیمام كە حەرێمی باڵوێزخانەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكایان بە پێچەوانەی تەواوی یاسا جیهانییەكان بەزاند، وتاربێژانی ئەمرۆی زانكۆكان و هێمای ڕووناكبیری ئیسلامی فیندەمنتاڵ و "ئەنتی تێز دارێژانی" ئەمرۆی سیاسەتی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و جیهانیی كۆماری ئیسلامین. ئەم ئەنتی تێزانەش دنیا و بایەخەكانی لەلایەن دەسەڵاتدارانی فیندەمنتاڵەوە دەكاتە دوو بەش، دنیای ئیسلام و غەیری ئیسلام. واتە ئەوەی بەتەواوی كۆماری ئیسلامی سیاسەتەكانی لەسەر دارشتوە و ئیددیعای ڕێبەرایەتیی دەكا، لەو پەیوەندییەدا "ئیمایڵ دوركهایم" بە شێوەیەكی گشتیتر پێی وایە. خەسڵەتێكی هەرە جیاكەرەوەی ئایین بریتییە لە دابەشكردنی جیهان بەسەر دوو مەملەكەتدا كە لە گەوهەردا لە گەڵ یەكتریدا ناكۆكن. یەكەمیان پێكهاتوە لە سەرجەم ئەوانەی كە پیرۆزن و ئەوی دیكەش پێكهاتوون لە سەرجەم ئەوانەی كە ناپیرۆزن "ناپاك یان ڤیزەون". ئەو ئەنتی تێزانەش كە بە دەیان هەزار كەس بە تەنیا لە ئێراندا بەسیج دەكا بۆ كردەوەی خۆكوژی یان بە وتەی ئەوان "عملیات استشهادی" ڕاستەو ڕاست بەرهەمی ئەو بیرەیە، ئەو بیرەی كە لە خوێندگا و زانكۆكاندا هێزی كردەوەی خۆكوژی ڕێك دەخا. واتە بە ڕاشكاوی ڕایدەگەیەنێ كە ئێمە ئامادەی تیرۆرزەكردنی جیهانین، ئەوەش لە كوێوە سەرچاوە دەگرێ؟ داخوا سەرچاوەكە لە نەزانیی دەسەڵاتدارەتیی كۆماری ئیسلامی ئێرانەوەیە؟ یان بەڕاستی پاڵپشتێكی ئایدیایی و هێز و توانایەكی باوەرپێكراوی هەیە؟ هەروا كە باسمان كرد، جیهان بە كردەكی بەسەر دوو جەمسەردا دابەش بوو، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا سەردەمداری بەرەی دژەتیرۆری گرتە ئەستۆ و كۆماری ئیسلامیش ناراستەوخۆ بوو بە سوكانداری بەرەی تیرۆر، شایانی باسە كە ئەوە شتێكی نوێ نیە بەڵكوو لە چەند دەهەی رابردوودا بەردەوام ئێرانی ژێر دەسەڵاتی كۆماری ئیسلامی لەلایەك فێرگەی مەكتەبی و نیزامی و لەلایەكی دیكە جێگای حەوانەوە و خۆ حەشاردان و خۆ بەهێز كردنەوەی گرووپ و لایەن و حیزبە تیرۆریستییەكان بوە.

وەكی دیكە كۆماری ئیسلامی باوكی ڕەواییەتی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و جیهانییە. تیرۆریزمی ئیسلامیش واتە ئەو تیرۆریزمەی كە شێوازێكی جیهانیی بەخۆیەوە گرتوە، كوڕی ڕەوای فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی و دەسەڵاتدارەكانی واتە توێژی ئاخوندەكانی ئێرانە، ئەوەش گوتمان ڕاستیی ئەم قسەیەش بەوە پشت ڕاست دەبێتەوە كە كوندالیزرایس حكوومەتی كۆماری ئیسلامی بە بانكی نێونەتەوەیی تیرۆریزمی جیهانی ناودێر كرد. جێی ئاماژەپێدانە ئەو دەوڵەتانە كەمن كە بە ئاشكرا پشتیوانی لە تیرۆری نێودەوڵەتی و جیهانی دەكەن، بەڵام ئەو گرووپ و لایەنانەی كە پەرە بەو شێوازانەی تیرۆر دەدەن ڕەنگە بە ئاسانی لە ژماردن

نەیەن. بەڵام گرنگتر لە هەمووان ئەوەیە کە کام گرووپ، ڕۆژئاوا و جیهانی پێشکەوتووی هێنایە سەر ئەم بڕوایەی کە دەبێ ئیعتراف بە تیرۆریزمی جیهانی بکەن و وەك دێوەزمەیەك پێشانی جیهانی بدەن. لە 7ی ئووتی 1998 دوو ترۆمۆبیلی مینرێژکراو پاش تێپەڕبوون لە پێش باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتوەکان لە کینیا و تانزانیادا تەقینەوە و پتر لە 250 کوژراو و 550 بریندار لێکەوتەوە پاش لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکان، قامکەکان بەرەو گرووپی ئەلقاعیدە و ڕێبەرەکەی ئوسامە بن لادن ڕاکێشران. پاش ماوەیەکی دیکە هێزەکانی ئەمریکا بە تۆڵەی ئەو کارەساتەیان مەقەڕ و بنکەکانی ئەم گرووپەیان لە ئەفغانستان دایە بەر مووشەك کە مقەڕەکان بریتی بوون لە کەمپێکی ئامووزشی، ناوەندێکی فەرماندهی و چوار ناوەندی ئامووزشی و ئەنبارێکی تەقەمەنی و...، لەم کەمپەدا ئەندامانی گرووپی ناوبراو هەموو چەشنە ئامووزشێکی تیرۆریستی دەدران، بە واتایەکی دیکە، ئەو ئوردوگایە گەورەترین فێرگەی تیرۆریستییە لە دنیادا کە لە ئیمکاناتی مۆدێرنی سەردەم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان کەڵکیان وەردەگرت و هاوکات لە چەندین وڵاتی وەکو ئەفغانستان، سودان، کنیا و تانزانیا، عەرەبستان سعودی، پاکستان، یەمەن، سومالی، میسر، بریتانیا و...دا بنکە و چالاکیی تیرۆریستیان هەبوە و لە سەرانسەری جیهانیشدا ئەندامگیرییان کردوە و خۆیان ڕێك خستوە و چالاکیی تیرۆریستیشیان بەڕێوە بردوە.

تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و جیهانی

تیرۆریزمی جیهانی بە ڕێبەرایەتیی گرووپی ئەلقاعیدەو پشتیوانیی تیرۆریزمی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی بە کارەساتەکەی 11ی سێپتەمبری 2001 گەیشتە لووتکەی خۆی، بەڵام بە لێوردبوونەوەو تێڕامانێك، بەو ئاکامە دەگەین کە هاوکات لەگەڵ پڕۆژەی "گلۆبالیزاسیۆن"و پێکهاتنی کولتوورێکی جیهانیدا، دنیایەکی تێکنۆکراتیك هاتە ئاراوە کە هەم ئاڵۆزییەکانی لە ئاستی جیهانیدا زیاد کردو هەم خۆی لەگەڵ کولتووری کۆمەڵگاکانی ئاسیا، ئافریقاو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو هەموو وڵاتانی ڕوو لە گەشەدا تووشی پێکدادان کرد.

ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە تێگەیشتن، لێکدانەوە، هەڵسەنگاندنو هەڵوێست گرتنەکان لە هەمبەر بە جیهانیبوون یان بە پێی هێندێك ڕوانگە جیهانیکردندا جیاوازن، لێرەشدا ئەو خاڵە گرنگەمان بیر دەکەوێتەوە کە هەڵوێستی هێز، لایەن، حکوومەتو کۆمەڵگاکان لە سەر بنەمای پێوەری بەرژەوەندییە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو ....کان دیاری دەکرێن، سەردەمی ئەوەش نەماوە کە بەرژەوەندی زلهێزەکان وەکوو ئامرازی ڕەهای دیاریکەری بەرژەوەندییەکانی دیکە چاوی لـێبکرێ، واتە ئەمڕۆ هەموو بەشدارانی مەیدانی چالاکیی سیاسی بە جۆرێك لە جۆرەکان دەتوانن کاریگەرییان لە سەر کەشی سیاسیی جیهان هەبێ.

بە پێی بەشەکانی پێشووی ئەم وتارە بەو ئاکامە گەیشتین کە ئەم جیهانەی ئێمە تێدا دەژین بە دوو مێژوو و دوو بەرە دابەش کرا، دەوڵەتان، بزووتنەوەکانو بەرژەوەندییەکانیش بە دوو دەستە دابەش کران، لە بواری مێژووییەوە پێش 11ی سێپتەمبرو پاش 11ی سێپتەمبر، لە بواری بەرەوە، دەوڵەتانو لایەنەکانی بەرەی تێرۆرو بەرەی دژە تیرۆر، هەروەها دەوڵەتان، بزووتنەوەکانو بەرژەوەندییەکانی تیرۆریزمو دژە تیرۆریزم، لەو نێوانەشدا هەر کردەوەیەك لە هەر لایەکەوە ئەنجام بدرێ کاریگەریی خۆی لەسەر لایەنەکانی دیکە دادەنێ، هەربۆیە لایەنی دژە تیرۆریش هەڵوێستی خۆی سوورو ڕاشکاوانە ڕاگەیاندو ئیستراتژیی خۆی دیاری کرد. بۆ ئەوەش دەتوانین ئاماژە بە وتارێکی جۆرج بووش، سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین بەو بۆنەیەوە، ناوبراو پێناسەی تیرۆریزمو بەرەی تیرۆری چەند قات بردە پێشەوە. بوش وتی:" تەنانەت ئەگەر

دەوڵەتێکیش خۆی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشتگیری تیرۆریستەکان نەکا بەڵام پەنایان بدا، ئەو دەوڵەتە تیرۆریستە" هەروەها بوش ئاماژەی پێدا، ئیستراتیژیی خۆم ئاوا پێناسە دەکەم کە ئەگەر ئێوە پەنا بە تیرۆریستێك بدەن، تاوانی ئێوەش بە قەد تیرۆریستەکانە. بۆ وێنە ئەفغانستانی دەورانی تاڵەبان یەکێ لەوانەبوو. کەوابوو سنوورەکانی تیرۆریزم بە بەهێزکردنی سنوورەکانی ئاسایشی نەتەوەیی‌و ئاسایشی جیهانی دەبێ رۆژ لە رۆژ زیاتر بەرتەسکتر بکرێتەوە.

تا سەرەتاکانی سەدەی 21 هیچکام لە زلهێزەکان دانیان بە تەنینەوەی ئیدئۆلۆژیی فێندەمنتاڵ‌و بناژوویی‌و میکانیزمی تیرۆر بە جیهاندا نەنابوو یان ئێعترافیان بە تیرۆریزم وەکوو کێشەیەکی جیهانی نەکردبوو، بێ ئەوەی کە بزانن نەتەنیا بە شێوازێکی خەست چ بە سەر دەسەڵاتەکانداو چ بەسەر کۆمەڵگاکاندا ئاژین بوە، بەڵکوو بوومەلەرزەکەی رۆژئاواشی چڵەکاندەوە.

واتە ئەو بۆچوونەش کە تیرۆریزم بە جۆرە لادانێك لەمۆدێرنیتە دەزانێ زۆر دوور لەواقیع نیە، بەڵام بەڕاستکردنەوەیەکەوە کە ئەو راستکردنەوەیەش ئەویش ئەوەیە کە بەرهەمەکانی مۆدێرنیتە چۆن‌و لە لایەن چ کەسگەلێکەوە بە کار بێن؟ بە پێی لێکۆڵینەوەیەك کە کرا بوو، لەساڵی 1995 تا 2005 تێکنۆلۆژیی زانیاری بە 45 قۆناغی جیاوازدا تێپەڕ بوە، واتە گەیاندنی زانیاری ئەمڕۆ بە لە پێوەندی لە گەڵ ساڵی 1995دا 45 جار خێراتر بۆتەوە، لە هەمان کاتیشدا هەر ئەو بەرهەمە تێکنۆلۆژییانەی مۆدێرنیتە کە بە شێوازی "ئەرێنی" لە کۆمەڵگای پێشکەوتوودا بەکار دەهێنرێن زۆر "نەرێنییانە" لە خزمەت ئامانجگەلی دژمرۆڤانەدا لە لایەن تیرۆریستان‌و پێوانەکانیانەوە کەڵکیان لێوەردەگیرێ. وەکی دیکە تیرۆریزم دەیهەوێ لە بەرامبەر پرۆسەی بە جیهانیبووندا، مەیلێکی دژ بە جیهانیبوون نیشان بدا، واتە ئەو وێنەیەی رۆژئاوایی قبووڵ ناکاو هەر ئەو تیرۆریزمە تێدەکۆشێ توانای وەڵامدانەوە لە بەرامبەر زانیاریی رۆژئاواییدا وەکوو سەمبولێك لە خۆیدا بەهێز بکا.

لە دەلاقەیەکی‌ترەوە پرۆفیسۆر هانتینگتۆن تێزەکەی خۆی، واتە "پێکدادانی ژیارەکان"ی لە گۆڤاری ئەمریکایی "کاروباری دەرەوە" بڵاوکردەوە، بە گوتەیەکی دیکە بێ پێچ‌و پەنا رایانگەیاند کە پێکدانانی ژیاری هاتۆتە ئاراوە، دەبێ رێگا چارەی بۆ ببینرێتەوە، بەڵام چەند ساڵ دواتر سەید محەممەدی خاتەمی، سەرکۆماری پێشووی ئێران، تێزی "وتووێژی ژیارەکانی" هێنایە ئاراوە کە سەرەتا دنیای تووشی خۆشبینی کردو خۆشخەیاڵەکان کە تەنیا بەرژەوەندی ئابوورییان بەلاوە گرینگ بوو، بە فەرمی دەعوەتیان دەکردو لە بەرامبەر یەکتریدا سناریۆیان پێساز دەکرد، بەڵام لەوەی بێ ئاگابوون کە لە گەڵ "پارادۆکسیکالیست"گەلێکدا بەرەوروون کە، بۆچوونیان 180 پلە پێچەوانەی راگەیاندراوەکانیانە. واتە لە لایەك باسی لە "وتووێژی ژیارەکان" دێننە ئاراوە، لە لایەکی دیکە پلانرێژی‌و پشتیوانی لە تیرۆریزم لە هەموو شێوازو رەهەندەکانی دەکەن.

یان بن لادن‌و ئەلقاعیدەو رێبەریی گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە هەوڵیان داوە کە بوونی رۆژئاواییەکان لە وڵاتانی ئیسلامیدا بە پیلان دژ بە ئیسلام لە قەڵەم بدەن، ئەوەش بۆچوونێکە کە بەردەوام رێگاخۆشکەرێك بوە بۆ جیهادو، بوار رەخسێنێك بوە بۆ تیرۆریزم، کە دنیای رۆژئاوا ئەو شێوازە بیرکردنەوانەو پرۆپاگەندە بۆیان بە ئامرازێکی مەترسیدار بۆ سەر ئاشتی‌و تەبایی جیهان لەقەڵەم دەداو بە پێویستی دەزانێ بە شێوەیەکی هەمەڕەهەند بەرەنگارییان بکرێ. لە لایەکی دیکەشەوە" ئێستۆن وێلش" لێکۆڵەری ناوەندی زانیاریی بەرگریی لە واشنگتۆندا دەڵــێ:

" هەوڵدان بۆ روون بوونەوەی ئەو شێوازە لە توندوتیژی نابێ تەنیا بە سزادانی ئەنجامدەرانی کۆتایی بێ. "
وێڵش ئاماژە بەوەدەکا کە بە سەرنجدان بەوەیکە تیرۆریستەکان لە تێکنۆلۆژی‌و ئامرازی مۆدێرنی پێوەندیگرتن کەڵك وەردەگرن، خەبات دژی تیرۆریزم رۆژ لە رۆژ زیاتر لەگەڵ گیروگرفتدا بەرەوروو دەبێتەوە، بەڵام ئەم گیروگرفتانە بە هیچ جۆر نابنە هۆی پاشەکشەی ئەمریکاو وڵاتانی دیکە لە خەباتی بەرین بۆ ریشەکێش کردنی تیرۆریزم.

لەو کاتەوە چەمکی بە جیهانیبوون هاتۆتە ئاراوە، تیرۆریزم هەستی بە نائەمنی دژ بە خۆی کردوەو هەستی بەوە کردوە کە تێکنۆلۆژی‌و مۆدێرنیتە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە بەرەی دژە تیرۆردان، چونکی ئامرازی مۆدێرنی بەرگریی‌و زانیاری کۆکردنەوە لە خزمەت دەسەڵاتی تیرۆردایە، ئەڵبەتە ئەمەش بەو مانایە نیە کە بێ کەموزیاد مۆدێرنیتەو بەرهەمەکانی لە خزمەت بەرەی تیرۆردان. بەڵکوو هەم تیرۆریزمی دەوڵەتی‌و هەم تیرۆریزمی نێودەوڵەتی‌و جیهانیش لە ئامرازو کەرەستە مۆدێرنەکان لە میکانیزمی تیرۆر کەڵکیان وەرگرتوە.

بەڵام لێرەدا جێگای مەترسی ئەوەیە کە دەستی تیرۆریزم‌و پشتیوانانی تیرۆریزم بە چەکی ئەتۆمی بگا، واتە مەترسیی مرۆڤایەتی ئەوەیە کە گەیشتنی تیرۆریزم بە قۆناخی تیرۆریزمی "ناب" یان بان تیرۆریزم لەگەڵ لەمەترسیکەوتنی جیهان‌و مرۆڤایەتیدا یەکسانە. بە وتەیەکیتر ئەو مۆتەکەیەی کە راگەیاندنەکان لە پێوەندی لە گەڵ تیرۆریزمەدا باسی دەکەن گەیشتنی تیرۆریزمە بە قۆناخی بان تیرۆریزم یان تیرۆریزمی ئەتۆمی. بۆیە ئەو دەوڵەتە توتالیتارانە کە لە هیچ ئامرازێك بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتە توتالیتارییەکەیان خۆ نابوێرن چاوەڕوانی ئەوەشیان لێدەکرێ کە بە لەمەترسیکەوتنی خۆیان، کۆمەڵگای جیهانییش بخەنە مەترسی لەناوچوون. ئەوەش دەتوانین بە قسەکانی ئەحمەدەنەژاد سەرۆك کۆماری کۆماری ئیسلامیی ئێران پشتڕاست بکەینەوە کە راستەوخۆ و ناڕاستەخۆ هەڕەشەی سڕینەوەی لە ئیسرائیل کرد، دەتوانین ئاماژە بە راگەیاندنی ئامادەیی بۆ هاوکاریی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە بورای ئەتۆمیدا بە وڵات‌و دەسەڵاتی جێگای مەترسی بکەین.

رەنگە بەشێك لە جۆرەکانی تیرۆریزم زۆرتر بواری سایکۆلۆژییان هەبێ بەڵام بەڕاستی ئەو جۆرە لە سەردەمی "ئینفۆرماتیك"دا کاریگەرترین جۆری تیرۆریزمە کە تا رادەیەکی چاوەڕوان نەکراو کاریشی کردۆتە سەر کۆمەڵگاکان. واتە لە هیچ گۆشەیەکی جیهاندا هەست بە ئاسایش‌و ئاشتی‌و تەنایی ناکرێ. کەوابوو بۆ پاشەکشە کردن بە تیرۆریزم لە ئاستی جیهانی، نێودەوڵەتی‌و ناوچەییدا دەبێ وەکوو تاك، گەل، نەتەوەو کۆمەڵگا خۆمان بە بەرپرسیار بزانین‌و کۆمەڵگای جیهانی سەبارەت بە ئەو مەترسییە ئاگادار بکەینەوە.

******

# 11ی سێپتەمبر، هۆکارو ئاکامەکانی

**هێنری کیسنجەر**

"خەڵکی ئەمەریکا رووداوی 11ی سێپتەمبریان وەك کارەساتێکی ترسناك لە بیری خۆیاندا هەڵگرتووە، بەڵام هەمان کارەساتی ترسناك دەتوانێ رۆڵی خاڵی وەرچەرخانێکی مەزن لە سیستمی نوێی جیهانیی سەدەی 21دا تۆمار بکات، ئەم رووداوە بەشێکی زۆر زۆر لەو بیروبۆچوونە بێ بنەمایانەی کە بە درێژایی ساڵانی نەوەد لە ئارادا بوون، لە رەگ‌و ریشەوە هەڵوەشاندەوە. لوتکەی ئەو روانگە بێ بنەمایانەش ئەوە بوو کە ئابووری نێودەوڵەتی جێگای سیاسەتی نێودەوڵەتی گرتەوە."

ژاك دێریدا

" لەو ڕوداوەی کە لە نیویۆرك ڕوویدا و بوە هۆی مەرگی کۆمەڵە خەڵکێکی بێ تاوان زۆر بەداخم، بەڵام دەربڕینی ئەم داخ و نیگەرانیە نابێتە هۆی ئەوەیکە چاوپۆشی لەو حەقیقەتە بکەم کە ڕوودانی ئەم کارەساتە بەرئەنجامی راستەوخۆی هەڵەکانی خۆمانە، نابێت ئێمە هەڵەکان بخەینە ئەستۆی کەسانی دی، بەڵکو دەبێت خاوەنی ئەو ئازایەتییە بین کە دان بە هەڵەکانی خۆماندا بنێین. "

گراهام فۆلەر:

" لێکۆڵینەوەکەی "سامۆئیل هانتینگتۆن" لە ژێر ناوی ( پێکدادانی ژیارەکان )دا، ماوەیەکی زۆر وەك یەك جێگای توێژینەوەی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بوو. کاتێك خەریك بوو ئەو تیئۆرییە لە ناو بچێ و تایبە تمەندییە ستراتیژیکەکانی خۆی لە دەست بدات، بە هۆی ڕووداوەکانی 11ی سێبتەمبری 2001ەوە ئەو تیۆرییە زیندوو بوەوە و هاتە سەرەوەی تیۆرییەکان. "

11ی سێبتەمبر ئەو ڕۆژو مانگەی کە بۆ هەمیشە ناوێکی جیهانی وەدەست هێنا و لە مێژووشدا بە چەندها هەڵێنجان و لێکدانەوەوە یادی دەکرێ. لە ڕاستیدا ڕۆژی یازدەو مانگی دیکە زۆرن بەڵام هیچکام بە بەرزی ناوبانگی 11ی سێبتەمبر نابن. ئەو ڕۆژە مێژووییەی کە سەرۆك کۆمار، سەرۆك وەزیران، وتەبێژی دەوڵەتان، باڵوێزی وڵاتان، دیپلۆماتەکان و هەواڵدەرو ڕۆژنامەوانان و تیۆرسێن و بیرمەندان و بەگشتی خەڵکی جیهانی ناچار بە دژکردەوە کرد. ئەو ڕۆژەی کە پیاوانی سیاسی پشتی پەردەی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێ بە خێرایی وەخۆ کەون و بە گشتی خۆیان گرژ کردو دەزگا سەربازییەکانیان ڕۆنکاری کردەوەو هەوڵیان دەدا تەنانەت هەڵفڕینی مەلانیش بخەنە ژێر چاوەدێری کونترۆڵی دووربینە تیژبینەکانیانەوەو بە گشتی لە جموجووڵ لە ستراتیژییەکانیاندا ئاگادار بن.

بە تێڕامان و لێوردبوونەوە لەم ڕووداوە گرینگە بۆ هەر کەسێك، تەنانەت کەسانی ئاسایی و مەدەنیش کۆمەڵێك پرسیار دەوروژێن کە پێویستیان بە وەڵامدانەوە هەیە. هۆکارەکانی 11ی سێبتەمبر چی بوون؟ کێ، چ کەسان یان لایەن گەلێك لەم ڕووداوەدا تۆمەتبار یان بەرپرسیارن؟ کاریگەریی و ئاکامەکانی 11ی سێبتەمبر چی بوون؟

هەموومان ئاگادارین بە دوای 11ی سێبتەمبردا بیروڕایەکی ئێجگار زۆر لە دووتوێی کتێب، گۆڤار، نامیلکە، ڕۆژنامە یان هەڤپەیڤینی میدیاییدا دەربڕا. هەرکەسێك ڕوانگە و بۆچوونی خۆی بە چەشنێك بە کۆمەڵێك هۆکار، بەڵگە یان دیکیۆمێنتی جیاوازەوە بە ئەدەبیات و زمانێکی تایبەت و لە چوار چێوەی کۆمەڵێك بیرو هزرداو لە ئاکامدا لە سەر تەوەرێکی تایبەتی دەخستە ڕوو. زۆر سروشتییە کە هەر کەس خاوەنی کۆمەڵە بیرو هزرێکی تایبەتەو لەو ڕوانگەیەشەوە ڕەنگە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنەکانی من یان کەسێك بۆ کەسانی دیکە بەس نەبێ، بۆیە هەر لەو ڕووەوە و لە سەرەتادا دەبێ ئاماژەی پێ بکەم کە بە لەبەرچاو گرتنی کۆمەڵە هزرێکی تایبەت، تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی زۆرێك کتێب، گۆڤارو ڕۆژنامە و سەرنجدان لە وتووێژو بیروڕای بیرمەندان، چاوەدێران و هەڵکەوتووانی سیاسی جیهان و شرۆڤەکردنی ئاخاوتنی بەرپرسانی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی و لە ئاکامدا خوێندنەوەی تایبەتی خۆمان ئەم بابەتە تاوتوێ دەکەین.

دەکرێ بێژین کارەساتی 11ی سێبتەمبر لە ڕاستیدا سەنتێزی تێزو ئەنتی تێزێك بوو کە پێشینەیەکی مێژووی دوورو پێشینەیەکی مێژوویی نزیکی هەیە. واتە هاوکێشە سیاسییەکان هەمیشە بەرهەم هاتووی کۆمەڵێك هاوکێشەی دیکەن کە ڕیشەیان بەگشتی لە قووڵایی مێژوویی هاوکێشەکاندایە. کارەساتی 11ی سێبتەمبر بەرهەم هاتووی هاوکێشەیەکی چەند لایەنە بوو کە هەموو لایەنەکانی دەستیان بەدەست یەکترەوە دابوو بۆ بەرهەمهێنانی

ئەم کارەساتە، بە پێی گرینگی فاکتۆرەکان باس لە لایەنەکانی پێکهێنەری کارەساتەکە دەکەین. بۆ پێشەکی چوونە ناو باسەکەوە، هۆکارەکان بە چەن قۆناخ دابەش دەکەین کە بریتی دەبن لە:

1ـ تێکچوون و گۆڕانی سیستمی نێونەتەوەیی و هەروەها هاتنەئارای گۆڕان لە هاوسەنگییە سیاسییەکانی جیهانی هەزارەی سێهەم دا .

2ـ کێشە و تێکچوون لە وەرگەڕانی هاوکێشە سیاسییەکانی پاش کۆتای شەڕی دووهەمی جیهانی و شەڕی سارددا، واتە وەرگەڕانە سیاسییەکان دژبە وڵاتە یەکگرتوەکان و هاوپە یمانانی.

3ـ کێشەی نێوان ئایینەکان و فەندەمەنتاڵیزمی ئایینی بە تایبەت رادیکاڵیزمی ئیسلامی و توندڕەوی زایۆنیزم.

4ـ هەڵەی دەزگا ئەمنی و شوفارییەکانی جیهان لە سەرەوەی هەموویانەوە دەزگای سی.ئای.ئەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاو (C.I.A) و ئای.ئێس. ئای(ISI)پاکستان.

بە ئاوڕدانەوەیەك لە گۆڕان و رەوتی گەشەی سیستمی نێونەتەوەییدا دەتوانین ئەو گەشەو گۆڕانە بە سێ بەشی سەرەکی دابەش بکەین. بە پێی لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی لێکۆڵینەوەکان بەو ئاکامە دەگەین تا پێش شەڕی نێوان ئایینەکان ئێمە ناتوانین نەزمێك لە چەشنی نەزمی نێونەتەوەیی یان نێودەوڵەتی لە جیهاندا دەستنیشان بکەین. هەر بۆیە ناچارین وەك یەکەم قۆناغ ئاماژە بە (1648 ـ 1914) بکەین، دەسپێکی ئەم قۆناغە بەستنی پە یمانی وستفالیایە لە ساڵی 1648دا کە کۆتایی بە شەڕو کێشە ئایینییەکان هێناو تا شەڕی یەکەمی جیهانی درێژەی کێشا. لەو ماوەیەدا شەڕی ئایینەکان کۆتایی دێ و سیستمێکی نوێ بە نێوی سیستمی نێونەتەوەیی دێتە ئاراوە کە لە زۆر بواردا کاریگەریی لەسەر جیهان دەبێ، پێکهاتنی سیستمێکی فرە دەوڵەتی- نەتەوەیی دەبێتە هۆی پێکهاتنی کۆمەڵێك هاوسەنگی نوێ و گرژبوونی کۆمەڵێك کێشەی نوێ. لەم قۆناغەدا رێکخراوە نێودەوڵەتی و مەدەنییەکان هێشتا پەیدا نەبووبوون، بەڵام ئورووپا یەکێ لە ناوەندە دیارەکانی ئەم قۆناغە بوو کە هەم لە ئاستی ئابووری، هەم سیاسی، هەم کۆمەڵایەتی و هەم کولتوریشدا گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆوە بینی و بەو گەشانەش توانی رەوتێکی چاکسازی لەخۆیدا چالاك بکات و هەموو بوارەکان بخاتە ژێر تیشکی رخنەوەو بەگشتی بە خۆیدا بچێتەوە. لەم قۆناغەدا ئورووپا بەتایبەت و رۆژئاوا بە گشتی توانی لە رێفۆرماسیۆنێکی (Reformation) گشتگیردا کولتوورو شارستانیەتەکەی پێش بخات و ببێتە مەکۆی زانست و پێشکەوتن. پاشەکشە بە ئایین، حکومەتی ئایینی و دەسەڵاتی کلیسا بکات و ناوەندی بڕیارەکان بەتەواوی بکەوێتە دەستی خەڵك و دەسەڵات و کۆمەڵگا بەرەو عەلمانیەت و راسیونالیستە ( Rasuonality ) پێشڕەوی بکات. ئەو کاتە بوو کە رۆژهەڵات هەر بەردەوام خەریکی پێکدادان بوو و خورافەو ئەفسانەو ئوستوورە وڵاتان و کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی نوقمی خۆی کردبوو. پێویستە ئاماژەی پێ بکەین کە وڵاتەیەکگرتووکانی ئەمەریکاش خۆی بەشێك بوو لە سیستمی جیهانی و نێودەوڵەتی، بەڵام لەم قۆناغەدا لەبەر هێندێ هۆکار رۆڵێکی وەهای نەگێڕاوە. بەشێك لە سیاسەتوانان هۆکاری بێ کاریگەریی ئەمەریکا لەم قۆناغەدا بە پێڕەو کردنی سیاسەتی گۆشەگیرانە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکاوە دادەنێن.

**قۆناغی دووهەم (1989 ـ1914):**

ئەم قۆناغە لە هەڵایسانی شەڕی جیهانی یەکەمەوە دەست پێدەکات تا سەرەتای نەوەدەکان لە هەزارەی دووهەم دا.

ئەم قۆناغە زۆریەك لە وڵاتانی بە هێزی جیهان دەكێشێتە نێو كوورانی شەڕێكیماڵوێرانكەرەوە، بەڵام دیسان جیهان بە جیهانێكی فرە سیستم دادەنرا، چونكی بەشێك لە وڵاتانی جیهانی سێهەم هێشتا سەربەخۆیی خۆیان راگرتبوو. هەروەها لەم قۆناغەدا كۆمەڵێك گرووپ، رێكخراو، كۆمەڵەو یەكەی سیاسی وەك رێكخراوە نێودەوڵەتی، ناوچەیی و هەرێمایەتییەكانو هەروەها رێكخراوە قارەییەكان وەك یەكییەتی ئورووپا، كۆمەڵەی ئاسیا، یەكییەتی ئافریقا، وڵاتانی عەرەب، جامیعەی عەرەبی، گرووپی هاوكاری وڵاتانی كەنداو و ...، لەم قۆناغەدا دوو شەڕی گەورەی جیهانی كۆتاییان پێ هاتو لایەنی سەركەوتوو لەو مەیدانە هاتەدەرو پێچەوانەی ئەوەیكە بیروڕای جیهانی چاوەڕوانی ئاشتیو تەبایییو ئاسایشێكی جیهانی بوو. قۆناغی دوو جەمسەر بوونو شەڕی سارد هاتە ئاراوە، لە لایەك جەمسەری رۆژئاوا بە سەركردایەتی وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمەریكا و لە لایەكیتر رۆژهەلات بە سەركردایەتی یەكییەتی سۆڤێیەتی پێشوو. لەم قۆناغەدا دژایەتییەكان، دۆسایەتییەكان، كێبەركێیەكان گەیشتبوونە ئەوپەڕی خۆیان. جیهان و سیستمی جیهانیی وەك سیاڵێكی لێ هاتبوو، واتە بە چوكترین كردەوە لەم پەڕی جیهانەوە تەواوەتی ئیستراتیژییەكان كاریگەرییان وەردەگرتو هێزە دەسەڵاتدارەكانی دووجەمسەر گرژو ئامادەی وڵامدانەوە دەبوون. لەم قۆناغەدا لایەنە سەربازییەكان پتر بەهێز دەكران، خاڵە وروژێنەرە ئیستراتیژیكەكان بە تەواوی لە ژێر كونترۆڵ دا بوون.

لەم قۆناغەدا پێویستە چەند دەستەواژەیەك پێناسە بكەین كە پەیوەندی راستەوخۆیان بەم قۆناغەی باسەكەمانەوە هەیە:

1- هاوسەنگی هێزەكان ( توازن قوا ):

بێ گومان هاوسەنگی هێزەكان یەكێك لە پێوەرە گرینگو سەرنجراكێشەكانی دەستنیشانكردنی سیستمی نێونەتەوەیی بوە لە رابردوو و ئێستای پێكهێنانی دەسەڵاتداو هەروەها چۆنییەتی دابەشكردنی هەمان دەسەڵات لە ئاستی نێونەتەوەییدا.

بابەتی هاوسەنگی هێزەكان گرینگترین بابەتە لە چوارچێوەی سیاسەتو پێوەندی نێونەتەوەییدا كە كاركردی خێرا كردەوەو دژكردەوەی لێدەكەوێتەوە. لە سیستمی هاوسەنگی هێزەكاندا كەشێكی سیاسی دێتە ئاراوە كە تێیدا وڵاتان و دەسەڵاتەكان هیچ بەرژەوەندییەكیان لە سەرەوەی دەسەڵاتی سیستمی نێونەتەوەییەوە دانانێنو بە فەرمی ناناسن، چونكی بوونو ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان، وڵاتو كۆمەڵگاكەیان بە پاڵپشتی هێزەكانی نێو كۆمەڵگاكەیانو بە پێكهێنانی یەكیەتییەك لەگەڵ وڵاتانی دیكەدا دەستەبەر دەكەن. لەسەر بنەمای نووسراوەكەی "جوزف فرانكل" ( چەمكی هاوسەنگی هێز بۆ پێناسەی بەریان، بەرەو پێكهێنانی هاوسەنگییەك دێتە ئاراوە كە بەشێك لە نووسەران لە پێوەندییە نێونەتەوەییەكاندا و هەروەها لە زۆریەك لە ئاستە كۆمەڵایەتی و رەوشتییەكاندا دەستنیشانی دەكەن. یەكێكی دیكە لە ئامانجەكانی هاوسەنگی هێز ئەوەیە كە پێش بە دەسەڵاتی وڵات یان چەند وڵات بەسەر وڵاتانی دیكەدا بگیرێ. هەر بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە لە مێژووی پێوەندی وڵاتانی ئورووپایی دا زۆر جاران وڵاتانی گچكە، سەربەخۆییو دەسەڵاتی خۆیان بە بەرهەمی پرۆسەی هاوسەنگی هێزەكان دەزانن كە لە لایەن وڵاتانی بەهێزەوە هاتبوە ئاراوە. مێژووی هاوسەنگی هێزەكانیش لە چەشنی یەكییەتی وڵاتانی گچكەدا بە مەبەستی بەربەرەكانێ لەگەڵ فراوا نخوازی دەسەڵاتە مەزنەكاندا دەگەڕێتەوە بۆ كاتی دامەزرانی یەكە سیاسییە سەربەخۆوە ئورووپاییەكان.

پێویست بە ئاماژە پێکردنە کە دەستەواژەی هاوسەنگی هێزەکان ( توازن قوا ) بۆ یەکەم جار لە لایەن ( Francesco Giuciardine ) ئیتالیاییەوە (مردن 1540ز) بەکار برا. ئاماژەی ئەو بە سیاسەتی دەوڵەتانی ئیتالیا ( میلان‌و هەروەها فلۆرانس بوە ) کە بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵاتی پتر هەوڵیان دەدا بۆ گەیشتنیان بۆ دەسەڵاتی فراوانترو ژێر دەستەکردنی ئەوانیتر. لەو کاتە بەملاوە دەستە واژەی هاوسەنگی هێزەکان بوو بە ئەسڵێکی حاکم بە سەر سیاسەتی ئورووپاییەکان‌و جیهاندا.

لێرەشدا دیسان دەبێ ئاماژە بەو جیاوازیانە بکەین کە لە نێوان ئەم دوو چەشنە هاوسەنگییەدا جیاوازییەکی ئێجگار زۆر دەبینرێ، واتە لە نێو هاوسەنگی چەند لایەنەی هێزەکاندا بارودۆخێك دەبینرێ کە لەودا سەنگ، هێزو قورسایی پتر لە دوو وڵات لە پێوەندییەکی هاوسان‌و نزیك بە یەکتردایە. بەڵام ئەویکە شایانی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە کەرستەو ڕێکاری هێزو دەسەڵاتەکان بۆ ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییە جیاوازە، بەشێکیان هەوڵدەدەن لە ڕێگای ئاشتی و دیالۆگەوە پیڤاژوی سیاسی خۆیان ببەنە پێشەوە، یەشێکیان هەوڵدەدەن لە ڕێگای خۆپڕچەك کردنەوە خۆ دەر بخەن‌و بەشێك بە ڕێگای پشتگیری لە پیڤاژویەکی ناوچەیی‌و جیهانی‌و بەشێك بە سیاسەتی "ئاژاوە بنێوەو حکومەت بکە" سیاسەتەکانیان پڕاکتیزە دەکەن. زۆر جاران عەمەڵەن کێبەرکێی چەکسازی دەبێتە هۆی گۆڕانی باڵانسەکان و هەروەها هاوسەنگ کردنەوەیان. لەو نێوانەدا لایەنی یەکەمی هاوسەنگی هێزەکان کە هاوسەنگییەکی چەند لایەنە بوو دەکەوێتە خزمەت هاوسەنگییە دوولایەنەکەوە. هاوسەنگییەکی دوو لایەنە کە تەواوی هەوڵ‌و تەقالای یەکلایی کردنەوەی قورسایی‌و دەسەڵات لە جیهاندایە. لەو نێوانەدا دوو لایەن بۆ دەستەبەر بوونی سیاسەتەکانیان‌و بۆ گەیشتن بە خشتەی ئامانجەکانیان، ڕێکارو ئامرازو کەرەستەی پێویست دەکەنە بەربژار کە دەتوانن بەشێکیشیان ناڕەوای ڕەواییەت پێدراو بن. لەم ئاستەدا ئیدی ئەوە وەزارەتی کاروباری دەرەوە نیە کە کاری دیپلۆماتیك بەرێوە دەبات، بەڵکوو لق‌و پۆپەکانی دەزگا ئەمنی‌و شوفارییەکانن کە تێوری دیپلۆماتیك دادەڕێژن و لە ڕێگای لۆاوی جۆراوجۆرەوە پراکتیزەیان دەکەن. لەم قۆناغەدا دەسەڵاتی دەزگا ئەمنییەکان دەبێتە تەوەری هێزو ئامرازی ڕووبەڕوو بوونەوەیان، دەبێتە ئامرازگەلێك لە چەشنی ( شەڕی ڕەوانی، پشتیوانی هێزولایەن‌وگرووپەکانی دژبەیەکتری، دەزگا شوفاری‌و هەواڵگری‌و... هتدەکان ).

## کێشەی ئاسایشی جیهان‌و ئامرازی ناڕەوا

ئەم بەربەرەکانێیە نابەرپرسانەیە لە جیهاندا دەبێتە هۆی ئاڵۆزی‌و پشێوی، قەیران‌و نائەمنی هەمەلایەنە و... کە دژ بە یاساو ڕێسا نێونەتەوەییەکانیشە. لەم پێوەندییەدا دەزگای شوفاریی سێ وڵات توانیویانە بەردەوام ببنە پاڵپشت بۆ سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەی وڵاتەکانیان لە جیهاندا.

1ـ سی.ئای.ئەی( C.I.A ) ڕێکخراوی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمەریکا.

2ـ کا.گ.ب ( K.G.B )"کۆمیتەی ئەمنیەتی حیزبی کۆمونیستی" دەزگای شوفاری یەکێیەتی سۆڤێیەت .

3ـ ( m16 )، ( m15 ) و ئینتلیجنس سێرویس ( Entlijensservic ) دەزگای شوفارییەکانی بریتانیا.

ئەم دەزگایانە خۆیان ئاغای کۆمەڵێك دەزگای دیکە بوون کە هەر لە لایەن خۆیانەوە دامەزرابوون‌و کۆپی سیستمەکانی خۆیان بوو، بۆ خۆ پێگەیاندنیشیان پێویستیان بە یەکتری بوو بۆیە کێشە سازکردن لە نێو دەزگاگاندا، کێشە نانەوە بۆ ئیستراتیژییەکانی یەکتری و هەروەها کونترۆڵ و چاوەدێری چۆنییەتی کارکردنیان

ببوه هۆی ئەوەیکە بە هەموو ئامرازێکەوە خوو بگرن و لە هەرچەشنە رێکارو رێگایەك بۆ گەیشتن بە ئامانج کەڵك وەردەگرن.

پێشتر ئاماژەمان بە هاوسەنگییەکان کرد، هاوسەنگییە چەند لایەنەکان تا کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی درێژەی بە تەمەنی خۆیدا، بەڵام بە کۆتایی هاتنی شەڕی پڕ کارەساتی دووهەمی جیهانی و لە مەیدان بەدەرکردنی لایەنە دژەکان، ئەم جارە لایەنە سەرکەوتووەکان جیهانیان بەسەر دوو لایەن یان دوو جەمسەردا دابەش کردو بەرەی دژایەتیان لێك بەست. بەو کارە دیسان هاوسەنگییەکان تێکچوونەوەو هاوسەنگی هێزەکان لەچەند جەمسەرییەوە بوون بە هاوسەنگییەکی دوو جەمسەری. هەردوو لایەن هەوڵیان دەدا لەبەرانبەر گەشەی رکەبەرەکەی دیدا پێش دەستی بکاتو لەهاوئاهەنگی و یەکگرتوویی جەمسەرەکەی خۆیان بەرگریی بکەن. لەم گێروبەندەدا بریتانیا بە فەرمی وەك جەمسەرێکی کۆنو پیری نێو سیستمی نێونەتەوەیی لەبازنە چووە دەرەوەو جێگاو پێگەی خۆی بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا. لەم نێوانەدا فراوانخوازی هەردوولا بوە هۆی پێکهاتنی هاوسەنگی تۆقان ( توازن وحشت). واتە لەم قۆناغەدا هاوسەنگی هێزەکان جێگای خۆیان بە هاوسەنگی تۆقان دا. ئەوەش کاتێ هاتە ئاراوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناڕەزایەتی دەربڕی دژ بە دانانی سەکۆی موشەکی یەکییەتی سۆڤێیەتی لە کوبادا کە دوژمنێکی سەرسەختی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو. هەر بەدوای چەند کۆبوونەوەی گرینگ لە نێوان بەرپرسانی ئەمریکایدا بڕیاردرا کە هەم لە تورکیا موشەك دژ بە تەواوی وڵاتەکانی سۆڤێیەت راست بکرێتەوەو هەم وشیاریش بدرێ بە سۆڤێیەت کە ئەگەر موشەکەکانی لە کوبا هەڵنەگرێتەوە کوبا داگیر دەکرێ. بۆیە خێرا "نیکیتا خرۆشچۆف" لە بەرامبەر ئەو هەڕەشانەی "جان ئێف کندی" دا، خێرا بەو مەرجەی هەم ئەمریکا موشەکەکانی لە تورکیە لاببات و هەم قەوڵ بدات کە کوبا داگیر نەکات، ئەوانیش حازرن موشەکەکانی خۆیان لە کوبا کۆبکەنەوە. هەر بۆیە هاوسەنگی تۆقان بە واتای هەڕەشەیەکە کە هەڕەشەکەر بە لێدانی زەبری دووهەم لە ناو دەچێت. ئەمەش بە واتای هەڕەشەیەکی کوشەندەیە کە جیهان لە مەترسی لەناوچوون دەخات. واتە بە پێی زانیارییەکان بۆمبی ئەتۆمی یەکییەتی سۆڤێیەتی پێشوو و وڵاتە یەکگرتووکان گەیشتبوە ڕادەیەك کە دەیتوانی حەوت جار جیهان لەناو ببات.

هەموومان دەزانین بە رووخانی دیواری بێڕلین و لێکپاشرانی بلۆکی سۆسیالیزم ( سۆڤێیەت)، شەڕی دووجەمسەریی یان شەڕی سارد کۆتایی پێ هات. بەڵام مەترسییەکان هەروا بەردەوام بوونی خۆیان پاراست.

## تایبەتمەندییەکانی سیستمی هاوسەنگی هێزەکان

ئەم تایبەتمەندیانە دەکرێ بە چەند خاڵ دابەش بکرێن کە بریتین لە :

1ـ لەو سیستمەدا ئاکتۆرە سیاسییەکان زۆرن. ژمارەیان بە پێنج ئاکتۆر دەگات بەڵام لەم نێوانەدا تەنیا یەك ئاکتۆر دەتوانێ کونترۆڵ کەربێ.

2ـ بە مەبەستی پاراستنی سیستمەکە، هەوڵدەدرێ لە هەر چەشنە کردەوەیەك بۆ گەیشتن بە باڵادەستی لە سیستمەکەدا پێشگیری بکرێ.

3ـ لەو سیستمەدا هەرکام لە وڵاتان بوونی ئەویتر بە سوودی خۆی و لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەبینێ.

4ـ سەبارەت بە واتای هێز لە سیستمی هاوسەنگی هێزەکاندا، تەنیا هۆکارە سەربازییەکان لەبەرچاون و سەرنجی هۆکارە دەرونی و ئابوورییەکان نادرێ.
5ـ لە سیستمی هاوسەنگی هێزەکاندا چەشنێك لە دڵخوازی لە نێوان وڵاتانی ئەندام دا بۆ پێکهێنانی یەکییەتیگەلی نوێ دەبینرێ.
6ـ لەسیستمیهاوسەنگی هێزەکاندا، شەڕ، ئاخرین ئامراز یان فاکتۆری پاراستنی هاوسەنگی هێزە.

## پێکهاتنی سیستمی نێونەتەوەیی

کە باس لە سیستم دەکرێ، دەتوانین لە چەند ڕەهەندەوە بڕوانینە ئەو بابەتە و هەرکامەشیان کاریگەری خۆیان لە سەر ڕەهەندو لایەنە جیاوازەکان هەیە. بەڵام ئەوەی کە ئێمە لەم باسەدا مەبەستمانە سیستمێکە کە لە جێگایەکدا بە واتای چەشنەکانی دەستەبەرکردنی ئاشتی نێوان وڵاتان لە ئاستی نێونەتەوەییداو لە شوێنێکی دیکەشدا بە واتای گرتنە پێشی ڕێگا ئاشتی خوازانەکان لە چارەسەری کێشە نێونەتەوەییەکاندا دێتە ئاراوە.
هەڵسوکەوتی هەر سیستمێك لە کردەوەی هاوتەریب لە نێوان ئاکتۆرەکانی نێوخۆیی سیستمی نێونەتەوەییەوە سەرچاوە دەگرێ و ئامانجیشی پاراستنی هاوسەنگییە، هاوسەنگییەك کە لە ڕێگای نەزمەوە لە نێو سیستمەکاندا دەستەبەر دەبێ. لە هەر سیستمێکی نێونەتەوەییدا خاڵی جێگیریی یەکێ لە خاڵە گرینگەکانە.
لەو پێوەندییەدا " مۆرتۆن کاپلان" سیستمی نێونەتەوەیی بە کۆمەڵێك لە بگۆڕگەلێك دەزانێ کە " بەستراوەیی بە یەکدی و جودابوونەوەیان لە ژینگەی لۆکاڵ دەبێتە هۆی هاتنە ئارای یاساگەلێکی ڕێك و پێکی کرداریی، ئەم یاساو ڕێسا کردارییانە بە چەشنێك دەبن کە بتوانن پێوەندییە ناوخۆییەکان و ڕەهەندو لایەنی بگۆڕەکان لە پێوەندی لەگەڵ تەواوەتی بگۆڕە دەرەکییەکاندا شی بکەنەوە. " کەوابوو لە سیستمێکی نێونەتەوەییدا دوو فاکتۆری دەرەکی و نێوخۆیی لە پێوەندی لەگەڵ یەکدی دا گۆڕانیان بەسەردا دێ. لە پێناسەیەکی گشتیتردا دەتوانین بێژین سیستمی نێونەتەوەیی، کۆمەڵێك لە یەکە سیاسییە سەربەخۆکانە کە بە چەند پات کردنەوەی سەرنجراکێش و هەروەها لە سەر بنەمای پێڤاژوە ڕێك و پێکەکان، کردەوەو دژکردەوەیان گاریگەریی هەیە...
سیستمی نێونەتەوەیی نە تەنیا لە خۆگرتوویی چالاکییە ناهاوئاهەنگ و لێك دابڕاوەکانی ئاکتۆرەکانە، بەڵکوو لە پێڤاژۆی گۆڕانکارییەکاندا حەرەکەتێك لە خۆ پێشان دەدات کە دەتوانێ ببێتە هۆی ڕووداوگەلێکی پلانڕێژی نەکراو زۆربەی جار تەنانەت ناخۆشی و ئاڵۆزی نێونەتەوەیی بەدواوە بێ." هەروا کە باسمان کرد جێگیری لە سیستمی نێونەتەوەییدا خاڵێکی گرینگ و جێگای تێڕامانە. نەبوونی جێگیری لە سیستمی نێونەتەوەییدا دەتوانێ ڕووداوی چاوەڕوان نەکراوو بشێوانەی بەدواوە بێ. کەوابوو پێویست بە شیکردنەوەیە کە سیستمی نێونەتەوەیی، چ کاتێك جێگیرە و چ کاتێك ناجێگیرە؟
سیستمی نێونەتەوەیی کاتێك جێگیرە کە عاملین و ئەندامانی پێکهێنەری سیستم ڕوون و دیاریکراو بن و هەڵسوکەوت و کردەوەکانیان بتوانرێ پێشبینی بکرێ...، جاری وا دەبێ یەکێك لە ئەندامانی (دەوڵەتان)ی بەشدار لە سیستم دا بایەخی خۆیان لەدەست دەدەن و کردەوە و دژکردەوەکانیان بە پێی پێوەرو سیاسەتەکانی سیستم ناتوانرێ بە ئاسانی پێشبینی بکرێ. ئەم بارودۆخەش کاتێك دێتە ئاراوە کە سیستمی نێونەتەوەییەکی دیکە لە حاڵی داڕشتنەوەدا بێ. زۆر جاران لە سیستمی نێونەتەوەییدا بە هەر نرخێك وڵات یان دەوڵەتێك لەو

پێکهاتەیەدا جێگای کراوەتەوەو پارێزراوە و پشتیوانیش کراوە، چونکی لەو قۆناخ زەمەنەدا بۆ یەکگرتوویی سیستم و راگرتنی لایەنێك لە هاوسەنگییەکان پێویست بوە، پێویستیەك کە ئەویترێکی دژ یان رکەبەر لە مەیداندا بوە. بەڵام بە نەمان یان لاواز بوونی ئەویترەکە سیستم گۆڕانی بەسەردا دێ و ئەو گۆڕانەش جێگۆڕکێ بایەخی بە ئاکتۆرەکانی دەکات، واتە هەمان ئەندامی پێشتر بایەخدارو گرینگ جێگای خۆی بە ئەندامێکی دیکە دەدا، یان بایەخەکەی خۆی کەم دەبێتەوە. هەر لەم گێروداردەدا زۆر جار وڵاتێك بە دەسەڵاتێکی زاڵم، چەوسێنەر، دیکتاتۆرو نارەواوە لەبەر ڕاگرتنی هاوسەنگییەکان لەبەرامبەر جەمسەر یان پێکهاتەکانیتردا پاڵپشتی و بەهێز کراوە، ئەو لایەنەش خۆی بە لێکدانەوە سیاسی بەو ئاکامە گەیشتووە کە بە گۆڕانی هاوسەنگییەکان ئەویش پێگەو بایەخی خۆی دەدۆڕێنێ، هەر بۆیە هەوڵی داوە تاکوو بتوانێ هاوسەنگی پێویست بۆ قۆناغەکانی دیکە پلانرێژی بکات.

گۆڕانکارییەکان و سەرو ژێرکردنی هاوسەنگییەکان زۆر جار دەتوانێ ببێتە هۆی تەبابوونی سیستمی نێونەتەوەیی و زۆر جاریش دەتوانێ ئاڵۆزی، بشێوی، نائەمنیو گرژییەکی هەمە لایەنەی لە جیهان دا بە دوواوە بێ. دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەسازانی ئەندامانی سیستم یان پێکهێنەری جەمسەرەکان. ئەو ناسازگارییەش دەتوانێ لە چەند چەشن دا خۆ بنوێنێ، نەسازانی سیاسی، ئیدئۆلۆژیك، ئابووری، کولتووری، سیستمیو...، رادەی گرژی بارودۆخەکە پێوەندی بە چۆنیەتی کێشەکانەوە هەیە. ئەوەی کە پترو بەردەوام بارودۆخی سیستمی نێونەتەوەیی گرژو ئاڵۆز کردوە کێشەی جەمسەربەندی سیاسی ئیدۆئۆلۆژیك بوە کە ئەو جەمسەربەندییە هەرچەندە وشکترو دوگم ترو توندڕەوانەتر بێ دەتوانێ ئاڵۆزییەکان زیاتر بکات. ئەوەی کە پتر مەبەستی باسەکەی ئێمەیە جەمسەربەندی یان بلوك بەندی پاش شەڕی دووهەمی جیهانییە وسەردبوونی پێوەندییە نێونەتەوەیییەکان لە نێوان ئەندامانی سیستمی نێونەتەوەیی دایە.

## هاتنە ئارای شەڕی ساردو واتاو نێوەرۆکی

شەڕی سارد ئەو شەڕە نارەواو پڕ کێشەو ئاڵۆزییە بوو کە جیهانی بۆ ماوەیەکی زۆر بە خۆیەوە خەریك کرد، شەڕێك کە نوێنگەی پێکهاتنی سیستمێکی نێونەتەوەیی لە سەر بنەمای بەرژەوەندی جەمسەری لەسەرەوەی هەموانەوە وڵاتەیەکگرتووکانی ئەمریکا و یەکییەتی سۆڤییەت بوو. بۆ زۆرکەس جێگای پرسیارە، شەڕی سارد چییە؟ هۆکارەکانی هاتنەئارای ئەو شەڕە چی بوو؟ پێش پەردەکانی ئەو شەڕە چی بوون؟

لە مەر شەڕی ساردو پێکهاتن و هاتنە ئارای لێکۆڵینەوەی زۆر کراوە، بەشێك لەو لێکۆڵینەوانە لایەندار و بەشێکیان سەربەخۆن. هەرکام لە لێکۆڵەرەکان کۆمەڵێك بیرو بۆچوونو ڕوانگەی جیاوازو تایبەت دەخەنە روو. بەشێك لە لێکۆڵەران رایان وایە کە شەڕی سارد لە سەردەمی سەرکەوتنی بولشڤیکەکانی روسیاوە لە (ئۆکتۆبری ساڵی 1917ز) و پێکهاتنی یەکییەتی سۆڤییەتەوە دەستی پێکردوە، واتە لەو کاتەوە جەمسەری ئیدۆئۆلۆژیك هاتە ئاراوەو دەستی کرد بە دژایەتی بەرژەوەندی هێزو لایەنەکانیتر. بەڵام ئەوەی کە پتر سەلمێنراوە پێکدادانە دژبەرییەکانی سیستمی نێونەتەوەیی سەردەمانی پاش شەڕی جیهانی دووهەم، کە پێوەندییە بنەماییەکانیان لە قەوارەیەکی نوێدا داڕێشتەوە، بوە هۆی "ساردوسڕ"هەڵگەڕان یان "نادۆستانە" بوونی پێوەندی نێوان وڵاتانی دوو ئوردووگای رۆژهەڵاتو رۆژئاوا. ئەوەیکە ئەم دوو جەمسەرە لەسەر چ بناخەیەك

دامەزران و پێوەندییەکانیان لەگەڵ کام وڵاتان بوو، کامیان لە مەیداندا لەکام بواردا تا چ رادەیەك سەرکەوتوو بوو یان نەبوو و یان ئاکامەکانی ئەم جەمسەربەندییە بە کوێ گەیشتو چۆن کۆتایی پێ هات، باسێکی تێروتەسەل و دوورودرێژی دەوێ، واتە بە قەولی فارسەکان "مەسنەوی چل مەن کاغەزی پێویستە".

**کاریگەری یەکانی شەڕی سارد لە سەر ئاسایشی جیهان**

ئەوەی کە باسی ئەم بابەتەی ئێمەیە کاریگەرییەکانی ئەم جەمسەربەندییەو شەڕی ساردە لەسەر ئاسایشی جیهان و ئانەمنی و تیرۆریزمە کە بە تەوەریی تیرۆرو لوتکەی 11ی سێپتەمبرو ئاکامەکانیدا کۆتایی پێ دێ.

پاش ئەوەیکە ساردو سڕی باڵی بەسەر پێوەندی نێوان رۆژئاواو رۆژهەڵاتدا کێشا، خێرا دوو بلۆکی ئیدۆئۆلۆژیك راستەوخۆ مەیدانداری جیهانیان گرتە ژێر کونترۆڵ و جیهانیان بە سەر خۆیاندا دابەش کرد. خواستە ئاسایشیو بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمەریکا وای پێویست دەکرد کە بازرگانی ئازادی جیهانی بانگەوازی بۆ بکرێو رابگەیەنرێ و پەرەی پێ بدرێ. ئەوەش بەو روانگەوە بوو کە سیستمی ئابووریو وەبەرهێنان لەگەڵ بنەماکانی لیبڕالیزم دا هاوتەریبی و هاوئاهەنگی هەیەو هاوکاتیش گەرەنتی دارایی و تیجارەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای دەکرد وەکوو گەورەترین هێزی ئابووری جیهان. لەو لاشەوە خواست و بەرژەوەندی ئیدئۆلۆژیکی و ئاسایشی یەکییەتی سۆڤێیەت ببوە هۆی ئەوەیکە ئەو یەکیەتەییە هەرچی زیاتر هەوڵی کارتێکەری لە سنووری ژێر دەسەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بدات و پشتوێندێکی ئەمنییەتی بە دەوری لەم هەڵخزو داخزە سیاسیی، جەمسەرییانە دا کە هەرکام بە شێوەیەك هەوڵیان دەدا سنوورەکانی بلوکی خۆیان پتر بەرنە پێشەوە، بکێشێ. ئەم کێبەرکێیانەش هەم بە شێوازی روونو ئاشکراو هەم نهێنی و ژێرزەمینی بوون. "ژۆزف ئیستالین" لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەی هەمەلایەنە کە بە هێزبوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای لە بواری سیاسی، سیستمی و ئابوورییەوە دەردەخست لە کۆنفرانسی "یالتا"(Yalta) لە ریکەوتی فوریەی (1945ز) دا لە پێش بوونی خۆی لە ناوچە داگیرکراوەکانی رۆژهەڵاتی ئورووپادا لە رێگای پێکهێنانی حکومەتگەلێکی کۆمۆنیستییەوە راگەیاندو گوتی ئەوەش داینن دەکەم.

سەرەتا سەرنج نەدانی بلۆکی رۆژئاوا بە یەکییەتی سۆڤێیەت و داخوازییەکانی بوە هۆی ئەوەیکە یەکییەتی سۆڤێیەت دەسەڵاتی خۆی نەتەنیا لە وڵاتانی ئورووپایی رۆژهەڵاتدا، بەڵکو تەنانەت لە ئاسیای رۆژهەڵات و ناوچەی دەریای مێدیتەرانەش دا بەهێز بکات. شیاوی باسە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێش لە یەکییەتی سۆڤێیەت لە بواری سەربازییەوە خۆی رێکخستبووەوو خۆی نۆژەنو ئامادە کردبوو، هەر بۆیە یەکییەتیش سۆڤێیەتیش هێزە چەکدارەکانی خۆی نۆژەن و ئامادە کردو لە بواری سەربازییەوە بەخۆدا چووەوە. بەدوای ئەم خۆ رێکخستنەدانەدا دوو بلۆك لە ژێر کاریگەری دژایەتی گەلێکی بەردەوامی ئیدۆئۆلۆژیکی و راگەیاندن دا هەنگاو بە هەنگاو پتر پەرەیان بە گرژییەکان دەدا. دوو بلۆك هەوڵیان دا هێزی مەعنەوی بێننە مەیدانەوە، چونکی هەردوو لایەن ناڕاستەوخۆ کەوتبوونە ژێر کاریگەری هێزی مەعنەوییەوەو لە ئاکام دا ئیدۆئۆلۆژی سوسیالیزم و لیبڕاڵیزم بوون بە سەردەمداری مەیدانی شەڕی ساردو پێکدادانی دوو جەمسەری. نێوان ئاڵۆزی ئەم دوو جەمسەرە بە تاقی کردنەوەی یەکەم بۆمبی ئەتۆمی لە (ئوتی 1949ی. ز) داو تەقاندنەوەی دووهەم بۆمبی ئەتۆمی لە (ئۆکتۆبری 1915ی.ز)دا لە لایەن یەکییەتی سوڤێیەتەوە بوو. هۆی ئاڵۆزی نێوان دوو جەمسەر دەسپێکردنی کێبەرکێی چەکسازی نێوانیان. رۆژئاوا لە چەکداربوونی سۆڤێیەت بە چەکی

ئەتۆمییەوە زۆر تووڕە بوو و بە نۆژەن کردنەوەی ناتۆ دژکردەوەی خۆی پیشان دا. ڕەوتی پڕ چەك بوونی دوو بلۆك بە خێرایی پەرەی ئەستاندو لە (12ی ئووتی 1953ی.ز) دا یەکییەتی سۆڤیێت ڕایگەیاند کە تاقیکاری یەکەم بۆمبی هیدرۆژنی خۆی لە ناوچەی دوور کەوتووی ئوقیانووسی ئارام دا بە سەرکەوتووییەوە بە ئاکام گەیاند. لێرەدا سەرەڕای هێنانە ئارای دکترینی "تۆڵەی بەربڵاو" (انتقام گسترده)، ئەندامانی ناتۆ زیاد کران و وڵاتانی تورکیە و یونان ساڵی 1952 چونە نێو ئەو پەیمانەوەو وڵاتانی بریتانیا، تورکیە، پاکستانی عێراق هان دەدران بچنە نێو ئەو پێکهاتەوە. لەم قۆناغەدا "ژێنراڵ ئایزنهاوێر" کە سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو بەربەستی کارتێکەری خۆی (سد نفوز) تا ئەو ڕادەیەی توانی پەرە پێدا. بە زیادبوونی ئاڵمانی فیدراڵ لە 9ی مەی 1955دا بە پەیمانی ناتۆ گۆڕانێکی قووڵ هاتە ئاراوە کە ئەویش، دژکردەوەیەك بوو کە یەکییەتی سۆڤیێت ئەنجامی دا، یەکییەتی سۆڤیێت بە هاوکاری وڵاتانی بولغارستان، لێهستان، چکسلۆاکی، مەجارستان، ڕۆمانی، ئەلبانی و کۆماری دێموکراتیکی ئاڵمان پەیمانی وەرشۆی پێك هێنا. مەبەست لە پێکهێنانی پەیمانی وەرشوش خۆ بەهێز نیشاندان و هەڕەشە لە ڕەقیب بوو کە وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمەریکا بوو. بە دروستبوونی پەیمانی ناتۆ هاوکێشەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و گرژی و ئاڵۆزی ڕووی لە زیادی کرد. لەو نێوانەش دا یەکییەتی سۆڤیێت مەزنیخوازییەکی پتری پێوە دەدیترا. لە ساڵی (1958.ز)دا لە حاڵێکدا کە وڵاتە یەکگرتووەکان و بریتانیا تاقیکارییە ئەتۆمییەکانی خۆیان ڕاگرتبوو، یەکییەتی سۆڤیێت بەمەبەستی هەڕەشەی هێزی سەربازی ڕۆژئاواییەکان، پەنجا تاقیکاری بەرێوە برد. ئاخرین تاقیکارییەکان پتر لە 50 مێگاتۆن واتە 50 میلیون تۆن تی.ئێن.تی تێدا بەکار هاتبوو.

هەروەها کە لە نێوەرۆکی باسەکەدا تاکوو ئێستا ئاماژەمان پێدا بابەتی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی نێونەتەوەیی تا ڕادەیەکی بەرچاو گرینگیان بە خۆیانەوە دیی. بەڵام لێرەدا ئاسایشی نەتەوەیی و شەڕی سارد و جەمسەر بەندییەکان زۆرتر جێگای باسە، سەردەمێك کە لە ساڵی (1945.ز) وە دەست پێدەکات و تا لێکپاشرانی یەکییەتی سۆڤیێت درێژەی دەبێ، ڕوون و ئاشکرایە ئەو سەردەمە یان باشتر بڵێین ئەو قۆناغە لە هەموو ڕەهەندەکانەوە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بارودۆخی جیهان هەبووە و هەیە. تەوەری پێوەندییەکان لەو سەردەمەدا تەوەری مسکۆ ــ واشنگتۆنە، کە بە واتای سێسبۆلی ڕۆژهەڵات ــ ڕۆژ ئاوا دێتە ئەژمار. لەو قۆناغەدا هەروا کە پێشتر کورتە ئاماژەیەکمان بۆ کرد، لە ساڵەکانی ئاخردا کۆمەڵێك هێزی ناوچەیی پێیان نایە مەیدانەکەوە، کە توانیان کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە ئاسایشی سیستمی نێونەتەوەیی دا بێننە گۆڕێ. هەروەها لەم قۆناغەدا دەبینین وڵاتانی لە حاڵی گەشە یان جیهانی سێهەم دەبنە ناوەندی کێشە و پێکدادانی سەربازی، ئەمەش زۆر سەیر نیە چونکی لە لایەك وڵاتانی زلهێزی باکور ئەمجار بە جێگای ڕۆژهەڵات ــ ڕۆژ ئاوا، هەوڵ دەدەن دژایەتی و پێکدادانەکانیان بخەنە ناو وڵاتانی جیهانی سێهەم و هەڕەشەکان لەسەر خۆیان کەم بکەنەوەو مەترسی بەکارهێنانیچەکی ئەتۆمییش وەلا بنن. لە لایەکی ترەوە لە سەردەمانی گەرمەی شەڕی سارددا کێبەرکێی چەکسازی لەوپەڕی خۆیدا بووو بەشێکی زۆری وڵاتان کە پارەیەکی زۆریان سەرفی ئەو کێبەرکێ یە کردبوو، دەبوا چەك و تەقەمەنییەکانیان بۆ فرۆش گەرەنتی بکەن، بۆ ئەم کارەش پێویست بوو لە لایەك شەڕ لە کونجێکی جیهاندا بەردەوام بێ و هەرکام لەو هێزە زلهێزانەش (Soper power) بازاڕی چەك فرۆشی خۆیان ببیننەوە. واتە لەو نێوانەش دا پاراستنی ئیستراتژییەکان و پەرەپێدانی ئیستراتژییەکان هەر بەردەوام بوو.

# سەرهەڵدانی خوڵقێنەرانی 11ی سێبتەمبر

لەم بەشەی باسەکەشمان دا دیسان هاوسەنگییەکی نوێ دێتە ئاراوە کە لە چەشنی هاوسەنگی ئیدئۆلۆژیکە، هاوسەنگییەك لە نێوان دوو جەمسەری سۆسیالیزمو کاپیتاڵیزم دا هاتە ئاراوە و عامیلی سێهەمی هاوسەنگییەکەش ئیسلامی رادیکاڵ یان رادیکاڵیزمی ئیسلامی بوو. ئیدئۆلۆژییەکی رێکخراو، خاوەن قەوارەیەکی رێكو پێکی ئیدئۆلۆژیك، لە سەر تەوەرێکی سیاسیی بە مەبەستی گەیشتن بە کۆمەڵێك ئامانجی سیاسیی پێ نابوە مەیدانەوە. پێویستە بێژین سەرەتا لایەنی سێهەمی ئیدئۆلۆژیك واتە قەوارەی سیاسی ئیسلامی فاکتۆرێکی وەها بەرچاو نەبوو کە بتوانێ ببێتە فاکتۆرێکی بەهێزی بەشێك لە گۆڕانکارییەکان. هەر ئەو ئیسلامیە سیاسیانە پاش ماوەیەك بوونە خوێنەخۆرەگەلێکی جیهانخۆر کە تۆقانو خۆفو ترسێکی زاڵەترەکێنانەیان خستە نێو دڵو هزرو بیری جیهانیانەوە. هەر پاشان بە کەڵك وەرگرتن لە هەلێکی زێڕین کە بۆیان رەخسابوو رەگو ریشەکانیان بە شێوەیەکی ژێرزەمینی بە جیهاندا پەرە پێدا، شادەمارەکانیان کێشایە نێو دڵی جیهانی شارستانی، پیشەیی‌و پێشکەوتووەوەو بوونە ترسناکترین فاکتۆری سەردەم و توانیان باندۆر بکێشنە سەر سیاسەت، ئابووری‌و کولتووری کۆمەڵگای جیهاندا.

هەر کردەوەیەکی ترسێنەرانە لە جیهاندا روویدەدا خێرا بن لادەنی تیرۆریستو میلیاردێری سعودی دەکەوتە سەر شاشەی تلویزیۆنەکان، بەرگی گۆڤارو لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکانو هەروەها نێوی دەبوە سەردێڕی هەواڵی زۆربەی هەواڵدەرییەکان. بن لادەن و گرووپەکەی، واتە القاعیدە ببوونە نوێنگەی تیرۆرو تیرۆریزمو دۆستەکانیشیان ببوونە داڵدەدەریان. بە راستی لێرەدا پرسیارێکی هەستیار دەوروژێ کە کەمتر کەسێك خۆی لە وڵامدانەوەی دەدا !

ئەویش ئەوەیە کە بە راستی تا ئیستا بیرمان لێکردوتەوە کە ئەو گرووپە تیرۆریستو وێرانکەرانە لە کوێوە هاتوون؟ القاعیدە کێیە؟ بن لادەن چۆن چۆنی بوو بە بن لادەن؟ و ئەوانە کە بە هۆکارەکانی خوڵقاندنی 11ی سێبتەمبری 2001 ناسێنران چۆن ئاوەها بە هێز هاتبوونە نێو هاوکێشە سیاسییە جیهانییەکانەوە؟

ئەوەی لە سەرەوە وەکوو پرسیار هێنامە بەر باس زۆرم لەملاو ئەولا وەکوو پرسیار بیستوەو لانیکەم بۆ خودی خۆم هەردەم جێگای پرسیار بوە. هەروەها دەزانین ئەو شەبەکە، باند، گرووپو تاقمە ئیسلامیانە لەم قۆناغە لە سیستمی جیهانی دا هۆکارو بوارن بۆ هاتنەمەیدانی تیرۆرو تیرۆریزمو هەروەها جاربە جاریش ئاماژە پێ دەکرێ کە پەیمانکاری تیرۆریزمی ناوچەیی‌و جیهانییان گرتووە ! پەیمانکاری تیرۆریزمی جیهانی !؟ بەڵام لە لای کێیەوە، لە لای کام هێزو لایەنەوە؟ بە چ مەبەستێك؟ لە کوێوە هاتوون؟ پاڵپشتەکانیان کێن؟ و دەیان پرسیاری دیکە.

دیارە وڵامی ئەم پرسیارانە خۆی دەتوانێورووژێنەری کۆمەڵێك پرسیاری دیکە بێ. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا وڵامدانەوە بەم پرسیارانە کارێکی ئاسان نیە، بە تاییەت بۆ کەسێکی لێکۆڵەر یان نووسەر، بۆیە دەبێ بێژم وڵامی راستەقینە و تەواو لای کەس نیە. بەڵام بێ گومان بەشێکی زۆری وڵامەکان لای رێکخراوی (سی.ئای.ئەی)،(C.I.A)ن. سی.ئای.ئەی و دەزگا سیخۆڕییە هاوپەیمانەکانین. بۆیە بە تەئکید ئێژم هیچ کەسو لایەنێك هێندەی ( C.I.A )وهاوپەیمانەکانی ئەو کاتی‌و کۆماری ئیسلامی ئێرانو دەزگای (واواك) کە پالپشتی ئێستایانە، لەمەڕ ئەم تاقمو گرووپانە زانیاریان نیە. چونکی ئەم گرووپو رێکخراوانە ساڵانێکی

پێشتر لە لایەن خودی ئەو دەزگاو عەواملەکانیەوە پەروەردە کرابوون، بۆیە لە هەموو ڕەهەندەکانەوە لە لایەنەکانی دیکە زانیارییان زۆرتر بوو. پەروەردە کردنی ئەو باندو گرووپانە لە لایەن ( C.I.A )ەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (1985ی.ز) بەملاوە، واتە ئەو دەزگایە لەو ساڵەدا ئەوانەی لە دەوری یەك كۆ کردبووەوە. ئەوانە ئیسلامیگەلێکی فەندەمێنتاڵو توندڕەو بوون کە لە کونجاو کونجی جیهانەوە لە دەوری یەك كۆ کرابوونەوە. وڵاتو لایەنگەلێك وەکوو پاکستان، بریتانیا، فرانسە، عەرەبستانی سعوودیو میسر تا رادەیەك چینیش لەو کیشەیەوە گلابوون. بە وتەی "زبگینیو برژینسکی" راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەو کاتی پرزیدنت کارتر، وڵاتە یەکگرتووکان لە نێوەڕاستەکانی 1979 دا چووە نێو ئەو کێشەکەوە.
هەموو دنیا ئاگادار بوو کاتێ روسیە لە دێسامبری ساڵی 1979 دا هێرشی کردە سەر ئەفغانستان. بە سەرنجدان لە راپۆرتەکەی برژنسکی، پشتیوانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە هێزە جیهادییەکان بە ناوی "موجاهدین" لە شەڕ دژبە دەوڵەتی ئەفغانستاندا، شەش مانگ پێش لە هێرشەکەی روسیە دەستی پێ کردبوو. برژنسکی لە دەقی راپۆرتەکەیدا تا رادەیەکی زۆریش بەم پلانەیەوە خۆ رادەنێ. راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی جیمی کارتر دەنووسێ: "ئێمە روسەکانمان خستە داوی ئەفغانییەکانەوە. بەم پشتیوانییە لە موجاهدین، روسەکانمان ناچار کرد دەستدرێژی سەربازی بکەنو بکەونە نێو داوەوە. بەم چەشنە دەمانتوانی ئەو ئەرتەشە بە کرێگیراوو ترسناکە پەرە پێبدەین.
لێرەدا بەرپرسانی ئەمریکایی تەنیا بیر لە بەرەوڕووبوونەوەو بەرپەرچدانەوەی سۆڤێیەتو روسیە بە لایانەوە گرینگە. واتە ئەوە ستراتژی بوە، ئەوان بیر لەوە ناکەنەوە کە تاکتیکەکەیان تاکتیکێکی مەترسیدارە. لە راستی دا ناتوانین بڵێین کە ئەوان هێزێکی تەنیا تیرۆریستی بوون، نەخێر ! ئەو هێزە ئەرتەشێك بوو کە لە سەدان هەزار پیادەی شەڕکەر بە قەوڵی بێرژنسکی "لەو کەسانەی کە دەتوانین نێویان بنێین ئینسان کوژە پسپۆڕەکان لە نێو توندڕەو و توندوتیژترین فالانژە ئیسلامییەکانی باکووری ئافریقا، عەرەبستانی سعوودی و...دا پێك هاتبوو." واتە هەوڵمان دەدا لە هەر جێگایەکدا کە بکرێ کۆیان بکەینەوە. لێرەدا ئەوەیکە جێگای سەرنجە ئەوە بوو پیلانرێژو تیۆریزەکەرەکان هەوڵیان دا ئەو سوپایە بە سوپایەکی بە تەواوی ئەفغانی بناسێنن، کە هەر واشیان کردو هەر ئیستاش بە شێکی زۆر لە خەڵکی جیهان وا بیر دەکەنەوە. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە زۆرێکیان وەکوو بن لادەن، ئەفغانی نەبوون. ئەوان لە رێگای سی.ئای.ئەی ( C.I.A ) و دۆستەکانیەوە، واتە دەزگا شوفارییە رۆژئاواییەکانەوە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهانەوە دیترابوونەوەو هێنرابوونە ئەوێ. ئەو تایبەتمەندیەی کە ئەوانەی لە دەوری یەکتر کۆ کردبووەوە بە راستی چی بوو؟ ئەو کارە لە رواڵەت دا کارێکی زۆر قورسو گران نەبوو. هێزی ئیدئۆلۆژیك واتە ئیدئۆلۆژی ئیسلامیزم دینامیزمی سەرەکی لە دەوری یەك کۆکردنەوەی ئەو سوپایە بوو. لەوێشدا مەبەست تەنیا لە لایەك کونترۆڵو پێشگیری ئیدۆئۆلۆژی کۆمۆنیزم بوو بەرەو ئیستراتژییەکانی رۆژئاواو لە لایەکی دیکەشەوە بە گژیەکدادانی ئەو دوو ئیدئۆلۆژییەو لە ئاکام دا پاسیڤ کردنیان بە یارمەتی یەکتربوو. چونکی لە راستی دا ئەو دوو هێزە ئیدئۆلۆژییە کە خاوەن نێوەرۆکێکی تا رادەیەك لێك نزیك و دژ بە کاپیتاڵیزم بوون. بەڵام هەروەك گوتمان رۆڵی دەزگا شوفارییەکانیش رۆڵێکی لاواز نەبوو و لەو سەردەمانەدا بوو کە گرووپی القاعیدە وەك گرووپێکی تیرۆریستی بە واتای راستەقینە تیرۆریست خۆیان ناساند. لەو کاتەدا کە عەرەب ئەفغانییە جیهادییەکان روویان کردە ئەفغانستان، هێزە ئەفغانییەکان لە لایەك پاڵپشتێکی بەهێزیان نەبوو، لە لایەکی دیکەشەوە خاوەن نەزم،

دیسپلین و سیستم نەبوون، بەڵام خێرا بن لادەن کە خاوەنی سیستەم و شێوەکاری مودێرنی تیرۆریستی بوو و لە بواری لوجستیکییەوە بە باشترین شێوە پاڵپشتیو بەهێز دەکرا، پاش چەندین عەمەلیاتی بەهێز دژ بە دەوڵەتی کۆمونیستی لایەنگری یەکییەتی سۆڤێیەت لە ئەفغانستان، کەوتە بەر دیدەکانو هەم لایەنە سیاسیوسەربازییەکانی ئەفغانو هەم تاقمو گرووپە ئیسلامییەکان گرنگییەکی پتریان پێدا. بۆ هیچ لایەك ئیدی شاراوە نەبوو کە ئەفغانییەکان و سوپا پڕچەشیمەتو ترسناکەکەیان لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە ڕێکخراوەو پڕچەك کراوە. بە زنجیرە عەمەلیاتیو هاوکات ڕێنوێنی و پەروەردە کردنیان لە لایەن (ئای.ئیس.ئای)(I.S.I ) پاکستانەوە کە هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو، لە ساڵی 1980دا ئیدی جێگای شەكو گومانی بۆ هیچ کەس و لایەنێك نەهێشتەوەو بە روونیو ئاشکرایی دەرکەوت کە لە لایەن زلهێزانەوە بە شێوەی پشتی پەردە پاڵپشتی فرەلایەنە دەکران.

چالاکی مسکیتۆ

دیارە جارێکیتر بە شێوازێکیتر هێزێك بۆ ئازاردانی سۆڤێیەتیەکان لە لایەن" ئیلەکساندەر دمارانش کانت" بەرپرسی دەزگای شوفاری فرەنسا لە سەردەمی شەڕی سارد دا دەکەوێتە بەر باس. ناوبراو لە دانیشتنێکیدا لە کالیفۆرنیا لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا دا بە چەشنێکی دیکە دەیخاتە بەر باس بەڵام پراکتیزەکرانەکەی وەدوا دەخرێ و مەودای لەگەڵ دانیشتنەکەدا زۆر دەبێ. ناوبراو دەڵێ:" پاش کەمێك یەکتر ناسینو قسەی خۆش دەستم بە قسە کرد" بەرێز سەرۆك کۆمار، بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ ئەم جۆرە جەنگە چەندین رێگا هەیە، لە نێوان رێگا لە ژمارە نەهاتووەکاندا یەکێکیان عاقڵانەیە. لەبەر ئەوەی ئێمە ناتوانین میلیۆنێك سەرباز رەوانەی ئەفغانستان بکەین لە حالێکدا رەنگە بتوانین دەست بکەین بەو پرۆژەیە بکەین کە من بە چالاکی "مسکیتۆ"( مسکیتۆ نێوی مێشولەیەکی مالاریایە ) ناوی دەبەم.

سەرۆك کۆمار پرسی بۆچی "مسکیتۆ"؟

- چوونکە مێشولەیەکی مالاریا ناتوانێت ورچێك بکوژێت، بەڵام دەتوانێ ئەوەندە ئازاری بدات نەتوانێت بخەوێت، نەتوانێ هیچ بخوات و بە هۆی گیزەگیزەو گێژ بێ. هەتا ئیستا کەس نەیدیوە ورچێك مێشولەیەکی مالاریا بکوژێ، بۆیە مێشولەیەکی مالاریا دەتوانێ دوژمنێکی مەترسیدار بێ. ئیستا ئەوەی کە من دەمهەوێ بیلێم ئەمەیە کە ئێمە دەتوانین لەو شێوە وێنا کردنو نواندنە سوود وەرگرین و لەوانەیە بتوانین لە ئەفغانستان کارێك ئە نجام بدەین.

ئێدی ئەوان چوونە سەر ئەسڵی باسەکەو داڕشتنی پیلانەکە، کارمەندەکانی دەزگای شوفاری فرەنسا لە پێشدا لێکۆڵینەوەیەکی وردیان لەسەر هێزەکانی دوژمن (سۆڤێیەت) ئامادە کردبوو. روسەکان بنکەیەکی سەربازیان لە خاڵێکی نامودێرنو تەختانی دا هەبوو. بە پێی ئەو زانیاریانە پێویستە هێزەکانی هاوپەیمانان بە چەشنێکی رێکخراو هێرش بکەنە سەریان. بۆ وێنە دەبێ بە چەشنێك "ئینجیلی" روسی بە قاڵبی چوکە چاپ بکەن و لە رێگای کۆمەڵێك لە هێزە نهێنییەکانی خۆیانەوە بە نهێنی بازاڕێکی رەش لە نێو سوپای سۆڤێیەت دا کە سوپاکەی کۆمونیستو دژ بە ئیدئولۆژی ئایینی بوو شەپۆلێك لە هەستی ئایینی لە نێو سەربازەکاندا بجوڵێنن، کەوابوو پێویستە لە ئینجیلە چووکە روسییە بازاڕەکانی کابوڵ و بە گشتی ئەفغانستانو هەر جێگایەکی هێزەکانی سۆڤێیەتی لێیە پڕ بکەین، جودا لەوەش سەربازەکانی سۆڤێیەت بە قاچاخ دەییەنەوە بۆ

نیشتمانەکەیان. تۆ ناتوانیت بە هۆی تانك و فرۆکەوە ڕووبەڕووی بیرو باوەڕی گەل ببیەوە، ئەگەریش بوویەوە لە ئاکام دا شکست دەخۆی."

"دمارانش کانت" دەڵێ:

"لەم کارە هوشمەندانەیەدا ئەو شتەی کە من ناوم ناوە ( بلیمەتی چالاك)، پێویستە تۆ بەرانبەر بە هەر باوڕێك بە باوڕێکی تر بجەنگیت، قسە بەرامبەر بە قسەو هێندی جاریش درۆ بەرامبەر بە درۆ. لێگەڕێ فرۆکەکانی هێزی ئاسمانی لەگەڵ فرۆکەکاندا بجەنگن و...، و لە کۆتاییدا بێژێ: "ئێمە باوەڕمان بە شوفاری هەیە بۆیە پێویستە سوود لە هزر وەربگرین".

پاش ماوەیەك بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەکە کەوتنە مکانیزم دیتنەوە. بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکان. یەکێ لە مەرجەکان ئەوە بوو کە پارەو هەزینەکەی لە وڵاتە یەکگرتوەکان بوو پلان و پرۆژەکە لە فرەنساوییەکان، کە بۆ پراکتیزە کردنەکەشی پێویست بە هاوکاری یەکێ لە جیرانە نزیکەکانی ئەفغانستان بوو. هەر بۆیە "ئیلەکساندر دمارانش کانت" خۆی خێرا بە فرۆکەکە بەرەو پاکستان کەوتە ڕێ. پێشتر "ویلیام کەیسی" ناسراو بە "بیل کەیسی" بەرپرسی دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا سی ئای ئەی بە تەلەفوون پاکستانییەکانی ئاگادار کردبوو و دمارانش لەگەڵیان لە مەڕ ئەو بابەتە دانیشتنی سازدا.

واتە ئەرکی پاکستانییەکانیش یارمەتییەکی ئاسان بوو، ئەوان لە مەڕ جموجووڵی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە سنوورەکانی خۆیان چاویان بنووقێنن و بەس. و پاشتر بەو ئاکامە گەیشتن کە پارەو ئیمکانات بدەن بە خودی پاکستانییەکان بۆ چالاکی مسکیتۆو چالاکییەکانی دیکە و پاش ماوەیەکیش پاکستانیەکانیش هەوڵیان دا بە یارمەتی خودی جەنگاوەرە ئازادیخوازە ئەفغانییەکان کارەکە بەڕێوە ببەن، لێرەدا "ئیلەکساندر دمارانش کانت" خۆی بەهۆی بیانوویەکەوە ئامادە نەبوو چالاکی مسکیتۆ بەڕێوە ببات بەڵام ، ئەمریکاو هاوپەیمانانی تازە ڕێکارەکانیان وەدەست کەوتبوو دەیانتوانی بە ئاسانی بەڕێوەی ببەن. هەر بۆیە لە ئاکامیشدا هەر خۆیان واتە بەرپرسانی (C.I.A) لەگەڵ دەزگا شوفارییە هاوپەیمانەکانیاندا مەعموریەتەکەیان وەئەستۆ گرت تا وەدەرنانی سۆڤێیەت و داروودەستەکانی لە ئەفغانستان. لێرەش دا ئەوەیکە ڕەواییەتی بە بەرەنگار بوونەوەکە وەکوو خەباتێکی ڕەوای ئەفغانەکان دەدا ئەوە بوو کە بۆ ئەفغانییەکان بە تەواوی یاسایی بوو کە دژ بە داگیرکەران شەڕ بکەن. بەڵام دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکان نە تەنیا چارەسەری کێشەکەی نەکرد بەڵکوو دەبوە هۆی کێشەیەکی قورس و گرانتر و بە وێران بوون و لەناو چوونی هەرچی پتری ئەفغانستان کۆتایی پێ دەهات و ڕوسەکانیش نە تەنیا پاشەشەیان نەدەکرد بەڵکوو چاو سوورتر دەبوون لە داگیرکردنی زیاتری ئەفغانستان دا.

لێرەدا ئەوەی کە پتر زەق دەبێتەوە ئۆسامە بن لادەن و گرووپەکەین واتە القاعدە، ئەو گرووپەی کە بە گەورەترین و ترسناکترین گرووپی تیرۆریستی جیهان ناسراوە. پێش لەوەی کە بە چڕی بچینە سەر باسی ئۆسامە بن لادەن و گرووپە تیرۆریستییەکەی پێویستە باسێك لە تالیبان، واتە بەهێزترین پشتیوانی قۆناغە سەخت و دژوارەکانی ئۆسامە و القاعدە بکەین. سەرکردایەتی گرووپێك لە جیهادییە توندڕەوەکانی ئەفغان کە ڕێبەرایەتی جیهادییەکانی عەرەب ئەفغانیان دەکرد، پاش ماوەیەك لە شەڕی ناوخۆیی و کێبەرکێی دەسەڵات و پێکدادانی ئایینی دەسەڵاتی نێوان دەستە و لایەنەکانی ئەفغان لە وڵاتەکەیاندا، تاقمی ناسراو بە گرووپی تاڵەبان بە زۆر بە سەرکوتی لایەنەکانی دیکە بە تاییەت شێعەکان، بە دەسەڵات گەیشتن. ئەو تاقمە هەر

هاوكات لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی دا دەستی دایە توندوتیژیو خەفەقانیكی بێوێنە كە لە پێوەندی لەگەڵ گەڕاندنەوەی كۆمەڵگا بۆ سەدەكانی سەرەتای ئیسلام، بە دروشمی باوەڕدار بوون بە ئیسلامی ئوسووڵی. لەو پێوەندییەدا خەڵكی قەتڵو عام كرد، ئازارو ئەشكە نجە دەدا و هەرچەشنە مافێكی ئینسانی زەوت كرد. بە پێی زانیارییەك لە دەست دایە هیچ سازمانو رێكخستنو پەیكەرەیەكیان نیە، بە قەوڵی خۆیان وەكوو حیزبو رێكخراو دەیانهەوێ لە رێگای حكومەتەوە خزمەت بكەن، بەڵام هیچ چەشنە پرۆژەو مكانیزمێكیان بۆ بەڕێوەبردنی كۆمەڵگا، بۆ گەشە پێدانی كۆمەڵگا، بۆ چاكسازی لە كۆمەڵگادا، نە تەنیا نیە، بەڵكوو بە بیرو ئیدئۆلۆژییەكی سەردەمی نەزانییەوە هەوڵی گەڕاندنەوەی هەرچی زیاتری ئیسلام بۆ پاشەوەو پێش گرتن بە هەرچەشنە رەوتێكی پێشكەوتووی گەشە سەندن و بوژانەوەی شارستانیەت دەدەن. لە ساڵی( 1994ـ ز) مەلا محمد عومەر بە بەیعەتی 1500 مەلاو زانای ئایینی هەڵبژێردراوە. پاش ماوەیەكیتر لە ساڵی (1996ـ ز)دا بۆتە لێپرسراوی وڵات و بەرپرسی گشتی موسڵمانان، بەرپرسی موسڵمانانیش بە پێی یاسای ئیسلامی ئەوان تاكوو پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام نەجووڵێتەوە لە پۆستەكەی خۆیدا بەردەوام دەبێ. لە لایەن مەلا محمد عومەرەوە ئەنجومەنێك وەكوو كابینەی وەزرای دەوڵەت، بۆ بەڕێوەبەری وڵات پێك هات، سەرۆكی ئەو ئەنجومەنە مەلا محمد دەبانی بوو، پاشان مەلا محمد حەسەنەش بە جێگری هەڵبژێردرا. ئەنجومەنی راوێژكاری بە سەرۆكایەتی مەلا محمد حەسەن رەحمانی، والی قەندهار، ئەنجومەنی باڵای راوێژكاری لە سەركردە دیارەكانی ئەو گرووپە پێك دێن، ئەنجومەنی ناوبراو رێژەیەكی دیاریكراوی نیە. خانەی فتوای ناوەندی، ئەو خانەیە لە چەند زانایەك پێك دێ كە فتوای شەرعی دەدەن، بارەگای سەرەكی خانەی فتوا دەكەوێتە قەندهار، واتە زێدی تاڵەبان و شوێنی نیشتە جێبوونی مەلا محمد عومەر و بەرپرسەكانی دیكەی تاڵەبان وەكوو مەولەوی (نور ساقب)، زانای پاكستانی ( سەید عەلی شا) و مەولەوی ( نیزامەدین شاخەی).
ئەنجومەنی راوێژكاری وڵاتەكان بۆ راوێژو بەڕێوەبەری وڵاتەكان. بەناوبانگترین سەركردە سەربازییەكانی تاڵەبان، 1ـ مەلا عوبەیدوڵا، وەزیری بەرگریی، 2ـ مەولەوی جەلالەدینی حەقانی سەركردەی بەناوبانگی بەكتیا 3ـ حاج محمد نەعیم كوتشی لە وڵایەتی ئۆگەر.

**شێوازی بڕیاردان لە حكومەتی تاڵەباندا.**

لە نێو تاڵەباندا ( ئەنجومەن موعەلەمە نەك مولزەم)، ئەوان زۆربەیان لە بواری فیكریو تیۆرییەوە دەگەڕێنەوە بۆ قوتابخانەكانی ( دیوبەندی هیندوستان)، ئەو قوتابخانە هەمیشە دژی بزاوتە ریفۆرمخوازەكانە، خاوەن بیروباوڕو ئیدئۆلۆژییەكی زۆر ویشكو دوگمنو زۆریش پابەندن بە ئایدیاكانەوەو هەر كارێك بكەن ( جهاد فی سبیل الله )یە، ئەندامی حیزبە ئەفغانییەكانی دیكە وەرناگرن، ئیزن بە دانی بڕیاری لابەلا نادەن، بڕیارەكان پاش دەرچوون خێرا بە ئەنجامی دەگەیەنن.

**تاڵەبان لە بواری سیاسییەوە**

ئەو تاقمە لە بنچینەو بنەمادا هیچ بڕوایەكیان بە مافەكانی مرۆڤ نیە، بڕوایان بە ئازادی بیروڕا نیە، باوڕیان بە پلۆرالیزمی سیاسی نیە. بە توندی دژی دێموكراسی، هەڵبژاردنی ئازادو هەرچەشنە خەڵك سالارییەكن، ئەوان لەو باوڕەدان كە دێموكراسی مافی یاسا دانان دەداتە دەستی خەڵك نەك خودا. هیچ پرۆگرامێكی ئیخلاقیو پەروەردەییان بەلاوە گرینگ نیە جگە قورئان نەبێ. چالاكی سیاسی لای ئەوان لە ژێر هەر هزرو ئیدئۆلۆژییەك دا هێمای پرسیاری دەكەوێتە سەر و چالاكی سیاسی، زمانی، نەتەوەییو...، بە

ئامرازێك بۆ جودایی، ئاژاوه و دژایەتی دەزانن‌و قەدەغەی دەكەن. تاڵەبان له مەڕ دراوسێییەكانی سیاسەت‌و ستراتیژیی تایبەتی خۆی هەبوو، ئێران‌و ئاخونده دەسەڵاتدارەكان به هەوڵدان بۆ ناردنه دەرەوەی شێعه تاوانبار دەكەن‌و ئێژن كه ئەو پرۆژەیه له مەڕ ئەفغانستان، به هۆی تاڵەبانەوه توندترەو هەروەها پشتیوانی ئوپۆزسیۆنی تاڵەبان دەكەن. ئەو دەوڵەته پاش تەقینەوەكانی 11ی سێپتەمبری 2001ی زایینی له نیویۆرك به سەرەكیترین پشتیوان‌و داڵدەدەری بن لادەن و گرووپەكەی واته القاعدەی تاوانبار ناسێندراو پاش ئەوەیكه له لایەن حكومەتی بوشەوه داوای تەسلیم كردنی بن لادەن‌و سەرانی القاعیدەی رەتكردەوه، رۆژی 2001/9/11 كەوته بەر پەلاماری هێزی هەوایی‌و زەمینی وڵاته یەكگرتووەكانی ئەمەریكاو هاوپەیمانانی و پاش چەند رۆژ ئەو وڵاته داگیر كراو حكومەتی تاڵەبان لەناو چوو.

## ئۆسامه بن لادەن كێیه؟

پرسیارێك كه پاش تێكرۆخانی تاوەره دووانەكانی نیویۆرك‌و كوژرانی هەزاران كەسی بێتاوان بۆ خەڵكی جیهان وروژا. ناسینی بن لادەن‌و القاعده ببوه مەتەڵەیەك كه هەر كەس به چەشنێك وڵامی دەدایەوه، بەڵام پرسیار تەنیا ناساندنی هۆڤییەتی القاعدەو بن لادەن نەبوو، بەڵكوو پرسیار چۆنیەتی دروست بوونی كەسایەتی تاكی و گرووپی و ئیدئۆلۆژیكی بن لادەن و القاعده بوو. پاش ئەوەی كه فرۆكەكان خۆیان به تاوەره دووانەكانی ناوەندی بازرگانی جیهانی له نیویۆرك دا تەقاندەوەو پاش كۆبوونەوەیەكی كورتی چەند كاتژمێری، ڤامكی هێمای تاوانباركردن بۆ ئەفغانستان، تاڵەبان، القاعدەو بن لادەن راكێشرا و به خێرایی بڕیار درا كه دەبێ هەرچی خێراتر تاوانباران به سزا بگەیەندرێن. له ماوەیەكی زۆر كەم دا وێنەكانی " ئۆسامه بن لادەن" میلیاردێری سعوودی كەوته بەرگی یەكەمی گۆڤارو رۆژنامەكان، سەر شاشەی، تلویزیۆنەكان و" ئۆسامەو القاعده" تاوانباری سەرەكین" بوو به سەردێری هەواڵی هەواڵدەرییەكان، به تایبەت هەواڵدەرییه رۆژئاواییەكان، كۆڕ، سێمینار، كۆبوونەوەو كۆنفرانسێكی زۆری ناوچەیی و جیهانی له سەر گیرا. و هەركام به شێوازێك له سەری دەدوان‌و بەشێكی زۆریان مەحكومیان دەكرد. زۆربەی وڵاتان هەوڵیان دەدا هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتەكانی ئەمەریكای زامداردا ئەو كردەوەیه به دڵی دەوڵەتی ئەمەریكا لێك بدەنەوەو مەحكومی بكەن. فەزای جیهان به چەشنێكی لێ هاتبوو كه دەبووا وڵامی پرسیاری "ئۆسامه بن لادەن كێیه؟" بۆ كۆمەڵگای جیهانی روون بكرابایەوه. " ئۆسامه بن لادەن" كەسی تاوانبار به هێرشه تیرۆریستی یەكانی نیویۆرك‌و واشنگتۆنه. ئۆسامه بن لادەنی به رەگەز سعوودی هەروا كه پێشتر ئاماژەمان پێ كرد بۆ یارمەتی دانی جیهادییه ئەفغانییەكان و بۆ شەڕكردن لەگەڵ هێرشبەرانی سۆڤێییەتی دا له لایەن سازمانی سیا (C.I.A)وه تەیار كرابوو. به پێی هێندێ سەرچاوه گەورەترین عەمەلیاتی نهێنی سیا ساڵی 1971ـز له ئەفغانستان بەرێوه چوو. لەو شەڕەدا بوو كه ئۆسامه بن لادەن هێزو توانای خۆی نیشان داو بوو به جێی متمانەی سی.ئای.ئەی. به پێی زانیاری به هاوكاری دەزگای شوفاری فرەنسا، سیاو ئای.ئێس.ئای پاكستان هەوڵدرا كه جیهادییه ئەفغانی یەكان پەره پێ بدەن و بیكەن به شەڕێكی پان‌و بەرین دژ به یەكییەتی سوڤێیەت، لەو شەڕەدا لانیكەم دەیان هەزار كەس له 40 وڵاتانی ئیسلامی یەوه له ساڵەكانی 1982 تا 1992.ز چوونه پاڵ جیهادی ئەفغانییەكانەوه و دەیان هەزار كەسی دیكه چوونه فێرگەكانەوه بۆ پێگەیشتن بۆ ئەم مەبەسته، دیاره ئەو فێرگانه له دوو بواری ئیدئۆلۆژیكی و سیستمی دا ئاموزش دەدران و له ئاكامدا وەكوو بێرژینسكی ئێژێ

سوپایەکی پتر لە 100 هەزار کەسی ئامادە کرا. هەروەها کە پێشتر باسمان کرد " زبیگنیو برژینسکی"(Zbiginiew Brezinski) بە خۆڕانانەوە باس لەو شانازیانەی سی.ئای. ئەی دەکات و بە سەرکەوتنی گەورەیان دەزانێ. بە وتەی ئەو کە ئەو کات راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆك کۆمار "جیمی کارتر" بوو ناوبراو ئێژێ:

" یارمەتی سیا بە موجاهدینی ئەفغان لە ساڵی 1980وە دەستی پێکردو بە پێی راستی یەکی دیکەو وتەیەکیتر لە 24ی دێسامبری ساڵی 1979 دا کاتێك سۆڤێیەت هێرشی کردە سەر ئەفغانستان بە مەبەستی پشتیوانی لە حکومەتی "ببرك كارمل" کە حکومەتێکی کۆمۆنیستیو لایەنگری سوڤێیەت بوو، دەستی پێکرد. لەو پێوەندی یەدا لە "زبیگنیو بیژنیسکی" پرسیار دەکرێ، لەوەش بەداخ نین کە پشتیوانیتان لە بناژۆیی ئیسلامی کردوە و یارمەتیتان بە تیرۆریستەکانی ئایندە داوە و رێنوێنی و چەکتان بۆ تەرخان کردوون؟ ناوبراو لە وڵام دا ئێژێ بۆ مێژووی جیهان چ شتێك بایەخی پترە؟ تاڵەبان یان لێکپاشرانی یەکییەتی سۆڤێیەت؟ چەند موسڵمانی وروژێنراو یان ئازادی ئوروپای ناوەندی و کۆتایی شەڕی سارد؟ لێرەشدا بێرژنیسکیو هاوکارانی تووشی کێشە ببوون چونکی ئەوان لەو قۆناغە رەمزییەدا تەنیا ئامانجەکانی ئەو کاتی خۆیان بەلاوە گرینگ بوو، دیارە لێرەدا بە هەڵەدا نەچوون چونکی ئامانجەکانیان بایەخدارتر بوون لەوەیکە لەوەها پیلانێك پاشگەز ببنەوە، بەڵام ئەوەیکە بە هەڵە لەقەڵەم دەدرێ پاك نەکردنەوەی شوێنەکەیان بوو، هێشتنەوەی عامیلەکان بوو، ئەو عامیلانەی کە وەها فیلێکیان لە پا دەر هێنا. دیسان بە هەمان هێزو تواناو تەنانەت سەرمەستی لە سەرکەوتنەوە لە جێی خۆیاندا مابوونو درێژەدەری سیاسەتەکانیان بوون. بۆ ئەوان گرینگ گەیشتن بەو متافزیکە بوو کە بڕوایان پێ هەبوو، ئەوان ئەوەیان وەك بیرۆکەیەکی جیهادی تێۆریزە کردبووو لەسەر خەباتی جیهادی خۆیان بەردەوام بوون. واتە پاش تێکشکانی سوڤێیەت لەو شەڕەدا کە پاشتر بوو بە هۆی لێکپاشرانی یەکییەتی سوڤێیەت، بە وێتنامی سوڤێیەت ناوبانگی دەرکرد، رۆژئاوا پاشان بە هۆی ئەوەی کە خەریکی خۆ نۆژەن کردنەوە بوو، ئاگای لە ئیسلامیبە بناژۆکانی ئەفغانستان نەمابوو. ئەوان بە خێرایی سەنگەرو پێگەو شوێنی خەباتەکەیان گواستەوە بۆ هێندێ شوێنی دیکە، کە بە باوڕی ئەوان شوێنی لەبار بوون بۆ جیهاد دژ بە کوفر، ئەو گرووپە تیرۆریستییانەی کە لەوێ پەروەردە کرابوون بە قەوڵی "نوام چامسکی" لە لایەك دیسان لەبەر ئەوەی سەرچاوەی پاڵپشتییەکانیان ویشك نەبێ، هەوڵیان دەدا پرۆژەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیش بەڕێوە ببەن، بەڵام بەردەوام بە دووی ئامانجەکانی خۆشیانەوە بوون. پاش شەڕی ئەفغانستان یەکێ لە یەکەمین عەمەلیاتگەلێ کە لە لایەن موجاهدینەوە بەڕێوە برا، کوشتنی سەرۆك کۆماری میسر بوو لە ساڵی 1981دا، کە ناوبراو خۆی یەکێ لە هاوپەیمانانی ئەمەریکا بوو. پاشان بەشێك لە موجاهدین پاش شەڕی ئەفغانستان و پاشەکشێی روسیە گوازرانەوە بۆ شەڕی چیچێن، واتە کردنەوەی بەرەیەکی دیکەی شەڕی خوێناوی دژ بە روسیە، و پاشان دەنگی تەقینەوەیان لە بوسنی، کشمیر، باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، باکوری ئافریقاو... هەموو جێگایەکدا بە گوێ دەگەیشت.

لە مەڕ لێدوانەکانی بن لادەن و کەسایەتی بن لادەن، بیرمەندی زماناسو رخنگری ئەمەریکایی" نوام چومسکی" ئێژێ:

"قسەکانی لە تلوزیۆنی ئەلجەزیرەوە بلاو دەبنەوە ئەو قسانە تا ماوەیەکی درێژ لە جێی خۆیاندان. قسەی ناوبراو تا ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کردەوەیدا یەك دەگرنەوە. هەموو شتێکیش رەوانو روون ئێژێ، تەواو روون. لە

بەر هەر هۆکارێك، دەبێ قسەکانی جیددی بگرین. ئەوان لە  پڕوپاگەندەکانیاندا ئێژن، لە ریزی پێشەوەی دوژمنانیاندا رێژیمە فاسدو بێرەحمە عەرەبەکان بوونیان هەیە. کاتێك ئەو قسانە دەکەن، لە جیهانی عەرەب دا دەنگ دەداتەوە. ئەوان بە ئێمە ئێژن کە دەیانهەوێ بە جێی ئەو حکومەتانە، دەوڵەتگەلێکی ئیسلامی دابنێن. بە دەنگی بەرزو روونیش ئێژنی لێرەدایە کە خەڵکی ناوچەش لەدەست دەدەن، کە ئەوان تەنانەت عەرەبستانی سعودیش کە خاوەنی حکومەتێك لە چەشنی تاڵەبانە بە ئیسلام قبوڵ ناکەن، بەشێك لە لێکۆڵەران ئێژن سوپای جیهادیی هەر کە روسیە پاشەکشەی کرد و گەڕایەوە خاکی خۆی، لەوێدا شەڕی جیهادیی دژ بە روسەکان ڕاگرت و بەرەکەیان گواستەوە بۆ دژایەتی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کە لە شەڕی روسیەدا لە رێگای "سیا"وە هاوکاری دەکردن. بە راستی هۆکار چی بوو؟ وەرچەرخانێکی ئاوەها خێرا، بەڵگەی ئەوان بۆ ئەو شەڕە چی بوو!؟ هەرچی تاوتوێ دەکەین یەك لەو هۆکارانە لەو سەردەمەدا بەوە دەبینین کە هێزە جیهادیو توندڕەوەکان دەیانگوت، ئەمەریکا عەربستانی سعوودی داگیر کردوە، کەوابوو پیرۆزترین  شوێنی ئیسلام لە لایەن کوفرەوە داگیر کراوە. هەربۆیە بن لادەن بڕیاری دا تاکوو بنەماڵەی دەسەڵاتداری شای سعودی لەناو نەبات ناتوانێ ئارام دابنیشێ. ئەوەش تا رادەیەك وەڕاست گەڕا بوو، ئەمەریکا لە پیرۆزترین وڵاتی ئیسلامی دا، ساڵی 1990 هێندێ بنکەی سەربازیی دایمی چاك کرد، ئەوەش لە لایەن خەڵکەوە دەبینرا، هەربۆیە کەوتنە پاڵ هێزە جیهادیەکانەوە بۆ جیهاد دژ بە کوفر.

با بگەڕێینەوە بۆ هەواڵەکانی ئەو سەردەمە، هەواڵی دەزگا هەواڵدەرییەکان لە ساڵانی نەوەدەکاندا، واتە ساڵی 1993.ز ئێژێ:

"جیهادییەکان هەوڵی تەقاندنەوەی ناوەندی بازرگانی جیهانییان دا. فرۆکەکان دانرابوون بوو بینای رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و تونێلەکانی هۆلەندو لینکوڵن‌و(WTC) جیهانیی‌و بینای (F.B.I) بتەقێنێتەوە. بەوکارانە وێدەچوو هەر ئەو کات هێندێ شوێنی دیکەیان لە لیستەی تەقاندنەوەکاندا بوو.

ئەوەی کە ئێمە وەکوو هۆکار دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین، پتر ئەوەی کە ئەمەریکا پاش نەمانی جەمسەرێکی سیاسی، ئابووری، سەربازیی‌و...،ی هاوشێوەی خۆی هەوڵیدا بە ئیستراتیژی خۆیدا بچێتەوەو سەرلەنوێ خۆی رێك بخاتەوە، هەر بۆیە بۆ ئەو مەبەستە بە هەڵەکانی رابردوودا چووەوەو ئەمجار تەوەری تئۆریك‌و ئیستراتیژیکی خۆی پتەوترو لێبڕاوانەتر گرتەوەبەرو لە سێ تەوەری دێموکراسی، مافی مرۆڤ و نەزمی نوێی جیهانیدا دروشمەکانی خستە بەر بیروڕای جیهان، تا دوێنێ پاڵپشتی دیکتاتۆرو دەسەڵاتدارانی پۆلاینی دەکرد بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، بەڵام ئەوڕۆ ناچار بوو گۆڕان بە سەر ئەو سیاسەتەشیدا بێنێ. بەڵام ئیسلامییەکانیش بێدەنگ دا نەنیشتن، ئەوانیش هەوڵیان دا کە بخزێنە نێو جیهانی رۆژئاواوە و هەم باندۆریان هەبێ و هەمیش بتوانن لە نزیکەوە پتر لە راستییەکان ئاگادار بن، دیارە لەم بوارەیدا  خودی وڵاتانی رۆژئاواییش تاوانبارن.

بە هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەیەك دەبینین کە رادەی موسڵمانانێك کە لە 50 ساڵی رابردوودا لە ئەمەریکاو ئورووپای رۆژئاوا ژیاون زۆر کەم بوون، لە 50ساڵی دوایی دا ئەو کەمینە کەمەی موسڵمانان لە ئەمەریکادا گەیشتنە 7 میلیۆن کەس، لە فرەنسا گەیشتنە 4 میلیۆن‌و ئاڵمان‌و بریتانیا سەرجەم 3 میلیۆن، چالاکیەکانیان لە ئاستێکدا بوو کە ئیسلام ببوە دیاردەیەکی هەست پێکراوی رۆژانەی خەڵك. ئەم زانیاریانە جێگای سەرنجن، هەر بە تەنیا لە ئاڵمان دا کە جێگای فەلسەفەی مودێڕن‌و شارستانیەتی پێشکەوتوویی سێکیولار بوو(606)

مزگەوتو منارەگەلێك وەكوو مزگەوت دروست كراونو نزیك بە 2500 بنیات كە وەكوو مزگەوتن و بە جێی مزگەوت كەڵكیان لێوەردەگیرێ درووست كراون، لە تلویزیۆنی فەرەنسادا هەر تا ساڵی 1380ه.ت بەیانیان پرۆگرامێكی ئیسلامی بڵاو دەكرایەوە. لە بەشێك لە قوتابخانە دەوڵەتییەكانی ئاڵماندا وانەی ئیسلامی بە منداڵەكان ئێژنەوە!

لە ئوتریش دا هەنووكە كالجێكی مامۆستایانی ئیسلامی بوونی هەیە، ئەگەرچی ئەو زانكۆیە لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مزگەوتە ناودارو بەرچاوەكانی پاریس، لندن، روم و ویەن دا، خاوەن بایەخێكی كەمترە، بەڵام لە هەر حاڵدا شەپۆلێكی پەروەردەی ئیسلامی رۆژئاوای بە گشتی تەنیوەتەوە، پرۆژە چیە؟ مەبەست چیە؟و ...، ئەوە بەشێكی لە 11ی سێپتەمبردا روون بووەوە بەشێكیتری هێشتا رەنگە روون نەبوەتەوە. هەر لەسەر ئەم ژێر بینا فورس و قایمەی كە لە 50 ساڵی پێشتر لە جیهانی رۆژئاوادا دایانرشتبوو، بە وتەی بێرژنیسكی " رایەڵكەی ئیسلامی خەباتگێڕ " لە ئەفغانستان بە دەستی ئەوانە دامەزرا، ئەگەرچی ئەم بزوتنەوە لە رواڵەتدا لە لایەن ئەمەریكاو عەرەبستانەوە پاڵپشتی دەكرا بەڵام لە راستی دا بەشێك لە خەرجو پارەكەشی لە رێگای بازرگانی مادە هۆشبەرەكان لە سێكوچكەی زێڕین(مسلس تلایی)دا وەدەست دەهات، واتە پاڵپشتی موجاهدین لەسەر بڕیاری 166ی ئاسایشی نەتەوەیی بوو كە رێگان لە مارسی 1985دا واژۆی كرد. هەروا كە باسمان كرد باشترین عامل بۆ پێوەندی نێوان موجاهدین و وڵاتە یەكگرتووەكان، پاكستانو دەزگا شوفاریەكەی واتە(ئای ئیس ئای ) بوو. واتە ئەو دوو دەزگایە هەم (سی. ئای. ئەی ) و هەم (ئای. ئێس. ئای ) هەردوو پاڵپشتی تیرۆریزمی نێونەتەوەییان دەكردو كەڵكی پێویستیان لێوەر دەگرت، لەم پرۆژەیەدا جێگای" القاعدەو ئۆسامە بن لادەن" تایبەتی بوو. لە قۆناغی پاش 11ی سێپتەمبریش دا دیسان ئەمەریكا خوازیاری یارمەتی (ئای.ئێس. ئای ) بووەوە دژبە القاعدەو ئۆسامە بن لادەن.

## رێكخراوی القاعدە، چۆنییەتی دامەزرانیو پێوەندییەكانی

وشەی " القاعدە" خۆی بە واتای "بنكە" دێت، ئەو رێكخراوە لە ساڵی 1989دا هاوكات لەگەڵ كشانەوەی سۆڤێیەت دا لە ئەفغانستان دا مەزرا، ئۆسامە بن لادەنی سعوودی كە دامەزرێنەری ئەو گرووپە بوو لەگەڵ هاوكارانی كەوتنە گەڕان بە دوای شوێنێكی لە بار بۆ جیهاد دا. القاعدە لە سەرتای نەوەدەكاندا رووی لە سودان كرد. لە ساڵی 1996.ز دا بە دەیان كەمپی مەشق پێكردنی لە ئەفغانستان دامەزراندو لەو كارو چالاكیانە دا بن لادەن پێوەندییەكی توندوتۆڵی لەگەڵ تاڵەبان دامەزراد. رێكخراوی القاعدە بە هۆی بەر بڵاو بوون و هەروەها بێ سنوور بوونیەوە توێژێكی پانو بەرینی لە جیهاندا دامەزراند، ئەو رێكخراوە توانی لە نزیك بە 40 تا 50 وڵاتی جیهاندا خۆی رێك بخات و چالاكی ئەنجام بدات، ئەو وڵاتانە بەشێكیان لە دەرەوەی رۆژهەڵاتی ناوەراستو ئاسیا دان. واتە رێكخستنەكانی ئەم رێكخراوە لە شارە گەورەكانی لەندەن، هامبورگ، مادریدو میلانو ...، دان. گەشە سەندنی ئەو رێكخراوە تا رادەیەكیش بەستراوەتەوە بە پێشكەوتوییو دواكەوتوویی وڵاتو كۆمەڵگاكانەوە. واتە لە كۆمەڵگایەكی چەشن ئانارشی دا باشتر دەتوانێ گەشە بكات تاكوو وڵاتێكی یاساو رێسا سەرومر. بۆ وێنە تاكوو ئێستا توانیویەتی بە چەشنێكی دڵخوازی خۆی لە وڵاتانی سومالی، یەمەن، ناوچە شاخاویەكانی ئەفغانستانو بە پێی زانیاریش لە هندێ كەمپی فێرگەیی لە ئەندونزیدا. القاعدە خاوەن چەندین لقە، هەركام لەو لقانەش خاوەنی چەشنێك لە سەربەخۆیین لە كردەوەدا، پارەی خۆیان پەیدا دەكەن، كۆمەڵێك

له گرووپه رادیکاڵەکان سەر بە ڕێکخراوی القاعدەن، وەکوو باڵی رادیکاڵی گرووپی جیهادی ئیسلامی میسر، کە بەشێك لە ئەندامەکانی پەنایان بردە بەر ڕێکخراوی القاعده لە ئەفغانستان. ئەیمەن الزواهری شەخسی دووهەمی القاعده، خەڵکی میسر، مرۆڤێکی دڵڕەق، نەترس و زیرەکە. ناوبراو پلان دارێژو نەخشەکێشی زۆربەی عەمەلیاتە تیرۆریستییەکانی القاعدەیە لە جیهان دا. ساڵی1998 لە ئافریقا دوو هێرش کرانە سەر باڵوێزخانەکانی ئەمەریکا، هەروەها هێرشەکەی بۆ سەر پێنتاگۆن لە لایەن ئەیمەن الزەواهیرییەوە پلانڕێژی کرابوون. گرووپی القاعده پێوەندی بەو گرووپانەی خوارەوە هەیە و تەنانەت هاوکاری یەکتری دەکەن:

1ـ گرووپی سەربازی کشمیری

2ـ بزوتنەوەی ئیسلامی لە ئوزبەکستان

3ـ گرووپی ابوسیاف لە فلستین

4ـ گرووپی چەکداری ئیسلامی (GIA)لە ئەلجەزایرو باڵی رادیکاڵی ئەو گرووپە کە بە گرووپی سەلەفی ناسراوە (GSPC) و چەندین گرووپی دیکە. ئەم چەشنە گرووپانە پێوەندی چڕو ستراتیژیکیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە. زۆر جار بەشێك لە مەئموورییەت و پلانەکانیان لە ڕێگای یەکترییەوە پراکتیزە دەکەن، دوژمنەکانیان بە دوژمنی یەك دەزانن.

* هێرشەکانی 11ی سێپتەمبری القاعده، نهێنی و پشتی پەردەکانی

ئایا لە مەڕ لێکۆڵینەوە بەناوبانگەکەی (سامۆئیل هانتینگتۆن) واتە "پێکدادانی ژیارەکان" شارەزاییەکی تریان هەیە؟ تاکوو ئێستا لە خۆتان پرسیوە پێکدادانی ژیارەکان تا چەندە راستە؟ چ کاریگەرییەکی لە سەر جیهان هەیە؟ پێکدادان لە نێوان کامە ژیارانە دایە؟ و هۆکاری پێکدادانەکان چییە؟و...؟.

ئەو تیئۆرییەی کە ئاماژەمان پێکرد وەکوو تیئۆرییەکی بە هێز، کاریگەر و جێگای متمانەی بەشێك لە جیهان بە تایبەت رۆژئاواییەکان، تیۆرییەك کە راستی پێکهاتەی جیهانیی ئانالیز دەکردو لایەنەکانی دەردەخست. ئەو تیئۆرییە لە ئاستی جیهاندا مشت و مڕێکی زۆری نایەوەو بوە هۆی قەڵەم چەرخاندنی دەیان لێکۆڵەرو بیرمەند.

"پێکدادانی شارستانیەتەکان" لە دەهەی نەوەدەکاندا تەنانەت لە ستراتیژی سیاسیی- ئاسایشی بەشێك لە وڵاتاندا جێگای خۆی کردەوەو بەشێك لە وڵاتانی ناچار بە بەخۆدا چوونەوە کرد.

بە پێی تێگەیشتنی من لەم تێزەی سامۆئیل هانتینگتۆن پاش تێکچوونی سیستمی دوو جەمسەری، واتە لە مەیدان دا نەمانی جەمسەری رۆژهەڵات و یەکییەتی سۆڤێیەت، گۆڕانێکی قووڵیش بە سەر سیستمی نێونەتەوەییدا هات. واتە لە ماوەیەکی نە زۆر دورو درێژدا خێرا بەشێك لە وڵاتان و هێزەکان سیستمی نێودەوڵەتیان تاڕادەیەك ساغ کردەوە. بە وتەی هێنری کێسینجر وەزیری دەرەوەی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سیستمی نێو نەتەوەیی سەدەی بیست و یەکەم، لانیکەم بریتی دەبێ لە شەش هێزی سەرەکی: ئەمەریکا، ئورووپا، چین، ژاپۆن، روسیاو رەنگە هیندوستان لەگەڵ وڵاتە نێوەنجی و بچووکەکاندا، ئەمانە شەش هێزی سەرەکی سەر بە پێنج شارستانیەتی جیاواز دەبن" وێڕای وڵاتانی سەرەوە، وڵاتانی ئیسلامی بوونیان هەیە کە پێگەی ستراتیژیی زۆری دانیشتوان و سەرچاوەی نەوت لە پێوەندییە جیهانیەکاندا شوێنگەیەکی تایبەتیان داوەتێ. لە جیهانی تازە دا "سیاسەتە ناوچەییەکان" سیاسەتی بومین و "سیاسەتە جیهانییەکان" سیاسەتی شارستانیەتەکانن".

بە پێی ئەم ئاخاوتنانەی "کیسینجەر" کەش و فەزایەکی فرە شارستانی حاکم دەبێ، فرە شارستانی بوون، واتە فرە بەرژەوەندی بوون، فرە ئاسایش بوون. بە هاتنە ئارای چەمکی فرە شارستانی، ئوتوماتیک کۆمەڵێک چەمکی دیکە دێنە مەیدانەوە کە لە هێندێ رەهەندەو لایەنی جۆراوجۆرەوە جیاوازیان هەیەو تەنانەت دژایەتیشیان دەبێ. کۆمەڵە چەمکێ لە چەشنی روانگەی جۆراوجۆرو پێناسەی جۆراوجۆر بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی، بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، بۆ سیستمی نێودەوڵەتیو... هتد. واتە تێزو پێناسەو روانگەی وڵاتێك بۆ بەرژەوەندی بەگشتی، بەرژەوەندی وڵاتو نەتەوە بە تایبەتی بە چەشنێکە، کە رەنگە لە بەرژەوەندی وڵاتو نەتەوەکانی دیکە بدات، یان ناتەبا بێ کە ئەوە خۆی هۆکارێکی بنەماییە بۆ پێکدادان. یان نەخێر وڵاتو هێزێك پێناسەو روانگەیان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بە چەشنێکە کە رەنگە ئەگەر لەگەڵ پێناسەو روانگەی وڵاتانیتر بەراوردی بکەی هندێك پێکدادانو تەنانەت دژایەتیان تێدا بەدی بکەی. واتە پرۆگرامی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتێك بە چەشنێك بێ کە لە ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی دیکە بدات. یان وڵات و دەوڵەتێك بە هندێك تێبینییەوە ئامادەیە لە سیستمی نێودەوڵەتیدا بەشدار بێو بۆ چوونە نێو هاوپەیمانیەتییەکانەوە پرۆژەو بەرنامەی خۆی هەیە کە رەنگە ئەو پرۆژەو بەرنامانە لە نێو بەشدارانی دیکەدا بە چەشنێکی دیکە سەیر بکرێ بە گشتی فرە چەشنی لە نێو شارستانیەتەکاندا دەتوانێ کۆمەڵێك فرە چەشنی دیکەی بەدواوە بێ.

کەوابوو لێرەدا پێویستە چونکی باسەکەمان بابەتی 11ی سێپتەمبرە، زۆرتر جەخت لەسەر جەمسەر بەندی شارستانیەتەکان لە جیهاندا بکەینەوە لە ئەو جەمسەر بەندییەش دا باسەکەمان پتر تایبەت بکەین بە جەمسەری شارستانییەتی رۆژئاواو بایەخەکانی و رۆژهەڵاتو شارستانیەتی ئیسلامو بایەخەکانی بەتایبەت ئەو ئیسلامەی کە وەکوو فیندەمنتالیزم دێتە مەیدانەوە. هەروەها کە باسمان کرد بە دوای روخانی بلوکی رۆژهەڵات داو هەرەس هێنانی جەمسەر بەندی یەکەی پاش شەڕی جیهانی دووهەم دا، جیهان بوە خاوەن کەشێکی فرە شارستانیو سیستمی نێودەوڵەتیش بە سەرنجدان لەو فەزا فرە شارستانییە توانی خۆی لە قەوارەیەکی فرە چەشن دا رێك بخاتەوە. لەو نێوانەش دا رۆژئاواش کە بوارێکی لەباری بۆ گەشەکردنی شارستانیەتەکان تێدا پێك هاتبوو، توانی ببێتە مەیدانی پەرەسەندنو گەشە کردنی شارستانیەتە جۆراوجۆرەکان بە تیۆری و قەوارەی جۆراوجۆرەوە. لە ناوەندی ئەم باسەدا پتر لایەنی گرینگییەکە بەوە دەدرێ کە شارستانیەتەکان لایەنی سیاسیان بە خۆیانەوە گرتووە. بە پێی وتەی هانتینگتۆن چەشنی سیاسی شارستانیەتەکان بە تێپەڕینی زەمەن لە ئاڵوگۆڕدا بوە. رەنگە یەك شارستانی چەند یەکەی سیاسی لە خۆ بگرێت: شارەکان، وڵاتان، ئیمپراتورییەکان، فیدراسیۆنو وڵاتانی فرەنەتەوە کە هەموو چەشنە دەوڵەتێکیان هەیە. واتە گرتنە خۆی قەوارەی سیاسی پێکهاتەی شارستانیەتەکان توانیویەتی گۆڕانیش بەسەر تیۆرییەکان دا بێنێ، بە چەشنێك کە ئەمجار هەر شارستانییەتێك خاوەن پیرۆزییەتێکی تێۆریو ئامانجدار بێ. کەوابوو هەر شارستانیەتێکیش دەتوانێ قەوارەی تیۆریکی بەرژەوەندییەکەی خۆی دابڕێژێو سنووری بۆ دیاری بکاتو ئامانجی دوارۆژیشی بۆ دەستنیشان بکات، کە ئەو حاڵەتە هاتە نێو وێژەی (ئەدەبیات) سیاسی شارستانیەتەکانەوە ئەوکات بەرژەوەندی پێکهاتە دێتە کایەوە. بێگومان لێرەدایە کە گوتەزای پێکدادان دێتە ئاراوە.

شارستانییەتە گرینگەکانی ئەمڕۆ لە ڕەوتی مێژوودا بەم چەشنە دەردەکەون. ئەگەرچی تا ئەمڕۆش دیسان هەر لەسەر چەشنی دابەشکردنەکانیش ناتەبایی هەیە. شارستانی "بنمیك" کە شارستانییەکی چینییەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 1500 ساڵ پێش زایین. هەروەها زانایان کولتووری چین‌و ژاپۆن تێکەڵ دەکەن‌و هەردووکیان بە شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی دوور نێو دەبەن. هەروەها بەپێی تیۆرییەکەی هانتینگتۆن، تیۆرییەکی دیکەش لە ئارادایە کە ژاپۆن سەر بە شارستانیەتی جیاوازەو زادەی شارستانیەتی چینە کە نزیکەی100تا 400 ساڵ دوای زایین پێکهاتووە. شارستانیەتی هیندوس لە نیمچە دوورگەی هێند دایە، کە ئەم شارستانیەتە بە شارستانیەتی  هیندویزم ناسراوەو لە ئایین یان سیستمێکی کۆمەڵایەتی پترو بەربلاوترە.

شارستانیەتی ئیسلامی، زۆربەی زانایان، بوونی شارستانیەتێکی جیاوازو ئیسلامییان لە سەدەی حەوتەمی دوای زاییندا لە نیمچە دوورگەی عەرەبستاندا بە فەرمی ناسیوە. ئەم شارستانیەتە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە باکووری ئافریقادا، نیمچە دوورگەی ئیبریاو ئاسیای نێوەڕاست‌و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا پەرەی سەندوە. شارستانیەتی ئیسلام شارستانییەتێکی فرە پێکهاتەیە، ئەم شارستانییەتە قەوم، نەتەوە، وڵات‌و...ی زۆری لەخۆ گرتووە. نەتەوەگەلێك وەکوو عەرەبەکان، ئێرانییەکان، تورکەکان، مالزییەکان، سومالییەکان، کوردەکان، ئەفغانەکان، بەشێك لە هێندوەکان‌و...کان ئایینی ئیسلامیان وەکوو ئایینی خویان پەسەند کردوە

ئورتودۆکسەکان‌و شارەستانیەتی ئورتوردۆکس، کۆمەڵێك لە زانانیان، شارەستانیەتی ئورتودۆکس بۆ روسیە پێناسە دەکەن‌و بە هۆی بەستراوە بوون بە بیزانسەوە بە درێژەی حکومڕانی تەتەرەکان، لە ئایینی مەسیحوڵاتەت بەشی ڕۆژئاوا دایان بڕاندوە، هۆکاریش ئەوەبوو، کە ئورتۆدۆکس خاوەنی کۆمەڵێك فاکتۆری ڕۆژئاوایی لە چەشنی رینسانس، روشنگەریی‌و هێندێك ئەزموونی دیکەی ڕۆژئاوایی بوە. دیارە ئەوە باوڕێکی باوە لە نێوان بەشێك لە بیرمەنداندا، بە باوڕی بەشێکی دیکەی بڕوادارانی ئایینی مەسیحوڵاتەت، ئەو ئایینە نەیتوانی خۆی نۆژەن بکاتەوە تا کاتێك کە مارتین لوتەرو شۆڕشەکەی هاتنە نێو شارستانیەتی مەسیحوڵاتەتەوەو لقی ئایینی پرۆتستانتیسمیان هێنایە ئاراوە. کە ئەویش نەیتوانی سەرکەوتنی زۆر وەدەست بێنێ.

شارستانیەتی ئەمەریکای لاتین، بە وتەی هانتینگتۆن شارستانیەتی ناوبراو خاوەن ناسنامەیەکی تایبەتوڵاتە کە لە ڕۆژئاوای جودا دەکاتەوە. هەر بە وتەی هەمان سەرچاوە ئەگەرچی ئەم شارستانیەتە هەڵقوڵاوی شارستانیەتی ئورووپاو ئەمەریکای باکوورە، کەچی توانیویەتی کولتوورێکی تایبەتی بۆ خۆی پێك بێنێت، ئەم شارستانیەتەش پێڕەوی لە ئایینی کاتۆلیك دەکات‌و خاوەنی گەلێك کولتوری ئێتنیە.

دێینە سەر شارستانیەتی ڕۆژئاوایی، بە بڕوای هانتینگنۆن ئەو شارستانیەتە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 700 تا 800 ساڵ دوای سەرهەڵدانی مەسیحیەت. بە گشتی زانایان لەو بڕوایەدان کە ئەم شارستانیەتە بریتوڵاتە لە ئوروپا، ئەمریکای باکوورو ئەمەریکای لاتین لەگەڵ ئەو ئوروپاییانەیدا کە کۆچیان کردوە بۆ ئوسترالیاو نیوزلاندو تییدا نیشتەجێ بوون. بە درێژایی مێژوو ئەمەریکاوڵاتەکان، کۆمەڵگاکەیان لە کۆمەڵگای ئوروپایی بە جودا زانیوە. لە راستیدا ئەم شارستانیەتە خزمەتێکی زۆری کراوەو داگیرکاروڵاتەکی زۆریشی لە جیهاندا کردوەو بەردەوام خاوەنی سیستمی کولۆنیالیزم بوە. لەگەڵ سیستمی کولۆنیالیشدا کۆمەڵێك بایەخی بردوەتە نێو شارستانیەتە ژێر دەستەکانەوەو بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە هێژموونی خۆی بەسەر ژێردەستەکانیدا پسەپێنێ. هەروەها ئەو شارەستانیەتە شاهیدی زۆربەی دیاردەو پێکدادانە جیهانیەکان لە هەموو بوارەکانیدا بوە. واتە نیشاندەری ستەم‌و

چەوساندنەوە، زوڵم‌و ژێردەستە کردن، دژایەتی‌و پێکدادانی توێژی‌و چینایەتی، دیکتاتۆر لێدراوی‌و مەزنی خوازی بوە.

بەڵام لەنێو ئەم شارستانیەتەشدا، ئەمەریکا خۆی گەیاندە لوتکەوە، واتە شوناسێکی بەرینتری هێنایە ئاراوە کە باڵی بەسەر تەواوی رۆژئاوادا کێشاو بوو بە شارستانیەتی رۆژئاوای گەورە. ئەو شارستانیەتە بوە بە سیستمێکی کولونیالی مۆدێرن یان نیۆکولۆنیال‌و خەریکە بە چەشنێك باندۆر بەسەر جیهانی غەیری رۆژئاواییدا بکێشێ. واتە گەشەسەندنی رۆژئاوا، هەروا کە پەرەو گەشەی بە زۆر بواری دیکەی شارستانیەتی رۆژئاوا داوە، پەرەی بە مودێرنیزە بوونی کۆمەڵگا رۆژئاوایی‌و نا رۆژئاواوڵاتەکان داوە، هەر بۆیە بۆ ئەم مەبەستەش رێبازو تیۆریی جودا جودا لە لایەن بیرمەندانی رۆژئاواوڵاتەوە هاتۆتە مەیدان‌و تەنانەت بەشێکیشیان چوونەتە قۆناغی پراکتیکەوە، بەرێوەبەران، دەسەڵاتداران‌و هزرڤانانی رۆژئاوایی، سەبارەت بە کاریگەریی رۆژئاوا لە سەر مۆدێرنخوازی‌و رۆژئاواخوازی، وەڵامی رەتکردنەوەی هەردوکیان یان پێچەوانە، وەڵامی ئەرێنی بە وەرگرتنی هەردووکیان داوەتەوەو یان دووهەمینیان رەتکردوتەوەو یەکەمینیانی پەسەند کردوە. لەو پێوەندوڵاتەشدا چەشنە پێکدادانێك هەم لە ئاستی هزری‌داو هەم لە ئاستی کردەوەدا دەکەوێتە نێوان شارستانیەتەکانی جیهان بەتایبەت دوو شارستانیەتی گەورە، واتە ئیسلام‌و رۆژئاواوە. بە لێدانی یەکولاتەتی سۆڤێیەت لەلایەن ئیسلامییەکانەوە واتە (جیهادوڵاتە عەرەب ئەفغانیەکان)، زۆری نەخایاند کە یەکولاتەتی سۆڤێیەت بە ناچار پاش هاتنە ئارای دوو پرۆژەی "گلانۆست‌و پرۆسترۆیکا" تێك رۆخاو لێك هەڵوەشایەوە، بەو هەڵوەشانەوەش‌و بە دابرانی کۆمەڵێك وڵات لە یەکولاتەتی سۆڤێیەت، هێزە سەربازوڵاتەکانی ئەو یەکولاتەتوڵاتە گەیشتە کەمترین ئاستی خۆی‌و جبەخانەو تێکنۆلۆژوڵاتە پێشکەوتووەکانی ئێدی هیچ کارکردێکی ئەوتۆیان نەما. بەم چەشنە رووی راستەقینەی دارمانی بلوکی رۆژهەڵات بە سەرکردایەتی سۆڤێیەت بۆ هەموو جیهان سەلمێنراو ئەوکات ئێدی وڵاتە یەکگرتووەکان وەك سەرکردەی بلۆکی رۆژئاوا، وەك مەیدان داری سەرەکی دەسەڵاتی گرتە دەست‌و خۆی ئامادە کردبوو کە جیهان بکاتە جیهانێکی یەك جەمسەری‌و ئێدی رێ نەدرێ هیچ هێزو دەسەڵاتێکی دیکە وەك جەمسەرێك بێتە مەیدان‌و بکەونەوە کێبڕکێ شارستانیەتەوە، هەر بۆیە ئەم چەشنە تێڕوانینە دەتوانێ کێشە خوڵقێن بێ. واتە لێرەدا کە پێکدادانی ژیارەکان دەبێتە بابەتێکی نوێی لە نێوان شارستانیەتەکاندا. رۆژئاوا لەم قۆناغەدا هەوڵی داوە هەموو شارستانیەتەکان بکاتە مەیدانی تاقیکاری بەرهەمەکانی شارستانیەتی خۆی‌و جۆرێك بتوانێ هێزی خۆی بکاتە هێزێکی گلوباڵ‌و هەموو هێزەکانی دیکە بە هێزی لۆکاڵ بێنێتە هەژمارو باندۆر بەسەر هەموویاندا بکێشێ. بە باوەڕی "سامۆئێل هانتینگتۆن"" "بە کورتی رۆژئاوا، تا وەکوو کۆتایی سەدەی بیست‌و یەکەم، وەك بەهێزترین شارستانی دەمێنێتەوەو دوای ئەوەش باڵادەستی خۆی لە رووی توانای زانستی، توێژینەوەیی، نوێگەری، تکنۆلۆژی سەربازی‌و غەیرە سەربازوڵاتەوە درێژە پێدەدات، بەڵام کونترۆڵ کردنی سەرچاوەکانیتری هێز، بەرەو وڵاتانیترو شارستانیەتە رۆژئاواوڵاتەکان دەڕوات.

تووڕە بوونی ئیسلام‌و هاتنە مەیدانی ئیسلامی سیاسی.

ئیسلام‌و ئیسلاموڵاتەکان کە دیتیان خۆرئاوا خەریکە بایەخەکانی بە تەواوی پەرەپێدات‌و پێشیوابوو کە بە پەرەپێدانی بایەخەکانیشی ئیسلام دەکەوێتە مەترسوڵاتەوە، هەر بۆیە خێرا هەڵوێستێکی توندو جیددی وەرگرت. دیارە ئەوە بەو واتایە نیە کە ئیسلام پێشتر لەگەڵ رۆژئاواو شارستانیەت‌و ئایینەکانیدا تەبا بوە، بەڵکوو بەو واتایەیە کە ئەوکاتە سەنگەری گرت‌و لایەنێك هاتنە مەیدان وەکوو قەیۆمی ئیسلام کە بە ئیسلامی سیاسی،

رادیکاڵیزمی ئیسلام، و.... هتد ناسرابوو، بە ئاڵاهەڵگری بەرەی تیرۆر تیرۆریزم‌و پەیکانی توندوتیژوڵاتەکانی رووبە بایەخەکانی رۆژئاوا کردەوەو بە چەند کردەوەی بەرینی توندوتیژو تۆقێنەرانە کارتی یاروڵاتەکانی خستەسەر مێزی یاری هاوکێشە جیهانیەکان. لە ماوەیەکی نەچەندان زۆردا رادیکاڵیزمی ئیسلامی پەل‌و پۆی بۆ کونجاو کونجی جیهان هاوێشت‌و چەندین بزوتنەوەی ئیسلامی سەریان هەڵێنا. بزوتنەوە ئیسلاموڵاتەکان لە ژیانەوەی ئایین‌دا، بەرهەڵستی شارنشینی، پیشەیی بوون، مودێرنیزم، سەرمایەداری، زانست‌و تکنۆلۆژی ناکەن‌و دەست درێژی ناکەنە سەر ئەو بنەمایانەی کە بۆ پێشکەوتنی هەموو مرۆڤێك تەنانەت خۆیان پێویستە. هەروها ئەوان بڕوایان وایە کە نە ناسونالیزمی عەرەب‌و پان عەرەبیسم‌و نە ناسیونالیزمی نەتەوەکانی دیکەو نە سوسیالیزمیش هیچ خزمەت‌و یارمەتوڵاتەکیان بە جیهانی ئیسلام نەکردوە، پێیان وایە ئەوان ئیسلامی پاك‌و خاوەێنن‌و ئەو ئیسلامە ناپاك‌و خاوێنەی ئەوان لە جیهانی هاوچەرخدا رۆڵێکی بەرچاو دەگێرێ. ئەوان بە توندی دژبە بەهاو بایەخەکانی رۆژئاوان‌و خەباتکردنیان دژبە رۆژئاواو هاوپەیمانەکانی نیشانەی ئەوەیە کە ئەوان بەهاو بایەخەکانی دەزگا رۆژئاواوڵاتەکان قبوڵ ناکەن.

بەشێکی ئێجگار زۆری وڵاتانی ئیسلامی خەڵکەکەیان کەوتنە ژێر هێژموونی رێکخراوە ئیسلاموڵاتەکانەوەو ئایدیای ئیسلامیان وەرگرت، ئەمەش لە نێو بەشێك لە ئیسلاموڵاتەکاندا بە ژیانەوەی ئیسلام ناوبانگی دەرکردوە. بە وتەی "ساموئێل هانتینگتۆن" "ژیانەوەی ئایین کە لە تێکڕای کۆمەڵگا ئیسلاموڵاتەکاندا تاقیکردنەوەو لە نێوان میلیاردێك موسڵماندا، لە مەغریبەوە تا ئەندونزی‌و لە نیجریەوە تا کازاخستان پێبەندبوون‌و هاوپشتی دروستکردوە. ئیسلامخوازی سەرەتا لە قەڵەمڕەوی کولتوورییەوە دەست پێدەکات‌و پاشان بەرەو قەڵەمڕەوی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی دەڕوات. روناکبیران‌و رێبەرە سیاسییەکان، نەتوانن پشتگوێ بخەن‌و نەتوانن پارێزی لێ بکەن.

بزوتنەوەی ئیسلامییەکان ئەمجارە بە جلوبەرگێکی دیکەوەو بە پرۆگرامێکی دیکەوە هاتنەوە مەیدان، واتە هەوڵیان دەدا لە بایەخەکان بۆ بەرەوپێش بردنی پلانەکانیان کەڵك وەرگرن، لەو بایەخانەی کە رۆژئاوا کەڵکی لێوەردەگرن، واتە دەبینین لە وڵاتەکاندا هەوڵدەدەن چین‌و توێژە هەژارەکان بخەنە ژێر چەتری یارمەتی مادی خۆیانەوە، پاڵپشتی زوڵم لێکراوەکان بکەن، دژ بە دەسەڵاتدارانی راوێستن‌و وانیشان بدەن کە ئەوانە خوێنخۆری خەڵکن‌و ئەوان واتە بزوتنەوە ئیسلامییەکان تەنیا پاڵپشتی خەڵکن‌و رێبازەکەشیان تەنیا رێبازی رزگارییە. هەوڵدەدەن خۆیان لە بنەماڵەی سەبازە کوژراوەکان، زیندانیانییە سیاسییەکان، کەم ئەندام‌و دڵ بریندارەکان‌و ... هتد، نزیك بکەنەوەو کاریان تێبکەن. بۆ وێنە پاش بومەلەرزەکانی 1992ز. لە قاهیرە، بزوتنەوە ئیسلامییەکان کەمتر لە یەك کاتژمێر خۆیان بە شەقامەکان‌و خەڵکی بێدەرەتان گەیاندوخۆراك جلوبەرگ، پەتوو و دەواو دەرمانیان پێشکەشی خەڵکی ئەو شارە کردو بەدەم خەڵکەکەوە بوون. خزمەتگوزارییەکانی حکومەتیش لە بەرانبەر ئەو خزمەتگوزاریانەدا زۆر کەم بوون.

هەروەها رێکخراوی "برایەتی ئیسلامی" ئوردۆن ساڵی 1990 بەو دروشمانە ساز کراو هاتە مەیدانی سیاسەتەوە. رێکخراوەکانی کەرتی غەزە لە چەشنی رێکخراوە ئیسلامییەکان، یەکییەتی لاوان، رێکخراوی خوێندکاران، دەرمانخانە، شوێنی ئاسایش بۆ بە ساڵاچووان دروست کرا، کە ئەمانە تا ڕادەیەکی زۆرکرایان کردە سەر کولتووری کۆمەڵگاکان‌و لە هەوڵی ئەوەدا بوون دروشمی سەرەکی ئیسلامی سیاسی، واتە پێکهێنانی "ئۆممەتی موحەممەدی" پراکتیزە بکەن‌و بە ئامانجی خۆیان کە رێبەرایەتی دنیای ئیسلامە بگەن. ئەم هەستی یەکییەتی ئیسلامیەش لە وڵاتان‌و رێکخراوە نێو نەتەوەییەکاندا رەنگی داوەتەوە. بۆ وێنە لە ساڵی 1969دا، سەرکردەکانی

عەرەبستانی سعوودی لەگەڵ پاکستان، مەغریب، ئێران، تونس و تورکیادا لە "ریبات" یەکەمین کۆبوونەوەی سەرانی وڵاتانی ئیسلامیان ئەنجامداو ئەمەش بوە هۆی ئەوەی تاکوو لە ساڵی 1972 لە جەدە، ڕێکخراوی کونفرانسی ئیسلامی پێکبهێنرێت. لە راستیدا پاش کۆتایی هاتنی دانیشتنەکان هێندێ شتیان باس دەکرد وەك ئاما نجەکانی کاری کونفرانس، بەڵام ئەوە تەنیا رووی زاهیری و رواڵەتی بابەتەکان و کاری کونفرانس بوون و مەبەستە سەرکییەکان لە پشتی درگا داخروەکان و پەردە کێشراوەکانەوە تاوتوێ دەکران. مەبەستی سەرەکی بە هەموو چەشنێك بەرەورووی شارستانییەتەکانی دیکە بوونەوەیە، بۆ ئەم مەبەستەش دەبووا لە هەوڵدابن بۆ پێکهێنانی باسکێکی نهێنی ئیسلامی کە لە رواڵەتدا لایەنێکی فەرمی لێ بەرپرسیار نەبێ و بتوانن بەشێك لە پرۆژەکانی پێببەنە مەیدانی کردەوەوە.

## کێبڕکێ هێزە ئیسلامییەکان لە سەر پێشەوایی دنیای ئیسلام

بۆ هەموومان روونە لە نێو هەر ئاینێکدا کۆمەڵێك کێشەو ناتەبایی بوونی هەیە، بەشێکیان دەگەڕێتەوە بۆ بنەماو بنچینەکانی ئەو ئایینەو بەشێکیشیان دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی دەسەڵات لە نێو لایەنەکانی ئەو ئایینەدا. ئایینی ئیسلامیش لەو مشتو مڕە بێ بەری نیە. ئێمە زۆر ناچینە ناخی مێژوویی و رەگ و ریشەی کێشەکانەوە، بەڵکوو ئەوەیکە بەلای ئێمەوە گرینگە تەوەرە سەرەکییەکانی کێشەکانی ئەمڕۆی دنیای ئیسلامە. دنیای ئیسلام بە گشتی و هاوئاهەنگ حازرن لە بەرامبەر دوژمنێکی مەترسیدار وەکوو بەرەی رۆژئاوادا یەك بگرن. مەبەست لە دنیای ئیسلام، دنیای فیندەمنتاڵی ئیسلام و رایکاڵیزمی ئیسلامییە. بەڵام لە دەرەوەی ئەو مەترسیانەوە، دنیای ئیسلام خۆی بە دنیای ئیسلامی شیعەو ئیسلامی سوننە دابەش دەبن، و هەرکام لەوانەش هەوڵ دەدەن وەکوو معامڵەچی، سەوداگەریی سیاسی رێبەرایەتی ئیسلام لە مەیدانی سیاسەتدا بکەن. بەڵام ئەوەیکە گرینگی پتری هەیە ئەوەیە کە، هیچ لایەنێك و وڵات و دەوڵەتێك بە ئاشکرا پاڵپشتی رادیکاڵیزمی ئیسلام ناکات جگە لە کۆماری ئیسلامی ئێران. پێش رووداوەکانی 11ی سێپتەمبر حکومەتی تاڵیبان لە ئەفغانستان پاڵپشت و داڵدەدەری ئیسلامی رادیکاڵی سوننە بوو و لە سەروی هەموانەوە داڵدەدەری گرووپی تیرۆریستی القاعدەو سەرکردە تاوانبارەکەی "بن‌لادن" بوو، بەڵام ئێستا بە روونی تەنیا کۆماری ئیسلامییە کە خەریکی سازکردنی هیلالی شیعییەو جارناجاریش حکومەتی سوریەش هەوڵدەدات خۆ تێ وەربدات.

پێکدادان بۆ پێشەوایەتی دنیای ئیسلام بەردەوامە. عەرەبستان کە دامەزرێنەری OICیە (رێکخراوی وڵاتانی ئیسلامی)و دەیهەوێت ببێتە پێشەنگی یەکییەتی عەرەب. لە ساڵی 1991دا پاش جەنگی کەنداو، رێبەری سوودان، حەسەن التورابی، کۆنفرانسی بەناوبانگی عەرەب ـ ئیسلامی لە خارتوم لە بەرامبەر عەرەبستاندا پێکهێناو بە سەدان شاندی وڵاتان و رێکخراوە جۆربە جۆرە ئیسلامییەکان، بەشداریان تێدا کرد. تازە جگە لە رێکخراو و گرووپە ئیسلامییەکان ئەو شەڕەی لە ئەفغانستاندا پێکهات یەکییەتی سیاسی، سیستمی عەقیدەتی لەنێو باوەڕدارە توندڕەوە ئیسلامییەکاندا پێکهێنا کە توانی ئەرتەشێکی بەهێزو تۆڕێکی جیهانی لە فیندەمنتاڵیزمی ئیسلامی دروست بکات کە بتوانن شەڕی پاراستنی جیهانی ئیسلامی پێ بکەن، ئەوانیش تۆڕێکی متمانەدارو لێوەشاوی جیهادییەکانی عەرەب ئەفغان لە ئەفغانستان بوون کە پێشتر لە سەر بیوگرافییان دواوین.

ئەو تۆڕە بۆ بەرگریی لە ئیسلام خۆی لە وڵاتانی الجەزیر، چێچان، میسر، بۆسنی، فەلەستین، فیلیپین و سوداندا رێکخستەوەو شەڕیان دەست پێکرد. جێ ئاماژە پێدانە ئیدی هەر کەسێکیان وەکوو پێشوو نەدەناردە

جیهادەوە، بەڵکوو پلەکانیان بەرز دەکردنەوە، بۆ پەروەردە کراوی زانکۆی "دعوە" و جیهاد. کۆماری ئیسلامی ئێران بەو مەبەستە کە بتوانێ رێبەرایەتی دنیای ئیسلام بگرێتە دەست، هەوڵی دەدا پردێکی پێوەندی لە نێوان فیندەمنتاڵە سوننیو شیعەکاندا ساز بکاتو بەرەیەك لە رادیکاڵیزمی ئیسلامی لەژێر باندۆری خۆیدا رێکبخات. بۆ ئەم مەبەستەش کۆماری ئیسلامی لەگەڵ چەندین وڵاتدا هاوکاری سەربازیی هەیە، بۆ وێنە ئەو چەشنە هاوکارییە لە نێوان سودانو ئێراندا دەبینرێو هەر دوو وڵات پێشگیری گرووپە بناژوە ئیسلامییەکان دەکەن. هەروەها پێوەندی نێوان سودانو عێراقیش بەو مەبەستە پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆوە دیت، بە گشتی کۆماری ئیسلامی، تاڵیبان، حکومەتی سوریە، سودان و... کەوتنە کێبەرکێ رێبەرایەتی ئیسلامی بناژووەوەو لە نێوانەشدا ئێران پتر لە هەمووان سەرکەوتوو بووە.

* دەستپێکردنی قۆناغی پراکتیکی پێکدادانی شارستانیەتەکان.

بە وتەی ساموئێل هانتینگتۆن" لە نەوەدەکاندا شەڕی ساردی شارستانی ئیسلامو رۆژئاوا هەستپێدەکرا. ئاشتی سارد، شەڕی سارد، شەڕی بازرگانی، نیمچە شەڕ، ئاشتی نائارام ، پەیوەندی سەختو پێشبڕکێ چەکەکان، پێوەندی نێوان نێوەرۆکی شارستانییەتە جیاوازەکان شرۆڤە دەکات. ئیدی متمانەو دوستایەتی دەگمەن دەبن. لەم قۆناغەدا پێکدادانەکان بەشێکیان سنوورین کە زۆرتر دەکەونە نێو وڵاتانی موسڵمانو ناموسڵمان، ئەویش لە ئاستێکی بەرفراواندا. هەر بەم مەبەستەش دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە هەندێ رۆژئاوایی دەڵێن رۆژئاوا هیچ گیروگرفتێکی لەگەڵ ئیسلامدا نیە. گیروگرفت بنەماخوازە ئیسلامییەکانن. بەڵام ئەمەش راست نیە، چونکی کێشەکە یەکلایەنە نیە، بەڵکوو بە درێژایی مێژوو پێوەندی نێوان ئیسلامو مەسیحیەت ئاڵوزو پڕکێشە بوە. لە درێژەی مێژوودا نێوان ئایینی مەسیحیو ئیسلامی بەردەوام ناوەندێکی پڕکێشەو قەیران بووەو بە چەندین جار حکومەتە ئیسلامیو هێزە رۆژئاواییەکان کەوتوونەتە دۆخی پێکدادانەوەو ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئاشتیی نەیتوانیوە لە نێو ئەو هێزانەدا سەقامگیر بێ.

کۆمەڵگاو دەوڵەتە موسڵمانەکان بە چەشنێك لە بەرامبەر هێزە کۆلۆنیالەکاندا خۆیان بە زوڵم لێکراوو بەشخوراو دەزانیو هەوڵیان دەدا بە هەر رێکارێك بووبێ خۆیان لەو دیلیو یەخسیرییە رزگار بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش روویان لە شێوازی بەرەورووبوونەوەی ئیسلامی کردو خۆیان بە شۆڕشگێڕانی ئیسلام لە قەڵەم دەدا. پاش کۆمەڵێك پێکدادانی توندوتۆڵو چەندین شەڕی خوێناویو چەندین راپەڕینی قورسو گران، هەستی بە جێیپێ لێژبوون کردو کەوتە پاشەکشە. واتە لە سەدەی بیستەمو هەزارەی سێیەمدا هێدی هێدی کشانەوە لە کۆلۆنییە رۆژئاواییەکان دەستی پێکردو و دوابە دوای شەڕی جیهانی دووهەم بە شێوەیەکی سەیرو سەمەرە زیادی کردو هەڵوەشانەوەی یەکییەتی سۆڤییەت بەتایبەت بوە هۆی سەربەخۆیی کۆمەڵگا موسڵمانەکان. ئەو پیڤاژۆیەش بە چەشنێك بوو کە لە ساڵی 1995ز ـ دا نزیکەی 69 هەرێم کەوتە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانەکانەوەو نزیکەی 45 وڵاتی سەربەخۆ بوون کە دانیشتوانێکی زۆری موسڵمانیان هەبوو. سەربەخۆ بوونی ئەو وڵاتانە رەنگە لە بەرژەوەندی کۆمەڵە هێزێکی دیکە دەدات. بۆیە پێویستە ئەو هێزانەش کۆمەڵێك گۆڕان لە خۆیاندا پێك بێنن. کەشی نێوان ئەم دوو گۆڕانە، واتە ویلایەتی ئیسلامیو سەربەخۆییان لە لایەكو وڵاتانی زلهێزو بەرژەوەندییە لەدەس چووەکانیان لەلایەکی دیکەوە، دەتوانرێ دۆخێکی قەیراناویو خوێنین بێت.

پتر ئەوەیکە لەم نێوانەدا کێشە خوڵقێنە، نێوەرۆکی ئیسلامیزمو نێوەرۆکی رۆژئاوایە لە رۆژئاوادا لە مێژە بانگەوازی سێکیۆلاریزم بە گوێ جیهان گەیشتووەو رۆژئاواییەکان توانیویانە ئایینو دەسەڵات لێك جودابکەنەوەو

هەرکامەیان بکێشێنە بیاڤی تایبەتی خۆیانەوە، کەوابوو ناتوانین لێرەدا ئیسلامو مەسیحییەت بنێتە پاڵ یەکترییەوەو هەڵیانسەنگێنین، بەڵام ئیسلام نەیتوانیوە ئەم پرۆسەیە تێپەڕێنێو خۆی رزگار بکات. واتە ئیسلام بە هۆی سیاسی بونەوە پیرۆزییەتی خۆی بردۆتە ژێر پرسیار، و ئێستا ناتوانین بڵێین ئیسلام ئاییینێکی سەربەخۆکە چوارچێوەی ئایین بوونی خۆی نەپاراستوە، بەڵکوو پێچەوانە، ئیسلام ئاییینێکی سیاسییە کە پتر لە بیاڤی سیاسەتدا خۆ دەردەخات تاکوو بیاڤی ئایین.

لە راستیدا لە هەشتاکانو نەوەدەکاندا، بەگشتی ئیسلام دژەرۆژئاواییانە بوو. لە تیۆری ئیسلامی سیاسیدا، رۆژئاوا پرۆژەی پاکتاوکردنی بایەخەکانی ئیدئۆلۆژی ئیسلامی لە جانتا دایە. هەر بۆیە ئیسلامییەکان بە ناچار جەخت دەکەنەوە سەرجیاوازییەکانی نێوان شارستانی خۆیانو هی رۆژئاواو شانازی بە کولتوورەکەیانەوە دەکەنو هەوڵدەدەن سەروەری کولتووریی خۆیان لە بەرامبەر هێرشی رۆژئاوادا بپارێزن. ئەمەش باشترین رێکارە بۆ کۆکردنەوەی هێز بە مەبەستی پراکتیزە کردنی بیری جیهادی.

دیارە لەم پێوەندییەدا بیرمەندانو رووناکبیرانی عەرەبیو ئیسلامی تا رادەیەکی زۆر هەم کاریگەرنو هەم تاوانبارن، چوونکی ئەوان ئەنتی تیۆرییەکانیان لە بەرامبەر تیۆری رۆژئاواییدا بە چەشنێك دارشتوە کە باشترین ئامرازی هاندەرە بۆ هاندانی هێزە توندڕەوەکانی ئیسلام. بۆ وێنە لێکۆڵەرێکی عەرەب ئێژێ: "رۆژئاوا بە تەنها بڕیار دەدات کە داخۆ سەتەلایت بۆ فێرکردنی عەرەبەکان کەڵکی لێوەر بگیرێت یا خۆد بەو هۆیەوە بۆمباران بکرێن. رۆژئاوا ژیانی ئێمەی بە هۆی بەرهەمەکانییەوە خستۆتە ژێر رەمبازێنی خۆیەوە، بازاڕەکانمان داگیردەکاتو سەرچاوەکانمان زەوت دەکات. ئەمە بۆچوونی ئێمەیە. رۆژئاوا هێزی نوێ بە توانایی سەربازیو بەرهەمی ئابوورییەوە گەشە پێدەداتو پاشان دەیانفرۆشێتەوە بە وڵاتانی جیهانی سێهەم. بەڵام دەبێ ئیسلام بۆ رزگار کردنی خۆی، ئەندازیارانو پسپۆڕی زانستیو چەکی پێویست دابین بکات (چ ئاسایی بێتو چ ناوکی)و خۆی لە چەنگی بەستراوەبوونی سەربازی رۆژئاوا رزگار بکات." ئەمەی سەرەوەش یەکێ لە بۆچوونو تەنانەت ئامانجە شەڕئەنگێزەکانی رادیکاڵیزمی ئیسلامییە کە وێنەکەی دەتوانێ حکوومەتێك وەکوو کۆماری ئیسلامی ئێران بێ، ئەو رێژیمە لە راستیدا توانیویەتی سیمای ناسراوی حکوومەتێکی ئیسلامی رادیکاڵ بێ، حکوومەتێکی ئیسلامی کە بە پێ تیۆری زق کردنەوەی بایەخەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامو حاکم کردنی حکومەتەکانی خلافەتو ویلایەتو هەروەها بە دوژمن زانینی غەیری خودیو بڕیارو دروشمی نەگونجاو و ناتەبا لەگەڵ سیاسەتەکانی کۆمەڵگای جیهانیدا، عەمەل دەکات. ئەو وڵاتە لە سەرەتاوە بە هەڵگرتنی دروشمی "لاشەرقی، لاغەربی، جمهوری اسلامی" هەوڵیدا خۆی وەك رێبەری دنیای ئیسلام بە رۆژئاوا بناسێنێو خۆی بکاتە لایەنی سەوداگەریی ئیسلامی سیاسی. هەر بۆیە دەتوانین بێژین کە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە 1979زدا پێکدادانی شارستانی بەو مەبەستەی ئێمە دەمانهەوێ یەکەم جرقەکانی خۆی لێدا.

دیارە بە پێ تیۆرییەك کە کۆماری ئیسلامی دایڕشتبوو و لەسەری کاری دەکرد، دەبوا نەك بە تەنیا، بەڵکوو پرۆژەی بەرەوڕووبوونەوەی رۆژئاوا دەبێ بە چەشنی بەرەیی بێ، نەك تاکە هێز یان تاکە وڵات. ئەوکات لە دەسپێکی کاری پرۆژەکەیدا هێشتا بەو چەشنەی پێویست بوو نەناسرابوو. بۆیە نەیدتوانی رێبەریی بەرەیەك بکات بەڵام هەر خێرا پەیوەندی بە بزووتنەوەی فەلەستین ، لوبنانو کوزڤو و.... وەگرتو لە پارەی بەلاشی نەوتی وڵات بە میلیۆن دۆلار یارمەتی دەدانو لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵی دەدا لە پاڵ ئەوەشدا کە خەریکی سازکردنی بەرەیەکی ئیسلامییە، هێزو بزوتنەوە شیعییەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. لە پراکتیزەکردنی ئامانجەکانیدا،

پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆوە بینی. بە دەستە واژەیەکیتر، کۆماری ئیسلامی ئێران بوو بە "دایە"ی جیهانی ئیسلامو پۆتانسیلیکی بەهێزی ئیسلامی لە دەوری خۆی کۆکردەوە، هەر لەو ئاراستەیەدا ئەو رژێمە توانی رۆڵی جەمسەرێکی بەهێزی ناوچەیی یان بە وتەیەکیتر هێزێکی ناوچەیی بلێزێ" دەتوانین بۆ پتر روونەوەی باسەکەمان ئاماژە بەو پاڵپشتیانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بزوتنەوە ناسراوەکان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بکەین، واتە تەیار کردنی کۆمەڵە هێزێك وەکوو حیزبوڵڵای لوبنان، حەماسی فەلەستین، جیهادی ئیسلامی فەلەستین، رەوتی سەدر لە عێراقدا، بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستاندا و...،.

ئەو پرۆسەیەی کە کۆماری ئیسلامی گرتوویەتە پێش پرۆسەیەکە کە بە تەواوی بە ئاراستەی سیاسەتی پاڵپشتی رەوتو جەمسەری تێرۆردا تێدەپەڕێ. بەم چەشنە سیاسەتەش کە ئەو رژێمە گرتوویەتە پێش، بە فەرمی خەریکە چلۆسکی کوانووی پێکدادانی شارستانییەتەکان پتر هەڵدخزێنێ و نەوتێکی زۆرتر بەو ئاورەدا دەکات کە لە نێوان بەرەی تێرۆرو دژە تێرۆردا هەڵگیرساوە. لە راستیدا کۆماری ئیسلامی ئێران بەو رەوڵەی لە ناوچەکەو تەنانەت زۆر جاریش، جیهاندا یاری کردوە بۆتە ئەندامێکی کارای پێکدادانی ژیارەکانو رێخۆشکەرێکی بەهێزیش بوو بۆ 11ی سێپتەمبر. دەبێ بڕوا بەوە بێنن کە کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو رێبەری تیرۆریزم لە ئاستی ناوچەییو نێونەتەوەییدا بە وتەی "شان مەك کۆرمەك" وتەبێژی کۆشکی سپی: "کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆریزم بە پەیمانکاریو گرییەست دەدات بە گرووپو تاقمە تیرۆریستییەکان." واتە رەوتی بەرەو 11ی سێپتەمبر رۆشیتن لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە تیرۆرو تیرۆریزم ئاراستەیەکی نێودەوڵەتی بە خۆیەوە گرت. ناقووسی ئەم چەشنە لە تیرۆریزم لە 7ی ئووتی 1998دا زرینگایەوە، واتە کاتێك دوو ئوتۆمۆبیلی مین رێژکراو پاش تێپەڕین لە دەرگای چوونە ژوورەوەی باڵوێزخانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کنیاو تانزانیا تەقیەوەو پتر لە 250 کوژراوو 5500 برینداری لێکەوتەوە. ئەم رووداوە یەکێ لە رووداوە تێرۆریستییە گەورەکانو ترسناکترین هێرشە تیرۆریستییەکانی دەهەی 1990بوو. پاش ماوەیەکی کەم پۆلیسی هەردوو وڵاتی کنیاو تانزانیا دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردو کۆمەڵە خەڵکێك لەم پێوەندیەدا دەستبەسەر کران، بەڵام لە ئاکامدا یەك کەس بە عامیلی سەرەکی ئەم هێرشو دەستدرێژیانە ناسرا کە ئەویش، "ئوسامە بن لادن" بوو. پاش ماوەیەك لە 20ی ئووتی 1998دا لەسەر بنەمای زانیاری سرویسە زانیارییەکان لەمەڕ ئەوەیکە بن لادن خەریکی پلانڕێژی بۆ پەروەردە کردنی تیرۆریستەکان لە بنکە نهێنییەکانی رۆژهەڵاتی ئەفغانستان دایە. وڵاتە یەکگرتووەکان 75 مووشەکی توماهاوکی(Tomah awk) لەناوگانەکانی خۆی لە کەنداوی عەرەبیو دەریای سورەوە بەرەو ئەو بنکانە نارد. ئەم مووشەکانە وەکوو کردەوەیەکی تۆڵە ئەستێنانە ئامانجگەلێکی لە ئەفغانستانو سوودانڎا پێکا. پاش ئەم کردەوەیەی ئەمەریکا، القاعدەو ئوسامەبن لادن دژ بە ئەمەریکا کەوتنە رقەوەو خۆیان بۆ ئەو مەبەستە بە تەواوی رێکخستەوە. بە وتەی ساندی برگر (sandyBerger) راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەفغانستانو سوودان گەورەترین بنکەو ئوردووگای تیرۆریستەکانە لە جیهاندا. هەروەها پێویست بە ئاماژە پێدانە کە پسپۆڕانی بواری تیرۆریزم لەو باوەڕەدان کە بن لادن بە پێکهێنانی رایلکەیەکی تیرۆریستی نێونەتەوەیی، ئەندامی گرووپەکەی هان دەدا بە کوشتنی ئەمەریکایەکان لە سەربازیو ناسەربازییەوە بگرە تا منداڵو مێرمنداڵو پیرو پەك کەوتە. مەبەستەکەش ناچار کردنی وڵاتە یەکگرتووەکان بە کشانەوە لە هاوپەیمانەتیو دوستایەتییەکانیو بەرژەوەندییەکانی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو کەنداوی فارسو ئافریقادایە.

**پەرە سەندنی القاعدەو دەست ئاوالاتر بوونی بن لادن**

بە کۆمەڵە کردەوەیەکی تیرۆریستی ئەو گرووپە توانی سەرنجی لایەنە توندڕەوە ئیسلامییەکان بۆلای خۆی ڕاکێشێو بە جۆرێك خۆی بە ڕێبەری شۆڕشوانی ئیسلامی نابی محمدی لە قەڵەم بدات، هەر بۆیە بەو بۆنەوە توانی یارمەتییەکی گەورەی مادیو فیزیکی وەکوو هێز کۆبکاتەوەو ئەمجار هەم هەڕەشەکانی پەرە پێ بداو هەم لە ئاستی تیۆریكدا خۆی گەورەتر بێنێتە پێش چاو، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین ئەمە لە لایەکی دیکەشەوە دەکرا ئامانجی ئەمەریکاو بەشێك لە دەزگا شوفارییە ڕۆژئاوایەکانیش بپێکێ. چونکی ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین بەو ئاکامە دەگەین کە سیاسەتی القاعدەو ئۆسامەیی هەر هەمان سیاسەتی تاکتیکی ئەبزاریی وڵاتە یەکگرتووەکانو هاوپەیمانەکانین، بۆ وێنە دەبینین کە هەر ئەوکاتەی کوردەکان لە هەڵبجە کیمایی باران دەکرانو بە هەزاران کەسیان لێ دەکوژرا، القاعدە، تاڵیبانو گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکەو ڕێژیمی دیکتاتۆری سەدام حوسەین لەلایەن ئەمەریکاوە تێداروك دەکرانو پێیان رادەگەیشتن.

ڕاڤەکەرانی ناسراو لەو بڕوایەدان کە کردارو وتاری بنلادن پێکەوە گرێ دراون. گرووپە جیهادییەکان کە لەلایەن "ڕۆناڵد ڕێگان"و هاوپەیمانەکانییەوە ڕێکخرابوو، پاش کشانەوەی ڕوسەکان لە ئەفغانستان کۆتاییان بە شەڕ لەگەڵ ڕوسیەدا لەو بەرەیەوە هێنا بەڵام هەروەها شەڕو پێکدادان لە چیچیندا بەردەوام بووە. بەڵام بیانووی القاعدەو ئوسامە بۆ دژایەتی کردنی ئەمەریکا، دۆستی لەمێژینەیی خۆی ئەوە بوو کە بەردەوام ئاماژەی پێدەکەن کە وڵاتە یەکگرتووەکان دوو جار هێرشی کردۆتە سەر عێراقو عەرەبستانیشی وەکوو پیرۆزترین شوێنی ئیسلامی داگیر کردوە. "فواد گرگسیس" لە هەسەنگاندنێکی زانستیدا لەمەڕ دیاردەی جیهاد بەو ئاکامە گەیشت کە پاش ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبری (2001ز)، "دژکردەوەی ڕوون دژ بە القاعدە لە جیهانی ئیسلامدا زۆر دوژمنکارانە بوو." هەروەها "میشل شویر" لە شرۆڤەکەرانی بەرجەستەی بەرپرسی بەدواداچوونی فایلی القاعدەو ئوسامەبنلادن لە ساڵی (1996ز) دەنووسێ" "ئوسامەبنلادن" لە دەبڕینی هۆکارەکانی هەڵایسانی شەڕ دژبە ئێمە بە وردبینییەوە هەڵسوکەوتی کردوە. لە ڕاستیدا هیچکام لەم هۆکارانە پێوەندیان بە ئازاری، ڕزگاریو دێمۆکراسییەوە نیە، بەڵکوو بە تەواوی لە خزمەتی سیاسەتەکانو کردەوەکانی ئەمەریکا لە جیهانی ئیسلام دایە. ئوسامە بنلادن مەبەستییەتی پێوەندی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانو ڕۆژئاوا لەگەڵ جیهانی ئیسلامدا ڕێکخاتەوە؛."

لەم قۆناغەداو بەم پێوەندیانەوە هێزەکانو سیاسەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، توندڕەوی جیهانی ئیسلام چڕدەکاتەوە، واتە هەمان ئەو مەبەستەی کە ئوسامە بنلادن هەوڵی بۆ داوە، شویر هەروەها ئێژێ "لە ئاکامدا، دەتوانین ئاوها هەڵێنجێنێن کە وڵاتە یەکگرتووەکان، تەنیا وەکوو هاودەستێکی ناچاریی بنلادن دەمێنێتەوە." دۆستایەتی القاعدەو بنلادن لەگەڵ ڕۆژئاوا بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، ئەگەر چی دۆستایەتییەکی تاکتیکی، بەڵکوو پتەو بوو، دۆستایەتییەك کە ڕۆژئاواو ئەمەریکاوڵاتەکانی لەو خەونە غەفڵەتەدا هێشتبووەوە کە هیچ کێشەیەك لە ئارادا نیەو" ساموئیل هانتینگتۆنیش (Samuel Huntington) تووشی ساوێرو خەیاڵاتی پوچ بوە، ژیارەکان لەو پەڕی تەبایی دان، تیرۆریزم تەنیا قسەو پیلانی ناحەزانە کە دێنیتە ئاراوە، ئەگینا شتێك بە ناوی تیرۆرو تیرۆریزم لە ئارادا نیە. بەڵام لە ناکاو بەربەیانی 11ی سێپتەمبر 2001ی ز. دەنگی تۆقێنەری تەقینەوەکانی ناوەندی بازرگانی جیهانیو پێنتاگۆن دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوایی لە خەون راچڵەکاندو وێنە ترسناکەکانی ئەو تەقینەوانە کە نزیك بە 4 هەزار کەسی تێدا کوژراو بە هەزاران کەسیشی برینداروو ملیاردها دۆلاریش زەرەرو زیانی بە دواوە بوو، هەموو باجی خوشخەیاڵی بەرپرسانی ڕۆژئاوایی بوو. ئەوکاتە بەو ئاکامە گەیشتن کە نەخێر، جووڵانەوە بەڵام دیسان کورد وتنی "زیان لە نیوەدا بگرێتەوە قازا نجە،

دیتیان كه زۆرێك له وڵاتان لەگەڵ بایەخ و كولتووری رۆژئاوادا هاوڕا نین‌و هەرچی ئەم وڵاتانە پتر دەچنە بازاڕی زانیارییەوەو پتر له دنیای (indormatic) ئینفۆرفایك نزیك دەبێتەوە، پتر له رۆژئاواو بایەخەكانی دوور دەكەنەوە." بۆ هێزو گرووپە تیرۆریستییەكان له چەشنی القاعده تەقاندنەوەی ناوەندی بازرگانی جیهانی لوتكەی پێكدادانی لەگەڵ هێزی دۆژمن یان ركەبەردا بوو. بەڵام ئەوە بۆ رۆژئاوا بەتایبەت ئەمەریكا دەستپێك بوو كه شەڕێكی جیهانی به دوای خۆیدا هێناو پاش لەرزەكانیشی بەردەوام سووژەی نوسین‌و راگەیاندنی جیهانە كه سیاسەت، ئابووری، كولتووری شارستانییەت، دەزگا سەربازییەكان و... هتدی خستووەتە ژێر باندۆری خۆیەوە.

## نهێنییە پشتی پەردەكانی 11ی سێبتەمبر

لێرەدا پێویستە ئاوڕێكیش له هێندێ زانیاری بەڵگەمەندو پشتی پەردەی ئەو رووداوە بدینەوە كه دەتوانین بۆمان زۆر سەرنج ڕاكیش بن، زانیاری گەلێك كه رۆڵی پشتی پەردەی كۆمەڵە هێزێكی ئەمنییەتی، شوفاریمان بۆ ئاشكرا دەكەن، هێندێ سرویسی شوفاری له ئاراستەی سیاسەتێكی تایبەتیدا رۆڵیان دەلیزی.

دۆستایەتی ئەمەریكاو بن‌لادن‌و پێوەندییە نهێنییەكانیان بەپێ زانیاری "میشل شوسودۆفسكی"، "ژوئیەی 2001ی ز. ئوسامە بن‌لادن له نەخۆشخانەی ئەمەریكایی له دوبی، ئەماراتی یەكگرتووی عەرەبیدا. دوبی یەكێ له حەوت ئەمیرنشینی فیدارسیۆنی ئەماراتی یەكگرتووی عەرەبی له باكووری رۆژهەڵاتی ئەبوزەبی دایە. ئەم شارە، به 350 هەزار كەس حەشیمەتەوە، شوێنی چاوپێكەوتنی نهێنی ئوسامەبن‌لادن‌و مەئمووری نهێنی سیا له مانگی ژوئیەدا بوو. هاوكارێك له بەشی ئیداری نەخوشخانەی ئەمەریكایی دوبیدا ئیدیعا دەكات كه "دوژمنی ژمارەیەكی خەڵك" له 4 تا 14ی ژوئیەدا لەم نەخۆشخانەیەدا بوە. مەئمووری سیا لەوێ كه بۆ خەڵكێكی زۆر له دوبی سیمایەكی ناسراوی هەبوو، له حاڵی چوونە سەرەوە له ئاسانسوری سەرەكی نەخۆشخانە بۆ گەیشتن به دیوەكەی بن‌لادن، دیترابوو. ئەندامەكەی سیا (C.I.A) چەند رۆژ پاش گەڕانەوەی بن‌لادن بۆ (كویتە)ی [پاكستان]، بانگهێشتی ئیداری ناوەندی كرا.

گەڕانەوەی سەرلە نوێی بن‌لادن بۆ نەخۆشخانە له 10ی سێبتەمبردا، بەڵام ئەمجار به یارمەتی هاوپەیمانی ئەمەریكا واتە ( پاكستان ):

له 10ی سێبتەمبردا، واتە رۆژێك پێش هێرشە تێرۆریستییەكانی 11ی سێبتەمبر بۆ سەر ناوەندی بازرگانی جیهانی‌و پێنتاگۆن، ئوسامە بن‌لادن له یەكێ له نەخوشخانە سەربازوڵاتەكانی پاكستاندا خرایە ژێر دیالیزمی گورچیلەوە. ئیدارەی زانیاری نێوخۆیی هیزە چەكدارەكانی یاكستان به (C.I.A)ی وت كه بن‌لادن له راولپندی، له بنكەی ئەرتەشی پاكستاندا لەژێر دەواو دەرماندا بوو. پەرستارێك وتی كه بەشی (ئۆوێرۆلۆژی) نەخۆشخانە له كارمەندانی هەمیشەیی خۆی پاك كرایەوەو گرووپێكی دیكەی كارمەندی پزشكیی جیگاكەیانیان گرتەوە. به وتەی پەرەستارەكە كاری دەرمانی كەسێكی زۆر گرینگ له ئارادا بوو كه نەیاندەویست بناسرێ. "دەبێ ئەوەش وەبیربێنینەوە كه نەخۆشخانە راستەوخۆ له ژێر دەسەڵاتی هێزە سەربازییەكانی (inter services intelligence(isi) پاكستان دایە، كه پێوەندییەكی نزیكیان لەگەڵ پێنتاگۆندا هەیە". تا له بیرمان نەچوە پێویستە ئاماژەی پێ بكەن كه ریچارد ئارمیتاژیش یەكێ له بناخە دانەرانی پشتی پەردەی پاڵپشتی نهێنی ئەمەریكا له موجاهدینی ئەفغانستان‌و "بنكەی ئیسلامی خەباتكار" بوە، چ له دەورانی شەڕی ئەفغانستان‌و سۆڤییەت داو چ پاش ئەو شەڕە. ئارمیتاژ پرۆژەیەكی مەترسیدارو مافیایی داڕێشت كه باجەكەی بازرگانی مادە

هۆشبەرەکان، هیلالی زێڕین (The Golden Crescent) دابینی دەکرد. ئێستا لە بناخەدا گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، بەڵکوو بە جیگای بەشداری ئەمەریکا رەنگە هێزەکانی بریتانیا دەستێوەردانی تێدا بکەن.

لەم پێوەندییانەی نێوان (C.I.A)دا سێردیسی زانیاری (I.S.I) پاکستان بەردەوام بەشدار بوە، واتە هەر لە ساڵی 1989و پێشتریشەوە ساڵانە یارمەتییەکانی (C.I.A)و پێنتاگۆن بە موجاهدینی ئەفغان لە سەرووی هەموانەوە القاعدە رۆژ بە رۆژ زیاتری دەکرد. واتە ساڵانە 6/5 هەزار تۆن چەك و تەقەمەنی و تێدارۆکات لە رێگای (I.S.I)وە کە بە نهێنی دەگەیشتە بنکەی (I.S.I) پاکستان لە جاددەی راوڵپندی پاکستان. لەم ستادەدا کارناسانی (C.I.A) بەردەوام ئەفسەرانی زانیاری پاکستانیان دەدیت، تاکوو بتوانن پلان بۆ یارمەتی دانی عێراق داڕێژن. هەروەها پێویست بە ئاماژە پێکردنە کە (C.I.A) داوای لە (I.S.I) دەکرد کە یارمەتی هەمە لایەنەی موجاهدین بدات، بەتایبەت لە بواری پەروەردە کردنیان لەو پێوەندییەشدا یارمەتی لە عەرەبستانی سعوودیش وەردەگیراو هەر بەو یارمەتیانەش چەندین قوتابخانەی ئایینی دروست کران. بەپێ زانیاری گەلێك کە لە بەردەستدان مەبەست لە هاودەستیو هاوئاهەنگی (C.I.A)و (I.S.I) پاکستان، لە رێکخستن و تێدارۆك کردنی هێزە جیهادییەکانی ئەفغانەستاندا نە تەنیا لەناوبردنی دەوڵەتی کۆمۆنیستی "ببراك کارمل" کە لایەنگری یەکییەتی سۆڤیێت بوو، لە ئارادا بوو بەڵکوو ئەو هاوئاهەنگییە لە بەرنامەیدا بوو کە خۆدی یەکییەتی سۆڤیێتیش تێك برۆخێنێ و لە ناوی ببات. ئەوەیکە تاکوو ئێستاش بە زیرەکی (C.I.A) لە قەڵەم دەدرێ، ئەوە بوو کە خۆی بە فەرمی و راستەوخۆ نەچوە مەیدانی سات و سەوداکانەوە لەو پێوەندییەدا. "میلتن بردمن" (Milton Beardman) لە ئەندامی (C.I.A) ئێژێ:"ئێمە، عەرەبەکانمان پەروەردەو پشتیوانی نەدەکرد." بەڵام، بە وتەی "عەبدال منعم سعید علی"، لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتژیکی الاهرام لە قاهێرە، بنلادن و، "عەرەبە ئەفغانییەکان" لە ژێر چەتری "هەستیارترین چەشنی پەروەردەدا بوون کە (C.I.A) بۆیانی دابینکردبوو". هەروەها "بردمن" ئێژێ:"ئۆسامە بنلادن خۆی ئاگای لەوە نەبوو کە خەریکە بە سوودی ئەمەریکا رۆڵ دەگێڕێ. بە وتەی بنلادن لە زمانی بردمنەوە :"نە من نیشانەیەکم لە یارمەتی ئەمەریکا دیوە نە براکانم".

خراپ نیە لەو پێوەندییەشدا ئاماژەیەك بە بارودۆخی (I.S.I) پاکستان بکەین، یارمەتییەکانی ئەمەریکا بەو رێکخراوە گەیشتبووە ئاستێك کە (I.S.I) ببوو بە پێکهاتەیەکی هاوتەریب و بەهێزی دەوڵەتی پاکستان. (I.S.I) کارمەندو پیرسنلێکی لەبەردەستدابوو کە پێکهاتبوو لە باشترین ئەفسەرانی سەربازی و زانیاری، کارمەندانی ئیداری و مەئموورانو سێخوڕانی نهێنی کە دەگەیشتنە 150000 کەس. ئەم پشتیوانییەی (C.I.A) حکوومەتی سەربازیی ژنراڵ "چیاالحق"ی بەهێز کردبوو. لە راستیدا پێوەندییەکانی نێوان (C.I.A)و (I.S.I)ی پاکستان پاش وەلانانی "بێنەزیر بوتۆ" بە دەستی ژنراڵ "چیاو" هەردەم گەرمتر بوو. لە تەواوی دەورانی شەڕی ئەفغانستاندا، پاکستان، تەنانەت نەترسانەتر لە ئەمەریکا، دژ بە سۆڤیێت بوو، پێشتر باسمان لەوە کرد کە مەبەست لە ساز کردنی ئەو پێکهاتە ترسناکە تیرۆریستییە تەنیا ئەفغانستان و سۆڤیێت نەبوو، بەڵکوو درێژەدانی پرۆژە تیرۆریستییەکان لە هێندێ شوێنی دیکەدا بە کۆمەڵە ئامانج و مەبەستێکی دیکەوە ئێدی ببووە ستراتیژی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، واتە هەر بە هەمان شێوە کەڵك وەرگرتنی راستەوخۆ لە مکانیزمی تیرۆر ببووە سیاسەتێکی ستراتژیك لە سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامی ئێراندا. بۆ سەلماندنی ئەم راستیانەش دەتوانین ئاماژە بە چەند خاڵی گرینگ لەو پێوەندییەدا بکەین. هەر پاش هێرشەکەی سۆڤیێت بۆ سەر ئەفغانستان خێرا (چیاالحق) بەرپرسی (I.S.I) خۆی بۆ تێکدانی بارودۆخی وڵاتانی ئاسیای ناوەندی، سۆڤیێت بانگهێشت

کردەوە. (C.I.A)یش لە ئوکتوبری ساڵی 1984دا ئەم پلانەی پەسەند کرد. پاش تێکشکاندن و پاشەکشەی یەکییەتی سۆڤێیەت لە ئەفغانستان، دەزگای ترسناک و بەهێزی (I.S.I) دەزگای زانیاری ـ سەربازیی، کۆ نەکرایەوە بەڵام پێچەوانە پرۆژەکانی بە هاوکاریی (C.I.A) بۆ پشتیوانی کردن لە سیاسەتەکانی جیهادییەکانی ئیسلام لە دەرەوەی سنوورەکانی ئیسلامیشدا درێژەیاندا. واتە پرۆژەگەلێکی نوێ لە ئاسیای ناوەندی و قەفقازو بیاڤی بالکاندا کەوتنە گەڕ. هەر درێژەی ئەو پرۆژەو ئەو پاڵپشتیانە بوو کە القاعدەو بن لادنی گەیاندە نیویورک و واشنگتۆن، مادرید، لەندەن و...، بلاو کراوەی Jane Degenceweekly جەختی لە سەر دەکاتەوە کە "نیوەی هێزی مرۆیی و چەک و تەقەمەنی و... هتدی تالیبان لە ژێر چاوەدێری (I.S.I) پاکستاندا دابین دەکران.

هەر لە درێژەی ئەو پروسە ئیسلامیانەدا کە لە ژێر چاوەدێری و پاڵپشتی دەزگا شوفارییەکاندا بەرێوە دەچوو چەندین شۆڕشی دیکەی ئیسلامی توندڕەو بە دروشمی جودایی خوازیەوە لە کشمیری هیندوستاندا سەریان هەڵدا، یەک لەو حیزبانە "حزب المجاهدین مبارز جاموکشمیر" بوو."

پاش رووداوی کارەساتی 11ی سێپتەمبر کە بەشێک لە نێومرۆکی بابەتەکەی ئێمە لەخۆ دەگرێ، هەر جارو لایەنەنێک، وڵاتێک، گرووپ یان رێکخراوێک تاوانبار دەکرا، بەڵام کە راستوخۆ قامک خرایە سەر القاعدەو ئوسامە بن لادن، ئیدی تاوانبار کران، مەحکوم کران و سزا دران، وێکڕا رەوتێکی خێرایان گرتەبەرو ئاڵۆزی باڵی بەسەر دۆخی جیهاندا کێشا. بەڵام ئێستا کە چاولێدەکەین "میشل شوسودوفسکی" کۆمەڵە بیروڕایەکی هێناوەتە ئاراوە کە وەکوو بەشێکی زۆر لە بەڵگەو دیکیومێنتەکانی دیکە خۆی (C .I .A)و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تاوانبار دەکات. لە کردەوەی11ی سێپتەمبردا دەبنین ئەو هەزاران تۆنە تەقینەوەییە، ئەو سەروەت و سامانەی زۆرو زەوەندە، ئەو رێکارو مکانیزمانەی کە رۆژێ لە خزمەتی القاعدەو موجاهدین نرابوو، ئەمڕۆ ئاسایشی جیهانیی بە تەواوی تێکداوەو وڵاتە یەکگرتووەکان و رۆژئاوای بە گشتی خستوەتە تەنگانەوە. کە دەتوانین بێژین ئەو ستراتیژییە بوو کە جیهانی لە قەیرانی دووجەمسەری رزگار کرد. بە داخەوە کۆتایی بە شەڕی سارد هێنا، بەڵام جیهانی خستە کوورانی شەڕێکی جیهانی مەترسیدارەوە، واتە شەڕی جیهانی "تیرۆرو دژە تیرۆر".

هەر وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد ئەمەریکاو هاوپەیمانانی بە نێوی بەرەی دژەتێرۆرەوە شەڕیان دەکرد. بەڵام دەبنیین هەر لێرەدا بە پێی نووسراوەی لۆس انجلس تایمز (بە پێ سەرچاوەی گرووپی زانیاری پلەبەندی کراو) "دەوڵەتی" بیل کلینتۆن نەیدەتوانی ئیعتراف بەوە بکات کە بە مەبەستی وەرگرتنی چەک و تەقەمەنی لە ئێران لەگەڵ دەوڵەتی موسڵمانی سارایوودا دەستی داوە. ئەمەش رێبازێک بوو کە بە پێداگری "ئەنتونی‌لیک" (Anthony lake)، مودیری دەستنیشانکراوی (C .I .A)و (بەرپرسی کاتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی)و پیترگالبرایت (peter Galbraiteh)، باڵوێزی ئەمەریکا لە کرواسیدا لە ئاوریلی ساڵی 1994 لەلایەن بیل کلینتۆنەوە پەسەند کرا. لە راستیدا ئەو پرۆژەیەی ئەمەریکا لە پەرەسەندنی هەرچی زیاتری کارتێکەریی ئێران لە بۆسنیدا رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. لەم پرۆسەیەدا جگە لە چەک و تەقەمەنی و مەئموورانی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و عەواملی زانیاری "واواک"، (Vevak)، هەزاران کەس لە موجاهدینی دنیای ئیسلام رژانە ناو بۆسنیەوە. لەم کردەوەیەدا چەندین وڵاتی موسڵمانی دیکەش بەشداریان کرد، وەکوو (مالزی، پاکستان، عەرەبستانی سعوودی، سودان و تورکیە)و چەند رێکخراوێکی توندڕەوی ئیسلامی دیکە بەشدار بوون. هەروەها لە شەڕی مەقدونیەو کۆزۆڤۆدا هێزەکانی (K .L .I) ئەرتەشی ئازادییەخشی کۆزۆڤۆو (N. L. I) ئەرتەشی ئازادییەخشی مەقەدونیە بەشدار بوون و ئەو هێزانە لە بواری مادی و لۆجستیکییەوە لەلایەن ئەرتەشی

ئەمەریکاو هێزەکانی پاراستنی ئاشتی سەربە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و چەندین ڕێکخراوی ئیسلامی دیکە، وەکوو القاعدەو ئۆسامەبن لادنەوە دابین دەکرا. لەوێ موجاهدین بە ئاگاداری ئەمەریکاو هێزەکانی ناتۆ سەربازگیری دەکرد، بە مەبەستی شەڕ کردن لە ریزی (K .L .I) لە مەقدونیەدا. لەگەڵ ئەوەیدا کە ئەمەریکاو هاوپەیمانانی لە ئاستی دەزگا شوفارییەکاندا بە ئەوپەڕی تواناییەوە پاڵپشتی و تێدارۆکی لایەن و گرووپە تیرۆریستییەکانیان دەکرد. بەڵام 11ی سێپتەمبرو کارەساتەکانی وای نیشان دەدا کە تیرۆرو تیرۆریزم گەیشتوە بە لوتکەی خۆی و تەنانەت لە کۆنترۆڵی پاڵپشتەکانیان چوتەدەرەوە. هەر بۆیە ئەمجار دوو ئامانج کەوتنە نێو بەربژارەکانەوە:

1ـ ئەوەیکە لانیکەم ئەگەر لە رواڵەتیشدا بووبێ بە مەبەستی سەرکوت کردنی لایەنە تیرۆریستییەکان و تا ڕادەیەك لاواز بکرێن کە دیسان بکەنەوە ژێر کۆنترۆڵ و بەو جۆرەش بیروڕای جیهانیی بە قەناعەت بگات کە شەڕێك کە خۆدی تیرۆریزم هەڵیگرساندوە درێژمەودایە، بە سەرکۆتی ئەو لایەنانەی کۆتایی پێ بهێنرێ. هەر بۆیە لە پلانێکدا کە دەوڵەتی ئەمەریکا پەسەندی کرد، بڕیار درا تەواوی سروەت و سامانەکانی القاعدەو کەسانی سەربە القاعدە لە سەرەوەی هەموانەوە رێبەری ئەو گرووپە، واتە بن لادن بلوکە بکرێ. ئەو پرۆژەیە تا ڕادەیەك چووە پێشەوەو تەنانەت بە لێدانی ئەفغانستان و کۆنترۆڵی بنکەکانیان لە سودان و پێکهێنانی هاوپەیمانییەك بەو مەبەستەوە لە هەموو شوێنێك بۆ بەرەوڕوو بوونەوەی تیرۆریزم بەتایبەت القاعدە ئامادە باشێکی گورج راگەیەندرا.

لەگەڵ ئەوەیدا کە دەوڵەتی بوش بڕیاری لێدانی ئەفغانستانی دابوو ئەو بڕیارەش وەکوو پلانێك برایە کۆنگرەی ئەمەریکا. لە کۆنگرەی ئەمەریکادا، بە یەکدەنگی پشتیوانیان لە شەڕ کرد. هەروا کە پێشتر چەندجار باسمان کردوە، ئەوە بەرژەوەندییە کە لە سیاسەتدا قسەی سەرەکی دەکات. ئەمەریکاش بەو هۆیانەوە کە لە قۆناغەکانی پێشوودا خستمانە بەرباس ئاماژە پێدەکات کە ئێمە لە بەرامبەر یەکییەتی سۆڤێیەت و ئاژاوەگێرییەکانیدا بوو کە پشتیوانیمان لە رەوتە ئیسلامیەکان دەکرد، لەو پێوەندیەشدا سەرکەوتنمان بەدەست هێنا. ئەوەش لە راستیدا بە بەشێك لە سیاسەتی رێئال یان سیاسەتی واقعبینانەیە. بە پێ ئەو سیاسەتەو، ویڕای ئەوەیکە دەوڵەتی ئەمەریکا کەڵکی پێویستی لە موجاهدینی ئەفغان و بزوتنەوە ئیسلامیەکان وەرگرتبوو بەڵام کە کەوتە دژایەتە ئەو دەولەتانە، بڕیارنامەیەکی گرینگی چەسپاند کە بە بڕیارنامەیەکی مێژوویی ناوبانگی دەرکرد. بە پێ ئەو بڕیارنامە مێژووییە کە لە لایەن "ئەنجومەنی نوێنەران و سناوە" پەسەند کرا، سەرۆك کۆماری ئەمەریکا دەتوانێ لە هەموو هێزە پێویستەکان دژبە دەوڵەت، ڕێکخراو یان ئەو کەسانەی کە بە پێویست دەزانێ کەڵك وەرگرێ. واتە ئەوانەی کە دەستنیشان دەکرێن لە هێرشەکانی 11ی سێپتەمبردا بەشداریان کردوە، پلانرێژیان کردوە، پەسەندیان کردوە، یارمەتیان داوە، یان بەو ڕێکخراو و کەسانە ڕێوشوێنیان نیشان داوە تاکوو بەم چەشنە لە کردەوەکانی داهاتووی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی بە دەستی ئەو وڵات، ڕێکخراوو کەسانە دژبە وڵاتە یەکگرتووەکان پێشگیری بکرێ. واتە لێرەدا کردەوەکانی 11ی سێپتەمبری رێ خۆش دەکات بۆ گەیشتنی وڵاتە یەکگرتووەکان بە ئامانجەکانی. واتە لەم بڕیارنامەیەدا دوو ئیستراتیژی بە روونی دەکەونە بەرباس و دەبنە دوو ئیستراتیژی کە دوو جەمسەری فەرمی پێك دێنن. یەك ستراتیژی، ستراتیژی ئەمەریکایە کە بە ناوی ستراتیژی شەڕی دژە تیرۆر هاتووتە مەیدانەوەو لەلایەن زۆرێك لە وڵاتانی جیهانەوە پەسەندو پاڵپشتی کرا. بە راگەیاندنی ئەو ئیستراتیژییە یەکەم جرقەی شەڕی جیهانی سێهەم سەری هەڵداوەو ڕێزبەندییەکان دەستی پێکردەوە. وڵاتان دەستیان کرد بە تاوتوێکردنی ئیستراتیژییەکانیان و لە ماوەیەکی زۆر کورت و خێرادا هەڵوێستی خۆیان یەکلایی کردەوەو لە ئاکامدا بەرەی دژە تیرۆر بەسەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێکهات. دووهەم بەشێك لە وڵاتان مانەوە،

بەپێ ستراتیژیو راگەیاندنی بڕیاراتی دەوڵەتی ئەمەریکاش هەرکەس لەگەڵ ئەوان نەبێ دژیە ئەوان ئوتوماتیکی دەکەوتە بەرەی تیرۆرەوە. لەم نێوانەشدا بەشێکی زۆر لەو وڵاتانەش کە رەنگو بۆنی دژایەتیان لێ نیشتبوو ئەو وڵاتانە بوون کە لانیکەم کردەوە تیرۆریستییەکانیان مەحکوم کردبوو. ئەوە لەلایەكو لەلایەکی دیکەشەوە هەر بەشێك لە وڵاتان وەکۆماری ئیسلامی، عێراق، سوریەو.... لەگەڵ ئەوەیدا کردەوە تیرۆریستییەکەیان مەحکوم کردبوو کەچی بەپێ ئیدئۆلۆژیگەلێك کە بڕوایان پێکهێنابوو ئەمەریکایان بە تاوانبار لەقەڵەم دەداو ناراستەخۆش هێرشی ئەمەریکا بۆ ئەفغانستانیان بە مەحکوم دەزانی. هەر بۆیە ئەوانە دەکەوتنەوە بەرەی تیرۆرەوە کە لە نێو ئەوانیشدا چەند وڵاتێکیان بە تەوەری ئاژاوەیان تەوەری شەڕئاشۆبی ناودێر کرابوون. لەوانە کۆماری ئیسلامی ئێران، سوریە، لیبی، کووریای باکوور، عێراق، هەڵبەت پاش ئەوەیکە سەرهەنگ معمەر قەزافی رازی بوو کە پرۆژەی ئەتۆمییەکەی راگرێو تەواوی کەلو پەلەکەی بداتە ئاژانسو ئیزنی بێ مەرج بە پشکێنەران بدات کە شوێنە گومانلێکراوەکانی بپشکێنن، وڵاتەکەی لەو تەوەرە دەرهێنرا. لە راستیدا ئەو سیاسەتە واتە سیاسەتی ناساندنی تەوەری ئاژاوە، بەشێك لە سیاسەتی دەرەکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو. بەڵام هەر جار، لەژێر ناو وعینوانێکی دیکەدا. هەر بۆیە لەو پێوەندییەشدا "هێنری کەیسنجر" کە سەردەمێك وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو ئێژێ:

"نابێ سیاسەتی دەرەکیمان لەگەڵ کاروباری خێرخوازانەدا لێ تێك بچێ". بەپێ ئەم وتەیەی کەیسنجر، سیاسەت بە گشتیو سیاسەتی دەرەکی ساتو سەودای سیاسییە. واتە فاکتۆرێك دادەنی، فاکتۆرێك وەدەست دێنی. بەشێك لە سیاسەتی شاراوەیەو تەنانەت نابیەتە سەر کاغەزیش بەڵکوو تەنیا ساتو سەودایەکی کاتییە. ئەگینا گەر سەرنج بدەینە ئەم وتەیەی مونتسکیو کە ئێژێ:

"ئەگەر بزانم کردەوەیەك بە سودی وڵاتەکەمە بەڵام بە زیانی ئوروپایە، یان بە سودی ئوروپاو بە زیانی مرۆڤایەتییە، بێگومان ئەوە بە جینایەتێك دەزانم." بەڵام لە راستیدا ئەو بیرۆکەیە، بیرۆکەیەکی رووتی مرۆڤدوستانە بوو کە خێزگەکەی کۆمەڵە هەستێکی مرۆڤدۆستانە بوو کە بە پەرەسەندنو گەشەسەندنی هەستو بیری نەتەوایەتی نەتەوەخوازی لە سەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی کۆتایی بەم چەشنە بیرکردنەویە هێنرا. مەیدانی کێبڕکێ لەسەر نەتەوەخوازی پتر گەرم داهاتو حیزبو لایەنەکان کاتی هەڵبژاردنەکاندا بەشێکی زۆری بانگەوازو وتارەکانی خۆیان لەسەر نەتەوەو بەرژەوەندییەکانی چڕ دەکەنەوە. تەنانەت ئەگەرچی هەر ئەمڕۆش سیاسەتوانان بەردەوام جەخت لە سەر ئەوە دەکەونەوە کە دەبێ بایەخ بە رەوشتە ئینسانییەکان لە سیاسەتدا بدەن بەڵام دەبینین راگەیاندنیان لەگەڵ کردەوەیاندا لەو پێوەندیەدا یەك ناگرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەم چەشنە رێزدانەنانە بۆ رەوشت لە سیاسەتدا پێوەندی دەدرێ بە "ماکیاولی"یەوە. واتە ماکیاولی لەو بڕوایە دابوو هەوێنی کردەوەو چالاکی سیاسیی، دەستەبەر کردنیو پاراستنی هێزو دەسەڵاتە. ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە نێوەرۆکی شاراوەی سیاسەت بەرژەوەندی، هێز، دەسەڵاتو رازی کردنی خواستە گشتییەکانی نەتەوەو کۆمەڵگایە. کە وابوو زۆریش سەیر نییە بۆ سیاسەتوانانێك کە لە ئاستی نەتەوەییدا ساتو سەودای سیاسیی دەکەنو بەرژەوەندییە چوکەکان قوربانی بەرژەوەندی گەورەتر دەکەن. لە راستیدا بە گشتی سیاسەتوانانی رۆژئاواو بەتایبەت سیاسەتوانانی ئەمەریکایی ئەوە بە تەوەری بەرەو پێشەوە چوونی سیاسەت دەزانن، بڕوایان پێیەتیو پێشکەوتنیش لەوەدا دەبینن. هەر بۆیە زۆربەی ئامرازەکان بە رەوا دەزانن و ئەو پلانو گەڵاڵانەش کە پراکتیزەی دەکەن لە سەر ئەو

بنەمایەیەو پەیماننامەو هاوپەیمانیەکانیشیان لەگەڵ دەزگاگەلێك لە چەشنی (I.S.I) دەزگای زانیاری پاکستان، لەو تەوەرە دایە.

بە بڕوای میشل شوسودوفسکی:"11ی سێپتەمبر بەرهەمی بەشێك لە سیاسەتی ماکیاولیانەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو. ئەگەر سەرنجمان دابێ هەر دوو ڕۆژ پێش ئەوەی کە هێرشە تیرۆریستییەکانی 11ی سێپتەمبر بە ئاکام بگەن، فەرماندەری بەرەی باکوور لە ئەفغانستان "ئەحمەد شاە مەسعوود" کوژراو بەرەی باکوور لە راگەیاندراوێکدا تیرۆری ژنراڵ ئەحمەد شاە مەسعوودی خستە ئەستۆی تەوەری ئای. ئێس. ئای (I.S.I)ـ ئۆسامە بن لادن ـ تاڵەبان. کوژرانی ئەحمەد شاە مەسعوود کە لە حکومەتی ئێران نزیك بوو و هەوڵی دەدا کە دەسەڵاتێك لە چەشنی دەسەڵاتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتەدا جێگیر بکات، بۆیە ناچار کەوتە بەر تیغی هاوپەیمانانی نهێنییەوە. بەپێ زانیاری تەنانەت ئەحمەد شا مەسعوودو دوو ڕۆژ پێش بەڵێنی هاوکاری بە (I.S.I) پاکستاندا بوو."

پاش ئەو تیرۆرە، دانیشتنی ژنراڵ مەحموود ئەحمەد سەرۆکی (I.S.I) پاکستان و ریچارد ئارمیتاژ لە پشتی درگا داخراوەکانی وەزارەتی دەرەوەی لە ڕێکەوتی 13ی سێپتەمبردا لە دوو تۆیی ناڕوونیدا مایەوە. لەوێدا تەنیا ئەوە روونە ریچارد ئارمیتاژ ریزێك لەو کارو کردەوانەی کە دەبێ بە ئەنجام بگەن بە مەحموود ئەحمەد پێشکەش کرد. پاش کۆمەڵێك موناقشەی دوورو درێژو زەنجیرە کۆبوونەوەیەك بەو ئاکامە گەیشتن کە ژنراڵ مەحموود ئەحمەد سەرۆکی دەزگا شوفاری پاکستان بنێرنە ئەفغانستان، ژنراڵ مەحموود وەکوو نێردراوی ئەمەریکاو بە پێداگری ئەمەریکا لە سەرفەرێکدا چوە قەندهارو بە راشکاوانە داخوازییەکانی تەسلیم بە بەرپرسانی ئەفغان کرد. واتە مەحموود ئەحمەد بە مەلامحەممەد عوممەر رێبەری تاڵبانی گوت کە بێ مەرج رێبەری القاعدە واتە ئۆسامەبن لادن تەسلیمی ئەمەریکا بکەن، لە غەیری ئەوەشدا بە چەشنێك دەکەوتە شەڕەوە لەگەڵ ئەمەریکا هاوپەیمانانیدا. دانیشتنەکان بەو مەبەستە دوو جاری خایاندو پاش هەردوو جارەکە ئاکامەکان بە نەرێنی وەڵام درایەوە. بە هەرحاڵ ئەگەر لێرەشدا وای دبنێین کە ئەمەریکا لە بیانوو بوو بەڵام بە هەرحاڵ دەکرا بە تەحویلدانەوەی ئۆسامە بن لادن پێش بە بەشێك لە کێشەکان بگیردرایە. واتە لانیکەم دەستێوەردانی سەربازیی و هێرشی هاوپەیمانی بۆسەر ئەفغانستان رووی نەدەدا، ئەوە بوو داخوازی ئەمەریکا بۆ لێنەدانی ئەفغانستان.

پاش ئەو چەشنە وڵامدانەوەیەی تاڵەبان، بەرپرسانی باڵای پێنتاگۆن و وەزارەتی دەرەوە بۆ تاوتوێکردنی پرۆگرامەکانی هێرشی ئەمەریکا روویان کردە پاکستان. و رۆژی یەکشەمە، 7ی ئۆکتۆبری 2001 هێرشەکانی هێزی ئاسمانی ئەمەریکا بۆسەر ئەفغانستان دەستی پێکردو شەڕ تا روخانی رێژیمی تاڵەبان درێژەی کێشا. لە راستیدا لە شەڕی تیرۆریزم کە خێزگەکەی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاواو جوڵانەوە دژەبەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ئیسلامییە، هەر وەك باسمان کرد 11ی سێپتەمبر کاتالیزۆری گۆڕانەکان و خاڵی وەرچەرخانی سەردەمی نوێ بەتایبەت بۆ رۆژئاواییەکان لە سەرەوەی ئەوانەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو. لە وەها شەڕێکدا بوو کە ئەمەریکا لە تەك هاوپەیمانانیدا بەهێز هاتبوە مەیدان و بەو چەشنە کە بەراوەرد دەکرا، هێزی هاوپەیمانان، بەتایبەتی ئەمەریکا لە ئاستێکدا بوو کە دەیتوانی شەڕی زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی لە ناوچەکەدا بکات و سەرکەوتووش بێ، چونکی ئەوان هەموو ئەگەرەکانیان لەبەرچاو گرتبوو. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سێبەری سیاسەتی دوو پێوانەیی (Double Standard)، واتە پراکیزە کردن و جێبەجێ کردنی ستراتیژی نەتەوەیی لە سەر بنەمای سیاسەتی دوو تەوەریی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی لە تەواوی جیهاندا بەڕێوە دەبات. لەو نێوانەشدا

ولاَتانی رۆژهەلاَتی نێوەڕاست تایبەتیترین. مەبەست لەم سیاسەتەش ئەوەیە کە ئەمەریکا بەپێ بەرژەوەندی‌و خواست‌و ویست‌و پێداویستییە ئابووری‌و سیاسی‌و ستراتیژییەکانی خۆی مامەڵە لەگەڵ هەڵوێست، قەیران، تەنگەژە، رووداو، پرسەکاندا دەکات. ئەوەش لە باسی بەرژەوەندی نەتەوەیی‌دا بە وردی باسی لەسەر کراوەو لەوێدا دەخرێتە ژێر تیشکەوە. واتە رووی راستەقینەی سیاسەت، گەیشتنە بە بەرژەوەندی، رووی راستەقینەی ئەو بەرژەوەندییەش کە ئەمەریکا دەیهەوێ تەنیاو تاک بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیەتی، واتە بەرژەوەندی ولاَتە یەکگرتووەکان، هەر بۆیە ئیستراتیژی سیاسەتی دەرەوەش لەسەر بنەمای ئاسایشی نەتەوەیی‌و بەرژەوەندی نەتەوەیی داڕشتوەو پێناسەکانیشی بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی جۆراوجۆرن، بەلاَم کۆی پێناسەکان دەگەڕێنەوە بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی‌و ئاسایشی نەتەوەیی ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. کە وابوو ئەوەی سیاسەتی فەرمی ولاَتە یەکگرتووەکان لە کات‌و شوێنێکدا بە خراپ‌و شەڕ، لە کات‌و شوێنێکدا بە چاک‌و خێری دادەنێ، ئەوەیکە لە شوێنێکدا بە ڕەوا، لە شوێنێکی دیکەدا بە ناڕەوا، بۆ لایەنێك بە تیرۆر، بۆ لایەنێك بە بەرگریی‌و.... هتد، ئەوانە هەموو خێزگەکانیان ئاسایشی نەتەوەیی‌و بەرژەوەندی نەتەوەیین.

پاش شەڕی ئەفغانستان سیاسەتوانانی ئەمەریکایی بەو ئاگامە گەیشتن کە تاکوو ئێستا سیاسەتەکانیان بە هەڵە داڕشتووە، واتە پشتیوانیان لە دەسەلاَتە خۆسەپێن‌و نادیمۆکراتیکەکان ببوە هۆی ئەوەیکە دژایەتییەکی زۆرو زەوەند لە دنیای دەرەوە بەرەو ڕووی سیاسەتی دەرەکی ئەو ولاَتە ببێتەوە. بەلاَم پاش ئەو زەبرە کاریگەرەی 11ی سێپتەمبرو لێدانی ئەفغانستان‌و ئاوەردانەوەیەك لە زۆربەی ولاَتانی دیکتاتۆر لێدراو بەو ئاکامە گەیشتن کە نەبوونی دیمۆکراسی‌و دەستاو دەست کردنی ئاشتیانەی دەسەلاَت‌و دەستەبەر نەکردنی فەزایەکی ئازادو کراوە بۆ رخنەو پراکیزە کردنی تەواوی مافە رەواکانی مرۆڤ و خەساندنی ئۆپۆزسیۆن، سەرکوتی جودا بیران، ئازادیخوازان‌و ئاوەردانەوە لە سیستمە ئابووری، کۆمەلاَیەتی‌و کولتوورییەکان‌و گرتنی هەر چەشنە شوێنێکی هەناسەکیشان بوتە هۆی خێزران‌و سەرهەڵدانی توندوتیژی‌و بەردەوام سەرچاوەیەك بوە بۆ هزری دواکەوتوانەو فێندەمنتاڵ، ئەوەش کاریگەرترین فاکتۆر بوە بۆ پەرەسەندن‌و گەشە کردنی بیری تیرۆریستی لە رۆژهەلاَتی نێوەڕاستداو بەپێ لێکۆڵینەوەیەك کە کراوە ئەمانەش ناڕاستەخۆ کایگەرییان هەبوە لە کارەساتەکانی 11ی سێپتەمبری 2001دا.

جیگای سەرنج‌و سەرسووڕمانە کە لەو هێرشانەدا هەر چەندە پتر دەچینە پێشەوە، پتر پێوەندی‌و دەستی لایەنە جۆربەجۆرەکانی تێدا دەردەکەوێ. بۆ وێنە باس لەوە دەکرێ کە تەنانەت لەو کارەساتەدا دەستی (I.S.I) پاکستانیش کەوتۆتە روو. پاش لێدانی ئەفغانستان خێرا سەرتیپ مەحموود ئەحمەد نەقڵ کراو کارێکی دیکەی پێ ئەسپێردرا پاشان هێندێ راپۆرت بلاَو کرانەوە کە باسیان لەوە دەکرد کە سەرتیپ مەحموود ئەحمەد لەگەڵ محمد ئەتا "سەر حەڵقەی" گریمانەیی هێرش بۆسەر ناوەندی بازرگانی جیهانی وەدەر دەخست. بەپێ راپۆرتێك لە "تایمزی هێندوستان" دەردەکەوێ کە مەحموود ئەحمەد پاش هێرشەکانی ولاَتە یەکگرتووەکان بۆسەر ئەفغانستان، داوای خانەنشینی کرد. بەلاَم سەرچاوە بالاَکان رۆژی 3 شەمەی 9ی ئوکتۆبر جەختیان لەسەر کردەوە کە ژنراڵ محموود ئەحمەد لەبەر ئەوەی کە پێوەندی لەگەڵ یەکێ لە تیرۆریستە خۆکوژەکانی 11ی سێپتەمبردا بوە، ناچار کراوە خۆ بکێشێتە کەنارەوە، هەر بەپێ ئەو سەرچاوەیە بەرپرسانی ئەمەریکایی پاش پشت راست کردنەوەی ئەم هەواڵە کە "احمد شیخ بنا" بە بڕیاری ژنراڵ محموود رادەی سەد هەزار دۆلاری لە پاکستانەوە تلگرافی بۆ مەحموود ئەتا، رفێنەی فرۆکەکانی 11ی سێپتەمبری نارد، داوای لەسەر لادانی ژنراڵیان کرد. دیارە لەو نێوانەشدا

دەزگای شوفاری هیندییەکانیش رۆڵێکی زۆری گێڕا. بۆ وێنە رەقەم موبایلەکەی احمد عمر شیخ بنادرا بە (F.B.I)و ئەوەش لە شوێنکەوتن و سەکاندی ئەم پێوەندییەدا دەورێکی باشی هەبوو.

پاش ئاشکرا بوونی پێوەندی نێوان مەحموود ئەحمەدو 11ی سێبتەمبر، وێدەچوو ئەو پێوەندییە لە نێوان (I.S.I)و 11ی سێبتەمبردا بووبێ. هەر بۆیە بەو رەوانگەوە چاوەڕوان دەکرا کە گیرو کێشەی زۆر بنێتەوە. بە پێ فایلەکانی (F.B.I) محەمەد ئەتا رفێنەری یەکەمین جێتی نەفەر هەڵگربوو و داینابوو خۆی بە ناوەندی بازرگانی جیهانیدا بکێشێ و لە رواڵەتیشدا پیلانرێژی سەرەکی بوو. وتارەکەی تامیزی هێندیش را پۆرتی فەرمی دەوڵەتی هێند بوو کە هەواڵدەری فرانس پریس (AFP) پەسەندی کردوە. هەروەها تامیزی هێند ئاماژە پێدەکات کە نێوەرۆکی "چالاکەییە کارییەکانی" ناوبراو حەوتوویەك پێش 11ی سێبتەمبر، روون دەکاتەوە کە پێوەندییەکانی (I.S.I) لەگەڵ محەممەد ئەتا لە ئەمەریکادا، لە حەوتوویەك "پێش " هێرش بۆ سەر ناوەندی بازرگانی جیهانییەوە گومان و دڕدۆنگییەکی روون پێك دێنێ. واتە ئەم رووداوە کاتێ روویدا کە ژنراڵ مەحموودو وەفدێکی هاوڕێی بۆ "دیتنی ئاسایی راوێژکاری" لەگەڵ بەرپرسانی ئەمەریکاییدا بوون. لە بیریشمان بێ کە مەحموود ئەحمەد رۆژی 4ی سێبتەمبر گەیشتە ئەمەریکا. بەڵام بە پێ ئەو پێوەندییە دۆستایەتییە لەمێژینانەی نێوان ئەمەریکا-پاکستان، چ لە بواری تاکتیکی و چ لە بواری ئیستراتیژیکییەوە ئەمەریکاو بوش دیسان پێداگرییان لەسەر هاوکاری پاکستان لە شەڕی دژە تیرۆر بەتایبەت ئەفغانستاندا دەکرد. بوش لەم شەڕەدا دەوڵەتی پاکستانی بە باسکێکی بەهێز دانا. چونکی نهێنییەکی ئێجگار زۆر لەژێر دەستی دەوڵەتی پاکستان و (I.S.I)دا بوو و رۆژێك بە خستنە رووی دەیانتوانی بەرەی ئەمەریکاییەکان بخەنە سەر ئاو. بۆ وێنە بە پێ حەوتوونامەی "جین دیفنس (june Defenceweekly)" کاتی خۆی نێوەی هێزی رۆیی و چەك و تەقەمەنی تاڵەبان لە پاکستانەوە لەژێر چاوەدێری (I.S.I)وە دەستەبەر دەکرێ، (I.S.I) یش بە نۆبەی خۆی لەلایەن ئەمەریکاوە پشتیوانی دەکرا. ئەوەش رەوتێکی ئاساییە کە دەزگای شوفاری وڵاتان زۆر جار پرۆژەو پلانگەلێك پراکتیزە دەکەن کە وڵات و دەوڵەتەکانیان لێ ئاگادار نین و جودا لەوەش زۆر جاران هاوکاری دەزگای شوفاری وڵاتان راستەوخۆ پلان و پرۆژەی دەوڵەتی لە پیشتەوەیەو هاوبەرژەوەندی بوون و هاو ئیستراتیژی بوون هۆکاری هاوکاری کردنەکەیە. هەر بە پێ ئەو هاوستراتژی بوونەی کە باسمان کرد دەتوانین ئاماژە بە پلانی کوشتنی د. عبدالرحمان قاسملوو و سات و سەوداکانی دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتی ئوتریش لە ئاستی ئابووریدا بکەین، کە لەبەر سەوداگەریی هەر دوو وڵات و موعاملە نایاساییەکان لە چەشنی چەك فروشتنی دەوڵەتی ڤیەن بە کۆماری ئیسلامی ئێران لە حاڵێکدا کە ئەو کردەوەیە دژایەتی هەبوو لەگەڵ بڕیارنامەی قەدەغە کردنی چەك فروشتن بە دوو دەوڵەتی لە حالی شەڕدا.

## شەڕی پاش 11ی سێبتەمبرو نهێنییەکانی

هەر وەك دەزانین پاش چەند کاتژمێر لە رووداوەکانی 11ی سێبتەمبر ژمارەی پێچەوانە دیاریکرا بۆ دەسەڵاتدارانی ئەفغان تاکوو مل بە خواستەکانی ئەمەریکا بدەن و لەوانە ئۆسامە بن لادن رێبەری رێکخراوی تیرۆریستی القاعدە تەسلیم بکەن. بەڵام دەوڵەتی ئیسلامی تاڵەبان هیچ وڵامێکی ئەرێنی بەو داخوازیانە نەدایەوەو لە ئاکامدا ئەفغانستان کەوتە بەر هێرشی قورسی ئەمەریکاو هاوپەیمانانی. ئەوەیکە لێرەدا جێ باسە نهێنی و پشتی پەردەکانی ئەو رووداوە بوو، کە لایەنێکی زۆرتری ئەو شەڕەیان پێك دەهێنا. دیارە بۆ زۆربەیان روونە کە شەڕێك کە

لەلایەن ولاَتێك وەکوو ولاَتە یەكگرتووەکانی ئەمەریکاوە بەرێوە دەچێ، هەموو ڕەهەندە ئابووری، سیاسی، سەربازیو....کانی لێکدەدرێتەوە و پاش پلانو پرۆژە دانانی ورد دەکەوێتە قۆناغی پراکتیکەوە.
شەڕی دژە تیرۆریزم کە 11ی سێپتەمبر کاتالیزۆری بوو، شەڕێکی بە تەواوی مۆدێڕنو سیستماتیك بوو کە بە "شەڕی نوێی" ئەمەریکا ناوبانگی دەرکرد. لە هەزارەی سێهەمدا کۆمەڵە فاکتۆرێك هاتنە ئاراوە کە تا رادەیەك هەڕەشە بوون بۆسەر ئاسایشی ئابووریو تەك هێزی ولاَتە یەكگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی. هێرشی سەربازیی بە رێبەری ولاَتە یەكگرتووەکانی ئەمەریکا، دژکردەوەو ولاَمێکە لە بەرامبەر گەورە کۆمپانیا نەوتییە ئەمەریکایی ـ بریتانیاییەکاندا کە لەگەڵ "پێنج گەورە" بەرهەمهێنەری چەكو تەقەمەنی ئەمەریکادا بە ناوەکانی لاکهید مارتین (Lockheed Mortin)، ریسۆن (Roytheon)، نورس رۆپ گرۆمان ( Northrop Grumman)، بۆئینگ (Boeing)و جنراڵ داینمیکز (General Dynawicz). یەکیەتییەکیان پێك هێنا بوو، ئەو یەکیەتییە خەریك بوو هەم بەرژەوەندی نەتەوەییو هەم بەرژەوەندی دەوڵەتی ئەو دوو زلهێزەی دەخستە مەترسیەوە. تێکەڵ کردنی کۆمپانیای نەوتی بریتیش پترۆلیۆم ((British Petoleum (BP)و کۆمپانیای گەورەی نەوتی ئەمەریکایی هالیبرتن(Holibirtn) لەپێوەندی لە گەڵ ئەو پرۆەیەی ئەمەریکاو بریتانیا دایە. بەپێ بەڵگەیەك بەرپرسانی باڵای ئەمەریکا [لە رەوتی دانشتنی گرووپی پێوەندی نێونەتەوەیی لەژێر چاوەدێری نەتەوە یەكگرتووەکاندا، لەمەڕ ئەفغانستان لە نێوەڕاستەکانی ژوئییەی ساڵی 2001دا] بە [نایك] وەزیری دەرەوەی پاکستانیان وت کە عەمەلیاتی دژبە ئەفغانستان لە نێوەڕاستەکانی ئوکتۆبری [ساڵی 2001]دا بەرێوە دەچێ. بە وتەی [نایك] مەبەستی سەرەکی لەناوبردنی رێژیمی تاڵەبانە. ناوبراو گوتی کە پاش هێرشەکانی 11ی سێپتەمبر بۆ سەر ناوەندی بازرگانی جیهانی، ئەم پلانە لە ماوەی دوو تا سێ حەوتوودا بەرێوە دەچێ. کە وابوو گومانم بوو کە تەنانەت بە تەسلیم کردنەوەی بنلادن لەلایەن تاڵەبانەوە ئەمەریکا لە خێری پلانەکەی نەدەگوزەرا. چونکی مەبەستی سەرەکی ئەوان دیتنەوەی دەروازیەك بوو بە مەبەستی هاتنە ژوورەوەیەکی بەهێزتر بۆ کەنداوی فارسو رۆژهەلاَتی نێوەڕاست. ئێستا کە باشترین بیانوو بە دەستەوە بوو باشترین گەلاَڵە رێژی لەسەر ئەو بیانووە دەکرا. ئەمەریکاییەکان لە رێگای دامو دەزگاکانی راگەیاندراوە کە باشترین مکانیزم بۆ بانگەشە کردن بۆ سیاسەتەکانیان بوو توانیان لانی زۆری خەڵکەکەیان بە قەناعەت بگەیەنن کە ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە هەرکات چاوەڕوانی گەورەترین قەیران و کارەسات دەکەین.

گەیشتنی دەستی تیرۆریزم بە هێمنــترین شوێنی جیهانو خوڵقاندنی کارەساتێك لە چەشنی هێرش بۆسەر ناوەندی بازرگانی جیهانیو پێنتاگۆن کە هەر لە کاتژمێری یەکەمدا نزیك 2992 قوربانی لێ کەوتەوە، دەیتوانی بۆ خەڵکێك کە لە ئەوپەڕی بەختەوەریو هێمنیدا دەژین لە رادەبەدەر تۆقێنەر بێ. لە درێژەی ئەو پلانەدا، سیاسەتوانانی ئەمەریکایی هەوڵیاندا بە خەڵکەکەیان بقەبوڵێنن کە ئەگەر ئەمەریکاو خۆرئاوا تاکوو پێش کارەسانی 11ی سێپتەمبر بە پاڵپشتی تکنۆلۆژی مودێڕن دوور دەستی سنوورەکانیان لە عەمەلیاتەکانی القاعدەو هاوشێوەکانیان پاراستبوو ئەمڕۆ ئیدی ئەو زەنگە بێدارییە هەموو ئەو خەونە بەتاڵانەی لەناو بردو ئەمڕۆ ئیدی تیرۆریزمی جیهانیش دەستی بە تکنۆلۆژی مۆدێڕنو ئەمڕۆیی گەیشتووەو بەرهەم هێنەرانی ئەو تەکنۆلۆژییە مودێڕنەش ناتوانن لە هەڕەشەکانیان پارێزراو بن. هەر ئێستاش پاش تێپەڕبوونی پتر لە 5 ساڵ بەسەر ئەو مەرگە ساتانەدا، بەردەوام پێخۆری مێدیاو دەزگا راگەیاندنەکانی دیکەیە. بەردەوام باس لە تۆقێنەریو مەترسیداری ئەو

کردەوەو هاوشێوەکانی دەکرێ. ئاستی کاریگەریی تۆقێنەرانەی ئەو کردەوانە بە چەشنێك بوو کە مەترسیو هەڕەشەکانی بۆمبی ئەتۆمی چەندقات بردە سەرەوەتر. بەشێك لە ولاتان کە دەوڵەتگەلێکی یاغیو دیکتاتۆر حۆکمڕانیان دەکردن، خەریکی چالاکی ئەتۆمی بە مەبەستی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی بوون، هەر خێرا خرانە بازنەی سنوورەوە چاوەدێری وردو چڕکەوتە سەریان.

لەلایەکیترەوە ئەو رووداوانە کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر بازاڕی ئابووری ولاتە یەکگرتووەکان دانا، بە چەشنێك کە بەشێك لە راوبۆچوونەکان بەو ئاراستەیەدا دەڕویشتن کە ئەو کردەوانە رەنگە پیلانێك بووبن لەلایەن دەزگا شوفارییەکانی ئورووپاوە بە مەبەستی گەڕاندنەوەی بەشێك لە سەرمایەکان بۆ ئورووپا کە چ راست بووبێ چ ناڕاست، دەبێ بێژین کە بەشێك لە گەورە سەرمایەدارەکان ئەو ترسەیان لێ نیشتو روویان کردەوە ژێر چەتری ئاسایشی ئورووپا بەلام ئەوەش گشتگیر نەبوو. هەر لەو پێوندییەدا راپۆرتێك ئاماژە بەوە دەکات کە بازاڕی نێوخۆیی ولاتە یەکگرتووەکان تووشی راکێشانێکی چاوەڕوان نەکراو بوو. واتە هەر پاش رووداوەکە بازاڕی بورسی نیویۆرك (14٪) دابەزی، کە ئەمەش گەورەترین دابەزین لە بازاڕی بورسی ئەمەریکادا بوو پاش سییەکانی سەدەی بیستەم کە ئابووری زانانیش ئەمە دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی متمانەی وەبەرهێنان لەو ولاتەدا. لەلایەکیتریشەوە ئەو رووداوە بوە هۆی بەرز بوونەوەی داهاتی کۆمەڵەی کۆمپانیاو توێژی دیاریکراو وەکوو کۆمپانیاکانی دروست کردنی چەكو تەقەمەنی. هەروەها مووچەی ژنراڵو سەربازەکان تا ڕادەیەکی زۆر هەڵکشا، بۆ وێنە مووچەی سالانەی ژنراڵێك گەیشتە 175 هەزار دولارو هی سەربازێك 25 هەزار دۆلارو لە ئاکامدا بووجەی سیستمی لە 154 میلیارد دۆلارەوە گەیشتە 269 میلیارد دۆلار. هەر بۆیە پاش ئەو ئامادەگییە سەربازییەی ولاتە یەکگرتووەکان کۆنگرسیی ئەمەریکا بڕیارێکی نوێی دەرکرد کە دژی هەموو دەوڵەتە غەیرە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا بوو، بەتایبەت ئەوانەی کە بە چەشنێك پێوەندییان بە کارو کردەوە تیرۆریستییەکانەوە بوو، چ لە بواری تێوریداو چ لە ئاستی کردەوەدا، هەر بەو جۆرەی پێشتر باسمان کرد بەشێکیان خرانە تەوەری شەیتانییەوە. پاشان جورج بوش سەرۆك کۆماری ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پاش رووداوەکە لە زەنجیرە وتارێکدا بەڵێنی تۆڵە سەندنەوەوی بە هاوولاتیانی داو بەلێنی تێکشکانی تیرۆریستانی دا، خەڵکی جیهانی هەر جارە چاوەڕوانی شەڕێکی دەکرد کە دیار نەبوو کەی دەست پێدەکات. هەر جارە وتارێك هەڵدەبژێردراو پەسەندترین ناو بوو بە "شەڕی پیرۆز"و "داپەروەری"و "شەڕ"و "نادا پەروەری". لە وتارێکیدا ئاماژەی پێکرد کە ئێمە تووشی شەڕێك بووین کە پێناسە هەڵناگرێ، شەڕێك کە رەهەندەکانی روون نین، سنوورەکانی دیاری نەکراون، دوژمنێك کە فۆرمو پێناسەیەکی دیاریکراوی نیە. شەڕو دۆژمنێك کە دژبە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاتۆتە مەیدانەوە، کە وابوو ئێمە لەمەو بەدوا، لە دۆخی شەڕ داین، هەر بۆیە ستراتیژی ئەو ولاتە لەسەر بنەمای ئاسایشی نەتەوەیی دارێژرایەوە، ستراتیژی سیاسەتی دەرەکییەکەشی بە ناوی "شەڕی دژە تیرۆر"ەوە (WAR ACAINST TEEROR)، لەو کاتانەدا بوو کە لیستەی تیرۆری ئەو ولاتە پەرەی ئەستاند بەشێکی زۆر لەو ولاتانی دوژمنو نەیار، گرووپو حیزبو بزوتنەوەکان کەوتنە نیو ئەو لیستەوەو ئەو لیستەیەش بەردەوام بەپێی سەروخواری سیاسەتەکانی ئەمەریکا گۆڕانکاری بەسەردا دەهاتو کەمو زیادی دەکرد. شەڕی ئەمەریکا دژ بە تیرۆر لێدانی حکومەتی ئیسلامی ئەفغانستان تەنیا لەم قۆناغەدا دەروازەیەکی رەوای بۆ شەڕی ئەمەریکا دژ بە تیرۆرو کردەوە. دەبوا پاش لەناو چوونی حکوومەتی تالەبان وەکوو سەرەکەترین پێگەی تیرۆریستان لەو قۆناغەدا، ئەمەریکا نەختێ لە گرژییە سەربازییەکەی لە ناوچەکەدا کەم بکردایاتەوە کە چی ئەو بۆچوونە بە تەواوی پێچەوانە دەرچوو، واتە بە لێدانی

تاڵەبان ئەمەریکا بە فەرمی بە حوزوری سەربازیی هاتە ناوچەکەو تیۆری "گەڕان بە دوای دوژمندا"ی شوێنگیری کرد. پاش داڕشتنی ئەو تیۆرییە بۆ پراکتیزە کردنی دەبوا ڕێکارێکی بهێنایاتە ئاراوە، بۆ ئەو مەبەستەش تیۆری داڕێژەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تیۆری "لێدانی پێشوەخت" یان هێنایە مەیدانی کردەوەوە. داڕشتنی ئەم تیۆریەش بەم چەشنە بوو کە ئەمەریکا بەردەوام لە ڕێگای ناوەندە لێکۆڵینەوەییەکانیەوە بارودۆخی سیاسی ـ سەربازی‌و تەنانەت ئابووری جیهانیان دەخستە ژێر چاوەدێری‌و هەرکات بیانزانیبایە کە ڕەگەزو خاڵەکانی مەترسی بۆسەر ئاسایشی نێونەتەوەیی‌و وڵاتە یەکگرتووەکان خەریکە لە وڵاتێکدا کۆببێتەوە ئەو وڵاتە دەستبەجێ دەکەوتە بازنەی سوورەوەو دەکەوتە ژێر تیشکی چاوەدێری ئاسایشی وردی وڵاتە یەکگرتووەکان، هاوکات لەگەڵ کۆنترۆڵ کردنی، ستراتیژییە سیاسیی ئابووری سەربازییەکان دەکەوتنە بیری گۆڕان‌و یان لەناو بردنی دەسەڵاتەکەی. ئەوەش بەو مەبەستە بوو کە نەگاتە پلەی هەڕەشە کردن لە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی. لەم قۆناغەشدا ڕەنگە پێکدادانەکان بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی ئێران ببنەوە.

بە ڕای سیاسەتوانان گرنگترین قۆناغی شەڕی دژە تیرۆر ڕووبەڕوو بوونەوەی سەربازییە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا. لێدانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە واتای لێدانی پشتی بەرەی تئۆریکی، لۆجستیکی تێداڕۆکاتی‌و ماڵی بەرەی تیرۆرە، ئەو بۆچوونە ئێستا زەقترین بۆچوونە لەنێو سیاسەتوانانی ئەمەریکایی بەتایبەت کۆماری خوازەکان‌و لەنێو ئەوانیشدا نیۆکانیستەکان، واتە موحافزەکارەنوێیەکاندا. بۆ سەکاندنی ئەم بۆچوونە دەتوانین ئاماژە بە وتەیەکی ڕاشکاوانەی سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، جورج W بوش بکەین کە وتی:

"شیعە توندڕەوەکان بەسەر ئێراندا زاڵ بوون‌و لەوانەیە بە چەکی کۆکوژیش هەڕەشە لە جیهان بکەن." ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین ئەم بۆچوونە دەتوانێ کۆماری ئیسلامی لە لایەك بخاتە نێو پرۆژەی "گەڕان بە دوای دوژمندا"و پاشانیش بە چاوەدێری کردنی لە قۆناغی دووهەمدا بە مەبەستی ڕاگرتنی ئەو حکوومەتە پەنا ببەنە بەر سیاسەتی "لێدانی پێشوەخت". کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەن کۆمەڵگای جیهانی بە گشتی‌و ئەمریکا بەتایبەتییەوە بە دەوڵەتێکی ناسازگارو نەگونجاو لەگەڵ سیستمی نێونەتەوەییداو هەروەها بە حکوومەتێکی قەیران خوڵقێن ناسراوە. هۆکارەکانیش، گوێ نەدان‌و لەژێر پێنانی یاساو ڕێسا نێونەتەوەییەکان، دەستێوەردانی نابەجێ لە کێشە ناوچەییەکاندا، مەحکووم بوونی ڕاستەخۆی بەڕێوەبردنی پلان‌و پرۆژەی تیرۆریستی لە ئاستی جیهاندا، پاڵپشتی کردنی تاقم‌و گرووپە تیرۆریستییەکان‌و لە هەمانحالیشدا هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە تەکنۆلۆژی سیستمی لە چەشنی چەکی ئەتۆمی. ئەو هۆکارانە هەر کام بە نۆبەی خۆیان دەتوانن پاڵپشت‌و هۆکار بن بۆ پراکتیزە بوونی پرۆژەکانی ئەمەریکا، چونکی بەم هۆیانەوە دەوڵەتی دەسەڵاتدار لە ئێراندا دەتوانێ لە سێ ڕەهەندەوە ئەمەریکاو هاوئیستراتیژییە ناوچەیی‌و جیهانییەکانی بخاتە بەر هەڕەشەو مەترسییەوە کە بریتین لە:

1ـ پاڵپشتی تیرۆریزم‌و بەڕێوەبردنی ڕاستەخۆی تیرۆر لە ناوچەکەدا"

2ـ هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی، لە وەها حاڵەتێکدا چەکی ئەتۆمی بەدەست دەسەڵاتێکی تیرۆریستییەوە ڕاست وەکوو تیخیکی تیژو ژەنگاوی، بە دەستی مەستێکی شەڕخوازو ئاژاو گێڕەوەیە"

3ـ هەڕەشە کردن لە هاوپەیمانانی ئەمەریکا کە لە ناوچەدا، واتە هەڕەشەی سڕینەوەی ئیسرائیل لە سەر گۆی زەوی‌و هەڕەشە لە هەموو ئەو حکومەتانەی کە لە ناوچەدا یارمەتی بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەدەن.

* ڕۆڵی فازی ئابووری لە 11ی سێپتەمبرو پاش ئەو ڕووداوەدا

هەروما كە باسمان كرد 11ی سێبتەمبرو لێدانو لە ناو بردنی تاڵەبان درگایەك بوو كە بەڕووی بوونی ئەمەریكاو هاوپەیمانەكانیدا كرایەوەو شەڕی دژەتیرۆرو گەڕان بە دوای سەرانی القاعدەدا، درێژەی پرۆژەكە بوو. بەڵام لە راستیدا بەشێك لەو پرۆژەیە، پرۆگرامی ئابووریو گەڕان بە دوای كانگا ژێرزەوینییەكانی رۆژهەڵاتی ناوینو وڵاتانی جیهانی سێهەمدا بوو. لەم پێوەندییەدا زۆر كەس وا بیرناكەنەوەو تەنانەت دژ بەو بوچونەشن. بەڵام راستیەكەی ئەوەیە كە ئابووریو ئاسایشی ئابووری دەتوانێ ڕەگێكی بەهێزی سیاسەتی دەرەكی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بێ. واتە بە بوونی كێشەو قەیران لە ناوچەكەدا چەتری ئاڵۆزیی بە تەواوی باڵ بەسەر ناوچەكەدا دەكێشێو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست كە دەتوانێ لەم سەردەمەدا بە دڵی ئابووری پیشە سازی ناوزەد بكرێ توشی گرفت دەبێ، كە وابوو پیشەسازی رۆژئاوا دەكەوێتە بەر هەڕەشەوە. لە لایەكی دیكەوە بە بوونی كێشەی ئاسایشی بازرگانی لە فازی هەناردەدا تووشی گرفت دەبێو بازارگانی پیشەسازی دەكەوێتە بەر هەڕەشەوە، لێرەشدا دیسان هەڕەشە رووبەڕووی ئاسایشی ئابووری رۆژئاوادا دەبێتەوە.

هەر بۆیە لەم پرۆژەیەدا مەبەستی سیاسەتی ئەمەریكا لە پێوەندی لەگەڵ كانگاكانی وزە لەم ناوچەیەدا بریتییە لە ڕێخۆشكردن بۆ سەربەخۆبوونی دەوڵەتەكانو پێوەندی گرتنیان لەگەڵ رۆژئاوادا، شكاندنی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی رووسیە لە سەر رێگا ترانزیتییەكانی نەوتو گازدا، دابینكردنی ئاسایشی وزەی رۆژئاوا لە رێگای بەرهەمهێنان لەلایەن بەرهەمهێنەر جۆراوجۆرەكانەوە، پشتیوانی لە دروستكردنی خەتی لوولەی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوا بە چەشنێك كە لە ئێرانەوە تێنەپەڕێو بەرپرچدانەوەی دەسەڵات، باندۆرو كارتێكەری مەترسیداری ئێران بەسەر ئابوورییەكانی ئاسیای ناوەندیدا. لەو پێوەندییەدا پێویستە ئاورێكیش لە رۆڵی ئەفغانستان لەو هاوكێشانەدا بكەین. ئەفغانستان لە رەهەندەو لایەنگەلی جۆراوجۆرەوە وڵاتو ناوچەیەكی ستراتژیكە. تەنیا لەگەڵ جادەی ئەوریشم دا كە قەفقاز پێوەندی دەداتەوە بە سنووری رۆژئاوای چینەوە هاوسنوورە، بەڵكوو لە ناوەندی پێنج هێزی ئەتۆمیدا هەڵكەوتووە، واتە چین، رووسیە، هیندوستان، پاكستانو كازاخستان. هەروەها ئەفغانستان لە چوار ڕای ستراتژیكی هێنانو بردنی نەوتی ئاسیا ـ ئوروپادا هەڵكەوتووە. جودا لەوە ئەم وڵاتە پردێكی زەوینی بەكەڵكە بۆ بردنی خەتی لولە بەرەو باشوور لە كۆماری سۆڤیەتی پێشووەوە، و هەروەها توركمەنستان بەرەو دەریای عەرەب لە رێگای پاكستانەوە، كە لە پێشدا ببوو بە بابەتی وتووێژی یونوكاڵ لەگەڵ دەوڵەتی تاڵەباندا. واتە لە راستیدا ئەفغانستان هەم بۆ وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاو هەم بۆ ئورووپا، شوێنێكی بە نرخو جێگای سەرنجە كە ناتوانن چاو پۆشی لێ بكەن. بۆ وێنە كۆمپانیای نەوتی "چێورۆن" (chvron)، كە كاندۆلیزاڕایس (condo leezza Rice)، راوێژكاری ئاسایشی نەتەوەیی پێشوو و وەزیری كاروباری دەرەكی وڵاتە یەكگرتووەكان لە تەواوی ساڵانی 1990ی ـ ز. مودیری بوو، ئێستا بە سەختی لە كازاخستاندا لە مشتو مڕ دایە. لە ساڵی 1995دا یونوكان كۆمپانیایەكی دیكەی ئەمەریكایی كە لە رابردوودا بە كۆمپانیای نەوتی "یونیون كالیفرنیا" (union oil Company of caligornia) بەناو باونگ بوو. ئەو كۆمپانیایە گرێبەستێكی مۆر كرد تا لە رێگای هێڵی لوولەی 3 میلیارد دۆلاریی بایی 8 میلیارد دۆلار گازی سروشتی بنێرێتە دەرەوە كە لە رێگای توركمەنستانەوە دەگەیشتە پاكستان. بابەتەكە گشتگیرە، واتە ئێمە ئەفغانستانمان وەكوو وڵاتی دەروازەی قەیران حیساب كرد، لە حاڵێكدا ئەم كێشەیە داوێنی جیهانی گرتووە.

سەرنج بدەن بە بوونی كۆمەڵێك كۆسپو تەگەرە لە سەر رێگای گەیشتنی وزە بە مۆتۆری پێشەسازی جیهان هەر دوو ناوچەی كەنداوی عەرەبیو قەفقاز دەبێتە مەیدان رەمبازێن بۆ وڵاتانی دەرەكیو چینو توركیە، ئێران، پاكستانو

عەرەبستانی سعوودی بە شێوازێکی دژبەرانەو تێکدەرانە روو دەکەنە ئەو بازارە. ئەو بارودۆخە ئێستا تا رادەیەکی زۆر لە کەنداودا هاتۆتە گۆڕێ بەڵام ئەگەر لە باشووری قەفقازیشدا وەها دیاردەیەك روو بدات ئەوکاتە کە وزە ئاسایشی نیەو بوونی هێزی سەربازی بە هێرش ناتوانێ گۆڕانێکی ئەوتۆ لەناوچەکەدا پێك بێنێ. راڤگەرێکی پێشووی سیا (C.I.A) ئێژێ"

"هەر کەس کۆنترۆڵی بەسەر بەشێك لە هێڵە لوولەکان و سەرمایەگوزارییەکان لە ناوچەکەدا هەبێ، تا ڕادەیەك لە جوگرافیای سیاسیی ناوچەدا خاوەنی باندۆرو کارتێکەرییە، لە راستیدا ئەوە شێوازێکی بیرکردنەوەی نوێیە بۆ بەشێکی زۆر لە وڵاتان." رەنگە ئەو پرسیارە بورۆژێ کە هۆکاری ئەو هەموو باندۆری سەرمایەدارانی ئەمەریکایی بەسەر سیاسەتی وڵاتدا چییە؟ بۆ وڵامی ئەم پرسیارە دەتوانین بێژین کە زۆربەی سیاسەتوانانی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێشترو تەنانەت ئێستاش دەخاڵەتیان هەبوەو هەیە لە سەرمایە گۆزارییەکانداو تەنانەت بەشێکیشیان لە کۆمپانیا گەورەکاندا بەشدار بوون. بۆ وێنە بنەماڵەی سەرۆك کۆمار جۆرج دەبلیو بوش لە ساڵی 1950دا کۆمپانیا نەوتییەکانیان بەرێوە دەبرد. دیك چینی (Dick cheney) جێگری سەرۆك کۆمار لە کۆتایی ساڵەکانی 1990دا مودیری پایەبەرزی بەرێوەبەری هالیبرتن (Holiburton)، گەورەترین کۆمپانیای خزمەتگوزاری نەوتی دنیا بوو. کاندولیزرایس لە پۆستی هەیئەت مودیرەی چێورۆندا بوو و تەنانەت نەوتکێشێکیشیان بە ناویەوە کرد. داناڵد ئەیونس (Donald Evans) وەزیری پێشووی بازرگانی، پتر لە یەك دەه مودیری باڵای بەرێوەبەری کۆمپانیای تام براون (Tam Brown) بوو، و... هتد. کە وابوو دەوڵەت لە دەستی خاوەن سەرمایەکان دایە. دوو عەشیرەی گەورەی بن و حفووزو العمودی، کە خاوەن کۆمپانیای گەورەی سعوودی "دلتاویل"ن لەگەڵ سەرۆکی رێکخراوی القاعده، ئۆسامەبنلادندا پێوەندییان هەیە، کەمتر کەسێکیش لەم پێوەندییە ئاگادارە، واتە خۆشکی خالد ابن محفوز دەوڵەمەندی دەسەڵاتدار، هاوسەری ئۆسامەبنلادنە. کۆنسرسێۆمی یونۆکال، کۆمپانیای ئەمەریکایی لەگەڵ دلتادا پێوەندی بە ئەندامانی ناوداری بنەماڵەی بنلادنەوە هەیەو ئەمانیش لەگەڵ ئەندامانی حیزبی کۆماریخوازی ئەمەریکا، بەتایبەت بنەماڵەی بوشدا پێوەندی بازرگانییەکی نزیکیان هەیە. لە لێورد بوونەوە لەو پێوەندیانە وا وێدەچێ بەرێوەبەرانی دلتا لە وتووێژی نێوان بەرپرسانی ئەمەریکایی و تاڵەباندا رۆڵێکی گرینگیان گێرابێ. واتە لێرەدا بنەماڵەی ئۆسامە بنلادن و هاوسەرەکەی بۆ قۆناغێکی تاکتیکی لابی القاعدەو دۆست و پشتیوانەکانی لەناوچەدا بوون.

لەو نێوانەدا ئەمەریکا کەسانێکی وەکوو زاڵمای خەلیل زادو حامد کارزای لە بن باڵ گرتبوو و وەك راوێژکار لە گەڵی بوون، ئەوانیش هەروا لە رێگای کۆمپانیا نەوتییەکانیەوە راکێشرا بوون. لێرەدا خاڵێکی دیکەی سیاسەتی ئەمەریکامان بۆ دەر دەرکەوێ کە ئەویش پەروەردە کردنی بەردەوامی مۆرەیە بۆ پرۆژ ئێستراتیژیکەکانی. واتە پاش روخاندنی حکومەتی ئەفغانستان دەوڵەتی بوش حامد کارزای بە سەرۆکی کاتی ئەفغانستان دانا. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە خەباتی نەتەوەیی کارزای دژ بە تاڵەبان زۆ و بەرچاو بوو. ئەوەیکە دەزگاکانی راگەیاندن ئاوڕیان لێنەدەدایەوە، ئەوەیە کە کارزای هاوکاری دەوڵەتی تاڵەبانیشی کردبوو و لە کارمەندانی یونۆکالیش بوو. کارزای لە نێوەڕاستەکانی دەهەی 1990دا، وەکوو راوێژکارو عامیلی گوشاری یونۆکال لە وتووێژ لەگەڵ تاڵەباندا رۆڵی هەبوو. هەر لەو پەیوەندیەشدا کارزای لە ساڵەکانی 1980دا عامیلی نهێنی رێکخراوی (C.I.A) بوو. ناوبراو لە یارمەتی گەیاندنی ئەمەریکا بە تاڵەباندا دەورێکی کاریگەری گێرابوو. هەر وەك پێشتریش باسمان کرد ئەمەریکا لە رێگای (I.S.I) دەزگای شوفاری پاکستانەوە وەك پێوەندی دەرێك یارمەتییەکانی خۆی بە تاڵەبان دەگەیاند.

پرۆژەکانی ئەمەریکاش لە ئەفغانستان و چیچیندا هەر لە ڕێگای ئەو ڕێکخراوەیەوە بەڕێوە دەچوو. "ئەو زانیارییەی سەرەوە بە پێی نوسراوەیەك بوو لە ڕۆژنامەی سعوودی "ئەلوەتەن"ـەوە.

هەروەها دەبێ ئاماژە پێ بکەین کە زاڵمای خەلیل زادیش بۆ کۆمپانیای یونۆکاڵ کاری کردبوو، زاڵمای خەلیل زاد نێردراوی تایبەتی سەرۆك کۆمار بوش بۆ کابۆل بوو. ناوبراو لەو مۆرە گرینگانە بوو کە وەك ڕاوێژکار لە سیاسەتی دەرەوە بەتایبەت باشووری قەفقازدا لەگەڵ دەوڵەتی بوش کاری دەکرد، هاوکاری دەکردو هاوکات کاری کۆمپانیای یونوکالیش بوو. بەڵام ئەم زانیاریانە هەروا لە پشت پەردەکانەوە بە نهێنی ماونەتەوە. خەلیل زاد ساڵی 1997 پرۆژەی "ڕاڤەی مەترسی" بۆ هێڵی لوولەکان دارشتبوو و لە هەمانحالیشدا تاڵەبانی خستبوە ژێر گوشارو لە وتوویژ لە گەڵیشیاندا بەشداریی کردبوو. هەروەها ناوبراو لە دەوڵەتی ڕیگەنیشدا ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوە بوو و بە "پەرەپێدانی کارتێکەریی خۆی توانیبووی پیشاژۆی یارمەتی سەربازی ئەمەریکا بە موجاهدینی ئەفغان خێراتر بکاتەوە." بە دوای لێدانی ئەفغانستاندا بایەخی ناوچەیەکی بێتاڵەبان خێراتر خۆی نواند. کۆمپانیا گەلێك وەکوو چیس ئینرجی (chas Energy)و ڕاوێژکاری ئینرجی خەزەر ( Caspian Energy Consulting ) کە بە قازانجی کۆمپانیا گەورە نەوتییەکان کار دەکەن، لەگەڵ دەوڵەتانی تورکمەنستان و پاکستاندا بۆ سەودا لە سەر هێڵی لوولەکان پێوەندیگەلێکیان گرت. بە وتەی مودیری چیس ئینرجی 11ی سێپتەمبرو "شەڕی دژە تیرۆر" سەرکەوتنێکی سە پێنراوە بەسەر ئەفغانستاندا: ناوبراو دەڵێ "ئەگەر حوزووری وڵاتە یەگرتووەکان لەم ناوچەیەدا بەردەوام بێ ویدەچێ 11ی سێپتەمبر باشترین ڕووداوێك بێ، کە دەکرا لێرەدا بۆ کۆمارەکانی ئاسیای ناوەندی ڕوو بدات. شایانی باسە ئەم ناوچەیە، لە ڕوانگەی ئابووری نەوتییەوە سنوورێکە بۆ ئەم سەدەیە و ئەفغانستانیش بەشێکی جودا نەکراوەیە لەوە.

سیاسەتی ئەمەریکا هەم لە ئاستی تیۆریداو هەم لە ئاستی پراکتیکدا بە ڕوونی نیشانی دەدا کە وەکوو بەردەوام سوپر پاوەرێك بە دوای دۆژمنانی ئاشتی، دیمۆکراسی و سەقامگیریدا دەگەڕێ، ئەمە ئێستا ڕاست و واقع بینانەیە. کاتێ سەیری سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە چەند دەهەی پێشودا دەکەین بە ئاکامگەلی پێچەوانەی ئەو وتانەمان دەگەین. ڕاستە ئەمەریکاو ئەمەریکاییەکان سیاسەت دەکەن و بە پێی ڕیئالیزمی سیاسیی ئەوان زۆرێك کە سیاسەتوانانیان پێشڕەوی لە سیاسەتی نیکۆلا ماکیاڤلی دەکەن و لە سەر بنەمای دەسنیشانکردن، پاراستن، پەرەپێدان و گەشەپێدانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان هەنگاو هەڵدێننەوە. لەم بەشەی بابەتەکەماندا بە پێویست دەزانم ئاماژە بە ستراتیژی ئەمەریکا لە زمانی جۆرج بۆش سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بکەم. ئەمەریکا لە قۆناغی شەڕدایە. بوش ئاماژە بە شەڕێك دەکات کە شەڕێکی پێویستە، شەڕێك کە بە شەڕی مەزن ناوی دەبات. شەڕی بەرفراوان بوونی تیرۆریزم کە سەرچاوەکەی ئاگری ئیدیۆلۆژی کینەو ڕقەبەرایەتی و نەفرەت و تاوانە هەر ئەو ئایدۆلۆژیانەیەی کە ڕۆخسارەکەی لە (11)ی سێپتەمبری 2001دا بۆ خەڵکی ئەمەریکا دەرکەوت. لە بەشێك لە باسەکەماندا بە چڕی و لە چەند شوێنی دیکەدا وەکوو پێویست ئاماژەمان بە پێویستیی دابین بوونی ئاسایشی نەتەوەیی کرد. دابین کردنی ئاسایشی نەتەوەیی لای ئەمەریکایەکان یەکێك لە بنەما هەستیارو ستراتیژیکەکانە. لەم پێوەندییەدا بوش ئێژێ "ئەم ستراتیژییە نیشاندەری مەترسیدارترین بەڵێنی ئێمەیە واتا پاراستنی ئاسایشی خەڵکی ئەمەریکایە."

لە بەشێکی دیکەی ستراتیژییەکەدا هاتوە:

" ئێستا ئەمەریکا چانسێکی بێوێنەی لە بەردەم دایە بۆ بونیاتنانی بناخەی ئاشتی ئایندە. ئەو دروشمانەی کە ئیلهامبەخشی مێژووی ئێمە بوو و دەبێ. دروشمەکانمان (ئازادی، دیموکراسیو ڕیزی مرۆیی) رۆژ بە رۆژ دەبیتە مایەی ئیلهامبەخشی کەسانو میللەتانێکی زیاتر لە سەر ئاستی جیهان، لەو شوێنانەی کە میللەتە ئازادەکان ئینتیمایان بۆ ئاشتی هەیە، بە هەمان شێوەش بەرفراوان بوونی ئازادی ئەمەریکاش ئارامتر دەکەن.

ئەم ئەو لەوییەتە جیا نەکراوانە تێکۆشانو زاڵبوون بە سەر تیرۆریزمداو بەرفراوان بوونی ئازادی وەك ئالترناتیڤێ بۆ توتالیتاریو ناتۆ مێدی ـ هەنوکە پتر لە چوار ساڵە کە ڕێنوێنی سیاسەتەکانی ئەمەریکا دەکات. ئێمە تەنیا تۆڕە تیرۆریستییەکانمان خستۆتە ژێر هێرشەکانی خۆمانەوەو دوژمنانمان لاواز کردوە بەڵام هەنوکە نەمانبەزاندون. ئێمە بۆ یاریدەدانی خەڵکی ئەفغانستان رۆیشتین تاکوو ڕێژیمی تاڵەبانو لایەنگرانی تۆڕی القاعدە، لەناو بەرینو هاوکاریمان کردن تا حکومەتێکی دیموکراسی نوێ بکەینە ئالترناتیڤی.

ئێمە سەرنجی جیهانمان راکێشا بۆ بەرهەمهێنانو پێتاندنی چەکە ئوتومیەکان، هەر چەندە هێشتا کۆمەڵە ئاستەنگێکی بەرفراوانمان لەم بوارەدا لە بەردەمدا هەیە. ئێمە بووینەتە بونیاتنەری بەرفراوانبوونی دیموکراسی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا جەنگمان لەگەڵ ئاستەنگەکاندا کردوەو پێشڤەچوونێکمان بەدەست هێناوە کە هێندێ کەس پێشبینیان بۆ نەدەکرد، یان چاوەڕوانی نەبوون. ئێمە لەگەڵ هەموو هێزە مەزنەکانی جیهاندا پێوەندییەکی جێگیرو مامەڵەکارانەمان دروست کردوە. ئێمە بە ئەندازەیەکی بەرچاو هەوڵەکانی خۆمان زیاد کردوە بۆ بەرەو پێشوە بردنی گەشەی ئابووری، ئەم هەوڵانەم بۆ بەرفراوانبوونی ڕیفۆرمەکانو وەرگرتنی ئەنجام بە ئاراستەدا بردوە. ئێمە هاوپەیمانییەتییەکی نێودەڵەتیمان لە پێناو لە ناو بردنی دیکەتاتۆری عێراق پێکهێنا کە ستەمی لە خەڵکی خۆی دەرکرد، ناوچەیەکی دووچاری ترس دەکرد، ڕێزی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەدەگرتو سەرگەرمی بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵ کوژ بوو. هەنوکە شانبەشانی عێرقییەکان لە پێناو دروست بوونی عێراقێکی یەکگرتوو، پایەدارو دیموکراتیکدا هاوپەیمانەتییەکی نوێمان پێکهێناوە بۆ تێکۆشان دژ بە تیرۆریزم لە ناو دڵی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا خەبات دەکەین. ئێمە شایە تحاڵی کۆمەڵە دەستکەوتێکی مەزن بووین. ڕووبەڕوی ئاستەنگە نوێیەکان بووینەتەوەو ئاراستەی خۆمان بە پێ گۆڕانی هەلومەرجی نوێ پێناسە کردوە. هەروەها سەرنجمان لەوە داوە کە بەرگریی لە ئازادی بۆ ئێمە زیانو غەمی لەگەڵدا بوە، چونکی ئازادی دەبێتە مابیەی ئەوەی دوژمنان ئامانجەکەی خۆیان نەگۆڕن. هەمیشە دەمانزانی کە تێکۆشان دژ بە تیرۆریزم پێویستی بە لە خۆبوردنێکی گەورە هەیە. لەم جەنگەدا ئێمەماڵئاواییمان لە هەندێ لە باشترین پیاوانو ژنانی خۆمان کردوە. تیرۆریستەکان پەنایان بۆ تاوانی راچلەکێنەر بردووە، لە تاوانی شەقامەکانی فەلوجەوە بگرە تا دەگاتە مێژوەکانی لەندەن لە پێناو ئەوەی ئێرادەی ئێمە لاواز بکەن. بە گژدا چوونەوەی ئەم دوژمنە، دوژمنێك کە بە پێ هیچ ئازارێکی ویژدان یان هۆکارێك کەسانی بێتاوان دەکوژن، کارێکی گەلێگ دژوارەو ئێمە هێشتا ڕێگایەکی درێژمان لەبەردەمدا ماوە. ئەمەریکا ئێستا ڕووبەڕووی هەڵبژاردنێك بوەتەوە، هەڵبژاردن لە نێوان ڕێگای ترسو ڕێگای جەسارتدا. ڕێگای ترس واتە خۆپەراوێز خستنو پاشەکشە کردنو کەم کردنەوەی بوجەکان، ئەوەش داخوازی کەسانێکە کە ئاستەنگەکانی ئێستا هێندە بە گەورە دەزانن کە ناتوانن چانسەکان دەستەبەر بکەن. بەڵام مێژوو ئێمەی فێری ئەوە کردوە کە هەر کاتێ سەرکردەکانی ئەمەریکا ئەم ڕێگایەیان گرتبێتە پێش تەنها ئاستەنگەکانی زیادی کردوەو چانسەکانیش لەدەست چوون، ئاسایشێکی کەمتر بۆ نەوەکانی ئایندە دروست کردوە.

دەوڵەتی ئێستای ئەمەریکا جەسارەتی هەڵبژاردووە. ئێمە سەرکردایەتیمان بە سەر پەراوێز خستن، بەدیهێنانی بازرگانی ئازادمان بەسەر پشتیوانی لێکردندا هەڵبژاردووە. بڕیارمان داوە ئەمڕۆ بچینە جەنگی ئاستەنگەکانەوەو جێنەهێڵین بۆ نەوەکانی سبەی. لەبری ئەوەی چاوەڕوان بین تا دوژمنان بگەنە وڵاتەکەمان لە دەرەوەی سنوورەکان لەگەڵیاندا دەجەنگێین. دەمانەوێ جیهانێك پێکبهێنین نەك جیهان ئێمە پێك بهێنێت. دەمانەوێ کاریگەری لەسەر باشتر کردنەوەی رووداوەکان دابنێین نەك ئەوەی کە بکەوینە ژێر کاریگەریی رووداوەکانەوە.

ئەو ریگایەی ئێمە هەڵمانبژاردووە، لەگەڵ نەریتی گرانبەهای سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا دەگونجێت. ئاراستەی ئێمە وەك سیاسەتەکانی (هێری ترۆمەن)و (رۆناڵد رەیگەن)دا لە سەر بنەمای لەبەرچاو گرتنێکی واقعبینانەی ئامرازە دەستەبەر کراوەکانە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە. ئێمە بۆ جووڵان لەم ریگایەدا پێویستە هێزی نەتەوەیی خۆمان بپارێزن‌و پەرەی پێ بدەین تا بتوانین بەر لەوەی هەڕەشەو ئاستەنگەکانی ئێستا زیان بە خەڵکی ئێمە یان بەرژەوەندییەکانی ئێمە بگەیەنن‌و لە ناوی بەرن بە گژیاندا بچینەوە. پێویستە سوپایەکش دروست بکەین کە وێنەی نەبێت، هەڵبەتە هێزی ئێمە تەنها لەسەر بنەمای توانای سەربازی نیە، بەڵکوو لە سەر بنەمای گەشەی ئابووری‌و دیمۆکراسیە. ئەم هێزە پشتی بە هاوپەیمانەکانمان پێوەندییەکان‌و ناوەندە نێودەوڵەتییە دەسەڵاتدارەکان بەستوە کە چانس بە ئێمە دەدات تا پەرە بە هاوکاری ئەوانیتر، ئازادی‌و خوشگوزرانی‌و ئاشتی بدەین. ستراتژی ئاسایشی نەتەوەیی ئێمە لە سەر دوو بنەما بونیات نراوە:

بنەمای یەکەم بەرز کردنەوەی ئاستی دیمۆکراسی‌و دادپەوەری‌و رێزی مرۆییە، هەوڵدانە بۆ لەناو بردنی تۆتالیتاری، بەرز کردنەوەی یمۆکراسییەکی کاراو پەرەدان بە خوشگوزەرانی لە ریگای بازرگانی ئازادو سیاسەتە گەشە پێدانە ئەقلانییەکانەوە. حکومەتە ئازادو بەرپرسیارەکان لە هەمبەر خەڵکی خۆیاندا زۆربەیان لە حکومڕانی بەسەر خاکەکەی خۆیاندا کارلێهاتوون‌و بە دوای بە دیهێنانی سیاسەتە ئابوورییەکان‌و سیاسەتێکەوەن کە لە بەرژەوەندی هاوولاتیانیان دایە. حکومەتە ئازادەکان خەڵکی خۆیان سەرکوت ناکەن یان هێرش ناکەنە سەر نەتەوە ئازادەکانیتر. ئاشتی‌و سەقامگیری نێودەوڵەتی کاتێ پتەوو سەقامگیرە کە لەسەر بناخەی ئازادی بونیات بنرێن.

بنەمای دووهەمی ستراتیژی ئێمە بە گژداچوونەوەی ئاستەنگەکانی سەردەمی خۆیەتی، ئەوەش لە ریگای رێبەرایەتی کردنی کۆمەڵایەتییەوە بۆ گەشەپێدان‌و پەرەپێدانی دیمۆکراسی. زۆرینەی ئەو کێشانەی کە ئێمە ئەوڕۆ رووبەڕوویان بووینەتەوە لە نەخۆشیە بەرفراوان بوەکانەوە بگرە تا بەرهەمهێنان‌و زیاد کردنی چەکە کۆمەڵ کوژەکان‌و قاچاخچییەتی بە مرۆڤ و کارەساتە سروشتییەکان، لەریگای سنوورەکانەوە دێن. بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشانە پێویست بە هەوڵ‌و هاوکاریی کاری نەتەوە جۆراوجۆرەکانە. بەڵام مێژوو نیشانی داوە کە ئەوانیتر تەنها کاتێ رۆڵی خۆیان دەگێڕن کە ئێمە رۆڵی خۆمان گێڕابێ. ئەمەریکا پێویستە هەمیشە پێشڕەو بێت.

ئەوە سیتراتیژی ئەمەریکا بوو، ئیستراتیژییەك کە تاکوو ئێستا گەورەترین پاڵپشتی لەلایەن هێزە ئاشتیخواز، دیمۆکراتیك‌و ئاشتی پارێزەکانەوە لێ دەکرێ‌و بەردەوام لە پێکدادان‌و شەڕی توندوتیژ دایە لەگەڵ هێزەتوندڕەو شەڕخوازو فێندەمنتاڵەکانەوە. ستراتیژی ئەمەریکا لە سەر بنەمای شکەستپێهێنان‌و پاشەکشەی ئەو هێزانەدا رێژدراوە یەکێکی دیکە لەو نهێنییە پشتی پەردانەی کە بوە هۆی دژکردەوەی کاتالیزۆری وڵاتە یەکگرتووەکان بە رووداوەکەی 11ی سێبتەمبری 2001 بەو چەشنەی کە رووی‌دا، یاری هێزو دەسەڵات‌و باندۆر لە ئاستی سیاسیی، ئابووری، سیستمی لە جیهان بە گشتی وڵاتانی لە حاڵی گەشە بەتایبەتی‌دا بوو. پرۆژەی "نەزمی نوێی ئورووپا" پرۆژەیەکی گرینگە کە ئورووپاییەکان بەگشتی وەکوو خولیایەك چاوی لێدەکەن. پرۆژەیەك کە لە هەوڵدایە بە

یارمەتیو بەشداری راستەخۆی هەموو وڵاتانی ئەندامی ناتۆ، ناوچەیەکی جوغرافیایی دەستنیشانکراوو بەرین پێك بێنێ، لەو جوگرافیا پانو بەرینەشدا هێزێکی سەربازی بەهێز، هێزێکی ئابووری بە تواناو دەسەڵاتێکی سیاسیی کە باندۆری لەسەر سیاسەتی جیهانیدا هەبێ.

**یەکییەتی ئۆرووپاو بەشداری لەو پرۆژانەدا**

دەتوانین بێژین رووخانی دیواری بێرلینو چارەسەریی کێشەکانی نێوان رۆژهەڵاتو رۆژئاوای ئورووپا دەتوانێ دەروەازیەك بووبێ بۆ چوونە ناو ئەو پرۆژەیەوە. هەر ماوەیەك بە دوای رووخانی دیواری بێرلیندا لە رێکەوتی 7ی فێوریەی 1992دا بە هاتنە ئارای پەیمانی ماستریش، بناخەی یەکییەتی ئورووپا دانرا. لەم نێوانەدا 12 وڵات لە سازکردنی ئەم پەیمانەدا بەشدار بوون. ئەو پەیمانە پاشان بە وەرگرتنی ئەندامی نوێی توانی گەشە بکاتو پەرە بستێنێ. لەلایەکی دیکەوە دارشتنی پێشنووسی یاسای بنچینەیی نوێی یەکییەتی ئوروپا لە هەوڵ دایە هێزێکی سەربازیی جیهانی بۆ ئوروپا دەستەبەر بکات، ئەم گەڵاڵەیەش لە هێندێ شوێندا دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایەو لە هێندێ شوێنیشدا هاوئاهەنگە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکادا. لەم پێوەندیەشدا خاویرسۆلانا بەرپرسی سیاسەتی دەرەکی ئۆرووپا ئاوەها دێتە ئاخاوتن:

"ئێمە گەورەترین هێزی سەربازیی نینو زۆرترین یارمەتی ماڵی دەدەین بەو لایەنانەی لە حاڵی گەشەدان. کەوابوو ئێمە ساڵەهایەکە بووینەتە هێزێکی جیهانی. ئێمە تەنیا تاکوو ئێستا راستەخۆ لە ئەکسیۆنە سەربازییەکانی جیهاندا بەشداریمان نەکردوە، بەڵام ئەم ئێستراتیژییەش دەگۆرێنو ئەگەریش بمانەوێ لە بەهاکانمان بەرگریی بکەین دەبێ لەلایەنی سەربازیشەوە هێزی گەورەتر بین، ئەڵبەتە ئەوە بەو واتایە نیە کە ئێمە بمانەوێ لەگەڵ ئەمەریکادا بچینە ناو کێبەرکێیەوە."

(رۆژنامەی دی سایت 2003/6/12).

سەرنجراکێش ئەوەیە بۆ ئەمەریکاو ئەمەریکاییەکان گوایە کە قارەی ئەمەریکا قارەیەکی بەستراوەیە واتە بەستراوەیە بە قارە، وڵاتو ناوچەکانیترەوە. هەر وەك بەشێکی زۆر لە وڵاتانی دیکە بەستراوەن بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە. نزیك بە 10 ساڵی پێش زیبگنیۆ برژێنسکی باوەری وابوو کە کارتێکەریی ناتۆ لە جوگرافیای سیاسیی دەرەوەی ئورووپاداو بە شێوازی دیاریکراو بەرەو سنوورەکانی روسیە، پێشاژۆیەکە کە لەگەڵ پەرەسەندنی یەکییەتی ئوروپادا پێوەندییەکی نزیکی هەیە. یەکییەتی ئوروپا پتر هەوڵی داوە لە لایەنی ئابوورییەوە پەرە بە سنوورەکانی خۆی بدات. بەڵام وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەم پێوەندییەدا سیاسەتێکی دوو لایەنەی هەیە، واتە هەم لەو بواری ئابووریو هەم لە بواری سەربازیدا هەوڵی پەرەسەندنو خۆ بەهێز کردن دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئاماژە پێ بکەین کە ئەو وڵاتە ئیمپراتۆرییەکی سەربازی هەیە، ئەوەش دیاردەیەکی ئاساییە لە سیاسەتی ستراتژی ئاسایشی نەتەوەییدا، "چارلز جانوسۆن"یش هەر لە سەر ئەو باوەرەیە. بۆ سەلماندنی راستی ئەم بۆچوونەش دەتوانین بێژین لە ساڵی 2001دا دەوڵەتی ئەمەریکا نزیك بە 725 بنکەی سەربازیی کە لە سنووری جوگرافیایی خۆیدا نەبوون خستە ژێر چەتری خۆیەوە. لە ساڵی 2003دا ئەوان تەنیا 153 بنکەی سەربازییان لە 189 وڵاتی ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دامەزراندبوو. و لە هەر25 وڵاتدا بوونی سەربازیی ئەکتیڤیان هەبوو و لەگەڵ 36 وڵاتدا گرێبەستی سەربازیی ئەمنییەتییان مۆرکردبوو. لە پێشدا لە چەندین شوێندا ئاماژەمان پێکرد کە بە لای ئەمەریکاوە گرینگ بواری سیاسیە. واتە بە بروای ئەوان یەك سیاسەت باندۆری بە سەر جیهاندا دەکێشێ، یەك هێزی سەربازیی هێزی سەربازیی سوپرە لە جیهاندا، یەك

ئابووری هێزی ئابووری جیهان دەبێ. بۆیە پێشتر هەرچی باس لە کوبوونەوەی هێزەکان لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا دەکراو باس لە ئالۆزیو پشێوییەکانی رۆژهەلاتی نێوەڕاستو باشووری ئاسیا دەکرا، خێرا ئەوەیکە پتر لە هەموو لە زەینی ئێمەدا زق دەبوەوە ئابووری نەوت بوو.

"نەوت"، ئەو وشەیە ببوەو بنێشتە خۆشەی سەر زاران و تەنانەت زۆربەی سیاسییەکانیش بڕوایان پێ هەبوو. بەلام ئەمڕۆ ئیدی ئەوان دەزانن کە کێشە تەنیا لە سەر خۆسووسی کردنەوەی کانزا سروشتییەکانی جیهان نیە، بەلکوو کێشە لە سەر ئەوەیە کە ئەو کانزاو سروشتانە دەبێ لەلایەك بۆ خزمەت بە مرۆڤایەی بن، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێ لە دەستی تیرۆریستان بپارێزێنو لە ژێر دەستی دەسەلاتە دیکتاتۆرو تۆتالیتارەکان بێنە دەر. بۆ ئەم مەبەستەش کێبەرکێیەکی جیددی لە نێوان ئەمەریکا، ئوروپاو رووسیەدا هەیە، بەلام بێگۆمان لەو نێوانەدا جیگای ئوروپا لەگەڵ رووسیەدا جیاوازیی هەیە. تا رادەیەك لەسەر ئوروپا لەو پێوەندییەدا دواین بەلام رووسیە بە گشتی پاش لێك هەلوەشانەوەی یەکییەتییەکی بەردەوام لە هەوڵی خۆڕاگرتن لە بارودۆخەکاندا بوو. پرۆسەی دابڕانی ئوکراین لە رووسیە پێوەندییەکی راستەخۆی بە یاری کردنی رووسیە لەگەڵ رۆژئاوادا هەیە. واتە پێوەندییەك کە دەبێتە هۆی جێگیر بوونی ئاسایشو هێمنی لەو ولاتەدا هەم بۆ ئوروپاو هەم بۆ ئەمەریکا گرینگە. چونکی ئوکراینێکی سەربەخۆو خاوەنی سەروەریو ئاسایش دەتوانێ لە بەرامبەر فراوانخوازی رووسیەدا رابوەستێ. بوونی ئوکراینێکی سەربەخۆ بەهێز دەتوانێ گۆڕانکارییەکی گەروە لە رووسیەدا پێك بێنێ. بەبێ ئوکراین، رووسیە ئیدی نە لە ئورووپاداو نە لە ئاسیادا بەهێزێکی ئەوتۆ نایەتە ئەژمار. دەتوانین ئەو پێشبینییەش بکەین کە رەنگە لە ئاکامدا رووسیە ببێتە هێزی سەرەکی ئاسیا، واتە هێزێکی ناوچەیی، کە دیسان بە بوونی ولاتێك وەکوو چین ئەو هزرەش وەڕاست ناگەڕێ.

کێشەی سەرەکی ئوروپاو ئەمەریکا:

کێشەی نێوان ئەمەریکاو ئوروپا لە چەند خاڵ پترە، بەلام ئەوەیکە لە هەمووان زەقترە تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەمەریکاییەکانە کە باوەڕێکی زۆریان بەهێزی خۆیان هەیەو و خودتەوەری بە پایەیەکی سەرەکی پراکتیزە کردنی سیاسەتەکانیان دادەنێن. بەلام پێچەوانە ئەمەریکاییەکان بۆ هەر پلانو پرۆژەیەك هەوڵ دەدەن هاوکات هەم لە روانگەیەکی سیاسیانەوە هەم تەوەری ئابووری، هەم تەوەری سەربازی بخەنە سەر مێزەکانیان. ئورووپاییەکان تایبەتمەندییەکی سازشکارانەیان هەیەو تەنیا بەرژەوەندی کورتی خۆیان بە لاوە گرینگە، بەلام ئەمەریکاییەکان هەوڵ دەدەن لە ستراتیژیو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بەرژەوەندییە چوکەکانیش جێ بکەنەوە. ئەوەش ئەو سیاسەتەیە کە بەردەوام ئەورووپایەکانی خستۆتە ژێر رخنەو ئەمەریکایەکانی بەرجەستە کردۆتەوە. بۆ جێگیر کردنی ئەو سیاسەتەش ولاتە یەکگرتووەکان نرخێکی زۆری دانا، هەر لەو پێوەندییەدا بوو کە ستراتیژی شەڕی دژە تیرۆری داڕشتو نەزمی نوێی جیهانیو پاڵپشتی نەتەوە ژێر دەستەو چەوساوەکان، بەرگریی لە مافی مرۆڤ و دژایەتی لەگەڵ سازکردنی چەکی ئەتۆمییدای کردە هێزی پاڵپشتی تیۆرییە سیاسییەکان لە مەیدانی پراکتێکدا.

11ی سێپتەمبرو کاریگەرییەکانی لە سەر رۆژهەلاتی نێوەڕاست.

کاتی خۆی یەکێ لە بەرپرسانی باڵوێزخانەی رووسیە لە تاجیکستاندا وتۆیەتی:

" ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە مەبەستی دەستڕاگەیشتن بە کانگا پرپیتەکان، کانزاو ئاو ووزە لە ئاسیای نێوەڕاستدا هەنگاوی ناوەتە ئەو ناوچەوەو هەوڵ دەدا رووسیە لەم ناوچەدا وەدەر بنێ." هەر خێرا لە ولامدا

بەرپرسانی ئەمەریکایی ئەم ئیدیعایەیان ڕەت کردەوەو لە بەرامبەردا وتیان مەبەستی ئەو وڵاتە یارمەتیدان بە بەڕێوەچوونی چاکسازیگەلی ئابووری لە وڵاتانی ئاسیای ناوەندیداو لە بارکردنی بارودۆخی ئاسایشی لەم ناوچەیەدایە.

بەشێك لە بیرمەندان لەو بڕوایەدان کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەردەوام لە بیرو هەوڵی ئەوەدا بوە کە دەسەڵاتو هێزی خۆی لە ستراتیژییەکانیدا نۆژەن بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش بێگومان هەلو دەرفەت پێویستە، هەلو دەرفەتێك کە بتوانێ ببێتە هۆکار بۆ ئەو بابەتە. بەشێکی زۆر لە بیرمەندان لەو باوەڕدان کە وڵاتە یەکگرتووەکان کۆتایی شەڕی جیهانیو ساڵانی داڕشتنی سیستمی نێونەتەوەیی بۆ بەهێزتر کردنی پێگەکانی خۆی لە جیهانو بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵبژاردوە، قۆناغێك کە سوپەر پاوەرەکانی دیکە بە هۆی خەساراتێکی زۆرو ماندووبوونێکی زۆرەوە تا رادەیەك بڕستیان لێ بڕابوو و لەو کاتەدابوو کە ئەمەریکا سۆکانی کەشتی هێزی لەلایەن رۆژئاواوە گرتە دەستو لە هەرچی بە تواناتر کردنی پێگەکانیدا تێکۆشا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سەردەمانی شەڕی سارددا راستەوخۆ کەوتە بەرەی دژایەتییەوە لەگەڵ یەکییەتی سۆڤێیەتدا، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئیمپراتۆرییەکی کۆمۆنیستیو بە زۆر پێکەوە لکێندراو ئێدی کۆتایی پێ هاتبوو.

هەرچی دەهات دژایەتی یەکییەتی سۆڤێیەت لە ئاستی سیاسەتی دەرەکیدا پتر دەبوو، دەسەڵاتدارانی سۆڤێیەت نەیاندەویست ئەو راستییە قبوڵ بکەن. هەر بۆیە دژایەتی بەرژەوەندیو ئاسایشی سۆڤێیەت لەگەڵ کۆماری گەلی چین، ئالبانیو رۆمانیو هەروەها دەستێوەردانی سەربازیی لە ئەفغانستان لە دەهەی 1970 و ساڵەکانی سەرەتای 1980دا گەیشتە ئەوپەڕی خۆیو لەو هەلەش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا باشترین سەرکەوتنی وەدەست هێنا. ئەم شکەستانەی سۆڤێیەتیش بوونە هۆی هەرچی پتر لە دەست دانی هێزو دەسەڵات لە ئاستی پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا. دژایەتییەکانی نێوان سۆڤێیەتو چینیش لەو کاتەدا بوە هۆی زیاتر بوونی مەوادی دۆستایەتی نێوان ئەو دوو وڵاتەو پێچەوانەکەشی دوو وڵاتی چین وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەرچی زیاتر لێك نزیك بوونەوە. لەلایەکی دیکەوە تەنیاو ڕکەبەری وڵاتە یەکگرتووەکان نە تەنیا لەو تەوەرانەدا تووشی کێشە ببوو، بەڵکوو شەڕی نێوان ئێرانو عێراقیش بەردەوام وەکوو خۆرەیەك ئازاری دەدا. لەلایەکیترەوە بەرژەوەندییەکانی سۆڤێیەت لەلایەن نەیارانی حکومەتی ناوەندییەوە کە دەستکردی سۆڤێیەت بوو کەوتبوە بەر هەڕەشەی توند. پاڵپشتانی ئەو نەیارانەش عەرەبستانی سعوودی، کۆمارەی ئیسلامی ئێران، پاکستانو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوون. سۆڤێیەت زۆر ترسی هەبوو کە ئەو شەڕە بکێشەێتە نێو سنوورەکانی خۆی کە لە ئاکامیشدا وای لێهات، هەر لەو فەرماندەرانو سەرکردانەی کە لە ئەفغانەستاندا شەڕیان کردبوو، بە سووك بوونی بەرەی شەڕی ئەفغانستانو تێکشکانو پاشەکشەی سۆڤێیەت خۆیان خزاندە نێو بزوتنەوەی ئیسلامیی چیچینەوەو لەوێوە بەرەیەکی دیکەی شەڕیان بۆ سۆڤێیەت کردەوە کە هەنوکەش بەردەوامەو روسیەی بە تەواوی بە خۆوە خەریك کردوە.

دیارە ئەمەریکایەکان زۆر جاران ئاماژەی پێدەکەن کە شەڕی ئەفغانستانو چیچێن دەستکردنی ئێمە بوو، شەڕی ئەفغانستان تۆڵەی هەلایسانی شەڕی ویتنام بوو لەلایەن سۆڤێیەتییەکانەوەو شەڕی چیچێنیش بۆ سەزادانی سۆڤێیەت بوو. لەلایەکی دیکەوە دژایەتییە سنوورییەکانی نێوان تورکیەو یونان گرژیو ئاڵۆزییەکی مێژوویی زیندوو دەکاتەوەو ئەو فەزایەش دەتوانێ بۆ سۆڤێیەتییەکان پڕمەترسی بێو هەرکاتیش دەتوانێ ئەو وڵاتە لە

پێکدادانێکی بچوکدا توشی کێشە بکات. لەلایەکی دیکەشەوە هەر لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا میسر کە لە سەردەمی "جەمال عبدالناصر"دا دۆستو هاوپەیمانی نزیکی سۆڤێیەت بوو، بە نەمانی ناوبراو ئەو بالانسەش تێکچوو و لە دۆستایەتییەکەیدا بە تەواوی وەرچەرخانێکی کردو لە هەلوێستو بڕیارە سیاسییەکانیدا رووی لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکردو یەکێتی سۆڤێیەتی بە تەواوی لە بازنەی هاوکارییەکانی خۆی خستە دەرەوە. فەلەستینیەکان تووشی کێشەو قەیرانێکی زۆر ببوونو یەکێتی سۆڤێیەتی خۆیان لە بەرامبەر ئیسرائیلدا لەدەست دابوو، لەو نێوانەشدا لە شەڕی عێراقو کۆماری ئیسلامیدا سووریە بە بۆنەی کۆمەلێك کێشەوە لەگەل عێراقدا پالپشتی کۆماری ئیسلامی دەکرد. دژایەتی بۆچوونو ئیدئۆلۆژیکی نێوان عێراقو سووریە کە پێشتر دوو هاوپەیمانی سۆڤێیەت بوون ببوە سەرگێژە بۆ یەکێتی سۆڤێیەت. بە گشتی بە پێ لێکۆلینەوە گەلێکی زانستی کە لەم بوارەدا بەرێوە چووبوو یەکێتی سۆڤێیەت بە تەواوی لەگەل شکەستدا بەرەوڕوو ببووەوە نە تەنیا نەیتوانی لە راکێشانی ولاتانی جیهانی سێهەم بۆ نێو بلوکی کۆمۆنیزم سەرکەوتوو بێ، بەلکوو بەرە بەرە دۆستو هاوپەیمانەکانیشی لەدەست دا. هەموو ئەمانەش لە حالێکدا بوون کە بەرەی رۆژئاوا یان بە وتەیەکیتری ئەوکات "ئامپریالیزم" رۆژ لە رۆژ پتر بەرەی دەستاندو بلۆك یان بەرەی سۆسیالیزم بەرەو روخانو لەناو چوون دەرویشت. لەو کاتەشدا پێویست بوو رۆژئاوا بە سەرکردایەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جارێکی دیکە بە میکانیزمێکی دیکەو لەسەر پرۆگرامێکی دیکە خۆرێك بخاتەوە. خۆدی رۆژئاواییەکانیش لەو بڕوایەدا بوون داهاتووی جیهان لە دەستی ئەواندایەو دەبێ بەهێزەوە هەنگاوی بۆ بنێن.

لەم بەشەی باسەکەماندا دوو تەوەر وەك تەوەری سەرەکی پتر لە تەوەرەکانی دیکە خۆ دەنوێنن، ئەو دوو تەوەرەش بریتین لە تەوەری ئاسایشی نەتەوەییو نێو نەتەوەیی، و تەوەری ئاسایشی جیهانی کە لە نێو ئەم دوو تەوەرەشدا دەتوانین دوو بۆچوون دەربڕین کە هەردوویان دەتوانن دروست بن. یەکەم ئەوەیە کە ئاسایشی نەتەوەیی خاوەن کۆمەلە تایبەتمەندییەکە کە دەتوانن بال بەسەر تەوەرەکانی دیکەی جیهاندا بکێشن. واتە بە وتەیەکتیر بەبێ دابین بوونو پاراستنی ئاسایشی جیهان هیچ تەوەرێکی دیکەی پێکهێنەری سیستمی نەتەوەییو نێونەتەوەیی ناتوانێ سەرکەوتوو بێ. بە پێ ئەم باسە بەو ئاکامە دەگەین کە ئاشتی، ئارامیو هێمنی جیهانیش لە ژێر چەتری ئاسایش دایە. بۆچوونەکەی دیکەش ئاماژە بەوە دەکات کە ئاسایشیو هێمنی جیهانی دەستەبەر نابێ، مەگەر بە سەقامگیری ئاشتی لە ناوچە ئالۆزو پڕ کێشەکانی جیهانیدا. رەنگە خێرا بۆ خوێنەر ئەو پرسیارە بوروژێ کە تەوەری ئابووری چی؟ ئایا تەوەری ئابووری یەك لەو تەوەرە گرینگانە نیە کە لە ریزی سەرەکییەکاندا دادەنرێن. بە شیکردنەوەی تەوەری ئاسایشیو تەوەری ئاشتی جیهانیی بەو ئاکامە دەگەین کە ئەو دووە تەواوکەری یەکترین. واتە بەبێ سەقامگیر بوونی یەکێکیان ئەوی دیکەیان سەقامگیر نابێ. واتە ئاسایش کاتێ دەستەبەر دەبێ کە هەموو فاکتۆرەکانی چالاك بنو ئامادەیی پاراستنی ئەو ئاسایشەیان هەبێ. بێگۆمان کاتی لە ئاسایشی رادەمێنین بەو ئاکامە دەگەین کە بەبێ جێگیر بوونی فاکتۆرە ئاسایشییەکان کەمترین ئاشتییەك دەستەبەر نابێ. لێرەشدا تەنیا ئاسایشو ئاشتی نین کە یارییەکە دەلیزن، بەلکوو چەند ئاکتۆری دیکەمان هەیە کە هەرکامیان دەتوانن کاریگەری بەرچاو لە سەر رەوتی ئاسایشو ئاشتی دابنێن. ئەو ئاکتۆرانەش بریتین لە تەوەری ئابووری، تەوەری سیاسیی، تەوەری کولتووری، تەوەری کۆمەلایەتی، تەوەری ئایینی ـ ئیدئۆلۆژیك و...،.

رۆژهەلاتی نێوەڕاست یەکێ لە هەستیارترین هەلکەوتە جوگرافیاییەکانی جیهانە کە هەموو ولاتان لەوێدا خۆیان بە خاوەن بەرژەوەندی دەزانن. رۆژهەلاتی نێوەڕاست ناوچەیەکە کە پتر لە 65٪ لە سەدی وزەی جیهان بەرهەم

دێنێ. ناوەندی سەرهەڵدانی سێ ئاینی گەورەی، یەهوٗد، مەسیحو ئیسلامە. خاوەن مێژوویەکی کۆنو دوورو درێژی ژیانە، و بەردەوام ناوەندی پێکدادانو کێبڕکێ بەرژەوەندییەکان بووە هەیە. بە گشتی هەم لە درێژایی مێژوودا کاریگەریی لە سەر جیهان هەبووە خێزگەی زۆر شەڕی ناوچەیی‌و یان ناوچەیی بوە کە توانیویانە کاریگەریی ئەرێنی بکەنە سەر خەڵکی ناوچەکە لە زۆر ڕەهەندەوە. لە سەردەمی دووجەمسەریدا یەك لەو فاکتۆرە گرینگانە بوو کە لە هەڵسەنگاندنی بالانسەکاندا رۆڵی دەبینی. بەڵام ئەو حالەشەوە هێژموونی رۆژئاوا بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکان بەهێزتر لە هێژموونەکانەی دیکە خۆی دەردەخست. بە رووخانی جەمسەری رۆژهەڵات یان یەکییەتی سۆڤیێت، لەگەڵ ئەوەیدا کە بە گشتی سیستمی نێونەتەوەیی گۆڕانێکی قووڵی بەسەردا هات، هاوکێشەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕستدا بە ئاراستەیەکی دیکەوە هاتنە مەیدانی یارییەکان.

هەروا کە ئاماژەمان پێکرد پتر لە 65٪ لە سەدی وزەی جیهان لەو ناوچەیەوە دابین دەکرێ. ئەوەش بەو واتایەیە کە ماشینی پیشەسازی جیهان بەبێ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست رادەوێستێ. ئەوەش بەو واتایەیە کە ئەو ناوچەیە پێویستە لە هەموو ناوچەکانی دیکە هێمنتر بێ. بۆ ئەو مەبەستەش وڵاتە یەکگرتووەکان بەردەوام باسی لە ئاسایشی وزە (امنیت انرژی) کردوە. ئەمەریکا تا دەهەی 90 هێندە بە فەرمی هەنگاوی کردەکی بۆ ئەو مەبەستە هەڵنەهێنابوەوە، بەڵام بە هێزگرتنی بەشێك لە دەوڵەتانو هەڕەشەکانیان بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکەو هەروەها چالاکتر بوونی تاقمو گرووپە تیرۆریستییەکان، دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان هەستی بە مەترسی جیددی کردو لەو پێوەندییەشدا هەنگاوی کردەکی هەڵێنایەوە. لە دەورانی بوشی باوکدا هێرشی عێراق بۆ سەر کوەیت لەلایەن هاوپەیمانانەوە تێکشکێنرا. ئەرتەشی بەعسی عێراق بە ناچار پاشەکشەی کرد. لەو کاتەدا بوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان بواری بۆ رەخسا کە هێژموونی خۆی دەبێ بەسەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پەرەی بدات. بۆ ئەو مەبەستەش دەبوا هێژموونەکە هێژموونێکی فرە رەهەند بوایەو لە چوارچێوەی پرۆژەو پلانێکدا بهاتبایاتە گۆڕێ. هەر بۆیە لەو دەمەدا چەند وڵات لە وڵاتانی دیکتاتۆر لێدراو چەوسێنەر کە خەڵکەکەیان لە هەموو سۆنگەیەکەوە تەنگەتاو کردەوەو خستوەتە ژێرگوشارەوە، وەکوو وڵاتانی شەڕئاشۆ یان شەیتانی ناسێندران.

واتە تیۆری "تەوەری شەرارەت" خرایە بەرباس. وڵاتەکانیش بریتی بوون لە: ئێران، سوریە، لیبی‌وکووریای باکوور. کە لیبی پاش ئەوەیکە کۆمەڵێك لە داخوازەکانی کۆمەڵگای جیهانی‌و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای بە جێهێناو پرۆژەی چەکە ئەتۆمییەکەی راگرتو تکنۆلۆژییەکەی رادەستی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی کرد لەو تەوەرە هاتە دەر. بەڵام سێ وڵاتی دیکە بەردەوام لەو تەوەرەدا درێژەیان بە سیاسەتەکانیاندا. ئەو تیۆرییە لە سەردەمی سەرۆك کۆماری بیل کلینتۆندا هێنرایە ئاراوە.

لە راستیدا ئەمریکا بەتایبەتی‌و رۆژئاوا بە گشتی لەمێژە لە خەمی ئەوەدان کە کۆنترۆڵی ئاسایشی وزە لە رۆژهەڵاتی ناوڕاستدا لەدەستیان بچێتەدەر. هەر بۆیە لە هەلێك دەگەڕان کە ماکەو بنەماکانی ئەو هەڕەشەو مەترسییانە بە یەکجاری ریشەکێش کەن. پرۆژەکە وەگەڕ کەوتبوو بەڵام بە هێمنی دەچوە پێش، تا دەهات هەڕەشەکان جیددیتر دەبوونەوە. بۆ وێنە ئێران خەونی سەردەمی پاشایەتی بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دیتبوو، واتە دیهەویست ببێتە ژاندارم یان پۆلیسی ناوچەکە. بەڵام بە شێوازێکی سەربەخۆ کۆنترۆڵی وزە بگرێتە دەستو سەری کرنۆشی رۆژئاوا بەرەو خۆی دانەوێنی. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی هەرچی زیاتر چالاك کردنی ناوەندە قەیران خوڵقێنەکانی دەدا، هەوڵی دەدا وا نیشان بدا کە کۆنترۆڵی ئاسایشی ناوچەکە بە دەستی ئەوەوەیە، یان رۆنتر بڵێین ئەێدی خەرێکە دەبێتە سوپر باوەڕێکی ناوچەیی‌و ئەمەریکاو زلهێزانیش دەبێ دان بەو راستییە دابنێن. لە کێشەی

ئاشتی نێوان عەرەبەکان، ئیسرئیلدا رۆڵ دەگێڕێو ئەکتێرەکانیشی حەماس، جیهادی ئیسلامیو حزبوڵلان، لە ئەفغانستان شەڕی نێوان شێعەو سوننە خۆش دەکاتو بە ناساندی ئەمەریکاو هاوپەیمانانی هەردوو مەزهەبەکە دەدا بە گژ ئەمەریکادا. لە پاکستان کێشەی شێعەو سوننە دەنێتەوە، لە عێراق بە تەواوی فەزای سیاسیی، سیستمی ـ ئەمنییەتی بە سپای قودس سپاردوە، لە کاروباری نێوخۆیی زۆربەی دراوسێییەکانیدا دەستێوەردان دەکاتو بە گشتی هەموو ناوچەکەی تووشی کێشەو قەیران کردوەو ئاکامەکەشی ئەوەیە کە خۆی لە دوورەوە سەیری هەموویان دەکات. شرۆڤەو لێکدانەوەیان بۆ دەکاتو تێزوتیۆریی بۆ چاسەرییان دادەڕێژێو ئەمەریکاو رۆژئاواش بە فاکتۆری سەرەکی هەموو ئەو تێکدەرییانە دەزانێ.

هەر لەو پێوەندییەدا سووریەش لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعسی بە شارالاسەدیدا لە بارودۆخێکی زۆر نالەباردا بەسەر دەبا. ئوپوزسیۆن سەرکوت دەکرێ، ئازادییەکان پێشێل دەکرێن، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دۆستو هاوپەیمانن لە پرۆسەی عەرەبەکان ئیسرائیلدا رۆڵی نەرێنی دەگێڕێ، پاڵپشتی بەهێزی تیرۆریزم دەکاتو دەیان سیاسەتی دیکە کە دژایەتی هەیە لەگەڵ رای کۆمەڵگای جیهانێدا. عێراقیش کە ئەوکات ببوو بە سووژەی دەزگاکانی راگەیاندن بە نزیکترین هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ناوچە، جیهانو بەتایبەت ئیسرائیل دەهاتە ئەژمار. دەوڵەتێك کە لە سەرکوتی شۆڕشی خەڵکی کورددا دڕندانەترین ئەزموونی خۆی دابوو. لە داگیر کردنی کوەیتدا فراوا نخوازانەترین ئەزمونی خۆی دابوو، و هەنوکەش بەردەوام هەڕەشەی چەکی کۆمەڵکوژو لەناوبردنی ئیسرائیلی دووپات دەکردەوە، و هەروەها گێروکێشەی سیاسیی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری، وڵاتانی ناوچە، دەستیان بە دەست یەکەوە دابوو بۆ ئەوەیکە بە کۆمەڵگای جیهانی بسەلمێ کە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێویستی بە گۆڕانێکی قووڵو ریشەیی هەیە. بۆ ئەو مەبەستەش پێویست بە فاکتۆرێك بوو کە ببێتە کاتالیزۆری ئەو پرۆژەیە. کە ئەو فاکتۆرەش بە لێدانی ناقووسی ترسو خۆف لە رۆژی سێشەممە، 11ی سێپتەمبری 2001دا ئەوکاتەی کە تاوەرە جمکەکەی رێکخراوی بازرگانی جیهانی کە نیمادی بەهێزیی ئەمەریکا بوو بە لێدانی فڕۆکەیەکەی نەفەرهەڵگر تێکشکێنراو هەر لە کاتژمێری یەکەم دا هەزاران کەسی کردە قوربانیو لە پێنتاگۆن 125 کەسی کردە قوربانیو فڕۆکەیەکیتریش لە پێنسلوانیا بە 40 کەسەوە کەوتەخوارەوە. ئەو کردەوە تیرۆریستییە ئەگەرچی رووداوێکی تراژدیك بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیو بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، بەڵام لە راستیدا دەکرێ بە خاڵی وەچەرخانێکی بەهێز هەم بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو هەم بۆ خەڵکی وەزاڵەهاتووی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نێوی بەرین.

بە لێدانی ئەفغانستان شەڕی جیهانی سێهەم واتە شەڕی دژە تیرۆر دەستی پێکرد. پاش ماوەیەکی دیکە عێراقی بەعسی بوە ئاما نجی هێرشی رۆژئاواو لە هەموو رەهەندەکانەوە خرایە ژێر تیشکی رخنەوەو بە تەواوی کەوتە ژێر گۆشارێکی بێ وێنەوە. چاوی کامێراکان ئەفغانستانیان بەجێهێشتو روویانکردە بەغداوو واشنگتۆن. لەو ماوەیەشدا تاران خۆی مەڵاس دابوو تاکوو بزانێ ئاکامی ئەو پێکدادانە بەرەو کوێ دەچێ. زۆر نەخایاند پاش زەربۆالئەجەلێك لە کاتژمێرەکانی دەمەوبەیاندا بەغدا بە یەکەم موشەکە کروزەکان لەرایەوەو دیکتاتۆرەکانی ناوچە هەموو لە خەونی ترسناك راچڵەکان. لێدانی عێراقو رووخانی حکومەتی بەعسی لاپەڕەیەکی نوێ لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکای هەڵدایەوە، لاپەڕەیەك کە لەگەڵ مێژووەکەیدا جیاوازی هەیە، لاپەڕەیەك کە دەستپێکی گوتارێکی نوێ بوو، گوتارێك کە تێیدا جێگای خەڵكو دەسەڵات گۆڕدرا، گوتارێك کە باسی لە پرۆژەیەکی رێفۆرمیستانە دەکرد. گوتارێك کە رخنەی لە سیاسەتی پێشووی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەگرت.

پاش ئەوەیکە پێگەی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کەنداودا پتەوتر بووەوە، کارناسانی سیاسیی و پسپۆڕان و لێکۆڵەران لە ناوەندە ستراتژیکەکانی ئەمەریکا بە لەبەر چاوگرتنی "دیمۆکراتیزاسیۆن" و "نەزمی نوێی جیهانیی" هەوڵی داڕشتنی پرۆژەیەکی دیکەیان بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پێکهاتەی سیاسیی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دا کە دەکرێ بە کاراترین پرۆژەی نێوبەرێن. ئەویش "پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو باکووری ئافریقا" بوو کە پتر بە "پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە" بەناوبانگە. لەو پرۆژەیەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەوروبەری پێویستی بە جەڕاحییەکی هەمە لایەنە هەیە، چونکی ئەو ناوچەیە لە هەموو بوارەکاندا نەخۆشە. قەیرانی کۆمەڵایەتی هەیە، قەیرانی ئابووری هەیە، قەیرانی سیاسیی هەیە، قەیرانی کەلتووری هەیەو ...و بە گشتی ئەو فاکتۆرانەی کە تاکوو ئێستا وەك شیاو ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە. هەموو جیهان چاویان بڕیبوە ئەو پرۆژەیەو بەشێکیان کە تێیدا بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە مەترسیدا دەبینن ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ڕەخنەیان لێدەگرت و دژایەتییان دەکردو بەشێکیش بە چاوی هیواوە سەیریان دەکرد. پرۆژەکە ئاماژەی بەوە دەکرد کە خەڵکی ناوچەکە لە قەیرانی هوییەت دادەژین. واتە یەك لەو ڕێگایانە کە بتوانێ پرۆژەکە بباتە پێشەوە، گۆڕانێکی قووڵ و بناخەیی لە سیستمی پەروەردەو فێر کردنی وڵاتان دایە.

هیچ کام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەنوکەش نەیانتوانیوە ببنە خاوەن سیستمێکی پەروەردەو فێرکردنی عەلمانی و سێکیۆلار. ئیسلامی سیاسیی لە هەر وڵاتەدا بە شێوازێك باڵی بەسەر سیستمی خوێندندا کێشاوە. سیستمی سیاسیی وڵاتان سیستمگەلێکی نادیمۆکراتیك، هەڵنەبژێردراو غەیری خەڵکین و ئەو سێناریوانەش کە بە ناوی هەڵبژاردنەوە بەڕێوەدەچن تەنیا ڕواڵەتی و شانۆیین. هەر بۆیە دیکتاتۆرلێدراوی وڵاتان بۆتە هۆی کردەوەو دژکردەوەی سیاسیی ـ سەربازیی جۆراوجۆرو ناوچەکە بەردەوام لە کێشەو قەیران دایە. بواری ئابووری خەڵکی ناوچەکە کە بە زۆری لە کۆنترۆڵی دەوڵەتاندایەو بۆ مەبەست و ئامانجەگەلی جۆراوجۆرو زۆر جار بۆ سەرکوتی خەڵکی و زۆر جار بۆ ئاژاوەنانەوەو قەیران خوڵقاندن لە جیهاندا کەڵکی لێوەردەگیرێ، دەبێ گۆڕانی بەسەردا بێ.

ئاستەنگەکانی بەردەم ئەو گۆڕانە:

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو بەتایبەت و ڕۆژئاوا بە گشتی لە هەوڵی ئەوەدان دروشمەکانیان بۆ گۆڕان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ببەنە قۆناغی پراکتیکەوە. بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ کۆمەڵێکی نە زۆر کەم لە کۆسپ، تەگەرە ئاستەنگەکاندا بەرەوڕوو دەبنەوە. لێرەدا گرینگ نیە نێوی ئەم دیاردەی بەرەوڕوو بوونەوە چ نێوێکی لێ دەنرێ، گرینگ ئەوەیە پرۆژەی گۆڕان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تووشی پێکدادان دەبێ. پێکدادانەکەش پوتانسیلێکە کە خێزراوی کۆمەڵە هێزێکە، کۆمەڵە هێزێك کە بە پراکتیزە بوونی ئەو پرۆژانە، بەرژەوەندییەکانی ئەوان لە مەترسی دەکەوێ. هەروا کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو، هێز، لایەن، پارت و گرووپە ئیسلامییەکان بەتایبەت ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی، تیرۆریزم، ڕەوتە تیرۆریستییەکان و پشتیوانانیان و تەنانەت بەشێك لە دۆستانی کۆن و نەریتی و کۆنە هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاواو خۆدی ئەمەریکا کە ئێدی ئەمڕۆ ئێکسپایەر بوون و بەشێك لە دۆستانی ڕۆژئاوایی ئەمەریکا کە هەست بە سەپاندنی سیاسەتی هێژموونیستی ئەمەریکا لە بواری سیاسیی، سەربازیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە دەکەن. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە پێ بکەین وڵاتە یەکگرتووەکان هەر لە یەکەم زەبری شەڕی دژە تیرۆری خۆیدا بە لێدانی ئەفغانستان و لێکپاشرانی تاڵەبانیزم و هەڕەشەی بەردەوام لە بن لادەن و گرووپەکەی دوژمنایەتی ڕاستەوخۆی خۆی لەگەڵ ڕادیکالیزمی ئیسلامیدا بە توندی ڕاگەیاند. لێرەدا ئیسلامیی سیاسیی و توندڕەو بە گشتی دەکەوتنە

خانەی تیرۆریزمەوەو بە چووکترین بیانوو بنکەو بارەگاکانیان وەکوو بنکەو بارەگاکانی (انصارالسلام) لە ئەشکەوتەکانی هەورامان دەبوە ئامانجەی موشەکە هوشمەندەکانی ئەرتەشی ئەمەریکا لە ناوگانەکانی کەنداوەوە.

زۆری نەخایاند کە دەوری حکومەتی دیکتاتۆری بەعس بە سەرۆکایەتی سەدام حوسەین بە فاکتەری جۆراوجۆر تەنرا. حکومەتی بەعس کە خاوەنی کابینەیەکی بە تەواوی سەربازیی و بیرۆکەی مەزنخوازانەو نێوەرۆکێکی سەرکوتکەرانە بوو. دەوڵەتێك کە رابردوویەك پڕ لە هەڵە، سەرکوتکەری، خوێنرێژی و هەڕەشە خولقێنی هەبوو. زیندانەکانی ئاخنی بوو لە ناڕازایان و جودابیران و ئازادیخوازان، ئەندامانی پارتە سیاسیەکان و چالاکانی سیاسیی، کورد، سوننە و شیعە، جودا لە چەندسەد هێرش و پەلاماری کوشتارو سەرکوت بۆ سەر کوردەکان لە باکووری ئەو وڵاتە، لە پرۆسەیەکدا 182 هەزار کەس لێ ئەنفال کردن، شەڕێکی خوێناوی لەگەڵ ئێران ساز کرد کە ئاکامەکەی تەنیا وێرانی و چارەڕەشی خەڵکی هەردوو وڵات بوو. هەر بە پەسەند کردنی بڕیارنامەی 598ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئاگربەس و دیالۆگی ئاشتی، خێرا بە بیرۆکەی ئەوەوە کە کویت پاریزگای هەژدەهەمی عێراقە، هێرشی کردە سەر ئەو وڵاتە. بەم جۆرە ئاوری شەڕی یەکەمی کەنداوی ساز کرد کە دیسان جگە لە تێکشکان و چارەڕەشی هیچی دیکەی بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە بە دواوە نەبوو. هەر لە درێژەی ئەو هەوڵانەدا کەوتە بیری هێزی پێشگرانەی ستراتژیك (بازدارندگی استراتژیك).

## مەترسییەکانی هێزی پێشگرانەی ستراتژیك (بازدارنگی) ستراتژیك

لە سیستمی نوێی نێونەتەوەییدا بیرۆکەی هێزی پێشگرانەی (بازدارندگی) ستراتژیك بیرۆکەیەکی باو و بەهێزە. ئەو بیرۆکەیە لە هەر هەڵکەوتێکی جوگرافیاییداو بەدەست هەر هێزێکەوە تایبە تمەندی جیاوازی خۆی هەیە. بۆ وێنە ئەگەر هیندو پاکستان یان چین و ژاپۆن باس لە وەها بابەتێك بکەن لەگەڵ ئەوەیدا کە کۆماری ئیسلامی، عێراق، ئیسرائیل، کووریای باکوور و... باسی لێ دەکەن جیاوازە. هەروا کە باسمان کرد پتر لە 67٪ پاشکەوتە نەوتییەکانی جیهان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دایە. ماشینی ئابووری جیهان بە گشتی رۆژئاوا بەتایبەتی پێویستی بەو ناوچەیە هەیە. کە وابوو بچوکترین کێشە دەتوانێ ئاسایشی سیستمی پیشەسازی جیهانی بخاتە بەر مەتەرسییەوە. ئەمڕۆ وزەی نەوت وەکوو پڕبایەخترین و هەرزانترین و بەکەڵکترین وزە، وەك سەرچاوەیەکی گرینگ بایەخێکی جیهانی هەیە. هەروەها بە پێ ئەو بایەخانە بەرهەم هێنانی ئەو مادەیە رۆژ بە رۆژ روو لە زیادی دەکات. بە پێ بەراوردێك لە ساڵ 1998 تا 2020 لە سەر بنەمای داخوازی جیهانی بەرهەمهێنانی نەوت بە 111میلیۆن بەرمیل لە رۆژدا دەگات، هەر لەم رووەشەوە بایەخی ئاسایشی ناوچەکە رۆژ لە رۆژ دەچێتە سەرەوتر.

پێویست بە ئاماژە پێکردنە کە پاشەکەوتی نەوتی سەلمێنراوی جیهان 1000 میلیارد بەرمیلە کە 700 میلیاردی بەشی ئەندامانی ئۆپێك، واتە عەرەبستان، عێراق، ئێران، کویت، وێنزۆئێلا، ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبین، ئەو رادەیەش پتر لە لێوارەکانی کەنداوەدان و ئەو وڵاتانەش تەنیا بەرپرسن لە بەرامبەر دەرهێنان و فروشتنی نەوتی خاودا. زۆربەی پاڵاوگەکان و تکنۆلۆژییە پێترۆکیمیاییەکان لە دەستی وڵاتانی پیشەسازی واتە رۆژئاوایی دان. هەر بە تەنیا لە 900 پاڵاوگەیەك کە تا ساڵی 2002 لە جیهاندا چالاك بوون 460 پاڵاوگەیان لە وڵاتە

یەکگرتووەکانی ئەمەریکادان. لەم نێوانەشدا وڵاتانی خاوەن سەرچاوە نەتییەکان خۆیان ناچارن نەوتی مەسەروفی لە دەرەوە بکڕنەوە.
بەپێ زانیاری ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە (IEA) بەرهەمهێنانی گشتی روون و ناڕوونی نەوت لە 77/1 میلیۆن بەرمیل لە رۆژدا لە ساڵی 2002 بۆ 121/3 میلیۆن بەرمیل لە 2030دا زیاد دەکات. بەپێ زانیاری ئەو ئاژانسە زیاد کردنی 44/3 میلیۆن بەرمیلی لە رۆژدا، 30/7 میلیۆن بەرمیلی لە رۆژدا واتە (59٪) لە سەد بەشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کەنداوە. لێرەدا پێویستە ئاماژە پێ بکەین کە لە کەنداویشدا دوڕگەی هۆرمۆز گرینگییەکی ستراتژیکی هەیە. بەپێ زانیاری هەمان ئاژانس 40٪ لە سەدی نەوتی جیهان لەو دووڕگەیەوە تێپەڕ دەبێ. و رەنگە ئەو رادەیە تا ساڵەکانی (2030 ـ 2025) بە 60٪ لە سەد بگات.
جێ خۆیەتی ئاماژە پێ بکەین کە گرینگترین عامیلی کاریگەر لە سەر گەشەو هاتنە خواری ئەو رادەیە هۆکارگەلێکی دەروونین، لەوانە وەکوو نەبوونی ئاسایشی پێویست لە وڵاتانی نێردەری نەوتدا وەکوو عەرەبستان بە هۆی هەڕەشەو ترسی ئیسلامییە بناژووەکانەوە، عێراق بە هۆی کێشەی تیرۆرو شەڕو کێشە ناوخۆییەکانەوە، نیجریە بە دەستی قەیرانی ناوخووە لە ساڵانی رابردوودا و تەنانەت ئێستاشدا، هەروەها مانگرتنە کرێکارییەکان لە وێنزوئێلاداو هەروەها پێکدادانە سیاسییەکان لە ساڵانی پێشوودا و مەترسی و هەڕەشە فرەرەهەندەکانی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و کێشەی ئەتۆمی ئەو وڵاتە هەروەها کێشەگەلێک لە چەشنی مافی مرۆڤ، تیرۆریزم، قەیرانی فرە نەتەوەیی و بێ مافییان و کێشە ناوخۆییەکانی دیکەو لە هەموو ئەوانەش گرینگتر هەڕەشە دەرەکییەکانی لە چەشنی بەهێزترین پاڵپشتی تیرۆریزم و چەندین جار مەحکوم بوون بە تاوانی ئەنجامدانی تیرۆری نێودەوڵەتییەوە. بوونی گرووپگەلێکی تیرۆریستی گەورە وەکوو گرووپی تیرۆریستی القاعدەو دوژمنایەتییە سوێندخواردوانەکەی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا. لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە ئەمەریکایە کە زۆرترین پێویستی بە نەوت هەیە. واتە ئابووری ئەمەریکا وەکوو کۆڵەکەیەکی ئابووری جیهانی گەورەترین رۆڵ لە هاوردەی نەوتدا دەگێڕێ. هاوردەکانی نەوتی ئەمەریکا بەپێ نێوەنجی رۆژانە کە 6/3 میلیۆن بەرمیل بوە لە ساڵی 1973دا، بۆ ساڵی 2004دەگاتە 12/9 میلیۆن بەرمیل و لە ساڵی 2004دا لەم رادەیە 2/5 میلون رۆژانە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە هاتوە. بە گشتی بەشی نەوتی کەنداو لە هاوردەی ئەمەریکادا لە رادەی 13/6٪ ساڵی 1973 دەگاتە 19/3٪ لە ساڵی 2004دا. جودا لەمانە لە حاڵی حازردا نەوت 40٪ وزەو 97٪ سوتەمەنی پێویست بۆ سیستمی هاتووچۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دابین دەکات. هەروەها جێگای ئاماژە پێدانە کە بەپێ زانیاری ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە (IEA)، هاوردەی داهاتووی نەوتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە کەنداوەوە لە رۆژانە 2/5 میلیون بەرمیل لە ساڵی 2000دا بۆ 6 میلیون بەرمیل لە ساڵی 2025دا زیاد دەکات.
لێرەدا تەنیا ئەمەریکاو رۆژئاوا نین کە بەستراوەن بە نەوتەوە بەتایبەت نەوتی کەنداوی فارسەوە. بەپێ لێکۆڵینەوەیەک بۆمان دەردەکەوێ کە وڵاتانێکی لە حاڵی گەشەدا وەکوو چین و هیندوستانیش لەو وڵاتانەن. بۆ وێنە بەپێ راپۆرتی ساڵانەی دەوڵەتی چین ئەو وڵاتە لە سێ مانگەی یەکەمی ساڵی 2004دا نزیک بە 80 میلیون تۆن نەوتیان هاوردوە کە 40٪ لە سەدی لە پێوەندی لەگەڵ هەشت مانگی پێشوودا زیادی کردوە. لە ساڵی 2002شدا ئەو وڵاتە رۆژانە 5 میلیون بەرمیەل نەوتی مەسروف کردوە. بەپێ ئامارێک کە لە ساڵی 2005دا ناوەندی هەڵسەنگاندنی ئاماری وزەی جیهان بەرێوەی دەبات و لەلایەن کۆمپانیای BP یەوە راگەیەندراوە تەواوی

هاوردەی نەوتی چین لە ساڵی 2004دا رۆژانە 3/4 میلیون بەرمیل بوە کە هەناردەی ئەو رادەیەدا رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پلەی دووهەمی هەیە، هەروەها جێ ئاماژە پێدانە کە ئەو وڵاتە لەو ساڵەدا 40٪ی مەسروفی خۆی لە دەرەوە هاوردوە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بەپێ لێکۆڵینەوەکان، چین خاوەنی سەرچاوەی بەرفراوانی نەوتە کە دەتوانێ لە داهاتوودا یارمەتییەکی زۆر بە ئابووری ئەو وڵاتە بگەیەنێ.

هێندوستانیش یەك لەو وڵاتانەی لە حاڵی گەشە دایە کە کێبڕکێ لە وارید کردنی نەوتدا دەکات. ئەو وڵاتە پێویستییەکی زۆری بە وزە هەیە کە بەشێکی لە ناوەوە بەرهەم دێنێ. نەوت 30٪ وزەی مەسروفی هیند پێکدێنێ، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ئەو وڵاتە 5/4 میلیون بەرمیل نەوتی لە بەردەست دایە. هیند لە ساڵی 2001دا 2/1 میلیون بەرمیل‌و لە 2003دا رۆژانە 2/2 میلیون بەرمیل نەوتی مەسروف دەکرد. بەپێ زانیاری ئاژانسی جیهانی وزە (IEA) رادەی بەکارهێنانی نەوت‌و لەلایەن ئەو وڵاتەوە لە 2010دا تا 2/76 میلیون بەرمیل لە رۆژدا زیاد دەکات، ئەو رادەیەش تا ساڵی 2015 دەگاتە پتر لە 4/9 میلیون بەرمیل لە رۆژدا. بەپێ ئەو زانیاریانەش ئەو وڵاتەش لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا دەچێتە ریزی وڵاتە گەشەسەندوەکانەوەو زیاترو زیاتر پێویستی بە هاوردنی نەوت دەبێ. ئەوە تەنیا چارەنووس‌و داهاتووی ئەو چەند وڵاتە نیە، بەڵکوو روسیە وەکوو وڵاتێکی ئاسیایی ـ ئوروپایی خەریکی بوژانەوەیەو بەو جۆرەش بڕواتە پێشەوە گەشەیەکی باش لە بواری ئابوریەوە بەخوە دەبینێ، ژاپۆن‌و وڵاتانی ئوروپای رۆژئاواش هەر لەو ریزە دان.

بە لێکدانەوەیەکی گشتی بەپێ ئاماری ساڵی 2001 وڵاتانی پێشەیی رۆژانە 9/7 میلیون بەرمیل نەوتیان لە وڵاتانی کەنداوی فارسەوە وارید کردوەو هەروەها، پێشبینیش کراوە کە تا کۆتایی ساڵی 2025 رادەی هەناردی وڵاتانی ئۆپێك (OPEK) بۆ وڵاتانی پیشەیی بە رادەی رۆژانە 11/5 میلیون بەرمیل بگات کە پتر لە نیوەی ئەم رادە زیاد کردوەش لەلایەن وڵاتانی ناوچەی کەنداوی فارسەوە دابین دەکرێ. هەروەها پێشبینی کراوە کە هاوردەی نەوتی وڵاتانی ئەمەریکای باکوور لە ناوچەی کەنداوی فارسەوە تا ساڵی 2025 دوو بەرامبەر بێتەوە.

بە گشتی دەتوانین بێژین بەپێ هەڵکەوتی سیاسیی ـ جوگرافیایی‌و ژئۆپلوتیکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و کەنداوی فارس، ئەو وڵاتانە لە ناوچەیەکی هەستیارو گرینگدا هەڵکەوتوون‌و دەتوانن بۆ کۆمەڵگای جیهانی بەتایبەتی وڵاتانی پیشەسازی قەیران خوڵقێن بن. ئەو وڵاتانە لە بواری ئابوورییەوە رۆڵێکی دوولایەنەیان لە سیستمی ئابووریی جیهانیدا کە ئێستا سیستمی وەبەرهێنان حاکمە هەیە. بەو چەشنەی کە لە لایەك نێردەری مەوادی سەرەتایی، سەرەکی‌و خاوی پیشەسازی جیهانین بەرەو وڵاتانی پیشەیی، لەلایەکی دیکەشەوە هێنەری کاڵاو کەرەستە بەرهەم هاتوەکانی ئەو وڵاتانە بن لە دەرەوە وەکوو مەوادی خوراکی‌و غەزایی، کاڵا مەسروفییەکان، کە رەستەو ئامرازو تێکنۆلۆژی سەربازیی‌و زۆر شتی دیکە. بە وتەیەکیتر رۆژهەڵاتی نێوەڕاست گەورەترین کانزاو سەرچاوەی وزەی جیهانە. رێگا نەوتییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکرێ بە شادەماری زیندوومانەوەی سیستمی پیشەیی لە سیستمی جیهانیدا بزانین. کەوابوو گرینگیدان بەو ناوچەیە گرینگیدان بە بارودۆخی جیهان بە گشتییە.

رەنگە زۆر جاران گرینگی‌و بایەخی ئەو ناوچەیەو وڵاتانی لەلایەن لێکۆڵەران، توێژەران، زانایان‌و خاوەن روانگەکانەوە تەنیاو تەنیا لەلایەن نەوتی‌و ئابورییەوە لێك درابێتەوە. بە زۆر فاکت دەسەلمێنرێ کە گرینگی ئەو ناوچەیە تەنیا لەو روانگەیەوە نیە، بەڵکوو ئەو روانگە گرینگترینی روانگەکانە. بەپێ ئەو زانیاریانە لە مەڕ گرینگی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و کەنداوی فارس لە پەیکەرەی ئابووری جیهان بە گشتی‌و سیستمی پیشەسازی

بەتايبەتدا بەو قەناعەتە دەگەين كە سيستمى نێونەتەوەيى ئەو ناوچەيەيە ناوچەيەكى جيهانى دەزانێ و لەو ناوچەيەدا خۆى بە مافدارو خاوەن بەرژەوەندى دەزانن. هەر بۆيە لەگەڵ گۆڕانكارييەكاندايە، هاوكات لەگەڵ قەيرانەكاندا دژكردەوە پيشان دەداو لە بارودۆخى ئەو ناوچەيەدا راستەوخۆو ناڕاستەخۆ بەشدارە.

# بارودۆخى رۆژهەڵاتى نێوەڕاست و كاريگەرييەكانى لەسەر جيهان

كاتى باس لە لە رۆژهەڵاتى نێوەڕاست دەكرێ يان كاتێ چەمك و وشەى رۆژهەڵاتى نێوەڕاست دێتە پێش چاومان بەتايبەتتر سەرنجى لێدەدەين. بەو واتايە كە ئەو وشەيە يەكێ لە گرينگترين و يەكێ لە هەستيارترين ناوچەكانى جيهانت بۆ دەورووژێنێ كە ناوەندى بەهێزى بەشێك لە قەيرانەكانى ئێستاى جيهانە. رۆژهەڵاتى نێوەڕاست لە زۆر رووەوە جيگاى بايەخە بۆ جيهان. ناوچەى رۆژهەڵاتى نێوەڕاست لە واتاى كلاسيكى خۆيدا بەو مانايەيە كە وڵاتانى عەرەبى لە نێوەڕاستدا وەكوو ناوكەى ناوەندىو وڵاتانى لێوارەيى وەكوو ئێران، توركيەو ئيسرائيل لەخۆ دەگرێ. ئەو ناوچەيە خاوەن تايبەتمەنديگەليكى تاقانەو تەوەرييەكە وێنەيان كەمتر لە جيهاندا دەبينرێ. گەر سەرنجمان دابێ تێدەگەين ئەو ناوچەيە هەم لە بوارى كولتوورى، هەم لە بوارى شارستانيەت و هەم لە بوارى ئاينيييەوە فرە چەشنە. لەم ناوچەيەدا كۆمەڵێك رەگەزو نەتەوە هەڵكەوتوون كە كۆمەڵێك ناتەبايى ئێجگار زۆر لە نێوانيان دايە، لە رۆژهەڵاتى نێوەڕاست خێزگەى سێ ئاييني گەورەى جيهان ئيسلام، مەسحييەت و يەهۆدييەتەوە هەركام لەم ئاينيانەش لە قۆناغ زەمەنێكدا باندۆرى تايبەتى خۆيان لە سەر ئەم ناوچەيەدا ناوەو تەنانەت برێ جاريش خاڵى پيكداداني ئەو سێ ئايينە بوە. جودا لەوانەى باسمان كردن ئەو ناچەيە لە بوارى ژئۆپۆليتيكييەوە هەڵكەوتێكێ تايبەتى هەيە. بەو واتايە كە خاڵى پێوەندى نێوان سێ قاڕەى ئاسياو ئورووپاو ئافريقايە، يان دەتوانين بێژين پردى پێوەندى نێوان ئەم قاڕەيەيە كە لە دەرياى مێديتڕانەدا پێك دەگەنەوە. لەم نێوانەشدا دورگەى سوئيز گرينگييەكى تايبەتى هەيە كە بۆتە هۆى ئەوەيكە ئەو ناوچەيە ببێتە رێگايەكى ستراتژيك لە نێوان ئوروپاو رۆژهەڵاتى نزيكداو رۆڵێكى تراتزيتى بگێڕێ. بە گشتى لە هەموو بوارەكانەوە لە گرينگترين و بەنرخترين ناوچەكانى جيهانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ كۆمەڵێك راستى ديكە هەيە قبوڵى بكەين تا بتوانين رۆونتر بڕوانينە ئەو ناوچەيەو خاڵە بەهێزو لاوازەكانى.

رۆژهەڵاتى نێوەڕاست بەو كانگاو سەرچاوە گرينگ و بەنرخانەوە كە هەيەتى لە هەموو رەهەندەكانەوە لە نێو قەيراندا پەلەقاژەى دەكات. واتە لە بوارو رەهەندى ئابوورييەوە خاوەنى گەندەڵترين سيستە ئابوورى و داراييەكانە. ناوچەيەك كە بە رادەيەكى ئێجگار زۆر بەكار بەرەو بە رادەيەكى زۆر نزم بەرهەم هێنە. وڵاتانى زۆربەيان خاوەن ئابوورييەكى تەك بەرهەمين. سيستمێك بە نێوى چاوەدێرى و كۆنترۆڵى ئابوورى و دارايى بوونى نيە. ئابوورييەكى حكوومەتى كە زۆربەى حكومەتەكانيش جودا لەوەيكە لە گەندڵى داراييدا غەرق بوون، زۆربەى داهاتى ولات سەرفى مانەوەى دەسەڵاتەكانيان دەكەن. بەشيكى سەرسام هێنەرى ئەو داهاتە بۆ بەهێز كردنى باسكى سيستمى وڵات تەرخان دەكەن. بەشێكى زۆرى سەرفى دەزگاى هەواڵگرى و شوفارى و سەركوتكەرەكان دەكەن. بە پێ ئامارێك كە ساڵى 2005 گيراوە ئەو ناوچەيە 23 لە سەد حەشيمەتى جيهان لەخۆ دەگرێ 30 لە سەدى سەرچاوە كانزاييەكان لەوانە 74٪ لە سەد ئەمبارى نەوتى خاوى جيهان، 50 لە سەدى سەرچاوە كانزاييە بينراوەكانى گازى سروشتى، 5 لە سەد كەنەف، 20 لە سەد بەرهەمى پەموو، 30 لە سەد فوسفات، 35لە سەد قەلع، 10 لە سەد يورانيوم و 17 لە سەدى بەرهەمهێنانى برنج لەخۆ دەگرێ.

له بواری کۆمەڵایەتییەوە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست یەکێ لە دواکەوتووترین ناوچەکانی جیهانە کە پێشترخاوەنی کولتوورو شارستانیەتێکی پێشکەوتوو بوە. ئەو بارودۆخەش خۆی بەرهەمی ئەو گیرەو کێشانەیە کە ئەو ناوچەیەی بە خۆوە خەریك کردوە. کە بمانەوێ بە تێروتەسەلی تیشك بخەینە سەر ئەو ڕەهەندە بەو ئاکامە دەگەین کە سیستمی پەرەردەو فێرکردنی لەو نێوانەدا دەورێکی کاریگەری هەبوە. ئێستاشی لەگەڵدا بێ هیچکام لە وڵاتانی ئەو ناوچەیە نەیاتوانیوە ڕێفۆرم لە دەزگای پەروەردەدا بکەن. واتە هەنوکەش باندۆری ئیدئۆلۆژییەکان بەردەوامە لە سەر سیستمی پەروەردەو فێر کردن. کە وابوو سیستمێکی پەروەردەی ناعەلمانیو ناسێکیۆلار دەتوانێ بەرهەمهێنەری کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو لە هەموو بوارەکاندا بێ. هەر بۆیە ڕۆژئاواو بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پتر لە هەموو لایەنەکانی دیکە جەخت لە سەر ئەو لایەنە دەکەنەوەو پێیانوایە بە ڕێفۆرمی کۆمەڵایەتی بەشێکی زۆری کێشەکانی دیکە چاسەر دەبن. لە بەرامبەریشیدا کۆمەڵێك هێزوو لایەنی دیکە لەوانە رادیکاڵیزمی ئیسلامی هاتنە ئارای ئەو گۆڕانە بە دینامیزمێك دەزانن کە کۆتایی بە تەمەنی ئاواتو خولیاکانی ئەوان دێنێ. هەر بەو روانگەیەوەیە کە هێزو گرووپە نەیارەکان کەوتوونەتە بەرامبەری گەشەو پێشکەوتنەوەو پەنایان بۆ ئامرازی تیرۆر بردوەو لە هیچ چەشنە کردەوەیەکی تیرۆریستی دەست نا پارێزن.

ڕەهەندە کولتووری، سیاسی، سەربازیو...کانیش درێژەی ئەو پرۆژەیەنو دەبێ ڕێفۆرمیان تێدا بکرێ. مەبەست لەو پرۆژەیە، پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەیە. وڵاتە یەمکگرتووەکانی ئەمەریکا پاش هێرشە تیرۆریستییەکەی 11ی سێبتەمبری 2001، ئەو پرۆژەیەی وەکوو ئیستراتیژی درێژ ماوەی خۆی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو باکووری ئافریقادا هێنایە گۆڕێ. لە ڕاستیدا ئەو پرۆژەیە کاری زۆری لەسەر کرابوو هەر بۆیە کونو قوژبنەکانی بە وردی لێکدابووەوە پرۆژەیەکی ئەگەر چی پڕ کەموکوڕی بەڵام خاوەن کۆمەڵێك خاڵی پۆزەتیڤ بوو. لە ڕاستیدا پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە پتر لە روانگەیەکی ئەمنیەتییەوە دارێژرابوو واتە ئەمنیەتی ئابووری، سیاسیی، کولتووری، و...و بەگشتی باسکە ئاسایشییەکانی زۆر بەهێزتر بوون لەلایەنەکانی دیکەی.

ئەو پرۆژەیە لە پلانی کاریدا هەبوو کە لە چوکترین تیشکی هیواکانی دێموکراسی پاڵپشتی بکاتو بنجو بنەماکانی ساز بوونو سازکردنی دیکتاتۆری لە ناوچەکەدا بنەبڕ بکات. دیارە ئەمانەی هەموو وەکوو درووشم بوونیان هەیە. کەی دەچنە قۆناغی پراکتیکییەوە ئەوە داهاتوو دەزانێو کردەوەو دژکردەوەکان لە ناوچەکەدا. بەشێك لە وڵاتانی ناوچەکە لەوانە کۆمەڵێك لە وڵاتانی عەرەبیو ئیستراتیژی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەو بڕوایەن کە ڕۆژئاواو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە دووی بەرژەوەندی خۆیانەوەن جا چ لە چوارچێوەی ئەو پرۆژەیەدا یان لە ژێر هەر ناو و عینوانێکی دیکەدا بێ.

لە ڕاستیدا ئەوان بە چڕی ئەو چەشنە پروپاگەندەیە برەو پێدەدەنو لانیکەم دەیانهەوێ فەزای نێوخۆیی وڵاتەکانیان بخەنە ژێر باندۆری دڵخوازی خۆیانەوە کە لە ڕاستیدا ئەم کارەش لە سەردەمی ئینفۆرماتیکدا لە ئاستی مەحاڵ دایە. گەر سەرنج بدەین پێچەوانەی ئەو بیرۆکەیە ڕاستترە، واتە ئەمەریکاو هاوپەیمانانی تەواوی هەوڵی خۆیان خستوەتە گەڕ بەو مەبەستەی بتوانن پرۆژەی ڕێفۆرم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پراکتیزە بکەن. پێشتر بە چڕی باسمان کرد کە ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی گرینگی ئابووری جیهانە. کەوابوو هەموو جیهان پێویستی بەو ناوچەیە هەیە، بەڵام ئەوە بەو واتایە نیە کە ئەوان تەنیا بەرژەوەندی خۆیان دەبینن، بەڵکوو دەبێ بزانین کە ئەوان لە مێژە بەو ئاکامە گەیشتوون کە بەرژەوەندیش حاڵەتێکی سیاڵی هەیە، واتە تیۆری سیاڵو سیاڵ بوون

ئەو تیۆریەیە کە ئێژێ بەرژەوەندیەکان پێکەوە گرێدراون‌و بە گۆڕان‌و کردەوەیەك لە هەر کونجێکی جیهاندا، باندۆر لەسەر کەشی سیاسی، ئابووری، ئەمنیەتی جیهان دادەنێ. کەوابوو لە سەر بنەمای ئەو تیۆریە بە هاتنەئارای بارودۆخێکی نائاسایی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئابووری جیهانی دەکەوێتە مەترسییەوەو خێرا نرخی نەوت‌و بەشی دراوەکان لە بازاڕەکانی جیهاندا گۆڕانیان بەسەردا دێ‌و ماشینی پێشەسازی جیهانی دەکەوێتە بەر هەڕەشەوە. ئەوەش بەو واتایەیە کە تاکوو ئەو بارودۆخە نائاساییەو هۆکارو فاکتۆرەکانی نەبینرێنەوە چارەسەر نەکرێن هەروەها دەبێ چاوەڕوانی قەیران بین. کەوابوو راست ئەوان لە بەرژەوەندی خۆیان، هێندە خۆیان لە ئاوو ئاگر داوە تاکوو بگەنە ئەو ناوچەیە. بەڵام لەبیرمان نەچێ ناوچەیەکی دیکتاتۆری لێدراو، ناوچەیەك بە خەڵکێکی هەژارەوە، ناوچەیەکی دواکەوتوو لە بواری کولتوورییەوە دەتوانێ خێزگەی قەیران بێ، دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی تیرۆریزم. ئەو بارودۆخانەش بە لەبەرچاو گرتنی حاڵەت‌و تیۆری سیاڵ‌و سیاڵ بوونی بەشێك لە چەمك‌و بابەتەکان دەتوانن هەڕەشەو مەترسییەکی گەورە بن بۆ جیهان. کەوابوو بە گرژبوونی بارودۆخی ئەو ناوچەیە خێرا سیمای جیهانی گرژ دەبێت‌و دژکردەوە لە خۆیەوە نیشان دەدات. بەتایبەتی ئەو حاڵەتە کاتێك سیمایەکی جیددیتری بە خۆیەوە دی کە رووداوە کارەساتبارەکەی یازدەی سێپتەمبر بە رۆکی‌و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای گرت. بە روودانی ئەو کارەساتە سیاسەتی‌و وڵاتە یەکگرتووەکان بەتایبەتی‌و رۆژئاوا بە گشتی کەوتە ژێر باندۆری سیاسەتی ئاسایش‌و ئاسایشی نەتەوەییەوە. بە لەبەرچاو گرتنی تیۆری سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی هیچکام لە وڵاتانی زلهێز ناتوانن لەمەڕ بەرژەوەندییە نێونەتەوەییەکانی خۆیان کەمتەرخەم بن، واتە تیۆری سیاڵ‌و سیاڵ بوون لە بیاڤی ئەمنییەتیدا پتر دەردەکەوێ.

ئاسایشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و ئاسایشی جیهان

پاش روودانی کردەوە تیرۆریستییەکانی 11ی سێپتەمبر جیهان بە کردەوە تووشی راچڵەکانێکی مێژوویی بوو، راچڵەکانێك کە بوە دەسپێکی قۆناغێکی مێژوویی نوێ، راچڵەکانێك کە کاریگەریی خۆی لە سەر هەموو بیاڤەکان بەجێ هێشت. جارێکی دیکە وڵاتانی بەهێز بە خۆدا چوونەوەو وڵاتانی بچوك‌و کەم هێز هەرکام وەکوو پارسەنگ دابەش کرانەوەو جارێکی دیکە دوژمن وەکوو جەمسەرێکی دیکە دیاریکرایەوە، دوژمنێك بە هێندێ جیاوازییەوە لەگەڵ دوژمنەکانی قۆناغەکانی دیکەدا. دوژمنێکی شاراوە وەکوو سێبەر، دوژمنێك کە هەوڵ دەدا هێمنترین شوێنەکان، پێشکەوتوانەترین شوێنەکان، پڕ حەشیمەت ترین شوێنەکان‌و بە گشتی شارستانیترین شوێنەکان بکاتە ئامانج. لەم قوناغەدا بیاڤی سەربازی پتر هاتە سەر مێزی بڕیاردان‌و لێکۆڵینەوەکان. بەم بۆنەیەشەوە پێکدادانی ئەم قۆناغە لە مێژوو پێکدادانێکی ئەمنییەتی سەربازییە.

نابێ لەم قۆناغەشدا بوونی گەشەی ئینفۆرماتیك بە هێند وەرنەگرین. بە گشتی گلۆبالیزاسیۆن یان ئەو دیاردەیە کە بە جیهانیبوون بە ناوبانگە، خۆی دەسپێکی گۆڕان لە سیستمە کۆنەکانداو هێنانە ئاراو هاتنە ئارای جیهان‌و سیستمێکی نوێیە. لەگەڵ ئەوەیدا کە گرینگترین لایەنی بە جیهانیبوون بە لایەنی ئابووری ناسراوە، گەر لێرەدا بیر لە چەمکی ئاسایشی ئابووری بکەینەوە خێرا بەو ئاکامە دەگەین کە لێرەشدا بەشێك لە بیرمەندانی بواری بە جیهانیبوون بە هەڵەدا چوون، چونکی ئەوە ئاسایش‌و ئەمنیەتە کە قسەی یەکەم دەکات. واتە هەر بیاڤێك وەکوو پێش زەمینە پێویستی بە بیاڤی ئاسایشی هەیە. بە گەشە کردنی تۆڕی پێوەندییەکان‌و کەشی بەربڵاوی ئینفۆرماتیك‌و پەرەسەندنی جیهانی زانیارییەکان، بڕەو سەندنی خێرای ئینتەرنێت هەم ئاسایشی جیهانیی تووشی گەلێك قەیرانی دیکە هاتووە هەم دەسەڵات‌و حاکمییەتی دەوڵەتەکان تووشی قەیران هاتوون. بەڵام هاوکات

لەگەڵ نیۆمرۆکی قەیران خوڵقێنیدا گەر کولتووری ئەو تێکنۆلۆژیبە وەك خۆی لە کۆمەڵگاکاندا جێ بکەوێ دەتوانێ بە تەواوی لە خزمەتی کۆمەڵگای مرۆییدا بێ و خزمەت بە رەوتی پۆزەتیڤی زانیاریو گەشەی دیموکراسیو سەقامگیری ئاشتی بکات.

چەمکی ئاسایشی پێشتریش پێناسەمان کردوە، ئاسایش وەك بەشێك لە چەمکەکانی دیکە بەبێ بەرژەوەندی پێناسەکراوەو پێناسەی ئەو چەمکەو راڤە کردنی لە هەر نەتەوە، کۆمەڵگاو حکومەتێکدا جیاوازە. بۆ وێنە مەسیحییەکان ئێژن چەمکی "ئەمن" یان ئاسایش لە چەمکی ئیمانەوە هاتووەو یەکسانە بە بوونی ئیمان. لە راستیدا بە لەبەر چاو گرتنی ئەو روانگەیەی مەسیحییەت بەو ئاکامە دەگەین کە ئایینی مەسیحییەت سەقامگیر کردنی ئاسایشی لەگەڵ سەقامگیر کردنی ئاشتیو هێمنیدا یەکسان زانیوە. چەمکی ئاسایشیش لەگەڵ چەمکی نەتەوەدا پێوەندییەکی نەپچڕاویان پێکەوە هەیەو قەت لێك جودا ناکرێنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەمکی نێونەتەوەیی یان بان نەتەوەیی گەشەی کردووەو ئاسایشی نێونەتەوەیی پێکهاتوویکە لە ئاسایشی نەتەوەیی نەتەوەکان لە ئاستی جیهانداو بەشداری نەکردنی یان بەشداری پێچەوانەی هەر نەتەوە یان وڵاتێك لە رەوتی ئاسایشی نێونەتەوەییدا خەسارێکی گەورەی بۆ ئەو نەتەوە یان دەوڵەتە بە دواوە دەبێ. کە وابوو بە پێناسە کردنی چەمکی ئاسایشی نێونەتەوەیی بەشێك لە کێشەی پێناسە کردنی چەمکی ئاسایشی کەم دەبێتەوە. واتە بایەخ و گرینگی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لە بایەخ و گرینگی ئاسایشی نێونەتەوەییدا دەبینێتەوە. بە وتەیەکیتر دیتنەوەی ئاسایشی نەتەوەیی لە ئاسایشی نێونەتەوەییدا یارمەتی هاوپەیمانی هێمنایەتی جیهانی دەدات.

بە سەرنجدان لەو هەموو پێکدادانەی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هاتوەتە ئاراوە، ئەو هەموو هێزانەی کە لەو ناوچەیەدا جێگیر بوون و ئەو هەموو باس، موناقشەو لێکدانەوەیە کە لە مێدیاکاندا لەسەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکرێ لەلایەك و ئەو هەموو هەستیارییەی کە لە سەر ئاسایش و ئەمنییەتی ئەو ناوچەیە هەیە دەمانهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە لێرەدا تیشکێکی تایبەت بخەینە سەر ئاسایشی ئەو ناوچەیە. گەر بمانەوێ باندۆرە ئاسایشیەکان لەو ناوچەیەدا دابەش بکەین بێگومان رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەسەر چوار تەوەری ئەمنیەتیدا دابەش دەکەین

1ـ تەوەرو هێژموونی ئەمنییەتی رۆژئاوا بە پێشەنگیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

2ـ تەوەرو هێژموونی دژە ئاسایشی ( ضد امنیتی ) رادیکاڵیزمی ئیسلامی لە بازنەی دژایەتی ئیسلامیو سەلیبیدا

3ـ هێژمووونی وڵاتە بەهێزە هاوپەیمانەکانی جودا لە هاوپەیمانی رۆژئاوا، واتە روسیە، چین، هیندوستان. دیارە ئەو وڵاتانە لێبڕاوانە ئالایەکی هاوپەیمانییان هەڵنەکردوە بەڵکوو زۆرجار کە خۆیان لە بەرامبەر ئوروپاو ئەمەریکادا رێکدەخەن

4ـ تەوەرو هێژموونی قەیران و ئاژاوەو شەڕ، واتە ئەوانەی کە بە تەوەری شەیتانی یان شەڕئاشۆیی بەناوبانگن، ئێران لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیداو سوریا لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعسدا. جێگای ئاماژە پێدانە کە ئەو دوو وڵاتە زۆر جار بە روونی پەیمانکاری تیرۆریستی بە گرووپ و لایەنە تیرۆریستییەکان دەدەن و رێبەری و پاڵپشتی گرووپ و لایەنە تیرۆریستییەکان دەکەن بێ ئەوەی شوێن پێ لە خۆیان بەجێ بهێڵن.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەو دابەش کردنانەو بە سەرنجدان لەو چوار هێژموونە بەو ئاکامە دەگەین کە ئەو ناوچەیە لە نێوان پێکدادانی چەند هێژمونی ئەمنیەتیو دژە ئەمنیەتی دایە، کە تاکوو ئێستا هێژموونی ئەمنییەتی سەرەکی واتە هێژموونی ئەمنییەتی رۆژئاوا بە سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا براوە بوە ئەویش بە

ڕێژەیی. چونکی بەرەنگاری دژەئەمنییەتی تەوەری 2و تەوەری 4 راندۆمانی دابین بوونی ئاسایش لەو ناوچەیەدا خەساری هەبوە. لێرەدا وەك هێژموونێکی بەهێزی جیهانی پێویستە ئاماژە بە پێکهاتەی هێژموونیستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بکەین. چونکی هەر وەك ئاماژەمان پێکرد رەوتی هێژموونی وڵاتە یەکگکرتووەکان رەوتێکی بەهێزە کە دەتوانین بێژین کۆمەڵێك هێزی جیهانیو ناوچەیی خستۆتە ژێر باندۆری خۆیەوە.

هێژموونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

هێژموون بە چ واتایەکەو هێژموونیسم چیە؟ لە دونیای کۆندا یان بێژین لە رابردوودا بەجێ هێژموون لە ئیمپراتۆری کەڵك وەردەگیرا. ئەو باندۆرە، ئەو کاریگەرییو ئەو دەسەڵاتو هێزەی کە ئیمپراتورییەك دەیچەسپاند چەشنێك لە هێژموونو هێژموونیسم بوو بە جیاوازیگەلیکەوە. لە ئیمپراتوریدا دەسەڵاتێکی رەها دەچەسپاو هێزی رەها چاوەدێری دەکرد ئەگەر هێزێکی ژێر هێژموونیو ژێر باندۆر لە سنوورەکانی هێژموونی دیاریکراو لاید یا خێرا بە توندترین شێوە کونترۆڵ دەکراو لەم نێوانەشدا هێزی سەربازی لە ئامرازو باسکە بەهێزەکانی ئەم چەشنە هێژموونە بوو. واتە بە کورتی ئیمپراتور بڕیاردەری سەرەکی بوو لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئیمپراتوریدا. بەڵام لە رەوتی هێژموونی نوێدا لانیکەم لە شەڕی سارد بەملاوە ئەو شێوازە پەیڕەو ناکرێ. واتە شعووری مرۆیی ئێدی ئەم چەشنە دەسەڵاتو پێوەندییانە پەسەند ناکات. بەڵام پێناسەی روونی هێژموونو هێژموونی پێناسەیەکی نوێ لە سیستمی مۆدێڕن دایە. لەم پێوەندییەدا ئانتونی گرامشی هێژموونی بە رێبەریو دەسەڵاتداری بەرفراوان دەزانێ لە هەموو رەهەندو بوارەکاندا. وەکوو هێژموونی سیاسی ـ سەربازی ـ کولتووری ـ ئابووری ـ ئەمنییەتیو.... لە روانگەی گرامشییەوە هێژموونی هەم دەتوانێ رەواییەتی هەبێو هەم دەتوانێ لە رێگای زۆرو هێزەوە بێ.

هێژموونی بەردەوام بە دوای بەرژەوەندیدا دەگەڕێو هەوڵ دەدا بەرژەوەندییەکانی خۆی بچەسپێنێ. ئەو شێوازە لە دەسەڵاتدارێتی لە سەدەی هەژدەو نۆزدە 18 ـ 19دا لەلایەن بریتانیاوەو لە سەدەی بیست (20)دا لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە پێڕەو دەکرێ. لە خاوەن هێژموونی بووندا چەند فاکت گرینگنو بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەو چەند فاکتە هێزێك ناتوانێ خاوەن هێژموونی جیهانی بێ. بۆ وێنە هێزێك کە دەیهەوێ ببێتە خاوەن هێژموونێکی جیهانی دەبێ پێشتر کۆمەڵێك پێش زەمینەی هەبووبێ، واتە لە درێژەی دەسەڵاتدارێتیدا توانیبێتی خۆی وەك هێزێکی بەرچاو خاوەن توانا نیشان بدات ئەوەش یانی دەبێ خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز، هێزی سەربازییەکی بەهێز، کولتوورێکی بە هێزو ئاسایشێکی پتەو بێ. بریتانیا لە درێژەی دەسەڵاتدارێتی هێژموونیستی خۆیدا خاوەنی ئەو تایبە تمەندییانە بووەو وڵاتە یەکگرتووەکانیش خاوەنی ئەو هێژموونەیە.

بە پێ لێکۆڵینەوەگەلێك کە توێژەرەکانی ئەم بوارە کردوویانە وڵاتە یەکگرتووەکان ئێستا بەهێزتر لە بریتانیای سەدەکانی 18 ـ 19 هاتۆتە مەیدان. تایبە تمەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکای ئێستا بریتین لە حەشیمەتی زۆرو بە توانا، سەرچاوەگەلی سروشتی چڕوپڕ، ئابووری بەهێز پێشەنگی لە بواری تیکنۆلۆژیداو لەگەڵ ئەوەشدا بە باشترین شێواز کەڵك وەرگرتن لە کوولتووری ئەو تیکنۆلۆژییە. هەبوونی پێوەندی بازرگانیو تیجاریو ئابووری بەرفراوان لەگەڵ وڵاتانیتردا، داهاتی تاکەکەسی بەرچاو، پێشکەوتوویی لە بواری زانستیو تێکنیکیدا، خاوەنی گرینگترین زمانی نێونەتەوەیی، بوونی هێزێکی سەربازی بەهێزو تەیار بە پێشکەوتووترین ئامراز، چەكو کەرەستەی شەڕەوە، ئەوانەو دەیان فاکتەری دیکەی جوگرافیایی یارمەتیدەرن بۆ جێگیری هێژموونیستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

دەبێ ئەوەش بزانین کە سیاسەتی هێژموونیستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ هەموو وڵاتەکان یەکسان نیە، بەڵکوو بۆ هەر وڵاتەو تایبە تمەندی خۆی لەبەرچاو دەگیرێ. واتە بۆ وڵاتانی دێمۆکراتیك وەکوو یەکییەتی ئوروپاو ژاپۆن‌و وڵاتانی دیکەی لەو چەشنە، لە شێوازی دیالۆگو دیپلۆماسی‌و سیاسەتی هێدی‌و نەرم کەڵك وەردەگیرێ. بەڵام لە هەمبەر رووسیە، چین‌و وڵاتانی جیهانی سێهەم بە سیاسەت‌و حاکمییەتێکی نادێمۆکراتیکەوە لە سیاسەتی توندتر وەك سیاسەتی گوشارو گڤاش کەڵك وەردەگرێ کە هەرکام لەو سیاسەتانەش لە جێ خۆیاندا کارسازن. لە سیاسەتی دەستەی یەکەمدا وڵاتە یەکگرتووەکان کێشەی نیە. چونکی خۆدی وڵاتانی ئوروپایی‌و ژاپۆن متمانە بەو سیاسەتە دەدەن‌و پەسەندی دەکەن، لەبەر ئەوەیکە زۆرجار خۆیان پێویستیان بە یارمەتی ئەو هێژموونە هەیە. بۆ وێنە لە کونترۆڵی سەرچاوە ستراتژیکە سروشتییەکانی جیهان، بەتایبەت سەرچاوە وزە فوسیلییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. دەبێ بێژین لەگەڵ ئەوەیدا کە وڵاتە یەکگرتووەکان هەر ئێستاش لە لوتکەی هێرەمی دەسەڵاتی هێژموونیستی لە جیهاندایە. بەڵام بە هاتنەی ئارای کۆمەڵێك شەڕو پێکدادان‌و هێندێ رووبەڕوو بوونەوەی سیاسی، سەربازی، ئابووری‌و ئەمنییەتی‌و لە ئاکامی ئەمانەدا هاتنە مەیدانی کۆمەڵێك هێزی ناوچەیی‌و جیهانی، خەریکە لە بواری هێژموونیستییەوە رەوتی ئەرێنی دەپێوێ.

پێکهاتەی هێژموونیستی وڵاتە یەکگرتووەکان سێ پایەی بنەڕەتی هەیە کە بریتین لە:

1ـ پایەی ئەمنییەتی ـ سیەربازیی ـ ئەتۆمی

2ـ پایەی ژئۆپۆلیتیك‌و گەشە پێدانی دێمۆکراسی‌و مافی مرۆڤ

3ـ پایەی ئابووری‌و پاراستنی ئاستی نرخی دولار لە بازارەکانی جیهاندا.

بە پێ زانیارییەك کە وەدەست هاتووە گرینگی‌و بایەخی بەشی سەربازیی ـ ئەمنییەتی لە پێکهاتەی سیاسەتی ئەو وڵاتەدا لە رادەیەکی زۆر بەرز دایە. پێنتاگۆن یان بێژین وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا بە بوجەیەکی ساڵانە 400 میلیارد دۆلارییەوە هێندەی بوجەی تەرخانکراوی سەربازیی هەموو وڵاتانی دیکەی جیهان دەبێ. هەر بۆیە لە پەیمانی ناتۆداو هەروەها لە پێکهاتە هاوپەیمانییە سەربازییەکانی دیکەدا کە وڵاتە یەکگرتووەکان بەشدارە قسەی یەکەم دەکات‌و دەنگی هەرە بەهێزی هەیە. گەر ئاورێك لە رابردوو بدەینەوە دەبینین لە سەردەمانی شەڕی ساردا سیاسەتی "توازن وحشت" یان "هاوسەنگی تۆقان"ی رۆژئاوا لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لە بەرامبەر یەکییەتی سۆڤیێەتدا هاتە ئاراوە. لەو سەردەمەدا هاوپەیمانانی ئوروپایی‌و ناوچەیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ژێر چەتری پاراستنی ئەتۆمی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بوون. ئەم وڵاتانە لە راستیدا لەو قۆناغەدا لەلایەك لە نزیکترین ئامانجەکانی هێرشی ئەتۆمی یەکییەتی سۆڤیێەت بوون‌و خۆیان بە قەرزداری ئەمەریکا دەزانن‌و ئێستاش دیسان کەم تا کورتێ لە ژێر باندۆری ئەو سیاسەتەدان‌و ئەوەش هیچ نارییەکی تێدا نیە بەڵکوو دڵخوازانەیە‌و ئێستاشی لەگەڵدابێ خۆیان لە ژێر رێبەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەبینن.

ژئۆپولیتیکی نوێ لە جیهاندا لە سەر بنەمای هێژموونی جیهانی دادەڕێژرێ (globalhegemony). ژئۆپولیتیکی لەم چەشنە خاوەنی کۆمەڵێك تایبە تمەندی نوێیە کە هاندەری گۆڕان‌و تێپەڕین لە ژئۆپولیتیکێکە کە چووەتە خانەی مێژووەوە. ژئۆپولیتیکی نوێ لە سەر بنەمای رەخنەو رەخنەگرییە، واتە ژئۆپۆلیتیکی رەخنەکرانە. تایبە تمەندییەکی ئەم قۆناغە لە ژئۆپۆلیتیك ئەوەیە کە جێگای بەشێك لە کاراکتێرەکان دەکۆڕێ‌و بایەخی زۆرتر بە واقعبینی سیاسی لە ژئۆپۆلیتیکدا دەدات. ئەو تایبە تمەندییەش یەکێ لە تایبە تمەندییە گرینگەکانی هێژموونی نوێ دەبێت‌و تەنانەت جێگیر کردنی هێژموونی نوێ ئاسانتر دەکاتەوە. لە ژئۆپۆلیتیکی نوێدا وڵاتە

یەکگرتووەکان دیسان ڕۆڵی پێشەنگایەتی دەگێڕێتەوە. پێشەنگایەتییەك كە لە چوارچێوەی پرۆژەگەلێکی سیاسی نوێ وەکوو "نەزمی نوێی جیهانی" یان پێکهێنانی سیستمێکی جیهانی، "دێموکراتیزاسیۆن"، "پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو باکووری ئافریقا"و "شەڕی دژە تیرۆریزم" دایە.

سەرەکیترین پرۆژە "نەزمی نوێی جیهانی"یە، لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی دەوڵەتان و وڵاتان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستداو تیڕامان لەو پێکهاتەیە خێرا سەرنجمان بۆ لای کێشەو ئاژاوەکانی ئەو ناوچەیە رادەکێشرێ. پرسیارێکی گرینگ کە لەو تێڕامانە هەڵدەقوڵێ ئەوەیە کە دەپرسین هۆکارو سەرچاوەی ئەو قەیرانانە چین. خێزگەی ئەو دینامیزمە یاغییەی کە وەکوو پوتانسیەلێکی ڕۆخێنەر عەمەڵ دەکات دەبێ چ بێ؟

وڵامدانەوە بەو پرسیارە ڕەوانگەیەکی واقعبینانەی دەوێ. ئەگەر چی سیاسەت هەم پێویستی بە فەزایەکی واقعبینانەیەو هەم زۆرجار واقعبینی سیاسی ڕەنگە ئاکامی پێچەوانەی خواستی هێزو لایەنگەلێکی لێ بکەوێتەوە، بەڵام لە هەردوو حاڵەتدا واقعبینی یارمەتیدەری چارەسەری کێشەکانە. گەر بەشێك لە بوچوونەکان ئاماژە بە یەکدەست بوونی فرەلایەنەی جیهان و یەك هێژموونی دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری، ئەمنییەتی و کولتووری جیهان دەکەن. لەلایەکی دیکەوە ئەو سیاسەتە لە بەرامبەر فرەدەنگی و فرەچەشنی جیهان و جیاوازی و جۆراوجۆری بەرژەوەندییەکاندا لەگەڵ گەلێ کۆسپ و تەگەرەی جیددیدا بەرەوروو دەبێ. لەو پرۆژانەشدا بە کۆمەڵێك تایبەتمەندییەوە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە نێوەندی ئەو قەیرانانە دادەنرێ. ئەو ناوچەیە کووران و ناوەندی هەڵقوڵانی دیاردە ڕووخێنەرەکانی جیهانە. واتە شەڕی بزوتنەوە ئازادیخوازەکان بۆ مافی نەتەوەیی، کێشەی نەتەوەیی و قەومی، کێشەی ئایینی، توندوتیژی ئایینی و ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی کە بە خێزگەی تیرۆریزمی جیهانی دادەنرێ. بە وتەی دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا ئەو ناوچەیە ناوەندی هەناردەی تیرۆریزمە بەرەو ڕۆژئاوا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. بۆ وێنە نئوکانیستەکان یان بێژین پارێزگارە نوێیەکان تیرۆریزم بە گەورەترین قەیرانی ژئۆپۆلیتیکی پۆست مۆدێڕنی خۆیان دەزانن و ئەو قەیرانەیە سەرەکیترین ئامانجی پلانە ژئۆئیستراتیژیکییەکانی خۆیان لە جیهانی ئیسلامدا دەزانن. بۆ پتر سەلماندنی ڕاستی بۆچونەکانی خۆیان ئاماژە بە حکومەتێکی ئیسلامی بناژۆو خوازو ڕادیکاڵی ئیسلامیی وەکوو کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن. کۆماری ئیسلامییەك کە نێردەر، تەیارکەرو گەورەترین پاڵپشتی هێزە تیرۆریستییەکان لە ناوچەو جیهاندایە.

بیرمەند "گینگریچ"(Gingrich) شەڕی تیرۆریزمی بە شەڕێکی جیهانی ناوزەد کرد کە دەبێتە هۆی شەڕی جیهانی سێهەم. شەڕی جیهانییەك کە ماکەکەی ئەو دەوڵەتانە، ئەو هێزانەن کە خۆیان بە میراتگەرو دەمڕاستی ئیسلامیی سیاسی دەزانن و دەیانهەوێ بە سازکردنی "هیلالی شیعی" ڕێبەری جەمسەری تیرۆرو تیرۆریزم بە دەستەوە بگرن. لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی ئێرانیش پێ ناخۆش نیە لە ژێر هەر عینوەانێکدا نێوی هەبێ. بۆیە دەبینین هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە خێرا بە کۆمەڵێك کردەوەو دژکردەوە لە بەرانبەر هەموو جیهان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەتایبەتیدا هەوڵیدا خۆی بە قیبلەگای سیاسی جیهانی ئیسلام بناسێنێ و خۆبە ئاڵاهەڵگرو قسەکەری ئیسلام نیشان بدا. لەو پێوەندییەشدا لەلایەك باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای لە تاران داگیر کردو هەموو کاربەدەستانی بە بارمەتە گرت کە ئەوەش لە یاساو مافی نێونەتەوەییدا بە واتای دەستدرێژی بۆ سەر خاك و هاووڵاتی وڵاتێکی دیکەیە بە کارێکی تیرۆریستی دادەنرێ و مەحکووم دەکرێ. بەڵام دەبینین ماوەیەکی کەم بە یارمەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کون و قوژبنی جیهاندا گرووپ و بزوتنەوەگەلی ئیسلامی سەریان هەڵداو زۆربەشیان بەرگی ئیدئۆلۆژیکی تیرۆریزمیان پۆشی. کەوابوو یەکێ لەو عامیلانەی کە

بەرەورووی ژئۆپۆلیتیکی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو کەنداوی فارس‌دا دەبێتەوە ژئۆپولیتیکی شیعەیە کە لە بازنەی رخنەیی ژئۆپولیتیکی رخنە گرانە دایەو لەو پێوەندییەشدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەو باوەڕەدان کە توانیویانە بە یارمەتی هاوپەیمانە تیرۆریستییەکان واتە سووریە، گرووپەکانی حیزبوڵڵاو حەماس‌و القاعدە توانیوایانە لە رواڵەتدا سیڤتی جنێن بە پرۆژەکانی ئەمەریکا لەو ناوچەیەدا بکەن.

**بنئاژوویی ئیسلامی‌و شەڕی دژە تیرۆر**

تیرۆریزم بە چەندین جۆرو شێوازی جودا جودا دابەش دەکرێ‌و هەر جۆرە شێواز لە بواری فیکری‌و تیۆرییەوە خیزگەو سەرچاوەیەکی تایبەت بە خۆیان هەیە. لەم نێوانەدا رادیکاڵیزمی ئیسلامی تیرۆریزمی بناژوویی ئیسلامی مەیداندارى پەرەپێدانی تیرۆریزمی جیهانین لە حاڵی حازردا. واتە ئەو چەشنە لە تیرۆریزم کە رۆژئاوا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانانیان بە ئامانجی هێرشەکانیان دادەنێن. و لە بەرامبەریش‌دا ئەو چەشنە لە تیرۆریزم کە دەزگاکانی راگەیاندن‌و بەشێك لە مەیدانی سیاسەتی ئەوڕۆی بە خۆوە خەریك کردوەو فایلی سەرەکی سەرمێزی کۆبوونەوەو بڕیاردانی ناوەندە سیاسییەکانی رۆژئاوایە. ئەو چەشنە لە تیرۆریزم خۆی بە هەڵقوڵاوی مەکتەبی هزری ئیسلامی‌و خۆی بە نوێنەری شارەستانیەت‌و کولتووری ئیسلامی دەزانێ‌و پێوایە پێ ئەسپێردراوێکی متافیزیکی هەیە بۆ رزگاری کردنی جیهان لە دەستی هێزەکانی بەرەی شەڕ. لە دوو تۆیی ئەو ئیدئۆلۆژییەدا هێزە بناژووەکان، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە ئامانجی سەرەکی خەباتەکەیان دەزانن‌و نووکی پەیکانی هێرشەکانیان بەرەورووی ئەو ئامانجە دەکەنەوە.

بە لێدانی ئەفغانستان‌و تێکەوە پێچانی دامودەزگای دەسەڵاتدارێتی تاڵەبان‌و القاعدە، یەکەم هەنگاوی سەرکەوتوانە هەڵگیرا. گورزی گورچکبڕی بەرەی دژەتیرۆر بەرەی تیرۆری لەم قوناغەدا حەپەساند. بەرەی تیرۆر سەرلێشێواوانە کەوتە پەلەقاژێ‌و لە هەر کوێ بۆی لوا هەوڵی خۆ حەشاردان‌و خۆڕێکخستنەوەی ژێرزەمینی‌دا. بنەماڵەی پاڵپشتی‌کەری تیرۆریزم پێچەوانەی خواستی خۆیان لە بەرامبەر بەرەی دژە تیرۆری بریندارردا هەستی هاوخەمییان دەربڕی‌و ئەو کردەوانەی 11ی سێپتەمبریان مەحکووم کرد. بەرەی دژە تیرۆر کە بوارەکەی لەبار دەدیت هەوڵی‌دا "تا تەنوورەکە داخە نانەکەی بچەسپێنێ" هەر بۆیە بە توندی کەوتە راوەدوونانی تیرۆریزمی بنئاژووخوازی ئیسلامی لە سەرتاسەری جیهاندا.

توندڕەوی بنئاژوویی ئیسلامی پێشینەیەکی مێژوویی هەیە. بە پێ روانگەو تیۆرییەکی ئیدئۆلۆژیك بوونی جیهان، بوونی مرۆڤایەتی، بەردەوامی ژیان بە بنەما ئایدئۆلۆژیکەکانی ئیسلامییەوە گرێ دراوە. بەڵام لێرەدا کێشەو باس باسی ئایینی راستەقینەی ئیسلام نیە. بەڵکوو باس باسی بناژوویی ئیسلامییە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئیسلام‌و تەواوی خەڵکی کۆمەڵگاش بە خەڵکی ئەو سەردەمە دەزانێ‌و تەنانەت زۆر جار بە چاوی کوفرەوە سەیریان دەکات. بناژووخوازەکان بوونی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی یاساو ریساکانی ئیسلامدا دەبینن ئەویش ئیسلامیی ئابی موحەممەدی‌و لادان لەو چوارچێوەیەش بە واتای مورتەدبوون‌و کافربوونەو دەبێ هەرچی زوتر بکوژرێ‌و کوژرانیشی بە دەستی موسڵمانێك دەچێتە خانەی جیهادەوە. ئەم چەشنە بیروکانە هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە تاکوو ئێستا بەردەوام بوونیان هەبووە توندوتیژی‌و پێکدادانی ئایینی ئیسلام لەگەڵ چەشنە بیرکردنەوەکانی دیکەدا بوون. بەڵام لە قۆناغی مودێڕن‌دا کە هەر چەشنە بیرۆکەو ئیدئۆلۆژییەك بە شێوازێکی دیکە خۆیان دەبیننەوە، ئیسلامی سیاسی یان بێژین رادیکاڵیزمی ئیسلامی فیندەمێنتاڵیزمی ( Fundamental ism ). رەوتی توندڕەوی ئیسلامیش بیڤاژوویەکی دیکەی گرتەبەرو لە ئامراز، تێکنۆلۆژی‌و ئیمکاناتی سەردەم بۆ

گەشە پێدانی ئاما نجەکانی کەڵکی وەرگرتووە. ئەو چەشنەی حۆ ڕێکخستنی ئیسلام دەتوانرێ بێ پەردە نێومرۆکی دەسەڵا تخوازیی ئەو توێژە لە ئیسلامییەکان دەربخات. "میشل فوکۆ"ش لە سەر ئەو بڕوایەیە کە هەڵبەزو دابەزو توندونیژی ئەم سیمایە لە ئیسلام تەعبیر لە نێومرۆکی دەسەڵا تخوازنەی ئەوان دەکات.

کۆمەڵێك لە بیرمەندانی دیکە لە سەر ئەو باوەڕن کە شتێك بە ناوی ئیسلامی سیاسی بەو چەشنەی کە ئەمڕۆ بوونی هەیە بە خیاڵیشدا نەدهات، بەڵکوو ئەوە ڕۆژئاواو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوون کە ئەو هێزەیان گەیاندە ئەو ئاستە. واتە یارمەتی هەمەلایەنەی ڕۆژئاواییەکان نەبوایە ئەو فیندمێنتاڵیزمە ئیسلامییەی کە ئەمڕۆ جەمسەرێك لە شەڕی جیهانی تیرۆرزمە قەت بەو ئاستە نەدەگەیشتو تەنانەت لە خەیاڵی ڕێبەرانیشیاندا نەبوو. لەو پێوەندییەش دا هێما بۆ پێوەندییە گەرمو گوڕەکانی نێوان ئیخەوان الموسلمین و بریتانیاو یارمەتیو پاڵپشتییەکانیو یارمەتیدانە بێ قەیدو مەرجەکانی ئەمەریکا بۆ گرووپە تیرۆریستیو جیهادییەکانی ئەفغانستانی ژێر دەسەڵاتی تاڵەبانو پێش ئەو و هەروەها فەرەنساو میوانداری ڕێکخستنی دەرەکیو ڕێبەری کۆماری ئیسلامیو شۆڕشی ئیسلامی ئێران (ایت الله خمینی) دەکەم. دیارە لەم پێوەندییەدا شاراوە نیە کە بەشێك لە دەسەڵاتی ڕۆژئاوایی خوازراو یان نەخوازراو، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پاڵپشتی ئەو دیۆمزمەیەیان کردوە کە ئێستا بە بنئاژوویی ئیسلامی ناسراوە. بۆ پتر روون بوونەوەی ئەو سیاسەتەی ڕۆژئاوا جێگای خۆیەتی ئاماژە بە وتەیەکی "ئەنوەر هەدام" یەکێك لە ڕێبەرانی ئینتیفازەی ئیسلامی ئەلجەزیر (FIS)بکەم کە ئێژێ:

"ئەو ڕوڵەی ئەمڕۆ بیل کلینتۆنی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە یارمەتیدانو پاڵپشتی ئیسلامییەکاندا دەیگێڕێ، لەو ئەرکە دەچێ کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامدا پاشای حەبەشە رایپەڕاند".

واتە گەر لە ڕوانگەی ڕیئالیزمی سیاسییەوە سەیر بکەین بەو ئاکامە دەگەین کە لە سیاسەتدا تەنیا بەرژەوەندییە بەردەوام لە مەیداندا دەمێنێتەوەو تەنیا بەرژەوەندییەکە فاکتۆرەکان لە دەوری یەك کۆدەکاتەوە. کەوابوو گەر ئەو سیاسەتەش، واتە سیاسەتی پاڵشتیو دۆستایەتی ئیسلامی سیاسی لەلایەن ئەو وڵاتانەوە پێڕەو کرابێ کارێکی نائاسایی نەکراوە. چونکی سیاسەتوانانی ئەو وڵاتانە پتر پێڕەوی لە سیاسەتی واقعینی بەتایبەت مەکتەبی ماکیاولیزم دەکەن. ئەوەش دیسان لە سیاسەتدا ڕەوایە. جێگای ئاماژەپێدانە لە سیاسەت بە واتای هونەری راپەڕاندن بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی تەومری. هەروا کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئەوکاتەش فاکتۆری ئیسلام لە بەرامبەر هێژموونەکانی دیکەدا بەهێز دەکرا. وەکوو بەهێز کرانو پاڵپشتی جیهادییە عەرەب ـ ئەفغانییەکان لە بەرامبەر یەکییەتی سۆڤێیەتو حکوومەتی کۆمۆنیستی "بابراك کارمل"دا.

قۆناغی گرژیی ڕوو لە زیاد بوونو وەچەرخانی ڕۆڵی ئیسلامی سیاسیو فیندەمێنتاڵیزمی ئیسلامی قۆناغی دسپێکی پێکدادانی ڕۆژئاواو ئیسلام بوو کە بە شەڕو پێکدادانی تیرۆرو دژە تیرۆر ناسرا. ئەم قوناغەدا لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمو سەرەتاکانی سەدەی بیستو یەکەمدا ڕووی گرژی خۆی پێشاندا. ئەوە لە حاڵێکدابوو کە ڕۆژئاوا وەکوو سیاسەتێکی تاکتیکی کەڵکی لە فیندەمێنتاڵیزمی ئیسلامی وەرگرتبوو، واتە تەنانەت لە ئاستی ئاکادمیکیشدا لەو ڕاستییە نەگەیشتبوون. بە هاتنە ئارای بزوتنەوەی ئایینی سەرانسەری لە چوارچێوەی پروگرامو سیاسەتێکی بە تەواوی تیرۆریستیانەداو نزیك بوونەوەی ئەو بزوتنەوانە لە یەکتر بوە پێش زەمینەیەك بۆ هاتنە ئارای پێکهاتەیەکی فیندەمنتاڵی ئیسلامی لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕستدا بە پاڵپشتی حکوومەتێکی ئیسلامی رادیکاڵو بە ئەزموون وەکوو کۆماری ئیسلامی ئێران.

به هێزبوونی بەرە بەرەی فیندەمێنتاڵیزمی ئیسلامی هاوکات مەزنیخوازی ئەو بزوتنەوەیەی لەگەڵدا بوو. فرەخوازییەکانی ئەوان بوە هۆی ئەوەیکە رەوتی "گریز از مرکز" "راکردن لە ناوەند" بگرنە پێش‌و لەگەڵ رۆژئاوادا پێکدا هەڵپڕژێن. هێرشی 11ی سێپتەمبر خاڵی دەسپێکی قۆناخێکی دیکە بوو، قۆناخێك کە بە کوشتارێکی خوێناوی‌و دڕەندانە دەستی پێکردو هەنوکەش درێژەی هەیە. تیرۆریزمی ئیسلامی بنئاژووخواز هێرشی پێشدەستانەی کردە سەر تاوەرە جمکەکانی رێکخراوی بازرگانی جیهانی لە نیویۆرك‌و سەهۆڵاوێکی بە سەر بەرپرسانی رۆژئاوایی بەتایبەت دەسەڵاتدارانی ئەمەریکایی‌دا کردو لە رۆژی نیوەرۆدا ناقووسی مەترسی بۆ جیهان بە گشتی‌و رۆژئاوا بەتایبەتی زرناند. لە بەرامبەردا رۆژئاوا بە سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە خۆ کەوت‌و مارشی شەڕی دژە تیرۆری لێدا. سنووری شەڕی تیرۆرو دژە تیرۆر دیاری ناکرێ چونکی بەرە و سنوورەکانی هەردوولا ناروونن، دەتوانی مەیدانی پێکدانێکی سەربازی یان باخچەی ساوایان یان کونسێرتێکی گورانی بێژێ بێ.

لە ئاکامدا پرۆژەو پلانی بەرەی رۆژئاوا یان هەمان بەرەی بەهێزی دژەتیرۆر لە بەرامبەر شەڕی تیرۆرو تیرۆریزمێك کە بە چەکی ئیدئۆلۆژیکی رادیکاڵیزمی ئیسلامی تەیارە بە کەڵك‌و کارا نەبوون. چونکی ئەوان لەگەڵ ئەوەیدا کە ماوەیەکی دورو درێژ چاوەدێرییان بەسەردا دەکردن کە چی نەیانتوانیبوو ئەو دوژمنەی خۆیان وەك پێویست بناسن. لە حاڵێکدا یەکەم هەنگاو بۆ داڕشتنی پلان‌و پرۆژە بۆ ئاما نجێك ناسینی وردی ئەو ئاما نجەیە لە هەموو رەهەندو لایەنێکەوە. لە راستی‌دا هاوپەیمانان لە دانیشتینە راڤەییەکانیان‌دا پتر لایەنی سەربازی‌و ئابووری بەرەو ڕووبوونەوەکەیان لەبەرچاو دەگرت. هەر بۆیە پلانرێژەکان یان ئەندازیارانی سەربازی (شەڕ) لە وڵاتە یەکگرتووەکان لە بواری بڕیاردانەوە سەربەخۆن‌و دەتوانن بە راوێژ لەگەڵ بەرپرسانی یەکەمی وڵات پلانەکانیان ئامادەی بەرێوەبردن بکەن، لەو نێوانەش‌دا بیری هەموو ئیمکاناتێك کراوەتەوە جگە لەوەیکە دەبێ لەگەڵ ئیدئۆلۆژییەکی کوشەندەدا چی بکرێ. ئەوەش لە راستی‌دا تا رادەیەك لە ئاستی تیۆریکدا کاری لە سەر کراوە وەکوو پرۆژەی "رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو باکووی ئافریقا"، "دیموکراتیزاسیۆن" و...، بەڵام ئەو پرۆژانە هەنووکە لە چوارچێوەی تیۆریکدا ماونەتەوە.

هەڵەکە لەوێدا بوو کە ئەمەریکا هەم لە لێدانی ئەفغانستان‌دا هەڵەی کردو هەم لە رووخاندنی حکوومەتی عێراق‌دا. هۆکارەکەشی روونە ئەوانە هیچکام کاراکتێری سەرەکی نەبوون، بەڵکوو لە پلەی دووهەمی‌و سێهەم‌دا بوون. لەلایەك حکوومەتی تاڵەبان لەلایەن پاکستانەوە کونترۆڵ دەکراو هێشتا لە ژێر باندۆری هێژمونی خودی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بوو. لەلایەکی دیکەوە حکوومەتی عێراق ئەو هێزە نەبوو کە مەترسی بخاتە سەر بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا. حکوومەتێکی عەلمانی بەعسی بوو، بە پارسەنگ گەلێکی دیکە بە ئاسانی کونترۆڵ دەکرا. بەڵام لێرەدا پرسیار دەوروژێ کە کاراکتێری یەکەم کامەیە؟! بەڵێ کاراکتێری یەکەم لە مەیدانی شانۆی تیرۆرو تیرۆریزمی جیهانی‌دا کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. بۆ سەلماندنی ئەم راستییەش دەتوانین سەرنج بدەینە دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکەو جیهاندا. دەستێوەردانگەلێك لە چوارچێوەی پلان‌و پیلانی تیرۆریستی‌دا. دەوڵەتی ئەمەریکا چەندین جار بە فەرمی رایگەیاندوە کە کۆماری ئیسلامی بەهێزترین‌و وەفادارترین یارو یاوەرو پاڵپشتی تیرۆریزمە لە ئاستی جیهاندا. خودی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیش ئەوە ناشارنەوە. ئەو شێوازە لە کارکردی خۆیان بە بایەخێکی ژئوپۆلیتیکی دەزانن کە خودا پێ بەخشیوەن، لە بەرامبەر ئیسرائیل‌و ئەمەریکاو جیهانی ئیستێکباری‌و بەرەی زایونیزم‌دا! پاڵپشتی جگەرگۆشەکانیان واتە فلەستین‌و لوبنان

بکەن. لە بەرامبەر ئەمەریکاو پاکستانی داردەستی ئەمەریکادا ئەگەرچی هێزێکی سوننەیشە بەڵام دیسان پاڵپشتی ئەفغانستانی تاڵەبان بکەن بەڵکوو بتوانن لە هێزە شیعییەکانی لە هیلالی شیعیدا کەڵك وەرگرن و لە کونجاو کونجی جیهاندا بە دوای سێیەری ئیسلامی بنئاژوودا بگەڕێن تاکوو بتوانن ڕێکیان بخەن و بۆ ئامانجەکانیان کەڵکیان لێوەربگرن. ئەوەش سیاسەتێکی شاراوەی کۆماری ئیسلامی نیە، دەسەڵاتدارانی ئەو حکوومەتە پێیان وایە کە بە نەمانی یەکیبیەتی سۆڤیێت ئەو ئەرکە بەشێکی زۆری کەوتۆتە سەرشانی ئەوان. هەر بۆیە لە هەر جێگایەکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە هێزی هاوپەیمانان بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بوونی هەبێ، هێزەکانی سوپای قودسی سەربە سوپای پاسداران یان هێزە پەروەردەکراوەکانی فێرگەکانی سوپای قودس لەوێ بوونیان هەیە. بۆ وێنە هەم لە شەڕی عێراقداو هەم لە شەڕی لوبنان و فەلەستیندا، کۆماری ئیسلامیو سوپای قودس سەردەمدارای بەرەی شەڕ دەکەن. جێی ئاماژە پێدانە کە هێزێکی تیرۆریستی یان گرووپێکی تیرۆریستی ناتوانێ چوار ساڵ شەڕی مەیدانیو بەرەیی بکات، ئەویش لە بەرامبەر هێزێکی هاوپەیمانی پۆشتەو پەرداختەدا کە بە مودێرنترین چەك، کەرەستەو تێکنۆلۆژی شەڕەوە تەیارە.

بە پێ سەرژمێرییەك کە کراوە تاکوو ئێستا پتر لە $1$ میلیۆن کەس بە کوژراو و بریندارەوە بوونەتە قوربانی شەڕی عێراق کە لەو نێوانەدا خەڵکی سیڤیل و بێ چەك پشکی هەرە زۆری بەرکەوتووە. کەوابوو لێرەدا عامیلی سەرەکی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە جێ خۆی دایەو شەڕو کێشەی تیرۆریستیو دژە تیرۆریستی ڕۆژ لە ڕۆژ پتر گەشە دەکات.

لە رابردوودا واتە لە چەندین دەهە پێشدا ئەوەیکە ڕۆژئاواو بەتایبەت وڵاتە یکگرتووەکانی ئەمەریکای تووشی دڵەراوکێو ترس دەکرد پەرەسەندنی کۆمونیزمو ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوو بە چەشنێك کە دەست بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو کەنداوی فارسدا بگرن و ڕەوتی گەیشتنی وزە بە ڕۆژئاوا تووشی قەیران بکەن و کەشی نائەمنی لە جیهاندا پەرەی پێ بدەن. بەڵام کۆمۆنیزم سەرخۆشی بۆ دانراو ناسیۆنالیزمی عەرەبیش رام کرا. بەڵام بە نەمانی ئەو دوو فاکتۆرە مەترسی تیرۆریزم بە ئیدئۆلۆژی ئیسلامی بنئاژووخواز، بیرۆکەی دژە ڕۆژئاواییو یەکیبەتی شیعیو سوننەییەوە هاتە ئاراوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی بە دەمڕاستی دەزانێو پاڵپشتی دەکات. حکومەتی کۆماری ئیسلامی بە ئەنقەست زۆرجار وتارو ڕاگەیاندراوەکانی دژ بە ڕۆژئاو کولتووری ڕۆژئاوایی توندوتیژتر دەکات. مەبەست لەوەیش ئەوەیە کە بە تەواوی خۆی بکاتە قەیەمو مەیدانداری ئیسلام هەر بۆیە لەو پێوەندییەدا دەبنە دایە بۆ ئەو وڵاتە ئیسلامییانەی کە بە حەستەم لە کردەوەیەکی ئەمەریکاو هاوپەیمانانی نارەزایەتییەك دەردەبڕن.

ئەحمەدینژاد سەرۆك کۆماری ئێران وەکوو قسەکەری یەکەمی دەوڵەت قسەی ناخی سیستم دەکاتو تیۆری سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا دووپات دەکاتەوەو ئێژێ:

"ئێمە ریساڵەتێکی جیهادیمان هەیە، دینی ئێمە دینێکی جیهانیو جیهادییەو نابەسترێتەوە بە کاتو شوێنەوە. ئەوان بڕوایان بە ئیمپراتۆری ئیسلامی جیهانی هەیە. رێبەرانی ئایینی کۆماری ئیسلامی کە هاوکات قسەکرانی کۆتایی کەشی سیاسی وڵاتیشن بڕوایان بەوە هەیە کە ئێستا کاتی خۆیەتیو دەبێ ئیسلام بکەینە خەڵات بۆ جیهانیان، ئیسلامی چەشنی کۆماری ئیسلامی، ئیسلامی چەشنی تاڵەبان و بە گشتی ئیسلامێك کە جیهان پاكو مونەزە بکاتەوە.

هەر بۆیە ئەو سیاسەتەی ئەمەریکا بۆ دەستپێکی شەڕی دژە تیرۆرو بۆ وەڵامدانەوە بە 11ی سێپتەمبر سیاسەتێکی غەیرە واقعبینانە بوو کە سیاسەتوانانی نیۆکانیستی ئەمەریکا لە حیزبی کۆماری خواز تووشی بوون. بە هەڵبژاردنی ئەفغانستانو عێراق تەمەنی تیرۆریزمیان درێژتر کردەوەو سیمای جیهانییان گرژتر کرد. لە روویەکیترەوە بە لابردنی دوو کۆسپ لە سەر رێی رێبەری کۆماری ئیسلامی بە سەر جیهانی ئیسلامدا یارمەتی بە بەهێزتربوونی ئەو بزوتنەوەییەیان داو کلیلی تیرۆریزمیان پێشکەشی ئەو حکوومەتە کرد. بە بوونی کۆماری ئیسلامی ئێرانو باڵی بەهێزی سیاسەتی دەرەوە واتە سوپای قودس هیچکام لە وڵاتانی داگیرکراو رووی ئەمنیو ئارامی بە خۆوە نابینن. چونکی هەرکام لەو وڵاتانە خاوەن سنوورێکی پانو بەرینن لەگەڵ ئێراندا. کۆماری ئیسلامیش لە تیۆری شەڕی پێشگرانەدا بە روونی ئاماژەی پێ دەکات کە ئێمە شەڕ لە دەرەوەی سنوورەکانەوە بە مافی رەوای خۆمان دەزانین، هەروا کە ئەمەریکاو هاوپەیمانانی هاتوونەتە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو شەڕیی خۆیان دەکەن! لێرەدا باسی رەوایی یان ناڕەوایی نێوەرۆکی ئەو شەڕە گرینگ نیە، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە کە تاکوو ئێستا سەرکەوتووانە بەشێکی بەرچاو لەو شەڕەی بردۆتە پێشەوەو لانیکەم بە دەستی پڕ دەچێتە سەرمێزی دیالۆگو جانتای دیپلۆماسی بەشی کات ئەستاندنی تێدایە.

هەموو ئەوانە بەلاوە هیچکام لەو دوو وڵاتەی کە بوونە ئامانجی پێشتری پلەبەندی هێرشەکانی پاش 11ی سێپتەمبر نەبوو بوونە خاوەنی چالاکی ئەتۆمی، ئەگەر چی حکومەتی عێراق خاوەنی خاوەنی چەکی کۆمەڵکوژی شیمیاییو میکروبی و... بوو. کەوابوو تا گەیشتن بە ئاستی تیرۆریزمی ئەتۆمی یان تیرۆری ناب زۆری مابوو کەچی کۆماری ئیسلامی لەمێژە هەڕەشەی بوون بە هێزی ئەتۆمی دەکاتو لەگەڵ ئەوەشدا هەڕەشەی لەناو بردنی ئیسرائیل لەسەر گۆی زەوی دەکات. کەوابوو لێرەشدا دیسان دەسەلمێنرێ کە ئەمەریکا لە هەڵبژاردنی ئامانجەکانیدا ناروون عەمەڵی کرد.

## رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پاش 11ی سێپتەمبر

باس لە گرینگی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێناسەی کۆمەڵێك نەتەوە، دەوڵەتو ئایینو هەروەها جوگرافیاییەکە کە بۆ جیهان بایەخێکی تایبەتی ئابووری بازرگانی هەیە. هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ناوچەکەو پێکهاتەی دانیشتوانەکەیو فاکتۆرە دژبەرەکانو لەگەڵ ئەوەشدا بە سەرنجدان لە گەشەی ئامرازو تێکنۆلۆژی سەردەم، دێینە سەر ئەو باوەڕە کە پێچەوانەی بۆچوونی یەکەمیش دەتوانێ راست بێ. واتە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەو توانابییەی هەیە کە ئاسایشی جیهان تێکبدات. بەڵام ئەوەیکە لێرەدا بۆ ئێمە هێمای پرسیاری دەکەوێتە سەر، رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پاش رووداوە تیرۆریستییەکانی 11ی سێپتەمبری 2001ی زاێینییە. ئەوەیکە نەختێ تێکەڵ بە باسو بابەتو کاروباری سیاسیی بێت بێگۆمان کەم تا کورتێ سەرنج لە میدیاکان دەداتو گرینگترین بابەتەکانی رۆژ، حەوتوو، مانگو ساڵی بۆ دەر دەکەوێ. باسمان لە هێژمونی سیاسیی کردو کاریگەرییەکانی. هێژمونی سیاسی یان دەسەڵاتی زاڵی هەمەڕەهەند دەتوانێ دەستنیشانکەری باندۆرو کاریگەری سیاسی بێ. هێژمونە سیاسییە زاڵەکان لەو ناوچەیەدا بە رووداوی 11ی سێپتەمبر گۆڕانیان بەسەردا هات. ئەو زەبرەی کە لە وڵاتە یەکگرتووەکان کەوت رەواییەتێکی بەهزتری بە بوونی سیاسی ـسەربازی ئەو لەو ناوچەیەدا دا. واتە ئەمەریکاو دەسەڵاتە سیاسیی سەربازییەکەی بوونە ژاندارمی جیهانیو وەکوو پولیسی (FBI)و بە دوای تاوانباردا بگەڕێ کەوتە دووی تیرۆرو تیرۆریستان.

روویەکی دیکەی بابەتەکە کە دەکرێ بە روویەکی راستەقینەی بوونی وڵاتە یەکگرتووەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەراستیدا بزانین ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان هێزی سەرەکیو یەکەمی جیهانە، بۆ سەلماندنی بوونی خۆشیی وەکوو هێزی یەکەم رێبەری شەڕی دژە تیرۆری لە ئاستی جیهانیدا گرتە ئەستۆ. بێگۆمان بە هیچ نرخێك نایهەوێ ئەو پێگەیە لە دەست بدات. لەو پێوەندییەدا بوش لە وتارێکیدا بە راشکاوی ئێژێ:

"ئەمەریکا خاوەنی هێزێکی سەربازی گەورەیە کە کەس ناتوانێ رووبەڕووی ببێتەوەو پارێزگاری لەو هێزەی دەکات." هەر وەك ئاماژەمان پێکرد بۆدجەی ساڵانەی پێنتاگۆن بە رادەی 400 میلیارد دۆلار، هێندەی بودجەی سەربازیی هەموو وڵاتانی دیکەی جیهانە لە ساڵدا. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وڵاتە خاوەنی ئابوورییەکی گەورەیە کە بە ئیمپراتوری ئابووری ناسراوە. هەر لە درێژەی قسەی پێشوویدا بوش جەختی لە سەر دەکاتەوەو ئێژێ:

"بە هۆی ئەم هێزەشەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خاوەنییەتی دەتوانین ئاشتی لە هەموو جیهاندا بچەسپێنین."

گرینگی ژئۆپۆلیتیکیو ژئۆئۆمیکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ هیچکام لە زلهێزانی جیهانیی چاوپۆشی لێناکرێ. بەهێزبوونی عاملێکی تێکدەر وەکوو رادیکاڵیزمی ئیسلامی مەترسییەکی جیددییە بۆسەر ئەو گرینگایەتییە. هێزێکی جیهانی وەکوو وڵاتە یەکگرتووەکانیش وەها عاملێکی پێ تەحەمۆڵ ناکرێ. هەر بۆیە بە هاتنە ئارای فاکتۆری گرینگی مێژوویی 11ی سێپتەمبر ئەو عامیلە بوو بە گەورەترین ئامانج لە بەرامبەر پرۆژەکانی ئاشتیو دێمۆکراتیزاسیۆنو نەزمی نوێی جیهانیدا.

ئەوەیکە لە زۆربەی شوێنی باسەکەماندا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یاریکەرە ئەوەیە کە بەبێ وڵاتە یەکگرتووەکان ناکرێ باس لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو گۆڕانکارییەکانی بکەین. چونکی ئەو وڵاتە بڕاردەی بەرامبەری گێرەوکێشەکانی ئەو ناوچەیە لە سەرووی هەموویانەوە تیرۆریزمە.

شەڕی عێراق کاتالیزۆرێك بوو بۆ خێرا کردنەوەی رەوتی گۆڕانکارییەکان لەو ناوچەیەدا. شەڕی رزگار کردنی عێراق لە راستیدا گۆڕانێکی قووڵی ژئۆپۆلیتیکی بوو کە بوە هۆی لابردنی فاکتۆرێکی نەرێنیو ئازاد کردنی کۆمەڵێك پوتانسیلی پەنگ خواردووی دیکە. ئەوە لە حاڵێکدا کە ئاماژەیەك بوو بۆ حکومەتە دیکتاتۆرەکانی دیکەی ناوچە لە هەمان حاڵیشدا بوە هۆی پتەوتربوونەوەی هاوپەیمانی بەشێك لەوان. وەکوو نزیکیو دوستایەتی ئێرانو سوریەو کەوتنە فیکری دیتنەوەی رێگاچارەیەك لەلایەن ئەوانەوە بۆ دوورخستنەوەی ئەو مەترسیو گڤاشانەی کە لەلایەن بەرەی دژە تیرۆرەوە لە سەریانە. بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵی دیتنەوەو چالاك کردنی ناوەندە ڤەیران خوڵقێنەکانیان لە ناوچەکەدا دا.

ناسەقامگیری ئەو ناوچەیە لەلایەك بە بوونی تیرۆر تیرۆریزم هەمیشە بۆ وڵاتانی زلهێزی جیهان هەڕەشە بوە، لەلایەکی دیکەوە کێبرکێ وڵاتانی عەرەبی رووی لە زیادی داوە کە ئەویش هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئاڵۆزیو بارگرژی لەو ناوچەیەدا. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە هەموو وڵاتانی عەرەبی بە چەشنێك خاوەنی میراتێکی کولتووریو ئایینی هاوبەشن. ئەم فاکتۆرەی دوایی بۆ پێکهاتنی فەزایەکی هاوئاهەنگو یەکرەنگو سازبوونی هەڤگرییەك لە نێوان ئەو وڵاتانەدا هەوڵێکی زۆریدا بۆ پێکهێنانی یەکییەتییەك لە نێو ئەو وڵاتەتانەدا ئەگەر چی ئەو هەوڵو کۆششانەی ئەمەریکا بەرهەمی باشی هەبوو بەڵام بە بوونی کۆماری ئیسلامی، سوریەو کێشەکانی فەلەستینو

لۆبنان ئەو یەکییەتییە جاروبار رووی لە لاوازی دەدا. لەو نێوانەدا دوو وڵاتی میسرو عەرەبستانی سعوودی رۆڵێکی بەرچاو ئەرێنییان بوو.
وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا هاوپێوەندییەکی توندوتۆڵی هەبوو، واتە دوستایەتییەکی متمانەدار. چونکی ئەو وڵاتە پێویستییەکی دووروودرێژی بە هاوکاریی وڵاتانی عەرەبی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ولاتانە ترسیان لە پێوەندی نێوان ئەمەریکاو ئیسرائیل هەیە. نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین دژایەتییەکی پیرۆز لە نێوان ئیسلامو ئیسرائیلدا هەیە کە بە بوونی موسڵمانە بنئاژووخوازەکانو جهوودە فیندەمێنتاڵەکان ئەو دژایەتییە زۆر جار شەڕو کێشەی خوێنێنی بە دواوە بوە. بەشێك لە وڵاتانی عەرەبی، ئەمەریکا بە بەرپرسی دامەزرانی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا دەزانن. هەر بۆیە بەردەوام گۆشەنیگایەکی گۆمانو دڕدۆنگییان بەو وڵاتە (هاوپەیمانەیان) هەیە.
رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پاش 11ی سێبتەمبر لەلایەك بەشێك لە هاوسەنگییەکانی تێکدەچن، هاوسەنگیگەلێك کە پێشتر لە سەر بنەمای بەهێزکردنی ناوەندی بڕیاردان واتە دەسەڵاتەکان جەخت دەکرایەوەو کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتانەو نەتەوەکانی ناوچە زۆر رەنگیان نەدەدایەوە، چونکی خەڵکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لای رۆژئاواییەکان بە خەڵکێکی ناتێگەیشتوو، نەزانو رەشو رووت سەیر دەکران کە کەمتر لە بەرژەوەندی خۆیان تێدەگەیشتنو زۆر بیریان لە مافەکانیان لە ئاستی کۆمەڵو نەتەوەدا نەدەکردەوە. بەڵام لە قۆناغی پاش 11ی سێبتەمبردا رۆژئاواییەکان تێگەیشتن کە ئێدی هەموو ئەو فاکتۆرانەی پێشوو گۆڕانیان بەسەردا هاتووە ئەمڕۆ خەڵکی ئەو ولاتانە ئەگەر وەکوو رۆژئاوا بەرژەوەندیو مافەکانی خۆیان چ لە ئاستی تاكو چە لە ئاستی کۆمەڵدا نەناسن، لانیکەم ئاشناییەکیان لەگەڵدا هەیە. کەوابوو هەر وەك گوتمان ئەوانیش بەو هەموو دامودەزگای توێژینەوەو سیخوڕییەوە کە هەیانە بێ گومان بەو راستییە گەیشتوون. کە وابوو نائاسایی نیە ئەگەر گۆڕان بەسەر هاوکێشەکانیاندا بهێنن.
یەکێکی دیکە لە کێشە گرینگەکانی ناوچە کێشەی عەرەب ئیسرائیلە کە ناوەندی سەرەکی کێشەکە دەبێتە فەللەستینو لۆبنان. بە لاچوونی یەکێك لە کاراکتێرە نەرێنییەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا مێخێك لە تابووتی تیرۆریزم درا، بەڵام وەکوو گۆتمان بە بوونی کۆماری ئیسلامی ئێران نە تەنیا کێشەکان بەرەو چارەسەریی ناچن بەڵکوو ناوچەکە پتر لە جاران بارگرژی بە خۆوە دەبینێ. وڵاتە یەکگرتووەکانو رۆژئاوا چارەسەریی کێشەی فەللەستین بە کلیلی ئاشتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەزانن کە لە راستیشدا وایە. چونکی کێشەیەکی گرینگ لە شوێنێکی هەستیاردا دەتوانێ رۆڵی بەرچاو بگێڕێ. فەللەستین بە پاڵپشتییەکی ئیدئۆلۆژیکی توندئاژووی ئیسلامییو عەرەبییەوە نیشانەی هەیمەنەی عەرەب ـ ئیسلامە لە پێکدادانی نێوان رۆژئاوا ـ مەسیحییەتو عەرەب ـ ئیسلامدا. واتە لێرەدا گەورەترین خەسارو زیان لەگەلی چارەڕەشی فەللەستین دەکەوێ. تەنانەت زۆرجار لۆبنانییە عەرەبەکانیش لە ژێر باندۆری مەزنخوازی سوریەو عەرەبەکانی دیکەدا لەو کێشەیەوە دەگلێن. یان تەنانەت ئەو دوو وڵاتە جارناجاریش دەبنە قوربانی کێبڕکێ نێوان ئەربابە سەرەکییەکانی شیعەی مەزنخوازو سوننەی دەسەڵاتخواز کە خۆی بە دەمڕاستی ئیسلامو قەیەمی فەللەستینو لۆبنان دەزانێ. رۆژئاواییەکانیش وەك سیاسەتی لەمێژینەیان لەو ئاوە لێڵەدا ماسی خۆیان دەگرن. رەوتی گۆڕانکارییەکان خەریکە ئاراستەیەك دەپێوێ کە بوار بڕەخسێنێ بۆ چارەسەریی کێشەکانی عەرەب ـ ئیسرائیل، دوستایەتیو نزیك بوونەوەی رۆژئاوا لە هێزە سەرەکییە عەرەبییەکان وەکوو عەرەبستانی سعوودیو میسرو ئوردۆن و... هێمایە بۆ بەرەوپێش چوونی ئەو

سیاسەتە. بەڵام دەبێ ئەوەش فەرامۆش نەکرێ کە کارکتێرە بەرامبەرەکان وەکوو ئێران و سوریە بەو ئاسانییە رێگا بە پراکتیزە بوونی ئەو سیاسەتە نادەن. ئێران و سوریە هەردووکیان خاوەنی تیۆری شەڕی پێشگرانەن کە بۆ ئەو مەبەستەش فەللەستین و لوبنان و عێراق باشترین سەنگەرن. کەوابوو یەکەم هەنگاوی پاش نزیك بوونەوە لە لایەنەکانی خوازیاریی چارەسەریی یان کاراکتێرە یاریدەرەکان دەبێ لابردنی کۆسپ و ئاستەنگەکانی سەر رێگای پێشڤەچوونی ئەو پلانە بێ.

ئەوەیکە باسمانکرد تەنیا لایەنی عەرەب ـ ئیسلامی کێشەکە بوو، لایەنی زایۆنیستی ـ ئیسرائیلی یان زایۆنیستی رۆژئاوایی کێشەکەش بە هەمان رادە ئاڵۆزو پڕ کێشەیە. یەهودییەکان خۆیان بە نەتەوەیەکی غەدرلێکراو، وڵات داگیرکراو و مافخوراو دەزانن و چاوەڕوانیی یارمەتی جیهانییان هەیە. لە راستیدا ئەوان تەنیا رێگای رزگاری و بە مافی خۆ گەیشتنیان بەوە دەزانن کە دەبێ بە نیشتمانی خۆیان بگەنەوە، دەوڵەتی خۆیان پێك بێنن و ئیدارەی وڵاتی خۆیان بکەن. بەڵام جێی ئاماژە پێدانە کە ئەوانیش گیرۆدەی دەستی توندئاژۆویی و فیندەمێنتالیزمن. فیندەمێنتاڵیزمێك کە نە تەنیا ئیسرائیلی ئێستاو فەللەستین، بەڵکوو بەشێك لە خاکی وڵاتانی دیکە بە نیشتمانی یەهۆد دەزانێ و پێوایە کە دەبێ تەواوی جیهان سەری کڕنۆشیان بۆ دانەوێنێ و یارمەتییان بداو تەنانەت تۆڵەی خۆیان لە ئیسلام و عەرەب و ئارییاییەکان بکەنەوە. کەوابێ ئەو دووە نابێ تێکەڵ بکرێن. بزوتنەوەی واقعبینانەی یەهۆد پێوایە ئەوان نەتەوەیەکی گەورەو لێکپاشراون لە ئاستی جیهانداو ئەوەش هۆکارەکەی بێ نیشتیمانی و داگیرکراوی نیشتیمانەکەیانە، بە رای ئەوان تەنیا رێگاچارە لە بەرامبەر کردەوە دژە یەهۆدیەکانی دوژمناندا (یهود أزاری یان انتی سمیتیسم ) بوونە خاوەنی نیشتیمان و وڵات و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆیە. بزوتنەوەی یەهۆد کارو تیۆرییەکانی لەمێژبوو دەستی پێکردبوو. واتە "تئۆدۆر هێرتزل"(Teodor Heyrtzel) لە ئووتی ساڵی 1897دا یەکەم کۆنگرەی زایونیزمی لە شاری "بال"ی سوییسدا پێکهێناو لەو کۆنگرەیەدا "رێکخراوی زایونیزمی جیهانی" دامەزراند. دامەزرانی ئەو رێکخراوە بوە خاڵێکی وەچەرخانی بەهێز لە ژیانی سیاسی زایونیزمدا. لە راستیدا بە پێکهێنانی کۆنگرەی یان بە کردەوە زایونیزمی سیاسی هێنایە گۆڕێ. ئەو بزوتنەوەیەی زایونیزم بە تەواوی لەگەڵ بزوتنەوە زایونیستییەکانی دیکەدا جیاواز بوو. چونکی زایونیزمی سیاسی گوتارو تیۆرییەکەی بە تەواوی لەگەڵ گوتارو تیۆری زایونیزمی کولتووری و ئایینیدا لێك جوودا بوون. ئەم بزوتنەوەیەی زایونیزم کەوتە بەر چاو لە ئاستی جیهاندا خێرا زۆ بوەوەو پاڵپشتی یەهۆدییەکانی جیهانی بۆ لای خۆی راکێشا. بزووتنەوەی زایونیزم بە تێپەڕاندنی چەندین قۆناغی جۆراوجۆرو تەحەمولی دژواریگەلێك و تێپەڕاندنی نیو سەدە کارو چالاکی سیاسی خۆی گەیاندە ئەو شوێنەی کە مەبەستیان بوو و دەوڵەتی ئیسرائیلیان دامەزراند. واتە ساڵی 1948 بە یارمەتی و پاڵپشتی بزوتنەوەی زایونیزمی جیهانیی وڵات و دەوڵەتی ئیسرائیل کەوتە سەرپێ. لەو دەمەوە قۆناغێکی نوێ لە شەڕی ئیسلام و یەهودییەت یان شەڕی سەلیبی دەستی پێکرد. گەر سەرنج بدەین نە فەللەستینییە نەتەوەخوازو موسڵمانە نۆرماڵەکان و نە یەهودی و ئیسرائیلییە نۆرماڵەکان هیچکام یەکتری رەت ناکەنەوەو بە تەحەموڵی یەکتر خوازیاری ژیانێکی پێکەوەیی و ئاشتی خوازانەن. کەوابوو کێشەو یەکتر تەحەمول نەکردن بەرهەمی توندئاژۆویی و فیندەمێنتاڵیزمی هەردوو لایە.

"یورام حازوونی"(yoram hazoni) نووسەرو توێژەری لاوی ئیسرائیل، لە دایکبووی ئەمەریکا کە ئێستا بەڕێوەبەری ناوەندی توێژینەوەی "شالم"(chalm) لە "بیت المقدس" دایە. ناوبراو ئەگەر چی لە نێو

کونسێرواتەکاندایە کەچی خاوەنی هزرو بیرکردنەوەیەکی نوێیە بۆ ئیسرائیلو کێشەی وڵاتەکەیو عەرەبەکان. ئەو پێوایە ئیسرائیل گەیشتووتە ئەو ئاستەی کە دان بە بەشێك لە هەڵەو کەمو گۆڕییەکانی لە بەرامبەر عەرەبەکاندا بنێت. بەم کارە بەرپرسایەتیو باری قورسی گەلێك لەسەر شانی یەهۆدییەکانی جیهان لادەچێو بوارێکە بۆ هەنگاونان بەرەو ئاشتیو دۆستایەتی عەرەب - ئیسرائیلو هەوڵ بدات ئیسرائیل بکا بە وڵاتی یەکسانیی چەندین کولتوور، واتە بە هەموو ئەوانەوە کە لەوێ دەژین. بە بڕوای ناوبراو ئەوە تیۆرییەکە کە پێڕەوانی زایۆنیزم بڕوایان پێ هەیە. ئەوەش لە راستیدا رەتکردنەوەی کولتووری ناوەندگەرای ئیسرائیلەو سەرنجدانو بایەخدان بە کولتووری دەوروبەری (کولتووری فەلەستینی ـ عەرەبی)یە.

ئەوانەیکە خاوەنی ئەم تیۆرییەن پێیانوایە زایونیزمی سیاسی پێ ئەسپێردراوی خۆی بەجێ گەیاندووە. واتە پێ ئەسپێردراوەکە دامەزرانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەهوودی بوو کە بە ئاکام گەیشت. بۆ ئەو مەبەستەش تا هەتاهەتایە دانیشتوانی ئیسرائیل قەرزداری دوو کەسایەتیو رێبەری نەتەوەیی خۆیان دەبن، واتە "تیئۆدۆر هێرتزل" گەلاڵە رێژو نووسەری کتێبی "دەوڵەتی یەهوود" لە ساڵی (1896)دا و هەروەها بناخە دانەری زایونیزمی سیاسیو ئەویتریان، "دیوید بن گۆریون" یەك لە رێبەرانی سەرەکی زایۆنیزمو بناخەدانەری دەوڵەتی ئیسرائیل لە (دیسامبری 1973)دا کە پاش مەرگی بە مەهەندێسی وڵاتی ئیسرائیلو پێکهاتەی سەربازییو کۆمەلایەتی ئەو وڵاتە ناوبانگی دەرکرد.

بەڵام لە راستیدا کێشە ئەوە نیە بەڵکوو توخمی سەرەکی کێشەکە نیۆرۆکی هەر دوو ئیدئۆلۆژی بەرتەسکی ئیسلامی سیاسیو زایۆنیزمی سیاسییە کە هیچکام ناتوانێ تەنانەت خەیاڵی تەحەموڵی ئەویتر بکات. وێنەی سەرەکیو بەرچاو لە ئیسلامی شۆڕشگێڕی سیاسی شۆڕشگێڕانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانن. ئەوانەی بڕوایان وابوو کە دەبێ ئەو شۆڕشە جیهانگیر بێو رساڵەتەکەی گەورەترە لە سنوورەکانی ئێرانەو لەوەتەی سەری هەڵداوە عەربەدە بۆ لە ناوبردنی یەکجارەکی ئیسرائیلو سڕینەوەی لە سەر گۆی زەوی دەکێشێ. بەرامبەرەکەشی ئەو زایونییە فیندەمێنتالانەن کە لە چوارچێوەی زایونیزمی سیاسی توندئاژوودا دەیانهەوێ شۆڕشی زایونیستی پەرەپێ بدەنو مافی خۆیان وەرگرن. راست ئەو کردەوەو دژە کردەوە کە لەنێوان ئەواندا سەرهەڵدەدا دەبێتە ئەو دینامیزمەی کە قەیران دەخولقێنێ. شوێنی سەرهەڵدانی ئەو قەیرانانەش یەکێ لە هەستیارترین شوێنەکانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست، واتە رۆژهەلاتی دەریای مێدیترانەو ناوەندێ لە ناوەندە هەستیارەکانی قەیران لە نێوان ئاسیا، ئافریقاو ئورووپادا.

لەو ناوەندەدا دوو پوتانسیلی بلقوەی زایونیزمی سیاسیو ئیسلامی سیاسی هەردەم لە حاڵی پێکدادان دانو بە کەمترین وزە دەوروژێن. بۆ ئەو مەبەستەش دەزانین کە بە دەیان باندو گرووپی چەکداری گەورەو چوکەو جوداجودا لەوێدا چالاکنو هەرکامە وەکوو پەیمانکار لەلایەن دەوڵەتێکەوە پاڵپشتی دەکرێن. کە وابوو بە ئاسانی دەتوانن ببنە پتانسیلێکی تێکدەرو ناوەندی قەیران بوروژێنن. بۆ ئەم مەبەستەش دەبینین کۆماری ئیسلامی ئێرانو سوریە بە ئەربابەکانی گرووپو پارتە فەلەستینیو لۆبنانییەکان دادەنرێنو ئەو ناوەندانە وەك ئامرازی گوشار بە دەستی ئەوانەوە بوون. زۆر جار بوە کە رەوتی ئاشتی لەو ناوچەیەدا تا ئاستی سەرکەوتن چوتە پێش. بەڵام بە دەستێوەردانێکی ئێرانو سوریە رێسەکە بۆتەوە بە خوری.

ئەگەرچی تیۆری یەکییەتی خوازی شیعەی لەو ناوچەیەدا شتێکی نوێی نیە کەچی بە هاتنە ئارای پرۆژەی رۆژهەلاتی نێوەڕاستی گەورەو باکووری ئافریقا ئەو تیۆرییە بە فەرمی کەوتە قۆناغی کردەکییەوەو ئێرانو سوریە

وەکوو دوو هێزی سەرەکی نێو ئەو بەرەیە دەرکەوتن. ئێران بە بەهێزترین وڵات لە ژێر دەسەڵاتی شیعەی دوازدە ئیمامیداو سوریە گەورەترین وڵات لەژێر دەسەڵاتی شیعەی عەلەوی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بوون بە پایەی پتەوی پێکهێنەری "هیلالی شیعی" لەو ناوچەیەدا.

هیلالی ناوبراو لە ئێرانەوە دەست پێدەکات بە باشوورو بەشێك لە نێوەڕاستی عێراقدا تێپەڕ دەبێ، بەشێك لە ئوردۆن و عەرەبستانی سعوودی لەخۆ دەگرێ و بە سوریە، لوبنان و فەلەستین کۆتایی پێ دێ. واتە لەو ڕێگایەوە کەنداوی فارس پێوەند دەدەنەوە بە دەریای مێدیتەرانەوە. مەبەست لەم هلالەش لەلایەك پێکهاتنی هێزێکی خاوەن دەسەڵات و قورسایی شیعی لە ناوچەکە دایەو لەلایەکی دیکەوە کونترۆڵی ناوەندی قەیرانەکان و بەرێوەبردنی عەمەلیاتی پێشگرانەو پێکهێنانی هاوسەنگی لە بەرامبەر هێزە شیعەکاندایە. ئەم هیلالەش بە لێکدانەوەیەکی واقعبینانە کاراکتێرێکی بەهێزە لە ناوچەکەدا کە دەتوانێ لە فەزای سیاسی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و برێ جاریش جیهاندا کاریگەریی هەبێ. بۆ وێنە دەبینین کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دەسەڵاتێکی رەهایی شیعی، حەشیمەتێکی زۆری شیعە، تیۆری ناردنە دەرەوەی شۆڕش، کێشەی چەکی ئەتۆمی، پاڵپشتی هێزگەلێکی شیعی وەکوو حیزبوڵڵاو فەلەستین و هەروەها بوونی سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسداران و سەدەان بنکە لە جیهاندا یەکێ لە پێکهێنەران و رێبەرانی ئەو هیلالەیەو لەلایەکیترەوە سوریە بە حەشیمەتێکی زۆری شێعەی عەلەوی، دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرانەی بەعسیی، دژایەتییەکی مێژوویی لەگەڵ ئیسرائیلدا، دەستێوەردان لە کاروباری فەلەستین، دەخاڵەتی راستەوخۆو حوزووریی لە لوبناندا و پاڵپشتی حیزبوڵڵاو دژایەتی هەر چەشنە رەوتێکی ئاشتی لە نێو ئیسرائیل و عەرەبەکاندا لە لایەنە بناخەییەکانی هیلالی شیعییە. ئەو هیلالە زۆرجار تەنانەت راستەوخۆ پاڵپشتی هێزە فیندەمێنتاڵەکان دەکات و خۆی بە قەیمیان دەناسێنێ. بەڵام ئەوەیکە پتر لێرەدا خۆ دەنوێنێ ئەوەیە کە هێزی شیعە لە ئیسلامی سیاسیدا کەوتۆتە پێش هێزە سوننە سیاسییەکانەوەو ئەوەش تا ڕادەیەك زقە بە گشتی هێزە شیعەکان دەیانهەوێ راستەوخۆ خاوەن دەسەڵاتی سیاسی بن لە ناوچەکەدا. بەشێك رایان وایە کە شیعەکان هەست بە ماف خوران، ژێردەستەیی و جێمانێکی مێژوویی دەکەن و دەیانهەوێ بە پێکهێنانی دەسەڵات و پێکهاتەیەکی شیعی جیهانی خۆیان لە بەرامبەر بزوتنەوەی زایونیزمدا ببیننەوەو ئێستا ئەو ئیدەیە لە ئێراندا ئیدی بە تەواوی جێگیر بوەو هەوڵ دەدرێ بکرێتە ئیدەیەکی جیهانی شیعی. بەشێك لە بیرمەندان لەو بڕوایەدان کە نێوەرۆکی شیعییەت لە نێوان ئێرانی و غەیری ئێرانییەکاندا زۆر جیاوازە. ئێرانییەکان هەر لە سەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەوییەوە کە ئایینی شیعی لە ئێراندا فەرمی کرایەوەو ئیمپراتۆری شیعە دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت تا هەنوکەش دەسەڵاتی شیعە دەسەڵاتی زاڵی ئێرانە. کە وابوو لە ئێراندا شیعە ئایینی دەسەڵاتدارێتی و دەوڵەمەندی و غەننی بوون بوە، بەڵام لە وڵاتانی دیکە کە شیعە بوونیان هەبوە، شیعە ئایینی چەوساوەو هەژارو دەستکورتەکان بوە. لەم پێوەندییەدا "فرانسواتوال"(Franswa Twal) لەو بڕوایە دایە کە "شیعە گەری" لە دوو ئاستی عەرەبی و ئێرانیدا دوو شێوازی جیاوازی هەیە." لەم پێوەندییەدا هێزە شیعەکان تەنانەت زۆر جار تووشی ساوێر(توهم) دەبن و پێیانوایە کە لە راستیدا تاقە هێزی رزگاریدەری رۆژهەڵاتی نێوەڕاستن و دەتوانن بە دیلێك بن بۆ "سۆسیالیزم" بە دوای روخانی یەکییەتی سۆڤیەتدا. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە دیانهەوێ پشتی پەردەکانیان بشارنەوە. لەم پێوەندیەدا "محمد علی زم" ئێژێ:

" بوونی وەها پۆتانسیلێك لە هزری شیعەدا پێگەیەکی تایبەت و جیگای تێڕامان بەو ئایینە دەبەخشێ و وەك هێزێکی کاریگەر لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەدا دەریدەخات و هەرکەس بە ئاسانی تێدەگات کە ئایینی شیعە بە

هەبوونی وەها پێکهاتەیەکی فەلسفی ئایینی دەتوانێ وەکوو ئامرازێکی بێ وێنە بۆ تێکدانی سەقامگیری یان پێچەوانەکەی باندۆری جیهانی هەبێ."

جێگای ئاماژە پێدانە کە کۆماری ئیسلامی بە تێکچوونی سیستمی دوو جەمسەری بواری بۆ پراکتیزە کردنی ئایدیاو تیۆرەبییەکانی لەبار بینی. وەك دەزانین تیۆری ناردنە دەرەوەی شۆڕشی فەشەلی هێنا. بەڵام ئەو سیستمە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە بتوانێ باندۆرو کاریگەریی ناوچەیی‌و جیهانی هەبێ‌و لە حاکمییەتی جیهانیدا بەشی خۆی وەرگەرێ. هەر بۆیە پاش کارکردێکی چەندین ساڵە لەسەر بنەمای پاڵدان بە بزوتنەوە ئیسلامییەکان بەتایبەتی شیعەکانەوەو هێنانە ژێر چەتری دەسەڵات‌و پاڵپشتییەوە، توانی گوتاری هیلالی شیعەو ژئوپۆلیتیکی شیعی بەهێز بکات. مەبەستی ئەم تیۆری‌و گوتارەش رێبەری کردنی بزوتنەوەی دژە ئیسرائیلی‌و دژە ئەمەریکایی‌و بە گشتی دژە رۆژئاوایی‌و دژە زایونیزمییە کە لە ئاکامدا بە دژە سوننەیی کۆتایی پێ دێ. ئەوانیش رۆژئاواییەکان دەرکیان بە گرینگی ژئوپۆلیتیکی‌و ژئوئیکۆنۆمیکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کردوەو دروشمەکەشیان دەسەڵات‌و حاکمییەتێکی ناوچەیی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و لە نەبوونی ئەمەریکاو ئیسرائیل دایە. ئەو پێکهاتەیە بۆ ئەو مەبەستە هەموو بیاڤە ژئۆپۆلیتیکییەکانی شیعەی جیهانی لەبەرچاو گرتووەو هەوڵ دەدا هەموویان بە چەشنێك بەشدار بن‌و خۆیان بە بێگانە نەزانن‌و پابەند بن بەو تیۆرییە. ئەم تیۆرییەش تیۆری پان شیعیستییەکە بەلەبەرچاو گرتنی ئەو بیروکەیە "اولیویەروا" ( olivie Roy) ئێژێ:

" تاران ئەمجار هەوڵ دەدا لە کارتی پان شیعی پتر لە کارتی پان ئیسرانیستی کەڵك وەرگرێ. ئێران لە بەرێوەبەری دیپلوماسی خۆی لەگەڵ گرووپە جیاوازەکانی شیعەی غەیری ئێرانی، وەکوو هەزارەکانی ئەفغانستان، شیعەکانی باشووری لۆبنان‌و ...دا پتر جەخت دەکاتەوە تاکوو نەتەوە ئێرانییەکان وەکوو کوردەکان‌و... چونکی بە درێژایی پێکدادانێکی مێژوویی‌و سەرنەکەوتنی هیچ چەشنە سیاسەتێك، کوردەکان لە چوارچێوەی هاوڵاتی پلە دوودا‌و هەروەها لە ژێر دەسەڵاتی، دەسەڵاتی شیعی ـ فارسیدا نەتواونەتەوەو هەروا پوتانسیلەکەیان لە جێ خۆیدایە. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی پان ئیسرانیستی هیوا بڕاوبوەو رووی لەو ئیستراتژییە کردوە. ئەو ئیستراتیژییەش تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوە. بۆ وێنە ئەو یەکییەتییە لە ئەفغانستان، عێراق، لوبنان‌و فەللەستیندا خۆی تاقی کردۆتەوە.

کۆماری ئیسلامی ئێران بە روونی جەخت لەسەر پێوەندی گەرمی نێوان خۆی‌و حیزبوڵای لۆبنان دەکاتەوەو ئێژێ پێوەندی کۆماری ئیسلامی‌و حیزبوڵای لۆبنان نە هیچ کات رەت دەکرێتەوەو نە پێویست بە سەلماندنی دەکات. کۆماری ئیسلامی لە هەوڵ دایە کە بە ئێرانیگەری شێوازو رەنگی شیعی بوون ببەخشێ‌و لەلایەکی‌ترەوە لایەنە شیعییە غەیری ئێرانییەکان وەکوو شێعەکانی باشووری لۆبنان بکاتە ئێرانی. هەر لە سەر ئەو بنەمایەیە کە دەتوانین بێژین حێزبوڵای لۆبنان وەکوو پەیمانکارێکی تیرۆریستی بۆ کۆماری ئیسلامی‌و لە چوارچێوەی ئەو ئیستراتژییەدا کار دەکات. ئیسرائیل کە ساڵی 2000 لە لۆبنان هاتەدەر ئێدی لە چوارچێوەی سنووری نێونەتەوەییەکاندا هەڵسوکەوتیان دەکرد بەڵام لە ژێر باندۆری یەکییەتی شیعیدا بە سەرکردایەتی کۆماری ئیسلامی شەڕی حێزبوڵاو ئیسرائیل ساز کراو جارێکیتر لۆبنان لە ئاوری پێکدادانی دوو بەرژەوەندی دیکەدا سوتێنرا. لێرەدا تەنانەت خۆدی دەسەڵاتدارانی ئێران ئەم شەڕەیان بە شەڕی خۆیان زانی‌و بە تەواوی هەموو رەهەندەکانیان لە مێدیاکانەوە خستە بەر چاوی جیهان‌و رایانگەیاند کە باسکی سەربازی ئێران "حزبوڵا" لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئیسرائیلی تێکشکاند. لە راستیدا پاش چوونە دەری ئیسرائیل لە لۆبنان‌و کێشرانی هێڵێکی سنووری لەلایەن نەتەوە

یەکگرتووەکانەوە ئەو دوو وڵاتە هیچ چەشنە کێشەیەکیان نەبوو کە چی پاش هێز گرتنی حیزبوڵڵا و رۆڵ بینینی ئێران، حیزبوڵڵا 1700 موشەکی لە باشووری لوبناندا بە هێمای هەڕەشە لە ئیسرائیل کۆکردەوە. کۆکردنەوەی ئەم موشەکانە لەو شوێنەدا بۆ لوبنان و تەنانەت بەشێك لە وڵاتانی عەرەبی دۆستی ئەمەریکا تەحەموڵ نەدەکرا. ئێرانییەکان ئەم موشەکانە بۆ لەناو بردنی هەڕەشە بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێرانن لە لایەن ئیسرائیلەوە. هەر بۆیە وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەوکاتەی ئیسرائیل، حیزبوڵڵای بەهێزی سەربازیی ناوچەیی کۆماری ئیسلامی زانی و شێخ حەسەن نەسرۆڵڵای بە وتەبێژی ئەو رژێمە ناوبرد. لە درێژەدا ئێژێ:

"نابێ ئیزن بدرێ هەڕەشەیەك وەکوو کۆماری ئیسلامی و هاوپەیمانانی، واتە حیزبوڵڵا، حەماس و سوریە ببن بە هێزێك کە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە." لەم پێوەندییەشدا ئەمەریکا و ئیسرائیل و بەشێك لە عەرەبستانیش بەو راستییە گەیشتوون کە مەترسی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا بەشێکی خێزراوی ئەو بنکە و پێگە سەربازییانەیە لە لوبنان و فەلەستین و تازەیی لە ئەفغانستان و عێراقدا.

لە شەڕی حیزبوڵڵا ـ ئیسرائیلدا راستەخۆ باس لە پێکدادانی ئیسرائیل و ئێران دەکرێ. لەو پێوەندییەدا "زئیف شیف" یەکێ لە ناسراوترین خاوەن روانگە سەربازییەکانی ئیسرائیل لە رۆژنامەی هارتص لە رێکەوتی 25 پووشپەڕی 1358 (16 جولای)دا دەنووسێ:

"ئەم شەڕەی لوبنان پێگەی ئێران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دیاری دەکات". هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا "سەردار یەحییا رەحیم سەفەوی" فەرماندەی ئەوکاتەی سوپای پاسداران ئێژێ:

"ئاکامی شەڕی حیزبوڵڵا ـ ئیسرائیل ـ لوبنان، لە دیاریکردنی چارەنووسی ئێراندا رۆڵێکی بەرچاوی هەیە. کەوابوو هیچ قسە لەوەدا نیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی بە هێزێکی ناوچەیی بینیوە کە خەیاڵاتی چوونە ناو هاوکێشە جیهانییەکانی هەیە. ئەویش بە میکانیزم و رێکاری تیرۆریستی و لە سەر بەمای ستراتژی هیلال و ژئۆپۆلیتیکی شیعە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا.

لەو کێشانەشدا سوریەش ئەگەرچی لەسەر حیسابی ئێران چووە نێو ئەو هیلال و ئیستراتژییە نوێیەوە دیمان یەکێ لە هێزە کاریگەرەکانی نێو ئەو بەرەیەیە کە نەبوون یان کشانەوەی دەتوانێ کار بکاتە سەر رەوتی رووداوەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. سوریەی شیعەی عەلەوی بە سیستمێکی دیکتاتۆری بەعسییەوە لەگەڵ هێزە عەرەبەکانی دیکەی ناوچەدا کۆمەڵێك ناتەبایی هەیە کە ئەو وڵاتەی لە کۆماری ئیسلامی پتر نزیك کردۆتەوە. پێویستە ئاماژە بەو فاکتۆرانە بکەین کە سوریە دەتوانێ یارییان پێ بکات، بوونی 160 هەزار ئاوارەی شەڕی خەڵکی لوبنان لەو وڵاتەدا یەکێ لە بەهێزترین ئامرازەکانە بە دەستی دەوڵەتی سوریەوە کە لە کاناڵی ئەوانەوە زۆر گەڵاڵە دابڕێژێ و بیا نخاتە قۆناغی پراکتیکەوە. کەڵك وەرگرتنی سوریە لەو ئاوارانە لە لوبناندا، هەمان کەڵك وەرگرتنی کۆماری ئیسلامەی ئێرانە لە هێزە شیعە ئاوارەکان لە عێراقدا، پێش شەڕی لێدانی عێراق لەلایەن هاوپەیمانانەوە. ئەگینا پێچەوانەکەی واتە کەڵك وەرگرتن لەو هێزانە بۆ سەقامگیر کردنی رەوتی ئاشتی رۆژهەلاتی نێوەڕاست دەتوانێ فاکتۆرێکی پۆزەتیڤ بێ.

پێویستە ئەوەش بزانین کە کێشەی سوریە ـ ئیسرائیل لەگەڵ کێشەی ئێران – ئیسرائیلدا دوو کێشەی بە تەواوی لێك جیاوازن. هەر بۆیە دەتوانین ئەوەش بێژین کە سوریە ئێستا پتر لە خزمەتی سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدایە تاکوو لە خزمەت سیاسەتی خۆی لە بەرامبەر ئیسرائیلدا. کێشەی سوریە و ئیسرائیل کێشەی خاك و سنوورە، چونکی هەنوکەش بەرزاییەکانی گولان لەژێر دەسەڵاتی ئیسرائیل دایە.

سوريە دیهەوێ بەرزاییەکانی گولآن وەرگریتەوە، بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، لە گۆڕینی ڕێژیمی بەعسی سوریە چاوپۆشی بکرێو ڕۆڵی نێونەتەوەیی ئەو ڕێژیمە بە فەرمی بناسرێ. ڕۆژئاوا بەگشتیو ئەمەریکاو ئیسرائیل بەتایبەتی لەو بڕوایە دان کە بە ئیزۆلە کردنی حیزبوڵلاو چەك کردنیو جوداکردنەوەی ئێرانو سوریە لە یەکتریو تەریك خستنەوەی هەرچی زیاتری ئێران دەتوانن هیلالی شیعەو ئیستراتیژی کۆماری ئیسلامی لاواز بکەنو لە کۆتاییدا هەرس بە ئاما نجەکانی بێنن. لە ڕاستیدا پاش باسێکی تێروتەسەل بەو ئاکامە دەگەین کە ئێران بە دەخاڵەتو دەستێوەردانی ئاشکرای سیاسی ـ سەربازی لە نەزمو هێمنیو ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بە چالاکترین کاراکتێری نەرێنیو تێکدەو ناسراوە. کۆماری ئیسلامی هەمیشە ئەو ڕاستییەی وەکوو تۆمەتبار کردنێکی درۆیی ڕەتکردۆتەوە. ئەوەش لەحاڵێکدایە کە بەفەرمی هێزەکانی سوپای پاسداران لە ئاستی فەرماندەری باڵادا ڕاستەوخۆ لە شەڕەکانی حیزبوڵلا ـ لۆبناندا بەشدار بوون، چەكو تەقەمەنیو موشەکەکانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن حیزبوڵلاوە دژبە ئیسرائیل بەکار دەهاتنو .....، بە دەیان بەڵگەی دیکە بوونیان هەیە کە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە حیزبوڵلاو حەماس دوو کاراکتێری دەستی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئیسرائیلو ئەمەریکادان. ئەم دوو کاراکتێرە لە شوێنێکی زۆر هەستیاردا دەتوانن لە ئاستەنگەکانی ڕێگای بەرەوپێش چوونی پرۆژەی "ڕۆژهەڵاتی گەورە" (Greatest Middle) بن. لەم قۆناغەداو لە بەرامبەر دوو هێزی تیرۆریستی حیزبوڵلاو حەماسدا مکانیزمی خەبات دژبە تیرۆریزمو دابین کردنی ئاسایشی ناوچەییو نێونەتەوەیی وەکوو کاراترین ڕێکار دەتوانێ لەم پێوەندییەدا کارساز بێ.

- **11ی سێپتەمبرو لێدانی عێراق**

پرۆسەی شەڕی دژە تیرۆر بەردەوامەو پرۆژەی لێدانی پێگەکانی بەرەی تیرۆر ئەکتیڤە. ئەو پرۆژانە هەموو ژێرکۆگای کەلێك پرۆسەی دیکەن کە خۆدی ئەو پرۆسانەش ژێرکۆگای سیاسەتی ستراتژی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئاستی وەزارەتی دەرەوەدان. هەنگاوی یەکەم پتەو نرا. گێرەو کێشەی بۆ ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانیشی بە دواوە بوو. ڕەنگە بەو لێدانانە خۆدی ئەمەریکاش بریندار بووبێو تەنانەت کۆمەلێك نووسەر بە ڕووناکبیریش بە پلینگی برینداری ناوبەرنو بانگەوازی سڵ کردن لەو پلینگە بکەنو بە ئامیانی هەموو ناتەباییەكو بەماکەی کۆی گێروگرفتەکانی بزانن" نێوی دەبەن. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ئێدی جیهان نەك گوندێك بەڵکوو هەوارگەیەکی جیهانییەو ڕاستییەکان ناشاردرێنەوەو چەواشەکارانیش لە گەیشتن بە ئاما نجەکانیان بێ هیوا دەبن. هەروا کە دەزانین ساڵی 2001 بە لێدانی تاوەرە دووانەکانی نیۆریۆرك نیمادی غۆرووری نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە چەشنێك لێدرا. "بنلادن"و تاقمەکەی خێرا بەرپرسایەتی ئەو کردەوەیەیان وەئەستۆ گرت. لە ڕاگەیاندنی ئەو بەرپرسایەتییەدا ئۆسامەبنلادەن خۆی بە ئاڵا هەڵگری ئیسلامی ڕادیکاڵو فیندەمنتاڵ دایەقەڵەمو دونیای ڕۆژئاوای لە هەڵبژاردنی دوژمنی سەرەکی ئاشتی جیهاندا یارمەتیدا. جۆرج بوش لە ڕاگەیاندنی ستراتژی ئەمەریکا لە جیهاندا ڕایگەیاند:

"ئەمەریکا لە قۆناغی جەنگدایە. گەڵاڵەنامەی ستراتژی ئاسایشی نەتەوەیی لە قۆناغی جەنگدا، واتە ئەو جەنگە مەزنە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئێستا ڕووبەڕووی بووینەتەوە ئەویش بەرفراوانبوونی تیرۆریزمەو سەرچاوەکەی ئاگری ئایدۆلۆژیای کینەو ڕقەبەرایەتیو نەفرەتو تاوانە، هەمان ئەو ئایدۆلۆژیایەیە کە ڕۆخسارەکەی لە (11)ی سێپتەمبری (2001)دا بۆ خەڵکی ئەمەریکا کەوتە ڕوو. ئەم ستراتژییە نیشانەی مەترسیدارترین بەڵێنی ئێمەیە، واتە بەڵێنی پاراستنی ئاسایشی خەڵکی ئەمەریکا." هەمووان دەزانین کە نزیك بە 4 هەزار کەس لە

خەڵکی بێ تاوانی ئەمەریکا لەو کارەساتەدا بوونە قوربانی درندانەترین هێرشی هەزارەی سێهەم تاکوو ئێستا. هەر لایەك ئەم کارەساتەی بە چەشنێك پیلان و سیناریۆ دادەناو خۆدی ئەمەریکاو دوستەکانی بە داریژەرو تاوانباری ئەو پیلانە دادەنا. ئەگەرچی لیستەی ئەو قوربانیانە لەو شوێنە دراوەو رۆژانە سەدان کەس چاویان لێدەکەن کە چی دیسان دەبینین دیکتاتۆرێك وەکوو مەحموود ئەحمەدی نژاد سەرۆك کۆماری کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو پەڕی بێشەرمییەوە ئێژێ رووداوی 11ی سێپتەمبر گوماناوییەو ئەو کەسانەشی تێیدا نەکوژراون. بەو واتایەی کە دەیهەوێ بیسەلمێنێ کە راستییەکانی رۆژئاوا هەموو درۆن، هۆلۆکاست، 11ی سێپتەمبرو دەیان کارەساتی دیکەی لەو چەشنە بوونیان نیە یان چونییەتی بوونەکەیان گوماناوییە. بەڵام لە پاڵ ئەوەدا کوژرانی فەلەستینییەك، کوژرانی چوار تێرۆریستی حیزبوڵایی، کوژرانی دوو تیرۆریستی بارمەتەگری چیچانی وەکوو مانگ دەبێ بە ئاسمانەوە بدرەوشێنەوە.

کاتێك کە تازە رووداوەکە روویدابوو و بنلادەن بەرپرسایەتییەکەی گرتە ئەستۆ، وڵاتی ئەفغانستان بنکەو پێگەی تاڵەبان و القاعدەییەکان بوو. تاڵەبانێك کە چەشنی پێکهاتەکەی، چەشنی دەسەڵاتدارییەکەی و سیاسەتەو پراکتیکەکەی هیچکام لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگای جیهاندا جێگای پەسەند نین. تاڵەبانێك کە دەیهەویست ببێتەوە بە نوێنگەی ئیسلامی رادیکاڵ و ببێت بە ناوەندی ئیسلامی فیندەمێنتاڵ لە ئاستی جیهاندا. تاڵەبانێك کە بە لەناوبردنی پەیکەرەکانی بودا تەنانەت دژایەتی شارەستانیەت، کولتوورو مێژوویشی دەکرد. بە گشتی دژایەتی هەر شتێکی دەکرد کە لە چوارچێوەی ئایدیاو راڤەو تەعبیری ئەواندا نەگونجابایە. هەر بۆیە لە بەرامبەر داخوازی تەسلیم کردنی بنلادن بە ئەمەریکادا راوێستان و مۆری تەئیدیان دایە سەر فایلی تێرۆریستی خۆیان داو لە هێرشێکی گورجك بڕدا لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانانیەوە دەسەڵاتی تاڵەبان روخێنراو تاڵەبانیزم تێکەو پێچێنراو بە لاپەڕەکانی مێژوو ئەسپێردرا.

## *کێشەی عێراق و رۆژئاواو روخانی دیکتاتۆری بەعس

بەشێکی زۆر لە بابەت و کێشە سیاسییەکان، خاوەن رابردوون. لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش کێشە سیاسییەکان بەتایبەت کێشەی دیکتاتۆرەکان و چەشنی دەسەڵاتدارێتییان لەو بازنەیەدا. واتە زۆرێك لە دیکتاتۆران و سیستمە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە عەرەب و غەیری عەرەبەوە هەرکام بە چەشنێك ژێر هێژموونی ئەمنییەتی، سیاسی و سەربازی وڵاتێکی زلهێزی رۆژئاوایی بوون. وڵاتانی زلهێزیش هەم هێژموونی هاوبەشیان بوە، هەم هێژموونی جوداجودا. وڵاتانی عێراقیش لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی بەعسی و دیکتاتۆر سەدام حوسەیندا جودا لەو حکوومەتە بەستراوانە نەبوو. قۆناغی بەرچاوی ئەو بەستراوەییە قۆناغی ساڵانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق بوو. لەو کاتەدا عێراق لەنێو وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و عەرەبیدا هێزێك بوو کە دەیتوانی هاوپەیمانێکی تاکتیکی لە قۆناغێکی هەستیاری سیاسیدا بێ بۆ وڵاتانی رۆژئاوایی لەوانە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ساڵی 1979 بە رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە ئێرانداو هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران هێندێ لە هاوسەنگییەکان گۆڕانیان بەسەردا هات.

نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێران بە دانی کۆمەڵێك دروشمی شەڕخوازانە دژ بە وڵاتانی ناوچەکەو کۆمەڵگای جیهانی و دانی دروشمی ناردنە دەرەوەی شۆڕش خەریك بوو ببێتە ئامیانی کێشەیەکی جیهانی. هەر بۆیە بە هاتنە سەرکاری ئەو حکوومەتە لە ئێرانداو یەکەم بەرهەمی لە پێشانگای تیرۆریزمی دەوڵەتی لە خۆی نیشان کۆمەڵگای جیهانیدا، واتە بە گرتنی باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تاران و بە بارمەتە گرتنی کارگێڕان و

بەرێوەبەرانی ئەو باڵوێزخانەیە بۆ ماوەی 444 رۆژ رای گشتی جیهان و رای گشتی رۆژئاواو ئەمەریکا بەتایبەتی هێنایە سەریەك تەوەر کە ئەویش رووبەروو بوونەوەی ئەو حکوومەتە بوو لە ئێرانداو بێ هێز کردنی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بوو. بۆ ئەو مەبەستە بەرەی شەڕ دژ بەو حکومەتە لە عێراقدا کرایەوە. شەڕێك کە گەڵاڵەو پلانەکەی بە مەبەستی لاواز کردنی کۆماری ئیسلامی بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خودی سەدامیش هێندێ خولیاو ئاواتی هەبوون. بە هەرحاڵ ئەو شەڕە ساڵی 1980 ی ـ ز دەستی پێکردو پاش هەشت ساڵ و شەڕێکی ماڵوێرانکەرو پڕ کارەسات کە نزیك بە یەك میلیۆن کەس قوربانی لێ کەوتەوەو کۆتایی پێهات. لە راستیدا دەتوانین بێژین بە کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق تەنیا قۆناغێك لە شەڕ کۆتایی پێهات، قۆناغێك کە تێیدا کۆمەڵگای جیهانی بە ئامانجەکانی گەیشت. واتە ئەرتەشی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی تێکشکابوو و بە پێ لێکۆڵینەوەیەك بۆ درێژەدانی بەو شەڕە کە ئاکامەکەی ناروون بوو پێویستی بە 5 هێندەی دیکە ئیمکاناتی ئینسانی و مادی دیکە هەبوو کە بێ گومان لە توانای حکوومەتی ئەوکاتی ئێراندا نەبوو. هەر بۆیە بڕیارنامەی 598ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی پەسەند کردو تەسلیمی ئەنجومەنی ئاسایش بوو. ئێرانێك کە بڕیاری دابوو دروشمی "ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی" پراکتیزە بکات، ئیدی گەیشتبوە ئەو بڕوایەی کە لانیکەم لەم قۆناغەدا دەبێ دەست راگرێ و لەو درووشمە پاشگەز بێتەوە. بە وتەیەکیتر دەسەڵاتی یاغی دەسەڵاتی ئەوکاتەی ئێران کە دەبوا بەو چەشنە رام کرابایە، رام کرا. لە راستیدا رۆژی هەشتەمی مانگی ئووتی ساڵی 1988 کۆتایی شەڕی نێوان ئێران و عێراق و لە هەمان کاتدا دەسپێکی قەیرانێکی نوێ بوو.

قەیرانی شەڕی کەنداوی یەك کە لەودا عێراق دەستپێشخەر بوو و لەلایەن هاوپەیمانانەوە پاشەکشەی پێکرا. سەدام حوسەین دەیهەویست بەشێك لە پارە سەرف کراوەکانی شەڕی ئێران لە کویت و عەرەبستانی سعوودی وەربگرێتەوەو ئەو قەرەزو وامانەش لەو وڵاتانەی وەر گرتووە پێ ببەخشن. لە راستیدا ئەوە تەنیا بیانوو بوو بۆ هێرش بۆسەر کۆیت و داگیر کردنی ئەو وڵاتە لەلایەن عێراقەوە. ماوەیەك وتووێژ لەنێوان عێراق و کویتدا بەردەوام بوو، عێراق داوای 10 میلیارد دۆلاری لە کویت دەکردو دەیگوت بە 9 میلیاردیش رازی نابم، دەسەڵاتدارانی کویتیش ئەوەیان قبوڵ نەبوو. پاش نێوەنجییەکی زۆر لەلایەن وڵاتانی جیرانەوە، ئاکامی هەموو دانیشتنەکان بە شەڕ دەستی پێکرد. عێراق لە ساڵی 1990دا 30 هەزار سەربازی عێراقی و 300 تانك و زرێپۆش لەسەر سنووری عێراق و کویت جێگیر کرد. هەر بە دوای ئەوانەشدا 300 تۆپی قورس بەو هێزانە زیاد بوون لەگەڵ تێداڕۆکات و سووتەمەنی تەواودا.

بوونی ئەو هێزانە لە سەر سنووری کویتەوە کاریگەری لە سەر بازاڕی نەوت لەناوچەکەدا داناو هەرچی ئەو هێزانە پتر دەمانەوە باندۆرەکەیان لەسەر نرخی نەوت پتر دەبوو. لە ئاکامدا ئەرتەشی عێراق لە 2ی ئۆگوستی 1990ی ـ ز بە سناریویەك کویتی داگیر کرد. عێراق رایانگەیاند کە کۆمەڵێك لە لاوانی ناڕازی و شۆڕشگێڕی کویتی شۆڕشیان کردووە دەسەڵاتدارانی کویت بە خائین و زایونی دەزانن و ئەو شۆڕشەش کە لە حاڵەتی کودتایەکدایە داوای یارمەتی لە حکوومەتی عێراق کردووە ئێمەش بەڵێنی یارمەتیمان داوە. بەو سێناریۆیە وڵاتی کویت داگیر کراو عێراقیش بۆ کورت ماوە بە ئامانجی خۆی گەیشت. سەدام کویتی بە پارێزگای هەژدەهەمی خۆی داناو بە دەستگرتن بەسەر نەوتی کویتدا دەیتوانی یەك پێنجەمی نەوتی بەرهەم هێنراوی جیهان قەبزە بکات و داهاتەکانی کویت وەکوو دەسکەوتی شەڕ ببات. عێراق بەو کارەی توانی لە چەند کاتژمێردا هەم ببێتە خاوەنی 20٪ مەخزەنی نەوتی جیهان و هاوکات وڵاتێك کە رێگای ئاوی نەبوو 200 کیلومێتر لە لێوارەکانی کەنداوی فارسی وەدەست هێنا. دەوڵەتی عێراق لە

خۆیدا ئەو توانایيەی دەدیت کە بەرەنگارییەکی قورس و قایم بکات و بەو هێزە سەربازییەوە کە ئەمەریکا هەییوو چاوەڕوانی کردەوەو دەژکردەوەی بەهێزی لەو وڵاتە دەکرد.

ئاخر پاش کۆتایی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، دەوڵەتی عێراق خاوەنی 55 لەشکری بەهێز، یەك ملیۆن سەربازی ئامادەی شەڕو پەروەردە کراوەوە، 500 فڕۆکەی شەڕکەر 5500 تانك کە ئەم ڕێژە تانکە لە تانکەکانی ئەمەریکاو ئاڵمان سەرجەم پترە، بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە دۆخێکی ئابووری وێراندا دەژیا، واتە کە شەڕی 8 ساڵە کۆتایی پێهات پتر لە 100 ملیارد دۆلار قەرزی کەوتبوە سەر. بوونی وەها هێزێکی سەربازیی بەقوەت عێراقی بە توانا پیشان دەدا، بەڵام ئەم دۆخە ئابوورییە شپرزەیە عێراقی هێنایە سەر ئەو بڕوایەی کە دەبێ لە هێزە سەربازییەکەی بۆ قەرەبووی قەرزەکانی کەڵك وەرگرێ. بەڵام ئەم هەنگاوەی سەدام بە مەزنیخوازی درایە قەڵەم و زانیان کە عێراق بەو کردەوەیە دەیهەوێ ئوتۆریتەی خۆی بەسەر وڵاتانی عەرەبیدا بسەپێنێ و بە گشتی خەون و خەیاڵی ئیمپراتۆرییەکی گەورەتری لەسەردا بوو کە خەسارێکی گەورەیی بە ناوچەکەو جیهان دەگەیاند. چونکی سەدام دەیگوت من ئەوەندە هێزو توانام هەیە کە لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا ڕاوێستم، بەو هێزو توانایەوە کە خۆیان پێیان بەخشیوم. بەڵام هەر خێرا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خۆی بۆ عەمەلیاتێك ئامادە کرد کە ئامانجەکانی ئەمانە بوون:

1ـ پاشەکشە پێکردنی خێراو بێ مەرجی عێراق لە کویت

2ـ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی ڕەوا بۆ ئەم ئەمیر نشینە

3ـ گەرەنتی کردنی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت لە بواری گەیاندنی نەوتدا.

ئەو چوار خاڵەی سەرەوە، سەرۆك کۆماری ئەوکاتی وڵاتە یەکگرتووەکان بوشی باوك لە وتارێکی تلوزیۆنیدا ڕایگەیاند. ئەمەریکا خەریکی ئامادەکاری بۆ عەمەلیاتێکی سەربازیی بە مەبەستی ڕزگاری کویت بوو. لەم پێوەندییەدا "ژنراڵ هارنر" بە مەبەستی هەناردنی هێزی ئاسمانی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هاوئاهەنگی کردبوو. بڕیار بوو کە تا پاش کۆتایی حەوتووی داگیرکردنی کویت 200 فەروەند فڕۆکەی شەڕکەرو 100فەروەند فڕۆکەی پشتیوانی لە عەرەبستاندا جێگیر بن. هاوکات 50 بۆمب هاوێژی بی 52 لە جەزیرەی دیەگۆگارسیادا چاوەڕوانی هێمایەك بوون بۆ هێرش بۆسەر عێراق، هەروەها 14 بۆمب هاوێژی (اف ـ 111) لە بنکەکانی تورکیەدا ئامادەی شەڕ بوون. لە 29ی نوامبری 1990دا ئەنجومەنی ئاسایش بە پەسەندی بڕیارنامەیەك ڕێگای‌دا کە دژبە عێراق لە هێز کەڵك وەربگیرێ. هەروا ئەم بڕیانامەیە تا پانزدەهەمی ژانویەی 1991 مۆڵەتی بە عێراقدا تاکوو تەواوی هێزەکانی لە کویت بکێشێتەوە.

عێراق لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکەدا تووشی هەڵە ببوو. لەلایەك سەدام بایەخی چەکە کیمیاییەکانی خۆی وەکوو چەکی هێزی پێشگرانەی ستراتژیك لە ڕادەبەدەر دانابوو. ئەو چەکانەی کە لە شەڕی عێراق و ئێراندا (ئایت اللەخمینی) ناچار بە خواردنەوەی جامی ژار کردو بڕیارنامەی ئاگربەستی بە سەردا سەپاند. لەو کاتەدا هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆکی ئەنجوومەنی ئیسلامی ئەوکاتی ئێران لە وتارێکیدا کە لە رای گشتیدا پێشکەشی کرد کاتێ باس لە چەکە کیمیاییەکانی عێراق دەکرد دەستی بە گریان کرد. عێراقیش بەو بڕوایەی کە توانیویەتی ئیرادەی شۆڕشگێڕیی ئێرانیەکان تێك بشکێنێ چەکێکی هێزی پێشگرانەی ستراتژیکە هەیە، خوێندنەوەی بۆ داگیر کردنی کویتیش کرد. بە لەبەرچاوگرتنی توانایی ئەو چەکە کیمیاییانە، سەدام ڕۆژی پێش داگیر کردنی کویت ڕایگەیاند کە "عێراق کەنداوی دەکاتە گۆڕستانی ئەوانەی بیانەوێ دەستدرێژی بۆسەر خاکی عێراق بکەن." ئەم هەڕەشەیەو

دەیان هەڕەشەی دیکەی سەدام هەمووی لە سەر ئەو بنەمایە بوو کە پێکدادانی سەربازی نێوان عێراقو ئەمەریکا بە تەواوی وەلابنرێ. واتە سەدام بەو بڕوایە گەیشتبوو کە پێشگرتن لە شەڕ لەگەڵ ئەمەریکاو هاوپەیمانانیدا باشترە لە شەڕ کردن لەگەڵ ئەواندا. بەرپرسانی عێراقی بەردەوام بانگەوازی ترسو خۆفی چەکەکانی خۆیان دەکردو هەوڵیان دەدا هەم کویت بە تەواوی بلکێنن بە عێراقەوەو هەم پێش لە هێرشی هاوپەیمانان بۆسەر عێراق بگرن. سەدام تا ئەوکاتەی کە سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ یەکەمجار هەڵوێستی لێبڕاوانەی رانەگەیاندبوو، لە مەترسی جیددی شەڕ وەخەبەر نەهاتبوو.

## ئامادەکاری بۆشەڕ

لەگەڵ پەرەسەندنی ئەو قەیرانەی کەنداوی فارسدا، سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان بوش رایگەیاند، هێزەکانی ئەمەریکا لە کەنداوی فارسدا دووقات دەبنەوە. بوش بەم کارەی ویستی بڵێ هێزە هاوپەیمانەکان لەو ناوچەیەدا توانایی تەواویان بۆ هێرش بۆسەر عێراقی هەیە. لێرەدایە کە سەدام لە مەترسی جیددی شەڕ تێدەگات، بەڵام کەللەرەقانە بەرەو وێرانیو چارەڕەشی عێراق هەنگاو دەنێ. لە کۆتاییەکانی سێیتەمبری 1991ی ـ ز دابوو کە ئەنجومەنی فەرماندەریی شۆڕش رایگەیاند "بە هیچ جۆرێ لە کویت پاشەکشە ناکەین" و هەروەها داوای لە هاوڵاتیانی عێراقی کرد کە "خۆیان بۆ دایکی هەموو شەڕەکان ئامادە بکەن". رۆژی دواتر سەدام لە وتارێکی ویدیۆییدا بە خەڵکی ئەمەریکای راگەیاند کە "شەڕ لەگەڵ عێراقدا دووپاتکردنەوەی ئەزموونی ویتنامە، بەو جیاوازیەوە کە ئەمجار بە توندوتیژی پترو خەساراتی پترەوە." ئەو چەشنە هەڵوێستەی عێراق دونیاشو ناوچەکەشی تووشی بارگرژییەکی لەڕادەبەر کردبوو، بە چەشنێك کە هەڕەشەکانی بە چەکی کیمیاییو بیۆلۆژیك مەترسی چەشنێك لە تێرۆریزمی کۆکوژی زەق دەکردەوە. هەر بۆیە هەردەم هەست پێدەکرا کە عێراق لە شەڕێکی گەورەو ماڵوێرانکەر نزیك دەبێتەوە.

بەهەرحاڵ نە ئەمەریکا توانی عێراق رازی بکات کە بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە لە کویت بچێتە دەرەوەو نە عێراقیش توانی پێش بە هێرشی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان بگرێ. بەڵام بە هەر دوو بارەکەیدا خەسارەکان زیاتر دەبوونەوە، بەڵام بە تێکشکانو پاشەکشەی عێراق کۆتایی پێدەهات، بەڵام عێراق تا کۆتایی شەڕیش لە چەکی کیمیایی کەڵکی وەرنەگرت. بەشێك لە سیاسەتوانان هۆکاری کەڵك لێوەرنەگرتنی سەدام لەو چەکانە، بە بوونی چەکی هێزی پێشگرانەی ئەتۆمیی وڵاتە یەکگرتووەکان دەزانن. سەدام شەڕئەنگیزانە لە هەموو فێڵو تەڵەکەیەك بۆ گەیشتن بە ئامانج کەڵکی وەردەگرت. جارێك هەڕەشەی لێدانی ئیسرائیلو سووتاندنی نیوەی ئەو وڵاتەی دەهێنایە بەرباس، لەلایەکیترەوە وەکوو ئاخرین ئامراز هەڕەشەی لێدانی شارەکانی عەرەبستانی سعوودی بە چەکی کۆمەڵکوژ دەکرد. بەو چەشنە رێکارانەش دەیهەوێت بە جیهانیان پێشان بدات کە هەوڵدان بۆ پاشەکشە پێکردن یان لادانی حکوومەتی سەدام لەسەر کار نرخێکی قورسو گرانی هەیە. عێراق بۆ پێشاندانی توانای خۆی کاتژمێری هەشتو پێنج دەقیقەی رۆژی 16ی فێوریەی 1991ی ـ ز، دوو موشەکی ئێسکادی نارد بۆ دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئیسرائیل لە "دیمونا" کە ئەو موشەکانە ئامانجیان نەپێکا. ئەو چەشنە کردەوانەی عێراق، راکێشانی پای ئیسرائیل بۆ نێو ئەو شەڕە بوو سەدام دەیهەویست وا پێشان بدا کە شەڕەکە شەڕێکی بەربڵاو دەبێ.

گەرچی ئەمەریکاو هاوپەیمانانیشی زانیارییەکی تەواویان لە سەر ئامانجەکانی عێراقو هەروەها توانایی سەربازیی عێراق نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بۆ لێدانی عێراق لە بەرانبەر نەکشانەوەی لە کوەیتدا ئامادە دەکرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا ترسێکی زۆری لە لێدانی ئیسرائیلو هاپەیمانانی ناوچەیی

دیکەی بە موشەك لە لایەن عێراقەوەوە هەبوو. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتیوانییەکی زۆری لە ئیسرائیل دەکردوو تەنانەت بە وتەی بەرپرسانی ئەو وڵاتە ئەمەریکا بۆ پاراستنی ئیسرائیل ، گەر پێویست بێ تەنانەت لە چەکی ئەتۆمیش کەڵك وەردەگرێ. واتە ئەو کاتە ئەمەریکا پتر لە هەڕەشەکانی عێراق دژ بە ئیسرائیل دەترسا تاکوو لە هەڕەشەکردن لە هێزەکانی هاوپەیمانان، هەر بۆیە ئەمەریکا زۆر بە پارێزەوە دەجووڵایەوە.

ئیستراتیژیی هێزی پێشگرانەی چەکی کۆمەڵکوژی عێراق بەستراوە بوو بە چەند هۆکاری گرینگەوە: یەکەم لە ئیسرائیلو شوێنەکانی دیکەدا ئەم روانگە گشتییە بوونی هەبوو کە لانیکەم بە پێوەرە رۆژئاواییەکان ناتوانین چاوەڕوانی کردەوەی عاقڵانەمان لە سەدام هەبێ. ئەو چەشنە هەڵێنجانەش خۆی یەکی لە بەرهەمەکانی ئیستراتیژی پێشگرانەی سەدام بوو. لە سەر ئەم بنەمایەش کۆمەڵێك لە چاوەدێران لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە ریژیمی عێراق رێژەی خەسارەکانی بە لاوە گرنگ نیە. بەڵام "موشە ئارنز" وەزیری بەرگریی ئیسرائیل گوتی:

"لە هێندێ بوارەوە سەدام سەلماندی کە کەسێکە ئەمەریکاییەکان نەیانتوانی لە بەرامبەر ئەوەدا سیاسەتی هێزی پێشگرانە بەرێوە بەرن" هەروەها "ژنرال دان شومرون" جەختی لە سەر ئەو چوونە کردەوەو گوتی: "سەدام حسین ئامادەیە هەر نەرخێك بداتو هەر بۆیە تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بەوە هەیە، شتێك بە ناوی هێزی پێشگرانەی بووونی نییە، تەنانەت گەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش لە لایەکی کێشەکەوە بێ ـ بە پێ ئەو روانگەیە سەدام لە هەر چەشنە رێکارو فێڵو تەڵەکەیەکی ترسناكو تەنانەت دڕندانەش بۆ پێشگری لە هێرشی هاوپەیمانان کەڵکی وەردەگرت. لەم پەیوەندیەش دا دەتوانین ئاورێك لە سیاسەتی ( سروشتی دڕندانە ) لە لایەن سەدامەوە بدەینەوە کە تێیدا هەڕەشەی سووتاندنی نیوەی ئیسرائیل کرابوو، یان هەڕەشەی لە ناوبردنی شارەکانی عەرەبستانی سعوودییە کرابوو یان کاتێك ئەمانە کارساز نەبوون موشەکێکی وریاکەرەوەی بە کڵاوەی بتۆنییەوە بەرەو ئیسرائیل بەڕێ کرد. ئەوەش بەو واتەیە بوو پێشان بدات کە ئیسرائیل لە ژێر چەتری موشەکیی عێراقدایە. بە کەوتنە خواری ئەو موشەکە کە لە هێزی پێشگرانەی ئاورتێبەردانی 517 چا نەوتی کویت لە زەنجیرەی 950 چا نەوتەکەی ئەو وڵاتە بوو. ئەو چەشنە ئیستراتیژییە بە ئیستراتیژی پیاوێکی دەڕەندە ناوبانگی دەرکرد. چونکی تێیدا سەدام حسین گیانی مرۆڤی بە لاوە گرنگ نەبوو.

بە هەرحاڵ هێزی هاوپەیمانان دژکردەوەی خۆی پیشاندا. واتە لەم کاتەدا ئەمەریکا جگە لە کاروانی فرۆکە شەڕکەرە(اف 15)و (اف 16)کانی، نزیکەی 4 هەزار کەس لە هێزەکانی تیپی 82ی هێزی ئاسمانی عەمەلیاتی خۆیان دەست پێ کرد. لەم کاتەدا کاریگەری گوشارەکانی واشنگتن دەرکەوتبوو. چونکی سعوودییەکان هێڵە نەوتییەکانی عێراقیان کە دەگاتە لێوارەکانی دەریای سوور بەستبوو و تورکیەش پێشی بە گواستنەوەی نەوتی عێراق لە خاکی خۆیەوە بۆ لێوارەکانی دەریای مێدیترانە گرتبوو. نزیك بە 50 هەزار کەس هێزی سەربازی ئەمەریکایی لە عەربستانی سعوودیە جێگیر بوون. تەواوی وڵاتانی جیهان پێوەندییە کانیان لە گەڵ عێراق دا پچڕاند.

بە پێ زانیاری کارناسانی ئەمەریکایی، ئەرتەشی عێراق تا رادەیەك بە چەكو چۆڵی سۆڤییەتەوە تەیارەوە بۆ کار کردن بەم چەكو چۆڵەش بە پێ پەروەردەی سەربازیی ئەرتەشی سوور پەروەردەییان دەبوو. بە پێ ئەم فێر بوونە تانکەکانی تی 72و تی62 هێرشی خۆیان دەست پێ دەکرد کە پێشتریش بە تۆپەکانی کالیبر112و

152 میلیمتری پێگەکانی دوژمن بۆردمان دەکرا. پەدافەندی هەواییش لەڕێی پێگە موشەکییە گەڕۆکەکانی "سام"و رادارە دژە فڕۆکەکانییەوە دابین دەکرا. لە گەڵ هەموو ئەوانەدا هێزەکانی (zsu23) جوری هاوپە یمانان بەو ئاکامە گەیشتن کە گەر زەبرێکیان وێ بکەوێ بێگومان لە رێگای زەمینیەوەیە. چونکی هێزی ئاسمانی عێراق لە بواری چەندێتییەوە لە سەرێ بوو، بەلام لە بواری چۆنییەتییەوە لاواز بوو. هر بۆیە هێزەکانی هاوپە یمان هێرشییان هەلبژاردبووو کارناسانی شەڕی ولاتە یەکگرتووەکان حەسێبیان کردبوو کە لە هێرشی زەوییندا پتر لە 30 هەزار کەس کوژراویان دەدا کە لانی کەم 10 هەزار کەسیان لە رۆژەکانی یەکەم دا دەکوژران و ئەمەش نرخێکی گەورەیە و ئەمەریکای تووشی قەیرانی نێوخۆیی دەکرد. عێراق هێزێکی ئێجگار زۆری ناردبوە کویت. واتە لانی کەم 430 هەزار کەس هێزی شەڕکەرو 3500 زرێپۆش و 7هەزار مەئمووری زانیاری (استخبارات) عێراقی لە کویت دا جێگیر کردبوو. خەڵکێکی زۆریان ئێعدام کرد، زۆر شوێنی لێپرسینەوەی ئەمنییەتییان دانابوو، راگەیاندنی هەرکام لە بزوتنەوەکانی بەرخۆدانی کویتیان لای کەس بگرتبا دەستبەجێ ئێعدامیان دەکرد.

عێراقییەکان کویتیان بە پارێزگاری هەژدەهەمی خۆیان دانابوو و نێوەکەشیان گۆڕیبوو بە"کازمیە" واتە نێوە کۆنەکەی خوێ. پاش پێکدادانێکی کورت ماوە عێراق لە تەواوی خواستەکانی پاشەکشەی کرد. هەموو هەڕەشەو گوڕەشەو پیلان و پلانەکانی رێبەرانی بەعسی عێراق بوونە بلقی سەرئاو و ئەم شەڕەو ئەو چەشنە تێکشانەی یەك لە هێزە توانا ناوچەییەکانی ئەوکات دەیتوانێ وێنەیەکی ئەزمونی بێ بۆ ولاتانێکی دیکەی لەو چەشنە، واتە ئێران، سوریە، کووریای باکوورو لیبی کە بیرۆکەی یاخیگەری و قەیران خوڵقاندنیان لەسەردا بوو.

## شەڕی یەکەمی کەنداو بوارێك بۆ رەوتی دووهەمی رووداوەکان

لە شەڕی یەکەمی کەنداوی فارسدا چەندین فاکتوری دیکە خۆیان نواند، لەوانە خۆ پڕچەك کردنی عەربستانی سعوودی، هاتنە مەیدانی چەکی ئەتۆمی ئیسرائیل وەکوو چەکێکی پێشگرانە لە بەرامبەر هەر چەشنە هەڕەشەیەك دژ بەم ولاتەدا. دانی دەستی هاوپە یمانی بەشێك لە ولاتانی کەنداوی لەگەڵ ئەمەریکادا و تێکشکانی هە یمەنی سەربازیی عێراق و سەدام وەکۆ سێمبۆلی ناسیۆنالیزمی عەرەب. پاش روخانی دیواری بێرلین و کۆتای هاتنی شەڕی سارد و هاتنە ئارای جەمسەرێك وەکوو ئیمپراتوری لە جیهاندا، بەشێك لە ولاتان هاندران کە خۆیان لە بواری سەربازییەوە بەهێزبکەن. بەشێك لە ولاتان لە بواری ئابووریەوە خۆیان بووژاندەوە. بەلام ناڕەوابوونی دەسەلاتەکان و نادێموکراتیك بوونیان بەرەو رووی کۆمەڵێك هەڕەشەی نێوخۆیی و دەرکی دەکردنەوە. هەر بۆیە بۆ جێگیر کردنی سیستەم و دەسەلاتەکانیان پێویستیان بە هێزو توانایی سەرکوت هەبوو.

وەك دەزانین پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ساردو لێك هەڵوەشانی بەرەی سوسیالیزم، کەشی ئازادیخوازی، دێموکراسیخوازی و ئاشتیخوازی گەرچی لە رووالەتیشدا بووبێ بالی بە سەر ناوچەو جیهاندا کێشا. بە پێکهاتنی ئەم فەزایانەش حکومەتە دیکتاتۆرو توتالیتێرەکان هەردەم پتر لە جاران هەستیان بە هەڕەشەو مەترسی بۆ سەر دەسەلاتەکەیان دەکرد. لە هەر حالدا دەکرا ناڕەزایەتی و شۆڕشە نێوخۆییەکان ئەویش نە لە ئاستێکی بەریندا سەرکوت بکەن. بەلام فەزای بەربلاوی ئازادیخوازیی و رەوتی ئاشتی و دێموکراتیزاسیۆن ئەویش لە سەردەمێك دا

كه رەوتی روو له گەشەی ئینفۆرماتیك بالّی به سەر ئەو فەزایانە كێشا، سەركوت كردنی یان مەحالٌ یان نزیك له مەحالٌ بوو. هەر بۆیه بەشێك لەو ولاّتانه به تایبەتی ولاّتانی جیهانی سێهەم كه زۆربەیان له رێگای دێموكراتیكەوه حوكمیان به سەردا دەكرا، حكومەتەكانیان هەوڵی خۆپڕچەك كردنی هەرچی زیاتریان دەدا كه خۆ پڕچەك كردنی بەشێكیان له ئاستێكی مەترسیدارانەدا بوو، بەلام بەشێك له ولاّتانه ئیسرائیلیان به سیمبۆل بۆ خۆیان دادەناو له هەمان كاتیش دا بووونی دەوڵەتێكی ئەتۆمیی وەكوو ئیسرائیلیان دەكردە بیانوو بۆ خۆ پڕچەك كردن و خۆتەیاركردن به چەكی كۆمەڵكوژ.

واته به وتەیەكی دیكه دەتوانین بێژین هەڕشەی كارەسات بەشێك لەو ولاّتانەی هان دەدا كه بۆ جێگیری و سەقامگیریی سیاسییان وەخۆ بكەون. بەشێك له ولاّتانی رۆژهەلاّتی نێوەڕاست و ناوچەكانی دیكه به هێندێ ئاكام گەیشتن. ئەو ئاكامانەش هەمان ئاكامگەلن كه به هێزی پێشگرانەی ستراتژیك ناودێر دەكرێن. هێزی پێشگرانەییەك كه هەڕشەی كوێركوێرانه له هەموو مرۆڤایەتی دەكات. واته هەمان شت كه به "تێخی ژەنگاویی دەستی مەست" بەناوبانگه. شەڕی یەكەمی كەنداو له راستیدا هێزو توانایی نواندنی ولاّته یەكگرتووەكانی ئەمەریكاو هاوپەیمانانی ناوچەیی و بان ناوچەیی بوو. بەم هێزنواندنه زۆربەی ولاّتانی رۆژهەلاّتی نێوەڕاست بەو ئاكامه گەیشتن كه له شەڕێكی ئاساییدا ئەگەری سەركەوتنیان زۆر كەمه، كەوابوو چەكی كۆمەڵكوژ تەنیا ئامرازێك بوو كه توانایی ئیستراتیژیكی پێ دەبەخشین و له بەرامبەر هێرشی ولاّته یەكگرتووەكانی ئەمەریكاو هاوپەیمانانیدا دەیپاراستن. بۆیه له هەوڵدا بوون تاكوو به هەر نرخێك بووبێ بەو توانایییه ئیستراتیژیكه بگەن.

بەم جۆره دووهەمین بیڤاژوی رۆژهەلاّتی نێوەڕاست دەستی پێكرد. واته هەوڵدانه بەردەوام و لێبڕاوانەكانی سوریه و ئێران بۆ دەستڕاگەیشتن به مووشەكگەلی دووره مەوداو تەیار به كلاّوەی ئەتۆمی و كۆمەڵكوژی دیكەی كیمیایی و میكروبیۆلۆژیك له چالاكییەكانی ئەو پیڤاژۆیه. له راستیدا ئیرادەی لێبڕاوانەی ئەم دوو ولاّته بۆ ئامادەكاریی و ژێر سازی به مەبەستی دەستڕاگەیشتن به توانایی سەربازی وزەی ئەتۆمی نه تەنیا پیشان دەدا بەڵكوو دەیسەلمێنێ كه بەعسی سوریه و كۆماری ئیسلامی ئێران به دوای شەڕی كەنداوی فارس دا، بۆ گەیشتن به توانایی سەربازیی كۆمەڵكوژ له هەر چەشنه تواناو ئیمكاناتێك كەڵك وەردەگرن و له ریزی پێشەوەی هەوڵ و چالاكییەكانیاندایه. بێ گۆمان ئەگەرچی له ئاستی هەڕشەو مەترسی و تێخ كێشاندا له نێو ولاّتانی ناوچەكەدا بارگرژییەك بەردەوام له ئارادا بوه كه چی له ئاستی نێودەوڵەتیدا هیچ چەشنه شەڕو پێكدادانێك نەهاته گۆڕێ، مەبەست دەوڵەتانی ناوچەكەیه. بێ گومان ئەمەش چەشنێك له ئاشتییه. بەلاّم له گەڵ ئەوەشدا كێشەی نادێموكرات بوونی سیستەم و سیستەمه دەسەلاّتدارەكانی ناوچه بەردەوام پوتانسیلێكی چالاكه بۆ قەیران خوڵقاندن. واته بەشداری نەدانی خەڵكی ولاّت له بەڕێوەبردنی ولاّت دا، پێشێل كردنی مافی هاولاّتیان به تێكڕایی، گوێ نەدان به نەتەوەكانی دیكەو سەركوتی كردنی هەر چەشنه جووڵانەوەو ناڕەزایەتییەكیان و به گشتی كپ كردنی هەر چەشنه جیاوازییەك بەناوی سەركوتی دوژمنانی دەرەكی، بڕینی دەستی بێگانه له ولاّتداو دابین كردنی ئاسایشی نەتەوەییەوه چەشنێك پوتانسیلی قەیرانی دروست كردبوو كه دەیتوانی كڵپەكانی ئاورەكەی هەڕەشه له بەرژەوەندی و ئاسایشی ناوچەكەو تەنانەت جیهانیش بكات. بۆ وێنه بۆ ئەرتەشی بەعسی سوریه كه به دەستی خرا پی بواری ئابوریەوه له سالاّنی 91-1987 دەینالاّند، ئەگەرچی ئەم سالاّنه سەختترین

قۆناغ بوو ئەم وڵاتە بوو بەڵام قەت لە خۆ پرچەك كردن خافڵ نەبوو. بە لە بەرچاوگرتنی خرا پی بواری دارایی ئەم وڵاتە شەڕی كەنداوی فارس جۆرێك لە رزگاری بەخشین بەم وڵاتەو بەتایبەتی بە ئەرتەشەكەی بوو.

هێشتا ئاخرین گلپەكانی ئاوری تۆپخانەكانی هاوپە یمانان نەكوژرابوەوە كە سوریە بەكەڵك وەرگرتن لەم هەلە زێڕینە (خەریك بوونی هاوپە یمانان‌و نە پرژانەوەیان بۆ چاوەدێری وڵاتێك وەكوو سوریە) سوریە مەعاملەیەكی گەورەی چەك‌و چۆڵی لە گەڵ كووریای باكووردا واژۆ كردو 500 میلیۆن دۆلار لەو 2میلیارد دۆلارەی كە ئەم ولاتە لە عەربستانی سعوودی بە مەبەستی هاوپە یمانی دژبە سەدام وەری گرتبوو سەرفی كرد. ئەم گرێبەستە 60 فەروەند موشەكی ئێسكادی سی‌و12 دەزگا نێردەری (متحرك)ی لە خۆ دەگرت، بۆ یەكەمجار كووریای باكوور سازكردنی دوو كۆمپانیی بەرهەم هێنانی موشەكەكانی ئێسكادی لە خاكی سوریەدا وەئەستۆ گرت، بۆ ئەم مەبەستەش دامەزراوەگەلێكی ژێرزەمینی لەم وڵاتەدا سازكران كە ئەو چەشنە موشەكانەیان مونتاژ دەكرد.

بە وتەی هێندێك لە سەرچاوەكان سوریە بەرهەم هێنانی ئەم موەشكانەی لە ئاوریلی ساڵی 1993دا دەست پێ كردوە. كۆمپانیایەكی ژێرزەوینی دیكەش كە تایبەت بە پەرە پێدان‌و بەرهەمهێنانی موتورگەلی راكت بۆ ئەو چەشنە موشەكانە بو نزیكی "هاما"دا دامەزرا. بەم چەشنە (سوریە پێشەكی گەلی پێویست بۆ بەرهەم هێنانی موشەك گەلی بالستیكی كورت مەودای بۆ داهاتوو دابین كرد.) جێ ئاماژە پێدانە موشەكی ئێسكادی سی كە ئەم وڵاتە هەنوكەش هەیەتی، تا مەودای 500 كیلومیتری دەبڕێ‌و ئەو ئیمكانە بەم وڵاتە دەدا كە سەرەتا نێو خاكی ئیسرائیل‌و بەشی هەرە زۆری خاكی توركیە بكاتە ئامانج. ئەم موشكە دەتوانێ كڵاوەیەكی شەڕی ناسراو (متعارف) یان بیولیژیكی كیمیایی‌و بەگشتی 700تا 800 كیلو هەڵدەگرێ. یانێ پتر لە دوو هێندەی كێشی كڵاوەی موشەكیی عێراقی سدام واتە "الحسین" دەتوانێ هەڵبگرێ.

را پورتە پەسەند نەكراوەكان باس لەوە دەكەن كە كڵاوە شەڕییەكەی ئەو موشەكە بە چەشنێك داڕێژراوە كە دەتوانی بۆمبگەلی هێشوویی هەڵگرێ یان ئیمكانی ئێسپری كردنیان بڕەخسێنێ. هەر لەم پێوەندییەدا دەتوانین بێژین تەنانەت پێش لە شەڕی كەنداوی فارس، سوریە هەوڵیدا لە رێگای كووریای باكوور یان چینەوە موشەكی زەوی بە زەوی وەدەست بێنێ، بەڵام پاش شەڕ وەدەست هێنانی چەكە دوورە مەوداكان لە ریزی هەرە پێشەوەی ئاما نجە نەتەوەییەكانی ئەم وڵاتەدا خۆی دەرخست. سوریە بە درێژەدانی ئەو پرۆگرامەی، رادەییەكی زۆری وزەو توانایی‌و دارایی خۆی بۆ شتێك بە كار دێنێ كە بە چەتری ئیستراتیژیكی بەناوبانگە. سورییەكان لە لایەكی دیكەوە نەیاندەویست پاڵپشتی سەربازیی سۆڤێیەت یان روسیە لە دەست بدەن. هەر بۆیە بە بەرهەم هێنانی ئەم چەكە رازی نەبوون، ئەوەش راست لە بەر ئەزمونی تاڵی بڕانی یارمەتییەكانی سۆڤێیەت بوو كە ساڵی 1992 كاتی واژۆ كردنی گرێبەستی ئێسكادی سی لە گەڵ كووریای باكووردا روویدا.

بەم چەشنە سووریەكان بە تیرێك دوو ئاما نجیان پێكابوو یەكەم دڵی سۆڤێیەتییەكانیان راگرت، دووهەم زانستی سازكردنی ئەو چەكانەیان وەدەست هێنا كە لە پلەی دوواییدا ئێدی خۆیان ئەو چەكانەیان ساز دەكرد.

ئێرانییەكانیش لە ساڵی 1994دا، بە كەڵك وەرگرتن لە پارچە دروستكراوەكانی كووریای باكوور دەستیان بە مونتاژی موشەكەكانی ئێسكادی سی كردو ساڵی دوایی دستیان بە بەرهەم هێنانی پارچەگەلێكی زۆر لە موشەكی ئیسكاد كرد. را پۆرتەكان باس لەوە دەكەن كە ئێران دەیهەوێ بردی ئێسكادی سی بباتەسەرێ، بە بێ ئەوەیكە لە قەبارەی كڵاوەكەی كەم كاتەوە. لە رووالەتدا ئەم چالاكیانە لە كارخانەیەكی دروستكراوی چین دا

له نزیك شاری سمنان، جیگایەك كە شوێنی دروستكردنی رۆكێتی توپخانەی (عقاب) لە ساڵی 1987دا دەستی پێكردو بە دوای ئەوەدا مونتاژی موشەكی بالستیكی كورت مەودای 120بە ئاكام گەیشت و هەروەها لە كارخانەگەلێكی گەورەتردا كە كوورياى باكوور لە ئیسفەهان و سیرجاندا دایمەزراندوون بەرهەم دێ. لەم كارخانەیەدا دەتوانن سووتەمەنی ئەتۆمیی و بەشێك لە پارچە پێكهاتەییەكان بەرهەم بێنن.

جێگای ئاماژە پێدانە كە لە ساڵی 1992دا، ئێران 150 فەروەند موشەكی ئیسكادی سی لە كووریای باكور كڕی. ئێران هەروەها بە كووریای باشووری گوتبوو كە موشەكی ناوبراو1300 كیلومتر مەودا دەپێوێ و دەتوانێ سەرانسەری خاكی ئیسرائیل (جگە لە وڵاتەكانی خوار خوارەوەی ئەم وڵاتە) بكاتە ئامانج. راپۆرتەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە ساڵی 1993، كووریای باكوور نەخشەكانی موشەكی (نودونگ ـ 1)ی لە گەڵ یەك فەروەند لەو موشەكەدا بە ئێران دا. هەروەها لە 22ی جوولای 1998دا ئێران بە سەركەوتوویی یەوە یەكەمین فەروەندی موشەكی شەهابی 3 تاقیكردەوە كە لە سەكۆی پرتاوێك لە 150كیلومتری باشووری تارانەوە پرتاو كرابوو و نزیك بە 800كیلومتری پێوا. هەر لەو كاتەدا وەزیری بەرگریی كۆماری ئیسلامیی راێگەیاند كە ئەم موشەكە 1300كیلومتر دەڕوا و بە بێ هیچ چەشنە یارمەتییەك و تەواوی بە دەستی ئێران دروست كراوە. بەڵام هاوكات زۆربەی سەرچاوەكان رایان وابوو كە ئەم موشەكە نودونگی یەك بوە، یان بە زانیاریگەلێ كە لە نودونگ ـ 1 بە دەستیان هێناوە و بە یارمەتی پسپۆڕانی رووسی بەرهەم هاتووە.

سەرتیپ محمد باقری قالیباف، فەرماندەی هێزی ئاسمانی سپای پاسدارانی كۆماری ئیسلامی ئێران ئێژێ ئەم موشەكە دەتوانی كلاوەیەكی یەك تۆنی هەڵگری و هەروەها بە سیستمێكی كونتڕۆڵ و پرتاوەوە تەیارە كە بە سەرەنجدان لە كێش و قەبارەی ئەو موشەكە وەك چەكێكی وردو رێك و متمانە پێكراو سەیر دەكری. بەلام زۆر سەرچاوەی دیكە ئاماژە بەوە دەكەن كە دیقەتی كەمی شەهابی 3 بەم واتایەیەكە كە موشەكی نابراو بۆ هەڵگرتنی كلاوەی ئەتۆمیی ـ بیۆلۆژیك و كیمیایی داڕێژراوە و بەرهەم هێنراوە.

بەر پرسانی سەربازیی ئێران تاكوو توانیان بە سەروگوێلاكی ئەم موشەكەدا هاتن و وایان نیشان دا كە هیچ وڵاتێك ناتوانێ لە بەرامبەریدا بەرگریی لە خۆی بكات و هەڕەشەیەكی جیددییە بۆ تەواوی هێزە ناوچەیی و بان ناوچەییەكان. درێژیی موشەكی نابراو 17 میترە و كێشی 17 تۆنە و دەتوانێ بە خێراییكی پتر لە6900 كیلومتر لە كاتژمێردا، لە بەرزایی لانی زۆر 250 كیلومتردا بڕوات. بە پێ ئەم زانیاریانە موشەكی ئاماژە پێكراو دەبێ لە بەرامبەر (سیستمی بەرگریی موشەكییەكاندا كەمترین خەساری هەبی).

لە رۆژنامەی"هارتص" ژمارەی 24ی جوولای 1998دا لە زمانی بەرپرسانی زانیاریی ئیسرائیلییەوە وترابوو كە ئەوان چاوەڕوان دەكەن ئەو موشەكەی ئێران لە مەودای یەك ساڵدا یان كەمتر لە یەك سال بەتەواوی دەبێتە موشەكێكی عەمەلیاتی. وتەبێژی پێنتاگۆن "كۆنت باكون" وتی :

" بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی كە ئێران شەڕێكی دوورو درێژی لە گەل عێراقدا كردوە، بێ گومان ئەو وڵاتە هەروا یەكی لە كێشە سەرەكیەكانی ئێرانە. (واتە عێراقی ژێر دەسەڵاتی بەعس) بەڵام لە گەل ئەوەشدا ئێرانییەكان بۆ رووبە رووبوونەوەی عێراق تەنانەت پێویستیان بە موشەكی بالیستیك یان كەمتریش نیە. ئەوان موشەك گەلێكی كورت مەودایان هەیە و گەر دڵەڕاوكێ عێراقیان هەبێ دەتوانن كەڵكی لێ وەربگرن. بەڵام روونە كە ئەوان مەبەستیان عێراق نیە و لەبەر مەیل و داخوازگەلێكی دوورو درێژتر و خەون و خەیاڵگەلێكی دوورە مەوداتر لە هەوڵی دەستڕاگەیشتن بە موشەكی بالستیك دان، و هەر ئەم بابەتەیە كە دڵەڕاوكێ بۆ ئێمە دروست دەكات. بەلام بە

رای من ئەم بابەتە دەتوانێ بۆ روسیەو عەرەبستانی سعودیش جێگای دڵەڕاوکێ بێ، هەروەها بۆ تورکیەش کە لەبن گوێیدایەو یەك لە هاوپەیمانانی ناوچەیی ئەمەریکاو رۆژئاوایەو هەروەها بۆ ئیسرائیل کە بە دوژمنی ئیستراتیژیکی خۆیانی دەزانن دەتوانێ مەترسیدار بێ. " خاڵێکی گرینگ لێرەدایە کە هەرچەند دەزگا زانیارییە رۆژئاواییەکان لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە پرۆژەی (نودونگ ـ 1) بە هۆی گرفتگەلێکی فەننی یان دارایی یان هەردوویانەوە کە هەیەتی ناتوانێ سەرکەوتوو بێ، بەڵام پێچەوانەی ئەم موشەکە بە سەرکەوتووییەوە تاقیکرایەوە. ئەوەش یان نائاگایی دەزگا زانیارییە رۆژئاواییەکان دەگەیەنی یان یەکێك لەو دەزگایانە لە بازاڕی رەشدا لەو پرۆژەیەدا بە چەشنێك بەشدارن.

رۆژنامەی "جروسالم پست" لە 31ی جوولای 1998دا، لە زمانی سەرچاوە سیەربازییەکانی ئیسرائیلەوە نووسی:

" (ئێرانییەکان) هێندە بە موشەکی شەهابی 3و تەواوکردنی دڵخۆشن کە قۆناخەکانی بە ئاکام گەیاندنی ئەو موشەکە کورت دەکەنەوە." واتە لەمەوبەولا خێراتر موشەکانیان بەرهەم دێنن. بە گشتی بە هەوڵدانی ئەم وڵاتانە بۆ دەست راگەیشتنیان بە چەکی کۆمەڵکوژ، لە لایەك پارەیەکی زۆرو خۆڕایی کردە گێرفانی وڵاتانێك وەکوو روسیە،کوورپای باکوورو چینو بەشێك لە ولاتانی رۆژئاواییو بازاڕی رەشی چەكوچۆڵەوەو لە لایەکی دیکەوە"باشگایەکی چەکە کۆمەڵکوژەکانی" ((Club Mad (mass destruction)) لە ناوچەیەکی هەستیارو قەیراناویدا پێکهێنابوو. پێکهاتنی وەها باشگایەك لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە تەواوی دەستپێکی کێبڕکێیەکی گەورەو ترسناکی چەکسازییە لە لایەن کۆمەڵێك دەوڵەتی مەترسیدارو هەڕەشەخۆڵقێنەوە، ئەوەش گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر ناوچەیەك کە بە شادەماری پیشەسازی جیهانو تەنانەت بە دڵی پیشەسازی جیهانیی دەناسرێ.

داهاتە نەوتییەکانی ئێران، لیبیو سوریە ئەو ئیمکانەی بە کۆماری کوورپای داوە کە گەشە بە پیشەسازی موشەکی خۆی بداتو هەروەها ئەو توانایییە بە هەر چوار وڵات بدات کە ببنە مەترسییەکی ئیستراتیژیك بۆ نەیار، دوژمنو وڵاتانی ناوچەکە. بەرهەمی ئەم هاوکارییە چوار قۆڵییە توانی ئەو توانایییە بە کوورپای باکوور بدات کە بەرهەم هێنانی ئێسکادی خۆی لە 4تا8 ئیسکاد لە مانگ دا بباتە سەرێ کە بەشێکیان دەنێرێتەوە دەرەوەو بە وڵاتانی جیهانی سێهەمی دەفرۆشیو بە شێکیان دەداتە دەستی هێزەکانی خۆی.

خزمەتێ کە کۆماری ئیسلامی لە بواری مادەییەوە بەکوورپای باکووری کرد لە لایەن بەرپرسانی ئەو وڵاتەوە لە بیر نەدەکرا. هەر بۆیە کوورپای باکوور بۆ پاداش دانەوەی ئەو وڵاتە، موشەکی ئیسکادی سی پێدان کە راستەوخۆ تەواوی عێراقی دەخستە بەر هەڕەشەوە. ئەوەش لە کاتێك دایە کە هەم ئێران و هەم سوریەش دەتوانێ تەواوی خاکەی ئیسرائیل بخاتە ژێر چەتری هەڕشەی خۆیەوە. ئەوەش لە کاتێك دایە کە هەم ئێرانو هەم سوریە زۆر لە هەوڵدان کە هەرچی زیاتر هەڕەشەی ئیستراتیژیك دژبە ئیسرائیل بە هێز بکەنو لە بواری ماڵییەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر یارمەتی دەوڵەتی بەعسی سوریەی داوە.

جێگای خۆیەتی ئاماژەی پێ بکەین کە "سید عەتاالله مهاجرانی" جێگری سەرۆك کۆماری ئەو کاتی ئێران لە وتارێکیدا وادەنوێنی کە پاش شەڕی کەنداوی فارس ئێرانیەکان زۆر هۆگرییان بە توانایی پێشگرانەی سەدام پەیدا کرد. کاتێ سەدام موشەکەکانی ئێسکادی بە کڵاوەی بتۆنییەوە بەرەو ئیسرائیل نارد نیشانیدا کە دەتوانێ هەمان

موشەك بە كلاوەیەكی بیۆلۆژیكی یان كیمیاییەوە بۆ هەمان ئامانج بنێری. هەر بۆیە خەڵكی شاری تل اویو شەوانە لە شار دەچوونە دەرو نەیاندەوێرا لەو شارەدا بمێننەوە. ئەم چەشنە ئیستراتیژییە بۆ سەدام و دەسەلاتدارای وەكوو سدام چێژبەخش بوو. بۆیە ئێران و سوریەش روویان لەم چەشنە هەڕەشەو خۆ بە هێز كردنە ئیستراتیژیكییە كردو بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش شیریان لە دەم منداڵەكانیان دەگرتەوە. ئەم دوو وڵاتە بەوئاكامە گەیشتبوون كە دەبێ بە هەر نرخێك بێ چەكی كۆمەڵكوژ وەدەست بێنن تاكوو لە تیغی ئەمەریكاو هاوپەیمانەكانی لە لایەك رزگاریان بێ و ئیسرائیل لە هەر چەشنە هێرشێكی وێچوونی راگرن و حكوومەت و دەسەلاتەكەیان هەتا هەتایی بكەنەوە.

گەر سەرنج بدەین ئەم هاوپەیمانییە ئیستراتیكییە كە لە نێوان ئەم دوو وڵاتە، واتە ئێران و سوریەدا هاتوەتە ئاراوە ئەم دوو وڵاتەی بەتەواوی پێكەوە گرێ داوەو تەنانەت خۆشیان پێیان وایە كە چارەنووسیان پێكەوە گرێ دراوە. ئێران و سوریە وەك هاوپەیمانانی ناوچەیی و نزیك كە دەبێ بۆ پاڵپشتی لە ئیستراتیژییەكانی یەكتری خاوەنی توانایی ئیستراتیژیكی پێشگرانە بن و كووریای باكووریش وەكوو هاوپەیمانێكی دوورو لە بواری سەربازییەوە بەهێزتر لەمان دەتوانێ چاوەدێرو دابین كەری توانا ئیستراتیژیكییەكەیان بێ. ئەم هاوپەیمانییە چەند لایەنەیە، ئێران یارمەتی ماڵی سوریە دەدا، كووریای باكوور لە هەردوو ئەم وڵاتانە پارەی زۆروزەوەند وەردەگرێ و سوریەش ئەركە لەسەر شانی كە بەردەوام ئامادەی وڵامدانەوە بە هەر چەشنە هەڕەشەیەك بێ كە لایەن ئیسرائیلەوە لە ئێران بكرێ و چەك و پارەو یارمەتییەكانی ئێران بە حیزبوڵلاوو حەماس بگەیەنێ. پێچەوانەكەشی راستە، ئەگەر سوریە لە شەڕێكدا لە ئیسرائیل شكەست بخوا بێگومان پێگەی ئیستراتیژیكی ئێران زۆر لاواز دەبێ، لە گەڵ ئەوەشدا وێدەچێ ئێران دەست بە كردەوەیەكەوە دژ بە ئیسرائیل بدات. لە لایەكی دیكەشەوە هەمان هاوپەیمانی یارمەتی كووریای باكووری دەدا تاكوو بە تەواوی لە بۆاری موشەكییەوە خۆی تەیار بكات و هەڕەشە لە خاڵ بە خاڵی خاكی كووریای باشوور بدات، لەگەڵ ئەوەشدا بە بێ ئەم یارمەتییانەو بە بێ جانتا دولارە بێ زمانەكانی ئێران وێنەدەچوو كووریای باكوور بیتوانیبایە موشەكی نودونگی ـ 1 (موشەكێك كە بە بوونی لە دەستی ئێراندا ، ئیسرائیل دەكەوێتە بەر هەڕەشەوە) بە ئەنجام بگەیەنێ. هەروەها بەو یارمەتییانە بوو كە ئەو وڵاتە توانی دوو موشەكی دیكەی " تاپۆدونگی ـ I و II بە سەركەوتوویەوە بە ئاكام بگەیەنێ. كارناسان لەو بڕوایەدان كە ئەو دوو موشەكە نوێیە 2000 تا 6000 كیلومتر مەودا دەبڕن.

هەموان دەزانن سەرهەنگ معمەر قەزافی خۆی پلەدارێكی سەربازی بوە كە باشتر دەتوانێ لە سەر پرۆژە سەربازییەكان لێكدانەوە بكات. وڵات و دەوڵەتەكەی ئەویش لە قۆناغێكدا هاوپەیمانێكی ناوچەیی ئێران و سوریە بووو لە كووریای باكووریش چەكی دەكڕی. پێویستە بزانین گەر موشەكی نودونگ ـ 1 لە لیبی كەڵكی لێوەر بگیرێ، ئەم دەوڵەتە دەتوانێ كە نەتەنیا ئیسرائیل بەڵكوو ئاتێن، رۆم و باكووری رۆژئاوای توركیەش بخاتە مەترسییەوە. جێگای وەبیرهێنانەوەیە كە ساڵی1986 دەوڵەتی لیبی بە تۆڵەی هێرشە ئاسمانییەكەی وڵاتە یەكگرتووەكان دژ بە ئامانجە موشەكییە تیرۆریستییەكان لەم وڵاتەدا، موشەكی ئیسكادەكانای خۆی بۆ دوورگەی ئیتالیایی لامپدوزا نارد، وێدەچێ ئامانجەكانی هێرشی لیبی بنكەی ناتۆ لەم ناوچەیەدا بووبێ. لەم پەیوەندییەدا كاتێ لە مەڕ چالاكی موشەكیی لیبی پرسیار لە قەزافی كرا، لە وڵامدا وتی: ئێمە ئارەزوومان دەكرد كە موشەكگەلێك بە مەودای 1000 كیلومترمان لە دەست دا بوایە، چوون بوونی وەها موشەك گەلێك پێش بە دەستڕێژی دژبە لیبی دەگرێ. ئەمەریكاییەكان بیانزانیبا كە ئێمە وەها موشەك گەلێكمان هەیە، منداڵەكانی ئێمەیان لە خەودا نەدەكردە ئامانجی هێرشەكانیان. ئەم سات و سەودا چەك و چۆڵییەش پاش شەڕی كەنداوی فارس بەشێكی گرینگ لە

ئیستراتیژی کووریای باکوور لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بوو. بە پێ را پۆرتێکی رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە نوامبری ساڵی 1983دا، سوریە بۆ سەرکوتی شۆڕشی کەمینەی سوننەی ئەم وڵاتە لە شاری "هاما" بە رادەیەکی زۆر بەربلاو لە گازی سیانید کەڵکی وەرگرت . ئەم هێرشە کە لە فوریەی ساڵی 1982دا دەستی پێکرد، پتر لە 18000 کەسی کردە قوربانی. بەڵام گوڕان لە تێکنۆلوژی کیمیاوی سوریەدا بە دوای شەڕی لوبناندا هاتە ئاراوە. مانگی ژوئەنی ساڵی 1982 هێزی ئاسمانی ئیسرائیل توانی لە هێرشێکی هەواییدا رایلکەی موشەکی زەوی بە ئاسمانی سوریە لەناوبەرێ‌و بەبێ ئەوەی کەمترین خەسارێکی وێکەوێ 90 فڕۆکەی سوریە تێکبشکێنێ. هەر خێرا سوریەکان کەوتنە خۆ تاکوو بە پەرەپێدانی توانایی کۆمەڵکوژی خۆیان قەرەبووی لاوازییەکانێن لە بەرامبەر ئیسرائیل دا لابکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش هەم چەکی کۆمەڵکوژیان زیاد کردو هەم موشەکی دوورە مەودا، پاش شەڕی کەنداویش ئیمکاناتی ئیستراتیژیکی سوریە بە خێرایی پەرەی ئەستاند.

دەوڵەتی بەعسی سوریە لە مەڕ پەرەپێدانی توانایی کیمیایی‌و بیۆلۆژیکی خۆی زۆر بە پارێزەوەو بەتەواوی بە نهێنی چوەپێشەوە. پاش شەڕی یەکەمی کەنداو کە عێراق بەشێکی زۆر لە تواناییەکەی خۆی لە دەست دابوو، سوریە ببوە خاوەنی بەهێزترین‌و پێشکەوتووترین توانای چەکی کیمیایی‌و کۆمەڵکوژ. پەرە پێدان و بە هێز کردنی ئەو توونابیەش تا هەنوکەش بەردەوامە . بە پی زانیاری چالاکیەکانی سوریە لە سێ شوێندا بەرهەم دەهێنرێن: یەکەم شوێنێکە لە نزیك دیمەشق پێیتەختی ئەو وڵاتە، دووهەم شوێنێکە لە نزیکی شاری هاما (جێگایەك کە دەوترێ‌گازی عەساب VXی تێیدا بەرهەم دی)، و سێهەمی شوێنێکە لە نزیك سەفیرا کە گوندێکە لە دەورووبەری شاری حەڵەبدا. هەروەها کارناسانی سەربازیی سوریە هەوڵی زۆریاندا کە بۆمبە هێشوویەکانی یەکییەتی سۆڤییەت (500 ـ PTAB) بە مەوادی کیمیایی پڕکەنەوە.

هەروەها ئەوان بە بەرهەم هێنانی هەزاران بۆمبی کیمیایی ئاسمانی بۆ فڕۆکە سۆخوەکان (22/ 20)، میگ ـ 23، وسۆخوی ـ 23 بەخەستی لە هەوڵ دا بوون تاکوو کلاوەی شەڕی موشەکی بەرهەم بێنن کە بتوانن بە چەشنێکی کاریگەر گازی ئەعساب VX و گازی سارین لە گەڵ خۆ بگوازنەوە.

بە نووسراوەی رۆژنامەی هارتس لە 19ی مەی 1998دا وەزیری بەرگریی ئیسرائیل، ئیسحاق مردخای، بە بەشی کارو باری دەرەوەو کۆمیتەی ئەمنییەتی کۆنشت گوتی کە بەرپرسانی سەربازیی سوریە " پەرەپێدانی موشەکە زەوی بە زەوییە دوورە مەوداکانی خۆیان لە رێزی پێشەوە داناوە." ئەم موشەکانە لەوانەی ئیسکادی سی، بە گازی ئەعساب تەیارن‌و هاوسەنگی نێوان ئیسرائیل‌و سورییەیان تێکداوە. بەرپرسێکی پایەبەرزی "ئەمانی" بە کۆمیتەی لێکۆڵینەوە لە چەکە کۆمەڵکوژکانی گوت کە سورییەکان بە کەڵك وەرگرتن لە زانستی کووریای باکوورو مەوادی رووسی، خەریکی سازکردنی موشەکن. ئەوان ئەم کارەیان زۆر بە پارێزەوە بەڕێوە دەبرد. بە پێ زانیاری وەدەست هاتوو سوریە لە بەرهەم هێنانی چەکە ستراتژیکییەکاندا دژ بە ئیسرائیل بە پێچەوانەی عێراق کە لە ساز کردنی موشەکی "الحسین"دا هەوڵی دەدا بواری بەهێزی وکوشەندەیی چەکەکە بکاتە قوربانی بۆاری بردی ئەو چەکە، لە کلاوەی شەڕی ئیسکادی راستەقینەی سازکراوی یەکێیەتی سۆڤێیەت کەڵکیان وەردەگرت کە کێشەکەی 985 کیلو بوو. بەشێك لە کارناسان لە سەر ئەو بڕوایەن کە سوریە کلاوە کیمیاوییە دوو تێکەلاوەکەی خۆی بۆ موشەکەکانی‌و هەروەها بۆ رۆکێتی تۆپخانەکانی خۆی بەرهەم هێناوەو پەرەپێداوە.

پرۆگرامی چەکە کۆمەڵکوژە کیمیاوییەکانی ئێران لە ساڵی 1983یەوە لە دژکردەوە بەکەڵك وەرگرتنی عێراق لە گازی خەردڵ دژبە سەربازەکانی ئەم وڵاتە دەستی بە کار کرد.

لەساڵی 1987دا ئێران توانایی ئەوەی وەدەست هێنا کە هێندێ بەڵام کەم عاملی خنکێنەری ( گازی خەردڵ)و خوێنی (سیانید) بە کەڵك وەرگرتن لە گوللە تۆپەکانی دژ بە عێراقییەکان کەڵك وەرگرێ. بەڵام لە ساڵی 1984ەوە ئێران بە فەرمیو بە شێوەیەکی روو لە زیاد بوون دەستی بە سازکردنی چەکی کیمیایی کردوە. لە راستیدا پاش واژۆ کردنی کۆنواسیۆنی چەکە کیمیاییەکان لە ساڵی 1993دا، ئێران پەرەی بە ژێرسازی بۆ بەرهەم هێنانی چەکە کیمیاوییەکان دا. کارناسانی مەوادە ئەنبارکراوەکانو چەکە بەرهەم هاتوەکانی ئەم وڵاتە لە "چەند سەد تۆن" عامیلی (تاول زا) و خنکێنەر، تاکوو 200 تۆن لەم گازانە لە گۆڕاندایە. سەرەڕای ئەوە هێندێ را پۆرت ئاماژە بەوە دەکەن کە تاران بەرهەم هێنانی گازەکانی ئەعساب، لەوانە VXی دەست پێ کردوە، چوونکە لە خوارێ بوونی پلەی ناجێگیریی ئەم گازە کردوویەتی بە بەکەڵکترین چەکی کەشو هەوای گەرمی رۆژهەڵاتی نێوەراست.

ئێران هەروەها پەروەردەی بەرگرییو هێرشی چەکی کیمیایی ساڵی 1996و 1997 لە نێو هێزە زەوینییەکانی خۆیدا پەرە پێدا. لە تەمرینگەلێکدا کە لە هاوینی ساڵی 1995دا بەرێوە چوو، هێزە ئێرانییەکان لە هێلیکۆپترگەلێك کەڵکیان وەرگرت کە بە شێوازی ئیسپری کردنی مەوادە ئاوەکییەکان ، پا پۆڕەکانی خۆیان ئسپری دەکرد. ئەمەش نیشانی دەدا کە ئێران خەریکە خۆی بۆ کەڵك وەرگرتن لە چەکی کیمیایی یان بیولۆژیك یان هەردوو دژ بە پا پۆڕەکان لە کەنداوی ستراتژیکی فارسدا ئامادە دەکات.

پرۆگرامی سازکردنی چەکی بیولۆژیکی ئیستراتیژیکییەکان لە سەرەتاکانی دەهەی 1980وە دەستی پێکرد. بەڵام ئەم ولاتە بە چەشنێك لە نێو ئامرازو کەرستەو شتو مەکی پیشەسازی دەرمانیو ژینگەییدا دەیشاردنەوە کە ناکرێو نەدەکرا چالاکییەکانی، روون بکەنەوە. سۆپای پاسداران لە زۆرێك لە لایەنەکانی بەرهەم هێنان، لێکۆڵینەوە لە سەر چەکی بیۆلۆژیکی لە دامەزراوە توێژینەوەی پزیشکیو پەروەردەییو زانستییەکان کەڵکی وەردەگرت. بۆ وێنە هەر کەمێك پاش کۆتایی شەڕی یەکەمی کەنداو کۆماری ئیسلامی ئێران پرۆگرامەکانی خۆی بە جیددی وەگەڕخست، لەو سەرو بەندەدا بوو کە پێشنیاری کڕینی ئامرازو کەرەستەی بەرهەم هێنانی بەرهەمە ژینگەییەکانی بەکۆمەڵێك لە کۆمپانیا ئورووپاییەکان دا. یەك لەو کۆمپانیایانە کۆمپانیای " بیو ئێنجینێر نیگ واڵد(Bioengineering) لە نزیکی زونیخی سویس لە ساڵەکانی 1992دا بوو. پاشان ئەو کومپانیایە تەقێنرایەوە کە دەنگۆ بڵیند بوەوە گوایە موسادی ئیسرائیل لە دژی ئێراندا ئەو کارەی کردوە. هەر لە 14ی جوولای 1992دا " دامو دەزگای بیولۆژیکی" کە بەرەو ئێران وەڕێ خرابوو لە نێو کومپانیای " کشتیرانی" دیوگرو (ugroDe) لە مونیخ دا سووتێنران.

لە راستیدا بە پێ لێکۆڵینەوەیەك کە لە سەر چالاکییەکانی ئێران کراوە دەوڵەتی ئەو وڵاتە لە هەوڵدایە کە کومپانیایەکی پێشکەوتووی سازکردنی موادی ژینگەیی دامەزرێنێو بەشێوەی بەرفراوان چەکی بیۆلۆژیك بەرهەم بێنێ. لەم پێوەندییەدا را پۆرتو زانیاری زۆر دراوەو زۆر شتیش ناروون ماونەتەوە. بەڵام بە گشتی بەشێك لە را پۆرتە متمانەدارەکان ئەو راستییە دەسەلمێنن. " ساندی تایمز" لە یازدەی ئاگۆستی 1996دا بە زمانی سەرچاوەکانی زانیاری ئیسرائیلەوە" دەنووسێ کە پرۆگرامی ئێرانییەکان زۆر پێشکەوتووترە لەوەیکە خۆیان ئێژن. ئەوان درێژە پێدەدەن کە ئێران هەر ئێستا زۆرێك مەوادی خەزن کراوی "ئانتراکس" و "بوتولینوم" لە تەورێزو هەروەها باکووری رۆژئاوای تاراندا هەیەو دەتوانن بە خێرایی چەکی بیۆلۆژیك بەرهەم بێنن. واتە ئەو را پۆرتە ئەودەم لە سەر ئەو مەوادەو بەرهەم هێنانی ئەو چەکانە لە ئێراندا بوە، پاش ئەوە دیسان لە ئاستێکی زۆر

بەرینتردا پەرەی بە چالاکییەکانیداو تەنانەت لەو بوارەدا زۆرێك یارمەتی وڵاتە هاوپەیمانەکانیشی دا. ئێران لەو یارمەتییانەشی سێ مەبەستی هەبوو کە بریتین لە:

1 ـ ئەو یارمەتییە بەوانی دەدا لە ئاستێکی لاواز دابوو کە بەو یارمەتییە ئەوانیشی دەخستە ژێر چەتری خۆیەوە پاراستنی خۆیەوە

2 ـ گوشارەکان بۆ سەر خۆی کەم دەبوونەوەو بەشێکیان دەکەوتە سەر ئەو وڵاتانەی کە لەوەوە وەریانگرتوە

3ـ کاتی کەوتنە مەترسی، لە چەشنی هەڕەشەکانی ئیسرائیل دەیتوانی لە وڵاتێك وەکوو سوریە کە لە لایەن ئێرانییەکانەوە یارمەتی دەدرا وەکوو بەشێك لە توانایی پێشگرانەی ئێران لە بەرامبەر ئیسرائیل دا خۆ نیشان بداو بەرگریی لە ئیستراتیژی یەکتری بکەن.

خاڵێکی گرینگی جێ ئاماژە پێدان ئەوەیە کە دەستڕاگەیشتن بە توانایی چەکی کیمیایی‌و بیولوژیك دەتوانێ پێشەکییەکی گرینگ بێ بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی . چونکی ئەوە لە وڵاتانی دیکەددا وڵامی داوەتەوە، بۆ وێنە بۆ کووریای باکوور دەسپێکی چەکسازی‌و گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی بوو، عێراق خەریك بوو بەو توانایییە بگات. بۆ ئەم مەبەستە بەرپرسانی ئێران لە مێژ بوو لە گەڵ کووریای باکوور خەریکی دانوستان بوون. لە مانگی مەی 1989دا سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی ئێران "سید عەلی خامنەیی" کە رێبەری ئێستای کۆماری ئیسلامییە، سەردانی پیونگ یانگی کردو لەگەڵ سەرۆك کۆماری گەلی کووریا، کیم ئیل سونگ دا دیداریان کرد، پاش وتو وێژێکی زۆر پێداگریان لە سەر هاوستراتژی بوون‌و دوستایەتی‌و هاوپەیمانییەتی نێوانیان کردەوەو جەختیان لەسەر دژایەتی هاودەنگی ئامپریالیزمی ئەمەریکا کردەوە. هەر هەمان ساڵ‌و پاش ئەو دیدارە، وەفدێك لە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەرۆکایەتی فەرماندەی سپاه سەرتیب "مۆحسن رەزایی" سەردانی کووریای باکووریان کردو لە لایەن ژێنراڵ "ئوچین ـ یو"، وەزیری بەرگریی ئەوکاتی کۆماری گەلی کووریا پێشوازیان لێکرا. هەردوولا جەختیان لەسەر کردەوە کە لەمەو بەدوا دەبێ چالاکییە دژەئامپریالیستی‌و دژە ئەمەریکایییەکانی خۆمان چڕتر بکەینەوە. لەو دیدارەدا گرێبەستێك مۆر کرا کە پتر گرێبەستێکی سەربازیی بوو.

هەر ساڵێك پاش شەڕی کەنداو وەفدێکی سەربازیی کووریای باکوور بە سەرۆکایەتی ئوچین ـ یو گەیشتە تاران ، هەر لەو پەیوەندییەدا فەرماندەی سپای پاسداران رایگەیاند کە هاوکاری‌و هاوپێوەندی سەربازیی نێوان دوو وڵاتی کووریاو ئێران گرینگییەکی ژیانەکی پەیدا کردوە.

بۆ ئاماژە بە گرینگییەکە بوونی ئەمەریکاو رۆژئاوا لە ناوچەکەدا وەکوو مەترسییەکی جیددی بۆ سەر کووریای کۆمونیستی‌و ئێرانی ئیسلامی بە وێنە دێننەوەو هاوکات ئاماژە بە روخانی یەکییەتی سۆڤێیەت دەکەن‌و خۆیان دڵنیا دەکەنەوە کە ئێدی گەورەترین هەڕەشەیان بەرەوڕوو بوەتەوە کە تەنیا رێگای پێش پێگرتنی، گەیشتن بە توانایی ئەتۆمی سەربازیی ـ یان موشەکی باڵستیك‌و توانایی بیولۆژیکی کیمیاوییە. لێکهەڵوەشانی یەکییەتی سۆڤێیەت بۆ حکوومەتی کووریای باکوور کارەساتێکی قەرەبوو نەکراو بوو. هەر بۆیە پاش نەمانی بابی گەورە(سۆڤێیەت) پێویستیان بە پێکهێنانی یەکییەتی هاوپەیمانییەکی ناوچەیی هەبوو. یەکییەتی‌و هاوپەیمانییەك کە بتوانێ هاوکات گەر بیهەوی رۆژهەلاتی نێوەڕاست ئاڵۆز نیشان بدات‌و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاو رۆژئاوا بخاتە بەر هەڕەشەوە. بە لێك پاشدانی یەکییەتی سۆڤێیەت هەمان زەبر لە ئێرانیش کەوت بڵام بە چەشنێکی دیکە. ئەوان سەرەتا پێخۆشبوونیان دەربڕی‌و لەو بڕوایەدا بوون کە رێگای گەشە سەندن‌و پەرەسەندنی ئیسلام بە تایبەت لە سنوورەکانی باکوورەوە لە بار بوو. بەڵام کە وخەبەر هاتن بەو بڕوایە گەیشتن کە بە پاسیڤ

بوونی جەمسەری بەرامبەر وڵاتە یەکگرتووەکان گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر ستراتژی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کردوە.

ئێرانییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە بە شداری عێراق لە شەڕی یەکەمی کەنداودا لە بەرژەوەندی ئێراندا بوو و ئەو شەڕە بە تەواوی عێراقی ماندووو لاواز کردو ئێدی مەترسییەکی هاوسنوورو ئیستراتیژیکی بەو بەهێزییەی جاران لە سەر ئێران نەمایەوە، بەڵام هاوکات لەگەڵ کووریای باکووریشدا هاوڕابوو کە بە سەرکەوتنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بۆ زیاتر گوشار خستنە سەر دەوڵەتانی توندرەوی ناوچە لە بار دەبێ و درێژەی باوڕیان لە سەر ئەوە بوو کە ئەمەریکا لە لوتکەی دەسەڵات و هێزدایە و ئەم هەلە زێڕینە بۆ دامەزرانی ئاشتی ئەمەریکایی ـ رۆژئاوایی و دارشتنی پێکهاتەی سیاسی نوێ لە ناوچەکەدا لە دەست نادات.

هاوپەیمانی ئێران و سوریە هەروا کە باسمان کرد هاوپەیمانییەکی ئیستراتیژیکە کە بەستراوەتەوە بە مان و بوونی دوو حکومەتی دەسەڵاتدار لەو وڵاتانەدا. لەم پێوەندییەدا بەرپرسانی ئێرانی ـ سوری ـ کووریایی زۆر جار جەختیان لە سەر ئەوە کردوەتەوە کە پێوەندی دۆستانەی نێوان ئەو دوو وڵاتانە پێوەندییەکی گرینگەو دەتوانێ بەسەر هەر چەشنە پێوەندی و گوشارێکی دەرەکییدا زاڵ بێ. شەڕی یەکەمی کەنداو هەر چوار وڵاتی ئێران ، سوریە ـ لیبی و کووریای باکووری هێنایە سەر ئەو بڕوایە کە دەبی بۆ بەهێز کردنی توانایی پێشگرانەی خۆیان ئەرتەشەکانیان بە موشەکی نوێ کە توانایی هەڵگرتنی کلاوەی بیولۆژیک و کیمیایی هەبێ تەیار بکەن.

بە پێ هێندێ سەرچاوە ساڵی 1991 گرێبەستی موشەکیی سوریە ـ کووریا بەسترا و پاش دوازدە مانگ، واتە مارسی 1992 دەستی پێکرو و پێنج وەفدی سەربازیی ئێرانی کە ئەندامانیان کارناسانی موشەکی ئەو وڵاتە بوون گەیشتنە کووریاو پاش وتووێژگەلێکی چڕ لە نێوان وەفدەکانی هەر دوولادا، گرێبەستێك مۆر کرا کە ئێران تا پێنج ساڵ، ساڵانە یەك میلیۆن تۆن نەوتی خاو بە کووریا بدات و کووریاش لە جێگای ئەو نەوتە چەکی نوێ بە ئێران بدات. بەو جورە ئێران و سوریە ببوون بە بنکەیەکی سەربازیی لە ناوچەدا. لە سێپتەمبری 1996دا وەزیری یەکییەتی نەتەوەیی کۆماری کووریا رایگەیاند کە کووریای باکوور 400 فەروەند ئیسکادی بی و سی بە ئێران و سوریە داوە. جگە لەوەش دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە جگە لە دژایەتی ئەمەریکاو رۆژئاوا هوکاری هاندەری دیکە بۆ هاوکاری ئیستراتیژیکی ئێستا لە نێوان ئێران و سوریە ـ ئێران سوریەو لیبی دەبێ چی بووبێ؟! بەڵێ بە شەڕی یەکەمی کەنداوی فارس ، هاتنی ئەمەریکاو پەرەپێدانی باندۆری سیاسی ـ سەربازیی ـ ئابووری خۆی لە ناوچەکەدا توانی عێراق بێدەسەڵات بکات، یان بە وتەیەکیتر پەڕوباڵی عێراقی بەعسی بکات. عێراقێك کە لە نێو عەرەبەکاندا بە هێزترین دوژمنی ئیسرائیل بوو. ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ دیسان خۆڕێکخستنەوەی ئیسرائیل لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا. لەم پێوەندییە دا سەرهەنگ مەممەر قەزافی ئێژێ:

"ئاکامی شەڕی کەنداوی فارس (شەڕی یەکەم) ئەمە بوو کە بە چاوپۆشی لە هەموو ئەو رووداوانەی کە روویاندا، عێراق ـ تەنیا رەکەبەری ئیسرائیل لە رۆژهەلاتی نیزیکدا تێك شکاو بە بێ ئەوەیکە سەربازێکی تژاهال (زاراوەیەکەی عیبرییە بۆ هێزی بەرگریی ئیسرائیل) بەشداری ئەو شەڕە بکەن، هاوسەنگی هێز تێك شکا." لەم پێوەندییەدا بەرپرسانی سوریە زۆر بە توندی سەدامیان مەحکووم کرد کە لە بەرژەوەندی ئەمەریکادا جووڵاوەتەوە. "مستەفا تەلاس" وەزیری بەرگریی سوریە سەدام تاوانبار دەکاو ئێژێ:

" ناوبراو لە شەڕی کەنداوی فارسدا خزمەتێکی گەورەو پڕبایەخی بە ئەمەریکا کرد. ئەم شەڕە نەتەنیا کەوتە خزمەتی بەرژەوەندییە ئیستراتیژیکییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، بەڵکوو ئەو ئیمکانەی بە وڵاتە

یەکگرتووەکاندا کە بوونی سەربازیی خۆی لە ناوچەکەدا پەرە پێ بدا." مستەفا تەلاس هەروەها لەو کاتەدا هەست بە بۆشایی دەکاو داوا دەکات "جۆرێك هاوسانی عەرب ـ ئیسرائیل پێك بێنن و هاوکات ئەو هێزە بەقوەتە عەرەبەی کە لە بەرامبەر ئیسرائیلدا پێك دێ بیکەینە هێزێکی پێشگر لە بەرامبەر هێزەکانی ئەمەریکا ـ رۆژئاوا لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا. "سوریە کاتێك ئەم قسانەی دەکرد کە عێراق تێکشکا بوو. واتە دوژمنی ناوچەیی سوریە، لەو رەهەندەوە دوژمن کە حافز ئەسەد بەردوام مەزنیخوازی لە ناوچەدا بەگشتیو لە نێو عەرەبەکاندا بەتایبەتی بە هەڕەشە بۆ سەر حکومەتەکەی خۆی دادەنا. بەلام بە نەمانی سەدام دوژمنێکی هاوبەش لەسە رێگای سوریە ـ ئێران لادرا. هەر بە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی کەنداودا خێرا هاشمی رەفسەنجانی سەرۆك کۆماری ئەو کاتی ئێران و حافز ئەسەد سەرۆك کۆماری سوریە لە دیمەشق دیداریان کردو رایانگەیاند کە دەیانهەوێ پێوەندی دۆستانەی نێوان دوو ولات بە بالاترین رادەی خۆی بگەیەنن. دیارە ئەوان سالانی شەڕی عێراق ـ ئێران ، هاوکارییەکی زۆریان پێکەوە هەبوو. سوریە زۆری هەوڵدا کە سەدام لەو شەڕەدا سەرکەوتن وەدەست نەهێنێ، چونکی پی وابوو گەر سەدام ئەو شەڕە بباتەوە پێگەی ئەوان لە ناوچەکەداو لە نێو عەرەبەکاندا لە مەترسی دەکەوێ.

دیارە ئەم پێوەندییە دێرینیانە بوارێکی لە بار بوون بۆ پتر لێك نزیك بونەوەی ئەو دوو ولاتەو متمانەکردنیان بە یەکتر. لە ڕاستی دا تێك شکانی سەدام بە دەستی ئەمەریکاو لاوازبوون و بی دەسەلات کەوتنی هۆکاری دۆستیی پتەوی ئێران و سوریە نیە، چونکی سوریە لە لایەکی دیکەوە ئەو کات لە بەرەی ئەمەریکایی دژە سەدام دا بوو.

پاش کەمێك لە شەڕی یەکەمی کەندا وەدەرکەوت کە هاوکاری‌و دۆستایەتی ئەوان بان ناوچەیی (فەرا مەنتەقەیی)یە. هەر بۆیە لە ستراتژی دەرەکی‌و رۆژهەلاتی نێوەڕاستی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا وەك دوو ئەندامی چالاکی تەوەری شەڕیان شەیتانیی دیاری کران و بوون بە دینامیزمی تێکدەر لە سیاسەتی ناوچەیی ئەمەریکادا.

## هاوکاریی ناوچەیی تورکیە ـ ئیسرائیل ـ ئەمەریکا

بێ گومان هاوپەیمانی نێوان دوو هێزە وەکوو سوریەو ئێران و پێشتر لیبی بە پالپشتی تێکنۆلۆژی سەربازیی کووریای باکوور دەتوانی هەڕەشە لە بەرژەوەندی لایەنگەلێکیتر بکات و ئەوان هان بدات کە سیاسەتی بەرامبەرکی بگرنە پێش. هەر بۆیە تورکیەیەکی بەتەواوی عەلمانی لەدراوسێیەتی ئێرانێکی رادیکالی ئیسلامیدا کۆمەلێك ناتەبایی روون و دیاریان پێکەوە هەیە کە دەتوانێ ئەو دوو دەولەتە بەردەوام دوور لە یەکتر بێلێتەوە. ئێران دوژمنی سوێند خواردووی ولاتە یەکگرتووەکانە، بەلام تورکیە دۆستی هەرە نزیکی پاش ئیسرائیلی ئەمەریکایە لە ناوچەدا. ئێران زۆرینەیەکی شێعەو حکومەتێکی فەرمی شێعەی دوازدە ئیمامی بە ئیدئۆلۆژی شۆڕشگێڕییەوە، تورکیە حکومەتێکی عەلمانی‌و سیستمێکی سێکیولارەو تەنانەت دژە دەسەلاتی ئایینی. کۆماری ئیسلامی خۆی بە عامیلێکی ناوچەیی بە هێزو کاریگەر دەزانێ‌و تورکیەش بە داردەستی سەردەمی شەڕی ساردی رۆژئاوا لە ناوچەداو تورکییە هەنوکەش گەورەترین ئەندامی وناتووەو لە بەرەی شەڕ دژ بە تیرۆریزم دایە. کۆماری ئیسلامی چەندین جار تاوانبار کراوە بە پالپشتی تیروریزمی جیهانییەوەو تەنانەت بە باوکی تیرۆریزمی جیهانیش بەناوبانگە، تورکیە رووی دۆستایەتی بەرەو ئوروپایەو هەوڵ دەدا خۆی لە کەشی رۆژئاوا نزیك بکاتەوە، ئێران هەوڵ دەدا لە تورکیەش شەڕێکی ناوخۆیی لە رێگای هاندانی ئیسلامییەکانەوە ساز بکات. واتە بەم هەموو ناتەباییەو زۆر خالی ناتەبای دیکەوە تورکیەو ئێران ناتوانن هاوپەیمان بن، مەگەر سەبارەت بەیەك خالی ژیانەکی!؟ ئەو خالەش روونە واتە

تەنیا خاڵی پێکهاتنی نێوان ئێران و تورکیەو سوریەش کێشەی کوردە لە نێوان ئەواندا. کێشە یەک کە بە ڕەواڵی مێژوویی هەر بەو چەشنە بوە. واتە لە هەستیارترین قۆناغی دژایەتی و ناتەبایی نێوانیاندا، لە سەر کێشەی کورد هاوئاهەنگ و هاودەنگ دەبوون. تەنانەت زۆر جار لە ئیمکانات و چەک و چۆڵی هاوپەیمانانێکی گرینگ وەکوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو پەیمانی ناتۆ بۆ سەرکوت کردنی بزووتنەوە کوردییەکان کەڵکیان وەردەگرت. بەڵام هاوپەیمانی تورکیەو ئیسرائیل دژکردەوەیەک بوو بە هاوپەیمانی ئیستراتیژیکی سوریەو ئێران. چونکی ئیسرائیل پاش شەڕی یەکەمی کەنداو دڵخۆش بوو بەوەیکە دوژمنێکی مەترسیدارو بەهێزی ناوچەیی وەکوو عێراق لە سەر ڕێ لابراوە. گەرچی هەستی بە مەترسی ئێرانیشی کردبوو بەڵام تەنانەت گەر بیویستبایە لە نێوان ئێران و عێراقدا یەکێکیان هەڵبژێرێ بێگومان ئێرانی ئەوکاتی هەڵدەبژارد. چونکی هەم لە بواری سنوورییەوە لە ئیسرائیل دوورتر بوو و هەم لە بواری توانایی جەنگ ئامێرییەوە زۆر لە عێراق لاوازتر بوو و کاتی زۆری دەویست تاکوو لە بواری سەربازییەوە بگاتە ئاستی مەترسیداریی ئەوکاتەی عێراق. هەر لەو کاتەش دا ئیسرائیل لە بەرامبەر عێراقدا یارمەتی سەربازیی ئێرانی دەداو چەک و چۆڵی پێ دەفرۆشت. بەڵام پاش شەڕی یەکەمی کەنداو بە نزیک بوونەوەی هەرچی زیاتری ئێران ـ سوریە، هەڕەشەو مەترسی بۆ سەر ئیسرائیل جیددیتر دەبووەوە. هەر بۆیە کاتێ ئەوەهاتبوو کە ئیسرائیل لە بیری ئەنتی تێزێک لە بەرامبەر تێزی ئێران ـ سوریەدا بێ. بۆ ئەو مەبەستەش نزیکترین وڵات لە خۆی تورکییەی هەڵبژارد، نزیکترین لە بواری سیستەم و بارودۆخی ناوچەیی و نێونەتەوەییەوە.

15ی مانگی خەرمانانی ساڵی 1380ی هەتاوی دەسپێکی هاوپەیوەندییەکی گەرم و گوڕی نێوان تورکیەو ئیسرائیل بوو، هاوپێوەندییەکی سەربازیی پتەو لە ئاستی ناوچەدا. ئەو ڕێکەوتە، ڕێکەوتی دیداری دوو وەفدی باڵای تورکیە ـ ئیسرائیل بوو. لەو دیدارەدا هەردوو وەفد جەختیان لە سەر هاوبەرژەوەندی بوونی خۆیان کردەوەو لە سەر ئەو بنەمایە لە مەڕ بوونی دوژمنی هاوبەش پێکهاتن کە ئاکامەکەی پێکهێنانی یەکێ لە گرینگترین و پتەوترین یەکییەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بوو. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە پەیمانەکەو هاوکارییە دوولایەنەکانی هەروا بەردەوام بوون. لەگەڵ بەرەوپێش چوونی سەرکەوتوانەی ڕەوتی پەیمانەکەدا پیشاژۆی جموکوڵەکانی ناوچە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش وەکوو هاوپەیمانێکی نزیکی هەردوو وڵات پاڵپشتی یەکییەتییەکەیان دەکات. هاندەری ئەمەریکاش بۆ پاڵپشتی ئەو یەکییەتییە ، ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ تیرۆریزم و پاراستنی هێندێ بارودۆخی ناوچەی مێدیترانەو کەنداوی فارسە. پەیمانێکی وەها لە نێوان دوو هێزی سەربازیی بەهێزدا بە پاڵپشتی دوو دەزگای ئەمنییەتی بە هێز وەکوو موسادو میت دەتوانێ کاریگەرییەکی بەرچاو لە گۆڕانی بارودۆخی سەربازیی ـ ئەمنییەتی ناوچەکەدا دابنێ. پاش ڕێککەوتن لە سەر ئەو پەیمانە، ئەو دوو وڵاتە بە بەشداری ئەمەریکا چەند مانۆڕی گەورەیان بەڕێوە بردوە کە توانایی سەربازیی ئەوانی لە ناوچەکەدا دەرخستوە. لە گەڵ ئەوەشدا جێگای وەبیرهێنانەوەیە دەوڵەتی تورکیا بە هۆی ئەو هاوپەیمانییەوە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە تووشی کێشە بوە. واتە گوشارە نێوخۆییەکان بەرادەیەک تەشەنەیان سەند کە تورکیە ناچار بوو مانۆڕە دەریاییەکانی دیکەی لە گەڵ ئیسرائیل دا کەنسێڵ بکات.

لەم پێوەندییەدا وڵاتی ئوردۆن ئەو هاوپەیمانییەی پێ باش بوو و تەنانەت حازر بوو هاوکاریشیان بکات بەڵام لەبەر گوشارە نێوخۆییەکان تەنیا وەکۆ چاودێر بەشدار دەبوو. پێوەندی تورکیەو ئیسرائیل گەرچی لە ڕاستیدا بەشێکی لەبەر ئامادە بوون لە بەرامبەر هاوپیمانی سوریە ـ ئێراندا بوو کەچی بەو ئاستە نەگەیشتبوو، بەڵام بەردەوام لە دانیشتنەکاندا هەنوکەش خاڵە هاوپێوەندییەکان پترو پتر دەکەن.

هێندێ لە سەرچاوەکان کۆمەڵێك لەم خاڵە هاوبەشانە بە نیگەرانیگەلێك دەزانن کە لە ناوچەدا بەرەورووی تورکیەو ئیسرائیل دەبێتەوە. ئەو نیگەرانیانە بریتین لە دڵەراوکی لەمەڕ هەڕەشەو گڤاشەکانی سەدام پێش و پاش شەڕی کەنداو لەگەڵ ئەوەشدا کە دەوترا عێراق چەکی ئیستراتیژیکی بەدەستەوە نەماوە، دڵەڕاوکێ هاوبەشی تورکیەو ئیسرائیل لەمەڕ پێوەندییە ناوچەیی و بان ناوچەییەکانی ئێران ـ سوریە ـ کووریای باکوور، ترس و دڵەڕاوکێ لە گەشەو پەرەسەندنی بناژوویی ئیسلامی لە نێوخۆی تورکیەو دەوروبەری ئیسرائیل و هەوڵدانیان بۆ رووبەروو بوونەوەی هەر چەشنە هەڕەشەیەکی رادیکالیزمی ئیسلامی لە ناوچەکەدا. دیسان هاوکات هەم ئێران و هەم سوریە بە پاڵپشتی رەوتی رادیکالیزمی ئیسلامی ـ شیعی دادەنران و هەر لەو کاتانەشدا بوو کە تەوەری شیعی یان هیلالی شیعی هاتە گۆڕێ، پاڵپشتی و ئاسانکاری بۆ پراکتیزە بوونی سیاسەتەکانی ئەمەریکا لە ناوچەدا، چاوەدێری بە سەر سیاسەتی روسیەو هاوپەیمانانی دوێنێ و ئەمڕۆیدا لە ناوچەکەدا، نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لە مەڕ باشگای چەکە کیمیایی و بیولۆژیکییەکان لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا. کونترۆڵی رەوتی رێبەری سیاسی ناوچەو چاوەدێری سیەربازیی ـ ئەمنییەتی بەسەر دۆخی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی نێوەراستداو چەندین نیگەرانی دیکە لەو چەشنە کە نەتەنیا ئەو دوو ولاتە بەڵکوو ناوچەکەش لە مەترسی دەخات. پێوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە لە سێ تەوەری سەرەکی دا چڕدەبێتەوە کە بریتین لە :

1 ـ تەوەری زانیاری ـ ئەمنییەتی

2 ـ تەوەری سەربازی

3 ـ تەوەری ئابووری ـ بازرگانی.

تەوەری زانیاری ـ ئەمنییەتی یەکێ لە گرینگترین تەوەرەکانی پێوەندی نێوان وڵاتانە، لەم پێوەندیەشدا نابێ لە بیر بکرێ کە پەیوەندی زانیاری ـ ئەمنییەتی لە گەڵ ئیسرائیلدا تەنیا بە موسادەوە سنووردار ناکرێ. لە راستی دا موساد دەزگایەکی بەهێزتر وەکو سی. ئای. ئەی (CIA) لە پشتەوەیە.

بەشێکی زۆر لە پارێزرانی باری هێمنی تورکیە کە وڵاتێکی ئابووری توریستییە لە ژێر کارێگەریی موسادو سی. ئای ئەی دایە. ئەگینا وڵاتێك کە پردی پێوەندی ئیسلام و رۆژئاوایە، وڵاتێك کە وڵاتی دەسەڵاتی مێژوویی ئیسلامی و ناوەندی دارێژەری شەڕی سەلیبی بوە ئەمڕۆ چۆن دەتوانێ ببیتە دۆستی هەرە نزیکی هێزە رۆژئاواییەکان و هاوپەیمانی گرینگی ناوچەیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا؟ گیرانی عەبدۆڵائۆجالان رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK)ش راستەو خۆ بەرهەم و ئاکامی ئەو هاوپەیمانەتییە زانیاری ئەمنیەتییە بوو. کەوابوو دەبی بێژین ئەو دوو وڵاتە خەریکن بەرەو هاوپەیمانییەکی ئیستراتیژیکی ئەمنییەتی دەچن.

پێوەندی سەربازی نێوان تورکیەو ئیسرائیل پێوەندییەکی حاشا هەڵنەگر بوە. بەشێك لە خاوەن ڕا سیاسییەکان لەو بڕوایەدان کە دوو وڵات پێشتریش هەر خاوەنی پێوەندییەکی سەربازی و زانیاری سەربازی نهێنی بوون. بەڵام بە شێوەی فەرمی پێوەندییەکان لە بواری سەربازییەوە بە دوای واژۆر کردنی گرێبەستێکی سەربازی هاوبەشی لە ساڵی 1996دا دەستی پێکرد کە پاش ئەوە بەرەبەرە پێوەندییەکانیان گەشەو پەرەی سەندوو لە هەموو رەهەندە سەربازییەکاندا لق و پۆی دەرکرد. لە شەڕی دژ بەP.K.K دا سەرەڕای ئەوەیکە تورکیە بەناوی سەرکوتی تیرۆریزم و شەڕی دژە تیرۆرەوە چەك و چۆڵ و یارمەتییەکی سەربازی بەرچاو لە ناتۆ وەردەگرێ، هاوکات یارمەتی سەربازی زانیاریەکی زۆریش لە ئیسرائیل و ئەمەریکاوەی پێ دەگات.

هەر لە ساڵی 2008دا لە کاتی هێرشی ئەرتەشی تورکیا بۆ سەر P.K.Kدا، ئیسرائیل چەندین فڕۆکەی پێشکەوتووی سیخوڕی بە ئەرتەشی تورکیە فرۆشت. هاوکاری سەربازیو هاوپەیمانی سەربازی ئیسرائیل تورکیا، کۆماری ئیسلامی ئێران ـ سوریەو هاوپەیمانانی دووریان کووریای باکووری تووشی ترسو دڵەڕاوکی کردوە. پێویستە ئاگادار بین کە ئیسرائیل لە بواری بەرهەم هێنانی ئامرازو کەرەستەی سەربازییەوە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا یەکەمین وڵاتە، ئەو تایبەتمەندییەش تایبەتمەندییەکی گرینگی ئەو وڵاتەیە کە ئیسرائیلی لە بەرامبەر زۆر هەڕەشەو مەترسی ناوچەییدا پاراستوە. هەربۆیە وڵاتێکی وەکوو تورکیەش کە هەڕەشەیەك لە بەرامبەر خۆیدا دەبینێ پەنا دەباتە بەر ولاتێکی وەکوو ئیسرائیل. هێندێ لە کۆمپانیا چەکسازییەکانی ئەو وڵاتە لە بەرهەم هێنانی ئامرازو کەرەستەی سەربازی لە ئاستی جیهانییدا بێ وێنەن. پیشەسازی سەربازی ئیسرائبل لە بواری ئابووریەوە یارمەتیدەرێکی بە هێزی بوارەکانی دیکەی لاوازیی ئەو وڵاتەیە. ئیسرائیل هەروا کە پێشتریش ئاماژەیەکی کورتمان پێکرد دابین کەری پێویستی سەربازیی شەڕی ئیران و عێراق بە ئێران بوو.

سەرەتای چالاکییەکانی ئیسرائیل لەو بوارەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی 1920، واتە کاتێ کە یەکەمین هەوڵەکان لە بواری چەك و چۆڵدا بۆ پاراستنی کۆمەڵی بچووکی یەهوودییەکان لە بەرامبەر عەرەبەکاندا بەڕێوە چوو. رەوتی پێشەسازی چەك و چۆڵ پەرەی ئەستاندو کۆمپانیا چەك سازییەکان روویان لە زیادی کرد.

ساڵی 1950، واتە پاش کۆتایی هاتنی شەڕی سەربەخۆیی ئیسرائیل، پیشە سازی سەربازی ئەو وڵاتە سەرەتا بە دامەزراندنی چەند کارخانەیەکی نوێ کە پتریان دەوڵەتی بوون، گەشەی کردو لە ساڵی 1958دا وەزارەتی بەرگریی (MOD) بەشی لیکۆڵینەوەو گەشەیان(R&D ) پێکهێنا. ئەم بەشە ساڵی 1958 بوو بە رێکخراوێکی سەربەخۆ بە نێوی رافائێل(RAFAEL) (واتە بەشی گەشەی چەك و چۆڵی سەربازی) لە وزارەتخانە جودابوەوەو لە ساڵانی دواییدا بوو بە رێکخراوی سەرەکی گەشەی پیشەسازی بەرگریی وڵات. پاش ماوەیەکیتر دەستیان بە سازکردنی چەك و چۆڵی قورس و ترۆمۆبیلی گەورەی گواستنەوەی سەربازی کرد. کارکەرانی پیشەسازی بەرگریی ئیسرائیل لە 5000 کەسەوە بۆ 15000 کەس لە ساڵی 1960دا زیادی کرد. ئەمەش خۆی ئیشانەی ئەوەیە کە پیشەسازیسەربازی ئەو وڵاتە رەوتێکی گەشەیی خێرا دەپێوێ.

هاوکات پاش شەڕی 6رۆژەی عەرەبەکان و ئیسرائیل ئەو وڵاتە لە ساڵی 1967دا ئەو وڵاتە لە بۆاری پیشە سازی سەربازییەوە رەوتێکی گەشەی خێراتری بە خویەوە دیت. بە گشتی پیشەسازی سەربازیو ئیلەکترونیکی ئیسرائیل بوو بە تەوەری سەرەکی پیشەسازی ئەو وڵاتەو ئەو تایبەتمەندییەی پیشەسازی بەرگریی ئیسرائیل بوو بە هۆی ئەوەیکە ئابووری ئەو وڵاتە گەشەیەکی بەرچاو بەخۆوە ببینێ. هەڵکەوتی ئیسرائیل تورکییەش لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، پێگەی ئەو دوو وڵاتەی کردوە بە پێگەیەکی ئیستراتیژیکی پڕبایەخ کە هەم سەرەنجی ئورووپای بۆ لای خۆی راکێشاوەو هەم ئەو دوو وڵاتەی کردوە بە دوو وڵاتی هاو پەیمانی ئەمەریکا لە ناوچەیەکی هەستیاری تیرۆریزم لێدراوو قەیراناویدا.

جێگای تێڕامانە کە هاوپەیوەندی بەرەی نێوان ئێران، سوریەو گرووپگەلێ لە چەشنی حەماس و حیزبۆڵای لۆبنان گەورەترین مەترسیە بۆ داهاتووی تورکیە کە دەیانهەوێ رێبەری هیلالی شیعی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بکەن. تورکیەش وڵاتێکە زۆرینەی حەشیمەتی موسەڵمانەکانی سوننەن و لە بەرەی هاوپەیمانی رۆژئاوادایەو بەتەمایە کە لە یەکییەتی ئورووپادا جێگای بکرێتەوە، هەربۆیە پردی پێوەندی نێوان ئوروپاو ئاسیا دوور نییە

ببێتە ئامانجی باڵی تیرۆریستی هیلالی شیعی . پرسیاری زۆر لە سەر هیلالی شیعی لە ئارادایەو پێویستیان بەوەڵامدانەوەیە، کە لەم بەشەی باسەکەماندا ئاماژە بەو بابەتە دەکەین.

لە راستیدا بابەتی هیلالی شیعی بابەتێکی گرینگە کەدەتوانێ کاریگەریی سیاسی ـ ئابووری ـ سەربازی ـ ئەمنییەتی هەبێ. لای ئەمەریکاییەکان ئەو بابەتە بوە بە بابەتێکی ژێوپولیتیکی گرینگ کە ئەوان لەو بڕوایەدان سیمای ناوچەکە بە بوونی وەها تەوەرێك گۆڕانێکی بناخەیی بەخۆیەوە دەبینێ. دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە پڕوپاگەندەکانیاندا جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە پرۆژەی (هیلای شیعی) تەنیا پیلانێکە لە لایەن ئیسرائیل ـ بریتانیا ـ ئوردۆن و میسرەوە دارێژراوە. هەروەها ئەوان لە سەر ئەو بڕوایەن کە ئەمەریکاو هاوپەیمانانی بە ئەنقەست ئەو سیمایە لە دەسەلات و هیژموونی شیعی لە ناوچەدا نیشان دەدەن و ئەوەش نیشانەی ئەوەیە لە مێژوو و دەسەلاتی شیعی لەو ناوچەیەدا ترس و دڵەڕاوکێیان هەیە. "گراهام فولر" کارکەری ( CIA ) بە لێکدانەوەی نێوەرۆك، دروشم و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەڕێوەبەرانی تاکوو ئێستا بەو بڕوایە گەیشتوە کە خورافەگەریی شیعی و کەڵك وەرگرتنی رێبەرانی سیاسی ـ ئایینی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لەو خورافە گەراییە لە لوتکەی خۆیدا، ئەو ئامانجەی گرتوەتەبەر کە سیستمی کۆماری ئیسلامی بکاتە رێبەری دونیای شیعی و بۆ ئەوانیش ئێران بکاتە "قبلە عالم"، تەنیا رێگەش بۆ ئەو کارە مکانیزمی "هیلال شیعی"یە لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا کە ئێران ـ سوریە ـ عێراق ـ حیزبوڵای لوبنان و حەماسی فەلەستین لە خۆ دەگرێ بەڵام بە رێبەرایەتی ئێران.

بۆ ئەو مەبەستەش کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە چەندین ساڵ پێشەوە، واتە لە سەراتاکانی دەهەی نەوەدەوە بە بەهێز کردنی زەڕادخانەی چەکی کیمیاییەکانی دەستی پێکردو تەوەری چەکە کیمیایی و بیولۆژیکییەکان بە بەشداری ئێران سوریە سازکرا. بۆ زیاتر بە هێز کردنی توانایی پێشگرانەی ئەو هیلالە، ئێران و سوریە هەردوو لە هەوڵدان کە بە توانایی سەربازی ـ ئەتۆمی بگەن. بەشێك لە خاوەن ڕا سیاسییەکانیش لەو بڕوایەدان کە ئیستراتیژی "هیلالی شیبعی" بە هێز ترین پاڵپشتە بۆ دەستڕاگەیشتنی ئێران بە توانای ئەتۆمی. توێژەری ئوتریشی "والترپوش" (WALTER POSCH) پێوایە کە ئیدی محمد رەزاشای پەهلەویش زۆر لەو گیرەی هیلالی شیعییە نزیك بوە. ناوبراو لە کتێبێکی دا بەناو ( قەیرانی ئێرانی : IRANIAN ) (CHALLENGE کەساڵی 2006 لە دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی ئەمنییەتی یەکییەتی ئوروپادا بڵاوکرایەوە (CHAILLOT PAPER) ، ئاماژە بەوە دەکا کە ئێران قەیرانی فرەنەتەوەیی هەیە، ئەو ئیدئۆلۆژییەش لە تەوەری ئەو ئیستراتیژییەدا لە لایەك بۆ لاواز کردنی ئەو کاریگەرییە نەتەوەییانەیەو لە لایەکی دیکەوە بۆ بە هێز کردنی دەسەلاتی ناوەندی و نێو نەتەوەیی سەربازی کۆماری ئیسلامییە. بەڵام ئێرانییەکان هەوڵدەدەن بۆ داپۆشینی پشتی پەردەی ئامانجەکانیان، بوونی ئەمەریکاو مەترسی ئیسرائیل زەق بکەنەوە لە ناوچەکەدا. لە راستیدا گەر سەرەنجمان دابێ لە شەڕی 33 رۆژەی نێوان ئیسرائیل و گرووپی تیرۆریستی حیزبوڵادا رۆڵی "هیلالی شیعی" (SHIITE CRESCENT) بە تەواوی و بەزەقی دەرکەوت، واتە شەڕی هێزێکی تیرۆریستی وەکۆ حیزبوڵا کە ساڵی 1982 بە چاوەدێری کۆماری ئیسلامی لە لوبنان بۆ پەیمانکاری کاری تیرۆریستی دامەزرێنرا، دژبە دەوڵەتێکی بەهێز لە بواری سەربازییەوە وەکۆ ئیسرائیل هەروا ئاسان نییە ـ بەڵام لە لێکۆڵینەوەکاندا بە وردی دەردەکەوێ کە لە تەوەری عێراق ـ سوریەوە چەك و تەقەمەنی و پاڵپشتی لۆجستیکی و تێدارۆکاتی دەگەیشتە ئەو هێزە تیرۆریستییانەو تەنانەت پاش شەڕیش سەرانە پارەیەکی زۆرو زەوەند لە پارەی نەوتی خەڵکی برسی و هەژارو بەڵێدراوی ئێران بەسەر زۆربەی خەڵکی لوبناندا دابەش کرا. لە لایەکی دیکەوە ئەم

تەوەرە یان بێژین ئەم هیلالە، پێشتر بە تەوەری شەڕ یان شەڕاشۆیی بەناوبانگ بوو کە کووریای باکووریشی لەخۆ دەگرت. هەنوکەش بەهێزترین و بەرفرەترین پوتانسیلی تیرۆر، توندو تیژیو قەیرا نخۆڵقێنی تیدایە. بە وتەی مامی مەلەك عەبدوڵڵا شای ئۆردۆن، گەورەترین سەرچاوەکانی سووتەمەنی فۆسیلی جیهان لە کەنداوی فارسەوە تادەریای قەزوین لە ژێر دەستی پێکهێنەرانی ئەم هیلالە دایە. کە ئەوەش دەتوانێ هەرچی زیاتر بەرەو یاخیگەرییان ببات.

مەبەستی ئێران لە ئیستراتیژی هیلالی شیعی (SHIITE CRESCENT) چەسپاندنی ڕێبەری دونیای ئیسلام بۆ خۆیو لە ناوبردنی ئیسرائیل، کونترۆڵی دەسەڵاتی عێراق، لاواز کردنی هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لە ناوچەدا، هەڕەشەکردن و مەترسی خستنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاو ڕۆژئاوا لە ناوچەداو تێکدانی ئاسایش و نەزمی ئەمەریکاییو خۆ چەسپاندنە وەکوو هێزێکی ناوچەیی. بەرهەمەکانیشی روون و ئاشکرا دەبینرێن. واتە کاریگەریی ئەو هیلالە لە عێراقدا بە بوونی هێزەکانی سۆپای قودس و هێزی المهدی سەر بە موقتەداسەدرو زۆر تاقم و گرووپی نەناسراوی دیکە لەو تەوەرە پەیمانکارییان وەرگرتووە گرێبەستەکەیشیان تا گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام دەبی. کۆماری ئیسلامی وەك ڕێبەرو ڕێکخەری هیلالی شیعی، بۆ سەرپۆش دانان لە سەر ئەو پرۆژەیە بە چەشنێك کە بەتەواوی ژێر زەوینی بڕواتە پێش، هەوڵ دەدات لەم نێوانەدا موسڵمانانی شیعە بەتەواوی لە بەرامبەر سوننەکاندا زق بکاتەوەو شەڕێکی مەزهەبی ساز بکات و لە قوڕاوەکەی ماسی دڵخوازی خۆی بگرێ. لەم پێوەندییە سوننەکان دەخاتە بەرەی ئەمەریکا و ڕۆژئاواوەو وەها هانیان دەدات کە یەکدەنگ دوژمنان دەیانهەوێ توخمی شیعە لە ناوچەکەدا لە ناوبەرن. گەرچی خودی هاوپەیمانی سوننەو ئەمەریکا هاوپەیمانانی نەتەنیا تاوان نیەو بەڵکوو کردەوەیەکی پێشکەوتوانەیە لە بەرامبەر تیرۆرو تیرۆریزمدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێزە تیرۆریستییەکان بە تەواوی لە مەزهەبی شیعە جودا دەکرێنەوەو لە گەڵ ئەوەشدا هەر ئایین و هەر مەزهەبێك کەم و زۆر هێزی ئورتۆدۆکسی تێدا هەڵدەکەوێ.

ئیدئۆلۆژی ژێۆپۆلیتیکی شیعە لەکۆنەوە قەوارەی گرتوە، واتە ئەم بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی دەسەلاتداری سەفەوییەکان و بەفەرمیکردنی مەزهەبی شیعی لە ئێراندا. لە راستیدا ئێرانییە شیعەکان هەنوکەش خۆیان بە قەرزداری شائیسماعیل دەزانن کە ئەوانی لەو ونبوون لە دڵی مێژوودا کێشایەوە دەرێ. هێزی شێعەی ئێران ئەگەرچی سالانێکی دوورو درێژ بە هۆی بەرەنگار بوونەوەی دەسەڵاتی ئیمپراتوری سوننەی عوسمانییەوە مەجالی مەزنیخوازیو داگیرکاری نەبوە کەچی هەر لە داستان و باس و بابەتەکاندا هەمیشە دەسەڵاتێکی بەر فراوانی ئیمپراتوورانەی شیعەیان بە خەون و خەیاڵ و خۆلیا پەروەردە کردوە. ئەم روانگەیە کەسایەتی مرۆڤێکی شیعی ئێرانی لای خۆی کردوە بە کەسایەتییەکی سەرتر لە مرۆڤەکانی دیکەو کەسایەتییەکی لە خۆڕازی کە توخمی شوڤێنیزم و تەنانەت راسیزمی تێدا بەهێزو بەهێزتر کردوون. ئەو خەون و خولیایە بەردەوام لە مێشك و زەینی منداڵان و نەوەکانی دواتردا پەروەردە کراوەو گەشەی پێدراوە. هەر بۆیە ئەو بیرۆکەیە هەردەوام وەکوو دینامیزمێکی چالاك بوونی هەبوە کە لە کەمترین دەرفەتی ئازادبوونیدا ئەو توانایییەی هەبوە کە بە خێرایی پەرە بستێنێ.

وەك دیتمان لە یەکەم مەجالی رەخساودا کە توێژێك هاتنە سەر دەسەڵات، بە تەواوی مەزهەبی، پابەند بە ئیدئۆلۆژی ئیسلامی ـ شیعی دوازدە ئیمامیو بە فەلسەفەی شۆڕشی رزگاری جیهان لە دەستی کوفرەوە کە یەکەم هەنگاوەکانی بە هەناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامییەوە دەستی پێ کردو یەکەم دورشمیشی لەم پێوەندییەدا "ڕێگای قودس بە کەربەلادا تێدەپەڕێ"بوو. واتە یەکەم هەنگاو هەر هەمان مەبەستی پێکاوە، بەڵام

ناسەرکەوتوو. واتە بەم هەنگاوە لەو بڕوایەدا بوون کە ئەوان خاوەنی هێزێکی مەعنەوی گەورەن کە تەواوی مێشکەکانی داگیر کردوە.

کەوابوو دەتوانن بە روونیو بە ئاشکرا وەکوو بانگی موحەممەدی ئایدیاکەیان پراکتیزە بکەن، بەڵام پاش هەشت ساڵ شەڕو ماڵ وێرانیو نزیک بە 1یەك میلیۆن قوربانی، ئاکامەکەی تەنیا ئەوە بوو کە "ایت الله خمینی" بە وتەی خۆی جامی ژاری بڕیارنامەی 598ی نۆشیو ئاگر بەسی پەسەند کرد. لێرەدا ئەو ئایدیایە زەبرێکی کوشەندەی لێکەوت، بەڵام تیۆرسینەکانی هەروا خەریکی دینتنەوەی رێگا چارەیەکی گونجاوترو کردەکیتر بوون.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد پاش کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی کەنداو جموجووڵەکان بۆ پێکهێنانی ئەو ئیستراتیژییە بە چڕیی دەستی پێکرد، تەنانەت تا چەند ساڵ پێش دەسەڵاتدارانی رۆژئاوایی بە قووڵایی ئەو ئیستراتژییەیان نەزانیبوو. بەسوریەو ئێران ـ حیزبۆڵای لوبنانو حەماسی فەلەستین دەستی پێکرد،بە عێراق بەهێز بوو و هیواداریی بە وردە هێزگەلێکی دیکە وەکوو شیعەکانی میسر، ئوردون، عەرەبستانی سعوودی، شیعەکانی ئەفغانستانو پاکستان ئەو ئیستراتیژییە زیاتر زەقدەکاتەوە. ئەم تەوەرە بوەتە ئامرازێکی بەهێز بۆ ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی سیاسەتی شەڕی پێشگرانەی خۆی سەرکەوتوانەتر جێبەجێ بکات. پێویستە ئاماژە پێ بکەین کە ئاما نجی سەرەکی شەڕی پێشگرانەی رێژیمی ئێران لەو تەوەرەدا، شکەست هێنان بە پرۆژەی رۆژهەلاتی نێوەڕاستی گەورەیە. بێ گومان دەبێ لەوە ئاگادار بین کە پرۆژەی ناوبراو کۆمەڵێك گۆڕانی لە جانتادا بوو کە ئەو گۆڕانانە هیچ کام بە دڵی دەسەڵاتە سە پاوەکانی ناوچە، لەوانە ئێران، سوریەو ... هتد نەبوون. چونکی پرۆژەی ئاماژەپێکراو باس لە رێفۆرمو گۆڕان دەکات کە لە شیتەڵکردنەوەیدا بەو ئاکامە دەگەین ئاما نجەکانی یەکسانن بە نەمانی ئەو چەشنە دەسەڵاتانە.

هەربۆیە ئاساییە کە دەسەڵاتێکی ئیسلامی رادیکاڵو بناژووخواز وەکوو کۆماری ئیسلامی ئێران، دەسەڵاتێکی دیکتاتۆررو بنەماڵەیی وەکوو بەعسی سوریە، دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرو خوێنمژ وەکوو بەعسی عێراق لە هیچ کونجێکی ئەم پرۆژەیەدا خۆیان نابیننەوە. وەك دەزانن لە تایبە تمەندییەکانی وەها دەسەڵاتگەلێکیش رێفۆرم هەڵنەگریی، وشكو دۆگم بوونو پێکهاتەی نەگۆڕە کە ئە نجامی واتەی گۆڕان لەواندا یەکسانە بە تێکشکانو لێك هەڵوەشانیان. ئەگەرچی خۆشیان بە باشی دەزانن کە شە پۆلی نوێی رووداووەکان ، راست هەمان ئاراستە دەپێوێو لە ئاکامدا دەرە نجامەکان هەر یەکن، کەچی دیسان تا دواچرکەساتی تەمەنیان پشت بە باسکی تیرۆر، ترسو خۆف دەبستنو بەو هیوایەن پێش بە سەرکەوتنی رەوتە نوێیە جیهانییەکان بگرن.

دەوڵەتێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی کە لە راستیدا نکۆڵی لە توانایی مێدیایی ـ ئیدئۆلۆژیکی ناکرێ، لانیکەم 60٪ی پرۆگرامەکانی دژ بە رەوتی نوێی جیهانیی، فەلسەفەی ئازادی، مافی مرۆڤ، دیموکراسی، کۆمەڵگای مەدەنی، پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو رۆژئاواو سیاسەتەکانین. دیارە ئەوەش خۆی پەیڕەوی لە هەمان دروشمی بناخەیی ئیدئۆلۆژی سیستمی کۆماری ئیسلامی، واتە "لاشرقی، لاغربی، جمهوریە ئیسلامی"دەکا. سیاسەتی نێوخۆیی ئەو سیستمەو ئیستراتیژی سیاسەتی دەرەکی هەمان سیستم سەرچاوە لە نێوەرۆکی ئەو دروشمە دەگرێ. پێناسەو شرۆڤەی ئەوان بۆ پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو باکووری ئافریقا، نەزمی نوێی جیهانیو رەوتی ئاشتیو دیموکراتیزاسیۆن، هەر لە چوارچێوەی هەمان ئیستراتیژیدایە. واتە پێوەری هەڵسەنگاندنیان ئەوەیە کە بزانن چەندە لە گەڵ سیاسەتەکانی ئەوان لە هیلال شیعیو ناوچەدا تەبا یان ناتەبایە.

هەر بۆیە لە وەڵامی د. کاندۆلیزا رایس وەزیری کارو باری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا کە ئێژی کێشەو ئاڵۆزییەکانی ناوچە، ئێش و ئازاری لە دایك بوونی پرۆژە ریفۆرمی رۆژهەلاتی نێوەڕاستی نوێیە،ئێژن:" ئەو قسەیە بە پێچەوانەیە، واتە ئەو پرۆژەیە لە زگی دایکیدا کوژراوە واتە(سێقتی جنینی پێکراوە)و بە مردوویی لە دایك دەبێ و ئەو ئێش و ئازارەش بەرهەمی ئەوەیە. هەربۆیە بۆ ئەو مەبەستەش حیزبوڵای لوبنان پێ ئەسپێردراوی کۆماری ئیسلامی وەکوو ئەندامێکی کارای هیلالی شیعی بەڕێوەبردو تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بوو. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە بەرەی تیرۆرو تیرۆریزم سەرکوت نەکراوەو خەباتی دژەتیرۆر خەریکە تۆخمی بێ هیوایی دەچێنێ. بۆیە لەم قۆناغەدا پێویستە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئاورێکی وردتر لە سیاسەتەکانی لە یازدەی سێپتەمبر بەملاوە بداتەوەو هەڵەکانی کە بریتین لە کەمتەرخەمی لە مەڕ شەڕی دژە تیرۆرو دەسپێکردنی ئەو شەڕەو هەڵبژاردنی بەرەکانی بداتەوە.

## یازدەی سێپتامبرو پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە

زۆرێك لە سەر ئەو بڕوایەن کە ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبر هەمووشتێکی گۆڕی، واتە گۆڕانێکی گشتگیر کە دونیای داگرت. واتە ئەو کاتەی سی فڕۆکەکە خەریك بوون ئامانجەکانیان نزیك دەبوونەوە، دڵی جیهان هەروا هێدی هێدی لێدەدا وهیچ گۆرانێك لەو چەشنە لە خەون وخەیاڵەکاندا نەبوو، زەختی کۆمەڵگای جیهانی لە ئاستی نۆرماڵدابوو. بەلام دیتمان کە فڕۆکەی ژمارە یازدەی هێڵی ئاسمانی "ئەمریکەن ئێرلاین" بە 81کەس و 9 خەدەمەوە، کاتژمێر 8:45ی سەر لە بەیانی، واتە ئەوکاتەی خەڵکی بەیانی باش بەیەکتری ئێژن و دەچنە سەر ئیش و کارەکانیان، خۆی بە تاوەری باکووریی بینای ناوەندی بازرگانی جیهانی لە مانهاتن دا کێشا. هەر بە دوای ئەودا، فڕینی ژمارە 175ی هێڵی ئاسمانی"یونایتد ئیدلاین" بە 58 کەس و خزمەتکارەوە، کاتژمێر 9:3ی بەیانی خۆی بە تاوەری باشووریی هەمان بینادا کێشاو سێهەمین کە فڕینی ژمارە (77)ی "ئەمریکەن ئێرلاین بە 58کەس و 6خزمەتکارەوە خۆی بە بینای پێنتاگۆندا دا.

ئەو سێ هێرشە کە بە گەورەترین کارەساتی هەزارەی سێهەم لەو ساڵەداو بەگەورەترین هێرش بۆ سەر ئەو وڵاتە پاش " پێڵ هاربر" ئاماژەی پێکرا، دەریخست کە وڵاتە یەکگرتووەکانیش لە بواری ئەمنییەوە لاوازە. پێشتریش ئاماژەمان پێکرد کە بەرپرسانی ئەمنی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو بڕوایەدا بوون کە نەتەنیا دەستی تیرۆرو تیرۆریزم قەت ناگاتە لای ئەوان، بەڵکوو تەنانەت گەر "بە شەوی تاریکدا مێشوولەی ڕەش بەسەر ئیستراتیژییەکانیاندا بفڕێ ئەوان لێ وەئاگادێن. بەڵام ئەم ڕووداوە پێشانیدا کە ئەو قسانە تەنیا خۆش خەیاڵی و لە خۆبایی بوونن.

ئەوان لە دوو شەڕی جیهانیدا بەشداریان کردو گەورەترین سوودو کەمترین زیانیان بەرکەوت. تامی کوژران، وێرانی، گۆڕی بە کۆمەڵ، بۆردمانی کیمیایی، ژینۆسایدو وێرانی و سوتاندنی شارو گۆندو ماڵ و منداڵیان نەدیتبوو. هەر بۆیە تا ئەوکات ئەوان دەرکیان بە ناخی ئەو تراژیدیانە نەکردبوو کە چەکە مۆدێرنەکانی ئەوان و هاوچەشنەکانیان کارەساتی مەرگهێنەر بۆ نەتەوە بندەستەکان دەخوڵقێنێ. لای دەسەڵاتدارانی وڵاتە یەکگرتوەکان سووکایەتی و ئیهانەت پێکردنێك بوو، شکاندنی غورووری نەتەوەیی ئەمریکاییەکان بوو، پووچەڵکردنەوەی ئەو هەموو تێزو ئەنتی تێزە بوو کە لە لایەن بیرمەندانی ئەمریکاییەوە هاتبوونە گۆڕێ.

لە راستیدا ئەو رووداوانە رۆژئاوا بەگشتی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای بەتایبەتی لە بارودۆخی ژیانی رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی و نەتەوە بندەستەکان بە تایبەتی وریا کردەوەو پێ نیشان دان ئەگەر

ئەو چەشنە جینایەتە لە وڵاتە دواکەوتوەکاندا بەوچەشنە دەنگدانەوەی نابێ، هۆکارەکەی بێ دەسەڵاتیو نەبوونی توانایی مێدیاییو راگەیاندنو لاوازی ئابوورییە، ئەگینا لەو هەزاران جینایەتەی لە چوارچێوەی تیرۆرو تیرۆریزم دا رووویانداوە، یەکیان وەبەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەکەوتووە.

بە رووداني 11ی سێپتەمبر ئەگەرچی ئێژین هەموو شتێك گۆڕدرا بەڵام ئەوە بە تەواوی راست نەبوو هەموو شتێك نەگۆڕدرا، بەڵام ئەوە راستە کە زۆر شت گۆڕانی بەسەردا هات. یەك لەو شتانەی کە گۆڕانیان بەسەرداهات بیرۆکەی رخنەو رخنەگەری بوو. واتە خەڵکی ئەمەریکا چاووگوێ بەستراوانە رخنەیان لە شەڕو شەڕی دژەتیرۆر دەگرتو زۆر رووەکی لە دۆخی سیاسی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاگادار بوو، بەڵام ئە مجار لانیکەم ئەگەر وەك بیانوویەکیش بوونی، خەڵکی ئەمەریکا هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە دەبێ وڵاتەکەیان بەتەواوی هێزو تواناوە بەرەو رووی هێزە تیرۆریستییەکان ببێتەوەو عامیلانی 11ی سێپتەمبر بگریّو سزایان بدات. هەروا کە ئاماژەی پێکرا، وڵاتە یەکگرتووەکان وڵاتێکی دوورە دەست بوو کە دەستڕاگەیشتنی تیرۆریستان بەوێ ئاسان نەبوو. هەر بۆیە ئەوە خۆی هۆکارێکی پتەو بوو بۆ ئەوەیکە هەڕەشەو مەترسی جیددی تیرۆریزم بسەلمێنێ. واتە بەم چەشنە وڵاتانی ئورووپایش بەو قەناعەتە گەیشتن کە بە گەیشتنی دەستی تیرۆریزم، ئەویش بەو چەشنە ترسناکە بە قارەی دوورە دەستی ئەمەریکا، لێدانی ئاسایشی ئورووپا ئێدی کارێکی دژوار نیە، کە بە تەقینەوەکانی مادریدو لەندەن ئەو راستییە پتر لە وتە سەلمێنراوە. بەو چەشنە ئوروپاش چوە ریزی وڵاتانی بەرەی دژە تیرۆرەوەو ئامادەی شەڕێکی جیهانی دژ بە تیرۆر بوون. شەڕی جیهانی بەو واتایە کە لە هەر کونجێکی جیهاندا وشەی تیرۆر سەرنجی بیسەرانی رادەکێشاو تیرۆریزم دەکەوتە بەر هێرش، هەروا کە هێرشی دەکرد. واتە لە پێناسەیەکی گشتگیردا رووداوە تیرۆریستییەکەی 11ی سێپتەمبری 2001 لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، خاڵی وەرچەرخانێك بوو لە پێناسەکردنەوەی ئاسایشی نێونەتەوەییدا رۆڵێکی بەرچاوی گێڕاو بابەتی شەڕی دژە تێرۆری کردە گرینگترین بابەتی سیاسەتە نێونەتەوەیی. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەلێکی رەخساندەوە بۆ پێداچوونەوەی پێکهاتەی نێونەتەوەیی، لەوانە پراکتیزە کردنی ئەو پرۆژە چاکسازییانەی کە پێش ئەو ماوەیە هاتبوونە نێو کەشو هەووای نێونەتەوەییەوە.

لەو گرینگترین پرۆژانە پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە بوو کە لە مێدیای جیهانیو ناوەندە لێکۆڵینەوەییەکاندا بە چڕی کەوتبوە بەر باسو توێژینەوە. هەروەك لە بابەتەکانی پێشوداو لە نێوئاخنی باسەکاندا ئاماژەمان پێکردوە، ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناوچەیەکی جوگرافیایی گرینگ، هەستیارو پڕ لە قەیرانو ئاڵۆزییە. بەڵام لێرەدا چەمکی "رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە"زەق دەبێتەوە. ئەویکە بۆ هەمووان روونە ئەوەیە کە ناوچەی ناوبراو کەوتوتە سەر سێ ڕای قارەی ئاسیا، ئافریقاو ئورووپا، واتە لە روانگەی سیاسی ـ ئابووری، کولتووریو ...وە دەتوانێ رۆڵی پردێکی پێوەندیدەر لەو نێوانەدا بگێڕێ.

رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە روانگەی ژیۆپۆلیتیکیو ژئۆئیکۆنۆمیکییەوە بە چەشنێکە کە دەتوانێ باندۆر بخاتە سەر ئاسایشو ئابووری جیهانی. ئەو ناوچەیە کانگای بەرهەم هێنانی "زێڕی رەش" واتە نەوتە، جیا لەوەش گرینگترین بازاڕی فرۆشی کەلوپەلو کەرەستەی بەرهەم هێنراوی پیشەسازی وڵاتانی پیشەییە. دەتوانین لەوانە ئاماژە بە کەلوپەلی دەنگو ڕەنگ، گەرماو سرما، خواردنیو پۆشینی، تێکنۆلۆژی کۆمپیوتریو لە هەمووان گرینگتر بازاڕی فرۆشی چەكو چۆڵو تەقەمەنی بکەین. چونکی وڵاتانی ئەو ناوچەیە لەیەکتری دڵنیا نین، بەردەوام چاوی تەماعیان لەیەکتری بووەو هەردەم لە بیری بە هێزکردنی بواری سەربازی دەسەڵاتەکانیاندان.

ئەم ناوچەیە شوێنی هەڵکەوتنی کەنداوی فارسە کە یەك لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی جیهانە کە داهاتو دەوڵەمەندییەکەی لە دەستی دەسەڵاتداران و ڕێژەییەکی کەم لە خەڵکی ناوچەکەدا قەتیس کراوەو بەشی هەرەزۆری خەڵکی دانیشتووی ئەم ناوچەیە لە بارو دۆخێکی هەژاریو دەستکورتیدا دەژین و هەر ئەو بارو دۆخەش کاریگەریی لە سەر ڕەهەندەکانی دیکەی ژیانی ئەوان داناوە، واتە لاوازی باری ئابووری، لاوازیو هەژاراوی باری کۆمەڵایەتی، کولتووریو پەروەردەییشی بەدواوە بوە.

بە پێ بەڵگەو دێکیۆمێنتەکان پێش ڕووخانی یەکییەتی سۆڤیێیەت ئەم ناوچەیە یەکێ لەو شوێنە گرینگانە بوو کە شوێنی پێکدادانی بەرژەوەندی زلهێزەکان بوو، و چەمکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست باشووری ڕۆژئاوای قارەی ئاسیاو هەروەها باکووری ڕۆژهەڵاتی قارەی ئافریقا دەگرێتەوە. لەو قۆناغەدا کە شەڕی سارد باڵی بەسەر دۆخی سیاسی نێونەتەوەییدا کێشابوو ئەو ناوچەیە بۆ هەردوو زلهێزی ئەو سەردەمە بەتایبەت بۆ ڕۆژئاوا بە گشتیو ئەمەریکا بە تایبەتی ناوچەیەکی جوگرافیایی گرینگ بوو.

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بواری ژێوپۆلیتیکییەوە بە یەکێك لە خاڵەکانی پێکدادانی ئیدئۆلۆژی کۆمۆنیزمو ئیدئۆلۆژی کاپیتاڵیزم بوو. ئەو تایبەتمەندییە ئەو ناوچەیەی کردبوو بە هەڵکەوتێکی هەستیاری جوگرفیایی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەکوو هیژموونداری ڕۆژئاوا لەو سەردەمەدا. پاش ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتو یەك جەمسەر بوونەوەی جیهان، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەرفەتی لەباری بۆ ڕەخساو وڵاتانی ئەو ناوچەیە توانیان کانگای نەوتو گازی پتر ببیننەوە، کە ئەو دوزینەوانە توانی بە گرینگی پێگەی ئابووری ئەو ناوچەیە هەر ڕۆژە زیاتر بکات، هاوکات تا دەهات مەترسیو هەڕەشەی پتری ڕووبەڕوو دەبوەوە. بۆ وێنە ناوچەکە تا دەهات پتر ئاوسانی کێشەو بارگرژی دەبوو. تاقمو گرووپە تیرۆریستی یەکان بە هێز دەبوون و پاڵپشتی دەکران.

کێبەرکێ چەکسازی و چەك کڕین ڕوو لە زیادی دەکرد، ئاسایشو هێمنی ناوچەکە بەتەواوی لەمەترسی کەوتبوو. هەر بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە هاوبیری وڵاتانی هاوپەیمانی کەوتنە بیری پرۆژەیەکی چاکسازی بە مەبەستی ڕیفۆرمێکی هەمەلایەنە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

تەوەری سەرەکی ئەوریفۆرمە دابین کردنی ئاسایش لەو ناوچەیەدا بوو. دابین کردنی ئاسایش نە بەو واتایە کە سەردەمانی شەڕی ساردو پێش شەڕی سارد لە گۆڕێ دا بوو، سەردەمانێك کەتەنیا گەیشتنی وزە لەو ناوچەیەوە بە وەزخانەی پیشەسازی ڕۆژئاوا گرینگ بوو. بە داخەوە ئەو چەشنە بیرکردنەوەیەو ئەو چەشنە لە سیاسەت لەو قۆناغەدا وای لە خەڵکی وڵاتانی ئەو ناوچانە کردبوو کە ڕۆژئاوا تەنیا بە چاوی داگیرکەرێكو بە چاوی غارەتگەرێك سەیردەکرا کە ئەوە لە زمانی سیاسەتوانی ئەودەمی ڕۆژئاوا بەگشتی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەتایبەتی بەروونی دەبیسرا. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بەو وتەیەی جیمی کارتێر سەرۆك کۆماری ئەودەمی وڵاتەیەکگرتووەکانیئەمەریکا بکەین کە ئێژێ: "هەر چەشنە هەوڵو تێکۆشانێك لە لایەن هێزێکی دەرەکییەوە بۆ پاوان کردنی کەنداوی فارس ڕاستەو خۆ دەتوانێ هەڕەشەیەکی جیددی بێ بۆ سەر بەرژەوەندییە ئیستراتیژیو ژیانەکییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. بۆ لە ناوبردن یان سەرکوت کردنی ئەو هەڕەشەیەو عاملی ئەو هەڕەشەیەش لە هەر فاکتۆرێك، لەوانە فاکتۆری هێزی سەربازی کەڵك وەرگرین."

بۆ خۆ ئامادەکردن بەمەبەستی پاڵپشتی لەم سیاسەتەش، ئەو وڵاتە هێزی "دژکردەوەی خێرا"ی دامەزراند. جێگای ئاماژەپێدانە کە ئەم سیاسەتەش بوو بە ڕێچکەیەکی سیاسی بۆ دەوڵەتانی دیکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو هەنوکەش هەر بەردەوامە. لەم پێوەندییەشدا دەتوانین مەزنیخۆزییەکانی بەعسی عێراق و داگیرکردنی

کویت بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی داهاتو دەرکەوتی نەوتی ئەو وڵاتە وەبیر بێننەوە کە بە دژکردەوەی خێراو بەهێزی جیهانیی بە سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتوەکان هەم لە کویت وەدەرنراو هەم ماشێن و هێزی سەربازی بەعس بۆ هەمیشە تێکشکا.

لەم پێوەندییەش دا پرزدێنت رۆناڵد رەیگان، سەرۆك کۆماری ئەوکاتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەکۆ درێژەدەرو بەهێزکەری ئەو رێچکە سیاسییە، لە وتارێکی لە کۆشکی سپیدا ساڵی 1988 ئامانجەکانی بەم چەشنە دەخاتە روو:

1. پاراستنی کەشی ئازادی هاتوچوی کەشتیو پاپۆڕەکان
2. پاڵپشتیو بە هێزکردنی وڵاتانی میانەڕەو
3. لاوازکردنو بی هێز کردنی دەسەڵاتی وڵاتانو دەوڵەتانی دژبە رۆژئاوا
4. گەرەنتی کردنی بەرهەم هێنانو هەناردەی نەوت بە رادەی پێویست بۆ خۆیانو هاوپەیمانانیان
5. فرۆشتنی چەكو چۆڵ بە دۆستانیان لە ناوچەکەدا بۆ پاراستنی خۆیان لە بەرامبەر دوژمنانیاندا.

مەبەست لە داڕشتنی ئەو سیاسەتەش کە بە"هاوسانی هێز" بەناوبانگ بوو بریتی بوولە:

1. هیچ هێزێکی دەرەکی بە سەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو کانگا نەوتییەکانیدا زاڵ نەبیَ
2. نەوتی ناوچەکە بیَهەڕەشەو مەترسی بگاتە وڵاتانی رۆژئاوایی
3. پێش بە رەوتی پەرەسەندنی کارتێکەری یەکییەتی سۆڤێیەت بگیریَ.

ئەو سیاسەتەی وڵاتە یەکگرتوەکان توانی سەرکەوتووانە بڕواتە پێشو ئامانجەکانی ئەوانیش وەدی بێنیَ، بەڵام لە بیرمان نەچیَ کە ئەو سیاسەتە تەنیا لە بەرژەوەندی دەسەڵاتو حکومەتەکاندا بوو و ئەوەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەیکە ئەو هەڵەیەی وڵاتە یەکگرتووەکان رەقو کینە لە نێو کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دروست بکاتو خەڵکی ئەو وڵاتانە ئەمەریکا بە پاڵپشتی دیکتاتورییەتەکانیان بزانن و وەکوو هاوتاوانێکی ئەوان سەیری بکەن. بەڵام ئەم قۆناغەش بەکلیدی 11ی سێپتەمبر کرایەوە. دەسەڵاتدارانی رۆژئاوایی تێگەیشتن کە ئەو هێرشانەی 11ی سێپتەمبر لە راستیدا زرینگانەوەی ناقووسیو هەڕەشە بوون. مەترسیو هەڕەشەیەك کە باسی کۆتایی قۆناغێکی سیاسیو سیاسەتێکی دەکرد کە بەڕێوەبەرانی لە بیریان چووبوو گۆڕانی بە سەردا بێنن، یان کەمتەرخەمییان نواندبوو، یان لە خەونی شیرینی غەفڵەتدا بوون.

وڵاتانی پیشەسازیی رۆژئاوا تەنانەت پێش لە رووداوەکانی 11ی سێپتەمبریش بەردەوام پروپاگەندەیان دەکرد بۆ هەڵەکانیان لە مەڕ چاکسازی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا. ئەوان پێیان وابوو کە ئەو ناوچەیە بە هۆی هەژارییەکی فرەلایەنەوە لە لایەن هێزە دواکەوتوو و تیرۆریستییەکانەوە وەك پێگەو خێزگەی تیرۆرو توندوتیژی کەڵکی لێوەردەگیریَ. کەوا بوو دەبیَ بوارە دواکەوتووییەکان بە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی کارناسانەو پسپۆڕانە ببینرێنەوەو هەوڵ بۆ چاکسازیو رێفۆرم لە بوارە جۆراوجۆرەکانیاندا بدریَ. بۆ ئەم مەبەستەش پاش کۆمەڵێك چالاکیو توێژینەوە لە دوو تۆیی "پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست"دا هێندیَ بەڵگەو سەرژمێری فراوان لە بەردەست دایە کە بۆ باشتر تێگەیشتن لە بارودۆخی خەڵکی ئەو ناوچەیە جێگای لێورد بوونەوەن.

بە پیَ زانیارییەك کە لە پرۆژەی ناوبراودا ئاماژەی پیَکراوە، سەرجەم داهاتی خاوی نەتەوەیی 22 وڵاتی عەرەبی لە داهاتی وڵاتی ئیسپانیا کە لە ریزی وڵاتانی کەم داهاتی رۆژئاوادایە، کەمترە. نزیك بە 65٪ی

خەڵکی وڵاتانی وڵاتانی عەرەبی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە کۆی 162 میلیون کەسی دانیشتووی ئەو وڵاتانە کە تەمەنیان لە سەروی 18 ساڵەوەیە نەخوێندواران کە دوو لە سێی ئەم ڕێژەیە ژنان پێکی دێنن. جێگای ئاماژەپێدانە کە لە هەزارەی سێهەم دا بوو ژنان لە عەرەبستانی سعوودی ڕەگەزنامەیان پێدراو ژنانی کویت مافی دەنگدانیان وەرگرت.

بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەیە کە زۆربەی داهاتی وڵاتانی ناوچەکە یان لەبواری سەربازییدا خەرج دەکرێ، یان دەچێتە گیرفانی دەسەڵاتداران‌و باندو گرووپە مافیاییەکانیانەوە. هیچ چەشنە پیشەسازییەکی ئەوتۆ بوونی نیە تاکوو هێزی کار بۆلای خۆی راکێشێ. کەوابوو بێکاری لە وەها هەلومەرجێك دا ئاساییە. بەپێ ئاماری ئەو پرۆژەیە چاوەڕوان دەکرێ نزیك بە 50 میلیون لاو تاساڵی 2010 روو لە بازاڕی کار بکەن‌و بارودۆخی ئەو وڵاتانەش کە تائێستا تەنیا رۆڵی بەکار هێنەریان هەبوە بە هیچ چەشنێ وەڵامدەری هێزی کارە نیە. خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە وڵاتانی عەرەبی تا ساڵی 2020ی ـ زـ بۆ وەڵامدانەوە بەو هێزە بێکارەی کە بوونی دەبێ پێویستیان بە 1میلیۆن هەلی کار هەیە. هەر لە درێژەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەگەر ئەو پیڤاژۆە بێکارییەی تاکوو ئیستا بوونی هەبوە بەوچەشنە درێژەی هەبێ، تا ساڵی 2010 بێکاری وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە دەگاتە 25 میلیۆن کەس کە ئەوەش ئەگەرێکی مەترسیدارە.

نێوەنجی داهاتی یەك لە سێ دانیشتوانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سنووری دوو دۆلار تێپەڕناکات، لە سەر ئەم بنەمایەش ڕێفورم‌و پێیداچوونەوە بە سیستمی ئابووری‌و گەشەی ئابووری ئەو وڵاتانەدا پێویستە. لە مەڕ پێوەندییەکان‌و دونیای ئینفۆرماتیك دەبێ بێژین تەنیا 1/6لە سەدی خەڵکی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست توانایی کەڵك وەرگرتن لە ئینترنێتیان هەیە کە ئەم ڕێژەیە تەنانەت لە ڕێژەی وڵاتانی لە حاڵی گەشەی ئافریقا لەو بوارەدا کەمترە.

هەر لە درێژەدا لەمەڕ بەشداریدانی ژنان لە پەرلەمانی ئەو وڵاتانەدا ئاوەها ئێژێ:

" لەکاتێکدا کە تەنیا 3/5 لەسەدی کورسییەکانی پەرلەمانی وەبەر ژنان کەوتوە، هەرلە وڵاتانی لەحاڵی گەشەی ئافریقایێدا ڕێژەی بەشداری ژنان دەگاتە 8/4 لەسەد. هەل‌و مەرجی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری‌و کولتووری لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی‌و وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی‌دا بە چەشنێکە کە بە پێ را پرسییەکی زانستی‌و مەیدانی 51٪ی لاوانی وڵاتانی عەرەبی خوازیاری کۆچکردنی هەمیشەیی بۆ وڵاتانی ئورووپایین، لەم نێوانەشدا زۆربەی ئەم ڕێژەیە لەلایەك ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەو کەش‌و هەوا دوگم‌و بەرتەسکەدا هەڵناکەن، لەلایەکی دیکەوە مێشکە ڕاکردووەکان پێك دێنێ کە داهاتە گرینگەکانی داهاتووی وڵاتن.

لەو وڵاتانەی ئەو ناوچەیەدا بەهۆی زاڵبوونی فەزای دیکتاتۆرییەوە مەودای خەباتی نێوخۆیی‌و پێکهاتنی توخمەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بوونی نیە. هەربۆیە گوشارەکان بە ئەوپەڕی خۆیان دەگەن‌و هیچ رێگەیەکیش بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو گوشارانە لە ئارادا نیە کە ئەوەش ئاکامەکەی دەبێتە کێشە، ئاڵۆزی، شۆڕش، شلەژان‌و باڵ کێشانی کەش‌و هەوای دژە ئاسایشی بەسەر ناوچەکەداو میلیتاریزە بوونی هەرچێ زیاتری کۆمەڵگاو وڵاتانی ناوچەکە لە نێوخۆ و هەوڵدانیان بۆ دەستڕاگەیشتن بەچەکی کۆمەڵکوژ وەکوو چەکە بیۆلۆژیکی‌و کیمیاوی‌و ناوەکییەکان وەکوو هێزی پێشگرانەی ستراتژیك بۆ ئەوەیکە هیچ هێزێکی دەرەکی نەتوانێ گوشاریان بخاتەسەر.

پاش تاوتوی کردنی چەندین باسو بابەتی گرینگ لە سەر چاکسازی لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستداو هەروەها گرتنو بەستنی چەندین کۆڕو سیمینار لەئاستی نێونەتەوەیی، بە تایبەت ولاتانی پیشەیی دا، ولاتانی (G8 )یان بێژین گرووپی هەشت ولاتی پیشەسازی جیهان لە سەر گەلالیەك لە ژێر ناوی "پرۆژەی رۆژهەلاتی نێوەڕاستی گەورەو باکووری ئافریقا ساق بوونەوە.

لێرەدا لە بەر گرینگی ئەو گەلالەیە بە پێویست دەزانین کورتەیەکی بخەینە بەر دیدی خوێنەران.

"کورتەیەك لە پرۆژەی رۆژهەلاتی نێوەڕاستی گەورەو باکووری ئافریقا"

1 ـ سەرکردەکانی (G8) بەو بڕوایە گەیشتن کە ئاشتیو پێشکەوتنو ئالوگۆڕی دەسەلاتی سیاسی، گۆڕانکاری ئابووری، کۆمەلایەتیو خزمەتگوزاری لە ولاتانی رۆژهەلاتی نێوەڕاستو باکووری ئافریقادا کۆمەلە گرفتو قەیرانگەلێکن کە بۆ کۆمەلگای جیهانی جێگای نیگەرانیو دلەراوکێن. هەر بۆیە لە دووتوێی پرۆژەی ناوبراودا ئامادەیی خۆیان بۆ پالپشتی لە هەر چەشنە گۆڕانیکیپێشکەوتن خوازانە دەربڕیوە.

2 ـ نەتەوە پێکهێنەرەکانی ئەو ناوچەیە لە بوارەکانی دەسەلاتداریتی، بازرگانی، زانستو پێشکەوتنەوە خاوەنی کولتوورو شارستانیەتی گەورەنو لە پێشکەوتنی شارستانییەتی مرۆییدا رۆلێکی بەرچاویان گێڕاو. لەو پێوەندییەشدا پالپشتی خۆیان بۆ راگەیاندراو و لێدوانەکانی بەرپرسانی بەشێك لە ولاتانی ناوچە، بەتایبەت ولاتانی عەرەبی دەربڕیوە. مەبەست لە دانیشتنەکانی میسر، "بحرالمیت"و سەنعاو عەقەبەیە.

3 ـ ولاتانی (G8) بە ئەرکی خۆیان دەزانن بەشداری بکەن لە رەوتی گەشەو پێشکەوتنی ولاتو نەتەوەکانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست داو لەو بڕوایەدان کە ئەم بەشداری کردنە لە سەر بنەمایەکی راستەقینە بەمەبەستی بەهێزکردنی ئازادی ئەرێنیو جێگیر کردنی دێموکراسیو گەشە پێدانی کەرتی ئابووریو بازرگانی و پالپشتی کۆمەلگای مەدەنییە.

4 ـ خالی چوار ئاماژە بەو بایەخانە دەکات کە پێشنیارەکانی ئەوان وەدی دێنن، دەلێ ئەو بایەخانەی ئێمە بۆیان تێدەکۆشین بریتین لە ئازادی، دێموکراسی، حکوومەتی یاسا، هەلی ئابووریو دادپەروەری کۆمەلایەتی کە لە بەلگەنامەو مەنشوورە نێونەتەوەییەکاندا جەختیان لە سەر کراوەتەوە.

5 ـ ولاتانی (G8) لەگەل دەسپێکردنی بەشداری بۆ پرۆژەکە خۆیان بەم بنەماینەوە بە پابەند دەزانن:

5ـ1) ـ هەولدان بۆ بەهێز کردنی پێیەندی کۆمەلگای نێودەولەتی بە ئاشتیو سەقامگیری لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستی گەورەو باکووری ئافریقادا.

5ـ2) ـ چارەسەر کردنی کێشەدرێژخانو قەیراناوییەکان بە تایبەتی کێشەی فەلەستین ـ ئیسرائیل کە یەکێ لە گرینگترین کێشەکان لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست دایە.

5ـ3) ـ لەگەل ئەوەیدا کە هەول بۆ چارەسەریی کێشەکان دەدرێ، لە هەمان کاتیشدا نابێ ئەوکێشە ناوچەییانە لە بەرامبەر چاکسازییەکاندا ببن بە بەربەست. لە راستیدا چاکسازییەکان بۆ چارەسەریی ئەم کێشانە گرینگن.

5ـ4) ـ ئەو گرووپە بەڵێنی دابینكردنی سەقامگیری تەواو و گشتگیر لە عێراقدا دەدەن، بەتایبەت لە ڕێگای پاڵپشتی لە ئاكامی سەركەوتنە سیاسییەكانو هاندانی نەتەوەیەكگرتووەكان بەمەبەستی بەشداری چالاكانە.

5ـ5) ـ لە ڕوانگەی ئەوانەوە چاكسازی سەركەوتوانە بەستراوەتەوە بە ڕادەی هاوكاریی وڵاتانی ناوچەوە، واتە كۆپییەكی یان چاكسازییەكی دەرەكی وەكوو گەڵاڵە نابێ بەسەریاندا بسەپێنرێ.

5ـ6) ـ دەبێ فرەچەشنیو تایبە تمەندی وڵاتان لەبەرچاو بگرین، هەوڵەكان دەبێ لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتان یەك بگرێتەوە. هەر وڵاتە بە پێ تایبە تمەندییەكانی خۆی ئاكام لەم چاكسازییە وەردەگرێ، لە گەڵ ئەوەشدا نابێ ئەو جیاوازیو فرەچشنییەش ببێتە لەمپەر لە بەردەم پرۆژە چاكسازییەكاندا.

5ـ7) ـ دەبی لە پاڵ پشتیوانی وڵاتانی (G8) دا خاوەن كۆمپانیاو خاوەن سەرۆمایە گەورەكانو بازرگانەكانو ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی لەو پرۆژە چاكسازییەدا بەشدار بن.

5ـ8 ) پاڵپشتی ئەو چاكسازییانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەدا پرۆژەیەكی درێژخایەنەو بەرژەوەندی هەموو دانیشتوانی ناوچەكەی تێدایە، پێویستە وڵاتانی (G8) لەم پرۆژە چاكسازییەدا نەوەكانی داهاتووش لەبەرچاو بگرن.

6 ـ بەشداری لەم پرۆژەیەدا پێویستی بە چەندین ساڵ پاڵپشتی لە ڕێگای بەرنامەو پلانی دوولایەنەوە لە ناوچەكەدا بە بەشداری ئورووپای مێدیترانەیی، كەڵك وەرگرتنو بەشداری كردنی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئەمریكا هەیە. لەم پێوەندییەدا وتووێژی نێوان ژاپۆنو وڵاتانی عەرەبی بەوێنە دێنینەوە، كە ئەم وێنەیە تاڕادەیەك یارمەتی پێشكەوتنو گەشەی ئابووری داوە. جەخت دەكەنەوە لە سەر ئەوەی كە دەبێ ئەو ڕەوتە لە ئەففانستانیشدا سەركەوتوانە بچێتە پێش.

7 ـ ئاستی زۆری قەیرانو كێشەو گرفت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو باكووری ئەفریقا بە ڕادەیەكە كە ناچارمان دەكات دیسان جەخت لە سەر هاوكارییو هاوڕایی لە پرۆژە چاكسازییەكان لەم ناوچانەدا بكەینەوە. ئەوانە لەو بڕوایەدان كە تەنیا یەكدەنگیو یەكییەتی دەتوانێ یارمەتی بە ڕەوتی گەشەسەندنی دێمۆكراسی لە ناوچەكەدا بدات. هەروەها پرۆژەی ناوبراو جەختی لە سەر دەكاتەوە كە ئێمە پشتیوانی لە هەوڵو تێكۆشانی دەوڵەتو ڕێكخراوو ئاژانسە جۆراوجۆرەكان دەكەین كە یارمەتی سەركەوتنی پرۆژەكە دەدەنو بۆ پەرەپێدانی پێشكەوتنی ناوچەكە تێدەكۆشن.

8 ـ پێویستییە بنچینییەكان لە بەشداری لە پرۆژەی ناوبراودا، " سەكۆی داهاتوو" یە كە هەوڵەكانی بەشداری پرۆژەكە لە وتووێژی سەرئاوەڵاو بەردەوام دا، پەرەپێدەداو بەهێزی دەكا. سەكۆی ئاماژە پێكراو بازنەیەكی كاریی لە چەشنی وەزارەتدا دابین دەكات كە وەزیرانی كاروباری دەرەوەو ئابووریو وەزیرانی وڵاتانی گرووپی هەشتو دەوڵەتانی ناوچە لەم پێوەندییەدا بۆ وتۆوێژی بەردەوام لە گەڵ بەرپرسانی دارایی، نوێنەرانی كۆمەڵگای مەدەنی كە ئەوانیش لە وتوێژگەلی هاوچەشندا بەشدار دەبن، كۆدەبێتەوە. سەكۆی ناوبراو ڕۆڵی نێوبژیوانی دەبێو لەهەمان كاتیشدا گەرەنتی ئەوە دەكات كە هەوڵەكانی گرووپی ناوبراو وەڵامدەری خواستەكانی ناوچەكە دەبێ.

9 ـ یارمەتی دانی چارەسەری كێشەی عەرەب ـ ئیسرائیل بە پشت بەستن بە بڕیارەكانی 244و 338ی نەتەوەیەكگرتووەكان. پرۆژەكە یارمەت دەداو پاڵپشتی دەكات لە دامەزرانی دوو دەوڵەتی سەربەخۆی ئیسرائیلو

فەللەستین. هەروەها رادەگەیەنن کە ئێمە لە تیمی کاری نێونەتەوەییدا لە بواری چاکسازی لە فەللەستین‌و کۆمیتەی پێوەندییەکان کە بۆ ئەم مەبەستە دامەزراوە پشتیوانی دەکەین‌و هەموو وڵاتان بۆ یارمەتیدان لەم پێوەندییەدا هاندەدەین.

پرۆژەی ناوبراو پشتیوانی لە سندوقی نێونەتەوەیی دراو یان بانکی جیهانی دەکاو وڵاتان بۆ بەشداری لەم پرۆژەو داهێنانە گرینگەکاندا هان دەدا. هەروەها بەشداران ئێژن ئێمە هاودەنگ لەگەڵ کۆمیتەی چوار لایەنەدا داوا لە لایەنەکان دەکەین کە پێبەندبن بەو بەڵێنیانەی کە لە پلانی ڕێگاو پێشنیارەکانی بڕیاری 1515ی ئەنجومەنی ئاسایش‌و هەڵویستەکانی کۆمیتەی چوارلایەنەو بەڵێنەکانی دوو دانیشتنی عەقەبە (ئوردۆن)و شەرم الشیخ (میسر).

10 ـ لە پرۆژژەکەدا بەڵێن‌و پرۆگرامەکان بە سەرسێ تەوەردا دابەش کراون کە بریتین لە:

10ـ1) ـ تەوەری سیاسی:

گەشەو پێشکەوتنی کولتووری دێموکراسی‌و دەسەڵاتی یاسا بەستراوەتەوە بە گەرەنتی کردنی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ‌و دابینکردنی ئازادییە سیاسییەکانەوە، کە ئەوەش بە واتای قبوڵ کردنی جیاوازی‌و فرەرەنگییە، کە ئەمەش بە نۆبەی خۆی یارمەتی بیروڕا گۆڕینەوەو لێك تێگەیشتن‌و چارەسەریی پێکەوەیی‌و ئاشتیانەی کێشەو گرفتەکان لە حکومەت‌و ئورگان‌و رێکخراوەکاندا دەداو یارمەتیدەری چاکسازییەکی فرەلایەنە.

10ـ2) ـ تەوەری کۆمەڵایەتی‌و کوولتوری:

پەروەردەی کۆمەڵگا پەروەردەیەکی سەقەت بوە، هەر بۆیە بۆ سەر لە نوێ بونیاتنانەوەی کۆمەڵگا پێویستمان بە پەروەردەی ئەمڕۆیی‌و پێشکەوتوو هەیە کە جەخت بکاتەوە لەسەر یەکسانی مافی ژن وپیاو بۆ ئەم مەبەستەش دونیای تیکنۆلۆژی‌و پەیوەندییەکان یارمەتیدەرێکی باشە. چونکی بوونی ئەندامانێکی زاناو خوێندەوار و تێگەیشتوو لە کۆمەڵگادا کلیلی بەشداری کردنی پێشکەوتن‌و بەرەوپێش چوونە. پرۆژە بەڵێن دەدا بۆ هەوڵدان بە مەبەستی بنەبڕکردنی نەخوێندەواری بە تایبەت لە نێو کچان‌و ژناندا .

10ـ3) ـ تەوەری ئابووری:

پێکهێنانی هەلی کار لەم وڵاتانەدا لە سەرەوەی هەموو شتێکەوەیە. دەبێ هەلومەرجێك پێك بێت کە کەرتی تایبەت بتوانێ دەرفەتی کار بڕەخسێنێ. پرۆژەکە بەڵێن دەدات کە لەگەڵ حکومەتەکان، بازەرگانان‌و وەبەرهێنەرانی ئەم ناوچەیەدا بەمەبەستی پەرەپێدانی پرۆژە بازەرگانی‌و وەبەرهێنانەکان. لەو پێوەندیەشدا هەم ئیمکانیات‌و سەرمایە وەگەڕ دەخەن‌و هەم گەرەنتی موڵکداری وەبەرهێنەران دەکەن‌و هەم ئامانج‌و مەبەست پێکدێنن. بۆ ئەم مەبەستەش پێش لە هەموو شتێك دژی گەندەڵی دەوستنەوە.

11 ـبەشداری بۆ پێشکەوتن‌و داهاتوی هاوبەش بە هێزی بەرەوپێش بردن دەزانن لە پێوەندی نێوان خۆیان‌و رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو باکووری ئافریقادا. ئەم بەشداری کردنەش دەبی لێبڕاوو چالاکانە بێ.

## رەشنووسی گرووپی هەشت بۆ پشتیوانی لە چاکسازییەکان

ئەوان رادەگەیەن کە ئێمە پشتیوانی لە پرۆژەی چاکسازی‌و بونیاتنانەوە لە ناوچەکەدا دەکەین‌و لە رێگای بیروڕا گۆڕینەوەو راپرسیەوە رای خەڵکی ناوچەکەو دەسەڵاتدارانیان وەردەگرین‌و توێژینەوەیان لەگەڵ دەکەین. لە راستیدا ئەو هەلە هەلێکی لەبارە بۆ رێفۆرم‌و چاکسازی فرەلایەنە لە کۆمەڵگاو وڵاتانی رۆژهەڵاتی

نێوەڕاستدا. پرۆژەی ناوبراو پێویستی بە دەرك كردن و چالاك بوونی دوولایەنە هەیە، لە وەها بارودۆخێكدا چاوەڕوانی پێشكەوتن و بەرئەنجام لە پرۆژەكە دەكرێ. گرووپی هەشت لە راگەیاندنێكدا ئێژن ئێمە ئەمڕۆ بە رۆحی بەشدارییەوە، بەڵێنەكانی خۆمان بۆ پاڵپشتی لە بەرەو پێش چوونی پرۆژەكە بەم چەشنە رادەگەیەنین:

1ـ1) ـ پێكهێنانی (سەكۆی داهاتوو) لەگەڵ هاوپەیمانانیدا بە مەبەستی هەوڵدان بۆ ئەم بابەتانە:

Aـ دانانی چوارچێوەی وەزارەتێك بەمەبەستی وتووێژی پەیوەندیدار لە بواری سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتی لە سەر بنەمای رێزلێنانی هاوبەش لە نێوان ئێمەدا.

Bـ سازكردنی كۆبوونەوەوی هاوبەش لە نێوان وەزیرانی ئابووری و كاروباری دەرەكی ئەندامانی گرووپی هەشت و شەریكەكانیان لە ناوچەكەدا.

هاندانی ئاڵۆگۆڕو هاریكاری لە نێوان پسپۆڕان و بیرمەندا دا.

1ـ2) ـ وەگەڕخستنی گەڵاڵە وەبەرهێنانە چكۆلەكان و زیاد كردنی هەلی پشتیوانی دارایی لە پرۆژە بازرگانییەكان لە ئاستی نزم دا بەم چەشنە:

Aـ گرۆپی راوێژكاریی بۆ یارمەتی پرۆژە چووكەكان دامەزراوەكە گرووپی راوێژی لایەنگری لە هەژاران بەڕێوەی دەبات، كە كۆمەڵێ لایەن وەكوو گرووپی هەشت، وڵاتانی ناوچەكەو یارمەتیدەرانی دیكە لە خۆدەگرێ.

Bـ هاوكاری گرووپی پاڵپشتی هەژاران سەربە بانكی جیهانی بە مەبەستی دامەزراندنی ناوەندی پێشكەوتووی پەروەردەو فێركردن بە مەبەستی راهێنانی هێزی نوێ بە پەروەردەو زانستی سەردەم و ئامادە كردنی نەوەی داهاتوو بە شێوەیەكی پێشكەوتوانە بۆ لە دەست گرتنی كارو باری ئەو وڵاتانە.

Cـ وەگەڕخستنی پرۆگرامێكی نوێ بۆ یارمەتیدانی لەو ناوچەیەدا بە مەبەستی یارمەتی دانی بازرگان و وەبەرهێنە نێوە نجیبیەكان بەمەبەستی دەسپێكردنی گەشە پێدانی بواری كاركردن و رەخساندنی دەرفەتی كاری نوێ.

Dـ هاوئاهەنگی لە نێوان وڵاتانی ناوچەكەدا، ئەو وڵاتانەی كە بەڵێن دەدەن لەرێگای وامی بچووكی 5 ساڵەوە پاڵپشتی لە 2 میلیون پرۆژە بكەن، ئەو پرۆژەیەش بە مەبەستی بنەبڕكردنی هەژارییە.

1ـ3) چڕكردنەوەی هەوڵە ناوچەییەكان لە پێوەندی لە گەڵ دانیشتنی بەیروتدا لە رێگای پێكهێنانی دامەزراوەی جۆراوجۆری خزمەتگوزاری بە مەبەستی وەدەستهێنانی دەرفەتی خوێندن بۆ پتر لە 20 میلیون تاك. بەو هیوایەی ئەو پرۆژەو یارمەتییانە بتوانێ لە دەهەی داهاتوودا نەخوێندەواران بۆ نیوە دابەزێنێ، كە ئەم پرۆژەیە پێویستی بەم خاڵانە هەیە:

Aـ دەبێ مامۆستاكان فێری كەڵك وەرگرتن لە تێكنۆلۆژی بكرێن، كە ئەمەش فێربوون لە رێگای ئینترنێتەوە لە خۆ دەگرێ. ئەمەش دەتوانێ شانسێكی باش بێ بۆ پەروەردە كردنی داهاتووی منداڵان.

Bـ هەوڵدان بۆ راهێنانی پتر لە 100 هەزار مامۆستا پێش لە كۆتایی ساڵی 2009ی ـ ز ـ بە یارمەتی تێكنۆلۆژی ریشەكێشكردنی نەخوێندەواری.

C ـ پێكهێنانی هەلی لەبار بۆ مامۆستایان لە رێگای ئاموزشگەڵێ كە ئێستا هەیە بە یارمەتی دابین كردنی ئیمكاناتی پەروەردەیی بۆ هەموو كەسێ كە رێكخراوی "یونسكۆ" سەرپەرەستی دەكات.

D ـ پێكهێنان و پاراستنی كاناڵی پێوەندی ناوچەیی (رۆژهەڵاتی نێوەڕاست) بە مەبەستی بەشداری لە ئەزموون و بەڕێوەبردنی باشترین كردەودا .

E ـ یارمەتی پەروەردەیی بە ژنان و کچان کە لە دواکەوتوویی و نەخوێندەواری دا پتر زوڵمیان لێ چوە، دەبێ ئاسانکاری بکرێ بۆ ئەوەیکە دەستیان بە قوتا بخانە و ناوەندە فێرگەییەکان بگات.

F ـ پاڵپشتی پرۆژە نێوخۆییەکان بە مەبەستی ریشەکێش کردنی نەخوێندەواری تایبەت بە گەورە ساڵان، بەمەرجێك کە ئەم پرۆگرامە پەرومردەییانە وانەی لەشساغی، خواردن و شارەزایی لە بواری ئیدارە کردنی پرۆژە بازەرگانییەکانیشیان لە گەڵ بێ.

4ـ1) چڕکردنەوەی پاڵپشتی لە دەرفەتە بازرگانیو پرۆژە بازرگانییەکان هاوکات لە گەڵ بەرێوەبردنی پرۆگرامی پەرومردەیی تایبەتیدا بە مەبەستی پشتیوانی لە کچە لاوەکانو پەرەپێدانی هەلی کاریی بۆ ئەوان کە ئەم خاڵانەی خوارێ لەخۆ دەگرێ:

A ـ بەرێوەبردنی هێندێ پرۆژە بە هاوئاهەنگی کۆمپانیا بازەرگانییەکان لە وڵاتانی گرووپی هەشتو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو باکووری ئافریقادا بە مەبەستی دابینکردنی دەرفەتی پەرومردەیی بۆ 250 هەزار لاو.

B - پاڵپشتیو لایەنگری لە خۆلی تایبەت بە توێژینەوە بۆ بەوەرێوەبەران، بەتایبەت ژنان، بە مەبەستی پەرە پێدانی شیاوییو تواناییان بۆ بەرێوەبردنی پرۆگرامی کورت خایەن بە تایبەت لە بواری تێکۆشانی بازرگانیو ئەو وانانەدا کە بە مەبەستی پێشەسازی کاناڵیزە کراون.

C ـ پراکتیزە کردنی پرۆگرامی تایبەت بە کۆمپانیاکانو پاڵپشتی لە تێکۆشانی بازرگانیان لە گەڵ ئەو کەسانەیدا کە خاوەن پرۆژەی بازرگانی ناوچەیین.

D ـ پاڵپشتیو هاندانی ئەندازیارانو بازرگانان بۆ گواستنەوەی کارە پەرومردەییە درووستەکانیان.

5 ) ـ پێك هێنانی وتووێژی دێموکراتیك لە ژێر چاوەدێری (سەکۆی داهاتوودا) و بە بەشداری ئەو کۆمپانیایانەی خوازیاری بەشدارین لە ژێر چاوەدێری رێکخراوی پاڵپشتی لە دێمۆکراسیو هەروەها هاوکاری رێکخراوە دێمۆکراتیکەکانو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی سەر بە وڵاتانی گرووپی هەشتو ئورووپا تاکوو:

A ـ هەوڵبدەن هەڵەکان تاوتوێ بکەن، بەکەڵك وەرگرتن لە زانیارییە وەدەستهاتووەکان لە ئەزموونی دێموکراسی لە ناوچەکەداو بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی موڵکدارێتی بۆ هەر وڵاتێك ئاسانکاری پێویست بکرێ.

B ـ لە گەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو ئەو دەوڵەتە ناوچەییانەی خوازیاری بەشدارین بە دەستپێکردنی پرۆگرامی نوێ هەوڵ بدرێ.

C ـ دەستەبەرکردنی هێندێ دەرفەت بۆ بەشداران بە مەبەستی پەرەپێدانی ئەو هەوڵە هاوبەشانەی کە پرۆژە دوولایەنەکان لە خۆ دەگرێ.

6) ـ پاڵپشتیو هاریکاری ناوچەییو ئابووری پرۆژەکە بەمەبەستی رخساندنی هەلی زیاتر بۆ هەڵبژاردنی، و یارمەتیدانی پرۆژەو پلانە بچووکەکان کە بریتییە لە:

A ـ تێوەگلانی ناوچە دوورەکان لە وەبەرهێنانەکاندا، بە مەبەستی وەرگرتنی یارمەتییەکانی رێکخراوی (I-F-C) کە ئەوەش خۆی گرێدانی هەوڵەکانی دوو ناوچەیە کە وەبەرهێنانی گرووپی هەشت رادەکێشێ.

B ـ دەبێ شارەزایی، پسپۆڕیو ئەزموونداریێتیو سەرچاوە ماڵییەکان پەرەبگرنو گەشە بستێنن.

C ـ پاڵپشتی فەننیو تێکنۆلۆژیك لەو وڵاتانەدا کە خوازیاری گەشەپێدانی لایەنی بازرگانی نێوخۆییو دەرەکینو خوازیاری باشتر کردنی بارودۆخی وەبەرهێنانن.

D ـ هاندانی ڕێکخراوی (I-F-C) بۆ پتر پشت بەستن بە وەبەرهێنانە وردو گەورەکان.

7) ـ پێکهێنانی کەش و هەوای وەبەرهێنان و پاڵپشتییەکی ئابووری کە توانای ڕاکێشانی ناوەندو کۆمپانیا جۆراوجۆرەکانی هەبێ و توانای یارمەتی وەرگرتن لە ناوەندە دراوییە نێونەتەوەییەکان بۆ ئەو مەبەستانە هەبێ:

A ـ هاوئاهەنگی باشتر بۆ ئەو پرۆگرامانە و سەرچاوانەی کە بوونیان هەیە.

B ـ لایەنگری و پشتیوانی فەننی لە هەوڵە ناوچەییەکان بۆ گۆڕینی پێکهاتەی هێزی ڕێکخستن و پاڵپشتی کردنی دەرفەتی وەبەرهێنان.

C ـ توانای تاوتوێ کردنی و خوێندنەوەی ئەو سەرچاوە ماڵییانە و سەرچاوە نوێیەکان بەمەبەستی پاڵپشتی لە پرۆژە بازرگانییە وردو نێوە نجیبیەکانی هەیە.

8) ـ دامەزراندنی هێزی پێ ئەسپێردراوی خێرا بەبەشداری وەبەرهێنەرانی ناوچەیی و کەسایەتییە ناسراوە ئابوورییەکانی وڵاتانی (G8) بۆ وێنە بەشداری ئەنجومەنی ( پرۆژە بازرگانییە عەرەبییەکان )، واتە بە بەشداری وەها یەکییەتییەك ئەو وڵاتانە بەشداری دەکەن و ئەوەش ئەم خاڵانە لە خۆ دەگرێ:

A ـ دیتنەوەی کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ڕێگای وەبەرهێنان.

B ـ پێشکەش کردنی پێشنیاری وردو درووست و دەستنیشانکردنی بواری چەندایەتی.

C ـ هاوکاری لەگەڵ ئەو وڵاتە ناوچەییانەدا کە خوازیاری بەشداری بەمەبەستی درێژە پێدانی چاکسازین و پاڵپشتی هەر هەوڵێك لەو پێوەندییەدا دەکەن.

D ـ لێکدانەوەو نرخاندنی پێشکەوتنە چاکسازییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و نووسینیان. سەرەڕای پرنسیب و بڕیارە دەرەکییەکان (G8) هەوڵ دەدات بۆ زیادکردنی هاوکاری لە نێوان ئەو ڕێکخراوانە بۆ پاڵپشتی لە چاکسازییەکان لە ناوچەکەدا. هەروەها (G8) خوی بە پێبەند دەزانێ بە پتر بەشداری کردن و وتووێژ لە گەڵ دەوڵەتان، بازرگانان و خاوەن وەبەرهێنانەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵ دەدا، تاکوو جێگایەك بکرێ هەوڵەکان چڕتر بکاتەوەو پێوەندییەکان بەرینتر بکات.

رۆڵی وەزیرانی دەرەوەی ( یەکییەتی عەرەب ) :

یەکییەتی وڵاتانی عەرەبی دەبێ پرۆسەی دێموکراسی و بەشداری خەڵك لە دەسەڵاتدا بخاتە دەستووری کارەوەو زیاتر بایەخ بە لایەنی سیاسی ـ ئابووری ـ کۆمەڵایەتی ـ کولتووری ژیانی خەڵك بدات. ڕێز گرتن لە یەکسانی و ئازادی بیروڕا دەربڕین و ڕێزدانان بۆ یاسا، بە چەشنێك کە لە گەڵ پێوەرە عەرەبی و جیهانییەکاندا یەك بگرێتەوە. بایەخدان بە ڕۆڵی ژنان لەو کۆمەڵگایانەدا و بە هێزکردنی ڕۆڵ و بەشدارییان لە پێشکەوتنەکاندا. خەبات دژی بەرتیل و تاوانە ڕێکخراوەییەکان بەشێکی دیکە لە ئەرکی وەزیرانی عەرەبییە.

کۆنفرانسی ئەسکەندەرییە ( میسر ) :

لە کۆنفرانسی ناوبراودا پتر جەخت لە سەر ئازادی و دێموکراسی کرایەوە، ئەو دوو فاکتۆرەی کە سەرەڕای پێویستیی ژیانەکی، لە کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا زۆر لاوازن. لە کۆنفرانسی ناوبراودا هەوڵدرا پێویستی جێگیرکردنی دێموکراسی و دادوەری زۆ بکرێنەوەو هەوڵ بۆ پێکهاتنی دەسەڵاتی نەتەوەیی بدرێ.

بۆ ئەم مەبەستەش پلۆرالیزم و فرەچەشنی و فرەحیزبی کەوتە بەرباس، ئەمەش ڕێگایەکە بۆ ڕێز گرتنی حکومەتەکان لە تەواوی مافە پێوەندیدارەکان بە بیرو ڕێکخراوو ئازادی رادەربڕینەوە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا.

کۆنفرانسی سەنعا :

لەم کونفرنسەدا رۆڵی سیستمی دێموکراتیك کەوتە بەرباس و نرخێنرا. سیستمی دێموکراتیك دابین کەرو پارێزەری مافو بەرژەوەندییەکانی هەژاران و دەستکورتان و بەگشتی توێژەکانی کۆمەڵگایە. بەشێك لە بنەمای سیستمی دێموکراتیك لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەماندایە، لەوەدا یاسادانەران کە هەمان نوێنەرانی خەڵکن بەشێوەی خولی چەندساڵە هەڵدەبژێردرێن و دەتوانن نوێنەرایەتی خەڵکی کۆمەڵگاکانیان بکەن.

**کونفراسی عەقەبە :**

لەم کۆنفرانسەدا جەخت لە سەر رۆڵی ( شفافیت ) کرایەوەو رێزگرتنی حکوومەتی یاسا بە پێویستی دانرا. لە لایەکی دیکەوە بەشێك لە کۆنفرانسی ناوبراو بۆ ژنان و بارودۆخی ژنان لە وڵاتانی ئەو ناوچەیەدا تەرخان کرا.

پاشان ئاماژە بەوە کرا کە ئەو فاکتۆرانە هەموو پێشنیازی گەیشتن بە ئامانجەکانی دیکەن بۆ رێفۆرم لە ناوچەکەدا.

بە هێزکردنی دێموکراسی و پەرەپێدانی بەشداری خەڵك لە ژیانی سیاسی و گشتی خۆیدا ئەم خاڵانە لە خۆ دەگرێ:

2-1 ) - بە هەموو چەشنێ هەوڵ بدرێ بۆ پاڵپشتی لە بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازادو دێموکراتیك. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە کۆمیتەی سەربەخۆی چاودێری و هەڵسەنگاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکان پێك بێ و بەرنامەی بۆ پەروەردەکردن و ورپاکردنەوەی کۆمەڵگا دابرێژێ.

2-2 ) - پاڵپشتی و هاندانی بەردەوام و راهێنانی پەرلەمانی بە مەبەستی بونیاتنانی پەرلەمانێکی دێموکراتیك و خەڵکی بە واتای راستەقینەکەی خۆی. پشتیوانی و هاندانی خەڵکی بە مەبستی سازبوونی وەفدگەلی یاسا دانانی پەرلەمانی لە ناوچەکەدا لە گەڵ نووسینی یاساکان و چاکسازی لە رەوتی یاسادانانداو گەیاندنی دەنگی خەڵکی بە حکوومەت و یاسا بە واتای راستەقینەی نوێنەرایەتی خەڵکی.

2-3 ) بایەخدان بە رۆڵ و چالاکی ژنان و پاڵپشتی ئەو هەوڵانەی کە مەبەستیان یارمەتیدان و بەهێزکردنی ژنانە بۆ بەشداری کردنیان لە کاروباری سیاسی - ئابووری - کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵگادا. یارمەتیدانیان بۆ سازکردنی یەکییەتی و دامەزراوەی دیمۆکراتیکی ژنانە کە بەشێکە لە کۆمەڵگای مەدەنی .

2-4 ) - پێداچوونەوە بە سیستمی دادوەری وڵاتانی ئەو ناوچەیەدا. واتە چاکسازی دادوەری و سەربەخۆکردنی دەزگای دادوەری وڵاتان. رەخساندنی دەرفەت و هەلی پێویست بە مەبەستی پەروەردەکردنی کادری پێویست بۆ دادوەری، پارێزەری و بەگشتی کەسانی پسپۆڕ بۆ بەرێوەبردنی دەزگای دادوەری لە سەربنەمای مافی بەشداربون لە مافە نێونەتەوەییەکاندا و دامەزراندنی ناوەندگەلی یاسا پارێزی.

2-5 ) - پشتیوانی لە هەوڵە ناوچەییەکان بۆ گەشەپێدانی ئازادی رادەربرین و راگەیاندن و مێدیای سەربەخۆ لە رێگای پرۆگرامی گۆڕانکارییەوە، و دابین کردنی یارمەتی و پاراستن بۆ سەر بەخۆیی رۆژنامەوانی و گەرەنتی ئازادی و مافەکانی رۆژنامەوانان.

2-6 ) - هەوڵدان بۆ بردنە سەری ئاستی راسیونالیزمی حکومەت و رۆشنگەری و هەوڵدان دژ بە گەندەڵی لە رێگای بەکارهێنانی ئاییننامەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە. یارمەتی دانی فەننی و زانستی بە مەبەستی چاکسازی و رێفۆرمی ئابووری و بە هێزکردنی بۆ لابردنی بەرتیل خۆری و تیرۆریزمی دارایی.

2-7 ) - پاڵپشتی لە رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هاندانیان بەمەبەستی بەشداری کردنی لە رێفورم لە کۆمەڵگادا و هاوکاری یەکتری وەکوو پایەکانی کۆمەڵگای مەدەنی.

**ئەرکی وەزیرانی دەرەوەی ( یەکییەتی وڵاتانی عەرەبی ):**

ئەركی ئەو وەزیرانە لەم پرۆژەیەدا خەبات دژی نەخوێندەواریو ... و پەرەپێدانی سیستەمو سیستمی فێركردنی، تێكنۆلۆژیكییەكان.

بەڵگەی ئەسكەندەریە :

ئەندامانی دانیشتنی ئەسكەندەرییە بۆ ریشەكێش كردنی نەخوێندەواری بە تایبەت لە نێو ژناندا، هەوڵدەدەن بە پلانێكی دە ساڵەی كۆمەڵناسیو دامەزراندنی كۆمەڵگای پێشكەتووو وەگەڕخستنی دامەزراوە مەدەنییەكان، كاركردن لە بەشی وەرگێڕان لە بواری:

1 ـ لە عەرەبییەوە بۆ تەواوی، زمانە سراوەكانی دونیا

2 ـ لە تەواوی زمانەكانەوە بۆ زمانی عەرەبی

3_ بە هێز كردنی سیستمی راگەیاندن.

ئە نجومەنی هەوڵە بازرگانییەكانی عەرەب :

ئەندامانی ئە نجومەنی ناوبراو جەخت لەسەر دیتنەوەی رێگا چارەی پتر بەمەبەستی باشتر كردنی كاركردو ئاستی چۆنێیەتی سیستمی پەروەردەو دامەزراوە پەروەردەییەكانی دیكە دەكەنەوە. دەبێ ئەو وڵاتانە هەوڵ بدەن لایەنی فەننیو پیشەیی پەروەردە لە وڵاتەكانیاندا ببەنەسەرێ .

كۆنفرانسی سەنعا :

ئاسانكاریو هەوڵدان بۆ دابینكردنی دێموكراسیو مافەكانی مرۆڤو دیتنەوەی ئەو مەترسیانەی كە هەڕەشە لە كەشی دێموكراسی لە وڵاتەكانیاندا دەكات. بەو ئاكامە گەیشتن كە دەبێ هەوڵبدەن بۆ :

1ـ3 ) ـ یارمەتی دانی بە وڵاتانێك كە دەیانهەوێ رێفۆرمی پەروەردەیی بكەن. ئەم هەوڵانەش سەرناگرێ مەگەر لە رێگاەی پەروەردەكردنی كادری پێویست لەو بوارانەداو فێركردنی پەروەردەیی مۆدێرن و یارمەتیدان بە چاكسازی كۆمەڵایەتیو پلانرێژی لە ئاستی پەروەردەییو خوێندنی باڵادا.

2ـ3) ـ یارمەتی دان بە بۆاری كتێبخانەیی ناوچەكەو پاڵپشتی لە تواناكانی ناوچەو پاراستنی لە میراتی دابو نەریتە چاكەكانی. پەروەردەكردنی مامۆستای پێویست لە هەموو بوارەكاندا.

3ـ3) ـ دەبێ زانیاری دیجیتاڵی و ماڵی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو باكووری ئافریقا بەیارمەتی دووبەشی تایبەتیو دەوڵەتی لە رێگای پەروەردەی كۆمپیوتر و تێكنۆلۆژییەكانی دیكەوە بەهێز بكرێو كارگە ئیلكترونیكییەكان پەرەپێ بدرێ.

بەڵگەی ئەسكەندەرییە (2) :

وڵاتانی عەرەبی شوێنی كارو بازرگانییان هەیە، هەر بۆیە دیتنەوەی كار بۆ لاوانو بردنە سەری ئاستی پەروەردەییو خزمەتگوزاریو دارشتنی بەرنامەی كار بە مەبەستی بەهێزكردنی پرۆژە بچووكو نێونجییەكان دەبێ وەكوو لایەنی بنچینەیی لەو رێفۆرمەدا وەبەرچاو بگیرێ. نۆژەن كردنەوەی بانگو ناوەندە داراییو بازرگانییەكان.

پاڵپشتی وەبەر هێنانە وردو بچووكەكانو نوێكردنەوەی بازاڕی وەبەرهێنانی عەرەبی، نیزیك بوونەوەو تێكەڵ بوون بە ئابووریو بازەرگانی جیهانیو پاراستنی ریساكانی بازرگانیو زیاد كردنی هەناردەی كەرەستە خزمەتگوزارییەكان.

ئە نجومەنی كارگێڕی عەرەب:

بەمەبەستی پاڵپشتی پرۆژەی ناوبراو، هێزە خاوەن دەسەڵاتە سیاسییەکان دەبێ هەلومەرجێك پێك بێنن کە هێزەکانی بازاڕی ئازاد بتوانن بەسەر پرۆگرامە بازرگانیەکان و پلانە ئابووریەکاندا چاوەدێری بکەن. بۆ ئەو مەبەستەی کە وەبەرهێنەر بتوانێ پلانی درێژخایەن دابڕێژێ. لابردنی کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ڕێگای پرۆگرام و پلانرێژییە ئابوریەکان. پشت بەستن بە یاساو ریساکانی بازرگانی و پلانرێژی ئابووری و لە ئاستی توانادا تێکەڵ بوون بە ئابووری جیهانی.

**کۆبوونەوەی سنعا:**

کەرتی تایبەت بایەخێکی زۆری هەیە کە لە گەشەی کۆمەڵگادا. واتە دێموکراسی، مافی مرۆڤ و ئازادیە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگای مەدنی بەبێ پاڵپشتی کەرتی تایبەتی گەشە ناکات. بوژانەوە، پێشکەوتن و گەشکردن و پەرەسەندنی ئابووری ئەم بابەتانەی خوارێ دەگرێتەوە:

1ـ4) ـ پاڵپشتی پرۆگرام و پلانگەلی ئابووری ڕێك و پێك بەمەبەستی پەرەپێدانی هەلی کاریی بۆ لاوانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە و باکووری ئافریقا. بۆ سەرکەوتنی ئەم پلانەش پێویستمان بە پەروەردەکردنی بەردەوام و پاڵپشتی کردنی و ڕاهێنانی مامۆستا و کرێکاری شارەزا هەیە.

2ـ4) ـ پشتیوانی لە گەشە پێدان و پلانگەلی بچووك و نێوەنجی لە ڕێگای پرۆگرامی پاڵپشتی و وەرگرتنی وامی ئامانجدار بەمەبەستی باشتر چوونە پێشی پلانەکان.

3ـ4) ـ ئاسانکاری و ڕێخۆشکەریی بۆ هاتنە ناوەوەی داهاتی هاوڵاتیانی ناوچەکە کە لە وڵاتانی دیکەدا دەژین، بە مەبستی پاڵپشتی لە بنەماڵەکان لە ڕێگای هاندانی جێگیرکردنی سەرمایەکانیان و کەم کردنەوەی نرخی حەواڵە و گواستنەوەی داهاتەکان و دامەزراندنی سندوقگەلی پەرەپێدانی ناوچەیی بۆ وەبەرهێنانی خاوەن بەرهەم.

4ـ4 ) ـ پاڵپشتی لەو هەوڵانەی کە ئامانجیان پێکهێنانی دادپەروەرانە و خاوەن متمانەیە و بە شێوەیەکی دروست بۆ وەدەستهێنانی مافی خاوەنداریێتی لە ڕێگای یارمەتی فەننییەوە لە چاکسازی پێکهاتەییدا و لە بواری سیاسیدا و هەروەها بەمەبەستی وەدەست هێنانی مافی خاوەنداریێتی تێدەکۆشن.

5ـ4 ) ـ هەوڵدان بە مەبستی چاکتر کردنی ئابووری ناوچەکە و پاڵپشتی لە هەوڵە ناوچەییەکان بۆ تێکەڵبوون بە سیستمی دارایی جیهانی. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە لەکەرەستەی گەشەپێدانی ئابووری کەڵك وەربگیرێ و لە تەکنیکەکانی بازاڕ شارەزا بن. سەرەڕای هەموو ئەوانەش دەبێ دژ بە گەندەڵی و بەرتیل بوستنەوە و خەبات بکەن.

6ـ4) ـ چڕکردنەوەی هەوڵە ناوچەییەکان بەمەبەستی هەڵگرتنی کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم وەبەرهێنان و وەگەڕ خستنی چاکسازی ئابووری کە هاوکات ئاسانکاری و ڕێخۆشکەریی بۆ سەرمایەگوزاری لە ڕێگای ڕێکەوتننامەی وەبەرهێنانەوە.

7ـ4 ) ـ هەوڵدان بۆ هاریکاری ئابووری بە مەبەستی ڕەخساندنی هەل و دەرفەتی بازرگانی لە بازارە جیهانییەکاندا بۆ بوژاندنەوەی یارمەتی فەننی و تکنیکی پەیوەست بوون بە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانییەوەو پاڵپشتی لە ڕێکەوتننامە بازرگانیيە ناوچەییەکان و بڵاوکردنەوەی پرۆگرامە ناوچەییەکان بۆ ڕێخۆشکردن بۆ چوونە دونیای بازرگانی جیهانییەوە.

گەر بەوردی سەرنجمان لەو پرۆژەیە، واتە "پرۆژەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست گەورەو باکووری ئەفریقا" دابێ، تێگەین کە بەشێکی ئێجگار زۆری پرۆژەکە بۆ لایەنی پەروەردەیی کۆمەڵایەتی و ئابووری تەرخان کراوە. ئەمەش ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات کە هۆکاری سەرەکی دواکەوتوویی و بەجێماویی ناوچەکە لەو چەند تەوەرە دایەو ڕەمزی

پێشکەوتن‌و گەیشتن بە رەوتی پێشکەوتووی جیهانی لە گەشەسەندن‌و گەشاندنەوەو بووژاندنەوەی ئەو بنەما سەرەکیانەدایە. واتە لایەنی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی ـ پەروەردەیی‌و ئابووری، بەردی بیناى پێشکەوتنی ناوچەیە، رێگای رزگاری ناوچەکەیە لەو دیۆەزمانەی کە هەتا ئێستا بوونەتە کۆسپی سەرەکی سەر رێگای گەشکردنی ئەو ناوچەیە.

ئەو شێوازە لە دواکەوتوویی بوتە بەستێنی خۆراکدان بە گرووپە تیرۆریستییەکان ـ ئەو گرووپانە هەوڵدەدەن لەو رەهەندانە وەکوو لایەنی هەستیارو لاوازی خەڵکی ئەو ناوچەیە کەڵك وەرگرن‌و پەلکێشان بکەنە مەیدانی تیرۆرەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی پەروەردەیەکی راسیۆناڵ‌و عەقڵانی باشترین دەرفەتی بە ئیدئۆلۆژی تیرۆریستان داوە کە بە ئاسانی لە بواری دەروونییەوە کاریان بکەنەسەرو بە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە هەستی پاکی خەڵکی ئەو ناوچەیە دانەو داوەکانیان بڵاو بکەنەوەو شکارەکانی خۆیان راو بکەن.

بەگشتی پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو باکووری ئەفریقا بە یارمەتی وڵاتانی (G8) هەوڵ دەدات لە رێگای پراکتیزەی کردنی پلانەکانیەوە بۆشاییەکانی نێوان ئەو ناوچەیە لەگەڵ رۆژئاوادا کەم بکاتەوە بە پێ توانا هەڵیان بگرێ‌و رێخۆشکەری بکات بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگا گەلێکی مەدەنی‌و نزیك کردنەوەیان لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان. هەرکەسێك لە پرۆژەی ناوبراو را بمێنێ بەو هەوڵانەی لەو پرۆژەیەدا گونجێندراون هیوادار دەبێ. چونکی لە راستیدا پرۆژەی ناوبراو کۆمەڵگاگەلێکی خولیای بە خوێنەر پێشان دەدات. کۆمەڵگایەك کە ئاواتی هەر تاکێکی عەقڵانییە. بەڵام ئەوەیکە پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵ بەسەر هەوڵەکاندا بەمەبەستی پراکتیزە کردنی پرۆژەی ناوبراو ئێمە رادەچڵەکێنێ، بوونی هێتندێ هێزو دەسەڵاتی دیکەیە کە لە جێگیر بوونی ئەو پلانانە ترس، خۆف‌و دڵە راوکێیان هەیە. هێزو دەسەڵاتگەلێ کە بە سەقامگیری‌و پێشکەوتنی ناوچەکە بەرژەوەندییەکانیان پێ لەق دەبێ‌و مان‌و هەبوونیان لە مەترسی دەکەوێ. بە پێ تێزەکەی "ساموئێل هانتینگتۆن" لە جیهانی نوێدا شوناسی کولتووری دەبێتە فاکتۆری سەرەکی دۆستایەتی‌و دوژمنایەتی نێوان وڵاتان. واتە فاکتۆری هەموو رەهەندەکانی دیکە دەخاتە ژێر باندۆری خۆیەوەو بە وتەیەکیتر ئەو فاکتۆرە دەتوانی ببێتە سەرکۆگای فاکتۆرەکانی دیکە.

باندۆر بەو واتایە کە خاڵە رەمزییەکان یان توخمە بنەڕەتییەکان لە نەتەوە جیاجیاکاندا واتای جیاوازیان هەیە، واتە ئەوەی کە لە کولتووری ناوچەکەدا، یان لە کولتووری وڵات یان نەتەوە یان ئاینێکدا، بە بەها لە قەڵەم دەدرێ دەتوانێ لە کولتووری وڵات، ناوچە، ئایین‌و نەتەوەیەکی دیکەدا دژەبەها پێشان بدرێ.

بە یارمەتیدان بە بواری کولتووری خەڵکی کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست توانیومانە لە ناسینی شوناسی خۆیاندا یارمەتییان بدەین. یارمەتییان بدەین کە بزانن ئەوانیش وەکووهەموو خەڵکی شیاوی دونیا، شیاوی پێشکەوتن‌و ژیانێکی بەختەوەرانن. یارمەتییان بدەین کە بزانن ئەوان تیرۆریست نین، ئەوانیش ژیانیان خۆشدەوێ، دژی هیچکام لە رەهەندە جوانەکانی ژیان نین. کۆمەڵێك دێوزمە بوونەتە بەربەستی پۆڵایین لە نێوان ئەوان‌و دونیای پێشکەوتوودا. بەربەستێك، دێوزمەیەك کە دژایەتی ژیان دەکات‌و هانی دۆستایەتی مەرگ‌و وێرانی دەدات.

دەنگی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایانە لە ژێر چەتری دێوزمەی تێرۆرو تۆقاندا قەتیس ماوە. تیرۆریستان دەمامکی تیرۆریست بوونیان داوەتە رۆخساری بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئەو کۆمەڵگایانەوە. زۆرجاریش خەڵکی کۆمەڵگاکان دەبنە قوربانی سیاسەتی نائاگایانەو ناشیانەی سیاسەتوانانی رۆژئاوا. بەو واتایەی کە تیرۆریستان کە نێوی

خۆیانیان هەیە، هەوڵ دەدەن زۆرترین خەڵك لە كۆمەڵگاكان بكەنە قوربانی، واتە ئەوان هەوڵدەدەن لە پڕ خەڵكترین شوێندا كردە وەخۆكوژییەكانیان بە ڕێوە ببەن. گرینگ نییە كە ئەو شوێنە پڕ منداڵە یان بنكەیەكی سەربازییە، گرینگ ئەوەیە پڕكوشتارو پڕ جینایەتە. دڵی خەڵكی پڕخوێن دەبێ‌و ناڕزایەتی لە هەموو شتێك‌و بە هەموو جۆرێك پەرەدەستێنێ. لێرەشدا تیرۆر سەركەوتوانە بەڕێوە چوە، تیرۆریستان دەمامكەكانیان لادەبەن، دەچنەوە نێو كۆمەڵگا، خۆیان ئاسایی، وڵات پارێز، مرۆڤ دۆست، ئاشتیخوازو دژە بێگانە بە قەڵەم دەدەن‌و ناتوانن ببینن دڵۆپێك خوێن لەقامكی منداڵێك، لاوێك یان پیرێكی وڵاتەكەیان بێ! لەو لاشەوە هێزی هاوپەیمانان بە سەركردایەتی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا لە فرموڵی " شەلم، كوێرم، ناپارێزم" كەڵك وەردەگرێ. بۆ لە ناوبردن یان دەستبەسەر كردنی تیرۆریستێك دەیان خەڵكی سیڤیل دەكوژرێن، بریندار دەبن‌و لە زیندانەكاندا دەمێننەوە. واتە كردەوە دژەكردەوەی هەڵەی هێزەكانی هاوپەیمان هەڵقوڵاوی دژایەتی كولتووری‌و ناتێگەیشتنی كولتووری ئەوانە لەكولتوورو شارستانییەتی ئەو وڵاتەی كە داگیر یان رزگاریان كردوە. ئەو چەشنە ناتێگەیشتنە دەتوانێ هێما بێت بۆ قووڵ بوونی هەرچی زیاتری كێشەكە، واتە بوونی كێشەیەكی شارستانی، ئەگەرچی بەچەشنێك لادراو.

ئەو كوشت‌و كوشتارو وێرانی‌و تێكدانەش خۆی بەشێكە لە رەوتی پراكتیزە بوونی پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو باكووری ئافریقا. بوونی ئەو شێوازە لە پڕاكتیزە بوون زۆر جیاوازە لە گەڵ نێوەرۆك‌و ئامانجەكانی پرۆژەی ناوبراوا. كەوابوو گەڕان بە دوای راستییەكاندا دەتوانێ یارمەتی بە سەركەوتنی هەرچی زیاتری پرۆژەكە بدات. بەڵام بۆ دیتنەوەی راستییەكان پێویستمان بە چاویلكەیەكی واقعبین هەیە كە بتوانێ بەروونی راستی‌و ناڕاستییەكان لێك جودا بكاتەوە.

ئەگەرچی ئەو راستییە هەیە كە ئەمەریكاییەكان پێش ئەوەی بێنە ناو خاكی عێراقەوە ئوردووی سەربازیی خۆیان بە كولتوورو شارستانییەتی عێراق رادێنن، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا روانگەی ئەمەریكایی بوون، واتە هزری بەرزتربوون‌و مرۆڤتربوون، هەروا تۆخمی باڵادەستی پێكهاتەی فیكریی ئەوانە. توێژی پێشكەوتوو و ئازادیخوازی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین بڕوایان بە شەپۆلەكانی دێموكراسی هەیە، بە بیر كردنەوەی خۆشحاڵن‌و هەوڵ بۆ بەرەوپێش چوونیشی دەدەن. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەڵەو چەوتییەكانی وڵاتە یەكگرتوەكانیش لەبیرناكەن‌و لە ئاست راستییەكاندا چاو نانووقێنن.

چاونەنووقاندن بەو واتایە كە وڵاتە یەكگرتووەكان‌و هاوپەیمانانی پرۆژەیەكی درێژخایەنی نیۆكۆلۆنیاڵیییان لە جانتا دایە، ئەوە بەو واتایە نییە كە سیستمی كۆلۆنیال هیچ جیاوازییەكیان پێكەوە نییە، بەڵكۆ لە سیستمی نیۆكۆلۆنیالیدا شێوازی بەرەوپێشچوونی كۆلۆنیالیزم‌و گەڵاڵەو پرۆژەكانی جیاوازن. یەك لەو گەڵاڵانە دێمۆكراتیزەكردنی وڵاتانی دواكەوتوو و دیكتاتۆر لێدراوە. لە توێی ئەو گەڵاڵەیەدا، زۆر پرۆژەی دیكە دەتوانن پراكتیزە بكەن. لەراستیدا پراكتیزە بوونی ئەوپرۆژەو گەڵاڵانە، راستەوخۆ پێوەندی بە چۆنیەتی عەمەلكەردی عامیلانی پراكتیزە كردنی ئەو پرۆژانەوە هەیە. واتە چۆنییەتی عەمەلكەردی هێزەكانی ئەمەریكاو هاوپەیمانانی دەتوانێ راستەوخۆ كاریگەری هەم لەسەر فەزای نێوخۆی ئەو وڵاتانەو هەم لە سەرفەزایی دەرەكی‌و جیهانی‌و لە ئاكامدا كاردانەوەی لە سەر ناوەندی سیاسەت داڕێژیی وڵاتە یەكگرتووەكان هەبێ. ئەگەرچی بەشێكی زۆری دژكردەوەكان هەم كاریگەری تاكتیكی‌و هەم كاریگەری ستراتیژیكییان لەسەر بیروڕای گشتی خەڵكی ئەمەریكا

داناوه، كەچی لە درێژخایەندا دەتوانن ببنە فایلی سەركەوتن یان تێكشكانی سیاسەتی ئەو وڵاتە لە ئاستی دەرەكیدا.

بەپێ ئەو رەستەیەی ئاماژەمان پێكرد، بەو قەناعەتە دەگەین كە بۆ سەركەوتن لە پراكتیزەكردنی پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو باكووری ئافریقادا كە درگای ڕێگاچارەكان بە رووی گرفتەكاندا دەكاتەوە، پێویستە پێش مەرج یان پێشنیازەكان لە بەرچاوبگیرێن. ئەو پێشنیازانە دەتوانن ئابووری، سیاسی، كۆمەڵایەتی، كولتووری، مێژوویی‌و ....، بن‌و پێشمەرجەكانیش هەر دەتوانن لەهەمان بازنەدا بن. واتە لەراستیدا پێویستە بۆ پراكتیزەكردنی پرۆژەی ناوبراو تەواوی وڵاتان‌و ناوچەكانی رۆژهەڵاتەی نێوەڕاستی گەورەو باكووری ئافریقا بناسن‌و هەنگاو بە هەنگاو گۆڕانكارییەكانی كۆنترۆڵ بكەن، كە بەداخەوە لەم بەشەدا ئەمەریكاو هاوپەیمانانی ئەگەرچی تاڕادەیەك هەوڵیان داوە بەڵام سەركەوتنی زۆریان وەدەست نەهێنا. ئەوان رەهەندی سەربازی‌و ئابوریيان وەك دوو باسكی پرۆژەكە هێنایە مەیدان. لەئاستی سیاسی‌و كولتوریدا كەمتەرخەمیی جووڵانەوەو ئەو كەموكوڕییانەی كە لەم دوو بوارەدا خولقاندوویانە، هەوڵیان داوە بە دوو باسكی ئابووری‌و بەتایبەتی سەربازی قەرەبوو بكەنەوە. هەربۆیە راستە كاتێ كە ئێژن ئەمەریكا لە عێراقدا پتر لە 3 سێ تریلیۆن دۆلاری بە تەنیا خەرجی ئەو شەڕە كردوە، یان كاتێ كە ئێژن شەڕی عێراق نزیك بە یەك میلیۆن كەس كوژراوو برینداری لێ كەوتوتەوە، راست قامك لە سەر ئەو خاڵە نەرێنییە دادەنێ كە پێ دەڵێین سەرنج نەدان لە پێش مەرجەكانی سیاسی ـ كولتووری شەڕی عێراق.

**شەڕی عێراق‌و ئاكامەكانی**

5ساڵ بەسەر شەڕی عێراقدا تێپەڕی كەچی شەڕ هەروا گەرمترو كوشت‌و كوشتاری تیرۆریستی‌و دژەتیرۆریستی بەردەوامە، ئاخەوتنە سیاسییەكان لە كۆڕو كۆبوونەوەو كۆنفرانسە راگەیاندنییەكاندا، هەروا باس لە درێژەی شەڕی عێراق، باس لە شەڕی نێوخۆیی عێراق، باس لە شەڕی تیرۆریستیان، باس لە بواری ئەمنی ناوچەكە، هاوكاری دەرو جیرانەكان‌و...یە. ئاكامەكانی ئەو شەڕە وەڵامی چاوەڕوان كراوی بە هیچكام لە چاوەڕوانییەكان نەدایەوە، تاكوو ئێستا ئاكامەكانی ئەو شەڕە جگە لە روخانی دیكتاتۆری بەعس، دەستبەسەریی سەدام حوسەین‌و ئێعدام كردنی ئەو، پتر لە یەك ملیۆن كوژراوو بریندارە، كە زۆربەی خەڵكی ئاسایی‌و بێ چەك بوون‌و وێرانی‌و ئاوارەیی‌و سەرگەردانی خەڵكی ئەو وڵاتە، تەنیا دەسكەوتی پێكهاتنی هەرێمێكی پێشكەوتووتر لە ناوچەكانی دیكەی عێراقە لە باكووری ئەو وڵاتەدا كە ئەویش هەرێمی كوردستانە‌و لە راستیدا هیممەت‌و تێكۆشانی خودی كوردەكانی لە پشت بوە.

مەبەستی من ئەوە نییە كە تەنیا ئەمەریكا بە ناسەركەوتوو لە قەڵەم بدەم‌و بەس، بەڵكوو مەبەستی سەرەكی من ئەوەیە كە هەوموان هۆكارەكانی هەڵسیانی ئەو شەڕە دەزانین، هەربۆیە پێویستە لە هۆكارەكانی سەرنەكەوتنی ئەو شەڕە بكۆڵینەوە. بەم چەشنەش دەتوانین ئەو هۆكارانەش دەتوانن بە سێ دەستە دابەش بكەین:

1ـ عامیلی دەرەكی بەگشتی‌و ناوچەیی بەتایبەتی"

2ـ عامیلی نێوخۆیی عێراق"

3ـ عاملی ئەمەریكاو هاوپەیمانانی.

**عامیلی دەرەكی بەگشتی‌و ناوچەیی بەتایبەتی**

لێرەدا پێویستە بۆ دیتنەوەی رەگو ریشەی وردی کێشەکان، بگەڕێینەوە بۆ رابردوویەکی نە زۆر دوور، واتە پاش شەڕی جیهانی دووهەمو دەورانی شەڕی سارد هەتاکوو ئێستا. واتە پێویستە بگەڕێینەوە لانیکەم بۆ سەردەمانی زەق بوونەوەی عێراق وەکوو پەیکانی نێزەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە بەرامبەر هەر چەشنە هەڕەشەیەکی دیکەدا بەتایبەت ئەوکاتەی کە هەڕەشەی هاوپەیمانانی ئیسرائیل ـ ئێران هاتەگۆڕێو ناسیونالیزمی عەرەبی خۆی گرژ کردو عێراقیش وەکوو دەمڕاستی ئەو پێکهاتەیە پێ نایە مەیدانەوە. ئەوە بە تەنیا مەبەستی عەرەبەکان نەبوو کە خۆ گرژ بکەنو ببنە هەڕەشە لە بەرامبەر ئێران ـ ئیسرائیل دا، بەڵکوو دۆستایەتیو نزیکایەتی ئێران ـ ئیسرائیلیش خۆی دژکردەوەیەک بوو لە بەرامبەر رێکەوتنی عەرەبەکان دا. دەبێ هەموان ئەو راستیە بزانین کە ئیستاشی لەگەڵدا بێ عەرەبەکان، بوونی ئیسرائیلو بەهێزتر بوونی ئەو وڵاتە لە چووک بوونەوەی خۆیاندا دەبینن و لەو بڕوایەدان کە هەتاکوو ئیسرائیل لەو ناوچەیەدا بوونی هەبێ، ئەوان ناتوانن ئاسوودەبنو سەری غۆروور راست بکەنەوە.

لە روانگەی زۆرێک لە چاوەدێرە سیاسییەکانەوە رێککەوتنی ئێران ـ ئیسرائیل لە خاڵێکی سەرەکیدا کۆ دەبوەوە کە دەکرێ بە ئامانجێکی ئیستراتیژیکی نێو بەرین، ئەویش راوێستان لە بەرامبەر هەڕەشەی عەرەبەکاندا و بەربەست کردنی هەڕەشەکانی عێراق بوو. واتە لێرەدا دەردەکەوێ کە هەڕەشەو مەترسی بوونی عێراق زۆر جیددییەو دواتریش دەسەلمێنێ کە ئەو هەڕەشانە تا چ رادەیەک ئاشتیو ئاسایشی ناوچەکە دەخاتە ژێر پاندۆری خۆیەوە. بوونی وەها هاوکێشەیەک گرینگترین هۆکار بوو بۆ هاتنەمەیدانی کێبەرکێیەکی چڕی چەکو چۆڵ. واتە ئەودەم رۆژهەڵاتی نێوەڕاست گەورەترین بازاڕی کڕینو فرۆشتنی چەکو تەقەمەنی بوو. بە روانگەیەکی دووربینانەتر، واتە بە گەڕانەوە بۆ ساڵانی 1950 و وردبوونەوە لە نەیارێتیو دژایەتی چڕی نێوان عێراق ـ ئیسرائیل، ئەو کاتەی کە تەنیا دوو ساڵ بە سەر دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلدا تێدەپەڕیو لە هەمان کاتیشدا زۆربەی یەهودییە عەرەبەکانو بەتایبەتی یەهودییەکانی عێراق لە لایەن بزوتنەوەی جیهانی زایونیزمەوەو بە پلانو گەڵاڵەکانی "موساد" بۆ ئیسرائیل راگوێزران.

ئەوەش لە لایەک هۆکارێک بۆ هەرچی زیاتر پتەوبوونی دەوڵەتی ئیسرئیل بوو و لە لایەکیترەوە ئاگاداری دان بە عەرەبەکان بوو بەرامبەر بە هەرچی زیاتر هەڕەشە بوونی دەوڵەتێکی زایونی لە بن گوێیاندا کە بەهێزترین شێوە لە لایەن رۆژئاواوە پاڵپشتی دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا دژایەتییەکی رۆژئاوایی لە بەرامبەر بە عەرەبەکاندا هەڵیساند کە ئاکامەکەی زەرەرو زیانێکی زۆرری ئابووری ـ بازرگانی بوو. لوتکەی هەڕەشەکە کاتێ زەق بوەوە کە ژنراڵ عبدالکریم قاسم بە کودتایەکی سەربازی کۆتایی بە سیستمی مەلەکییەتو پاشایەتی لە عێراقدا هێناو عێراق کەوتە دەستی کۆمەڵێک شۆڕشگێڕی توندڕەو کە خۆیان بەهیچ لایەکەوە گرێ نەدەدا. ئەوکاتە بوو کە ئیسرائیل لە رۆژهەڵاتی نزیکی خۆیەوە هەستی بەرهەڕەشەیەکی جیددی کرد کە پێویستی بە رووبەڕووبوونەوەیەکی بە هێز هەبوو. واتە ئێدی عێراق لە میسرو سوریەش هەڕەشەتر بوو لە بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیلدا.

لەو نێوانەدا ئیسرائیل کە پاڵپشتی هەمەلایەنەی رۆژئاوا بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای لە پشتەوە بوو بە دووی هاوپەیمانێکی بەهێزی ناوچەیدا دەگەڕا کە لە بەرامبەر عەرەبەکاندا زەقی بکاتەوە. بەهاتنەئارای ئێران، هاوسەنگی هێزەکانی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا لە پێوەندی لە گەڵ ئیسرائیل ـ عەرەبەکاندا بەتەواوی گۆڕانی بەسەردا هات. لە نێوان ئیسرائیل ـ ئێراندا کارەکان دابەش کرابوون، لە پاڵ هاوکاری چەکو تەقەمەنی

مودێرنی ئەو سەردەمدا دەبوا ئێران لە لایەك لە بواری نەوتەوە یارمەتی ئیسرائیلی بدابایەو لە لایەکی تریشەوە لە بواری ئەمنیەتییەوە عێراق‌و عەرەبەکانی کونترۆڵ کردبا.

جێگای ئاماژە پێدانە کە ئێران بەهێزترین فاکتۆرە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی هێزەکانی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و کۆمەڵگاو حکوومەتێکی عەلمانیداو لەو پێوەندییەشدا هەم زۆری حەز لە نزیك بوونەوە لە رۆژئاوا بوو و بۆ ئەو مەبەستە هەمیشە ئیسرائیلی بە پردێکی پێوەندی بەهێز دەزانی. جودا لەوەش دەوڵەتان‌و حاکمانی عێراق بەردەوام تایبە تمەندییەکی مەزنیخوازییان هەبوە، بۆ وێنە سوریە بەردەوام بە دەست زێدەخوازییەکانی عێراق لە کەنداوی فارسدا گلەیی‌و گازەندەی هەبوو. واتە تەنانەت خودی وڵاتانی عەرەبیش لە بازنەی مەزنیخوازی عێراقدا ئاسایشیان نەبوو. تەنانەت سوریەیەکیش کە پاشتر لە بواری ئیدئۆلۆژیکی‌و سەربازیی‌و حکومەتییەوە زۆر لێك نزیك بوون، واتە هەردوو خاوەن سیستمی بەعسی بوون. واتە مەبەست پاش کودتاکەی حیزبی بەعس لە ساڵی 1968دایە.

بلۆکی رۆژهەڵات‌و رۆژئاوا بە چڕی لە هەوڵی خۆ رێکخستنی خۆیاندا بوون، هەر بۆیە لەو خۆرێکخست دا بوو کە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوینیش لە بازنەی بەرژەوەندی ئەو بلۆکانەدا گرینگییەکی تایبەتییان هەبوو. ساڵی 1970 بە کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی بریتانیا لە کاناڵی سوئیز، مەیدان بۆ مۆرەکردنی ئێران‌و عێراق لە یەکتر ئامادە بوو. دەکرێ بڵێین ئەوە خۆی ئەو سەردەمە یەکێ لە باشترین شێوازەکان بوو بۆ خستنەمەیدانی کێبەرکێی ناتەندروست‌و هەڵایسانی شەڕو پێکدادان. چونکی دەبێ بزانین کە ئەوکات هێز بە واتای هێزو دەسەڵاتی سەربازیی بوو و ئاسایش‌و هێمنایەتی تەنیا لە ژێر چەتری دەسەڵاتێکی سەربازی بەهێزدا وەدی دەهات. لێرەشدا کۆمەڵێك خاڵی ناتەبایی لە نێوان عێراق‌و ئێراندا بوونی هەبوو کە هەردەم بوارڕەخسێن بوون بۆ دژایەتییەکی بەربڵاو تا ئاستی پێکدادانی سەربازیش.

لەو کاتەدا باشترین هەل بۆ دوو زلهێز لەبار بوون کە تیۆرییە ناوچەییەکانی خۆیان بخەنە پراکتیکەوە. هەر خێرا ساڵی 1972 پەیماننامەیەکی دۆستی‌و هاوکاری لە نێوان عێراق ـ یەکییەتی سۆڤیەتدا بەسترا کە بوە هۆی ئەوەیکە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئێرانیش هەست بەمەترسی بکەن. خێرا پەیمانێك لە نێوان ئێران – ئەمەریکادا واژۆ کرا کە ئەمەریکا بەڵێنی فرۆشتنی 20 میلیارد دۆلار چەك‌و چۆڵی بە ئەرتەشی ئێران دابوو، ئەو پەیمانە بە سەربەزیادیش بەڕێوە چوو و بەردەوام تا کۆتایی دەسەڵاتی محەمەد رەزاشا لە ئێراندا، بەهێزکردنی بونیاتی سەربازی ئێران یەکی لەئەرکە گرینگەکانی ئەمەریکاو بلوکی رۆژئاوابوو. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە بزانین گرینگترین کێشەی عێراق لەگەڵ ئێراندا بوە. سەردەمانی حکومەتی پاشایەتی لە بەر هۆکاری نزیکی‌و دۆستایەتی لەگەل ئیسرائیلدا، کە ئەم فاکتۆرە نەتەنیا بۆ ئێران بەڵکوو بۆ هەر ولاتێکیتری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دژایەتییەکی زۆر جیددی دێتە ئەژمار لە گەڵ هەموو کۆمەڵگای عەرەبیدا.

لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی‌و پاش شۆڕشی خومەینیشدا، هەڕەشەو مەترسی ناردنە دەرەوەی شۆڕش بۆ وڵاتانی دیکەی ئیسلامی لە ناوچەکەو جیهاندا هۆکارێکی دیکەی جێگای مەترسی بوو کە هەموو وڵاتانی ئیسلامی دەخستە بەر گڤاشەوە، بەڵام نووکی پەیکانی نێزەکە عێراق بوو. واتە بە بوونی نەجەف‌و کەربەلاو گۆری ئیمام عەلی لەوێ ئەو وڵاتە زۆرترین هەڕەشەی لە سەربوو.

هەر لەو کاتانەدا بوو کە شۆڕشیيە تازە بەدەسەڵات گەیشتووەکان دروشمی بە تەواوی پێچەوانەی حکومەتی "پاشایەتییان" داو گوتیان بۆ گەیشتن بە قودس دەبێ لەکەربەلاوە تێپەڕین یان (رێگای قودس بە کەربەلادا

تێدە پەڕێ)، کۆمەڵگای عەرەبی ئەمجار لە هەموو کاتێ پتر راچڵەکاو وەخۆ کەوت کە بە هەر جۆرێك بووبێ پێش بە مەترسییەکانی ئێرانی شۆڕشگێڕی ئیسلامی دژبە خۆیان بگرێ. جێ خۆیەتی ئاماژەی پێ بکەین کە لە نێوان ئەو وڵاتانەشدا کێشەی کورد یەکێ لە کارتەکان بوو کە هەمیشە یاری پێدەکرا. واتە لە دەهەی حەفتادا کورد باشترین کاڵا بوو بۆ سات و سەودای ناوچەیی نێوان عێراق ـ ئێران ـ ئەمەریکاو هاوپەیمانانی. عەرەبەکان بەردەوام کوردیان تاوانبار دەکرد کە لە لایەن ئەفسەرانی سەربازی ـ ئەمنییەتی ئیسرائیلەوە پەروەردە دەکرێ. دۆستایەتی نێوان کورد ـ ئیسرائیل نەتەنیا هیچ تاوان نەبوەو نیە، بەڵکوو لە بواری ئیستراتیژیکەوە نزیکترین دۆستەکان لە یەکترن کە زۆرترین فاکتۆری لێك نزیکی و دۆستایەتییان تێیدا کۆ بوەتەوە. تەنانەت لە زۆر شوێن دا کوردەکان وەکوو عاملی تێکدەر لە قەڵەم دەدەن کە عاملی دەرەکی بوون و دژ بە داگیرکەرانیان هاوکاریی دەرەکیان وەرگرتوە.

لە راستیدا هەم دۆستایەتی سیاسی و هەمیش لێك نزیکی ئەمەریکا ـ کوردو ئیسرائیل ـ کورد بوونی هەبوو بەڵام نەك وەکوو ئامرازو کەرەستەیەك بەڵکوو وەك دۆستانێکی ناوچەیی کە دوژمن و نەیارەکانیان هاوبەشن. خراپ نییە جەخت لە سەر ئەوە بکەینەوە کە گرێبەستی الجەزایر هێزگەلێك وەکوو ئەمەریکا، ئیسرائیل و تەنانەت بەشێکیتر لە دۆستانی رۆژئاوایی ئەوانی لە پشتەوە بوو. ئاکامەکانی پەیمانی ئەلجەزایر پیشان دەدا کە تەنانەت فاکتۆری کورد ئەو کاتە چەندە بەهێز بوە لە یاری هاوکێشە سیاسییەکاندا. واتە ئەو فاکتۆرە تەنانەت یەکێ لە ئاکامەکانی دوورکەوتنەوەی عێراق لە هاوپەیمانانی بوو. واتە دەبوا لە بەرامبەر تێکشکانی شۆڕشی کوردەکاندا عێراق بەرەبەرە لە سۆڤیێت بکشابایەوەو بەرەی خۆی لە رۆژهەڵاتەوە گواستباوە بۆ رۆژئاوا، لە رۆژئاواشدا تەنیا فەرەنسا دەیتوانی ببێتە هاوپەیمانی عێراقی ئەو سەردەمە. ئەوە بوو کە فەرەنسا بوو بە هاوپەیمانێکی نزیکی عێراق و عێراقیش بوو بە بازاڕی کڕین، بەکارهێنان و تاقی کردنەوەی چەکە جۆراوجۆرەکانی رۆژئاواو فەرەنسا.

## هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ـ شەڕی ئێران و عێراق

دەتوانین بێژین شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە راستیدا قۆناغێکی نوێ بوو لە گۆڕانکارییەکانی سیستمی نوێی نێودەوڵەتی و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سەردەمی شەڕی سارددا. هاتنەئارای کۆماری ئیسلامی، هاوکێشە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتی و رۆژهەڵاتی بەگشتی گۆڕی. کۆماری ئیسلامییەك بە پێناسەیەکی ئیسلامیی شۆڕشگێڕو فیندە متاڵەوە. هەڕەشە و گوڕشەکانی سەردەمدارانی دەوڵەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی ترس و خۆفێکی زۆری خستبوە دڵی دەسەڵاتدارانی ناوچەکەوە، بەتایبەتی حکومەتی بەعسی عێراق کە لە نێوەرۆکدا دژایەتییەکی زۆری هەبوو. حکومەتی بەعسیش کە پێشتر بە حکومەتی پاشایەتی دۆڕابوو، نەیدەتوانی ئەو هەلە لە دەست بداو بە خێرایی وەخۆکەوتن بە مەبەستی بەرەنگار بوونەوەی کۆماری ئیسلامی توندڕەو. هێشتا ئەمەریکاو رۆژئاوا بە تەواوی هەڵوێستی خۆیان لەبەرامبەر هەلومەرجی ئێراندا بە روونی دەرنەبڕیبوو. لە 17 سێبتەمبری ساڵی 1980دا، واتە (گەلاوێژی 1359)دا پاش کۆمەڵێك کێشە و قەیران لە پێوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتەدا کە زۆربەیان لە سەر کێشەی سنووری بوو، سەدام حوسەین بەفەرمی لە تووێژێکی رادیویی ـ تلوزیونیدا لە بەغداد، لەسەر گرێبەستی 1975ی ئەلجەزایرە قسەی کردو گرێبەستەکەی دڕاندو یەکلایەنە گرێبەستی ئەلجەزایری هەڵوەشاوە راگەیاندو پاش پێنج رۆژ هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر ئێران.

سەرۆکی عێراق سێ خاڵی وەکوو هەل لە بەرچاوگرتبووکە بریتی بوون لە:

1ـ رۆخانی حکومەتێکی بەهێز وەکوو حکومەتی پاشایەتی ئێران کە بە ژاندارمی ناوچەکە ناسرابوو"

2ـ هاتنە سەرکاری حکومەتێکی ئاینیی کە بەشێکی زۆری لە فەرماندەرانی ئەرتەشی ئێرانی لە پۆستەکانیان وەدەرنا( واتە ئیدی ئەرتەشی ئێران ئەو ئەرتەشەی جاران نەبوو و لاواز ببوو)"

3ـ بە بارمتەگرتنی باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە لایەن ئەو رێژیمەوەو بە تیرۆریست ناسرانی لە ئاستی نێونەتەوەییداو دانی دروشمی ناردنە دەرەوەی شۆڕش بۆ جیهان و دەیان فاکتۆری دیکە لە پاڵ ئەم فاکتۆرانەدا وەکوو هۆکاری ناڕاستەوخۆ یارمەتیدەربوون بۆ بەهێزتر کردنەوەی بیانووی حکومەتی بەعس بۆ هێرش کردنە سەر ئێران.

ئەو کردەوەیەی حکومەتی عێراق دژایەتییەکی جیهانی لێکەوتەوە. بەشێك لە وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئەوەیدا کە بە ناچار پاڵپشتی عێراقیان دەکرد، بەڵام دژایەتیشیان دەکردو پێیان وابوو بەرەی شەڕی دژی ئیسلامی لە شوێنێکی ترەو دەبێ لە فەلەستین دا ئەو نرخانە بدرێ، بەڵام بۆ سەدامو حکومەتی بەعس ئەو شەڕە هێندە گرینگ بوو کە پێوەندی بە بەرژەوەندییەکانی سەدامەوە هەبوو، کە ئەو بەرژەوەندیانەش لە خزمەت مەزنیخوازییەکانی خودی سەدامو بنەماڵەکەیدا رەنگیان دەدایەوە. دیارە حکومەتی بەعس کە پێشتر توانیبووی هێندێ متمانە لە ئاستی جیهانیدا وەدەست بێنێ بە هەڵایسانی ئەو شەڕە لە جیهان بەگشتیو لەرۆژئاوادا بە تایبەتی ئەو متمانەیەی خۆیو حکومەتەکەی لەدەستدا. ئاکامەکەی شەڕی عێراق ـ ئێران پاش 8 هەشت ساڵ کوژران، بریندار بوونو بێ سەرو شوێنبوونی نیزیك بە یەك میلیۆن کەسو خەسار بوونی میلیارها دۆلار داهاتی ئەو دوو وڵاتە بوو کە تەنیا سوودەکەی لە بازاڕی جیهانی چەكو چۆڵدا چوە گیرفانی دەڵاڵەکانی ئەو بازاڕەوە.

بەشێك لە سیاسەتوانان شەڕی یەکەمی کەنداوو ئاکامە رۆخێنەرەکەی دەخەنە ئەستۆی سەدامو حکومەتەکەیو لە نێوانەدا حکومەتی عێراق بە ساویلکە دادەنێنو بەشێکی تریش بەرژەوەندیخوازیو قازانج دۆستی رۆژئاواییەکان لەوانە وڵاتە یەکگرتوەکان بە بەرپرسیار دەزانن، کە لە هەر دوو حاڵەتەکەدا بە رێژە دەتوانین بێژین راستە بەڵام بە هێندێك جیاوازییەوە. هەروا کە لە چند رەستەی پێشوودا باسمان کرد عێراق تاوانی پێوەندیو لایەنگری سۆڤێیەتی پێشووی دایەوە، کۆماری ئیسلامیش دەبوا لە بەرامبەر رۆژئاوادا چۆکی دابدایەو سیاسەتەکانی ئەمەریکای وەکوو سیاسەتگەلێکی هێژموونیك بەواقیع قبووڵ کردبایە. کە یەکەمیان هاتەدی بەڵام لە بەرامبەر دووهەم دا هەنووکەش کێشەو پێکدادان هەیە.

کێشەی عێراق لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا

وەك دەزانین عێراق سەمبۆلی ناسیونالیزمی عەرەبو سەدام نیمادی ناسیونالیستێکی بەهێزی عەرەب بوو کە دەبوا بەتەواوی هێزەوە سەرکەوتنەکەی مسۆگەر بوایە. هەربۆیە وڵاتانی عەرەبی بە تێکڕا پاڵپشتی عێراقیان لە شەڕ دژبە ئێراندا کرد. ئەوەش بەو واتایە نەبوو کە ئەو پاڵپشتییانە بێچاوەڕوانی بن، بەڵکوو بەشێك لە یارمەتییەکان بەخۆڕایی بوون، بەڵام بەشێکیان قەرزبوونو چاوەڕوانی وەرگرتنەوەیان لە دەوڵەتی داهاتووی عێراق دەکرا. حکومەتی عێراقیش کە لە شەڕێکی هەشت ساڵەدا وێرانو شپرزە ببوو نەیدەتوانی قبووڵ بکات کە پاش ئەو هەموو کوژران، وێرانیو تێکڕۆخاوییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسیو سەربازییەی کە تووشی ببوو، هەموو وڵاتانی عەرەبی پشتی تێبکەنو تەنانەت بەشێکیان لە وەرگرتنەوەی قەرزەکانیاندا پەلەیان هەبوو. لە راستیشدا ئەوچەند ساڵە لە لایەکیترەوە حکومەتی عێراق قەڵغانی بەڵای کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی بوو.

سەدام کە لە خەو راچڵەکا دیتی تەنیا هەشتاد میلیارد دۆلار قەرزی بەسەرەوەیە. رێبەرانی عێراق دوو رێگایان بۆ چارەسەریی ئەم کێشەیە خستەبەرباس کە بریتی بوون لە:

1ـ وڵاتانی عەرەبی کەنداوی فارس قەرزەکانیان بە عێراق ببەخشن یان"

2ـ ئەوەیکە ئۆپێك بە قەناعەت بگەیەنن کە نرخی نەوت ئەوکاتە تا ئاستی بەرمیلێك 22 دۆلار بەرز بکاتەوە.
بەم چەشنەیە کە عێراق دەتوانێ هەم بارودۆخی تۆزوخۆڵاوی عێراق بەتایبەت دۆخی رووخاوی ئابووری خۆی بگۆڕێو هەم قەرەبووی بەشێك لە خەسارو زیانە لەقەرەبوو نەهاتووەکانی بکاتەوە. لە راستی دا ئەمەیە دەستپێکی قەیرانی سەرەکی کەنداوی فارس. هەر خێرا وڵاتانی عەربستانی سعوودی، کوێتو ئەماراتی یەکگرتوی عەرەبی، سێ وڵاتی دۆستو هاوپەیمانی عێراق لە شەڕدا هاتنە ولامو بەتوندی بەرپرچی ئەم داخوازیانەی دەوڵەتی عێراقیان دایەوەو ئەم چەشنە ئاخاوتنەی عێراقیان بە هەڕەشەو باج وەرگرتن دانا. بێ گومان ئەوانیش دەیانزانی کە ئەو وڵامەیان کێشەیەکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، چونکی ئەوان نێوەرۆکی بڕیاردەریی دەوڵەتی عێراقیان بەباشی دەناسیو بۆ ئەم هەڵوێستەش هەر سێ وڵات ساز بوون کە یەك بڕیارو یەك هەڵوێست بن.
لە بەرامبەر ئەو هەڵویستەی وڵاتانی جیراندا سەدام بڕیارێکی شێتانەی دا، بڕیارێك کە ناوچەکەی میلیتاریزە کردو دوو وڵاتی بە ئاورەوەنا. لە راستیدا عێراق لەو کردەوەیەیدا تووشی هەڵەی لێکدانەوەیی ببوو، هەڵەیەك کە ئاکامەکەی لەهەر حاڵدا بە سوودی رۆژئاوا بەگشتیو ئەمەریکا بەتایبەتی دەرچوو. ئەمەریکا لەو کاتەدا رایگەیاند کە نرخی نەوت لە جیهاندا خەریکە بە خێرایی هەڵدەکشێو وڵاتانی عەرەبی لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا کەمتەرخەمن، چاوەڕوانیمان لە دۆستو هاوپەیمانمان، عێراق هەیە کەلەم پێوەندییەدا هەوڵ بدا.
سەدام حوسەین ئەمەی بە چرا سەوزی ئەمەریکا بۆ داگیرکردنی کوێت زانی، چونکی ئەو هەڵویستەی ئەمەریکا لە کاتێکدا بوو کە کێشە کەوتبوە نێوان عێراق لە لایەكو عەرەبستانی سعوودی، کویتو ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی لە لایەکیترەوە. عێراق بە خێرایی خۆی بۆ لێدانی کوێت ئامادە کردو، سەدام حوسەین لە 17ی جوولای 1990، لەوتارێکی رادیویی دا گوتی: " کۆمەڵێك( لە حاکمانی کەنداو )خنجەرێکی ژاراوییان کرد بە پشتی ئێمەدا. "و بەم وتارەی پێشەکییەکی ئامادەکرد بۆ لێدانی کوێت. بە خێرایی هێزەکانی کۆ کردەوەو لە 2ی ئاگۆستی 1990دا هێرشی کردە سەر کوێتو داگیری کرد. ئەو هێرشو کردەوەیەی عێراق لە سەداسەد پێچەوانە بۆی شکایەوە. واتە پێش لە هەموان خودی ئەمەریکا لە هەڵویستێکدا ئەو کارەی بەغدای بە دەست درێژی بۆ سەر یاسای مافی نێونەتەوەیی ناوبردو عێراقی مەحکوم کردو داوای کرد بە خێرایی لە کوێت بکشێتەوە. هەر خێرا دەنگی ئەمەریکا لە بەشێك لە پرۆگرامەکانیدا کە بە زمانی عەرەبی بڵاو دەبێتەوە، دەوڵەتی عێراقی لە ریزی جینایەتکارترین رێژیمەکانی دونیادا دانا. ( جێگای ئاماژە پێدانە کە دەنگی ئەمەریکا بە هەموو زمانەکان رای فەرمی بەرپرسانی دەوڵەتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکایە ).
بەرپرسانی دەوڵەتی بەغدا وەخۆکەوتنو بۆ سەرنج راکێشانی دووبارەی دەوڵەتانی ناوچەکە، بە تایبەت وڵاتانی عەرەبی بۆ لای خۆیان، وەفدگەلێکیان بەرەو ئەو وڵاتانە نارد، دەزگاکانی راگەیاندنو رۆژنامەو بڵاوکراوەکانیان بەتەواوی خەریکی پڕو پاگەندە بۆ هێزو توانایییە سەربازی ـ تێکنۆلۆژیکییەکانی دەوڵەتانی بەعسی عێراق بوون. تەنانەت خودی سەدام لە وتارێکی رادیو ـ تلویزیونی عێراقدا وێچوونی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی بە خەڵکی عێراق راگەیاند، کە زۆری پێ نەچوو، هەواڵی مردنی "جراڵد بول" (GERALD BULL) راگەیەندرا. (جیراڵد بول زانایەکی ئەتۆمی خەڵکی کانادا بوو کە یارمەتی بە پرۆژە ئەتۆمییەکانی عێراق دەدا ). پاش ماوەیەك دەنگۆ بڵاو کرایەوە کە ناوبراو لە لایەن عەواملی "موساد"ەوە تیرۆر کراوە، کە پاشان خودی موسادیش ئەوەی پشتڕاست کردەوەو ئیعترافی پێکرد. دیارە بەشێکی زۆر لە سیاسەتوانان پێیان وایە کە عێراق هەڵەیەکی جیددی کردو ئەویش ئەوە بوو کە تەواو بوونی پرۆگرامە ئەتۆمییەکانی عێراق کاریگەریەیەکی گرینگی لەسەر

چەشنێ هەڵویستی ئەمەریکا دادەنا. واتە بە ڕای بەشێك لە لێکۆڵەران، عێراق تاکوو پاش تەواو بوونی پرۆگرامە ئەتۆمییەکانی نەدبوا کوێتی داگیر کردبا. چونکی ئەوکات بە کارتی بەهێزتر، لە مەیدانی بەربلاوتردا و یاری کاریگەرتری دەکرد.

واتە سەدام بە هێرش بۆ سەر کوێت بالانس و هاوسەنگییەکانی تێکدا. بە هەزاران کەس لە سەربازانی عێراقی جێگیر ببوون. وڵاتانی دیکەی کەنداو وەکوو ئوردۆن، ئەماراتی یەکگرتووو ...، لەو حەرەکەتەی دەوڵەتی عێراق تۆقابوون. زۆریان بەلاوە سەیر بوو کە بەو خێراییە ئەرتەشی عێراق کوێتی داگیر کرد. لە لایەکی دیکەوە ئەمەریکا تا ڕادەیەك لە هێزو توانایی بەرەنگاری وڵاتانی ناوچەکە لە بەرامبەر عێراق و سەدام دا دڵسارد بوو، بۆیە لێرەشدا هەر عێراق دەیتوانی هێز بنوێنێ کە تا ڕادەیەك ئەو کارەی کرد، ئەوەش ناردنی ساروخێك بە کلاوەی بتۆنییەوەبوو بۆ ئیسرائیل. ئەو کارەی سەدام پێشانی دەدا کە عێراق خاوەنی سارۆخی دوورهاوێژە. بەم هەڵسەنگاندنانە وڵاتە یەکگرتوەکان وای دانابوو کە وەدەرنانی عێراق لە کوێت کارێکی دژوارە، زۆر دژوار تاڕادەیەك کە ناوچەکە بە ئاورەوە دەنێ. لە بەرامبەردا عێراقییەکانیش بۆ خۆیان لەو بڕوایەدا بوون کە ئەمەریکاش نایەوێ ئێدی زۆر خۆی لە پێکدادانی سەربازی بدا، چونکی خەڵکی ئەمەریکا لە شەڕ ماندوو بوون، لە شەڕ بێزار بوون. لەم پێوەندییەدا "ژنراڵ وفیق السامرایی" سەرۆکی بەشی زانیاری سەربازی عێراق (الاستخبارات العسکریە) بوو، نابراو یەکەمین باسی گشتی هێنایە گۆڕێ. بەبڕوای وفیق السامرایی، سەدام لەو بڕوایەدا بوو کە شەڕی ئەمەریکا لە ویتنام و لە قوڕ چەقینی هێزەکانی لەوێ، حەزو ئارەزوی ئەم وڵاتەی لە دەستێوەردانی سەربازی لە وڵاتاندا بەتەواوی لەرزۆك کردوە. هەروەها بە بڕوای ئەو سەدام لەسەر ئەو باوەڕەیە کە شەڕی ویتنام تێکشکانێکی بەتەواوی مانای سیاسی ـ سەربازی بوە بۆ ئەمەریکاو هێزەکانی. هەروەها سەدام بڕوای تەواوی بەوە هەبوو کە وڵاتەیەکگرتوەکان پاش تێکشکان و پاشەکشەی لە ویتنام ئێدی هەزاران مایل ڕێگا نابڕێ تا لەو پەڕی دونیاوە شەڕێك هەڵایسێنێ کە هیچ بە سووودی بۆ ئەو ێنە. هەروەها پێویستە ئاماژە پێ بکەین کە سەدام پێوابوو کە ئەو چراسەوزی خۆی لە ئەمەریکاش وەرگرتوە، واتە لەم پێوەندییەدا دەتوانین بێژین، کە خاتو "ئاپریل گلسپی" باڵوێزی ئەمەریکا لە عێراق، لە25ی جوولای 1990دا کە تاڕادەیەك موناقشە لە نێوان عێراق و کوێت دابوو بە سەدامی ڕاگەیاند کە وڵاتە یەکگرتوەکان لە مەڕ پێکدادانی عەرەبەکان لەگەڵ یەکتریدا، لەوانە کێشەی سنووریی ئێوەو کوێت هیچ ڕایەکی نیە و هیچ هەڵویستێك وەرناگرێ.

کوێت داگیر کرابوو، عێراق وەکوو داگیرکەری کوێت هارودڕ ببوو، و بۆ ڕاگرتنی دەستکەوتەکانی پەنای بۆ هەر چەشنە سیاسەتێك دەبرد. وڵاتانی ناوچەکە لە بارودۆخی ناهێمنی سیاسی ـ ئابووری ناوچەکە زۆر ترسابوون، هەڕەشەکانی عێراق تاڕادەیەك ناڕوون بوون. جگە لە ئیسرائیل هیچکام لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە توانای پێشگیریان لە بەرامبەر عێراقێکی تەیار بە چەکی دوورهاوێژو کلاوەی پێناسە نەکراودا نەبوو. ئەمەریکاش هەستی بە تەواوی ئەو گوشارانە دەکرد کە وەك دێوەزمەی شەڕ بە سەر ناوچەیەکی هەستیاردا زاڵ ببوون و دەیزانی کە درێژە کێشانی ئەو دۆخە ڕەنگدانەوەی فرەڕەهەندی لە سەر لایەنی سیاسی و بەتایبەتی ئابووری ـ نەوتی ناوچەکە دەبێ.

ئەمەریکاییەکان هەوڵی چوونە دەرەوەی ئاشتیخوازانەی عێراقیان لە کوێتدا دەدا، لە پاڵ ئەوەشدا بەردەوام هەڕەشەی بەکار هێنانی هێزی سەربازییان دێنایە گۆڕێ. ئەوە بوو کە شەڕی کەنداو لە 17ی ژانویەی 1991دا دەستی پێکردو "گەردە لوولی بیابان" کە هێزو تواناو پاڵپشتی 30وڵاتی هاوپەیمانی لە پشت بوو سەدام و ئەرتەشەکەی وردوو خاش کرد. دیارە هێندێ هۆ کاری دیکەی لە پشت بوون کە ئەمەریکا نەیدەویست حکومەتی

سەدام لەناو ببات، لەوانە بوونی حکومەتێکی شۆڕشگێڕ لە ئێران، بوونی کۆمەڵێك پۆتانسیلی نێوخۆیی عێراق وەکوو شۆڕشی کوردەکان لە باکووری عێراق‌و شۆڕشی شیعەکان لە باشوور. هەر ئەوەندە بەس بوو کە هێزی سەربازی عێراق لاوازبێ، غورووری عێراق لە ناوچەدا تێك بشکێ‌و هەڕەشەکانی بۆ سەر ئیسرائیل نەمێنێ.

بە گشتی سەدام‌و حکومەتەکەی وەکوو باڵدارێکی پەڕو باڵ کراوەیان لێ هاتبوو. ئەوەش مەبەستی سەرەکی ئەمەریکا بەتایبەتی‌و رۆژئاوا بە گشتی بوو کە عێراقێکی بێ‌مەترسی یان کەم مەترسی دەبێ دروست بکرێ لە ناوچەکەدا، ئەگەر نا قازانج‌و بەرژەوەندییەکانی هەموان دەخاتە ژێر سێبەری هەڕەشەو مەترسییەوە. عێراقی پەڕو باڵ کراو بەو بارودۆخەشەوە نەدەوێستا. واتە هەڕەشە بەردەوامەکانی لە وڵاتانی عەرەبی هاوپەیمانی ئەمەریکا، هەڕەشەی بە هێزبوونی بواری سەربازی‌و لێدانی ئیسرائیل بە چەکی کۆمەڵکوژو دەیان هەڕەشەو هەڵویستی دیکە بوە هۆکاری دەنەدەر بۆ ئەوەیکە جارێکی دیکە دۆسیەی عێراق بچێتەوە ریزی پێشەوەی دۆسیە گۆڕا نخوازەکانەوە. عێراق بەکردەوە رۆڵی عامیلێکی تێکدەری هاوسەنگییەکانی ناوچەکەی دەگێڕا. ئەمەریکاو هاوپەیمانانی دۆسیەکەیان لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان خستەڕوو، و پاشان پاش چەندجار سەرپێچی عێراق لە بڕیارەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، دۆسیەکەی بۆ سزادان چووەوە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان‌و لەو پێشەوە پاش چەند جار ئاگادار کردنەوە، لە ئاکامدا وڵاتەیەکگرتوەکان‌و چەند وڵات لە وڵاتانی هاوپەیمانی کە دەوڵەتی ئەوکاتی عێراقیان بە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان دادەنا، بڕیاری هێرشیان بۆ سەر عێراق‌و روخانی حکومەتی بەعسی سەدامیان دا.

## روخانی حکومەتی بەعس‌و ئاکامەکانی

تەمەنی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان لە هەموو جیهاندا بەسەرچوە، شێوازی حکومەتی دیکتاتۆریی لە گەڵ بایەخە مۆدێڕنەکانی دونیای ئەمڕۆدا نایەتەوە. شەپۆلی بەجیهانی بوونیش باڵی بە سەر هەمو رەهەنەکانی دیکەدا کێشاوە. تەوەری سیاسەت ـ بەرژەوەندی ـ هێز، بوەتە تەوەری سەرەکی رەوتی روولە پێشی هیژمونی وڵاتان. تابوت بۆ دیکتاتۆران ساز کراو؛ هەر لەو کاتەوە کە خوڵقێنراون، خەریکە کەم کەم دەخرێنەوە نێو تابوتەکانیانەوەو ئاخرین مێخ لەسەر تابوتەکانیان دەدرێ. رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، واتە ئەو ناوچەیەی ئێستا لێی دەژین لەمێژە بە مێتۆدی دیکتاتۆری بەڕێوە دەچێ. دیکتاتۆرانێك کە خۆیان پەیمانکاری کۆمپانیای دەسەڵاتگەلی دیکە بوون. ئەوان خۆیان بە نمەك گیری سوپرپاوەرەکان دەزانی‌و پێیان وابوو کە دەبێ لە خزمەتی ئەواندا بن. ئەوەش راست بوو، چونکی ئەوان دەسەڵاتێکی بالاتر خوڵقاندبوونی‌و هەرکاتیش پێ خۆش بوایە دەیتوانی متمانەکەیان لێ وەربگرێتەوەو تەنانەت تەخت‌و تاجەکەشی تێکەوەبپێچێ.

سەدام یەك لەو دیکتاتۆرانە بوو کە ئێدی بە هیچ هێزێك کۆنترۆڵ نەدەکرا. هەر بۆیە کۆبەندی رای نێونەتەوەیی لەسەر لەناو بردنی کۆك بوون. رەوتی لێپێچانەوەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرو ئیدئۆلۆژیکەکان ساڵی 2001 بە لێدانی حکومەتی تاڵەبان دەستی پێکردو بە لێدانی حکومەتی بەعسی عێراق لە سەرەتاکانی 2003دا هێزی گرت. حکومەتی سەدام حوسەین رۆخا، بەڵام هاوپەیمانان لەسەرویانەوە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا قەت لەو بڕوایەدا نەبوون کە کونترۆڵی عێراق بۆیان ئەوەندە پڕخەسار بێ. چونکێ لە راستیدا ئەوان زۆرترین زەبرو خەساریان پاش رۆخانەی بەعس لێکەوت.

ئەوەش گەر سەرنجێکی وردی لێ بدرێ نەبوونی روانگەیەکی وردبینانەو واقعبینانە لە هەڵسەنگاندن‌و لێکدانەوەکانی رۆژئاواییەکاندا بوو. کاتی خۆی باپیرەیان، واتە "وینستۆن چرچیل" بە دەستێوەردانێکی

بەرژەوەندیخوازانە لە ژیۆپۆلیتیکی عێراقدا پێکهاتەیەکی ناتەبای پێکەوە لکاند کە ساڵانێکی دوورو درێژە خەڵکی ئەو یەکە جوگرافیاییە بەدەست ئەو ناتەباییەوە دەناڵێنن و لە یەکتریی دەکوژن و یەکتر لەناو دەبەن و یەکتر سەرکوت دەکەن و هەرکامەشیان بە مافی خۆیان دەزانێ سەرومری عێراق بێ.لە گەڵ هەموو ئەوانەش دا دەبێ بێژین سالآنێکە کە هێزی سوننە دەسەڵاتی خۆیان تاقی دەکردەوە، پش روخانی حکومەتی سەدام ئەزمونی گوێڕایەڵی هێزی شێعە بۆ وڵاتانی جیرانیشمان تاقی کردەوەو لەم نێوانەدا تەنیا کوردەکانن کە سەرەڕای ئەوەیکە زۆرترین خەساریان بەرکەوتوە کەچی تاکوو ئێستا هەر رووی دۆستایەتییان نیشان داوە.

لێرەدا، واتە لە شەڕی رۆخاندنی بەعسدا، دیسان ئەمەریکاییەکان تووشی ئەو هەڵەیە بونەوە. هەڵەیەك کە ئەمجار دووکەڵەکەی چوە چاوی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی. واتە ئەوانیش پێکهاتەی شیعە، کورد، سوننەیان لەبەر چاو نەگرت، و ئەگەریش لەبەر چاویان گرتبێ بەس بۆ مەبەستی تاکتیکی بوە.

سەرنجدان لە چەشنی پێکهاتەیی وڵاتی عێراق، خوێندنەوەو موتاڵای جیاوازییەکانی، یارمەتی بە ئەمەریکا دەدا کە چۆن چۆنی لە عێراقدا یاری بکا. بۆ وێنە رۆڵی شیعە لەعێراقدا دەتوانێ یارمەتی بە چەشنی یاری ئێران و سوریە بدات. رۆڵی سوننە دەتوانێ هاریکاری و دژایەتی وڵاتانی سوننەی ناوچەکە بەتایبەتی سعوودیی دیاری بکات. و رۆڵی کوردەکان دەتوانێ هاوسەنگی نێوان هێزەکان کەم و زۆر بکات و جاروباریش لە بەرامبەر زێدەخوازییەکانی تورکیەدا هێزیان پێ بنوێنێ. جودا لەوەش هێزگرتنی هەرکام لەم سێ لایەنەش دەتوانێ پەرە بەکێشەو ئاڵۆزی لە عێراق و ناوچەکەدا بدات. بەڵام یەك لەهەڵە سەرەکییەکانی ئەمەریکاییەکان هەڵوەشاندنەوەو لێکپاشرانی ئەرتەشی بەعس بوو. ئەرتەشی بەعس کەم تا کورتێ لە تەواوی پێکهاتەکانی عێراقی تێدا بوو و لانیکەم بە دانانی فەرماندەرانی خەڵکی و نەتەوەیی، دەکرا تا ساق کردنەوەی دەوڵەتی نوێ و ئەرتەشی نوێی عێراق لە پاڵ هێزە داگیرکەرەکاندا ئاسایش و هێمنی عێراقیان پێ بپارێزرێ. بەم جۆرە هێزەمیلیشیاکان هەرکام لە شوێنێ بە چەشنێك حکومەتی سەربازیی خۆیان رانەدەگەیاند. وەکوو ئەوەیکە ئەرتەشی مهدی ـ سوپای بەدەرو ...کردیان و تیرۆریزم و هێزە تیرۆریستییەکان تا ئەو رادەیە هێزیان نەدەگرت. ئەگەر پێش لە گۆرانکارییە سەرەتاییەکان بیر لە لایەنی هێمنی و ئاسایشی عێراقیان بکردبایەوە، لە لایەك ئەمرۆ ئەو فرەمیلیشیاییە، ئەو نائەمنییە و ئەو هەموو تیرۆرو کوشتارە لە عێراقدا دروست نەدەبوو و ئەمرۆ هێزەکانی عێراق بیریان لە ئاوادانی و ساخت و سازو بونیات نانەوەی عێرق دەکردەوە.

جێگیر بوونی میلیشیا چەکدارەکان لە جێی هێزی ئاسایش و پاراستنی ئاسایشی وڵات کۆمەڵێ دواهاتی هەیەکە گرینگترینیان ئەوەیە کە هەر میلیشیایەك دەسەڵاتی زۆرتر بێ بێگۆمان سەرنجی لایەنە دەرەکییەکان رادەکێشێ، ئەوەش بە هێزترین فاکتۆرە بۆ دەستێوەردانە دەرەکییەکان. دەتوانین وەك باشترین نمونە ئاماژە بە پاڵپشتی ئێران لە هێزو میلیشیا شیعەکان لە عێراقدا بکەین. دیارە لێرەدا باسی بەرژەوەندییەکان گرینگن، هەر وڵاتێك لە وڵاتانی دیکە، بەتایبەتی جیران دا کۆمەڵێك بەرژەوەندی هەیە، رادەی ئەو بەرژەوەندییانە پێوەندی راستەوخۆی بە حۆزووری ئەکتیڤی ئەو وڵاتانەوە لە وڵاتانی دیکەدا هەیە. واتە هەرچەندە پتر بتوانێ لەو وڵاتەدا بە هێزتر دەرکەوێ و پتر بتوانێ دەست و پێوەندی لەوێ رێك بخات، ئەوە دەتوانێ ئیدیعا بکات کە بەرژەوەندییەکانم لەوێ بەرفراوانن. بۆ وێنە ئێرانییەکان، واتە بەپرسانی کۆماری ئیسلامی ئیدیعادەکەن:"بە روخانی پێکهاتەی حکومەتی عێراقی پێشوو و هاتنە ئارای عێراقی نوێ بە دەسەڵاتێکی زۆرینە شێعەوە هەلێکی زێڕینی ناوچەیی بۆ ئێمە رەخساندوە. تەنانەت زۆر جار لەو هەلە لە بەرامبەر ئەمەریکاو هاوپەیمانانیدا کەڵکی باشی وەردەگرن.

واتە بەپێ هەڵبژاردنێکی دیموکراتیك کە بەرهەمی هەمان پرۆژەی دیموکراتیزاسیۆنی ئەمەریکایە شیعەکان دەسەڵاتی سەرەوەی عێراقن. ئەوەش دەتوانێ هەم لە ئاسایشی عێراقداو هەم لە دەسەڵاتی داهاتووی عێراقدا کاریگەرییەکی تەواویان هەبێ.

## دابین کردنی ئاسایش کۆڵەکەی سەرەکی سەرکەوتنی پرۆژەی عێراق

گەر لەبیرمان بێ پێش لێدانی حکومەتی دیکتاتۆری بەعس و روخانی حکومەتی عێراق لە لایەن وڵاتانی هاوپەیمان بە سەرکردایەتی ئەمەریکا، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران هەڕەشەی بەویتنام کردنی عێراقیان لە ئەمەریکا کرد. ئەمەریکا لە رواڵەت دا زۆر گوێی نەدا بەو هەڕەشەو گڤاشانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە لێدان و لە بەرەوپێش بردنی پرۆژەکەیدا جیددی و پێداگر بوو. بێ گومان فاکتۆرەکانی دەستێوەردانی ئەمەریکا لە عێراقدا، هەر لە سەرەتای لێدانی حکومەتی بەعسەوە روون بوون. چونکی سوپای بەدر کە باڵی سەربازیی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عێراق بە رێبەرایەتی ئایەتوڵڵا باقرالحکیم بوو و لە هەزاران کەس پێکهاتبوون بە ئامرازو کەرەستەی تەواوەوە لە ژێر چەتری سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیدا پەروەردە ببوون و بەرەو عێراقی ناسەقامگیر بەرێ کەوتن.

سوپای المهدیش دیسان تەیارو پەروەردەکراوی کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو پەیمانکارێکی سوپای قودس لە عێراقدا دەستی بەچالاکی کرد، فاکتۆری یەکەم فاکتۆری بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و یاری سیاسی ـ دیموکراتیك بوو و لە دابەشکردنی کاردا باڵی سەدر یان بڵێین سوپای المهدی کە لەلایەن موقتەدا سەدرەوە رێبەری دەکرا ئامرازی گوشارو هێزی نائەمنی بوو. کەوابوو ئەمەریکاییەکان بە باشی دەیانزانی لە عێراقدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی کۆماری ئیسلامی و پەیمانکارە سەربازییەکانی ناتوانن بگەنە سەرکەوتن. بۆ وێنە "جفری کەمپ" کە لە کارناسانی ئەمەریکایی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەو بەڕێوەبەری پرۆگرامی ئیستراتیژیکی ناوچەیی سەنتەری "نیکۆنە"، جەخت لە سەر ئەو خاڵە دەکاتەوە کە پێوەندی ئەمەریکا لە گەڵ ئێراندا بۆ چارەسەریی کێشەی ئاسایشیی لە عێراقدا گرینگ و پێویستە. لێرەدا ئەوە دەبێتە پرسیار کە چۆن دەکرێ ئەمەریکا داوا لە وڵاتێکی پاڵپشتی تیرۆریزم و ئەندامی "تەوەری شەڕاشۆبی"( محور شرارت ) بکات کە یارمەتی ئاسایش و هێمنی وڵاتێکی گیرۆدەی ناهێمنی جیرانی بدات کە لە لایەن ئەمەریکاوە داگیر کراوە. بێ گومان لەگەڵ ئەوەیدا کە ئەوە پرسیارێکی گرینگە و لەجێ خۆی دایە، تێبینییەکی گرینگتر دێتە گۆڕێ کە هەر فایلە و گرینگی خۆی هەیە و چوارچێوەی خۆی هەیە.

نابێ ئەو راستییە لە بیربکرێ کە عێراق و ئێران زۆرترین سنووری هاوبەشیان لە گەڵ یەکتریدا هەیە، و هاوکات زۆرترین هێزی شیعەیان هەیە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. و دوو کوڵەکەی سەرەکی هیلالی شیعین لەو ناوچەیەدا. لە گەڵ ئەوەشدا هەرچی زیاتر هەوڵ دەدەن لەبەرامبەر هێژموونی رێبەریی هێزی سوننە بەسەر دونیای ئیسلام دا سەرکەون. کەوابوو بەو فاکتانەوە کە ئاماژەمان پێکرد هێزی شیعە و سنووری هاوبەش کە دوو خاڵی سەرەکی دەستێوەردانی ئێران لە عێراقدان بۆ سەرکەوتنی درێژماوەیان و لە داڕشتنی ئیستراتیژییەکانیاندا پێویستیان بەیەکتری هەیە. کەوابوو دانوستانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لەگەڵ چەندین وڵاتداو لە عێراق لەگەل ئێراندا بەشێك دەبن لە سیاسەتی دەرەکی ئەو وڵاتە. دیسان جەختی لە

سەر دەكەینەوە كە سیاسەتی دەرەكی وڵاتان، بەتایبەت وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمەریكا لە سەر بنەمای ئیستراتیژی بەرژەوەندی نەتەوەییو ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریكا دادەڕێژرێو دەچێتە پێش.
ئەمەریكا لە راستیدا هەر لە شەڕی دووهەمی كەنداو، واتە لە ساڵی 1991دا دەیزانی كە روخاندنی بەعسی بەواتای هاتنە سەركاری دۆستانی ئێرانە، هەر بۆیە چاوپۆشی لە رۆخانی حكومەتی عێراق كرد. ئەمەریكا دەزانێ كە لە هەرشوێنێك بەرژەوەندی وڵاتانێك وەكوو ئێرانە، كووریای باكوور، سوریەو ... هەبێ بێ گومان لەگەڵ بەرژەوەندییەكانی ئەودا تووشی پێكدادان دەبن.
هەڵەی دووبەرەكێی نانەوە لە نێوان هێزەكان لە عێراقدا
یەكێ لە هەڵە سەرەكییەكانی ئەمەریكاو هاوپەیمانانی لە عێراقدا سازكردنی دووبەرەكێی شیعە ـ سوونەو پەرەپێدانییەتی، بەم كارە ئەمەریكا كێشەیەكی قووڵی لە نێوان دوو بەرەی شیعی ـ سوونە لەناوچەكەدا نایەوە. چونكی بەشێ لە ئەمیرنشینەكان، عەرەبستانو میسر بە جیددیەتەوە هەست بەمەترسی هیلالی شیعی دەكەنو لە هەر شوێنێك هەوڵ دەدەن بەرەنگاری هەرچەشنە رەوتێكی شیعی ببنەوە. كە وابوو پێكدادانی شیعی سوونەیی عێراق شتێكی ئاساییەو بەرهەمی هەمان تیۆری شیعی ـ سوونە لە هەموو ناوچەكەدایە. لێرەشدا تەنیا خەڵكی عێراقن كە زیان دەبینن، و تەنیا زەبر لە ئاسایشو هێمنی عێراق دەكەوێ كە بناخەی هەموو تێكشكانو بەجێمانێكی دیكەیە لەو ولاتەدا.
هەروا كە ئاماژەمان پێدا بوونی سنوورێكی هاوبەشی بەرفراوان ئەو مەجالە بە ئێران دەدات تاكوو بە ئاسانی هێزە ژێرهێژموونییەكانی لە عێراقدا بەهێز بكات. بۆ ئەو مەبەستەش هێزی پێنجەمی سوپای پاسداران كە تایبەت بە پاڵپشتی رێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێران لە هێزە لایەنگرەكانی خۆی لە ناوچەكەداو رووبەڕووبوونەوەی ژێرزەمینی نەیارنو دۆژمنانییەتی لە دەیان كاناڵەوە پارە، چەكو چۆڵو كەرەستەی تەقینەوەو تێكدان بە هێزە توندڕەو و لایەنگرەكانی لە عێراقدا دەگەیەنی. بۆ سەلماندنی ئەو راستییەش تەنیا سەرەنجێك لە هەواڵی رۆژانەی رووداوەكانی عێراق بدەین یان ئارشیوی هەواڵی مێدیاكان سەیر بكەین. كەوابوو ئاساییە كۆماری ئیسلامی ئێران پاش نزیك بە 30 ساڵ هەروا گەورەترین مەترسیو هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندییەكانی ئەمەریكاو سیاسەتی دەرەكی ئەو وڵاتە. ئەمەریكا بۆ چارەسەریی ئەو گرفتەی دوو رێگای لە بەردەم دایە، یان دەبێ درێژە بە سیاسەتی هەنوكەیی خۆی واتە هەوڵدان بۆ پوچەڵكردنەوەی كۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی دەرەكیدا و هەروەها گۆڕینی دەسەڵات لە ئێراندا بدات یان دەبێ كۆماری ئیسلامی ئێران وەكوو دیفاكتۆیەك(ئەمرێكی واقێع) قبوڵ بكاتو بكەوێتە دانوستانو وتووێژەوە لەگەڵیدا.
بوونی فاكتۆرگەلێك لە چەشنی پاڵپشتی كۆماری ئیسلامی لە حاڵی حازردا لە پرۆژە ئەتۆمییەكەیو دژایەتی درێژماوەو پڕ لە ئاڵۆزیو كەندو لەندی ئەمەریكا ـ كۆماری ئیسلامی، رێگای دووهەم سەختتر دەكات.
كەوابوو دەبێ كار لە سەر رێگای دووهەم بكرێ. رێگای دووهەمیش پتر لە 25 ساڵە درێژەی هەیە بەڵام كۆماری ئیسلامیش بە تەرخان كردنی بوجەو پارەیەكی ئێجگار زۆرو بێكۆتایی بۆ فاكتۆرسازی لە ناوچەكەدا، هێندە پێگەی تایبەت بەخۆی سازكردووەو پاڵپشتی بەردەوامیان دەكات، كە هەركات پێخۆش بێ دەتوانێ ئەمەریكاو دۆستانی لە ناوچەكەدا تووشی قەیران بكات. دیارە ئەو سەركەوتنەی ئێران بەهێزترین هۆكارە بۆ سەرنەكەوتنی دڵخوازی ئەمەریكا تا هەنوكە لە عێراقو ئەفغانستاندا. كەوابوو بەو ئاكامە دەگەین كە ئەمەریكا لە سیاسەتی دەرەكیدا لە هەمبەر ئێران هەم تووشی هەڵەی گەورەو هەم تووشی كەم كاری بوە. هەر بۆیە دێینە سەر ئەو بڕوایە

که ڕەمزی سەرکەوتنی ئەمەریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە دابین کردنی ئاسایش و هێمنی دایە کە ئەویش بەشێکی زۆری دەبەسترێتەوە بە نەمانی فاکتۆری سەرکۆگای هەموو ناهێمنییەکانی ناوچە، واتە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە.

**پێگەی فاکتۆری کورد لە هاوسەنگییەکانی عێراقدا**

نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەگشتی و لە عێراق و وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا فاکتۆرێکی گرینگ و کاریگەرە. جوگرافیای کوردستان ناوچەیەکی گرینگ، هەستیارو بەنرخە، کانگای زۆر مادەی بەنەرخی سروشتییە و ناچەیەکی لە بواری سیاسی ـ ئابوریەوە ئیستراتیژیکییە. ئەو بایەخانەی کە باسمان کردن و دەیان بایەخی دیکەی لەو چەشنە هۆکاری چارەڕەشی و دواکەوتنی خەڵکانی نیشتەجێی ئەو ناوچەیەن. کوردەکان بە درێژایی مێژوو کاڵای سات و سەودای سیاسی نێوان زلهێەکان لە لایەک و وردە هێزەکانی لە لایەکی ترەوە بوون. بەڵام بە درێژایی مێژوو کورد نەیتوانیوە لانیکەم لە ئاستی جیهانیدا خۆی دەربخات یان لانیکەم لە ستراتژی و لە چوارچێوەی بەرژەوەندی زلهێزاندا جێگای خۆی بکاتەوە. بەڵام قۆناغی ئەمجارە شتێکی دیکەیە. واتە قۆناغێکی نوێ، بە ئیستراتیژی ڕوون و تێوریزەکراوەوە هاتونەتە مەیدان، گوتاری سیاسیی ـ نەتەوەییان دیاریکراوە، هێڵەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی‌نەتەوەییان بە گوتاری تاییەتەوە داڕێژراون و بەگشتی سیستمی پەروەردەی مودێرنی بە باشترین و نوێترین مێتۆدی ڕۆژەوە هەیە. دەیان سەنتەرو شوێنی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی و ئاکادمیکی هەیە و خاوەنی سوپای مودێڕنە و هەنگاوە سەرکییەکانی بەرەو بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگاکەی هەڵێناوەتەوە. واتە دەسەڵاتی کورد لە ئاستی سەرۆکایەتی عێراقدا لوتکەی گۆڕانی پێگەی کوردە لە هاوسەنگییەکاندا.

گەشەی سیاسی ـ ئابووری ـ کۆمەڵایەتی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا، بوتە فاکتۆرێکی بە هێز لە ئاستی جیهانیشدا بۆ بەرەو چارەسەر چوونی کێشەی کورد. پارتگەلی سیاسی ـ دێموکراتیکی مۆدێڕن بە پرۆگرام و پرۆژەو گوتاری سیاسی، نەتەوەیی پێشکەوتنخوازانەوە هۆکاری دیکەی ئەو ڕەوتە ڕوولەگەشەیەی دۆزی کوردە. بوونی دۆستانی نێونەتەوەیی، لۆبی بە هێزو کاریگەرو دیپلۆماسی هاوچەرخ چەند خاڵی دیکەی ئەو سەرکەوتنەن. کەوابوو، بوونی ئەزموونی کوردستان و بوونی خەباتی ڕەوای پارتی سیاسی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەو ڕاستییەی بە دونیا سەلماند کە کورد دەتوانێ خۆ بەڕێوە ببات، نرخی هاوپیمانی و دۆستایەتی دەزانێ و فێری یاری سیاسی لە هەموو و ئاستەکاندا بوە.

کوردەکان لە عێراقدا ٪25ی حەشیمەتی ئەو وڵاتە پێك دێنن. وەك دەزانن پێش ڕۆخانی حکومەتی بەعس پێکهاتەی سیاسی، حەشیمەتی عێراق بە کوردو عەرەب پێناسە دەکرا و شوناسنامەی عێراق ئەودەم کوردو عەرەب بوو بەڵام بە بێ ئیعتراف کردن بە هیچ مافێکی کورد. بەڵام ئێستا جودا لە کوردو عەرەب فاکتۆری کورد شیعە ـ سوننە باڵادەستە، ئەوەش لە لایەك دەتوانێ بەهێزترین فاکتۆری یاریدەدەر بێ بۆ بەرەوپێش چوونی ئامانجەکانی کورد واتە فاکتۆری کوردی لە عێراقدا ببێتە فاکتۆری پارسەنگی هێزەکان، کە ئەمە دەتوانێ بە دەسکەوتێکی بەنرخ بنرخێندرێ. بەڵام لەلایەکیترەوە ئەو شێوە پێناسە پێکهاتەییە کە ئەمڕۆ ئیدی جێگیر بوە، دەتوانێ فاکتۆری ناسەقامگیری بێ لە عێراقدا بۆ عێراق بەگشتی و بە زیانی هێزە داگیرکەرەکان بەتاییەتی. چونکی ئەو چەشنە دابەشکردنە لە باشترین حالی دابین بوونی بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بوو. لایەنی شیعی، کۆماری ئیسلامی لە پشتە، لایەنی سوننە عەرەبە سوننەکانی لە پشتە، تەنانەت کەمینەیەکی زۆرکەمی تورکمەن لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێن، لەم نێوەدا دەمێنێتەوە کورد کە تەنیا دەبێ خۆی یاریکەری مەیدان بێ.

تاڕادەیەك جێگای هیوایە كە كوردەكان لانیكەم لە تەمەنو مێژوویەك بێكەسیو بێ پاڵپشتی، هێندە ئەزموونیان وەرگرتوە كە پتر لە هەموو لایەنێك لە سەر خۆیان حیساب بكەن. لەخۆڕا نییە وتەی بە ناوبانگی كوردەكان لە جیهاندا دەنگی داوەتەوە، واتە :"تەنیا پاڵپشتی جێگا متمانەی كوردەكان، چیاكانی وڵاتەكەیانە" بەڵام دەبینین بەشێك لە دەسەڵاتدارانی ئێران كیسەیان بۆ داهاتووی كوردەكان هەڵدووریوەو پێیانوایە دەبێ كوردەكان لە داهاتوودا ببنە هاوپەیمانی شیعەكان لە عێراقداو هاوڕا لەگەڵ شیعەكان لەو وڵاتەدا ببنەهاوپەیمانو تەنانەت دابینكەرو پارێزەری بەرژەوەندی كۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراقدا.

بەڵام لە راستیدا كوردیش لەكاتی روخانی حكومەتی بەعسی لە ئاستی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریدا خاوەنی دووحكوومەتو دوو ئیدارە بوو كە ئەوەش هێندێ فاكتوری لاوازی دیكەی بەدوادا دەهات، لەوانە حكومەتە دراوسێیەكان كە هیچكات چاویان بە كورددا هەڵنەهاتوە لەو دۆخەدا دەستێوەردانیان دەكرد. بە پاڵپشتی كردنی ئەم ئیدارە یان دوژمنایەتی كردنی ئەو ئیدارە، هەر بۆیە دووبەرەكیٚ نێوماڵی كورد زەبرێكی قەرەبوو نەكراوەی لە ڕیزەكانی گەلی كورد لەم قۆناغەداداوە. ئەوە لەئاستی سیاسەتی دەرەكیدا بوو، لە ئاستی سیاسەتی نێوخۆیشدا، واتە نێوخۆیی لە دووكاتدا هەم سەردەمی دەسەڵاتدارێتی حكومەتی بەعسو هەم پاش روخانی ئەو حكومەتەو سەردەمانی ئەزمون كردنی دیمۆكراسیو حكوومەتی عێراقی ئازاد كراودا.

لە ئاستی سیاسەتی نێوخۆیی پێش روخانی حكومەتی عێراق، هەر ئەو هێژموونییە سیاسییە دەرەكییە كاری لە سەر سیاسەتی نێوخۆیی ئەوانیش كردبوو. واتە لێرەدا بەرژەوەندی هێزە دۆستە تاكتیكییە دەرەكییەكان دەكرێ بڵێین باڵادەست بوو و دەستنیشانكەر، چونكی هیچكات ناتوانین نكۆڵی لەو راستییە بكەین كە هەركام لە جیرانەكان بەهێزی سەربازی پاڵپشتی یەكیٚ لە هێزە سەرەكییەكانی دەكرد بۆلێدانی هێزی دیكە بۆ شەڕی براكوژی لە كوردستان.

بەڵام پاش روخانی حكومەتی عێراق، بە رووخانی حكومەتی بەعس لە لایەك ترس، خۆفو دڵەڕاوكێیەك كە لە كوردستان لە هەمبەر حكومەتی بەعس هەبوو بە تەواوی رەوییەوەو درگایەك بە رووی كورددا واڵا بوو كە بەشێكی زۆر لە خەونو خولیاكانی تێدا وەدیهاتن. درگایەك كە بزوتنەوەی نەتەوەیی كوردی بردە قۆناغێكی گرینگو هەستیارەوە كە ئەمجار ئێدی دەبوا لە هاوكێشە گەورەكاندا یاری گەورە بكاتو هاوسەنگی گەورە پێك بێنێتو دەستكەوتەكان بپارێزێ. بیری نەتەوەیی كورد لەو قۆناغەدا بەردەوام بە دەوری ناسیونالیزم، بەرژەوەندی نەتەوەییو ئاسایشی نەتەوەییدا دەخولایەوەو بەگشتی بە هەر چەشنە هەڕەشەیەك دژبە ئامانجە نەتەوەییەكانی، دژكردەوەی خێرای دەنواندو هەڵوێستی نەتەوەیی جیدی وەردەگرت. هێزوتوانایی مێدیاییو دیپلۆماسی تارادەیەك ئەركی خۆی بە جێ گەیاند. حكومەتێكی دوو شەقامی نایەكگرتوو، بوو بە حكومەتێكی هەرێمی باشووری كوردستان. ئەمجارە كورد توانی پەیامی پێشكەوتن خوازانەی خۆی كە بریتی بوو لە ئاشتی، ئازادی، دێموكراسیو پێكەوە ژیانی شارستانیانە بە كردەوە بە دونیای پێشكەوتوو پێشاندا.

بەڵام راستی ئەوەیە كە دوژمنانی كورد هەر لە جێ حۆیاندان، بەعس رووخاو سەدام رۆیی، بەڵام پێكهاتەی فیكری هەمان پێكهاتەیە"، واتە كورد مەترسییە بۆ سەر لێك هەڵوەشانی عێراقی یەكگرتوو؟" "كورد دەبێ بەردەوام لە سەنتەرێكی بەهێزو باڵاتری دەسەڵاتەوە بڕیاری بۆ بدەرێ؟"، "كورد نابێ لەگەڵ ئیسرائیل نزیكایەتیو دۆستایەتی هەبێ؟"،"دۆستایەتیو هاوپەیمانی سەربەخۆیانەی كورد لە گەڵ رۆژئاوا بە گشتیو ئەمەریكا بەتایبەتیدا هەڕەشەیە بۆ سەر داگیركەرانی كوردستان؟ "ئەوانەو دەیان وسەدان بیرۆكەی دیكە كاكڵی فیكری

دوژمنانی بەناو دۆستی کوردی لە ناوچەکەو تەنانەت خودی عێراقیش دا پێك دەهێنا. خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە کورد دەبوا راستییەکانی خۆی بەهێزو تواناوە بسەلمێنێ، دەبێ بتوانێ لە هاوکێشە سیاسییەکاندا وەکوو ئاکتۆرێکی لێزان یاری بکاتو لەو ئامرازو گوشارانەی کە هەیەتی بەباشی کەڵك وەربگرێ.

بێگومان کورد لە هێزو تواناکانی خۆی بەئاگایە، سیاسەتوانی شارەزاو پسپۆڕیشی هەیە. بەڵام ئەوەیکە وەك عاملێکی جیددی کۆسپی سەر رێگای بەرەو پێش چوونی سیاسەتی کورد لە ناوچەکەدایە لاوازیی تیۆریكو ستراتژی نەتەوەییە، واتە سێ تەوەری سەرەکی کە کورد تاکوو ئێستا نەیتوانیوە وەك پێویست پراکتیزەیان بکات. لایەنێکی دیکەی لاوازیی پێکهاتەی هێزی کورد لە عێراقدا ترسانیەتی لە رابردوو، ترسانیەتی لە ئێستاو تۆقانیەتی لە داهاتوو. ترسان لە رابردوویەك کە بەردەدام هەوڵو چالاکییە سیاسییەکانی شکەستیان هێناوە، بەناو دۆستانو دوژمنانی پێکهاتوونو لە بەرامبەر خواستی کورددا یەکریز راوێستاون. ترسان لە ئێستایەك، کە لە لایەك کۆمەڵێك دەستکەوتی وەدەست هێناوە، تاکوو ئێستا لە خەباتی کورد لە باشووری کوردستاندا کەم وێنەو تەنانەت دەکرێ بێژین بێ وێنەش بوونو لەلایەکی دیکەوە ناهاوئاهەنگی هێزە عێراقییەکانو تەنانەت بەرچاوتەنگی بەشێك لەو هێزانە لە هەمبەر بزوتنەوەی کورد، باج خوازی کۆماری ئیسلامی ئێران، p.k.k و گێرەوکێشەکانی، هەڕەشەو هاندانەکانی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامی. ترسان لە داهاتوو بەو واتای داهاتوویەکی بێ ئەمەریکایی، داهاتوویەکی بێ پاڵپشتی، داهاتوویەکی قەیراناوییو تاڕادەیەك تاریك. داهاتوویەك کە بەڵگەو کارتی یارییەکان تادەچێ روو لە زیادبوونو ترسان لەژێر کەوتنی بەڵگەو کاتی کورد. ترسان لە داهاتووی هێژموونگەرایی ئیسلامی سیاسی،و ... دەیان ترسانو هەڕەشەی دیکە کە سەرکردایەتی کورد بەردەوام وەکوو موتەکەیەك دێتە پێش چاویانو ناچارن بیری لێ بکەنەوە.

بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ئەگەرو وێچوونانە هێشتا کورد تاهەنوکە لە بەرزترین پلەی سەرکەوتنی خۆی دایە. دۆزی کورد خاوەنی هێندێك توانایی باشە کە دەتوانێ بۆ داهاتوو هیوادار بێ پێیانو پاڵیان پێوە بدات. بۆ وێنە دیازپۆرای کورد لە ولاتانی دەرەوە بەتایبەت لە رۆژئاواو بەتایبەتتر لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا یەکێ لەو فاکتۆرە بەهێزانەیە کە دەتوانێ رۆڵی لابییەکی باش بگێڕێ. دەتوانێ قسەی کورد، خواستی کوردو هێزی کورد بەوان بناسێو پوتانسیلێك بێ بۆ چوونە پێشی دۆزی کورد لە جیهانداو بۆ سازکردنی پێگەیەکی شیاو بۆ کێشەکەی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیدا. یان لە ئاستی نێوخۆدا کورد بەڵگەگەلێکی باش لە چەشنی یاسای فیدراڵی عێراق، بزوتنەوەی رێفراندۆم بۆ کەرکوكو ...ی لەبەردەست دایەو دەتوانێ هەم لە ئاستی سیاسەتی نێوخۆییداو هەم لە ئاستی دەرەکیدا یارمەتی باش بە سەرکەوتنی بدەن. بۆ وێنە دەبینین لەیەك رۆژدا لە چەند شاری کوردستان، واتە هەولێر، سلێمانی، کەرکوك، دهۆك، خانەقین، شەقڵاوە، ئاکرێ، کۆیەو ... رێپێوانو کۆبوونەوە سازدرا. دەتوانرێ ئەوشێوازە چالاکییەش بگوازرێتەوە بۆ نێو دیازپۆرای کوردیو دونیاش لە نێوەرۆکی ئەو کێشانە ئاگادار بکرێتەوەو ئینجا چاوەڕێی ئاکامەکانی بکەین.

گرینگ لێرەدایە کە ئەو بزوتنەوەی راپرسییە هیچ چەشنە مۆركو ئارمێکی حیزبیو گرووپی لە سەر نەبوو، واتە بزوتنەوەیەك کە بەتەواوی بەرەنگی نەتەوەیی نەخشێندرابوو. دروشمەکەشیان هەر هەمان نێوەرۆکی پێشان دەدا. واتە "نا بۆ دەستوورێك کە مافەکانی خەڵکی کوردستانی تێدا نەبێ، بەڵێ ... بۆ رێفراندۆم پێڕەو کردنی مافی چارەی خۆنووسین." هەمووان دەزانین کە دۆزی کورد لە عێراقدا وەکوو هەرێمێکی فیدراڵ دیفاکتۆیەکی عەقڵانییەو ئێستا لە گونجاوترین شێوازی خۆیدایە. ئێمە دەبێ واقیعبین بین، ئایدیای سەربەخۆیی ئاواتی هەموو کوردێکە،

بەڵام کۆمەڵێ فاکتۆری واقعی دیکە لە چەشنی هەڕەشە سنوورییەکان، مەترسییە ناوچەییەکان، نەبوونی هاوپەیمانێکی ناوچەیی، نەبوونی ئابوورییەکی بەهێزو مودێڕن، نەبوونی ڕێگای دەریاییو ... مەجالی پراکتیزە کردنی ئەو ئایدیایە بە کورد نادەن. بەڵام لەگەڵ ئەوشدا دەتوانێ باشترین گوتار بێ بۆ دۆزی کورد کە لە داهاتوودا پشتی پێ ببەسترێ.

بەگشتی هەموو نەتەوەیەك کاتێ دەتوانێ داخوازییەکانی دەربڕێو بیانچەسپێنێ کە بەهێز بێ. واتە لە بۆاری سیاسی، ئابووری، نەتەوەیی، سەربازی، کولتووریی، فیکریی‌و ...یەوە بتوانێ بەهێزیی خۆی پیشان بدات. تەواوی دۆڕانەکانی هەر نەتەوەیەك لە لاوازییەوە دێن. ئێستا دۆزی کورد لە گەڵ پێش لە رووخانی بەعسدا قابیلی هەڵسەنگاندن نیە. واتە پێش روخانی حکومەتی بەعس دۆسیەی کورد وەکوو کارتێك لە سەر مێزی یاریکەرەکانی دیکە یاری پێدەکرا، بەڵام ئەمڕۆ ئێدی خودی کورد یاریکەرەو یاری بە کارتەکانی خۆی دەکات. یاریکەرێك لە سەر مێزی یاری، ئەمەریکاو هاوپەیمانانی، شیعەو سوننە دادەنیشێو هەڵوێست لە سەر واقێعە سیاسییەکان دەگرێو بڕیار لە سەر عێراق دەدا. کوردو شیعە لە سەر فیدراڵی عێراق تەبان، بەڵام سوننەکان لە سەرئەم بابەتە کێشەیان هەیەو کێشەکەش مانەوەی ئەوانە لە یوتۆپیای سەردەمی بەعسدا کە تەنانەت ئوتۆنۆمییەکەشی بە کورد ڕەوا نەدەدەیت. ئیستا کورد پارسەنگی هێزە سەرەکییەکانی عێراقو لە هەمانکاتیشدا خاڵی یەکگرتوومانەوەی عێراقی یەکپارچەیە.

## ئاستەنگەکانی بەردەم سەرکەوتنی عێراق

هەڵەکانی ئەمڕۆی هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمەریکاو دۆخی تاڕادەیەك شێواوو ئاڵۆزی ئەمنی، سیاسی، ئابووری عێراق، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنن کە ئەمەریکاییەکان بە پرۆژەیەکی پلانرێژی کراوو وردو ڕێکەوە نەهاتوونەتە عێراقەوە. هەروەك ئەوکاتەی ئەمەریکاییەکان چوونە نێو ڤییتنامەوە یان وەکوو ئەوەی کە بریتانییەکان چوونە نێو ئیرلەندی باکوورەوە یان وەکوو ئەو کاتەی هاوپەیمانان چوونە نێو خاکی ئەفغانستانەوە. هەربۆیە ئێستا هەم خۆیانو هەم خەڵکی عێراق تووشی قەیرانو تەنگو چەڵەمە گەلێکی زۆر هاتوون. خاڵی سەرەکی ئەم کێشانەش بە وردی لە بەرچاونەگرتنی پێکهاتەی سیاسی کۆمەڵگای عێراقو وڵاتانی جیرانی، لەوانە کۆماری ئیسلامی ئێرانو وڵاتانی عەرەبییە. لە بیرمانە کاتێ قەیرانەکانی عێراق پەرەیان ئەستاندبوو و هێزەکانی هاوپەیمان رۆژلە رۆژ پتر تووشی خەسار دەبوون، سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جۆرج بوش لەوتارێکیدا شەڕی عێراقی لە گەڵ شەڕی ڤییتنام بەراورد کرد! ئەوەش دەزانین کە ئەم دەربڕینانەی ناوبراو چەندە گەنگەشەو هەراو هوریای لە مێدیاکانی ئەمەریکا بەتاییەتیو جیهان بەگشتیدا نایەوە.

زۆربەی ڕاڤەکەرانو چاودێرە سیاسییەکان هۆکارەکانی ئەو گرفتانەیان لە عێراقدا بە وەك خۆی تێنەگەیشتنی ئەمەریکاو هاوپەیمانانی لە رەهەندی جۆراوجۆری پێکهاتەکانی عێراق لە قەڵەم دەدا. دیارە هەر بەهاتنەوەی سوپای بەدر کە لەژێر کاریگەریو کونترۆڵی ڕاستەوخۆی سوپای پاسداران داو و هەروەها هاتنەوەی سەرکردایەتی ئایینی ئەو سوپایە کە لە پەروەردە کراوەکانی حەوزەی عیلمییەی قۆم بوون، زەنگێکی ئاگادار کردنەوە بۆ ئەمەریکاو هاوپەیمانانی لێدرا بەڵام ئەوان یان گوێیان کەڕ بوو و نەیانبیست، یان لە بەر سەرقاڵییان ئاگایان لێنەبوو، یان نا، پێشیان پێ نەدەگیرا و دەبوا وەکوو دیفاکتۆیەك قبوڵیان بکردبایە.

له راستیدا ئەوە ڕاستە کە وێنا کردنی ئەمەریکا لە شەڕی عێراق سێنارییەك بوو کە خۆی، واتە ئەندازیارانی شەڕ لە کۆنسرواتیڤەکانی دەوڵەتی بوش دایانڕشتبوو. "سوپای بە هێزو زەبەلاحی ئەمەریکا، لە ماوەیەکی ئێجگار کەمدا سوپای ماندوو و شەکەتی بەعس تێك دەشکێنێ، دیکتاتۆری عێراق تێك دەڕوخێنێو جێ پێیەکی پتەو دروست دەکاو کاروباری ئەوێ بۆ ماوەی ساماندان بە دەستەوە دەگرێو پاشان دەیداتەوە بەدەست عێراقییەکانەوە." ئەوەشی لێ زیادبکەین پاش ئەو سەرکەوتنانە سەرلەنوێ بەتیۆری ئیستراتژییەکاندا دەچێتەوە و پرۆژەکانی لەوانە دوو پرۆژەی گرینگی، دیموکراتیزاسیۆنو پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نوێ درێژە پێدەدا. بەڵام ئێستا هەموو لایەنەکان جەختی لە سەردەکەنەوە کە تێکشکاندنی حکومەتی سەدام حوسەین سادەترینو کەم خەرج ترین بەشی شەڕی عێراق بوو. بەڵام پاش لابردنی سەدام وەك جارێکی دیکەش ئاماژەمان پێکرد هەڵەترین کار هەڵوەشاندنەوەی ئەرتەشی بەعسو هەڵوەشاندنەوەی ئیستیخبارات بوو. بە نەمانی ئەو دوو نیهادە، عێراق لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە مۆڵگەی گرووپگەلێکی تیرۆریستیو میلیشیای دژو نەیاری ئەمەریکاو هاوپەیمانانیو هەر دۆستو لایەنگرێکیان لە ناوچەکەو عێراقدا. لەوانە دەتوانین ئاماژە بە سوپای بەدر، جەیش المهدی، القاعدەو باڵەکانیو... بکەین. پاڵپشتی ئێرانو وڵاتانی ئیسلامیو عەرەبیو پشتگیری هەموو هێزو لایەنە ئیسلامییە فیندەمنتاڵەکان، ئەوانی کردە خاوەن هێزو دەسەڵات لە عێراقدا، بەچەشنێ کە ئێستا بەشداری حکومەتنو دەتوانن بڕیارو راسپاردەکان جێبەجێ بکەن.

زۆرێك لە نووسراوەو بڵاوکراوەکانی زانایانو توێژەرانی سیاسی، ئابووری جیهان دەردەخات کە ئەمەریکا وێڕای خەرج کردنی پتر لە 3 سێ ترلیۆن دۆلار هەنوکە لە شەڕی عێراقدا بێ ئاکام ماونەتەوە. لەم پێوەندیەدا دوو توێژینەوەی بەڵگەدار بڵاو کراونەتەوە، یەکیان کتێبێکە بە نێوی "شەڕی 3سێ ترلیۆن دۆلاری"کە بەرهەمی یەکی خەڵاتی نوبێلی ئابووری بەناوی "جۆزف ئای ئیستیگلیتز"و پرۆفیسۆرێکی زانکۆی هاوارد بەناوی "لیندا جی بیلسی" نووسیویانە. ئەوانە لە کتێبی ناوبراودا بە دیکیۆمێنت دەیسەلمێنن کە چۆن شەڕی عێراق بۆ ئەمەریکا بەهایەکی قورسی داراییو مرۆیی لێکەوتەوە کە تا چەندین نەوەی دیکە بە سیمای ئەو وڵاتەوە دیارە. دیارە ئەوە هاوکاتە لە گەڵ ئەوەیدا کە زلهێزێکی وەکوو ئەمەریکا خاوەن ئابووریو هێزێکی سەربازی بێوێنەیە کە ئیدیعا دەکات دەتوانێ هاوکات لە گەڵ زۆربەی وڵاتانی جیهاندا شەڕ بکاتو سەرکەوتووش دەرکەوێ. بەڵام ئێدی ئەوەش نکۆڵی لێ ناکرێ کە ئەمەریکا لە عێراقدا لە گەڵ شەڕێکیجیهانیی لە گەڵ جیهانی تیرۆرو توندوتیژیدا بەرەوڕوۆبووەوە کە هێزی مەعنەوییان لە هێزێکی متافیزیك وەردەگرن.

بەشێك لە کاربەدەستانی ئەمەریکایی لەو بڕوایەدان دەبێ هەرچێ خێراتر هێزەکانیان لە عێراق بکێشنەوە، بەبێ هیچ چەشنە مەرجێكو ئێژن کە ئەوەش دەبێ بوجەی شەڕ لە لایەن کۆنگرەوە ببڕدرێ. بۆ وێنە ژنراڵ (WILLIAM ODOM) کە لە نەیارانی شەڕ بوە ئێژێ پەیامی کۆنگرەی ئەمەریکا لە لایەن هەردوو حیزبەوە دەبێ ئەوە بێ کە " کاتی وەدەرکەوتنە ". بەڵام هەر لە بەرامبەر ئەو چەشنە بۆچوونەدا ژنراڵ "دەیوید پترایئس" فەرماندەری هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، لە راپۆرتێکدا کە پێشکەش کۆنگرەی کرد هەڵوێستی بەرپەرچدەرانەی نواند. پێترائیس ئاماژەی بەوەدا کە تا جولای 2008 هێزەکانمان بۆ 140000 سەدوچل هەزار کەس کەم کەینەوەو پاشان 45 رۆژ راوێستین تا بتوانین بۆ هەنگاوەکانی دواتر چێ پێ پتەو بکەینەوە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئەوکات بڕیار بدەین. دیارە جێ ئاماژەپێکردنە کە ئەو هەژمارە پترە لە هێزەکانی 5 ساڵ لەمەوپێشی ئەمەریکا لە عێراقدا. "رای رایان کراکر" باڵوێزی ئەمەریکا لە عێراقیش هەر لەسەر رای ژنراڵ

پیتراپس بوو، و بەڵگەشیان بۆ مانەوەی 140000 سەدوچل هەزار کەس هێزی سەربازی ئەوە بوو کە پێش بە شەڕی تایفەییو عەشیرەتیو گرووپی بگرنو پێشگیری لە گەڕانەوەو گەشەی القاعدە بۆ عێراق بکەن، پێش بە دەستێوەردانو دەستدرێژی جیرانەکان بە تایبەت دەستێوەردانە تێکدەرانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کاناڵی سوپای قودسەوە بگرن. (جێی ئاماژە پێدانە کە سوپای قودس یان هێزی قودس هێزی پێنجەمی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانە کە ئەرکەکەی پەرەپێدانی شۆڕشی ئیسلامی لە چەشنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ناوچەکەدایەو هەروەها پاڵپشتی تاقمو گرووپی توندڕەو و تیرۆریستی لە ئیستراتیژییەکانی رۆژئاوا بە تایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا.

رایان کراکر ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئەمەریکا لە سەر رەزایەتی عێراق بنکەیەکی سەربازی هەمیشەیی لە عێراقدا دابنێ، بنکەیەکی بەهێز کە یەکێ لە بنکە سەرەکییەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەبێ. بنکەیەك لە چەشنی بنکەکانی ئەمەریکا لە ژاپۆن، ئاڵمانو کووریای باشوور، هەروەها جەختیش لەسەر ئەوە کرایەوە کە بۆ دانانی ئەم بنکەیە پێویست بە ئێزنی کۆنگرە ناکات.

لەسەرەوەی هەموو ئەوانەشەوە بوشو کابینەکەی عێراقو شەڕ لە عێرقدا بە کردنەوەی درگایەك دەزانن کە ئەمەریکا لەوێوە خەریکە دوژمنەکانی دیکەی سەرکوت بکات. بۆ وێنە جۆرج بوش لە وتارێکیدا سوپاسو پێزانینی ئاراستەی ئەرتەشی ئەمەریکا کردو رێزی لە خزمەتەکانیان گرتو رایگەیاند کە بوجەی شەڕە کە 108 میلیون دۆلار لە ساڵدایە دەبێ پەسەند بکرێ، چونکی دوو هەڕەشەی گەورە لەم سەدەیەدا لە سەر ئەمەریکایە، یەکیان القاعدەیەو ئەویتریان کۆماری ئیسلامی ئێرانە. هاوکات جەختی لە سەر ئەوەش کردەوە کە بە هاتنەدەرەوەمان لەعێراق، شکستی خۆمان راگەیاندوە، هاتنە دەرەوەی ئێمە لە عێراق سەرکەوتنی القاعدەیەو سەرکەوتنی ئێران لە پەرەپێدانی کارتێکەریی لە ناوچەداو لە ئاکامدا هێرشی سەرلە نوێی تیرۆریزم بۆ سەر خاکی ئەمەریکای بەدواوەیە.

مێدیاکانی ئەمەریکاش خەریکن لە بواری خەساری مرۆییو داراییەوە بنچینەکانی ئیدئۆلۆژی بەرەنگار بوونەوەی سەربازی لێدەدەنو بەرەنگاری دەبنەوە. نیویۆرك تامیز ئێژی شەڕی عێراق هەر چرکەیەك 5000 پێنج هەزار دۆلار بەهای بۆ ئەمەریکا بەدواوەیە. یەکێ لەو دامەزراوە متمانەدارانەی دیکەی ئەمەریکا کە توێژینەوەی لە سەر شەڕی عێراق کردوە، دامەزراوەی ئەمریکەن ئینتێرپرایزە AMERICAN ENTERPRAISE) (INSTITUTE کە بە هێمای کورتکراوەی ( A.E.I ) پێشان دەدرێ. دامەزراوەی ئینترپرایز یەکێ لە کۆنترین رێکخراوەی زانستی ـ سیاسی کۆنسرواتیڤەکانی ئەمەریکایەوە "لینەی هزر" (خمرە تفکر)کە ئەمرۆ خۆشەویستی هەموانە لە لایەن ئەم دامەزراوە دامەزرێنراوە. واتە دامەزراوەیەك کە کۆنیسێروات و دەستی راستییەکانی ئەمەریکا پاش تێکشکان لە هەڵبژارنەکانی سەرۆك کۆماری ساڵی 1964دا، سێناتۆر "بری گۆڵدواتر" لە بەرامبەر "لیندرون جانسۆن" دا چاکیان کرد. تاکوو لە بەرامبەر هەڕەشەی لیبراڵیزمدا راوێستابن. لەم سۆنگەیەوە زۆربەی گەڵاڵەدانانو پلانرێژی کۆنسێرواتو نیۆکۆنسێرواتەکان بەرهەمی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەم ئە نجومەنەیە.

فریدرێك کاگن A.E.I لە سەر رێگاچارەی کێشەی عێراق ئێژێ:

"رێگاچارەی کێشەی عێراق رێگای هێمن کردنەوەیە، رێگاچارەیەك کە من لە دارێژەرانی سەرەتایی بووم. رێگاچارەیەك کە هەوڵەکان بۆ گەیشتن بەیەکگرتوویی نەتەوەیی بێنێتەدی. ئەو رێگایەش بەستراوەتەوە بەوەوە کە ئێمە تا چ رادە بتوانین لە سیاسەتی دابین کردنی ئاسایشدا سەرکەوتووبین. فریدرێك ئاماژەبەوە دەکات

عێراق تاکوو ئێستا خەرجێکی زۆری لە عێراقدا کردووەو بە ئاکامێکی دڵخوازیش گەیشتوە. بەوتەی ناوبراو بەشێك لە ئەندامانی کۆنگرە باسێکیان هێناوەتە گۆڕێ کە ئاماژە بەوە دەکات، ئێمە دەبێ گوشار بۆ عێراق بێنین کە ئەو خەرجانەی لە عێراقو شەڕی عێراق کراون، دەبێ عێراقیش لە قەرەبوو کردنەوەیدا بەشداربێو تەنیا ئەمەریکا هەڵگری نەبێ. بەلام بەشێکیتر لە ئەندامانی کۆنگرە لەسەر ئەو بڕوایەن کە دەبێ دەوڵەتی عێراق هان بدەین کە بەشیك لە داهاتی خۆی سەرفی بونیاتنانەوەی عێراق بکات. چونکی هەمومان باش دەزانین کە عێراق لە بواری نەوتەوە دەوڵەمەندەو دەتوانێ بەخەرج کردنی بەشێك لە داهاتی نەوتەکەی، وڵاتە روخاوو وێرانەکەی بونیات بنێتەوە. کاگن لەو بڕوایەدایە کە بیری یەکەم وادەنوێنێ کە ئەمەریکا وەکوو بەکرێ گیراوێك، عێراقی بەکرێ روخاندوەو ئیستاش پارەی روخاندنەکەی دەوێ بەمانای کرێ سەربازو چەك و چۆڵ و پارەو خوێنی سەربازەکانی. ئەو چەشنە بیرکردنەوەیە لەلایەن ئەمەریکاییەکانەوە دەبێتە هۆی ناشیرین بوونی سیمای ئەمەریکا لەلایەن وڵاتانی جیهان، بەتایبەت ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بەتایبەتتر وڵاتانی ئیسلامییەوە.

"پۆل دێمی دیتۆن"، ژنراڵی خانەنیشن و بەرپرسی پەروەردەکردنی هێزە سەربازییەکانی عێراق لە 2003تا 2004 ئاوەها ئێژێ:

"ئەرتەش هەڵەی بە سەرۆك کۆمار بوش دا کە لە هەڵکەوتی عێراق کەڵك وەرگرێ. من بەداخم کە ئەو بوەتە هۆکاری تێکشکانی هێزە سەربازییەکانی خۆیو بەردەوام درێژە بە هەڵە ستراتژیکەکانی خۆی دەدا. ئەو نەیتوانیوە بۆ گەلی ئێمە سەرکەوتنگەلی گەورەی ئابووری، سیاسی وەدەست بێنێ. قەولێ بوو کە رێکخراو و گرووپەکانی وەزارەتی دەرەوە یارمەتی پزیشکیو فێرکاری، وەرزێری، تەکنیکیو سەربازی دابین بکەن و بارودۆخەکە لەوێدا بگۆڕن. بەڵام ئەوان نەیانتوانی بەو ئامانجەیان بگەن و کەسانێك کە کاریان تێدا کردوە بە کۆمەڵ لە سەر ئەو بڕوایەن کە وەزارەتی دەرەوەو دەوڵەت توانایی یارمەتیو پاڵپشتی ئەوانیان نەبوو، نەیانتوانیوە بڕشتی ئەمەریکا لەو بوارەوە بەکار بێنن.

دێمی تۆن وەکوو ژنراڵێکی بە ئەزموون بەشێك لە روانگەکانی لە توخمی سەربازییەوە سەرچاوە دەگرن و بەشێك لە رێگاچارەکانیش رێگاچارەی سەربازین. دیتۆن دەپرسی ئێستا لەبەرەی سەربازیدا دەبێ چی بکەین؟ هەر بۆخۆی وەڵامەکەشی ئامادە کردوە "وا وێدەچێ کە دەبێ دەوڵەت لە "ریچارد هۆڵ بروك" باڵوێزی پێشووی ئەمەریکا لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ژنراڵ "وسلی کلارك" بخوازێ کە سێناریۆی بۆسنیا لە عێراقیشدا دووپات بکەنەوە. بەو جیاوازیەوە کە ئەوان ئیدی ئەمجار پێویست ناکات لە دیتۆن یان ئوهایۆدا بۆ وتوویژ کۆببنەوە. رەنگە بۆ ئەو مەبەستە باشترین شوێن ئەمان پێتەختی ئوردۆن بێ.

ئەمەش بەو واتایە یەکە بەشێوەیەکی جیددی وڵاتانیخاوەن بەرژەوەندی لە ناوچەکەدا لە پرۆسەیەدا بەشدار بکەین، لەوانە ئێران، ئوردۆن، تورکیە، عەربستانی سعوودی، سوریە. وڵاتە یەکگرتوەکان دەبێ لەم نێوانەدا رۆڵی نێوەنجی بگێڕێ. بەغدادیش دەبی بەشداری سەرەکیو رێبەری وتووێژەکان بێ. ناوبراو جەخت لەسەر رۆڵی کورد لەعێراقدا دەکاتەوە "باشترین شوێن بۆ ئەم وتوویژانە لە عێراقدا، باکووری ئەم وڵاتە واتە کوردستانە، دەبێ ئێران و تورکیەو سوریە بێنێتە سەر مێزی وتوویژ، و رێبەرانی کوردی عێراقی بکەینە لایەنی وتوویژ. هەر لە درێژەی قسەکانیدا ناوبراو ئێژێ ئەمەریکا نابێ ئیزن بە تیرۆریستە کوردەکان لە تورکیە بدات کە کێشەو تەنگەژە بۆ هاوپەیمانانی ئەمەریکا، واتە تورکیە دروست بکەن، و تورکیەش ئەوە بکاتە بیانوویەك بۆ

هێرش کردنە سەر عێراق. بە بڕوای دیتۆن، ئەمەریکا لە لایەن ئابووری، سەربازیو دیپلۆماتیکەوە دەتوانێ ڕێبەری وتووێژەکان لە ناوچەکەدا وەئەستۆ بگرێ. بەلام بەداخەوە بیرمان لێ نەکردوتەوە.

## بەغداد دەبێ خەرجی خۆی دابین بکات

هەروەك وتمان عێراق خەرجێکی سەرسووڕهێنەری خستە سەر شان ئەمەریکا، 3 سێ تریلیۆن دۆلار بۆ هەر حکومەتێك جگە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پارەیەکی کەمەر شکێنە. گەرچی گەر سەیر بکەین کاریگەریی لەسەر ئابووری ئەمەریکاش داناوەو هەڵاوسانی ئابووری لەو وڵاتەدا گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی. ئاستێك کە تا ئەم کاتە ئەمەریکا بارودۆخی ئابووری وەهای بەخۆوە نەدیتبوو. بە بڕوای "پۆڵ برێمر" نێردراوی پێشووی ئەمەریکا بۆ عێراقو بەڕێوەبەری کاروباری ئەمەریکا لەو وڵاتە "سەرکەوتنی هاوپەیمانان لە بەڕێوە بردنی ستراتژی دژە شۆڕشدا ڕێگایەکی نوێو ڕانەگەیەنراوی بە ڕووی ئابووری عێراقدا کردەوە. داهاتی سەرانە ئێستا چوارقاتی ساڵی 2003 یەو هەڵاوسان خەریکە دادەبەزێ. ڕاپرسییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بازرگانانو کاسبەکان بە شێوەیەکی سەیر خۆشبینن بە داهاتووی وڵاتو هەررۆژ لە وڵاتدا کەسبو کارێکی نوێ وەرێ دەکەوێ. هەموو ئەمانەش لە کاتێکدان کە بەرهەم هێنانی نەوت خەریکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی پێش لێدانی عێراق. بە بڕوای برێمر دەبێ ئێدی ئەمەریکا گوشار بخاتە سەر عێراق تاکوو ئەو وڵاتە داهاتی نەوتەکەی بۆ پەروەردەکردنی هێزە ئاسایشیو پاراستنییەکانیو هەروەها بونیاتنانەوەی عێراق خەرج بکات.

بە بڕوای برێمر پێشبینی دەکرێ کە داهاتی نەوت لە عێراقدا ئەمساڵ لە 60میلیۆن دۆلار پتر بێ. واتە 3 سێ بەرابەری ساڵی ئازاد کردنی عێراق. بە پێ زانیاری ناوبراو کە چاوەدێری بە سەر چۆنییەتی بەڕێوەچوونی حکومەتدا دەکرد " پاش لەناوچوونی سەدام، دەوڵەتانی هاتوە سەرکار لە عێراقدا، کارنامەیەکی ڕێكو پێکیان لەم بوارەدا نەبوە. بەتایبەت لە بواری بونیاتنانەوەو ئاوادانی وڵاتدا هیچیان نەکردوە. لە سەردەمی حکومەتی بەعسییەکاندا 92٪ داهاتی وڵات ڕاستەوخۆ لەژێر چاوەدێریو دەسەڵاتی نووسینگەکانی سەرۆك کۆماریدا خەرج دەکران، هەربۆیە وەزارەتەکان بەتایبەت وەزارەتی دارایی مافی دەستێوەردانی لە کاروباری دابەشکردنی داهاتی وڵاتدا نەبوو.

لە لایەکی دیکەوە سەرکەوتنی نووری مالکی سەرۆك وەزیران لە عەمەلیاتی سەربازی دژ بە شیعە توندڕەوەکانی باشووری بەغدا، سوننەکانو کوردەکانی هاندا کە پتر متمانە بە یاسای دابەشکردنی داهاتی نەتەوەیی بکەن. ئەمەش هاندەر دەبێ لە خەرج کردنی داهاتی وڵات بۆ بۆنیاتنانەوەی عێراقێکی پێشکەوتوو و گەشەسەندوو. بەلام بە هاوکاری نەتەوەکانی دیکەی عێراق. لە مەڕ پرۆسەی هێمن کردنەوەی عێراق بەتایبەت باشووری ئەو وڵاتە، "کیت پولاك "بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەی ناوەندی شابان لە ئەنیستیتۆی "بروکینگ"دا ئێژێ :" عەمەلیاتی دژە شۆڕشو هێمن کردنەوەی ئەمەریکا، بارودۆخەکەی لە باکوورو نیوەی عێراقدا بە چەشنێکی سەرەنجڕاکێش گۆڕیوە. ئەم سیاسەتەش دەتوانێ ببێتە بنەما بۆ عەمەلیاتەکانی داهاتوو لە شوێنەکانیتری عێراقدا. لە گەڵ هەموو ئەوانەش دا، زۆرێك لەکارناسانو لەسەرووی هەموویانەوە ژنراڵ دیوید پترایس فەرماندەری گشتی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراقدا ڕاست لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەو چەشنە ڕێك کەوتنو ئارام

کردنە هەستیار، لەرزۆك‌و کاتییە." ئەوەش راست جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێ هێزەکانی عێراق خۆیان بێنەوە مەیدانەوەو خۆیان کونترۆڵی باروودۆخ وەئەستۆبگرن.

بە بڕوای کیت پولاك، پێنج تیپی هێمن کەرەوەی باروودۆخی نائەمنی عێراق کە ساڵی 2007دا نێردرانە ئەو وڵاتە گۆڕانێکی ئەوتۆیان لە ستراتژی گشتیدا پێك نەهێنا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا نابێ لەبەرچاویان نەگرین. ناوبراو لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دەبێ هێزە سەرەکییەکان لە عێراقدا بەرەبەرە کەم بکرێنەوەو بەو کارەش پێشان بدەین کە هێزە عێراقییەکان بۆ خۆیان دەتوانن باروودۆخی وڵاتەکەیان کونترۆڵ بکەن‌و ئەو سەرکەوتنانەی کە وەدەست هاتوون بپارێزن. کیت جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کێشەی سەرەکی باشووری عێراقە. ئەو خاڵەش لە هەواڵ‌و راپۆرتە مێدیاییەکاندا بەروونی دەبینرێ. کیت لێرەدا بە روونی تەنگەژەگێرەو کێشەکانی ساڵانی رابردوو تاکوو ئێستای باشووری عێراق‌و پێکدادانی نێوان هێزەتوندڕەوە شیعەکان دەخاتە ئەستوی هێزەکانی هاوپەیمانان لەو ناوچەیەداو بە راشکاویەوە ئێژێ:

"بەهۆی نالایەقی‌و هێزەکانی هاوپەیمان لەم خاڵە، باشووری عێراق لە ساڵانی رابردوودا مەیدانی پێکدادانی گرووپگەلی جۆراوجۆری شیعە بوە. چوونە دەرەوەی هێزەکانی بریتانیا لە بەسرەداو گۆڕانکاریی سیاسی لە پێکهاتەی دەوڵەتی بەغدادا لەمەڕ سەرکوتی ئەو هێزە شیعانەی کە بوونی حکومەت دەخەنە مەترسییەوە ئاڵۆزی‌و پێکدادان لەم ناوچەیەدا توندتر کردوەتەوە. ئەمەش گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر هێمنی‌و ئاسایشی ناوەندو باکوور کە دوو ناوچەی کەمێ ئارامترو جێ هیوای عێراقن. هەر بۆیە باشترین رێکارێك کە لە دەستی دەوڵەتی بوش دایە ئەوەیە کە هەوڵ بدات لانیکەم دەستکەوتی باکووری عێراق (هەرێمی کوردستان) بپارێزێ‌و پاڵپشتی بکات‌و تەنانەت نیوەی لە هێزەکانی خۆی لەم ناوچەیەدا جێگیر بکات."

لە راستیدا عێراق وڵاتێکە کەم تا زۆر بەردەوام هێزە سوننەکان بە سەریدا دەسەڵاتدار بوون. بە پێ فاکتە مێژووییەکان عێراق بۆ ماوەی نزیك بە 500 ساڵ لە لایەن سوننەکانەوە بەڕێوە براوە. هەرئەوەش ئەوان هان دەدا کە بە ئاسانی نەتوانن گۆڕانی پێکهاتەی دەسەڵاتداریتی عێراق قبوڵ بکەن. ئەو خاڵەش ئەو راستییەیە کە مەترسی جیددی‌و سەرەکییە لە سەر دەسەڵات‌و حکومەتی هێزە شیعە تازە بەدەسەڵات گەیشتوەکان. جودا لەوەش بەشێکی زۆری حکومەتەکان، لانیکەم لە سەدەی بیستەم بەمەلاوە حکومەتگەلێکی سەربازی بوون، هەربۆیە لە عێراقدا حکومەتێکی مەدەنی یان ناسەربازی هەڕەشەو مەترسی زۆری لە سەرە.

راپۆرتی کۆمیسیۆنی 11ی سێپتەمبر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "دەبێ لایەنی هێمنی‌و ئاسایشی عێراق پاڵپشتی‌و بەهێز بکرێ، ئەویش بە یارمەتی‌و هاوکاریی جیهانی‌و هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەمەریکاو بریتانیادا، پاشانیش وڵاتانی ناتۆش لەو پێوەندییەدا ئەزموونیان هەیەو دەتوانن کاریگەر بن."

لەم نێوانەداو لە هەموو لایەك زیاتر ئەمەریکاییەکان‌و هاوپەیمانانیانن کە لە مەڕ باروودۆخی ئاڵۆزی عێراق نیگەرانن. چونکی هەروا ئاماژەمان پێکرد ئەوان هەم لە بواری مرۆییەوەو هەم لە بواری ئابوورییەوە خەسارێکی زۆریان لە عێراق داوە. هەر بۆیە بەشێکی زۆر لە کاری دام‌و دەزگاو ناوەندە لێکۆڵینەوەییەکانیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردوەو لە هەموو وێچوونێك کە بتوانێ لەم پێوەندییەدا بە سوود بێ کەڵکیان وەرگرتوە. بیرمەندو خاوەن ڕایانی سیاسی ئەمەریکایی بەراشکاوانە رخنە لەو باروودۆخەی عێراق دەگرن. بۆ وێنە "ئان ماری ئێسلۆتر" سەرۆکی قوتابخانەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی "وودرۆ ویڵسۆن ـ پرینستۆن" ئێژێ: "پاساو

هێنانەوە بۆ ئەوەیکە ئێمە گرفتی زۆرمان لە بەردەم دا بوە، بۆیە نەمانتوانیوە لە عێراقدا بە ئاکامگەلێکی دڵخواز بگەین لە رووالەتدا کارێکی ئاسانە.

بەڵام ئەرکی نەتەوەیی و ویژدانی ئێمە وەکوو نەتەوەیەك ئەمەیە کە خۆمان بۆ رۆژانێکی خرا پتر ئامادە بکەین، لە هەما نحاڵێشدا چاو ببڕینە سەرکەوتن." هەر لە درێژەدا جەخت لە سەر ئیستراتیژیو ئاما نجی ئەمەریکا دەکاتەوە: "ئەویکە ئێمە دەمانهەوێ، جێگیرکردنی حکومەتێکی ئاشتیخوازی سیاسی، پاش چوونە دەرەوەی ئێمە لە عێراقە." ئەوەش راست ستراتژی دابین کردنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکایە لە سەر بنەمای دابینکردنی ستراتژی ئاسایشی نێونەتەوەیی. ئیستراتژییەك کە پێوایە بوونی ئاسایش لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا راستەوخۆ پێوەندی هەیە بە دابین بوونی ئاسایش لە خاڵە کوێرەکانی سووچاسووچی جیهانەوە کە ئیستا رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتیو عێراق بەتایبەتی بەشێکی سەرەکی لەو ئیستراتژییەن.

ئان ماری ئێسلۆتر لە سەر ئەوە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە " ئێمە نە نتوانیومانە بناخەی عێراق پتەو دابنێین، چونکی بناخەکانیان رێكو پێك دانەناوە. دژایەتی نێوان شیعەو سوننە، کوشتارە عەشیرەییو قەومییەکان، چێشتنی تامی دەسەڵات لە لایەن شەڕخوازانو تیرۆریستانەوەو وێچوونی پارچە پارچە بوونی عێراق زەبر لە تەواوییەتی ئیستراتژیی ئێمە لە عێراقدا دەدات." دروست کردنی عێراق لە سەرەتادا، وەکوو کیانێکی سەربەخۆ پاش شەڕی جیهانی یەکەم لە لایەن هاوپەیمانانی ئەوکاتەوە، بناخەی ئەو کێشەو ئاڵۆزیانەی ئەمڕۆ بوو. کیانێك کە پێکهاتەیەکی بەتەواوی ناتەبا بوو. بۆیە هێزی دابڕان لە ناوەند هێزێکی دیفاکتۆیە کە هۆکارەکەشی چەوسانەوەی درێژماوەی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بە دەستی دەسەڵاتی کەمینەی سوننەوەیە. پیشاندانی ئەم وێنانە لەراستیدا نیشانەی بێ هیواییو بەدبینی نیە، بەڵکوو بە مەبەستی ورد بینی لە داهاتوودایە، بە مەبەستی دووپات نەکردنەوەی هەڵەکانی رابردوو لە داهاتوودایە.

یەکێکیتر لە رێکارە سەرەکییەکان بۆ دابینکردنو پاراستنی هێمنی عێراق بەشداری دانی پێکهاتەکانی عێراق لە دەسەڵاتدا بەگشییەو لە پێکهاتە سەربازیو ئاسایشییەکاندا بە تایبەتییە. بۆ وێنە گەڕاندنەوەی بەشێك لە هێزە سەربازییەکانی عێراق بۆ نێو ئەرتەشی ئەو وڵاتەیە. واتە ئەوە لەراستیدا یەکێ لە سەرەکیترین هەڵەکانی هاوپەیمانان بوو. واتە بە هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی سۆپای عێراق بە پێ پێناسەی بەعسی بوونی ئەو سۆپایە، هێزێکی ئامادە، بە ئەزموونو کارامەیان خستە خزمەت بەرەی تیرۆر، توندڕەویو کوشتارەوە لە عێراقدا. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە هێزی سۆپای میللی لە هەر ولاتێکدا هێزێکی نەتەوەییو گشتییەو هێزو توانای ئەو نەتەوەیەیە. گومانی تێدا نییە کە کۆمەڵێك عەوامیلو کەسانی دەستەمۆی حکومەتی دیکتاتۆری لە هەموو ئەو سۆپایانەدا بوونیان هەیە بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە سۆپایەك بەو بیانوە هەڵوەشێنرێتەوە. کەوابوو گێڕانەوەی سوننەکان بۆ نیۆ سۆپای عێراق دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێ بۆ هێمنی و ئاسایشی عێراق. چونکی ئێستا بەتەواوی کاروباری سەربازیو ئەمنییەتی عێراق لە دەستی شیعەکاندایە. ئەمەش دەتوانێ ئاوری کێشەو دووبەرەکێ لە نێو لایەنەکانی دیکەی عێراقدا بنێتەوە.

بەوتەی "ناتانیل نیك" لێکۆڵەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوە بۆ ئاسایشی نوێ لە ئەمەریکادا لەم بارەوە ئاوا دەدوێ: "هەنگاوی یەکەم گەڕاندنەوەی سوننەکان بۆ نێو سۆپای عێراقە کە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی شیعەدایەو شیعەکان بەکردەوە کاروباری ئاسایشی سەربازی وڵات دەکەن. زۆرێك لە سەربازانی سوننە کە هەنوکە دەبی هێمنیو ئاسایشی پارێزگاکانی سوننە لە ئەزموونو رابردووی ئەوان بزانینو بەتایبەت لە پارێزگای ئەنباردا

که له خزمەتی ئەرتەشی عێراقدا کاردەکەنو کارەکەشیان رێكو پێكو بەکەڵك بوە. ئەوانە هەر ئەو هێزە سەربازییانەن کە ئەمەریکاییەکان لە هێرشی ساڵی 2003دا ناشیانە وەلایان نان."

ئەم کارە بەسوود دەبێ، چونکی ئێمە بەم کارەمان جارێکیتر دەرفەتمان بە پێکهاتەکانیتری عێراق داوە لە بەرامبەر وڵاتەکەیاندا ئەرك وەئەستۆ بگرنو لەبەرامبەر ئاڵۆزیو ناسەقامگیریدا بێنە مەیدانو سەقامگیری وڵاتەکەیان دابین بکەنو یارمەتی ئاشتی نیشتمانی بدەنو هەوڵ بۆ لێك نزیك کردنەوەی پێکهاتەکانی عێراق بدەن.

جیرانەکانی عێراق هان بدەن بۆ دابینکردنی ئاسایشی سنوورەکانو دەرفەت بڕەخسێنن بۆ چاکسازیو ئاوەدان کردنەوەی عێراقی وێرانو روخاو و خەڵکی وڵاتەکەیان گەشبینو هیوادار بکەن بە داهاتوویەکی گەشو نیشان بدەن کە خوازیاری یەکییەتیو یەکگرتوویی هەموو پێکهاتەکانی عێراقنو یەکگرتوانە بەرەوڕووی هەرچەشنە دوژمنێکی نێوخۆییو دەرەکی دەبنەوە. دەتوانن لە دابینکردنو سەقامگیر کردنی هێمنیو ئاسایشی ناوچەکەدا بەشدار بن.

یەکێکی دیکە لە لێکۆڵەرانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتژیکی نێونەتەوەیی بۆ گێرەو کێشەکانی ئەمڕۆ واتە ساڵی 2007ی عێراق کە ئەو وڵاتە لە لوتکەی قەیرانی هەمەلایەنە دایە، گەڵاڵەیەکی داڕشتوە کە بریتییە لە رادەستکردنی عێراق بە عێراقییەکانو چاوەدێری کردنی ئەمەریکاو هاوپەیمانان بە سەر ئاکامی کارەکاندا. "ئانتونی کراسمەن" کە نێوی گەڵاڵەکەی ناوە "چوونە دەرێکی رێكو پێکی حیساب بۆ کراو" ناوبراو لەم پێوەندییەدا ئێژێ: "گەر ئەمەریکا بیهەوێ لە عێراقدا سەرکەوتوو بێ، گەر دەوڵەتی بوش بیهەوێ ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی سەرۆك کۆماریی لە ئەمەریکادا بە شێوەیەکی عەقڵانیو بەکەڵك جێبەجێ بکرێو ئەگەر هیوایەك بە رێککەوتنێکی بەکەڵك لە نێوان دوو حیزب لە مەڕ شەڕ بوونی هەبێ، دەبێ بۆ هەنگاو هەڵگرتن بەرەو پێشەوە گەڵاڵەیەکی روون بخەینە بەردەستو وردەکارییەکانیشمان لە بەردەست دابێ. گەڵاڵەگەلێکی چاك رەنگە گەرەنتی داهاتوویان نەبێ، بەڵام لانیکەم دەرفەتی هەڵبژاردنێکی روونو باشمان دەخەنە بەردەستو ئێمە دەتوانین بڕوانینە رۆژانێکی باشترو هیواداربین."

ناوبراو بە کورتی بەشێك لەوردەکاری گەڵاڵەکەیمان دەخاتە بەر چاو" لە درێژەی مانگەکانی داهاتوودا ئەمەریکا دەبێ هێزەکانی خۆی لە 15 پانزدە تیپی شەڕکەر تا مانگی جوولای لانیکەم بۆ 5 پێنج تیپ کەم بکاتەوە و بەجێ بەڕێوەبەر رۆڵی راوێژکارو چاوەدێری بۆ هێزەکانی عێراق هەبێ. ئەم کارەش لە لایەك پێش بە کوژرانو لە دەست چوونی هێزەکان دەگرێو لەلایەکی دیکەوە لە پارەی شەڕ کە لە ساڵی 2007 لە لوتکەی عەمەلیاتەکانی هێمنن کردنەوەدا 12 میلیۆن دۆلار بوو کەم دەکاتەوە.

ئێمە دەبێ بوجەکانی شەڕی هەنوکەیی ئیدارەی عێراق تانیوەی ئەوەڵی خولی سەرۆك کۆماری داهاتوو بخەینە ئەستۆی خودی عێراقییەکان. ئەمەریکا تائێستا 20/9 میلیۆن دۆلاری بۆ بونیاتنانەوەی دوبارەو یارمەتییە سەرەتاییەکان بە عێراق تەرخان کردوە. داخوازیی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە2/1 میلیۆن دۆلار لە ساڵی 2007 وە بۆ 960 میلیۆن دۆلار لە ساڵی 2008داو 397 میلیۆن دۆلار بۆ ساڵی 2009 زیادی کردوە. ئەمەریکا دەبێ ئامرازو کەرەستەیەکی سەربازی کە هەنوکە لە عێراقدا کەڵکیان لێوەردەگرێ بدا بە عێراقییەکان، چونکی بەهای گەڕانەوەی ئەم کەرەستانە زۆر قۆرس و گرانە.

هەر لەو پێوەندییەشدا ئەمەریکا دەبێ گرووپە سیاسییە جیاجیاکانی عێراق بەقەناعەت بگەیەنێ کە بە ڕێککەوتنێکی جێگای پەسەندی سیاسی بگەنو پاش بە ئاکام گەیشتن لەم ڕێککەوتنەدا هەموومان بۆ بەڕێوە بردنی هەڵبژاردنێکی نەتەوەیی تێبکۆشن. ئەمەریکا بە تایبەت دەبێ سەرەنج بداتە ئەو هەڵبژاردنە ناوچەییو پارێزگاییانەی کە بۆ ئۆکتۆبری 2009 پێشبینی کراونو هەروەها هەوڵ بدات هەڵبژاردنە نەتەوەییەکانی کۆتایی ساڵی 2009 بکاتە خاڵی وتووێژو چاکسازیو وەك فاکتۆرێك بۆ یەکگرتن کەڵکی وەربگرێ.

ئەم کارە بە کێشانەدەرەوەی حیساب بۆکراوی هێزەکانو کەم کردنەوەی خەرجییەکانی شەڕو بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی ڕێكو پێكو بێفرتوفێڵ لە عێراقدا، دەوڵەتی ئەمەریکاو کۆنگرە پاڵپشتی لێ بکەنو سەرۆك کۆماری دوایی دەتوانێ بە پاڵپشتی ئەو کارانە سەرکەوتووتر بێ."

بەشێکیتر لە توێژەرانو پیاوانی سیاسی دیکەی ئەمەریکا لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا تازەکارەو ئەو کەمو کۆڕیانەش کە لە کارەکانیدا هاتوەتە گۆڕی ڕێك باجی ئەو تازەکارییە. واتە ئەمەریکا وەك کولۆنیالیستی نەریتی بریتانیا خاوەن ئەزموون نیە لە داگیرکردن، ڕۆخاندن، کونترۆڵ کردن و بونیاتنانەوەی وڵاتاندا. نازانێ چۆن لەگەڵ کولتووری وڵاتانی جیهان سێهەمیو بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵسوکەوت بکا. لە ڕاستیدا هاتنی ئەمجارەی ئەمەریکا بۆ ئەو ناوچانەو داگیرکردنی ئەفغانستانو عێراق بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە لە ئاستی بەریندا شتێکی نوێ بوو. لەو پێوەندییەش دا "ریچارد پێرڵ" جێگری وەزارەتی بەرگریی سەردەمی ڕۆناڵد ڕەیگانو توێژەری ئەنیستیتۆی (A.E.I) ئەمریکەن ئینتر پرایز ئەنیستیتۆ، بەم چەشنە ڕای خۆی دەردەبڕێ: "گرینگترین شتێك کە دەتوانێ یارمەتی ئێمەو عێراق بداتو هەڵەی لە ناوبردنی بێ پلانڕێژی ڕێژیمی یاغی سەدام حوسەین تاڕادەیەك قەرەبوو بکاتەوە، ئەوەیە کە عێراقییەکان تێبگەیەنین کە ئێستا تێگەیشتووین چۆن چۆنی دەبێ وڵاتێکی لە ناوچوو و تێکشکاو سەرلە نوێ بونیات بنینەوە.

بەشێك لە یارمەتییەکانی ئێمە بێگومان بەکەڵك بوە بەڵام پێنج ساڵە کە ئێمە خەریکین بە عێراقییەکان ئێژین کە چۆن سیستمێکی سیاسیو یاسایی پێك بێننو چۆن ڕێبەرانی خۆیان هەڵبژێرن؟ کێو دەبێ لەچ پۆستێكو لە چ وەزارەتخانەیەکدا کار بکات. کێ دەبێ ببێتە سەرۆك وەزیران؟ چۆن دەبێ سەرچاوە نەتەوەییەکانی خۆیان بناسن؟ چۆن دەبێ ئابووری خۆیان ڕێك و پێكو ئیدارە بکەن؟ ئێمە بە شێعەکانی عێراقمان وتوە کە چۆن دەبێ لەگەڵ کوردەکانو سوننەکاندا ڕێك بکەون، چۆن دبێ ئەوان وەك عێراقێکی سەربەخۆ لەگەڵ دونیای عەرەبدا پێوەندی بگرن. عێراق دەبێ چۆن کێشەو ناتەباییە قەومی (نەتەوەیی)و سنوورییەکانی خۆی چارەسەر بکات، کەی دەبێ بۆ وتووێژ ئامادە بێتو کەی دەبێ بەرەنگار ببێتەوەو لە ئاکامدا بە چ پێوەرێك دەبێ پێشکەوتنەکانی هەڵسەنگێنێ." ناوبراو ئاماژە بە بێ پلانی، بێ زانیاری ریچارد پێرل دەکاو ئێژێ: "عێراقییەکان چاکتر لە ئێمە دەزانن کە دەبێ چ بکەنو چ شتگەلێك مانای ڕاستەقینەی بۆیان هەیە. کاتێك بەرپرسانی فەرمیو ئەندامانی کۆنگرە یان ڕاوێژکارانی سیاسی، ئەمنییەتی کە زۆربەی زانیارییەکانیان هەڵەیە، بۆ عێراقییەکان وتار ئێژنو ڕێگایان پێ نیشان دەدەن من پێکەنینم دێ کە ئێمە دەبێ بەجێ ئەو وتارە هەڵانە هەوڵ بدەین هەڵەکانی رابردوومان قەرەبوو بکەینەوە.

کۆمەڵێك لە لێکۆڵەرانو توێژەرانی ئەمەریکاش لەو بڕوایەدان کە ئەمەریکا لە دۆستو دوژمن ناسیندا زۆر سەرکەوتوو نەبوە. بە پێ ئەو ڕاستییانەی کە سیاسەتوانانو پلانڕێژانی سیاسی ئەمەریکا خاوەنی ئەزموونێکی ئەوتۆ نین لە سیاسەتی دەرەوە بەتایبەت لە سیاسەتی هیژموونداری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کۆمەڵێك

پێشنیارو رخنەی جیددی دێننە گۆڕێ کە جێگای سەرنجو تێڕامانن. لەم پێوەندییەدا "دانیل پلتکا" جێگری بەشی سیاسەتەکانی دەرەوەو بەرگریی دامەزراوەی ئەمریکەن ئینتر پرایز (α.ε.ι) ئێژێ: "پاش چوونی ژنراڵ پترایس بۆ عێراق زۆربەی کارەکانی ئێمە کەوتوەتە سەر دەوری خۆی. هێزە ئەمەریکاییەکان توانیویانە لە پاڵ نەیارانی رابردووی خۆیاندا لە بەغدادو پارێزگاکانیتردا بڕۆنە سەنگەری شەڕ دژبە نەیاران و گرووپە ئاژاوە گێڕەکانەوە. ئەو کارەش تا رادەیەك بوە هۆی وەدەستهێنانەوەی متمانەی ئێمە لای هێزە سەربازییەکانی عێراق."

"بەوتەی ناوبرای" ژنراڵ پترایس توانیویەتی لە رێگای دۆستانێکی نوێیەوەکە زۆربەیان لە لایەنی سوننەکانن، گرووپگەلێك کە نێوان "فەرماندەرانی عێراق"و "سەرداران" بەقەناعەت بگەیەنێ کە ئەمەریکا دوژمنی ئەوان نیە." بەم چەشنە بەو ئاکامە دەگەین کە ئەم لێك گەیشتنە دەتوانێ شێعەکانو سوننەکان لێك نێزیك بکاتەوەو هانیان بدا بۆ هاوکاری زیاتری سیاسی ـ ئەمنیەتی لە عێراقی نوێداو سوننەکان بە قەناعەت بگەیەنێ کە نابێ ئەوانیش ئیدی بیر لە زاڵبوونیان بەسەر تەواوی عێراقدا بکەنەوەو دەبێ واقیعییەتەکانی عێراق ببینن و بڕیاری عەقڵانی بدەن. بێ گومان ئەم رەوتە سیاسیەش کە بەم چەشنە گیراوەتە پێش دەتوانێ تا رادەیەکی زۆر پێش بەو دەستێوەردانە دەرەکییەکان بگرێ. واتە لەلایەك پێش بەهاندانو پاڵپشتی تیرۆریستان لە لایەن ئێرانەوە بگرێ کە لەماوەی پێنج ساڵدا، بەرپرسی سەرەکی بارودۆخی نائەمنو ئاڵۆزی عێراق بوە، لە لایەکی دیکەوە وەڵامێکی لێبڕاوانە بەچاو تێبڕینە مەزنیخوازانەکانی تورکیە بە بیانووی جۆراوجۆرەوە بداتو بە کۆمەڵەی ولاتانی عەرەبی بێژێ کە ئێمە وڵاتێکی سەربە خۆینو دەبێ رێز لە سەر بەخۆیی عێراق بگرن تاکوو بتوانین وەکوو دۆستێك درێژە بەژیانی سیاسی ـ ئابووری خۆمان لە ناوچەکەدا بدەین.

باسێکی دیکە بابەتی دەمەتەقێ گەرمی بازاڕی سیاسەتی عێراقو جێرانەکانیو هەروەها وتاری کێبڕێکی پاڵێوراوانی سەرۆك کۆماری ئەمەریکاو ناوەندە سیاسییەکانە، باس لە سەر بوون، چوونو مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق دایە. وەك دەزانین نەمانی هێزە توندڕەوەکان لەعێراقدا بەشێکی سەرەکی بەرهەمی چالاکی و قوربانیدانی ئەو هێزانەیە. هێزێك کە خاوەن، دەسەڵات، لۆجستیك و سەربازە، هێزێك کە پاڵپشتییەکی بەهێزی ئابووری ـ سیاسی لە پشتەوەیەو بەگشتی یەکلاکەرەوەیە. هۆکارو فاکتۆرگەلێك کە عامیلی سەرەکی مانەوەی زۆرێك لە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدانو هەروەها کۆمەڵە هۆکارێك کە دەبنە هۆی پاڵپشتی مانەوەی 140000 سەدوچل هەزار هێزی سەربازی ئەمەریکا لە عێراقدا، پێشگیری لە گەڕانەوەی هێزەکانی القاعدەو گەشەی لقی ئەو گرووپە لە عێراقداو هەروەها رێگرتن لە دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی عێراقدایە.

جێ ئاماژە پێدانە کە مانەوەی ئەمەریکا لە عێراقدا لانیکەم تا جێگیربوونی حکومەتێکی دەسەڵاتدار لە عێراقدا پێویستە، چونکی عێراق مەحەکی لێدانی وڵاتە یەکگرتووەکانە. چونەدەرەوەی ئەو هێزانەو یان تەنانەت زۆر کەم کردنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەتوانێ ببێتە هۆی لەرزۆکی حکومەتی عێراق. کەوابوو مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا لە لایەن بەشێکی زۆر لە دەسەڵاتدارانی عێراقەوە جەختی لەسەر دەکرێتەوە. کۆمەڵێك لە سیاسەتوانانی عێراق لە ژێر کارتێکەری عەرەبەکان، ئێران یان تورکیەدا بانگەوازی چوونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا هەوڵدەدەن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، بێ گومان ئەمەریکا عێراق بە یەکێ لە خاڵە هەستیارەکانی سەقامگیریو ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا دەزانێو هەربۆیە بەئەمانی خودا جێی ناهێڵێ.

# راپۆرتی ژنراڵ پیتراپس لە مەڕ بارودۆخی عێراق بەکۆنگرە

**ڕوانگەکانی ژنراڵ پیتراپس لە مەڕعێراق لە کۆمیسیۆنی پێوەندییە دەرەکییەکانی سنادا**

**راپۆرت لەمەڕ بارودۆخی عێراق بەکۆنگرە**

**ژنراڵ دیوید اچ. پیتراپس فەرماندەری، هێزە فرەڕەگەزەکان ـ لە عێراقدا**

**9/8 ئاوریل 2008**

بەڕێز سەرۆك، ئەندامی پایەبەرزی کۆمسیۆن، و ئەندامانی دیکەی کۆمیسیۆن، لە دەرفەتێك کە بۆ منتان رەخساند تا ئاخرین زانیارییەکان لە مەڕ بارودۆخی ئەمنییەتی لە عێراقدا پێشکەش بە ئێوە بکەم‌و راوبۆچوونەکانم لە مەڕ راسپاردەکانی رابردوو بە زەنجیرە پلەوپایەی فەرماندەریی رابگەیەنم سوپاس دەکەم.

لە کاتێکەوە من‌و باڵوێز کراکر حەوت مانگ پێش ئیستا لە بەرامبەر ئێوەدا ئامادە بووین، پێشکەوتنگەلێکی بەرچاوو گرینگی ئەمنییەتی وەدەست هاتوون. لە مانگی سێپتەمبرەوە تاکوو ئێستا، ئاستی توندو تیژی‌و مەرگی خەڵکی ئاسایی بە رادەیەکی بەرچاو کەمی کردوە. زەبرەگەلێکی کاریگەر لە القاعدەی عێراق‌و کۆمەڵێکیتر لە گرووپە توندرەوەکان کەوتوە، هێزو توانایی هێزە ئاسایشییەکانی عێراق گەشەی کردوە، و بەشداری خەڵك لە دابین کردنی هێمنی ناوچەییدا دەبینرێ. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بارودۆخ لە بەشێك لە ناوچەکاندا هێشتا دڵنیاکەرەوە نیەو قەیرانگەلێکی زۆر بوونیان هەیە. زێتر لەمەش، بەوجۆرە کە رووداوەکانی دوو حەوتوو پێش وەبیری هێنایینەوە، هەروەك پێشتر کە زۆر جاران ئاگادارم کردونەتەوە، پێشکەوتنێك کە لە بەهاری رابردوەوە وەدەست هاتوە، شکێنەرو لەرزۆکە. بەڵام، هێمنی لە عێراقدا چاکترە لە سەردەمێك کە من‌و باڵوێز کراکر لە سێپتەمبری رابردوودا راپۆرتمان بە ئێوەداو بەشێوەیەکی سەرنجراکێش چاکترە لە 15 مانگی رابردوو کە عێراق لە سنووری شەڕی ناوخۆییدا بوو و ئەم بڕیارە درا کە هێزە زیادییەکانی وڵاتە یەکگرتوەکان بنێردرێن بۆ عێراق.

چەندین هۆکار لە پێشکەوتنێکدا کە وەدەست هاتوە رۆڵیان هەبوە. ئەوەڵین هۆکار، هەڵبەت، کارتێکەریی زیاد کردنی رادەی هێزەکانی هاوپەیمانان‌و عێراقی بوە. هەموتان بە باشی لە زیاد بوونی هێزەکانی ئەمەریکا ئاگادارن. ئەوەیکە کەمتر لێی ئاگادار بوون ئەوەیە کە عێراقیش پلانی زیاد کردنی دەستپێکردوە، و پتر لە 100000سەد هەزار سەربازو پولیسی بە هێزە ئەمنیەتییەکانی خۆی لە ساڵی2008 دا زیاد کردوەو هێدی هێدی لە حاڵی زیادکردنی دەفرایەتی هەناردن‌و کەڵك لێوەرگرتنی ئەم هێزانەدایە.

هۆکاری دووهەم، کەڵك وەرگرتن لە هێزەکانی هاوپەیمانان‌و عێراقی لە بەڕێوەبردنی عەمەلیاتی دژەشۆڕشی لە سەرانسەری وڵات دا بوە، کە لەگەڵ بەکتریدا بە مەبەستی پارێزگاری لە خەڵکی عێراق، شوێنگریی القاعدەی عێراق، بەرەنگار بوونەوەی عامیلە توندڕەو و میلیشیاکان، پاڵپشتی لە ئاشتی ناوچەیی‌و دەرفەت رەخساندن بۆ گەشەی سیاسی‌و ئابووری لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتدا جێگیر بوون.

هۆکارێکی گرینگیتر گۆڕانی تێڕوانین لە نێوان بەشێك لە هۆکارە دەستنیشانکراوەکانی حەشیمەتی عێراق بوە. لە سەردەمی یەکەمین بزوتنەوەی سوننە لە کۆتاییەکانی ساڵی 2006دا، کۆمەڵگا سوننەکان لە عێراقدا بە چەشنێکی رووڵەزیادبوون توندو تیژییە بێئامانجەکانی القاعدەو ئیدئۆلۆژی توندرەوانەیان مەحکوم کردوە. هەروەها ئەم کۆمەڵگایانە بەو ئاکامە گەیشتوون کە ناتوانن لە بەهرە ئابوورییەکانی عێراق سوود وەرگرن مەگەر ئەوەیکە لە مەیدانی سیاسیدا بەشداری بکەن. لە درێژەی کاتدا، ئەم "بزوتنەوانە" دەیان هەزار کەس لە

خەڵکی عێراق ـ ـ ـ کە بەشێك لەوان شۆڕشییەکانی پێشوو بوون ـ ـ ـ هێناوەتە سەر ئەو قەناعەتە کە وەکوو "مندالەکانی عێراق" یارمەتی هێمنایەتی ناوچەیی بکەن. تاکوو یارمەتی ئەوان و شوێنگەری بێ راوێستانی القاعدەی عێراق، مەترسییەك کە لە لایەن القاعدەی عێراقەوە هەڕەشەی لەم وڵاتە دەکرد ـ ـ لە حاڵێکدا کە هەنوکەش ئێجگار مەترسیدارو گرینگە ـ ـ بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردوە.

توندتر بوونەوەی پێکدادانەکانی رابردوو لە بەسرە، باشووری عێراق ، وبەغدادا پێشاندەری بایەخی ئاگربەسێکە کە لەلایەن موقتەدا سەدرەوە پاییزی رابردوو راگەیەندرا، هۆکارێکیتر لە کەم کردنەوەی گشتی توندو تیژیدا بوە. هەڵبەت، لە رابردوودا، بەشێك لە عامیلە ناسەربازییەکان سەرلە نوێ چالاك بوونەتەوە. ئەمەش لەحاڵێکدا بوو کە بڕیارەکەی موقتەدا سەدر بۆ راگرتنی پێکدادانەکان تارادەیەك بوە هۆی چارەسەریی بارودۆخەکان، سەر لە نوێ دەست پێکردنەوەی پێکدادانەکان هەروەها پێشاندەری رۆڵێکی روخێنەرە کە ئێران لە دابینکردنی بوجە، پەروەردە کردن، چەکدارکردن، و رێنوێنی کردنی گرووپگەلێك بە ناوی گرووپە تایبەتەکاندا هەییەو بوەتە هۆی پێکهاتنی گومانگەلی نوێ لە مەڕ ئێران لە بیری زۆربەی رێبەرانی عێراقدا.

لەحاڵێکدا کە چاو لە داهاتوو دەکەین، ئەرکی ئێمە هاوڕێ لەگەل هاوپەیمانانی عێراقیماندا ئەوە دەبێ کە پێشکەوتنی وەدەست هاتوو بپارێزین و بیبەینە پێشەوە، و خەریکی زۆرێ لەو قەیرانانە بین کە کەم تا زۆرێ ماونەتەوە. بە رای من دەتوانین لە حاڵێکدا خەریکی کەم کردنەوەی هێزەکا نمان بین، ئەم ئەرکانەش جێبەجێ بکەین

نێوەرۆکی گێرو کێشە:

لە مانگی سێپتەمبری رابردوودا، نێوەرۆکی گێرو کێشەی نێو عێراق، کێبرکێیەکی نێوان کۆمەڵگا قەومیی و رەگەزییەکانی بۆ گەیشتن بە هێزو سەرچاوەی ئەم وڵاتەم راڤە کرد. ئەم کێبەرکێیە کەم تازۆر بەردەوامەو لە ژێر کارتێکەریی هۆکارە دەرەکییەکانایە، و چارە سەرییەکەی کەم تازۆر یەکی لە خاڵە بنچینەییەکان بۆ گەیشتن بە سەقامگیری بەردەوام و درێژمەودا لە عێراق دایە.

هۆکارگەلێکی جۆراوجۆر کێبڕکێ قەومیی و رەگەزی لە عێراقدا بەلای توندوتیژیدا رەکێشن دەکەن. تیرۆریستەکان، شۆڕشییەکان، توندڕەوە میلیشیاکان و گرووپە خراپکارەکان مەترسیگەلێکی جیددی پێك دێنن. رێبەرانی باڵای القاعدە، کە هەنوکەش عێراق بە سەنگەرێکی سەرەکییان لە ستراتژی جیهانیاندا دادەنێن، هەنوکەش لە حاڵی رێبەریی عەمەلیات و هەناردنی پارەو شەڕکەری دەرەکی بۆ عێراقدان. کردەوەی وڵاتانی جیرانیش بە قەیرانەکانی عێراق زیاد دەکات. سوریە هەنگاگەلێکی بۆ پێشگرتن و کەم کردنەوەی تێپەڕبوونی شەڕکەرانی دەرەکی لە خاکی ئەم ولاتەوە هەڵێناوەتەوە، بەڵام هەنوکەش پاڵپشتی ئەو وڵاتە بۆ لە نێو بردنی رایلکەیەك کە پاڵپشتی لە القاعدەی عێراق دەکات بەس نەبوە، و ئێران بە شێوەیەکی تایبەتی و روخێنەر، لە رێگای پاڵپشتی مەرگهێنەر لە "گرووپگەلێکی تایبەت" پەرەی بە توندو تیژییەکان داوە. لە ئاکامدا، توانایی و دەفرایەتی ناتەواوی دەوڵەتی عێراق، گومان و دڕدۆنگییە قەومییەکان بەردەوام و گەندەڵی بە گرفتەکانی عێراق زیاد دەکات.

سەرەڕای ئەم قەیرانانەو توندو تیژی حەوتوەکانی رابردوو، کێبڕکێ قەومی ـ رەگەزی عێراق لە زۆربەی ناوچەکاندا ئیستا پتر لە رێگای باس و وتوویژەوەو کەمتر لە رێگای توندو تیژییەوە شوێنگری دەکرێ. لە

ڕاستیدا، چڕ کردنەوەی توندو تیژییەکان لە بەغداو باشووری عێراقدا کە لە ڕابردوودا ڕوویدا، لانیکەم، بەشێوەی کاتی بە ازعان ئەم بابەتەوە جێبەجێ کرا کە ڕێگای عاقڵانەی چوونە پێشەوە لە ڕێگای گوتاری سیاسییەوەیە نە شەڕو پێکدادانی شەقام و گەڕەکی.

بارودۆخ و پێشهاتی هەنوکەیی:

هەروا کە لە سەرەتای قسەکانمدا وتم، لە گەڵ ئەوەیدا کە ئاساییە، عێراق هەنوکەش وڵاتێکی توندو تیژی لێدراوە، بەڵام ئاگاداری پێشکەوتن لە بیاڤی ئەمنییەتی داین.

بۆ ماوەی نزیکەی شەش مانگ، ڕووداوە ئەمنییەتییەکان لە ئاستێکدا بوون کە لە سەرەتاوە تا نێوەڕاستەکانی ساڵی 2005 شتی لەو چەشنەمان نەبینیوە، بەڵام ئەم ڕادەیە لە حەوتوەکانی ڕابردوودا، لە ئاکامی توندو تیژییەکانی لە بەسرەو بەغدادا ڕووەی لە زیادی کرد. بەڵام، ئاستی ئەم ڕووداوانە سەر لە نوێ ڕووی لە کەمی داوە، بەڵام قۆناغێك کە لە پێشماندایە، قۆناغێکی هەستیارە.

لەگەڵ ئەوەیدا کە پێئەسپێردراوی سەرەکی ئێمە یارمەتی دان بە پاراستنی خەڵکی عێراقە، ڕێژەی مردن و کوژرانی غەیرە سەربازییەکان بە هۆی کردەوە گەلی توندو تیژانە لە نێزیکەوە دەبینین. ڕادەی مەرگ و کوژران لە درێژەی ساڵی ڕابردوودا تا ئاستێك دابەزی کەلە کاتی بۆمب دانانەوە لە مزگەوتی سامرەوە لە فێوەریەی 2006دا نەمانبینیبوو. ئەم بۆمب دانانەوە بوە هۆی وەرێکەوتنی زەنجیرەیەك لە کێشە فیرقەیییەکان کە پێکهاتەی سەرەکی کۆمەڵگای عێراقی لە ساڵی 2006ەوەو لە سەرەتاکانی 2007ەوە لێك پچڕاند. لە هەر ڕاپۆرتێك کە کەڵك وەرگیرێ، ڕادەی مەرگ و کوشتاری غەیرە سەربازییەکان بە هۆی توندو تیژییەوە بە چەشنێکی بەرچاو ڕووی لە کەمی داوە، بەڵام بە تەواوی ڕوونە کە دەبێ کارێکی زۆرتری بۆ بکرێ.

توندو تیژیگەلی قەومی ـ فیرقەی، بەم هۆیەوە کە شێرپەنجەیەکە، گەر نەتوانرێ پێشی پێ بگیرێ پەرەدەستێنی، دڵەڕاوکێیەکی تایبەتە لە عێراقدا. ڕادەی کوشتو کوشتارێ کە بەرهەمی توندو تیژییەکانی قەومی ـ فیرقەییە، لەو کاتەوەی کە ئێمە هاتوینەتە ئێرە لە مانگی سێیتەمبری ڕابردووەوە کەمی کردوە. یەکێ لە هۆکارە گرینگەکان لەم بابەتەدا کەم کردنەوەی توندوتیژییە قەومی ـ فیرقەیییەکان لە بەغدادا بوە کە بەڕادەیەك ڕووی لە کەمی داوە. بێ گۆمان، بەشێك لەم کەم بوونەوە بەرهەمی جوداکردنەوەی بەشێك لە گەڕەکەکانی بەغداد لە لایەنی فیرقەیییەوەیە، ئەمە تەنیا بەشێك لە ڕونکردنەوەی ئەم بابەتەیە. لە ڕاستیدا، بۆ کەم کردنەوەی توندو تیژی بە قوەت کردنی ڕێبەرانی سوننی و شیعە بە دەستپێکردنی پێشهاتی درێژخایەنی دەرمان کردن و چارەسەری کۆمەڵگا ناوچەیییەکان، هێزەکانی هاوپەیمان و عێراق لەسەر ئەم کەلێنە فیرقەیییانە کۆبوونەتەوە.

لەگەڵ ئەوەیدا کە ڕادەی هێرشە گەورەکان لە مانگی مارسدا لە لایەن القاعدەوە زیادی کرد، ئاستی ڕابردووی وەها هێرشگەلێ ئێستا زۆر کەمتر لە یەك ساڵ لەمەوپێشە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە حاڵێکدا کە یارمەتی باش بوون و هێمنیمان داوەو لە سەر ڕایەڵەکانی دوژمن کۆبووینەتەوە، شایەتی دابەزینی ئاستی کارکردی وەها هێرشگەلێك بووین. بەتایبەت، ڕادەی مردن و کوژران بە هۆی توندوتیژییە فیرقەیییەکانەوە کەم تا زۆر تاڕادەیەك لە خوارێیە، کە ئەمەش نیشانەی ناتەوانی دوژمن تا ئەم ڕێکەوتە بوە بۆ سەرلەنوێ دەستپێکرنەوەی توندوتیژییە قەومی و فیرقەیییەکان.

سەرهەڵدانی خۆبەخشگەلی عێراقیش کە یارمەتی بە جێگیرکردنی هێمنایەتی لە کۆمەڵگا ناوچەیییەکاندا دەدەن یەکێ لە گۆڕانکارییە گرینگەکان بوە. هەنوکە پتر لە 91/000 نەوەدویەك هەزار خۆبەخشی

گرێیەستیی "منداڵانی عێراق" ـ ـ هەم شیعە هەم سوننە ـ ـ بۆ یارمەتیدان بە هێزەکانی هاوپەیمانانو عێراقی بە مەبەستی پاراستنی ناوچەکانو پاراستنی ئاسایش دامەزراوە ژێرخانیو جادەکان ئامادەن. ئەم خۆبەخشانە لە بوارە جیاجیاکاندا یارمەتییەکی بەرچاویان داوە، و تەنیا دەسپێوەگرییەك کە لە لەناوچوونی ترۆمۆبیلەکاندا لە بەر کەم بوونەوەی توندوتیژییەکان کراوە ـ ـ بە بێ لە بەرچاو گرتنی ژیانی مرۆڤگەلێکی بێتاوان کە پارێزراوە ـ ـ زۆر پتر لە هەزینەیەکە کە مانگانە بۆ گرێیەستی ئەم کەسانە دەدرێ.

منداڵانی عێراق هەروەها یارمەتی دیتنەوەی مەودای تەقینەوەو چەکە دەست دروستەکانو چاشنییەکانیان داوە. لە راستیدا، ئەو چاشنیانەی کە تا ئێستا لە ساڵی 2008دا دیتومانەتەوە، زۆر پتر لە رادەیەکە کە لە تەواوی ساڵی 2006دا دیتومانەتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی گرینگییەك کە منداڵانی عێراق هەیانە، بە مەبەستی گواستنەوەی ئەم کەسانە بۆ نێو هێزە ئەمنیەتییەکانی عێراق یان شێوازگەلێکیتری کارکردن لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا هاوکارییەکی نێزیکمان هەیە، و تاکوو ئێستا پتر لە 21/000 کەس لەم کەسانە لە هێزەکانی ئاسایشو سەربازی عێراقدا یان لە پیشەگەلێکیتری دەوڵەتدا وەرگێراون، ئەم پیڤارویە ئارام بوە، بەڵام لە حاڵی بەڕێوەبردن دایەو ئێمە هەروا لە نزیکەوە چاوەدێرییان دەکەین.

القاعدەش دەرکی بە گرینگی منداڵانی عێراق کردوە، و لقەکانی القاعدەی عێراق بەردەوام دەیانخەنە بەر هێرشو پەلامار. بەڵام ئەم هێرشانە ـ ـ بوەتە هۆی زیاتر ئیزۆلە بوونو دابڕانی القاعدەی عێراق لە خەڵکی ئەم وڵاتە. شوێنگریی لێبڕاوانەی القاعدەی عێراق، لەگەڵ لەدەست دانی پاڵپشتی ناوچەیی لە زۆربەی ناوچەکاندا، بەڕادەیەکی بەرچاو بوەتە هۆی کەم کردنەوەی توانایی، رادەی ئازادی کردەوەو جێبەجێیی القاعدە. هەژماری ئەو ناوچانەی کە القاعدە وەکوو پاڵپشت حیسابی لەسەر دەکردنو بۆ ئەوان شوێنێکی هێمن بوو بە زۆری کەم کراوەتەوە، هەڵبەت بەتەواوی روونە کە هەنوکەش کردەوەگەلێکی پتر دەبێ بەڕێوە ببرێ.

لەگەڵ ئاماژە کردن بەم پێشکەوتنانەدا،ـ دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ کە القاعدە هەنوکەش توانایی بەڕێوەبردنی هێرشگەلی کوشەندەی هەیە، و دەبێ گوشاری بێ وەستتانی خۆمان لە سەر ئەم گرووپە، لە سەر ئەو راێلکانەی کە لە دەرەوەی عێراق پاڵپشتی لێدەکەن، و لە سەر سەرچاوگەلێکی دارایی کە بە هێزی دەکەن، درێژە بدەین. هەروا کە دەبینین شکەست پێدانی القاعدە لە عێراقدا پێویستی بە نە تەنیا کردەوە لە لایەن هێزە دژەتیرۆریستسەکانی ئێمەوەیە، بەڵکوو پێویستی بە عەمەلیاتی گرینگو بنچینەیی لە لایەن هێزە ئاساییەکانی هاوپەیمانانو عێراقەوەیە، کردەوەگەلی زانیاریو ئەمنییەتی ئاڵۆز، پێکهاتنو رێککەوتنی سیاسی، پلانگەلی ئابووریو کۆمەڵایەتی، گەڵاڵەگەلی عەمەلیاتی زانیاریو ئەمنییەتی، چالاکیگەلی دیپلۆماتیك، کەڵك وەرگرتن لە گرێیەستە دژە تیرۆریستییەکان لە عەمەلیاتی چاوەدێری زانیاریو ناسین (ISR)دا ئەرکێکی حەیاتی بۆ سەرکەوتنی ئێمە لە عێراقو شوێنەکانیتردا، سوپاسی پاڵپشتی کۆنگرە بۆ دابینکردنی سەرچاوەی پتری زانیاری، ئەمنییەتی، توێژیینەوەیی، و شناسایی لە تەواوکەری داهاتووی بوجەدا دەکەم.

هاوکات لە گەڵ بەرەنگار بوونەوەی القاعدەی عێراقدا، دەبێ لەبیرمان بێ کە بەڕێوەبردنی ئەم کارە نە تەنیا دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی سەرچاوەی سەرەکی ناسەقامگیریی لە عێراقدا، بەڵکوو هەروەها دەبێتە هۆی لاوازیی رێکخراوەیی، کە رێبەرانی القاعدە وەك ئامرازێك بۆ پەرەپێدانی برشتی خۆیانو هەروەها گەشاندنەوەی ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا چاوی لێدەکەن. ئۆسامە بن لادنو ئەیمەن الزەواهێری بە شێوەی بەردەوام پاڵپشتییان

له تێکدانی بارودۆخی عێراق کردوه، و هەروەها شایەتی ئەوەش بووین کە القاعدەی عێراق لە چالاکیگەلی تێکدەرانە لە ناوچەی بەربلاوتری رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا بەشدار بوە.

له گەڵ هێزە ئەمنییەتییەکانی عێراقدا، کردەوەکانی خۆمان لە گرووپگەلێکی تایبەت دا چڕکردوەتەوە. هێزی قودسی ئێران، بە یارمەتی حیزبوڵڵای لوبنان، ئەم گرووپانە لە باری داراییەوە دابین دەکەن، پەروەردە دەکەن، چەکیان پێ دەدەن و ڕێنوێنییان دەکەن. هەر ئەم گرووپانە بوون کە دوو حەوتوو پێش، هێرشێکی مووشەکی و هەواییان بۆ سەر بنکەی دەوڵەت لە عێراقدا بەڕێوە برد، کە بوە هۆی کوژرانی خەڵکانی بێ تاوان و ترس و خۆف لە پێتەخت داو دژکردەوەی هێزەکانی عێراقی هاوپەیمانی بەدواوە بوو. ڕێبەرانی عێراق و هاوپەیمانان بەردەوام داخوازی خۆیان بۆ جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانی ئەحمدی نژاد سەرۆک کۆمارو ڕێبەرانی دیکەی ئێران لەمەڕ ڕاگرتنی پاڵپشتییەکانیان لە گرووپە تایبەتییەکان چەندپات دەکەنەوە. بەڵام، کردەوگەلی زیانبار لە لایەن هێزی قودسەوە درێژەی هەبوە، و ڕێبەرانی عێراقی ئێستا مەترسیگەلێک کە لەلایەن ئەم گرووپەوە هەڕەشە لە عێراق دەکەن، بەروونی دەستنیشان دەکەن. هەمووەمان دەبێ کردەوەکانی ئێرانییەکان لە حەوتوەکان و مانگەکانی داهاتوودا لە نێزیکەوە بخەینە ژێر چاوەدێری، چونکی ئەم کردوانە چەشنی پێوەندییەک کە ئێران پێ خۆشە لەگەڵ جیرانەکانی هەیبێ و تایبەتمەندییەکانی بوونی ئێران لە عێراقی داهاتوودا پێشان دەدا.

هێزە ئەمنییەکانی عێراق:

له مانگی سێپتەمبری ڕابردووەوە، هێزە ئەمنییەتییەکانی عێراق بە شێوەی بەردەوام پەرەیان سەندوەو تا ئەو جێگایەی کە توانایی و هەلومەرجی ئێستا لە عێراقدا ڕێگای داوە، بەرپرسایەتییە ئەمنییەتییەکانمان داوە بە هێزە عێراقییەکان. لە حاڵی حازردا نیوەی لە 18 پارێزگا سەرکەوتوەکان لە لایەن هێزە ئەیالەتییەکانی عێراقەوە کۆنترۆڵ دەکرێن. زۆرێ لەم پارێزگایانە -- نە تەنیا پارێزگا سەرکەوتوەکان لە لایەن دەوڵەتی ناوچەیی کوردستانەوە بەڵکوو هەژمارێ لە پارێزگا باشوورییەکانیش -- باش کاریان کردوە. کێشەو بەرەگەلێک لە بەشێک لە پارێزگاکانیتردا، لەوانە هەڵبەتە بەسرە، دەرکەوتوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم پیشاژۆیە درێژەی دەبێ و چاوەڕوانی دەکری کە ( ئەو بەرپرسایەتییانە ) لە پارێزگاکانی ئەنبارو قادسیە لە مانگەکانی داهاتوودا بدرێتەوە [بە هێزە عێراقییەکان].

له مانگی سێپتەمبرەوە تاکوو ئێستا، هێزە عێراقییەکان بە چەشنێکی سەرنجڕاکێش گەشەیان کردوە، و پتر لە 540/000 پانسەدوچل هەزارکەس هەنوکە لە هێزە ئەمنییەتییەکانی عێراقدا خزمەت دەکەن. هەژماری تیپگەلی شەڕکەر کە توانایی ڕێبەریی عەمەلیاتیان هەیە، گەرچی بە نەختی پاڵپشتی لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە بۆ پتر لە 100 تیپ زیاد کراون. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم ڕاستییە کە ڕادەی خەساراتی هێزە عێراقییەکان ماوەیەک لەمەوپێش سێ هێندەی خەساراتی هێزەکانی ئێمە بوە، ئەم یەکانە هەنوکە بەشێکی زۆرتری ئەرکەکان و بەرپرسایەتییەکانیان گرتوەتە ئەستۆ. هەڵبەت پاش کۆتایی ئەم عەمەلیاتە، بەو بۆنەیەوە کە لە بڕێک کاتدا پێویستییەکانی هەژمارێک لە یەکەکان و فەرماندەکان دابین نەکرابوو، لەم پێوەندییەدا بەم کردەوانەوە هاوکات لە گەڵ هاوپەیمانە عێراقییەکانماندا لێکدانەوەگەلێکی ڕێک و ورد بەڕێوە دەبەین، و بڕێک لە هەڵسەنگاندنەکانی ئێمە بەم هۆیەوە ڕەنگە خوارتر لەوە بێ کە چاوەڕوانیمان هەبوە، لەگەڵ ئەوەشدا، کردەوەی زۆرێک لەم یەکانە باش و بەهێز بوو، بە تایبەت پاش ئەوەیکە جێکەوتن و متمانە بە خۆیان پەیدا کرد، و

برێك له یەكە عێراقییەكان پێشانیان دا كه توانایییەكی پێویستیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم كردەوانه هەیە. بنو بنچینەی پێشكەوتنەوە دەست هاتوەكان لەساڵی رابردوودا، پێشكەوتنگەلێكە كه له نیهادە ئەمنییەتییەكانی عێراقدا پێكهاتوە. بنكەیەكی فێرگەیی بە بەڕێوەبەری عێراقییەكان كه بە چەشنێكی روولەزیاد بەهێزو توانا بوه ئەو دەرفەتەی بۆ هێزه ئەمنییەتییەكانی عێراق پێكهێنا تاكوو له درێژەی 16 مانگی رابردوودا گەشە بكات، كه هەنوكە 133000 سەربازو پۆلیس لە خۆ دەگرێو پێش بینی دەكرێ كه ئەم بنكە فێرگەییە كه بەردەوام لەحاڵی پەرەسەندن دایە50000 سەربازی دیكەی عێراقیو 16 تیپی ئەرتەشیو عەمەلیاتی تایبەت، لەگەڵ 23000 هەزار پۆلیسو 8 تیپی نیشتیمانیی پۆلیس، له مانگەكانی پاشماوەی ساڵی 2008دا پەروەردە بكات.

لەگەڵ ئەمەش دا، وەزارەتخانە ئەمنییەتییەكانی عێراق بە شێوەی بەردەوام له حاڵی بردنە سەرەوەی توانایی خۆیان دان بۆ خەرجی بوجەگەلی ئەمنییەتی. وەك ساڵی 2006، وەزارتخانە ئەمنییەتییەكانی عێراق زۆرتر له رادەیەك كه وڵاتەیەكگرتوەكان له رێگای سندوقی هێزه ئەمنییەتییەكانی عێراقەوە (ISFF) دابینی كردوە، بۆ ئەم هێزانەیان سەرف كردوە. پێش بینی دەكەم كه عێراق پتر له 8 میلیارد دۆلار لەم ساڵ داو 11میلیارد دۆلار لەساڵی داهاتوودا بۆ كردەوەگەلێكی ئەمنییەتی سەرف دەكا، و ئەم پێش بینییە له رابردوودا ئەو دەرفەتەی بە ئێمە دا تاكوو داخوازیی تەرخان كردنی بوجه بۆ سندوقی هێزه ئەمنییەتییەكانی عێراق له 5/10 میلیارد دۆلارەوە بۆ 2/8 میلیارد دۆلار بۆ ساڵی دارایی 2009 بە رادەیەكی بەرچاو كەم بكەینەوە.

له حاڵێكدا هێزه ئەمنییەتییەكانی عێراقی پێشكەوتوونو باشتر بوون، هێشتا ئامادەیی بەرگریی له عێراق یان پاراستنی ئەمنییەتیان له سەرانسەری وڵاتدا نیه. عەمەلیاتی رابردوو له بەسرەدا پێشاندەری پێشكەوتن گەلێكە كه توانایی هێزه ئەمنییەتییەكانی عێراق بۆ هەناردنی هەژمارێكی بەرچاو لەم یەكانە، كەرەستانە، هێزه جێگرەوەكانیان له كاتێكی زۆركەمدا جێبەجێ كراوه" بێ گومان ئەوان توانایی هەناردنی لەشكرێك له یەكە سەربازو ئەمنییەتییەكان له ماوەیەك بەم كورتییەیان له ساڵی رابردوودا نەبوو. له لایەكیترەوە، عەمەلیاتی رابردوو هەروەها پێشاندەری كردەوەگەلێكی تاڕادەیەك زۆره، كه دەبێ له بواری دابینكردن، بردنەسەری توانایی هێزەكان، گەشەی بەشی كارگێڕان، و فەرماندەییو كۆنترۆڵدا بەڕێوەبچی.

هەروەها بەردەوام له حاڵی یارمەتیدان بە عێراقین له رێگای پرۆگرامی فرۆشی چەكو چۆڵی سەربازی وڵاتە یەكگرتوەكان له دەرەوەی وڵات (FMS)داین. تا مانگی مارسی 2008، دەوڵەتی عێراق پتر له 2 میلیارد دۆلار چەكو چۆڵو خزمەتگوزاری بە ئاگاداریو چاوساغی ئەمەریكایی له رێگای پرۆگرامی (FMS)وه كڕیوە. له مانگی سێپتەمبری رابردوودا، و بە پاڵپشتی ئێوه له رێكخراوگەلێ كه له پرۆسەی FMS دان، بۆ كردەوەكانی FMS بۆ پاڵپشتی پێویستییەكانی دەورانی شەڕ، رادەست كردنی ئەم كەرەستەو خزمەتگوزاریانە باشتر بوه. خاڵێكی دیكە هەر له پێوەندی لەگەڵ ئەم بابەتەدا، داوا له كۆنگرە دەكەم تا تەرخان كردنی سەرلە نوێ بوجه بۆ پرۆگرامی خوێندنو پەروەردەكردنی سەربازی نێونەتەوەیی بخاتە بەر لێكدانەوەو هەڵسەنگاندن" پرۆگرامێك كه پاڵپشتی دەكات له پەروەردەكردنی رێبەرانی گەورەو خوارتری سەربازیو غەیره سەربازی عێراقو یەكێ له بەشەكانی پەروەردەكردنی رێبەرانێكی كه عێراق له داهاتوودا پێویستی پێیان دەبی.

## كەندولەندەكانی سەر رێگا:

لە حاڵێکدا کە بارو دۆخی ئەمنییەتی لە زۆرێك لە ناوچەکاندا بەرەوباشی چوەو هێزە ئەمنییەتییەکان نەختی زۆرتری بەرپرسایەتییەکان دەگرنە ئەستۆ، بارودۆخ لە عێراقدا هەروەها ئاڵۆزو کێشە خوڵقێنە. وێدەچێ کە عێراق رەنگە بکەوێتەوە بەر کردەوە تێکدەرانەکانی القاعدەیان وێدەچێ کە برێك لە گرووپە شیعەکان بڕیاری ئاگربەسی موقتەداسەدر ژێر پێ بکەن و سەرلە نوێ کردەوەگەلی توندوتیژانە دەست پێ بکەنەوە. یاریکەرانی دەرەکی وەکوو ئێران، دەتوانن پەرە بە توندوتیژی لە عێراقدا بدەن، و هەروەها کردەوەگەلێك کە لەلایەن وڵاتانی جیرانەوە بەرێوە دەچێ دەتوانێ ببێتە هۆی لاواز کردنی بارودۆخی ئەمنییەتی عێراق  پێشکەوتنەکان ئەو چاوەڕوانییەیان پێکهێناوە کە ئەم بەرەوپێش چوونانە درێژەیان دەبێ. لەو مانگانەی کە لە پێشماندایە، رێبەرانی عێراق دەبێ توانایی و دەفرایەتی دەوڵەت پتەوتر بکەنەوە، بوجەکە بخەنە نێوکارەوە، یاساگەلێکی نوێی پەسەند بکەن، هەڵبژاردنە پارێزگاییەکان بەرێوەبەرن، راپرسییەك پێك بێنن، بارودۆخی ناوچە گەنگەشەییەکان دیاری بکەن، و ئاوارەو پەنابەرەکان سەرلەنوێی لەنێو وڵاتدا جێگیر بکەنەوە. ئەم بەرپرسایەتییانە بۆ هەر دەوڵەتێك کێشەخوڵقێنە، چ بگات بە دەوڵەتێك کە هەنوکە لە حاڵی گەشەدایەو ئەزموونی شەڕی تێپەڕکردوە.

پرۆگرامی دژکردەوەی پێویستی فەرماندەران، سەندووقی دژکردەوەوی پێویستی وەزارەتی کاروباری دەرەوە، و پرۆگرامی USAID ئەو مەجالە بە ئێمە دەدات کە بە عێراقییەکان لە پێراگەیشتن بەم قەیرانانەدا یارمەتی بدەین. بۆ جێبەجێ کردنی سەرکەوتوانەی ئەم ئەرکە گرینگە بەرێزەوە داوا لە ئێوە دەکەم، تا بوجەی زیادی (CERP) کە لە تەواوکەری بوجەدا داوامان کردوە تا مانگی ژوئەن دابین بکەین. هەروا کە پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، تەنیا حەقدەستگەلێکی مانگانە کە بە نەوەکانی عێراق دەدرێ زۆر کەمترە لە خەساراتگەلێك کە هەنوکە بە ترۆمۆبیلەکان بە هۆی ئەمنییەتی باشترەوە لە کۆمەڵگا ناوچییەکاندا دەگات. شتێك کە دەبێتە هۆی دڵگەرمی ئەوەیە کە لە رابردوودا دەوڵەتی عێراق 300 میلیۆن دۆلاری بۆ ئێمە وەکوو CERP "عێراق" تەرخان کردوە تاکوو، لە حاڵێکدا کە دەوڵەتی عێراق دەفرایەتی خۆی بۆ بەرێوەبردنی ئەم پرۆژانە ئامادە دەکات، ئێمە پرۆژەکان بۆ خەڵکی عێراق جێبەجێ بکەین. دەوڵەتی عێراق هەروەها بەڵێنی داوە کە رادەی 163 میلیۆن دۆلار بۆ جێبەجێ کردنی هەنگاو بە هەنگاوی گرێبەستەکانی نەوەکانی عێراق، 510 میلیۆن دۆلار بە مەبەستی پێدانی وام بە کۆمپانیا وردەکان، و 196 میلیۆن دۆلار بۆ پرۆگرامگەلی هاوبەشی فێرکاری، خوێندن و پێکهاتنەوەی سەرلەنوێی دابین بکات. دەوڵەتی عێراق بەڵێنی داوە کە رادەیەکی زیاتر لە کاتی بەرێوە بردنی بوجەیەکدا کە دوو مانگ لەوە پێش پەسەندکرا، دابین بکات. لە حاڵێکدا کە سەرچاوە داراییەکانی عێراق کەم کەم دەکەوتنە پێش یارمەتییە داراییەکانی ئێمەوە، ئەم کارە زۆر گرینگە کە سەرچاوەکانی ئێمە درێژەیان هەبێ.

راسپاردەکان

مانگی رابردوو پێشنیاراتێکم لەمەڕ رێگای بەرەوپێش چوون لە عێراقدا بە زەنجیرە پلەی فەرماندەیی خۆم راگەیاند. لەم پرۆسەیەدا تیپی جەنگی هەبوو، ئەوەیکە بە چڕی هەوڵمان بۆ داوە پاراستن و زیاد کردنی پێشکەوتنگەلی ئەمنیەتییە. من جەخت دەکەمەوە لەسەر پێویستی درێژەدانی هاوکارییەکانمان لەگەڵ هاوبەشە عێراقییەکانماندا بە مەبەستی دابینکردنی ئەمنییەتی خەڵکی ئەو وڵاتەو راگوازتنی هەرچی خێراتری بەرپرسایەتییەکان بۆ عێراقییەکان، تا ئەو جێگایەی کە هەلومەرج رێی پێ دەدات، بەڵام بەبێ لەمەترسی خستنی گەشەو پێشکەوتنە ئەمنییەتییە وەدەست هاتوەکان.

وەکوو مانگی سێبتەمبر، پێشنیاراتی من لەسەر بنەمای سەرنجگەلی عەمەلیاتیو ستراتژیکە. سەرنجگەلی عەمەلیاتی دەستنیشانکردنو راستی سەلماندنی کاروباری خوارەوە لەخۆ دەگرێ:

ـ زیاد کردنی هێزە سەربازییەکان بووەتە هۆی پێشکەوتن، بەڵام ئەم پێشکەوتنانە دەتوانن پێچەوانە ببنەوە"

ـ هێزە ئەمنییەتییەکانی عێراق تواناییەکانی خۆیان زیاد کردوە، بەڵام هەنوکەش دەبێ پتر لەوەش گەشە بکەن"

ـ هەڵبژاردنە پارێزگاییەکان لە پاییزی داهاتوودا، گەڕانەوەی پەناپەرەکان، ئازاد کردنی زیندانییەکان، و کردەوەگەلێك تایبەت بە چارەسەری کێشە سنووری، پارێزگاییەکانو ئەسڵی 140 زۆر قەیران خوڵقێن دەبێ"

ـ راگوازتنی رۆڵەکانی عێراق بۆ نێو هێزە ئەمنییەتییەکانی عێراقو کردەوەگەلێکیتر کە دەبێ شوێنپێیان بگیرێ پێویستییان بە کاتو چاودێری وردو رێك دەبێ"

ـ بردنە دەرەوەی لە رادەبەدەرو زۆر خێرای هێزەکان دەتوانێ ئەو پێشکەوتنانەی کە لە ساڵی رابردوودا وەدەست هاتوون لە مەترسی بخات"و

ـ بەرێوەبردنی کردەوە پێویستیەکان لە عێراقدا پێویستی بە هەژمارێکی بەرچاو لە هێزی ئاساییو هەروەها هێزە تایبەتیبەکانو تیپە راوێژکارییەکان دەبێ.

سەرنجە ستراتژیکییەکان دەستنیشان کردنو راستی سەلماندنی ئەو خاڵانەی خوارێ لەخۆ دەگرێ:

ـ گوشاری سەر ئەرتەشی ئەمەریکا بەتایبەت هێزە زەمینییەکانی، زۆر لە سەرەوە بوو"

ـ هەژمارێ لە قەیرانە ئەمنییەتییەکان لە عێراقدا بە هەرەشەگەلێکی جێگای سەرنجی ناوچەییو جیهانییەوە بەستراون"

ـ عێراقێکی شکەست خواردوو دواهاتگەلێکی زۆر جیددی بۆ خەباتێکی گەورەتر دژ بەالقاعدە، بۆ سەقامگیری ناوچەیی، بۆ قەیرانێکی مرۆڤدوستانە کە هەنوکەش لە عێراقدا بوونی هەیە، و بۆ هەوڵدان بۆ بەرەنگار بوونەوەی کارتێکەریی روخێنەری ئێرانییەکان لە پێش دەبێ.

پاش هەڵسەنگاندنی ئەم بابەتانە، پێشنیارم بە زەنجیرە پلەو پایەی فەرماندەیی خۆم کرد کە درێژە بە کەم کردنەوەی هێزە شەڕکەرە زیادییەکانی خۆمان بدەینو ئەوەیکە، بەچوونە دەرەوەی ئاخرین تیپە شەڕکەرە زیادبووەکان لەمانگی ژوئیەدا، خولێکی 45 رۆژە بۆ سەقامگیریو هەسەنگاندنی بارودۆخ لەبەرچاو بگرین. لە کۆتایی ئەم خولەدا، پرۆسەی هەڵسەنگاندن بە مەبەستی لێکدانەوەی هەلومەرجی نوێی لە عێراقدا دەست پێ دەکەینو، لە درێژەی کاتدا، دەست نیشان دەکەین کە چ کاتێك دەتوانین پێشنیارەکانی خۆمان بۆ کەم کرنەوەی پتری هێزەکان بخەینە ڕوو. ئەم پرۆسە بە خستنە ڕووی پێشنیاراتی دوایی بۆ کەم کردنەوەی زۆرتری هێزەکان، لە حاڵێکدا کە هەلومەرج رێ بدات، پرۆسەیەکی بەردەوام دەبێ. ئەم روانگەیە دەرفەتی پێکهێنانی خشتەیەکی زەمەنی بۆ چوونە دەرەوەی هێزەکان نارەخسێنێ" بەڵام نەرمی نواندنێك کە ئێمە لە عێراقدا پێویستمان پێیەتی تا بتوانین پێشکەوتنگەلێکی ئەمنییەتی هەنوکەش لەرزۆك کە سەربازانی ئێمە بۆ وەدەستهێنانی سەخت خەباتو فیداکارییەکی زۆریان کردوە، پێك دێنێ.

لەم روانگەیەوە، دەستکەوتە ئەمنییەتییەکانی ساڵی 2007و سەرەتاکانی 2008 دەتوانێ بنەمایەك بۆ سەقامگیر کردنی هێدی هێدی ئەمنییەتی جێگیر لە عێراقدا پێك بێنێ. ئەم کارەش نە تەنیا بۆ بە میلیۆنان کەس لە خەڵکی عێراق گرینگی هەیە، بەڵکوو بۆ تەواوی ئەوانەی کە لە ناوچەی کەنداوی {فارس}دا دەژین، بۆ

هاوولاّتیانی ولاّته یەكگرتووەكان، و هەروەها كۆمەڵگای جیهانیش گرینگییەكی ژیانەكی هەیە. بە روونی ئەم ئەركە پێوەندی بە بەرژەوەندی ئێمەوە هەیە كە یارمەتی عێراقییەكان بدەین لە پێشگیری لە دەست پێكردنەوەی چالاكی القاعده لەدڵی جیهانی عەرەبدا" یارمەتییان بدەین تا لە بەرامبەر دەستدرێژییەكانی ئێران بۆ سەرخاك و دەسەلاّتی ئەو ولاّتەدا بەرەنگاریی بكەن، پێشگیری بكەن لە سەرهەڵدانی سەرلەنوێی ئەو توندوتیژییە قەومی فیرقەییانەی كە دەتوانن لە سنوورەكانی عێراق بەولاوەتر بڕۆن و قەیرانی هەنوكەیی پەنابەران تەنانەت ئاڵۆزتر بكەن، و بتوانن عێراق بەو ئاستە بگەیەنن كە رۆڵی خۆی لە ئابوورییە ناوچەیی و جیهانییەكاندا گەشە پێ بدا.

رادەربڕینە كۆتاییەكان

لە كۆتایی قسەكانمدا پێم خۆشە بە چڕی لەسەر ئەو كەسانەی كە بە ولاّتی ئێمە لەعێراقدا خزمەت دەكەن، رای خۆم دەرببڕم. چاوەڕوانی ئێمە لە خۆیان و بنەماڵەكانیان زۆر زیاد بوە، و ئەوان فیداكاریگەلێكی زۆریان لەم رێگایەدا لەخۆیان پێشان داوە. ئاگایی تاكەكەسی و چڕی من لە گۆشارگەلێك كە ئەوان و هەموو ئەوهێزە وەكوو كۆمەڵەیەك قبوڵی دەكەن، یەكێ لە هۆكارە گرینگەكان لە پێشنیارەكانی مندا بوە.

كۆنگرە دەزگای بەرێوەبەریی، و هاوولاّتیانی ئەمەریكا هەوڵی زۆریان بۆ پاڵپشتی لە سەربازانی ئێمەو ئازیزانی خۆیان داوە، و هەموو ئێمە بەم بۆنەیەوە شوكرانە بژێرین. هیچ شتێك بۆ ئەوكەسانەی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە گرینگتر نیە لەوەیكە بزانن ولاّتەكەیان رێزدادەنێ بۆ فیداكارییەكانی ئەوان و بنەماڵەكانیان.

لە راستیدا، تەواوی ئەمەریكاییەكان دەبێ شانازی بكەن بەو پیاوان و ژنانەوەی كە لە ولاّتی ئێمە، عێراقدا خزمەت دەكەن، و بە ئازایەتی، باوڕی پتەو، سەقامگیری و داهێنانی كردەوەییەكەوە كە هەر رۆژ، لە خۆیانی پێشان دەدەن. گەورەترین شانازی خزمەت كردن وەكوو سەرباز لە پاڵ ئەواندایە.

بە سپاسی فراوانەوە.

سەرچاوە:

www.America.gov

*********

## رێژیمی بەعس و چەكە كۆمەڵكوژەكانی

كاتێ گرووپێكی تیرۆریستی دوو تیرۆریست یان هەواڵنێرێك بە بارمەتە دەگرێ، لە جیهاندا دەبێ بە هەراو هەڵوێست و بیروڕای جۆراوجۆر دەردەبڕدرێ و تەنانەت هەوڵی هەمەلایانە بۆ رزگاركردنیان دەدرێ و پاشان رزگار دەكرێن و وەك پاڵەوانێك دەناسێنرێن و نێوو عینوانێكیش دەردەكەن. بەلاّم دەبینین رێژیمێكی دیكتاتۆر وەكوو بەعسی عێراق بە دیكتاتۆری سەدام حوسەین لەیەك كاتدا 6 میلیۆن كەس بە بارمەتە دەگرێ و 5 هەزار كەس لە منداڵانی ساواوە تاكوو پیرێكی 80 ساڵەی لە كاتژمێرێكدا كردە قوربانی حەزوخۆزیاكانی خۆی و سیاسەتی بەرژەوەند نخوازانەی ولاّتانی رۆژئاوایی. ئەو ولاّتانەی كە بەردەوام بە زمانێك بانگی دیمۆكراسی، مافی مرۆڤ و ئاشتی و ئازادی دەدەن و لەلایەكی دیكەوە لە كۆمپانیا چەك و چۆڵ سازییەكانیان كوشەندەترین و دژی ئینسانیترین مادەی مرۆڤ كوژی دروست دەكەن و وەكوو هەناردن بۆ تاقیگە، دەخرێنە خزمەتی رێژیمە دیكتاتۆرەكان لە چەشنی رێژیمی سەدامەوە ولە سەر خەڵكی بێ تاوانی كورد تاقی دەكەنەوە تاكو بزانن چەكەكانیان ومادە كیمیاییەكانیان

تا چ رادەیەك كوشەندەو بەكەڵكن ؟ دیارە زۆر جار ئاماژەمان پێ كردوە كە لای ئەوان واتە وڵاتانی پێشكەوتوو لە بواری تەكنیكیەوپیشەسازییەوە مافی مرۆڤیش ئەگەرچی لە رواڵەتدا یەك پێناسەی هەیە كەچی لە نێوەرۆكدا جیاوازییەكی زۆری هەیەو هیچ كات مافی مرۆڤێكی كورد مافی مرۆڤێكی ئەورووپایی یان ئەمەریكایی نەبووە. ئەركی ئەم لێكۆڵینەوەیە بەدواداچوونێكە بۆ چەكە كۆمەڵكوژەكان بە دەستی رژێمی مرۆڤكوژی بەعسەوە. هەوڵدەدەین لێكۆڵینەوەكە لەسەر سێ تەوەری سەرەكی دابرێژین و هەر كامەیان بە بەڵگەو دیكومێنتەوە شی بكەینەوە كە بریتی دەبن لەم سێ تەوەرەی خوارەوە:

1ـ قۆناغی هەوڵدان بۆ بەرهەم هێنان ولە ئاكامدا بەرهەم هێنانی چەكی كۆمەڵكوژ لە لایەن رژێمی بەعسی عێراقەوە.

2ـ بەكارهێنانی چەكە كۆمەڵكوژەكان بە مەبەستی تاقی كردنەوەو بە ئاما نجی سەركوتی خەڵكی بێ تاوانی كوردستان.

3ـ قۆناغی لێپێچینەوەی جیهانیو هەوڵدان بۆ داماڵینی ئەو چەكانە لە رژێمی بەعسی عێراق.

قۆناغی هەوڵدان بە بەرهەمهێنانولە ئاكامدا بەرهەمهێنانی چەكی كۆمەڵكوژ لە لایەن رژێمی بەعسی عێراقەوە. حكومەتی بەعس هەر لەكاتی بە دەسەڵاتگەیشتنیەوە بیری مەزنیخوازی لە جانتادا بوو، هزرێك لە سەر بنەمای ناسیونالیزمی عەرەبیو سوسیالیزم. بۆ پراكتیزە كردنی ئەو بیرۆكە وەكوو ئایدیۆلۆژییەك فینداسیۆنی بۆ دارێژرابوو، زیاتر لە هەموو فاكتۆرێكی دیكە پێویستی بە فاكتۆری كات بوو. چوونكە بە هەڵسەنگاندنێكی ناوچەییو جیهانی رژێمی بەعس مەجالێكی ئەوتۆی بۆ نەرەخسابوو و لە ئاكامدا شانسێكی ئەوتۆی وەدەست نەهێنابوو. بەڵام بە شۆڕشی گەلانی ئێران و روخانی رژێمی پاشایەتی وەكوو سەرەكیترین هێزی كەنداوی فارس وهاتنە سەركاری كۆماری ئیسلامی بە دروشمە شەڕئەنگیزاەكانییەوەو لە ئاكامدا هەڵگیرسانی شەری نێوان عێراق وئێران، هۆكارێك بوو بۆ خۆتەیاركردنی حكوومەتی بەعس لە بەرامبەر هەڕەشەكانی ئێراندا، بۆ بە هێزكردنی پێگەی ناوچەیی خۆی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەستی دایە كڕینو سازكردنی چەكو چۆڵی جۆراوجۆر، لەم پێوەندییەدا لە گەڵ یەكێك لە وڵاتانی رۆژئاوایی ساتو سەودای چەكوچۆڵی هەبوو، لەوانە وڵاتانی ئاڵمان. یەكێ لە بازاڕە سەرەكییەكانی كڕینی مەوادی كیمیاوی لە لایەن عێراقەوە دەوڵەتی ئاڵمان بوو. گەشە پێدانو پەرە پێدانی ئەو جەنگ ئامێرانە بەردەوام بوو و لە دووتوێی نهێنیكاریدا مابووەوە تاكوو شەڕی ئێران ـ عێراق.

لە راستیدا ئەگەرچی بە بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی لە لایەن بەعسەوە لە شەڕی عێراق ئێراندا پرۆگامە كیمیاییەكانی عێراق ئاشكرا بوون، كە چی بە تەواوی نەسەلمێنرا، بەڵام لە شەڕی یەكەمی كەنداودا، ساڵی 1991، بە تاییەت پاش كۆتایی هاتنی شەڕی یەكەمی كەنداو بە تەواوی پرۆگرامی چەكە كۆمەڵكوژەكانی رژێمی بەعس بۆ كۆمەڵگای جیهانیو رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان دەركەوت. ئەوەش لە حاڵێكدا بوو كە ساڵی 1988 لە كۆتاییەكانی شەڕی ئێران ـ عێراقدا، رژێمی بەعس شاری هەڵبجەی كوردستانی عێراقی بەكیمیایی بۆردمان كردو پتر لە 5000 كەس خەڵكی بێ چەكو بێ تاوان قەڵاچۆ كران. بەڵام دەنگی ئەو جینایەتە سامناكە بە گوێ جیهانیان نەگەیشت. ساڵی 1991 رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان پێداگری لەسەر چەكداماڵینی دەوڵەتی عێراق دەركردەوە. پاش شەڕی عێراق بە پێ نێوەرۆكی بڕیارنامەكانی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان كە دوایی ئاماژەیان پێ دەكەین، دەبوا لە رێگای پێشكنینەوە ئەو پرۆگرامانەی بسەلمێنرایەنو خێرا لەو چەكانە دابماڵرایا. بەڵام چونكی مەبەستی هەڵخەڵەتاندنی پشكێنەرانی هەبوو سەرەتا بوونی هەر چەشنە چەكێكی كیمایی

رەت دەكردەوە. بۆ ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان بە یارمەتی وڵاتانی ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایش بەردەوام خەریكی كۆكردنەوەی زانیاری بوو. بە زانیاریگەلێك كە لەم ڕێگاوە وەدەست دەهاتن و بە بەڵگەو دیكیۆمێنتگەلێ كە لەلایەن كەسانی هەڵاتوو لە عێراق دەست دەكەوتن عێراق ناچار بوو راستی بوونی پرۆگرام و چەك و چۆنی لەو چەشنە قبوڵ بكات. هاوكات لەگەڵ چالاكی و لێكۆڵینەوەكانی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكاندا وڵاتانی ئەمەریكاو بریتانیا بەردەوام خەریكی كۆكردنەوەی زانیاری و هەوڵدان لە سەر ئەو پرۆگرامە بوون لەو پێوەندییەشدا پێویستە ئاماژە بە ڕاپۆرتی دەوڵەتی ئەمەریكا لەلایەن سیاوە بكەین:

ڕاپۆرتی سیا" عێراق پێچەوانەی بڕیارنامەكانی ئەنجوومەنی ئاسایش و بەرپرسەكان لەلایەن ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان، بەردەوام درێژەی بە پرۆگرامەكانی بەرهەمهێنانی چەكە تایبەتییە كۆمەڵكوژەكانی خۆی داوە. عێراق خاوەنی زەرادخانەی چەكە كیمیایی و میكروبییەكان و موشەكە دوورهاوێژەكان، پتر لەو ڕادەیەی كە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان دیاری كراوە (150 كیلومێتر)یە، گەر پێش بەو ڕەوتە نەگیرێ پێش لە كۆتایی دەهەی حازر، دەستی بە چەكە ئەتۆمییەكان ڕادەگات.

عێراق پێشتر زانیاری پێوەندیدار بە پرۆگرامی چەكە كۆمەڵكوژەكانی خۆیەوە، شاردوتەوە. لە كاتی ڕاگیرانی پشكنینەكان لە ساڵی 1998وە، عێراق بە كەڵك وەرگرێن لە داهاتە نەوتییەكانی و هەروەها بە پاڵپشتی ڕایلەكانی بازرگانی نایاسایی توانیویە دامەزراوەكانی تایبەت بە چەكە كۆمەڵكوژەكان نە تەنیا نۆژەن بكاتەوە بە بەڵكوو گەشەشیان پێ بدات. بەشەكانی توێژینەوەو گەشە پێدانی سەربازی عێراق كە لەژێر پۆشەنی پرۆگرامە ئاكادمیك و فێركارییەكانیدا هەروا چالاكانە درێژە دراوە، دەتوانێ بواری لەبار بۆ چالاكییە پێوەندیدارەكان بەهێز بكات.

عێراق سیستەمەكانی پرتاوی، كە توانایی هەڵگرتنی چەك گەلی تایبەت بە كوشتنی بەكۆمەڵی هەیەو مەوادی ئەوان پتر لە ڕادەی دیاریكراو لەلایەن ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانەوەیە، و فڕۆكەوانەكانی پەرە پێداوە.

بە سەرنجدان لەم ڕاپۆرتەی ڕێكخراوی هەواڵگریی سیا، بەو ئەنجامە دەگەین كە عێراق لە ماوەیەكی درێژدا هەم لەگەڵ كۆمەڵگای جیهانی و هەم لەگەڵ ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكاندا درۆی كردووەو مەبەستەكەش تا ڕادەیەك دەتوانێ روون بێ. واتە عێراق لە ڕاستیدا لە هەوڵی ئەوەدا بوو كە لەلایەك ببێتە هێزێكی ناوچەیی لە كەنداوی فارس و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستداو لەلایەكی دیكەشەوە بە تەواوی دەستی خۆی بخاتە پێش و بە وەدەستهێنانی هێزێكی پێشگرانە ببێتە خاوەن هەڕەشە لەناوچەكەدا نەك ئەوەیكە هەڕەشەكانی دیكە وەڵام بداتەوە. كە وابوو دەسەڵاتدارانی عێراق لە بیری ئەوەدا بوون لەلایەك نیشان بدەن كە خاوەنی هیچ هێزێكی كۆمەڵكوژ نین، پاشان كە دەركەوت ئەوان خاوەنی پرۆگرامی چەكی كۆمەڵكوژی لە چەشنی كیمیایی ـ بیولۆژیكین، هەوڵیاندا واپیشان بدەن كە نزیك بە سی پرۆگرامی كیمیایی بیولۆژیكیان هەبو، ڕاگیراوە. ئەوەش لە حاڵێكدا بوو كە لە ژێر پۆشەنی ئەو فێڵ و تەڵەكانەدا پرۆگرامی ساز كردنی موشەكی دوورهاوێژو چەكی ئەتۆمییان دەست پێ كردبوو.

ڕاپۆرتی دەوڵەتی بریتانیا

ڕاپرۆتی بریتانیاش ڕاپۆرتێكی وردو سەرنجڕاكێش بوو كە دەتوانین بێژین هاوكات لەگەڵ ڕاپۆرتەكەی دەوڵەتی ئەمەریكادا پێشكەش كرا. ڕاپۆرتێكی تا ڕادەیەك بەربڵاوترو پڕ نێوەرۆكتر لە ڕاپۆرتەكەی ئەمەریكا، بە

پێشەکی تونی بلێر سەرۆك وەزیری ئەو کاتی بریتانیا. ئەم راپۆرتە بە روونی پرۆگرامی چەکە کۆمەڵکوژەکانی عێراقی خسنبووە ڕوو.

بەپێی راپۆرتی ناوبراو مەترسیەوە هەڕەشەی عێراق زۆر جیددییەو دەوڵەتی عێراق درێژەی بە بەرهەمهێنانی چەکە کیمیاییو میکروبییەکان داوەو تەنانەت پلانگەلی سەربازی بۆ بەکارهێنانیان دژبە شیعەکان لە عێراق دایڕشتووە. سیستمی فەرماندەهیو کۆنترۆڵی عێراق بۆ کەڵك لێوەرگرتنی ئەم چەکانە ئامادەیی تەواوی هەیەو زانیاری گەلێك کە لە بەردەستدان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سەدام حوسەین لەم بوارەدا سەڵاتی تەواوی بە کوڕەکەی قوسەی دابوو.

هەروەها عێراق تاقیگەگەلێکی گەڕۆکی بۆ توێژینەوە لەسەر عامیلگەلی بیولۆژێکی چاکردبوو. ئەم تاقیگانە بە سانایی دەگوازرێتەوە (هەر بۆیە دەتوانن بیانشارنەوەو لە دەسپێڕاگەیشتنی پشکێنەران دوور رایانگرن).

عێراق هەوڵی داوە تێکنۆلۆژی چەکە ئەتۆمییەکان وەدەست بێنێو خوازیاری کڕینی یۆرانیوم بوە لە وڵاتانی ئەمەریکایی. لەلایەکی دیکەوە، داوای لە کارناسانی ئەتۆمی خۆیشی کردوە کە لەسەر ئەم پرۆگرامانە کار بکەن.

دەوڵەتی عێراق بە چەشنێکی نایاسایی، 20 فەروەند مۆشەکی "الحوسەین" بە بردی 650 کیلومێترەوە کە توانایی هەڵگرتنی کڵاوەی کیمیاییو میکرۆبی هەیە راگرتوەو لەسەر سووتەمەنی مۆشەکی "السمود"یش کاری کردوە. لە هەمان حالیشدا لە نەبوونی پشکێنەرانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا تێکۆشاوە بردی ئەو مۆشەکانە لانیکەم تا 200 کیلومێتر زیاد بکات. لەم بوارەدا عێراق کڕینی نایاسایی مەوادی پێویستی لە وڵاتانی دیکەی پێشنیار کردوە.

بە پێی ئەم راپۆرتەی بریتانیا زیاتر بۆمان دەردەکەوێ کە عێراقییەکان لە بیری پێکهێنانی هێزێکی توقێنەردا بوون کە تەواوی وڵاتانی ناوچەکە بخەنە ژێر رکیفی خۆیانەوە یان بە بارمەتەیان بگرن. بێگومان هەڕەشەکانی عێراق لە کویت، ئێران، عەرەبستانی سعوودیو بەشێك لە ئەمیرنشینەکانی کەنداو و پتر لە هەمووان لە دەوڵەتی ئیسرائیل کە وەکوو دوژمنێکی سوێند خواردووی یەکتری بوون سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە عێراق بە بردنە سەری بردی موشەکەکانی دەیهەویست توانایی هێزە پێشگرانە یان هێرشبەرانەکەی هەرچی زیاتر بباتە سەرێ. ئامانجی سەرەکی عێراق دەستڕاگەیشتن بە توانایی سەربازی ئەتۆمی بوو، توانایی سەربازییەك کە هاوشەنگییەك لە نێوان عەرەبەکانو ئیسرائیلدا پێك بێنێ. بێ گومان بە دەستڕاگەیشتنی سەددام حوسەین بە تەنیا یەك بۆمبی ئەتۆمی رادەی وێچوونی هێرشی هاوپەیمانان بۆسەر عێراق نزیك بە سیفر دەبوەوە. ئەوەش راستییەکی سەلمێنراوە کە توانایی وزەی ئەتۆمی هێزی پێشگرانەیە. هەر لەم پەیوەندییەدا جێگای خۆیەتی کە دوا بە دوای دوو راپۆرتی ئەمەریکاو بریتانیا لەمەڕ پرۆگرامی چەکە کومەڵکوژەکانی عێراقدا، سەرنج بدەینە راپۆرتێکی (UNSCOM) کۆمیسیۆنی تایبەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چەك داماڵینی عێراق "ئانسکام".

لە حاڵێکدا کە راپۆرتەکانی ئەمەریکاو بریتانیا لە پێوەندی لەگەڵ بەئاکام گەیاندنی ئامانجەکانیان لەمەڕ عێراق کۆکرابوەوە، راپۆرتی چالاکییەکانی ئانسکام لە کۆتایی زۆرەملێ یەکەمین خولی پشکنینیەکان لە ساڵی1998دا، پێشاندەری بڕێك راستی حاشاهەڵنەگر لەمەڕ توانایی راستەقینەی عێراق لە بواری جەنگ ئامێرە تایبەتییەکانی کوشتاری بە کۆمەڵ دایە. ئەم راپۆرتە پێشان دەدا کە لەمەڕ فایلی چەکە کۆمەڵکوژەکانی عێراقدا، بڕێك لە کێشەکان چارەسەر نەکراو ماونەتەوە" لەوانە هەژماری بەشێك لە موشەکەکانی عێراق بە روونی دەستنیشان نەکراوە، یان بڕێکیتر لە موشەکەکان ون کراون، یان هەژمارێك لە جۆرە کیمیاییو میکروبییەکان

لەبەرچاو نەگیراوە یان عێراق ئیدیعا دەکات کە لەناوم بردوون، بەبێ ئەوەیکە بتوانێ بەڵگەو دیکیۆمێنتێکی دڵنیاکەرەوە بخاتە ڕوو.

بە هەرشێوە، ناتەباییەکان لە ڕاپۆرتەکانی عێراق لە لایەکەوەو دیتراوەکانی پشکێنەرانی ئانسکام لەلایەکیترەوە پێشاندەری ئەوەیە کە چالاکییەکانی عێراق لە بواری جەنگ ئامێرە کۆمەڵکوژەکاندا کۆتایی پێ نەهاتووەو تەنانەت ڕەنگە بە هەڕەشە جیددییەکانی ئەمەریکاش، بزوێنەی سەدام حوسەین بۆ بەهێزکردنی زەڕادخانەکانی خۆی بەهێزتریش بووبێ.

ئەوەیکە لێرەدا جێگای سەرنجە، لە هەرسێ ڕاپۆرتەکەدا باسی لە بەردەوامی چەکە کۆمەڵکوژەکانی عێراق کراوە تەنانەت لە ڕاپۆرتەکەی بریتانیاشدا ئاماژە بەوە کراوە کە عێراق لە پلاندابوە کە ئەو چەکانە دژ بە شیعەکانی خۆی بەکار بێنێ، بەڵام هیچکام ئاماژەیان بە کوشتاری بەکۆمەڵی پتر لە 5000 پێنج هەزارکەس لە باکووری عێراق لە شاری هەڵبجەدا نەکردوە کە یەکێ لە کارەساتە دڵتەزێنەکان پاش شەڕی دووهەمی جیهانیو کارەساتەکانی هێروشیماوناکازاکی بوو. دەکرێ ئەم کۆشتارە بە کومەڵە وەکوو بەهێزترین دێکیۆمێنتار بۆ سەلماندنی بوونی چەکی کۆمەڵکوژ لە دەستی بەعسدا بەکار بێ. بەڵام هۆکاری پشتگوێ خستنو ئاماژە پێ نەکردنی بۆچی دەگەڕێتەوە ئەم پرسیارێکی کە تەنیا دەتوانین لە وەڵامدا هێمای سەرنجی بۆ دابنێین.

زەڕادخانەی چەکە کۆمەڵکوژەکانی عێراق پاش کۆتایی شەڕو لە سەردەمانی شەڕی عێراقو ئێرانیشدا بە خێرایی بەهێزکراو بوو بە یەکێ لە گەورەترینو مەترسیدارترین زەڕادخانەی چەکە کۆمەڵکوژەکانی جیهانو بەهێزترین زەڕادخانەی ئەو چەکانە لە کەنداوی فارسدا. پاش هێرشی داگیرکارانەی هێزە سەربازییەکانی حکوومەتی بەعسی عێراق لەسەر بڕیاری سەدام حوسەین لە دووی ئاگۆستی ساڵی 1990دا، باسی چەکە کۆمەڵکوژەکانی عێراق بازاڕی هەواڵو ڕووداوەکانی تایبەت کرد بە خۆیەوە.

عێراق لانیکەم لە سەردەمی شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێراندا (1988 ـ 1980)و لەم شەڕەدا بە کەڵک وەرگرتن لە چەکە کیمیاییەکان، لە ئاستی ئەم چەکانەدا بەهێزێکی گشتیو بەهێز ناسرا. ئاساییە کە پێش لە شەڕی کەنداوی فارس و لە درێژەی ئەم شەڕەدا لەمەڕ چاوەڕوانییەکانی کەڵک وەرگرتنی عێراق لە جەنگ ئامێری کیمیایی دژ بە هێزەکانی بەرەی دژ بە سەدام، بە ڕێبەری ئەمەریکا، وتووێژگەلێکی زۆر بەڕێوەچوو. زانیارییەکان ئەوکات جەختیان لەسەر ئەو کردوەتەوە کە عێراق لە شەڕی ناوبراودا ئامادەیی کەڵک وەرگرتنی لە چەکە بیولۆژیکییەکانی هەبوە، ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە بیروڕای گشتی لەم ڕووەی کێشەکە ئاگادار نەبوون. لە ڕاستیدا ئەم زانیاریانە بە دوای هەڵاتنی کامل حەسەن المجید بۆ ئوردۆن، لە هەشتەمی ئاگوستی 1995دا لە قاودرا. کامل لە بەرپرسایەتی وەزارەتی پیشەسازیو بە پیشەیی کردنی پێکهاتەی سەربازی عێراقدا بوو، ناوبراو بە وەرێکەوتنی پرۆگرامی جەنگ ئامێرە بیۆلۆژیکییەکان، بەرپرسایەتی ئەم پرۆژەیەی گرتە ئەستۆ. کامل حەسەن المەجید کارگێڕو بەڕێوەبەری چالاکییەکانی عێراق بۆ شاردنەوەی پرۆگرامی چەکە قەدەغە کراوەکانی خۆی لە چاوی پشکێنەرانی نێونەتەوەیی بوو. بە دوای هەڵاتنی ئەودا، عێراق کردەوەکانی خۆی لەمەڕ بەرهەمهێنانی چەکە بیۆلۆژیکییەکان بۆ ئانسکام خستەڕوو.

جۆری چەکەکان

جەنگ ئامێرەکانی عێراق چەندین جۆر بوون کە بەشی چەکە بیۆلۆژیکییەکانی ئەم عامیلانەی تێدا بەکار هێنرابوون"

1ـ ئانتراكس (Anthrax)، 2ـ بوتولینوم توكسین (Botulinom Toxin)، ئەفلاتوكسین (Bocillus anthracis) جەنگ ئامێر بیۆلۆژیكییەكانی بڵاوكردنەوەی بە ئەنقەستی نەخۆشی هێنەر لە رێگای ئۆرگانیزمە زیندوەكانەوە (بۆ وێنە باكتریيەكان، ڤارچەكان)، و پروسەكان، یان مەوادی پیسكراوی وەرگیراو لەوانە. لەسەر بنەمای یەكەمین راگەیەندراوەكانی عێراق، لە رەوتی شەڕی كەنداوی [فارس]دا عێراق بە كۆ 191سەدەنەوەدو یەك فەقەرە تەقەمەنی بیۆلۆژیكی ئامادە كردبوو كە 113سەدو سێزدەی ئەوان بەژاری بوتولینوم، 60 شەست دانەیان بە تێكەڵاوی ئانتراكس، و 18 هەژدە دانە ئافلاتوكسین پڕكرابوون.

عامیلی ئانتراكس (سیازام)، یانێ باكتری باسیلوس ئانتراكسیس (Bacillus anthracis) جۆرێك ئۆرگانیزمی زیندوە كە دەبێ لە لەشێدا زیاد بكات تاكوو دواهاتێكی هەبێ. هەر باكترییەك كاتێ كە گەشە دەكات تەنیا رادەیەكی كەم ژاری ئانتراكس بەرهەم دێنێ‌و ئازادی دەكات، بەڵام چونكی باكترییەكان زۆر دەبن ژارێكی زۆرتر تەراوشت دەبێ. عێراق سەرەتا رایگەیاند كە 11/000یازدە هەزار لیتر كلۆستریدیوم بوتولینومی بەرهەمهێناوە كە باكتری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی ژاری بوتولینومە. بە دوای ئەوەدا قبوڵی كرد كە بە كەڵك وەرگرتنی لە چەشنی كلۆستریدیوم بوتولینومی هێنراو لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاوە، نزیكەی 20000بیست هەزار لیتر لەم ژارەی بەرهەم هێناوە. لەم رێژەیە 12000 دوازدە هەزار لیتر بۆ تاقیكردنەوەی مەیدانی یان پڕكردنی كڵاوەكان كەڵكی لێ وەرگیراوەو ژاری بەكارنەهێنراویش لە "الحكم" كە ناوەندی دامەزراوەی سەرەكی بەرهەمهێنانی (ج ب) جەنگ ئامێری بیۆلۆژیكی عێراقە پاشكەوت كرا.

هەروەها عێراق ئیدیعای كرد كە 8500 هەشت هەزارو پانسەد لیتر باكتری ئانتراكسی چڕی بەرهەم هێناوە. لەم رێژەیە 6000 شەش هەزارلیتر بۆ تەیاركردنی جەنگ ئامێرەكان كەڵكی لێ وەرگیراوەو رێژەیەكی دیاری نەكراو لەوە بۆ تەیاركردنی چەكەكان بەكار هێناوە. ئە وتەی ئەكیوز عێراقییەكان چەكی بیولوژیكی لەم چەشنەیان پێشتر تاقی كردبووەوە كە بەجێ كوشتن دەیتوانی مرۆڤ بە توندی بریندار بكات.

عێراقییەكان لە تاقیكردنەوەی ئەم چەكانەیان زۆر رازی بوون‌و هەر بەو بۆنەوە هەوڵیان دەدا خەڵكی ناوچەكەو جیهان لە توانایی تۆقێنەری چەكەكانیان ئاگادار بكەنەوە. ئەم چەكانە لە لە كارگاگەلێكدا ساز دەكران كەو زۆر بە باشی لە پارێزەران‌و تەنانەت هەموو شتێكیان سڕی بوو. كارخانەیەكی نهێنی لە سەلمان پاك، لە 32 كیلۆمیتری باشووری رۆژهەڵاتی بەغدادا، لە لایی روبارەكانی دجلە وەكوو ناوەندی پرۆگرامەكانی باكتریایی عێراق كەڵكی لێوەردەگیرا. لەم كارخانەیەدا كە پانتاییەكەی نزیكەی 3 كیلۆمیتری چوارگۆشە بوو تێیدا كۆمپانیا ئاڵمانییەكانی چەندین تاقیگەیان چاك كردبوو، واتە ئاڵمانییەكان تەنیا وەكوو بازاڕی فرۆشێك چاویان لە وڵاتانی جیهانی سێهەم نەدەكرد، بەڵكوو زۆر جار ئەو چەكانەی كە لە لایەن ئەوانەوە چاك دەكران پێویستیان بە تاقیكردنەوە هەبوو. بۆ ئەو مەبەستەیان بە دیكتاتۆرەكانیان دەفرۆشت‌و كۆنترۆڵی یەكەم بەكارهێنانیان دەكرد، یان نە، راستەوخۆ لەژێر چاودێری‌و بە بوونی پسپۆرو شارەزای خۆیان لەو وڵاتانەدا تاقیگەیان دادەناو كارەكانیشیان جێبەجێ دەكرد.

دەوڵەتی عێراق قبووڵ دەكات كە سەرەتاكانی 1988 لە خانوویەك لە كۆمەڵەی پیشەسازی ـ سەربازی التاجیدا، بەرهەم هێنانی بوتولینومی دەست پێ كردووە لە مانگی مارچی ساڵی 1988دا، الحكم وەكوو شوێنی نوێی بەرهەم هێنانی چەكە بیولوژیكییەكان هەڵبژێردرا. ئەم كارخانەشە لە 55 كیلۆمیتری باشووری رۆژئاوای بەغداددا هەڵكەوتبوو، كارخانەیەكی نوێ بوو كە سەرەتا بە مەبەستی بەرهەم هێنانی جەنگ ئامێری بیولوژیك

ساز کرا. هەر بە وتەی دەوڵەتی عێراق بەرهەم هێنانی راستەقینەی ئانتراکسی‌و ژاری بوتولینوم بەهاری ساڵی 1989 لەم شوێنەدا دەستی پێکرد. لە مەودای ساڵەکانی 1989و 1990دا، عێراق لەم شوێنە نزیکەی 500000 پێنسەند هەزار لیتر عامیلی بیولوژیکی بەرهەم هێناوە. هاوکات لەگەل پەرەپێدانی ئەو پرۆژانەدا، تیکنۆلۆژی نوێتر دامەزرێنرا. بۆ وێنە لە دەستپێکی ساڵی 1990دا زانستمەندانی جێگیر لە دائۆرافورت (Daura Foot)و ناوەندی نەخۆشییە دەماغییەکانی المنال دا، دەستیان بە لێکۆڵینەوە لەمەڕ 5 ڤیرووس‌و کارکردنیان لە جەنگ ئامێرە بیولوژیکییەکاندا کرد.

دامەزراوە سەرەکییەکانی جەنگ ئامێری کیمیایی ج. ك لە عێراقدا، کە گەورەترین دامەزراوەی کیمیایی جیهان لەو سەردەمەدا بوو و ناسرابوو بە المپنا (al – muthanna) کە رێکخراوە زانیارییە رۆژئاواییەکان بەنێو شاری سامرا، نێوی سەنتەری سامرای لێ نرابوو، کەڵك وەردەگیرا. ساڵی 1985، لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئانتراکس‌و بولوتینوم لەم کارخانەیەدا دەستی پێکرد. بەڵام ساڵی 1987 عێراق بڕیاری دا بەرهەمهێنانی عامیلی ج ب لە ئاستێکی بەربڵاودا و بە شێوەی تەواو دەست پێ بکات‌و ئەم پرۆگرامەش گواسترایەوە بۆ سەلمان پاك. هەروا کە ئاماژەمان پێ کرد عێراق سەرەڕای ئەوەیکە لە چەندین شوێندا لە چەکە کۆمەڵکوژەکان کەڵکی وەرگرتبوو بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەر چەشنە پرۆگرامێکی چالاکی چەکی کۆمەڵکوژی رەت دەکردەوەو جاربەجاریش باسێکی لەو چەکانەو کارکردەکانیان دەهێنایە گۆڕێ‌و دەیسەلماند کە پرۆگرامەکانی چالاکن، واتا بە وتەیەکیتر یاری مشك‌و پشیلەی دەکرد لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانیدا. کۆمەڵگای جیهانیش متمانەی تەواوی بە رێکخراوەکانی ژێر دەسەڵاتی دابوو بۆ رووبەڕوو بوونەوەی هەر چەشنە مەترسییەك لەسەر ئاسایشی جیهانی. دەسەڵاتی تەواو بۆ پشکنین لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە رێکخراوی تازە دامەزراوی "ئانسکام".

بە پێی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی ئەو رێکخراوە کۆمەڵێ زانیاری وەدەست هاتبوون کە پیشانی دەدا عێراق بە چڕی خەریکی بەهێزکردنی توانستی چەکە کۆمەڵکوژەکانییەتی. لەو پێوەندییەدا بە پێی بڕیارنامەی 687 کە ساڵی 1991 دەرچوو، عێراق دەبوا وەردەکارییەکانی پرۆژەی چەکە کۆمەڵکوژەکانی خۆی، رادەی ئەو چەکانەو دامەزراوە پێوەندی دارەکانی راگەیەنێ. پشکێنەران دەسەڵاتی تەواویان پێ درابوو هەر کات بیانهەوێ هاتوچۆی عێراق بکەن‌و هەر شوێنێك بیانهەوێ بیپشکێنن، واتە بە تەواوی ئازادی کردەوەیان هەبوو.

ئانسکام (کۆمیسیۆنی تایبەتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کاروباری عێراقدا)، پێکهاتبوو لە 21 کارناسی نێونەتەوەیی کۆنترۆڵی چەك‌و چۆڵ، کە بەڕێوەبەری ئەو رێکخراوە سەرۆکی بەڕێوەبەریی جێگیر لە نیۆیۆرکدا بوو. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە 50 کارگێڕ لە نووسینگەی بەڕێوەبەری‌و 50 کارگێڕی پاڵپشتی ئانسکام لە دایرە ناوچەییەکان لە بەحرەین‌و بەغدادا کاریان دەکرد. هەروەها نووسینگەی تیپی تایبەتیش بە 12 کارگێڕەوە لە ڤیەن دا بوو. بوجەی ساڵانەی ئانسکام 3 میلیۆن دۆلار دیاری کرابوو. لە ساڵی 1991 تا 1998 پتر لە 250 گرووپی پشکنین نێردرانە عێراق‌و کەرەستەی چاودێرییەکانیان لە رێگای گرووپێکی پشکنینەوە بەڕێوە دەچوو کە لە سێ کەس تا 80 کەس دەبوون، لە رێگای پشکنینی هەوایی، یان هێلی کۆپتێرەکانی ئانسکام‌و فرۆکەیەکی 2 ـu وەوە پاڵپشتی دەکران. ئەم تیمە لە پشکێنەران زۆر جاریش لە ئیکس‌و سیستم گەلی پسپۆری کۆکرنەوەی زانیاری کە لە خاکی عێراقدا دانرابوون کەڵکیان وەردەگرت. لە ئاکامدا گرووپی ئانسکام توانی زۆرێك لە چەکەکان‌و مەوادو دامەزراوە رانەگەیەندراوەکان ببینێتەوە.

لەو سەردەمەدا بوو کە چالاکییەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی و ئانسکان ئێعتراف نامەیەکیان بە عێراق واژۆ کرد. بە پێی ئەم ئێعتیراف نامەیە عێراق قبووڵی کرد کە زانیاری پێوەندیدار بە هەشتاد فەروەند مووشەکی ئێسکاد، دە سەکۆی گەڕۆکی پەرتاو، لانیکەم 45 کلاوەیی کیمیایی و میکرۆبی، پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی بەرهەم هێنانی مووشەکی ئێسکاد لە نێوخۆو پرۆگرامەکانی لێکۆڵینەوەو پەرەپێدانی مووشەکەکانی نەخستوەتە بەردەست پشکێنەران. لە ئاکامدا پاش هەڵاتنی زاواکانی سەدام دەوڵەتی عێراق قبووڵی کرد کە 30000سی هەزار دانە تەقەمەنی کیمیایی لە پڕکراوو پڕنەکراوی، پرۆگرامی لێکۆڵینەوە پەرەپێدانی بۆ زیاد کردنی دەفرایەتی گازی ئەعساب وی ئیکس و بەرهەم هێنانی عەوامیلی کیمیایی تێکەڵاوی لە پلاندا بووە.

ئەم ئاکامانەی پشکێنەرانی ئاژانس وزۆر گرینگ بوو چونکی عێراق هیچکات دانی بە بوونی پرۆگرامی چەکە میکرۆبییەکان دا نەنابوو، بەڵام بەم هەوڵانەی ئاژانس دەرکەوت کە عێراق پرۆگرامی بەرهەم هێنانی عەوامیلی میکرۆبی وەکوو سیازام و بوتولینوم و تەیارکردنی 25 کلاوەی موشەکی ئێسکادو 150 بۆمبی تەیار بە عەواملی میکرۆبی خستە روو.

عێراق لەو ماوەیەدا بە تەواوی ئەو پرۆگرامانەی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان شاردبۆوە، ئەگەرچی ئەم سەرکەوتنەی ئانسکام جێگای خۆشحاڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو بەڵام هەنوکە درۆنگی و بێ متمانەییەك لەمەڕ پرۆگرامە چەك سازییەکانی عێراق بوونی هەبوو.

یەکێ لەو خاڵە گرینگانەی کە پشکێنەرانی تایبەتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی وەدەستیان خست، نەخشەی تەواوی چاك کردنی دەستڕاگەیشتن بە چەکە ئەتۆمییەکانی بوو، هەرچەند نەخشەکە کەوتبووە بەردەست بەڵام هێشتا کۆمەڵێك ناڕوونی تێدا بەدی دەکرا. جێگای ئاماژەپێدانە لەگەڵ ئەوەیدا وڵاتانی دراوسێی عێراق یارمەتییەکی زانیاری زۆریان بە روونکردنەوەی پرۆگرامەکانی عێراق بۆ ئاژانس داو تیمی پشکنینیان لە شوێنەکاندا بەڕێوە بردووەو سەرجەم پشکنینەکانیان پتر لە 5000 ڕۆژیان خایاندووە کەچی هێشتا پشکێنەران لە پرۆگرامەکانی عێراق دڵنیا نەبوونەوە. هەروەها گوتنی سەرنجڕاکێشە کە لەم ماوەیەدا پشکێەرانی ئاژانس چاودێرییان بەسەر لەناوبردنی 50هەزار میتری چوارگۆشەی کارخانەی تایبەت بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکان، 2000 دانە چەك و 6000 تۆن کانزای تایبەتدا کرد. لە هەمان کاتیشدا ئاژانس کاروبارەکانی تایبەت بە ڕاگوزتنی هەموو مەوادە پێویستەکان لە پرۆگرامە ئەتۆمییەکاندا لە چەشنی یۆرانیۆمی چڕکراو سووتەمەنی ڕێئاکتۆرە لێکۆڵینەوەییەکانی بۆ دەرەوەی عێراق جێبەجێ کرد. هەروەها مەودای تری ئەتۆمی واتە 500 تۆن یۆرانیۆمی سروشتی و 1/8 تۆن یۆرانیۆمی سووکی (2/6 لە سەدی) خستە ژێر کونترۆڵی خۆیەوە.

بەم چەشنە ئەگەرچی رەنگە کۆتایی بە پرۆژەکانی عێراق لە بواری چەکە کۆکوژەکاندا نەهاتبێ، بەڵام بە لانیکەم لەو بوارەدا زەبرێکی قورس لەو پرۆگرامانە کەوت و عێراقیش لە لای کۆمەڵگای جیهانییەوە بە دەوڵەتێکی نابەرپرسیار دەرکەوت و بە تەواوی تا کاتی رووخانی حکوومەتی بەعس کەوتە ژێر زەرەبینی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوەو ئەنجومەنی ئاسایشەوە. بەڵام گەر لە بیرمان بێ دژایەتی و پێکدادانێك کەوتە نێوان ئاژانس، پشکێنەران و حکوومەتی عێراق. دەوڵەتی عێراق تیمی پشکێنەرانی لە دێسامبری 1998دا لە عێراق وەدەرناو بەو کردەوەیەی عێراق کاری پشکنین ڕاگیرا. بەو کردەوەیەی عێراق نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە لە لایەك دەوڵەتی عێراق نایهەوێ هاوکاری زیاتری ئاژانس بکات و لە لایەکی ترەوە پرۆگرامە چەکسازییەکانی هەروا بەردەوامن.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە عێراق کاتی هێرش بۆ سەر کویت دا خاوەنی گەورەترین جبەخانەی چەکە کیمیاییەکان و تەنانەت ئەرتەشی عێراق بە "بەئەزموونترین هێزی جیهان لە بەکارهێنانی ئەو چەکانە لە مەیدانی شەڕدا ناسرابوو". ئەو ناوداربیەشی لە شەڕی عێراق ـ ئێراندا و لە بەکارهێنانی ئەو چەکانە دژ بە ئێرانییەکان و هەروەها دژ بە کوردەکانی وڵاتی خۆی لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستان بەتاییەت لە هەڵبجەدا وەدەست هێنا. لە راستیدا پاش شەڕی جیهانی یەکەم بەو رادەیەکە چەکی کوشەندەی کۆمەڵکوژ لە هیچ شوێنێکی جیهاندا بەکار نەهێنرابوو. جێگای ئاماژە پێدانە کە عێراق لە ساڵی 1983 تا 1988 چەندین جار هەم لە باکووری خۆی (کوردستان) و هەم لە بەرەکانی شەڕ دژ بە ئێراندا کەڵکی لەو جەنگ ئامێرانە وەرگرت.

زۆر جاران سەدام حوسەین ئیدیعای دەکرد کە ئەو چەکانەی کە من هەمە، تەنیا یەکییەتی سۆڤێیەت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیانە. رەنگە ئەو ئیدیعایانەی سەدام سەرەتا جیددی نەیەنە پێش چاو، بەڵام پاشان لە ئاگادار بوون لە جبەخانەکانی بەعس و هەروەها رێك و پێکی هێز و سیستمە بەکارهێنەرەکانی بەو ئاکامە دەگەین کە ئەو ئیدیعایانە نەتەنیا راست بوون بەڵکوو خەریك بوو لە کۆنترۆڵی ئەو دوو وڵاتەش دەربچێ. بەعس ئەو هێزەی وەکوو هێزی پێشگیرانەی خۆی چاو لێ دەکرد. هەر بۆیە بایەخێکی تەواوی پێ دەدا و بەو بۆنەشەوە قەوارەیەکی تاییەتی بۆ ئەو هێزە دارشتبوو، قەوارەیەك کە خاوەن پێکهاتەیەکی مۆدێرن و بەئەزموون بوو. لەگەڵ هەلومەرجەکاندا لە مەیدانی شەڕ خۆی دەگونجاند و عەمەلیاتەکانی خۆی بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام دەگەیاند و ئاکامەکەی هەڵدەسەنگاند. بۆ پێکهێنانی ئەم قەوارە مۆدێرنە زۆربەی خاوەن رایانی سەربازی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە قەوارەی چەکە کۆمەڵکوژەکان یان ئەرتەشی کیمیایی بەعس، وەرگیراوێك بوو لە یەکییەتی سۆڤێیەت کە ئەو کات هاوپەیمانی ئەو رێژیمە بوو. ئەرتەشی کیمیایی وەکوو ئەرتەشی ئەتۆمی ئەمەریکا و سۆڤێیەت بوو کە ئەرتەشێکی جەنگی جیاواز بوو. ئەو ئەرتەشە لە یەکە و ژێر یەکەکانی بەرپرسی بەرگریی کیمیایی، پرزە پڕژانی و دیتنەوەی کیمیایی، لێکدانەوەی بارودۆخی کەشی و لابردنی پیسایی پێك دەهاتن. هەر سوپایەك یەك گوردان، هەر تیپێك یان لەشکرێکی سەربەخۆ یەك گروهان و هەر هەنگێك یەك دەستەی کیمیایی هەبوو.

بە پێی ئەو جبەخانەیە و بە پێی ئەو سات و سەودایانەی کە رێژیمی بەعس بۆ وەدەستهێنانی ئامرازو کەرەستە کیمیاییەکان لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوایی بەتاییەت سوئێد و ئاڵمان ئەنجامی دابوون، ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێنێ کە وڵاتانی زلهێز بەتاییەت سۆڤێیەت کە هاوپەیمانی ئەوکاتی رێژیمی عێراق بوو لەو پرۆگرامانە ئاگادار بوون بەڵام ئەوەیکە بۆچی پێشتر دەنگ و هەرایان بەرز کردەوە ئەو هۆکاری دیکەی لە پشت بوو کە لە باسەکانی دیکەدا ئاماژەیان پێ دەکەین. ئەکیوز لەقاویدا کە عێراق چەکە بیۆلۆژیکییەکانی خۆی هەم سلمان پاك و هەم لە الحکم دا، لەسەر ئاژێڵانی گەورە لە چەشنی مەڕ، مەیموون و کەر تاقی کردبووەوە. جێگای ئاماژە پێدانە کە عێراقییەکان کاتێ ئەم چەکەیان وەکوو چەکێکی ئیستراتیژیك ناساند کە توانییان موشەکی "الحسین" ساز بکەن یان بێژین مونتاژ بکەن. پاش ئەوەیکە ئەم مووشەکەیان وەدەست کەوت داوایان لە دوو کۆمپانیای ئوروپایی کرد کە کڵاوەیەك بۆ موشەکی "الحسین" دابرێژن.

سەدام حوسەین لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە توانایی پێشگیرانە و ستراتژیکی چەکە کۆمەڵکوژەکانی بە تەواوی پێشان بدا و بیسەلمێنێ کە ئەگەرچی هێز و توانایی بۆمبی ئەتۆمییان نیە کەچی خاوەنی چەکی ئیستراتیژیك و پێشگرانەی کیمیایی و کۆمەڵکوژین. بۆ ئەو مەبەستەش لە لایەك لە شەڕی ئێراندا لەو چەکانە بە تەواوی کەڵك وەرگیرا. بۆ وێنە لە شەڕی جەزیرەی فاودا کە یەکێ لە شەڕە کارەساتبارو پڕخەسارەکانی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران

ـ عێراق بوو، ئەرتەشی کیمیایی عێراق نزیك 1500 تا 2000 مووشەکی 122 میلی مێتری بەسەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا باراند کە لە ئاکامدا بووە هۆی کوژران‌و برینداربوونی پتر لە 5000 کەس لە سەربازانی ئێرانی‌و بەشێکی زۆریشیان پاشەکشەیان کردو هەڵاتن. واتە ئێرانییەکان لەو چەشنەو هێرشەیان تا ئەو کاتە لە عێراقییەکان نەدیتبوو. ئەو مادە کیمیاییە کە لەو بۆمبانەدا جێگیر کرابوون لە چەشنی مادەی کیمیایی تێکەڵاو بوون. عێراقییەکان بەردەوام هەوڵیان دەدا تێکەڵاوە کیمیاییەکان بگۆڕن تاکوو دەگەنە تێکەڵاوێکی هیلاك کەرو کوشەندە. یان تێکەڵاوێك کە بتوانێ ترس‌و خۆف لە دڵی بەرامبەردا درووست بکات‌و بەرامبەر بتۆقێنێ.

کارەساتی هەڵبجە کارەساتێکی تۆقێنەر بوو کە بوە قوربانی سیاسەتی دوو دەوڵەتی دژبەر لە حاڵی شەڕدا، دوو دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان کە لەحاڵێکدا خەریکی شەڕو پێکدادان لەگەڵ یەکتریدا بوون، لە هەمان حاڵدا هەردوو لایەن تووشی قەیرانی نێوخۆیی‌و سەرکوتی نەیاران‌و ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی لەوانە کوردەکان بوون. سەرکوتێك کە ساڵەها بوو درێژەی هەبوو بەڵام هیچکات سەرکوت وەکوو ڕێگایەکی عاقڵانەو لۆژیکی نەیتوانیبوو ڕێگاچارەی ئەو قەیرانە بێ. بەڵام ئەوان وەها فێر کرابوون، مێتۆدێك کە لە لایەن وڵاتانی جیهانی سێهەم بە گشتی‌و لە لایەکی دیکەوە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بەتایبەتی بە بەردەوامی‌و هەنووکەشی لەگەڵدا بێ کەڵکیان لێ وەرگرتوە. مانگی مارسی ساڵی 1988 (1367) لانیکەم هەواڵەکەی بەگوێی زۆربەی گوێگرانی رادیۆکان گەیشت کە شاری هەڵبجەو کوردەکانی عێراق لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە کەوتنە بەر هێرشی چەکی کیمیایی‌و ڕۆژانە هەژماری کوژراو بریندارەکان زۆرو زۆرتر ڕادگەیەنرا. بەڵام لە ئاکامدا دەرکەوت کە بە بیانووی ئەوەیکە خەڵکی هەڵبجە هاوکاری هێزەکانی ئێرانیان کردوە بۆ هاتنە نێو خاکی عێراقەوە، ئەو شارەی سزا داوەو هێرشبەرانیشی لەناو بردووە، ئەڵام ئەمە تەواوی ڕاستییەکە نیە.

بەپێی ئەو ڕاستیەی کە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە کاتە زۆر هەستیارو دوژمنانەکاندا بە مەبەستی سەرکوتی کێشەی کورد یەکدەنگییان ڕاگەیاندووە، لێرەشدا بە مەبەستی بێدەنگ کردنی کێشەی کوردستانی عێراق کە ئەو کاتە لە لایەك کوردەکانی ئەوێ بە توندی لەگەڵ حکوومەتدا خەریکی پێکدادان بوون‌و لە لایەکی تریش کۆمەڵێك لە هێزە نەیارەکانی ئێرانیش لەوێ بوون یان بەوێدا تێدەپەڕین، هەردوو دەوڵەت هێزەکانی خۆیان لەو شارە بردە دەرو شارەکەیان بە چەکی کیمیایی بۆردومان کرد. بەڵام عێراق چونکی لەو بوارەدا ڕابردوویەکی زیاتری لە بەرکارهێنانی ئەو چەکانە هەبوو بە تاوانباری سەرەکی ناسێنراو ئێرانییەکانیش سینگی عەزایان کوتاو هەڵبجەیان بە هیرۆشیما ناساندو عێراقیان بە ئەمەریکاو بەو وێکچوواندنە دەیانهەویست کەڵکی خۆیان لە دەرفەتەکە وەربگرن. لە ڕاستیدا لەو کارەساتەدا تەنیا کۆمەڵێك (5000) پێنج هەزارکەس کوردی بێ تاوان کرانە قوربانی سات‌و سەودای سیاسی ناوچەیی‌و نێودەوڵەتی ئەو دوو وڵاتەو بە هەزارانی دیکەش هەنووکە بەدەست دواهاتەکانی ئەو کارەساتەوە دەناڵێنن. بەشێك لە لێکۆڵینەوەکان کە لە لایەن نارسەکان یان عەرەبەکانەوە ڕێنوێنییان پێ دراوەو زانیارییان بۆ کۆکراوەتەوە، ئاوەها ڕووداوەکە چەواشە دەکەن: کوردەکانی ئەم ناوچەیە لە مێژە خوازیاری سەربەخۆیی لە عێراق بوون، هەر بۆیە بە ئاشکرا پاڵپشتییان لە ئێرانییەکان دەکرد، هەر بۆیە کاتی هێرشی ئێران لە هەڵبجەوە بۆ سەر عێراق، خەڵکی ئەم شارە بوون بە چاوساغی ئێرانییەکان‌و سەدامیش بە چەکی ژاراوی بۆردومانی شارەکەی کرد.

لە ڕاستیدا ئەرتەشی عێراق بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی شەڕی عێراق ـ ئێران، بەتایبەت شەڕی کیمیایی جەزیرەی فاو، کارتێکەرانەتر لە هەڵبجەدا دەرکەوتن. بەپێی زانیاریی عێراقییەکان لە لێدانی کوردەکاندا لە

مادەی کیمیایی "تێکەڵاو" کەڵکیان وەرگرتبوو. بە پێی لێکدانەوەی کارناسانی ئەم بوارە عێراق مەبەستی بوە کاری دەرمان کردنی کوردەکان قورس و گران بکات. لە راستیدا ئەم بۆردومانە لە لایەن تاقی کردنەوەی جۆرێکیتر لە چەکەکانی عێراق بوو، لە لایەکیترەوە عێراق دەیهەویست بە دونیا و بەتایبەت بە ئەیاران و دوژمنانی رابگەیەنێ کە من گەر بمهەوێ بەرەنگاری دوژمنان ببمەوە بە چەشنێکی تۆقێنەر دێمەمەیدان.

بە وتەی کریستین م. گوسەن یەکێ لە مامۆستایانی ژێنێتیکی زانستگای لیورپول کە 10 ساڵ پاش بۆردومانی هەڵبجە سەردانی ئەم شارەی کردبوو، لە گەڕانەوەیدا لە راپۆرتێکدا بە کۆمیتەی سنای راگەیاند "کە هێرش بۆ سەر ئەو شارە بە کەڵك وەرگرتن لە چەندین جۆر مادەی کیمیایی بووە کە ئەو مەوادە بریتین لە گازی خەردڵ، مەوادی عەسەبی سارین، تابون و وی ئیکس". ئەرتەشی بەعس لە بەشی کیمیایی خۆیدا خاوەنی بانکی زانیاری لەسەر ئەو مەوادە کاریگەرییەکانیەتی.

پێویست بە ئاماژە پێکردنە کە بەڵگەیەك کە سێهەمی ئاگۆستی 1986 لە لایەن نوێنەرایەتی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراقەوە لە لەندەن خرایە روو، بەڕوونی پێشانی دەدا کە عێراق جبەخانەیەکی چەکی کیمیایی لەدەست دایە. ئەو بەڵگەیە ریزی ئەو مادە کیمیایی و بیولۆژیکییانە بوون کە لەژێر دەستی ئەرتەشی بەعسی عێراقدا بوون. ئەو بەڵگە ریزی ئەو مەوادە کیمیایی و بیولۆژیکییانە بوون کە لەژێر دەستی ئەرتەشی بەعسی عێراقدا بوون. ئەم بەڵگەو دەیان بەڵگەی دیکە پێشان دەدەن کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئورووپا لە بوونی چەکی کیمیایی و بیۆلۆژیکی لە عێراقدا ئاگادار بوون.

بە پێی نووسراوەی هیندریکس، "عێراق ساڵی 1988 لە چەکی میکرۆبی دژ بە کوردەکانی خۆی کەڵکی وەرگرت". بڵاوکراوەی ناوبراو ئاماژە پێ دەکات کە ئێمە "ئەم زانیارییەمان لە ئەندامی [رێکخراوی مرۆڤـ گەرایی] پزیشکانی بێسنوور دەست کەوتووە کە لە سنووری تورکیەدا چالاکن". جێی وەبیرهێنانەوەیە کە ئەودەم تورکەکانیش لەو بابەتە ئاگادار کرانەوە بەڵام چونکی نەیاندەویست دۆستایەتییەکەیان لەگەڵ سەدام حوسەین تێك بدەن بێ دەنگییان پاراست. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا عێراق تەواوی هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی پێش بە چالاکی پەرەپێدانی زانیاری و هەواڵ لەسەر ئەو کارەساتە بگرێ. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرەڕای زانیارییەکی ورد کە لەسەر ئەو چەکانەو هەروەها بەکارهێنانیان دژ بە ئێرانییەکان و خەڵکی کورد لە هەڵبجەو شوێنەکانی دیکە وەکوو بارزان، دۆڵی بالیسان، گوندی گۆپ تەپەو... هەیبوو، رایگەیاند کە هیچ بەڵگەیەك لەدەستدا نیە کە بیسەلمێنێ عێراق دژ بە کوردەکان چەکی کیمیایی بەکار هێناوە".

پێویستە ئاگادارین کە لە سەرەتاکانی دەهەمی 1980دا عێراق کۆمەڵێکی زۆر خوێندکاری ناردە دەرەوە بۆ خوێندن لە زانکۆ رۆژئاواییەکاندا. ئەم خوێندکارانە لە زانکۆکانی بریتانیا دامەزراوە تەکنیکییە جیاجیاکانی فەرەنسادا خەریکی خوێندن و لێکۆڵینەوە لە بواری میکروبیولۆژی و ژارناسیدا بوون. ئەوەش سەلمێنەری ئەو راستییە کە رێکخراو دەزگا هەوڵگرییەکانی رۆژئاوا لەسەرووی هەموویانەوە سیا لە چالاکییەکانی عێراق هەر لە دەستپێکەوە تاکوو ئەو کاتەی گوشاری خستەسەر رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسی نێونەتەوەیی و وزەی ئەتۆمی بۆ پێکهێنانی ئانسکام بست بە بست ئاگادار بوو، بەڵام بۆ نەیویست پێشی پێ بگرێ؟! هۆکارەکان تا رادەیەك روون و ئاشکران. دەتوانین هۆکارەکان چاوپۆشی لە رۆژئاوادا لەو چالاکییانە بە سێ بەش دابەش بکەین کە بریتین لە:

1ـ دەستپێکردنی چالاکییەکانی عێراق بۆ لێکۆڵینەوەو بەرهەم هێنانی چەکی کۆمەڵکوژ لە چەشنی کیمیاییو بیۆلۆژیکی هاوکات بوو لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری کۆماری ئیسلامیی ئێرانداو پاشان شەڕی ئەو دوو وڵاتە واتە عێراقو ئێراندا. رۆژئاوا ئێرانی بە دروشمیو سیاسەتەکانیەوە بە هەڕەشەو مەترسییەك بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەکەو جیهاندا دەزانی. بەتایبەت ئەو راستییەی کاتێك بۆ دەرکەوت کە شۆڕشییەکانی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو ساڵی 1979 باڵوێزخانەی ئەمەریکایان لە تاران داگیر کردو کارگێڕانی ئەو باڵوێزخانەیان بۆ ماوەی 444 رۆژ بە بارمتە گرت. رۆژئاوا بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا شەڕی عێراق دژ بە ئێرانی بە دەرفەتێکی زێڕین دەزانی بۆ بەرپەرچدانەوەو شکەست پێهێنانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو عێراق لە بوارگەلێکی دیاری کراودا پێوەندی زانیارییان هەبوو. واتە لە لایەك وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستییەکی زۆریان بەو زانیارییانە هەبوو کە عێراق لە کاتی شەڕدا لە بەرپرسانی سەربازی ئێرانی وەچنگ دەخستو یان لە رێگاو کاناڵگەلێکی دیکەوە وەدەستی دەهێنا. لە لایەکیترەوە عێراق پێویستییەکی زۆرتری هەبوو بە زانیاری لەمەڕ چەکە کۆمەڵکوژەکان کە لە لایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانانییەوە بەدەستی دەهێنا. بۆیە ئەمە بۆ عێراقییەکانیش دەرفەتێکی باش بوو کە کارە نیوەکارەکانیان تەواو بکەنو عێراقییەکان لەو سەردەمەدا کەڵکێکی باشیان لە زانیارییە وەدەست هاتووەکان لە رێگای ماهوارە لە لایەن ئەمەریکاییەکانەوە وەرگرت. لە هەمان کاتیشدا دەوڵەتی عێراق لەگەڵ کا.گ.ب (کومیتەی هێمنایەتی نەتەوەیی) سۆڤێیەت وەرگرت کە نزیکەی 20 ساڵ بوو پێوەندییەکی چڕیان پێکەوە هەبوو.

2ـ وەك دەزانین پێناسەی رۆژئاواییەکان بۆ سیاسەتو بەرژەوەندیو ئەمنییەتییان، پێناسەیەکی بەتەواوی ماکیاڤلیانەیە. تا رووداوەکانی 11ی سێپتەمبری 2001ی زایینی ئەمەریکا لەو باوەڕەدا نەبوو کە دەستی دەستدرێژی بگاتە نێو وڵاتەکەی. هەر بۆیە زۆریان بەلاوە گرینگ نەبوو کە وڵاتانی دیکە بە هەزاران کیلۆمیتر دوورتر لە وڵاتەکەیان دەستیان بە هێندێ توانایی سەربازی بگات. لەو کاتەدا کە عێراق خەریکی ئەو چالاکییانە بوو هاوکات ئەم پێوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤێیەت پاراستبوو و هەم لەگەڵ ئەمەریکاشدا خەریکی نێوان خۆش کردنو نزیك بوونەوە بوو. تەنیا مەترسییەك کە لەم پێوەندییەدا تۆزقاڵێك دڵەراوکێی بۆ ئەمەریکا درووست دەکرد، مەترسییەك بوو کە بە بوونی ئەو چەکانە دەکەوتە سەر ئیسرائیل. بەڵام دیسان لێرەشدا بە بیرکردنەوە لە بوونی بۆمبی ئەتۆمی کە چەکێکی ئیستراتیژیكو تواناییەکی پێشگیرانە بوو خۆی بە قەناعەت دەگەیاند کە عێراق هیچکات ئەو شێتییە ناکات کە هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل.

3ـ یەکێکیتر لە هۆکارەکان دەتوانێ سیاسەتی ئیستراتیژیكو دووربینانەی رۆژئاوا بە گشتیو وڵاتە یەکگرتووەکان بەتایبەتی بەردەوام بەدووی فاکتۆری نوێدا گەڕاون بۆ هاتنە نێو کاروباری نێونەتەوەییەوە، ئەوەش لەسەر بنەمای ئەو راستییە کە ئەوان بڕوایان بە بەرژەوەندی نەتەوەییان لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیاندا هەیە. ئەوان سیاسەتی گەڕانی بەردەوام بەردوای بەرژەوەندیدا بە یەکێ لە بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەیان دادەنێن. دوور نیە کە رۆژێ بیریان لەوە کردبێتەوە. بە پێی سیاسەتێکی مەزنیخوازانە کە سەدام حوسەین پەیڕەوی دەکاتو بە پێی ئەو پڕۆگرامە چەکە کۆمەڵکوژانەی بەعس کاریان لەسەر دەکات رۆژێ پێویست بکات ئەوان بە فەرمی بۆ چارەسەری کێشەو قەیرانگەلێ کە ئەو چەشنە سیاسەتانە دێنێتە ئاراوە، بێنە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بۆ ئەو مەبەستەش پێویستییان بە بەڵگەی بەهێزی هەڕەشەو مەترسی لەسەر کۆمەڵگای جیهانی دەبێت کە سەدام حوسەین،

هەڕەشەکانی لەسەر بنەمای چەکی کۆمەڵکوژ دێنێتە گۆڕێ. خراپ نیە بۆ ئەو مەبەستەش ئاماژە بە چەند بەڵگەیەك بکەین:

لە ئاوریلی ساڵی 1990دا یەکێ لە بەرهەمەکانی ئەو سیاسەتەی کە لە خاڵی سێهەمدا باسمان کرد هاتەدی. لەگەڵ پرتاوی موشەکێك کە کڵاوەی کیمیاوی دووپێکهاتەیی هەڵدەگرت، سەدام لەمەڕ توانایییە نوێیەکانی عێراقدا هەڕەشەی لە ئیسرائیل کردو ئاگاداری کردوە کە "ئێمە پێویستمان بە بۆمبی ئەتۆمی نیە. ئێمە چەکی کیمیایی دووپێکهاتەیی هەیە. با ئەوان ئەوە بزانن کە ئێمە چەکی کیمیایی دووپێکهاتەیی هەیە. بەپێی زانیارییەکانی ئێمە تەنیا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو یەکییەتی سۆڤێیەت چەکی لەو جۆرەیان هەیە. ئەم چەکە لە عێراقدا هەیە". هەر خێرا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە ترس و حەپەساوییەوە هەڵوێستی خۆیان لەبەرامبەر ئەو وتانەی سەرۆك کۆماری عێراقدا رایگەیاند کە ئێمە لەو وتانەی عێراق نیگەرانین و پێویستە لەگەڵ عێراقییەکان دابنیشین. پاش ماوەیەك وەفدێك لە سێناتۆرەکانی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی رابێرت دال (سێناتۆری کۆماریخوازی کانزاس) بە پەلە هاتنە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەگەڵ سەدام حوسەین دانیشتن. سەدام لەگەڵ ئەواندا رایگەیاند کە "من وتوومە" گەر ئیسرائیل بۆ لێدانی عێراق لە بۆمبی ئەتۆمی کەڵك وەرگرێ، ئێمە بە چەکی کیمیایی دووپێکهاتەیی وەڵامی دەدەینەوە. ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە گەر ئیسرائیل ئەو کارە بکات ئێمەش بەو چەشنە وەڵامی دەدەینەوە".

جێگری یەکەمی سەرۆك وەزیران تەها یاسین رەمەزانیش روونی کردەوە کە کاتێ سەدام هەڕەشەی کرد کە گەر هێرش بکەینە سەر ئیسرائیل بەو چەکانەی هەمانە، تا کاتێك نیوەی ئیسرائیل لەنێو ئاوردا نەسووتێ دەست راناگرین، ناوبراو هەروەها ئاماژەی پێ کرد "ئەم وتەیە دەرخەری ئامانجێکە کە دەکرێ پێی بگەین بەڵام ئێستا نامەوێ وردەکارییەکانی بخەمەڕوو".

بەپێی ئەو سێ خاڵەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد سەدام حوسەین بە پاڵ دان بەو هێزە دیکتاتۆرانەو مەزنیخوازانەی خۆیەوە لە چوارچێوەی سیاسەتە خوازراوە رۆژئاواییەکاندا چوە پێشەوەو رۆژئاوا بە تایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە ئاواتەکانی خۆیان گەیشتن. لە راستیدا سەدام حوسەین پێش هێرش کردن بۆ سەر کویت کە ئاواتێکی لەمێژینەی بوو، لەگەڵ ئێرانییەکاندا رێکەوت و بەشێکی زۆر لە داخوازەکانی ئەوان لەوانە پەیمانی الجەزایر 1975ی لە تەواوەتی خۆیدا قبووڵ کرد. سەدام بە خۆش خەیاڵی داینابوو کویت کە لەمێژبوو دەیگوت پارێزگای هەژدەهەمی عێراقە بە عێراقەوە گرێ بداتەوەو بەم چەشنەش لە لایەك سەرچاوەی نەوتی و پاشەکەوتە نەوتییەکانی ئەو وڵاتە لە 100 میلیارد بەرمیل بۆ 195 میلیارد بەرمیل زیادی دەکرد کە نزیکەی 30 لە سەد پاشەکەوتی نەوتی جیهانی دەکرد بەم کارەش پتر لە نیوەی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێك بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

بەڵام ئەمەریکاش هەموو ئەم پیلانانەی پێشتر خوێندبوەوەو تەنانەت چرای سەوزی بۆ داگیرکردنی کویت لە لایەن عێراقەوە هەڵکردو ئاپریل گۆڵسپی باڵوێزی ئەمەریکا لە عێراق لە لایەن دەوڵەتەکەیەوە بە سەدامی راگەیاند کێشەی نێوان عێراق و کویت کێشەی تایبەت بە خۆیانەو دەتوانن خۆیان چارەسەری بکەن. بۆیە عێراق لە کەمترین کاتداو بە خێراترین کردەوە کویتی داگیرکرد. ئەمەریکاش لە کەمترین کاتدا درێژەی پرۆگرامەکانی سیاسەتی دەرەکی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداوی فارس داڕشت و درێژەی پێدا.

## چەکە میکروبیۆلۆژیکییەکانی عێراق هەڕەشەیەکی ناوچەیی و جیهانی

هەروا کە ئاگادارن رێژیمی بەعس زۆر جار جەختی لەسەر بوونی چەکی کیمیایی‌و بیۆلۆژیك کردۆتەوەو ئەو چەکانە بە چەکی ئیستراتیژیك‌و بەهێزی پێشگیرانە دەزانی. بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵی دەدا هەرچی زیاتر توانای مەترسیداری ئەو چەکانە بە کۆمەڵگای جیهانی‌و بەتایبەت دوژمن‌و نەیارانی بناسێنێ‌و لە هەمووانیش گرینگتر بەردەوام مەترسییەکانی بەگوێی ئیسرائیل دا دەهێنا. لە لایەکی دیکەوە کاتی هەڕەشەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق‌و ئاگادارکرانەوەی لە بەخێرایی پاشەکشە کردنی بە هێزەکانی لە کویت، سەدام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە چەکی کیمیایی ئێمە زۆر بەهێزەو پێویست ناکات لە هەوڵی بەرهەمهێنانی چەکی میکرۆبی‌دا بین. ساڵی 1990 لە دانیشتنێکی لەگەڵ وەفدی سێناتۆر دالی‌دا، ئاماژەی بەوە کرد کە ئێمە جیاوازی نێوان چەکی کیمیایی‌و بیۆلۆژیك دەزانین‌و سەدام گوتی "ئێمە دەزانین چەکی بیۆلۆژیك چ مانایەکی هەیە، ئێمە ئەوەش دەزانین کە ئەگەر لەو چەکە کەڵك وەرگرین کۆنترۆڵ کردنی دژوارە، کەوابێ لەو پێوەندییەدا دڵنیا بن ئێمە چەکی بیۆلۆژیکیمان نیە، بەڵام چەکی کیمیاییمان هەیە".

بەشێك لە کارناسانی ئەم بوارە لەو بڕوایەدا بوون کە عێراق چەکی بیۆلۆژیکی هەبوە بەڵام دەیهەویست وا نیشان بدات کە وەکوو ئاخرین ئامراز کەڵکی لێوەردەگرێت. ئاخرین ئامرازیش لە ئەدەبیاتی ئیستراتیژکی بەعس دا "ئیستراتژی تۆقاندن"(استراتژی وحشت) بوو. ئیستراتژییەك کە لە هەڵبجەدا گۆشەیەکی بە چەکی کیمیایی پێشان دا. لە لایەکیتر دەکرێ ترس لە هێرشی پێشگیرانەی ئەمەریکاو ئیسرائیل بووبێتە هۆکاری شاردنەوەی چەکە بیۆلۆژیکییەکانی عێراق یان ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە هەوڵێك لە لایەن عێراقەوە بۆ دەستڕاگەیشتن بەو چەکانە. چونکی زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە دەیانزانی ئەگەر ئیسرائیل لە لایەن هەر وڵاتێکەوە هەست بە هەڕەشەیەکی جیددی بکات بێگومان کەڵك لە ئیستراتیژی لێدانی پێشدەستانە وەردەگرێ‌و ئەمەش لانیکەم بۆ عێراقییەکان سەلمابوو. دەزانین کە لەناوبردنی ڕێئاکتۆرە ئەتۆمییەکانی ئۆزیراکی عێراق لە ساڵی 1981دا لە لایەن ئیسرائیلەوە وێنەیەکی زیندووی ئەو سیاسەتەی ئیسرائیلن. عێراق لەو سەردەمەدا زۆر ترسی ئەوەی هەبوو کە دامەزراوە ئیستراتیژیکیەکانی ببنە ئامانجی هێرشی ئیسرائیل‌و ئەمەریکا. بەڵام پاش ماوەیەك سەدام رایگەیاند کە چەکە میکرۆبیۆلۆژیکییەکانی ئامادەن. عێراقییەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە موشەکە ئێسکادەکانیان بە کڵاوەی ئەتۆمییەوە دەتوانن شارەکانی ئیسرائیل‌و عەرەبستانی سعوودی کە شوێنی بەشێك لە هێزەکانی ئەمەریکا بوون بکاتە ئامانج.

بە وتەی رالف ئاکیوز، دیپلۆماتی سوئێدی بەرپرسی ئانسکام "تا مانگی جولای 1997، گومانی تێدا نیە کە چەکە بیۆلۆژیکییەکانی عێراق ئامادە بوون‌و بە تەواوی پێشکەوتووو مۆدێرن بوون". هەروەها ناوبراو لێی زیاد کرد کە ئەو چەکانە بەرگی بەرەوەی بەغدا بوون‌و ئەو دەرفەتەش هەبوو کە هەر کات بەکار بێن، کە لە راستی‌دا کردەوەیەکی بێوێنەیە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەسەر مادده پێکهێنەرەکانی چەکی بیۆلۆژیك لەدەست دان، ژاری A کە جۆرێك لە ژارە پێکهێنەرەکانی ئە چەکەیە 150000سەدوپەنجا هەزار بەرابەر ژاراویترو کوشەندەتر لە مادەی کیمیایی VXو 100000 سەدهەزار جار ژاراویترو کوشەندەترە لە گازی ئەعسابی سارین. بەپێی زانیارییەکانی ئاکیوز، ئەوکات جەختی لەسەر کرایەوە کە چەکی بیۆلۆژیکی عێراق ئامادەی بەکارهێنانە، ناوبراو ئاماژەی پێ دا کە ئەو جەنگ ئامێرانەی کە هەرکات سەدام دەیتوانی کەڵکیان لێ وەرگرێ، دەیانتوانی ببنە هۆی کوشتنی میلیۆنان کەس.

"بەپێی زانیاری پێنتاگۆن تەنیا یەك موشەکی ئێسکادو تەیار بە بوتولنیوم، "لە هەلومەرجی کەش‌و هەوایەکی ئاسایی‌دا" دەیتوانی مەودایەك پتر لە 3700 کیلیۆمیتری چوارگۆشە پیس بکات.

هەروا کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد عێراق دەیان هەزار لیتر لە ژاری بیۆلۆژیکی بەرهەم هێناوەو بەشێکی زۆریشی لە چەکەکانیدا جێگیر کراوە. سەرچاوەی دیکە لە دەوڵەتی عێراق جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نزیکەی 500000 پێنسەدهەزار لیتر مادەی بیۆلۆژیکیان بەرهەم هێناوە. کەوابوو گومانی تێدا نەماوە کە دەوڵەتی عێراق چەکی پڕو ترسی بیۆلۆژیکی لەدەستدا بوو، بەڵام بە ئاگاداربوون لە کوشەندەیی تۆقێنەری ئەو چەکانە هیچکات نەیانوێرا کەڵکیان لێ وەرگرن. چونکی گومانی تێدا نەبوو پاش گرتنی کویت لە لایەن عێراقەوە ئەمەریکا بە جیددی بوونی خۆی لە کەنداوی فارسدا بەهێزتر کرد. پاش ئەوەیکە عێراق گوێ بە ئاگادارکردنەوەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانانی لەمەڕ بەجێهێشتنی کویت نەدا، ئەمەریکا هێزەکانی خۆی لە کەنداودا دوو بەرابەر کردەوە. بەڵام ئەوەیکە ئەمەریکا هێزە سەربازییەکانی خۆی لە عەرەبستانی سعوودی‌دا لە مانگی ئاگۆستی 1990دا جێگیر کرد، سەدام ترسێکی زۆری لێ نیشت. بەڵام لەهەمان حاڵدا دەوڵەتی عێراق رایگەیاند کە ئێمە لە چەکی بیۆلۆژیك کەڵك وەرناگرین، چونکی گەر ئەم چەکە بەکار بێنین دەزانین نە تەنیا عەرەبستانی سعوودی‌و هێزەکانی ئەمەریکا، بەڵکوو بە تەواوی وڵاتانی کەنداوو تەنانەت باشووری رووسیەش خەسار دەگات. بۆیە لە راستی‌دا ترسی عێراق لە چەکی ئەتۆمی‌و بەرگریی پێشدەستانەی ئیسرائیل‌و دژکردەوەی ئەمەریکاو هاوپەیمانان بوو کە سەدامی ناچار کرد تا کاتی رووخانیشی ئەو چەکانە لە جبەخانە ژێرزەمینییەکانیدا بشارێتەوە.

سەدام بە جەختکردنەوە لەسەر توانایی پێشگیرانەی چەکە کۆمەڵکوژەکانی بەردەوام عامیلی ترس‌و تۆقاندن لەناوچەکەو جیهاندا بوو. تواناییەك کە کاتی هەڕەشە لە ئیسرائل رایگەیاند تا نیوەی ئیسرائیل لە ئاوردا نەسووتێنم لە هێرش دەست راناگرم. بۆ وێنە سەدام لە شوێنێکدا ئێژێ: "ئێمە بەڵێنمان داوە گەر یەکەمین زەبرمان بەرکەوێ، جا چ ئیسرائیل راستەوخۆ پێوەندی هەبێ‌و چ پێوەندی بەو هێرشەوە نەبووبێ، ئێمە خێرا لە یەکەمین دژکردەوەدا تل ئاویو دەکەینە ئامانجی هێرش" (ئاوریلی 1991). تارق عەزیزیش رایگەیاند کە لە وەڵام نەدانەوە بە هەر هێرشێکدا ئێمە بڕیارمان بە ئەرتەش داوە کە لە هەر چەکێك لەبەردەستی دایە کەڵك وەرگرێ. لەوانە لە عەوامیلی جەنگی کیمیایی‌و بیۆلۆژیك". بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو هەڕەشەانەی دەوڵەتی عێراقدا، دیسان تا ئاخرین کاتەکانی دەسەڵاتی سەدام حوسەین لە چەکە پێناسەکراوەکان کەڵکی وەرنەگرت. بێ گومان ئەو راستییە دەزانین کە پێشگرتن بە کەسێك وەکوو سەدام لە بەکارنەهێنانی قورسترین چەك بۆ زۆرترین کوشتار راست وەکوو ئەوەیە کە بتەوێ پێشگیری لە خۆتەقاندنەوەی تیرۆریستێکی خۆکوژ بکەیت. بەڵام گەر تیرۆریستەکە یان ترسەنۆك بێت‌و یان دڕدۆنگ بێ لە کردەوەکەی یان لە خوایە کەسێك پێشی پێ بگرێ‌و یان خۆی پاشەکشە دەکات.

هاوکات لەگەڵ هەڕەشەکانی رێژیمی بەعسدا ئەمەریکا بە کردەوە ناوگانە سەربازییەکانی زیاد کرد. هێزەکانی زیاد دەکرد. مووشەکەکانی ئامادە دەکرد، ئامادەباشی بە هێزە ئاسمانییەکان دەداو فڕۆکەوانەکان شەوانە لەنێو فڕۆکەکاندا دەخەوتن. ئیسرائیل فڕۆکە جەنگەندەکانی خۆی ئامادە دەکردو مووشەکەکانی تەنانەت مووشەکە ئەتۆمییەکانیشی دەبردە سەر سەکۆی پرتاو. کۆڵین پاول سەرۆکی ناوەندی هاوبەشی ئەرتەشی ئەمەریکا لە ساڵی 1990دا گوشاری خستبوە سەر کۆشکی سپی تاکوو بە تارق عەزیز رابگەیەنن کە لە بەرامبەری کەڵك وەرگرتنی عێراق لە چەکە کیمیاییەکانی، ئێمەش لە چەکە پێناسەنەکراوەکانمان کەڵك وەردەگرین. بەڵام کاتێ ترس لە نەمان سەراپای دیکتاتۆرێك داگیر دەکات "چنگ لە زەوی‌و ئاسمان دەگرێ" بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی. عێراق لە

ئیستراتیژی تۆقاندندا هەڕەشەی کەڵك وەرگرتن لە رێکارو میکانیزمی تیرۆریستی کرد. ئەوەش دەتوانێ بۆ جیهان هەڕەشەیەکی جیددیو پڕکارەسات بێ. عێراق لە بواری تیرۆرو تۆقاندندا رابردوویەکی خاوێنتر لە کۆماری ئیسلامی نیە، ئەو راستیەشی سەلماندوە کاتێك سیمای درندەیی دەربخات، ویژدانی مرۆڤایەتی دەهەژێنێ. بەرپرسانی عێراق لە رێگای کانالی جۆراوجۆرەوە ئەو دەنگۆیانەیان بلاو دەکردەوە کە وێدەچێ لە هێرشی تیرۆریستی لە گۆشەو کەلەبەری جیهاندا لە هێرشی تیرۆریستی کەڵك وەربگرین. هێرشێکی تیرۆریستی بە چەکی کیمیایی یان باکتریاییەوە. سەدام حوسەینیش لە دیدار لەگەڵ ئاپریل گۆلسپی باڵوێزی ئەمەریکا لە عێراقدا رایگەیاند: "ئێمە دەزانین کە ئێوە دەتوانن زەبر لە ئێمە بدەنو خەسارمان پێ بگەیەنن، بەلام ئێمەش دەتوانین زەبر لە ئێوە بدەین. هەر کەس دەتوانێ بە پێی توانا زەبر بوەشێنێو خەسار بگەیەنێ. ئێمە ناتوانین ئەم رێگا درێژە بپێوینو لە ولاتە یەکگرتووەکاندا بە خزمەتی ئێوە بگەین. بەلام عەرەبەکان بەتەنیا دەتوانن دەستیان پێتان بگات". ئەمە دەقی قسەی سەدامە لەگەڵ باڵوێزی ئەمەریکا لە عێراقداو راستەوخۆو بێ پەردە هەڕەشەیە بە تیرۆریزم.

تیرۆریزمی چەکە کۆمەڵکوژەکانی عێراق لە گەرمەی ئەو کێشانەدا بوو کە هەڕەشەکانی سەدام جیددی بوونەوە، واتە راگەیاندنی عەرەبەکان راپۆرتیان دا کە بەرپرسانی عێراق لەمەڕ چەکی "سڕی" باسو وتووێژیان کرد. ئەو چەکە بریتی بوو لە "کۆمەڵێك لە مەئموورانی نهێنیی لە ئورووپادا" ئەوانە لە چوارچێوەی رایلکەیەك دان، کە ئامادەن تاکوو بە کەڵك وەرگرتن لە چەکی کیمیاییو بیۆلۆژیك هێرشگەلێك لەسەرانسەری قارەی ئورووپادا دەست پێ بکەن. سەرچاوەکە ئەوەشی لێ زیاد دەکات کە ئامانجەکانیان دەستنیشانکرا بوو: فڕۆکەخانەکانو نووسینگەی فڕۆکەوانییەکان، کارخانەکان، قوتابخانەکان، شەمەندەفەرەکانو رێگاو هێلە ئاسنەکان، پالاوگە نەوتییەکانو تەنانەت نەخۆشخانەگەلێك کە برینداراتی شەڕی کەنداوی فارسیش دەرمان دەکەن. لەم پێوەندییەدا "پسپۆڕانی ئەمنییەتی" "ئالمانی رۆژئاوا" گوتیان ئەوان گومانیان لەوە هەیە کە عێراق ئیمکاناتی تەواوو پێویستی بۆ ئەو کارە هەبێ. بەلام ئەوان هەروا لەو شەڕە دەترسانو دەرکیان بەوە دەکرد کە هەڕەشەی سەدام دەبێ بە جیددی بگیرێو ئامادە بن بۆ رووبەڕوو بوونەوەی. "بۆ وێنە 1 یان 2 لیتر هاگی ئانتراکس، گەر لە تۆڕی مێترۆی شارێکی گەورە وەکوو نیۆیۆرك، پاریس، بێرلین یان فراکنفۆرت دا ئێسپری بکرێ دەتوانن میلیۆنان خەڵك تووش بکات".

ئێڵ. پۆل. بریمێر (l. Paul Bremmer) کە لەو کاتەدا بەرپرسی ئیدارەی دژە تیرۆریزمی وەزارەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو، ئاماژەی پێ کرد کە تیرۆریستەکان دەتوانن دەفرێکی 5 گالۆنی پڕ کەن لە گازی ئەعساب یان خەردەڵو بە چاشنیو TNT دەورەکەی بپێچنو لە فڕۆکەخانەیەك، بەندەرێك، یان هۆڵێکی هۆتێلێکدا بیتەقێننەوە". لە راستیدا ئەوە هەڕەشەیەکە کە دەکرێ جێبەجێ بکرێ.

سەدام حوسەین بە کەڵك وەرگرتن لە تیۆری شەڕی پێشگیرانەو هەروەها بە کەڵك وەرگرتن لە تیۆری ترساندنو تۆقاندن هەوڵی دەدا لەنێوخۆی ولاتانی رۆژئاوادا نارەزایەتی دروست بکات بۆ پێشگرتن لە هێرشی هاوپەیمانان. بۆ ئەو مەبەستەش حکوومەتی عێراق هەوڵی دابوو دوژمنانی لە بواری دەروونییەوە بناسێ. ئەو بە ئاپریل گوڵسپی گوت: "خەڵکی کۆمەڵگاکانی ئێوە خەڵکێك نین کە 10000دەهەزار کوژراویان پێ تەحەمۆڵ بکرێ". بۆیە بەردەوام هەڕەشەی کوژرانی بەکۆمەڵی خەڵکی رۆژئاواو بەتایبەت سەربازەکانیانی لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست دا دەکرد. ئەو هەڕەشانە تا دەچوو جیددیتر دەبووەوە. رۆژئاواش هیچکام لەوانەی بە ناجیدی دانەدەنا. بۆیە ئەوانیش بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون زانیاری زیاتر لەو پێوەندییەدا بەدەست بێنن.

کاتێ قەیرانی کەنداو دەستی پێ کرد، سیا ئاگاداری دا: "ئێمە ناتوانین ئەو ئیمکاناتە لە بەرچاو نەگرین کە عێراق پرۆگرامگەلێکی بە پەلەی بۆ کەڵك لێوەرگرتنی نهێنیی لە عەوامیلی بیۆلۆژیکی هەبێ. هەر لەم پێوەندییەدا ڕێکخراوی سیا راپۆرتێکی دا کە بەپێی ئەو راپۆرتە عێراق بە کەڵك وەرگرتن لە هێزە تایبەتییەکان، عامیلە دەوڵەتییە غەیری سەربازییەکان، یان تیرۆریستە دەرەکییەکانو پێدانی عەوامیلی بیۆلۆژیك یان کیمیایی بەوان، تەنانەت هێرش دەکاتە سەر ئەو شوێنانەی کە مووشەکەکانی نایانگاتێ. هەر بە پێی راپۆرتی ناوبراو دەوڵەتی بەغدا پێش لەوەیکە کویت داگیر بکات، هەژمارێك لە گرووپە تیرۆریستەکانی فەلەستین لە چەشنی گرووپی ئەبونزالو بەرەی گەل بۆ ئازادی فەللەستین، فەرماندەهی گشتیو هەموو ئەوانەی کە دەتوانن لە ئوروپا عەمەلیات بکەن پەروەردە دەکرد.

بێگومان مەجالی کەڵك وەرگرتن لە چەکی کۆمەڵکوژ لە لایەن تیرۆرستانەوە هەیە، بەڵام تەنیا کەڵك وەرگرتن لەو چەکانەش لێزانینو شارەزایی پێویستی دەوێ. بۆ وێنە چەندین هێرشی بیۆتیرۆریستی لە لایەن گرووپە تیرۆریستییەکانەوە بەڕێوە چوون کە زۆربەیان لەگەڵ شکەست بەرووڕوو بوون. بۆ وێنە کەڵك وەرگرتن لە هێرشی بیوتیرۆریستی لە لایەن ئەندامانی گرووپێکی ژاپۆنی بە نێوی فیرقەی قیامەتی شینریکۆ( Aur Shnrikiyo)و ناکارامە بوونی نیشان دەدا کە هێندێ بەربەستی تەکنیکیو زانستی لەسەر ڕێی دایە. ئەم فیرقەیە لە هێرشێك لە ساڵی 1990دا لە ژاری بوتولینوم جۆری A کەڵکی وەرگرتووە. یان فیرقەی "ئووم" کە ساڵی 1993 لە ئانتراکس کەڵکی وەرگرت بەڵام ئەویش لەبەر هەمان هۆکار سەرکەوتوو نەبوو. ئەوەیکە جێگای تێڕامانە ئەوەیە کە ئەو کردەوە تیرۆریستییانە هیچکام بە شێوازی بۆمب نەبوو و هیچکام رێكو پێك ئامادە نەکرابوون. لێرەدا گرینگ ئەوەیە کە عامیلی کۆمەڵکوژ کەوتوەتە دەستی لایەنێکی نابەرپرسیاری تیرۆریستیو بە هەر چەشنێ بیهەوێ کەڵکی لێوەردەگرێ. کەوابوو هەڕەشە تیرۆریستییەکانی کەسانێك وەکوو سەدام حوسەین کە هێزو توانایی مادیو ڕێکخستنی وەها هێرشگەلێکی هەیە دەتوانێ لەسەر ئەم بنەمایە مەترسیدارە بێ.

عێراق دەبێ لە چەك دا بماڵرێ

هەروا کە ئاگادارین سەدام حوسەینیش وەکوو هەموو دیکتاتۆرەکانی دیکە خۆی بە خاوەنی راستی رەها دەزانێو هەستی بە شکانی غورووری دەکرد لە بەرامبەر پشکێنەرانی ئانسکام دا، هەر بۆیە بە هێنانە ئارای چەند بیانوویەك رایگەیاند کە پشکێنەرانی ئانسکام دەبێ لە عێراق بچنە دەرەوە. لە دیسامبری 1998دا بە دەرکردنی پشکێنەران لە عێراق کاری پشکنین راگیرا، بەڵام بە گوشاری دەوڵەتی ئەمەریکا بۆ چەك داماڵینی عێراقو هەڕەشە بە هێرشی سەربازی، بە بڕیاری 1441ی ئەنجومەنی ئاسایش پشکنینەکان دەستی پێ کردەوە. عێراقیش بۆ نیشاندانی هاوکاری خۆی لە راپۆرتێکی تێرو تەسەلدا لەسەر چەكو چۆڵەکانی خۆی، زانیارییە پێوەندیدارەکان بە چەكو چۆڵەکانیەوە خستە بەر دەست پشکێنەرانی ئانسکامو بوونی هەر چەشنە چەکێکی کۆمەڵکوژ بەتایبەتی چەکی ئەتۆمی رەت کردوەتەوە.

بەڵام ئەوە تەنیا ئیدیعای وڵاتێکە کە نایهەوێ یان نەیدەویست هاوکاری بکاتو بوونی ئەو چەکانەی بۆ خۆی بە رەوا دەزانی. هەروا کە کوشتاری چەندین هەزار کەسی لە کوردەکانو ئەنفالو لەناوبردنی سەدان هەزار کەسی ئەوانی بۆ پاراستنی هێزو دەسەڵاتەکەیلە کوردستاندا بە رەوا دەزانی. بەڵام لە پاڵ ئەوانەشدا رۆژئاوا بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەو باوەڕەدا بوو کە عێراق خاوەنی توانانیی کۆمەڵکوژەو هیچ گومانی تێدا نیە کە ئەو چەکانە هەڕەشە لە ئەمنیەتی ناوچەکەو جیهان دەکەن. بەپێی زانیارییەك رۆژئاوا لەمەڕ چەکە

کۆمەڵکوژەکانی عێراق لەدەستی دابوو، بەجیددی پێداگری لەسەر چەك داماڵینی عێراق دەکردو جەختی دەکردەوە کە "عێراق دەبێ لەچەك دا بماڵرێ".

بۆ ئەو مەبەستەش بە پێی بنەما سەرەکییەکانی نێونەتەوەیی‌و پرۆسەی چەك داماڵینی عێراق دەستی پێ کرد. ئەو بنەمایانەی کە بۆ ئەو مەبەستە لەبەرچاو گیرابوون لەم بوارەدا بەتایبەتی دەتوانین ئاماژە بە ڕێکەوتننامەی 1925ی ژنێف، کونوانسیۆنە چاودێرەکان بەسەر چەکە بیۆلۆژیکییەکاندا لە ساڵی 1972و گرێبەستی قەدەغەکردنی پەرە پێدانی چەکە ئەتۆمییەکان (NPT) بکەین. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە عێراق خۆی لەو سێ ڕێکەوتنەدا ئەندامە دەبێ کۆمەڵێك بەڵێنی لە بەرچاو بگرێ لە هەر ئەندامیکی ئەو پەیماننامانە دەبێ لە بەرچاو بگرن.

بە پێی ڕێکەوتننامەی 1952ی ژنێف، کەڵك وەرگرتن لە گازە خنکێنەرو ژاراوییەکان‌و هەروەها مەوادی میکرۆبی لە شەڕدا قەدەغە دەکات. بە پێی ئەم پەیماننامەیە عێراق تاوانبار بووو دەبوا بۆ سزادانی لەمەڕ بەکارهێنانی ئەو چەکانە لە شەڕەکانی دا ڕاپۆرت بکرایە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەو پرۆتوکۆلە تەواو کردن، پەرەپێدان، بەرهەم هێنان‌و ئەنبارکردنی چەکە بیۆلۆژیکییەکان قەدەغە دەکات‌و پتر لەوەش لەسەر لەناوبردنیان جەخت دەکاتەوە.

بڕیارنامەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەگرتووەکان، پاش بەڵێننامەو گرێبەستەکانی دوای شەڕی 1991، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەرکردنی چەندین بڕیارنامە دەوڵەتی عێراقی بە ناچار بە مل ڕاکێشان بۆ چەك داماڵین کرد کە ئەم چەکانەی دەگرتەوە "چەکە تایبەتییەکانی کوشتاری بەکۆمەڵ‌و بڕێك لە چەمکە ناسراوە پێشکەوتووەکان". بۆ زانیاری زیاتر بە کورتی ئاماژە بە بڕیارنامەکان دەکەین:

بڕیارنامەی 687: ئەم بڕیارنامە سەرەکیترین بڕیارنامە لە ڕوانگەی بەڵێننامەکانی چەك داماڵینی عێراقەوەیە، بە پێی ئەم بڕیارنامەیە عێراق بە پێی بەندی (ج) پەسەندی کردوە بە بی مەرج، هەموو جەنگ ئامێرە تایبەتییەکانی کوشتاری بەکۆمەڵی خۆی لە کیمیایی‌و میکرۆبی‌و ئەتۆمی‌و هەموو موشەکە بالستیکییەکانی خۆی بە مەودای بڕینی 150 km و بە چاودێری نێونەتەوەیی لەنێو ببات یان ڕاییگوێزێ.

ئەم بڕیارنامەیە جودا لەوەیکە ئەم میکانیزمی بەڕێوەبەرییەی خۆی لە ڕێگای ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمییەوە بە هاوکاری ئانسکام دیاری کردوە. پاش ئەویش، بڕیارنامەگەلێکی تریش بۆ بەڕێوەبردنی ڕێساگەلی جێگیرکراو لە بڕیارنامەی 687دا لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایشەوە دەرکرا:

بڕیارنامەی 699 (1991) ئەم بڕیارنامەیە لەسەر بنەمای پەسندی گەڵاڵەکان‌و قۆناغەکانی پشکنینی ئانسکام‌و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بوو.

بڕیارنامەی 707 (1991) ئەم بڕیارنامەیە لە مەحکەووم کردنی شکاندنی بەڵێننامە پەسندکراوەکان لە لایەن عێراقەوەو دووپاتکردنەوەی بەڵێنیەکانی پێشووی عێراق‌و هەروەها دانی مافی تەواوی فڕینە پشکێنەرییەکان بە پشکێنەران‌و پێویستی قبووڵ کردنی خێراو بێ مەرج‌و سنووری ئەو بڕیارنامەیە لە لایەن عێراقەوە.

بڕیارنامەکانی 1051 (1996)و 1409 (2002) لەمەڕ ڕیزی پێوەندیدار بە هاوردەکانەوە.

**بڕیارنامەی 1284 (1991) لەمەڕ دانرانی ئانسکام لە جێگای ئانموویك (کۆمیسیۆنی چاودێری، پشکنین و پەسەند)و سەرلەنوێ چاودێری کردنەوە بەسەر چەك داماڵینی عێراقدا بە سەرنجدان لە پێشکەوتنگەلی وەدەستهاتوو، بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەیکە هێشتا بە تەواوی عێراق لەچەك دانەماڵراوە.**

**بڕیارنامەی 1441 (2002)؛ ئەنجومەنی ئاسایش پاش ڕاوێستانێکی چوار ساڵە، ئەم بڕیارنامەی بۆ گەڕانەوەی پشکێنەران بۆ عێراق و سەرلەنوێ دەست پێکردنەوەی کاری پشکنین، دانی ڕاپۆرتی چەك و چۆڵ لە لایەن عێراقەوەو هاوکاری ئەو دەوڵەتەی لەگەڵ پشکێنەراندا پەسند کردو دەوڵەتی عێراقی ئاگادار کردەوە گەر هاوکاری نەکەن بە توندی سزا دەدرێن.**

**جێگای ئاماژەپێدانە کۆکەمەڵێك نۆرمی دیکەی نێونەتەوەیی بوونیان هەیە کە وەکوو پرنسیپ جێکەوتوون و وەکوو بەڵێننامەو بڕیارنامە ڕێزیان لێ دەگیرێ کە لەو پێوەندییەدا دەتوانین بەتایبەتی ئاماژە بە قەدەغە ڕاگەیاندنی کارپێکردنی ئەم جەنگ ئامێرانە وەکوو ڕێسایەکی نۆرمی لە مافە نێونەتەوەییەکاندا پەسند دەکرا. بە گشتی پێش لە دەرکەوتن و تەواوبوونی مافە گرێبەستییەکان، تەنیا بەربەستێك کە لەسەر ڕێگای بەکارهێنانی چەکە کیمیاییەکاندا بوونی هەبوە، مافی نۆرمییەکان بوە. بۆ وێنە لە پەیمانی ورسای، گرێبەستی واشنگتۆن 1992و پرۆتۆکۆلی 1925ی ژنێف بە چەشنێکی قەدەغەو مەحکووم باس کراوە. هەروەها لە بڕیارنامەی پێنجی دیسامبری 1966 کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە بێدەنگی نەیار بە پەسند گەیشت، جەختی لەسەر کرایەوە کە پرۆتۆکۆلی 1925ی ژنێف کە لە هەموان قەدەغە بۆ هەموان دەگرێتەوەو هەموو وڵاتان ناچار دەکات، چ ئەندام بن و چ ئەندام نەبن، پێڕەوی لێ بکەن. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیکە وڵاتانێك کە دەنگیان بەم بڕیارنامەیە داوە، دەتوانین بێژین ئەو وڵاتانە بوون کە ئەندامی پرۆتۆکۆڵ نەبوون.**

## کردەوەکانی ئانسکام لە چەك داماڵینی عێراقداو کێشە چارەسەر نەکراوەکان

| **کردەوەکان** | **کێشە چارەسەرنەکراوەکان** |
|---|---|
| بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، پرۆگرامە ئەتۆمییەکانی عێراق وەلانراون و بە چەشنێکی بێ زیان دەرهاتوە (ڕاپۆرتەکانی ئاوریل و ئۆکتۆبری 1998) | نەخشەی گەلاڵە ئەتۆمییەکان و بەڵگە پێوەندیدارەکان ڕوون نەبوونی بارودۆخی بەشێك لە ئامێرەکان |
| هەموو لە لایەن ئاژانسەوە ڕاگوێزراون | — |
| لە لایەن ئاژانسەوە وەلانراون | — |
| ئاژانس ئێژێ کە نێردەرانی مەودای ئەتۆمی بە عێراق ناسیوە. | بەشێکی زۆری 170 ڕاپۆرتی تەکنیکی دامەزراروەیەکی ئالمانی لە بەرچاو نەگیراوە. |
| تەقەمەنی و توخمە پێشنیاری ڕاگەیەنراوەکان لە لایەن ئانسکامەوە لەناو براون. | بەرهەم هێنانی عامیلی VX لە لایەن عێراقەوە |
| عێراق بەرهەمهێنانی چوار تۆن پەسند دەکا. | چاودێری و جەخت لەسەر کردنەویەك لەسەر بارودۆخی ئەم عامڵە بەڕێوە نەچوە. |
| لەناوبردنی 191 تۆن پشتڕاست دەکاتەوە. | نزیکەی 600 تۆن لە بەرچاو نەگیراوە. ئەم ڕادەیە لبۆ بەرهەمهێنانی 200 تۆن عامیلی عەسەبی بەسە. |
| 38500 دانە لە لایەن ئانسکامەوە ... | بارودۆخی 31600 گوللە، 550 ... |

690 تۆن لە لایەن ئانسکامەوە بینراونەتەوەو لەناو براوە.
3000 تۆن لە لایەن ئانسکامەوە دیتراوەتەوەو لەناو براوە.
لە سەردەمی چالاکی ئانسکامدا چاودێری 170 سایت کراوە.
ئانسکام راپۆرتێکی لەسەر بوونی پرۆگرامی چەکە بیۆلۆژیکییەکانی وەدەست هێنا.
عێراق بەرهەمهێنانی 19000 لیتر بوتولینوم، 8400 لیتر ئانتراکسو 200 لیتر ئیفلاتوکسینو کلستریدیومی پشتڕاست کردوەتەوە.
عێراق لەکارنانی عەوامیلی بیولوژیکی لە 157 بۆمبدا پشتڕاست کردوەتەوە.

بەپێی راپۆرتی نێردەرەکان 34 تۆن
هیلیکۆپتێری ئیسپریکەرو تانگ
سەلمان پاك کە پێش لەم پشکنینانە لەژێر زەویدا بوو، الحکمیش لە لایەن ئانسکامەوە تێکدرا.

86 سایت لە سەردەمی چالاکی ئانسکامدا

دەتوانین بێژین هەموو موشەکە هێنراوەکان ریز کراون.
ئانسکام ئێژێ 817 فەروەند لە 819 موشەکە ئێسکادە هێنراوەکان لە روسیەی شناسایی کردووە.

3000 تۆن لە بەرچاو نەگیراوە.

4000 تۆن لە بەرچاو نەگیراوە

پاش چوونەدەرەوەی ئانسکام چاودێرییەك نەکراوە.

ئانسکام لەو بڕوایەدایە کە لەم بوارەدا ناڕوونی زۆر هەیە، هیچ چەکێکی بیۆلۆژیکی نەدیتراوەتەوە.
هیچ چاودێریو پشتڕاستکردنەوەیەك لەمەڕ لەناوبردن یان رادەی ئیدیعای پێوەندیدار بەو چەکانەوە بە ئەنجام نەگەیشتوە.
چاودێریو پشتڕاست کردنەوەیەك بۆ لەناوبردنی بۆمبە ناوبراوەکانو بارودۆخی 1500 گوللە هاوەن بەڕێوە نەچوە.
4 تۆن لە بەرچاو نەگیراوە
بارودۆخی ئەم سیستمانە روون نیە
ئانسکام ئێژێ کە عەواملی بیۆولۆژیك بە ئاسانی لە دامەزراوە زۆر بچووکەکانیشدا دەتوانرێ بەرهەم بهێنرێ.
پاش چوونە دەرەوەی تیمی ئانسکام پ شکنینێك بەڕێوە نەچوە.
توانایی بەرهەمهێنانی نێوخۆیی

دوو موشەکی ئێسکاد سەرکەوتوو بوون، ئامریکاو بریتانیا لەو بڕوایەدان کە 12 ـ 10 موشەکی ئێسکاد لە بەرچاو نەگیراون.

| | |
|---|---|
| 75 کڵاوەی ڕانەگەیەنراو کە 35 دانەیان لە لایەن ئانسکامەوە لەناو چووە لەناوبردنی 43 کڵاوەی دیکە کە 45 کڵاوەی بیولوژیك لەخۆ دەگرێ پشتڕاست کراوەتەوە. | دوو کڵاوەی کیمیایی ونبوەو وێدەچێ هەژمارێك لە کڵاوە کیمیاییو میکروبییەکان ڕانەگەیەنرابن. |
| عێراق 50 کڵاوە کە مەودای تەقینەوەی بەهێزیان تێدایی پشتڕاست دەکاتەوە. | بەشێك لە کڵاوەکان لە بەرچاو نەگیراون. |
| - | 30 کڵاوەو حەوت موشەك لە بەرچاو نەگیراون. |
| - | 300 تۆن لە بەرچاو نەگیراوە. |
| عێراق 150 تۆن پشتڕاست دەکاتەوە. | بارودۆخی هەموو ئەوانە ناڕوونە. |
| 63 سایت لە سەردەمی چالاکی ئانسکامدا | موشەك گەلێك بە پردی لانی زۆر 150 کیلۆمیترەوە ڕێ پێ دراوە. ڕاپۆرتەکانی ئامریکا نیشان دەدا کە هەر کام پڕۆگرامە ڕێ پێ دراوانەیە بۆ کردەوەگەلێکی قەدەغەکراو کەڵکی خراپیان لێ وەردەگیردرێ. |

**...راق**

**...نێنەرترو مە... خورپەکانی کۆمەڵگای جیهانی بیرکردنەوەیە لەو کارەساتەی کە کڵاوەیەکی ئەتۆمی یان بۆمبێکی ئەتۆمی بکەوێتە دەستی گرووپێکی توندئاژوو یان توندوتیژی خوازو تیرۆریست. واتە هەموان دەزانین ئایدیاگەلی گرووپێکی تیرۆریستی ئەوەیە کە بتوانێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی کە ئایدیایەکی بە تەواوی دژەمرۆڤانەیە، زۆرترین خەڵك بکوژێ، زۆرترین ڕۆح بڕووخێنێ، زۆرترین دڵ بتەزێنێ، زۆرترین پەژارەو خەمو دڵەراوکێ دروست بکات. بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە بەرهەمەکانی مۆدێرنیتە وەردەگرێو دژ بە مرۆڤایەتی بەکاری دێنێ.**

**بێ گومان دەزانین کە تیرۆریستان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان پڕۆگرامو گەڵاڵە دادەڕێژنو لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمدا لە بواری تەکنیکو مێتۆدی کارەوە هەنگاو بە هەنگاو دەچنە پێشەوە کەوابوو دوور نیە ڕۆژێك لەگەڵ تیرۆریزمی ئەتۆمیشدا بەڕووڕوو ببینەوە. قۆناغێك لە تیرۆریزم کە ئیدی لەگەڵ سۆپڕتیرۆریزمدا بەڕووڕوو بن. بێگمان بەرهەم هێنەرانی ئەو پێشکەوتنە چەکسازییە (ئەتۆم) لە مەترسییەکانی ئەو چەکە بە تەواوی بە ئاگادانو بەڵێنییان بە یەکتریش داوە پێش لە پەرەسەندنی ئەو چەکانە بگرن. بەڵام لەوەش ئاگادارین کە تا چ ڕادەیەك ئەو بەڵێنییانەیان جێبەجێ کردوە. ئەوکات واتە سەردەمانی شەڕی سارد تەنیا دوو سۆپڕپاوەر، دوو بلوك، واتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو یەکییەتی سۆڤێیەت خاوەنی ئەو هێزە بوون، بەڵام پاش ماوەیەك هەرکام لەنێو هاوپەیمانەکانی خۆیاندا بڵاوەیان بە بەشێك لەو چەکانە یان زانستی سازکردنەکانیان**

کرد. بۆیە دەبینین تەنانەت پاش ماوەیەك پێداویستییە سەرەتاییەکانی سازکردنی ئەو چەکانە کەوتە بازاڕی ڕەشی چەك و چۆڵەوەو تەنانەت تێکنۆلۆژییەکەشی لە بازاڕی ڕەش سات و سەودا دەکرا. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش بەشێك لەو وڵاتانە کە لەم پێوەندییەدا چالاك بوون ئیدیعا دەکەن کە لە بازاڕی ڕەش دەستیان کەوتوە.

بە دەستڕاگەیشتنی وڵاتانێك لە چەشنی هیندو پاکستان، ئیسرائیل و چین بە چەکی ئەتۆمی، چالاکی وڵاتانێکی دیکە لە چەشنی عێراق، ئێران، سووریە و کوریای باکوورو... بۆ بەرهەمهێنانی ئەو چەکە دەستی پێ کرد. بەم چەشنە پەرەسەندنی ئەو چەکانە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەبێ و لەگەڵ ئەوەشدا ئاسایش و ئەمنییەتی ناوچەیی و نێونەتەوەییش خەسارهەڵگرتر دەبێ. عێراقی ژێر دەسەڵاتی سەدام حوسەین یەکێ لەو وڵاتانە بوو کە خاوەنی پڕۆگرامێکی ئەتۆمی بوو کە نێوەڕۆکەکەی تا ڕادەیەك ڕوون بوو، واتە هاوسەنگی هێز لەگەڵ ئیسرائیلی ئەتۆمیدا. ئەوە دەقی ستراتژی عێراق بۆ پڕۆگرامە ئەتۆمییەکانی بوو. بەڵام ئەویش بەردەوام وەکوو کۆماری ئیسلامیی ئێران جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە مەبەست لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی، ئاشتیخوازانەیە.

دەتوانین بێژین لە دەسپێکی شەڕی عێراق ـ ئێراندا واتە ساڵی 1981، ئیسرائیل پاش ماوەیەك لێکۆڵینەوە بەو ئەنجامە گەیشت کە هەوڵ و تەقەلای سەدام حوسەین بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمییە و لەم مەبەستەش ئامانجێکی پتر لە پێشگری ستراتژیك شوێن دەگرێ ئەم بیرکردنەوەیە و زانیاریانەی ئیسرائیل بوە هۆی ئەوەیکە ئیسرائیل لە کردەوەیەکی پێشدەستانەدا وزەخانە و ڕیئاکتۆری ئەتۆمی ئوزیراك لە ساڵی 1981دا لەناو ببات. ئەو لێدانەی وزەخانەی ئوزیراك بوە هۆی ئەوەیکە سەدام حوسەین هەوڵ بدات هەرچی زیاتر چەکە کۆمەڵکوژە بیولوژیکی و کیمیاییەکانی بەهێز بکات و هێزو توانایی ئەو چەکانە تا ئاستی بۆمبێکی ئەتۆمی بباتە سەرو لە بەرامبەر هێزی پێشگیرانەی ئەتۆمی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیلدا ئەو چەکانەی خۆی زەق بکاتەوە.

هەر بۆیە دەبینین ئیدی عێراق زۆر خۆی بە تیکنۆلۆژی ئەتۆمییەوە خەریك نەدەکرد چونکی دەیزانی تەنانەت بوونی پڕۆگرامێکی ئاسایی ئەتۆمیش لە عێراقدا دەکەوێتە بەر هەڕەشەی ئیسرائیل و لەناو دەبرێ. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کاتێ پشکێنەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی شوێنە گومانلێکراوەکانیان پشکنی، دیتیان دیسان کۆمەڵێ چالاکی نهێنی ئەتۆمی لە گۆڕێدا بوە کە دەتوانین لەوانە ئاماژە بە چەندین پڕۆژەی چڕکردنەوەی یۆرانیۆم بکەین کە پەردەیان لەسەر چالاکیگەلێك لادا کە مەبەستی کەڵك وەرگرتن لە سووتەمەنی ڕیئاکتۆرە لە خاڵی پشکنینەکاندا بۆ بەرهەم هێنانی کەرەستەیەکی تەقینەوەیی ئەتۆمی ( Authory Cordesman ).

بە پێی ڕاپۆرتی ئانسکام بە چاوەدێری پشکێنەران و پسپۆڕانی ئەو ڕێکخراوە 50000 پەنجا هەزار میتری چوارگۆشە کارخانەی تایبەت بە چەکە ئەتۆمییەکان لەناو براو ئامرازو کەرەستەیەکی زۆر پێوەندیداریش هەروا لەناو براو ڕادەستی ئاژانس کرا. لە ئاکامدا بە پێی ڕاپۆرتەکانی ئانسکام، پڕۆگرامە ئەتۆمییەکانی عێراق وەلانران و ڕاگیران ( ڕاپۆرتەکانی ئاوریل و ئۆکتۆبری 1998 ).

بەگشتی دەتوانین بێژین لە کێبرکێی چەك و چۆڵدا، هیچ وڵاتێکی جیهانی سێهەمی هێندەی عێراق بایەخی بە هێزی پێشگیرانەی ستراتژیك نەدابوو. ئەو وڵاتە بوە خاوەنی یەکێ لە گەورەترین جبەخانەکانی چەکە کۆمەڵکوژەکانی جیهان. وڵاتێك کە خاوەنی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرانەی تۆقێنەر بوو. دەسەڵاتێك کە خۆی لە هیچ چەشنە سەرکوت و توندوتیژییەك نەبواردوە. کەوابوو ئاساییە دیکتاتۆرێکی ئاوەها باشترین بوار بۆ شۆڕشگێڕێکی گشتگیر دەڕەخسێنێ کە دوور نیە ئەو جبەخانانەش بکەونە دەستی گرووپ، تاقم و لایەنێکی توندڕەوی ناشۆڕشگێڕ،

یان هەر هەمان دەوڵەتی دیکتاتۆر وەکوو ئەوەیکە لە هەڵبجە کردی دیسان دوو پاتی بکاتەوە. کەوابوو جێگای خۆیەتی دەبێ پێش بە وەها هێز یان دەسەڵاتێك بگیرێ.

بێگومان دەزانین کە زۆربەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان بە مەبەستی رەواییەت دان بە دەسەڵاتەکەیان لە لای کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، زۆربەی ڕێکەوتن، گرێبەست، بەڵێننامەو بڕیارنامە نێونەتەوەییەکان پەسند دەکەن، بەڵام بە کردەوە تەنانەت هەنگاوێکیشی بۆ هەڵناهێننەوە. عێراقی بەعسی، کۆماری ئیسلامیی ئێران، سووریە، تورکیاو زۆربەی وڵاتانی لەو چەشنە لانی زۆری ئەو گرێبەستو... نێونەتەوەییانەیان واژۆ کردوە بەڵام تا چ رادەیەك لە مەیدانی کردەوەدا چوونەتە پێش ئەوە مێدیاکانی جیهانو بەڵگەو دیکیۆمێنتەکان بە روونی دەری دەخەن.

*************

# قەیرانی ئەتۆمیو مەترسییەکانی!

ترسو خۆف سەراپای جەستەمان دادەگرێ کاتێك دەبینیین کە بە پێی لێکۆڵینەوەگەلێکی ورد 30000سی هەزار جەنگ ئامێری ئەتۆمیو یورانیۆمی زۆر چڕکراوو پلۆتۆنیۆمی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی 240000دوسەدو چل هەزار چەکی ئەتۆمی دیکە لە جیهاندا بوونی هەیە. لەراستییدا ئەوە ئامارێکە کە دەتوانێ کۆمەڵگای جیهانی بە خۆدا بێنێتەوەو ناچار بکات بۆ ڕێگرتن لە کارەساتگەلێکی تۆقێنەر کە دوور نیە رۆژێ مرۆڤایەتی بخەنە مەترسییەوە. سەرەتا کە لێکۆڵینەوەکان لە مەڕ ئەتۆمو پرۆژەی ئەتۆمی دەستی پێکرد، ئەوانەی کە تا رادەیەك لەم پرۆژەیە ئاگادار بوون چاوی هیوایان بڕیوە خزمەتێك کە بەرهەمەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیتوانی پێشکەشی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بکات. بەڵام بە هێرشەکانی ئەمریکا لە شەڕی جیهانی دووهەمدا بۆ سەر هیرۆشیماو ناکازاکی ژاپۆن، ناقووسی ترسو خۆف لێ دراو جیهان لە خەوێکی ترسناك داچڵەکا. ئێدی درەنگ بوو، ئەوەیکە لە خەونە ترسناکەکاندا نەدەدیترا ئەمڕۆ ئیدی ببوە دیفاکتۆیەك. دیفاکتۆیەکی دڵتەزێن. راستییەکی حاشاهەڵنەگر کە ئەگەرچی زۆر قۆرسو دژوار بوو بەڵام مەحکوم بووین کە قبووڵی بکەین. بۆ تاوتوێ کردن، پێویستە هەوڵ بدەین دنیای ئەتۆمی بناسینو دەرك بە مەتەرسییەکانی بکەین. بۆ ئەومەبەستەش لێکۆڵینەوەیەکی کورتتان دەخەینە بەرچاو، لەم لێکۆڵینەوەدا، چەکی ئەتۆمیو قەیرانەکانی بە سێ قۆناغدا دابەش دەکەین:

1ـ قۆناغی هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیو لە ئاکامدا بەرهەمهێنانو تاقیکردنەوەی یەکەم بۆمبی ئەتۆمی"

2ـ قۆناغی کێبەرکێی چەكو چۆڵو هاتنە ئارای"هاوسەنگەی تۆقان" (تعادل وحشت)و شەڕی ساردو پەرەسەندنی چەکەی ئەتۆمی"

3ـ بەربڵاوی بەرهەم هاتنی جەنگ ئامێری ئەتۆمی، مەتەرسی بەکارهێنانی لە لایەن وردەهێزەکانو هێزە ناۆچەییەکانەوە ترسو خۆفی کەوتنە دەستی هێزوگرووپە تیرۆرستییەکانیو بەکارهێنانی لە لایەن ئەوانەوە"

قۆناغی هەوڵدان بۆ بەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمیو...

زۆرلەمێژ بوو کە زانستمەندەکان دەرکیان بە توانایی تۆقێنەری ئەتۆم لە کاری تەقینەوەو چەكو چۆڵدا کردبوو، بەڵام چۆنییەتی کەڵك وەرگرتن لەو توانابییە، کۆمەڵێکی زۆر لەو زانستمەندانەی بەخۆوە خەریك کردبوو و

دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیش هەوڵیان دەدا دەستیان بەو چەكو بەو زانستە رابگات. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین كە یەكەمین هەوڵەكان لەم پێوەندیەدا دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدانی پسپۆڕانی ئەتۆمی ئاڵمانی نازی بەمەبەستی دروستكردنی بۆمبی ئەتۆم. لەو سەردەمەدا، كیمیازانێك بە ناوی پۆل هارتك كە لە مامۆستایانی زانستگەی هامبۆرگ بوو، دەركی بە تواناى وزەی ئەتۆمی لە كاروباری سەربازیدا كرد. ناوبراو لە 14ی فێوریەی 1939دا وزارەوتی شەڕی بێرلێنی بە نامەیەك لە مەجالی كەڵك وەرگرتن لە وەزی ئەتۆمی وەكوو چەكێكی وێرانكەر ئاگادار كردەوە. دەوڵەتی نازیستی ئاڵمانیش كە خەون و خولیاگەلێكی مەزنی لە سەردا پەروەردە كردبوو خێرا بۆ ئەم مەبەستە گرووپێكی بۆ لێكوڵینەوەو بەدواداچوون مەئموورکردو وارنێرهایزنبرگ فیزیازانی هەڵكەوتووی ئاڵمانی بە شێوەی نافەرمی وەك بەرپرسی ئەم گرووپە بە هیوای سازكردنی یەكەمین بۆمبی ئەتۆمی جیهان دیاری كرا.
بەڵام هاوكات و هەرلەو دەمەدا، "ئاڵبێرت ئەنێشتەین" لە نامەی بەناوبانگی خۆیدا بۆ رۆزوڵت سەرۆك كۆماری ئەوكاتی وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا، مەتەرسی دەستڕاگەیشتنی ئاڵمان بە بەرهەم هێنانی بۆمبی ئەتۆمی راگەیاند. هەر بەدوای ئەو ئاگاداریەدا رۆزوڵت بڕیاری پێكهێنانی پرۆژەی" مانهاتێن"ی بە مەبەستی لێكوڵینەوە لەم پێوەندییەدا و بە ئاما نجی بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی بە هاوكاری وڵاتی بریتانیادا.
جێگای ئاماژە پێدانە كە هەردوولایەن، هەم ئەمەریكا- بریتانیاو هەم ئاڵمانی نازی بێ پسانەوە لە هەوڵی دەستڕاگەیشتن بەو چەكەدا بوون و یەكەم تاقی كردەنەوەی بۆمبی ئەتۆم بۆ هەردوولا چارەنوس ساز دەبوو. وەك دەزانن ئەوكاتەش جیهان لە كوورانی شەڕێكی پڕ مەتەرسیو بەربڵاودا بوو بە نێوی شەڕی جیهانی دووهەم. ئەمریكا بۆ پرۆژەكە بوجەیەكی نێجگار زۆری تەرخان كردبوو، و بۆ ئەم مەبەستە دامەزراوەگەلێكی لە لوسئالاموس ویلایەتی نیومكزیكۆ، ئوك ریج ویلایەتی تێنسی هەمفۆرد ویلایەتی واشنگتۆن پێكهێناو وەگەڕی خستن.
تیمێك لە هەڵكەوتووترین و ناودارترین زانستمەندەكانی ئەو سەردەمە بۆ كاركردن لەم پرۆژەیەدا دامەزران. كێبركێی ئەمریكاو ئاڵمان درێژەی كێشا، بەڵام لێكۆڵەرانی ئاڵمانی قەت بە بۆمبی ئەتۆم نەگەیشتن، تەنانەت تا ئەو كاتە نەیانتوانی پلانڕێژییو گەڵاڵەرێژی بۆمبی ئەتۆم بكەن. كەچی تیمی ئەمریكایی بە سەروكایەتی فیزیازانی هەڵكەوتوو جی. ئار. ئۆپێنهایمێر لە سازكردنی بە كردەوەی یەكەمین بۆمبی ئەتۆمیدا سەركەوت كە لە 16ی جوولای 1945دا لەناوچەی ئاسراو بە ترینیتی لە نیومكزیكۆدا بە سەركەوتووییەوە تاقی كرایەوەو هەواڵەكەی باشتر جیهانی راچڵەكاند. ئەو سەركەوتنەی ئەمریكا لە چاك كردنی ئەو بۆمبەدا شۆڕشێكی لە جیهانی چەك و شەڕدا هێنایە ئاراوەو لاپەڕەیەكی دیكەی لە مێژووی شەڕو جەنگ ئامێر هەڵدایەوە. لاپەڕەیەك كە هەم هێمای پرسیاری زۆر بوو و هەم جێی خاڵییەكی زۆریشی تێدا بوو. ئایا مەبەست لەو توانایە هەڕەشەیە لە مرۆڤ، مرۆڤایەتیو ئاسایش و هێمنی جیهان؟ ئایا مەبەست سەقامگیر كردنی ئاشتیو ئاسایشی جیهانییە؟ ئایا ئەو جەنگ ئامێرەو زانیاری و نهێنیاتی زانستی چاك كردنەكەی پارێزراوە یان رەنگە بڵاوبێتەوەو بە تەواوی پەرەبستێنی؟ ئەم پرسیارانەو دەیان پرسیاری دیكە مرۆڤی ئەو سەرەمەی بە خۆیەوە خەریك كردبوو.

## بۆمبی ئەتۆمی

بۆمبی ئەتۆمی ئەو توانایە ترسناكەیە كە دەتوانێ مرۆڤایەتی بخاتە مەتۆسییەوە. ئەو بۆمبە چەكێكە كە هێزو تواناكەی لە وزەی ئەتۆمیو بە هۆی قڵشانی ناوكی (فیسیۆن)ی ئەتۆمەكانی پولۆتۆنیۆم یان یۆرانیۆمەوە پێك دێ. لە پرۆسەی قڵشانی ناوكیدا، ئەتۆمگەلێ ناسەقامگیر دەقڵشێن و دەگۆڕێن بۆ ئەتۆمگەلێكی سووكتر. یەكەمین بۆمبی

لەم چەشنە، لە ساڵی 1945ی زایینیدا لە ویلایەتی نیۆمکزیکۆ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا تاقی کرایەوە. ئەم بۆمبە تەقینەوەیەکی بەهێزی 19نۆزدە کیلۆ تۆنی پێك هێنا، کە هەر یەك کیلۆ تۆن بەرامبەرە بە وزەی ئەتۆمی ئازادبووی 190سەدونەوەد تۆن مادەی تەقینەوەی تی ئێن تی. تەقینەوەی ئەتۆمی کۆمەڵێك کارکردی لە چەشنی شەپۆلێکی بەهێز، تیشکگەلێکی توندو نورانی، پریشك پرژانی، کارتێکەریی ئەشەعەی گاماو نۆترۆنەکان و بڵاوبوونەوەی مەوادی رادیۆ ئەکتیڤی لەگەڵدایە. تەقینەوەی بۆمبێکی ئەتۆمی چەندین هەزار میلیارد کالۆری گەرما لە چەند میلیۆنۆمی چرکەدا پێك دێنی. ئەم پلە چەند میلیۆن دەرەجەییە بە گوشاری ئێگجار زۆرەوە تا مەوادی 1200 هەزارودوسەد میتری لە ناوەندی تەقینەوەکە زەبر لە ئاوو هەموو شتێ بە مەوادی رادیۆ ئەکتیڤ پیس دەکات و کاریگەرییەکانیشی لە سەر مرۆڤ بۆ نەوەکانی دواتریش هەر دەمێنێتەوە.

پاش ئەوەیکە لە ساڵی 1945دا بۆمبی ئەتۆمی سازکراو بەتاقیکردنەوە ئاکامەکانیشی وەدەست هاتن، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەوەشەوە نەوەستاو کەوتە هەوڵی چاك کردنی بۆمبی هیدرۆژنی یان بە وتەیەکی رێکتر، چەك و چەك و چۆڵی گەرما ــ ئەتۆمی(Termo-Nuclear). پاش تاقیکردنەوەی یەکەمین بۆمبی ئەتۆمی ئۆپێنهایمێر بە هۆی دەربڕینی دژایەتی لە گەڵ چاك کردنی چەك و چۆڵی ئەتۆمیدا، لە بەرپرسایەتی پرۆژەکە وەلانراو ئێدوارد تلر بەڕێوەبردنی چاك کردنی بۆمبی هیدرۆژنی گرتە ئەستۆ. یەکەمین تاقیکردنەوەی ئەو چەکە ترسناکە ئاکامەکەی تا ماوەیەکی دواتر شاردرایەوە، دەیتوانی ترس و خۆفێکی بێ وێنە بخاتە دڵی مرۆڤایەتییەوە.

یەکەمین تاقیکردنەوەی بۆمبی هیدرۆژنی (گەرما ــ ناوکی) بە نێوی سڕی مایك لە نۆڤامبری ساڵی 1952دا تاقیکرایەوەو ئەو سەرکەوتنەی کە بەرپرسانی ئەو کاتی پرۆژەکە دەیانویست وەدەست هات. ئەم تاقیکردنەوەیە لە دوڕگەیەکی بچووك بە نێوی ئالوگاڵب لە نزێك ئانیو تاك لە جەزێرەکانی مارشاڵدا بەڕێوەچوو. کێشی کەرەستە بەکاربراوەکان لەو عەمەلیاتەدا پتر لە 65شەست و پێنج تۆن بوو. بە هۆی ئەوەوە کە لە بۆمبی ناوبرودا لە ئیزۆتۆپەکانی دوتریۆم و تریتیومی ئاوەکی کەڵك وەرگیرا، نێوان نابوو بۆمبی تەر(Wet Bomb) پێش بینی دەکرا کە تەقینەوەکە بەرامبەر بە یەك یان دوو میگا تۆن بێ کەچی بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، گوڕمی تەقینەوەکە بەرامبەر بە 10/4 دەو چل میگاتۆن (تی ئێن تی) بوو. ئاکامەکانی تەفینەوەکە ئێگجار تۆقێنەر بوو. پانایی کۆگای ئاگرەکەی ئەم تەقینەوەیە بە 5 کیلۆمێتر گەیشت. دەتوانین بێژین دورگەی ئالوگاڵب توایەوەو بە تەواوی بووبە هەڵم و چاڵێك بە قووڵایی 800 هەشسەد مترو پانتایی 3 کیلۆمتر بەجێ مایەوە.ناوچەی تەقینەوەی ئەتۆمی بە پێنج بەش دابەش دەکرێ:

1ــ ناوچەی هەڵم بوون"

2ــ ناوچەی تێکڕوخانی تەواوەتی"

3ــ ناوچەی خەساری توندی گەرمایی"

4ــ ناوچەی خەساری توندی تەقینەوەیی"

5ــ ناوچەی خەساری توووندی باو ئاگر.

لە ناوچەی هەڵمدا، پلە گەرماییەکی بەرامبەر بە 300.000.000سێسەد میلیۆن پلەی سانتیگراد پێك دێو هەر شتێك، لە کانزاوە بگرە تا مرۆڤو ئاژەڵ، لەم پلەی گەرماییەدا ئاگر ناگرن بەڵکوو دەبن بە هەڵم. واتە بە

سەرنجدان لەو توانابیە ترسناكانە هیچ شتێك لە وەها هەلو مەرجێكدا كە بۆمبێكی لەو چەشنە مەترسی تەقینەوەی لێ بكرێ پارێزراو نابێ.

## تاقیكردنەوەی بۆمبی ئەتۆمی و خسارەكانی بۆ مرۆڤایەتیی:

پاش ئەوەیكە تیمەكەی ئارِ جی ئۆپێنهامێر لە ئەمریكادا سەركەوتن یەكەم بۆمبی ئەتۆمی چاك بكەن، لە مەودایەكی كورتدا بە بیانوویەكی باشەوە، پاش ئەوەیكە فرۆكە شەڕكەرەكانی ژاپۆن هێرشیان كردە سەر بەندەری پێرل هاربێر، لە 6ی ئۆگۆستی 1945دا، بۆمبهاوێژەكانی ئیسكادۆرانی 509ی هێزی ئاسمانی ناسراو بە(Enola Gay) (كە هەنووكە لە موزەییەك لە واشێنگتۆندا پارێزاون)، لە بنكەگەلێك لە باشووری ئۆقیانووسی هێندەوە هەڵفڕین و كاتژمێر 8:15 دەقیقە بە كاتی ناوچەیی، بۆمبی ناسراو بە كوڕی چووكەیان لە سەر هیرۆشیمادا خستە خوارەوەو تەقاندانەوە.

بە پێی زانیاری بۆمبی ناوبراو كە لە چاك كردن و داڕشتنەكەیدا لە 64 شەستو چوار كیلو یۆرانیۆم كەڵك وەرگیرابوو، لە بەرزایی 9600 نۆهەزارو شەسەد میترییەوە خراوەتە خوارەوەو لە بەرزایی 580 پێنسەدو هەشتاد میتری زەوییدا بە گوژمێكی بەرامبەر بە تەقینەوەی 15 پانزدە كیلوتۆن TNT تەقییەوە. سەرجەم خەسارەتی سەرەتاو كوژراوەكان پتر لە 140.000سەدو چل هەزار كەس دەبوو، و دامەزراوەكانی شارو خانوو ...ی بە تەواوی تێكرِوخاند. بەڵام هەر سێ رۆژ لە 9ی ئۆگۆستدا تەقاندنەوەی بۆمبی پیاوی قەڵەو لە شاری ناكازاكیدا بووە هۆی كوشتنی 74000 حەفتاو چوار هەزاركەسی دیكە. ئەم بومبە كە تێیدا لە پلۆتۆنیۆم كەڵك وەرگیرابوو، تەقینەوەكەی بە گوژمی 21 كیلو تۆنTNT پێكهێنا. بومبێكی دیكە لە پرۆژەی مانهانتێندا چاك كرا، بەڵام هیچ كات كەڵكی لێ وەرنەگیرا.

ئەمریكاییەكان پاش كۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی دووهەمیش لە لێكۆڵینەوەو توێژینەوەكانیان لە بواری چەكی ئەتۆمی دا بەردەوام بوون. بەڵام ئەگەر چی ئەو وێنایە پێك هاتبوو كە هیچ وڵاتێك تا پێش ساڵی 1955 بە تێكنۆلۆژی چاك كردنی بۆمبی ئەتۆمی نەگات، كە چی "كلاوسی فیوكس" یەكێ لە زانستمەندە ئاڵمانییە فیزیك زانەكانی تیمی ئۆپێنهامێر كە لە سەر مەوادی بان تەقینەوەی (فوق انفجاری) (High Explosive)كاری دەكرد، پلان و نەخشە وردەكانی چاك كردنی بۆمبی ئەتۆمی تاقی كراوە لە ترینیتیدا بە شوفارەكانی سۆڤێیەت دا. بەم چەشنە سۆڤێیەت تابوەكەی ئەمریكای شكاندو لە 29ی ئۆگۆستی 1949دا یەكەمین بۆمبی ئەتۆمی خۆی بە سەركەوتوییەوە تاقی كردەوە كە رۆژئاوای ترساند. دەكرێ بڵێین ئەوەیكە لە هۆكارە سەرەكییەكانی خێراكردنەوەی شەڕی سارد بوو.

## بۆمبی ئەتۆمی و گۆڕانی هاوسەنگییەكان ـــ كێبەركێیەكان

پاش ئەوەیكە ئەمریكا یەكەم بۆمبی خۆی لە سەر هیرۆشیما بە ئاشكرا تاقی كردەوە، كۆمەڵگای جیهانی لەو توانستە سەربازییە تۆقێنەرە، كەوتنە ترس و خۆفێكی بێوێنەوە. هەموویان بیریان لەوە دەكردەوە كە رۆژێك وەها بومبێك بە سەر شارەكەی ئەواندا بتەقێتەوە چ دەبێ؟ یان دەیانگوت ئێدی مرۆڤایەتی چوە قۆناخێكی دیكەوە، قۆناخێك كە هیچ كەس ناتوانێ خۆی بپارێزێ و بژانێ. ئەم بیرۆكانە و دەین بیرۆكەی ترسێنەری دیكە بەرهەمی ئەو شۆڕشە بوون كە بۆمبی ئەتۆم لە مەیدانی چەك و چۆڵدا هێنایە ئاراوە.

وەك دەزانین چاك كردن و تاقیكردنەوەی یەكەمین بۆمبی ئەتۆمی لە لایەن ئەمریكاوە بووە هۆی گۆڕانی هاوسەنگیو پارسەنگییەكان. رووسەكان هەموو هێزو توانای خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانێ بە هاوسەنگی لە گەڵ ئەمریكادا بگەن. چونكە ئەمریكا بە ودەست هێنانی بۆمبی ئەتۆمی هەستی دەكرد جیهانی تەك هێز كردوەتەوەو بە ئاسانی دەسەڵاتو هێژموونی خۆی دەسەپێنێ. بەڵام ئەو چەشنە بیركردنەوەیە بە تاقیكردنەوەی بۆمبی ئەتۆمی لە لایەن یەكییەتی سۆڤیەتەوە راوەستا، بەڵكوو وەلا نەنراو هەروەها وەكوو خولیایەك لای ئەمریكاییەكان بیركردنەوە لێی چێژبەخش بوو. تاقیكردنەوەی یەكەم بۆمبی ئەتۆمی سۆڤێیەت خێرایی هاتنە ئارای بە شەڕی سارد بەخشی، بەڵام هاوكاتیش بوە هۆی دەسپێكردنی كێبڕكێی چەكو چۆڵی لە نێوان دوو بلوكی رۆژهەڵاتو رۆژئاوا بە سەركرایەتی سۆڤێیەتو ئەمریكا. ئەو كێبركێیە توانی جێگای شەڕی گەرم بكرێتەوە، بەڵام بەو كێبركێیە چەكو چۆڵییە شەڕێكی ترسناكی پشتی پەردەی هێنایە ئاراوە كە هەركات مەترسی تەقینەوەی لێدەكرا.

# شەڕی ساردو كێبركێی چەكسازی ئەتۆمی

شەڕی سارد بەرهەمی سیستمی دوو جەمسەری بوو. سیستمی دوو جەمسەریی، سەردەمی شەڕی سارد (Bipolar system and cold war)(1962 ــ 1945 زاییینی/ 1341 ــ 1324 هەتاوی). لە مەڕ ئەم قۆناغە لە سیستمی نێونەتەوەیی، هزرو بۆچوون و بیروڕای جۆراوجۆر هاتوونەتە گۆڕێ. كە هەوڵ دەدەین ئاماژە بە بەشێكیان بكەین. بۆ وێنە بەشێك لە خاوەن رایانی سیاسی لە سەر ئەو بڕوایەن كە شەڕی سارد، خەباتو كێبركێیەكی ئابووریو ئیدئۆلۆژیكی بوو كە پاش شەڕی جیهانی دووهەم، لە نێوان زلهێزەكانی ئەوكاتدا، یەكییەتی سۆڤێیەتو وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا هاتە ئاراوە. ئەو شەڕە لە دەسپێكەوە كە لە ساڵی 1947دا دەستی پێكرد تاكوو لێكپاشرانی بە تەواوی یەكییەتی سۆڤێیەت درێژەی كێشا. ئەو هاوپەیمانییە بەرەییانە بریتی بوون لە رۆژهەڵاتدا بە سەركردایەتی ئەمریكاو هاوپەیمانی پتەوی ئەمریكا بریتانیا، فەرەنسا، ئاڵمانی رۆژئاواو ئەندامانی دیكەی ناتۆ پەیمانی ئاتلانتیكی باكوور(NATO)، ئانزۆس (ANZUS) رێكخراوی پەیمانی ئاسیای باشووری خۆرهەڵات، سیتۆ (SEATO) رێكخراوی پەیمانی ناوەندی، سینتۆ (CENTO)ی باكوور، رێكخراوی ئەمنییەتی ئۆقیانووسی هێندی كە لە نێوان ئۆسترالیا، وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا، بریتانیا پاكستان، تایلەند، فرەنسا، فیلیپین و نیوزلەند هاتە ئاراوە. پەیمانی ناوبراو چونكە لە شاری مانیل پێتەختی فیلیپیندا بەسترا، بە پەیمانی "مانیل"یش بە ناوبانگە. رێكەوتی ئەم پەیمانە 1954 بوو. تەوەری سەرەكی چالاكی پەیمانەكە چالاكی دژە كۆمۆنیستییەو لە پاڵ ئەویشدا دەتوانێ هاوكاری ئابووری بازرگانیشیان هەبێ.

لە بەرامبەریشدا كۆمیسیۆنی پتەوو بەهێزی سۆڤێیەتو هاوپەیمانانی بوون كە بریتی بوون لە وڵاتانێك لە چەشنی لەهێستان، چكوسلۆواكی، ئاڵمانی رۆژهەڵات، ئەندامانی دیكەی پەیمانی وەرشۆو كۆمكۆن(Comecon)، واتە گرووپی بازرگانی بەهێزی بلۆكی رۆژهەڵاتو هەروەها مەغولستان، كووریای باكوور، ویتنام، كوباو سوریە بوون بوون. لە نێوان ئەم دوو گرووپەدا پێكدادانێكی هەمەلایەنە هەبوو كە بە شەڕی سارد بەناوبانگ بوو، لە مەڕ ئەوەیكە بۆ شەڕی سارد؟ لێرەدا مەبەست لە شەڕی سارد ئەوە بوو كە لەم پێكدادانەدا كەمتر لە چەكو چۆڵو شەڕی گەرم كەڵك وەردەگیرا، بەڵام هاوكات هەوڵ دەدرا كە هەر كام وڵاتانی بلۆكی خۆیان بەهێزتر

بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش کێبرکێی چەك‌و چۆڵ هەبوو کە لوتکەی ئەم کێبرکێیە هەرچی زیاتر بەهێزکردنی توانیی ئەتۆمی‌و زەڕا تخانەکانی خۆیان بوە. بەڕێوەبردنی کۆمەڵێك تاقیکاری ئەتۆمی جیهانی خستە ترس‌و خۆفەوە.

لە نێوان سەرکردایەتی ئەو دوو بلۆکەدا لایەنگرییەکی ئێگجار زۆر لە رەوتی بەهێزکردنی هەرچی زیاتری لایەنی سەربازیی دەکرا. بۆ وێنە کاتێ سەرەتا ئەمریکا یەکەم بۆمبی ئەتۆمی سازکرد یەکییەتی سۆڤێیەت هیچ چەشنە چەکێکی ئەتۆمی نەبوو، لەو قۆناغەدا وڵاتەیەکگرتووەکان پتر لە 90 فڕۆکەی بۆمب هاوێژی "29 ــ بی" بە توانستی هەڵگرتنی چەك گەلی ئەتۆمییەوە هەبوو. هەر لە نێوان ساڵەکانی1954 ــ 1958 زایینی (1333 ــ 1337هەتاوی)دا هەنگاوێکی بەرەوپێشەوە هەڵگرت‌و موشەکگەلێ ئەتۆمی بە بردی نێونجییەوە، واتە موشەکگەلێك لە چەشنی ماتادور، مەك، توروژو پیتری لە وڵاتانی ئوروپایی ئەندامی ناتۆدا جێگر کردو سەدان فڕۆکەی دیکەی لە فڕۆکەخانەکانی وڵاتای هاوپەیمانیدا ئامادەی فڕین‌و عەمەلیاتی ئەتۆمی کرد. لێرەدا، واتە لەم قۆناغەدا تاوانی سەرەکی دەگەڕێننەوە بۆ ئەو کێبرکێیە چەك‌و چۆڵییەی کە رۆژئاوا دەستی پێکردبوو.

لە حاڵێکدا یەکییەتی سۆڤێیەت دەبینێ تەواوی هەرێمەکانی لە لایەن موشەکەکانی رۆژئاوا لە شارو وڵاتانی ئوروو پاییەوە بوونەتە ئاما نجی هەڕەشەی موشەکی بە بوردی نێونجییەوە، نەیتوانی چاولێ بکات‌و بێدەنگ بێ. کەوابوو سۆڤێیەتیش بۆ بەرەوڕووبوونەوە لە گەڵ هەڕەشەکانی موشەکی رۆژئاوادا دەبوا سیستمی موشەکی هاوچەشنی ئەوان گەشە پێبداو خۆی بە توانایيەکی سەربازی هاوچەشن بگەیەنێ‌و بۆ لە ناوبردنی هەڕەشەی موشەکی ناتۆ، موشەکی هاوچەشن بەرەو تەواوی وڵاتانی ئەندامانی ناتۆ ئامادە بکات. هەر بۆیە یەکییەتی سۆڤێیەت موشەکی لە چەشنی (ss4)و (ss5)ی بەرهەم هێناو پاش بەرهەمهێنان ئەو موشەکانەی لە ساڵەکانی 1959 تا 1961ی زایینی لە خاکی وڵاتانی خۆیدا بەرەو شوێنی هەڕەشەکان جێگر کردو لە رۆژی 30ی ئۆکتۆبری1958ی زایینی لە حاڵێکدا کە ئەمریکاو بریتانیا تاقیکاری چەك‌و چۆڵی ئەتۆمی خۆیان بە شێوەی کاتی راگرتبوو، یەکییەتی سۆڤێیەت بە مەبەستی وەڵامدانەوە بە هەڕەشەو ستراتژی سەربازی رۆژئاواییەکان پتر لە 50 تەقینەوەی ئەتۆمی وەکوو تاقیکاری بەڕێوە برد. بۆ وێنە ئاخرین تاقیکارییەکان کە تێیدا پتر لە 50 پە نجا مێگاتۆن، واتە بەرامبەری 50 پە نجا میلیۆن تۆن ماددەی TNT تێیدا بەکار هێنرابوو. بە پێ زانیاری ئەو تەقینەوەیە گەورەترین تاقیکاری‌و تەقینەوەیەك بوو کا تا ئەو کاتە بەڕێوەچووبوو. هەر لەو کاتەنادا بوو، واتە چەندین رۆژ پێش راگەیاندنی ئاکامی تەقینەوەکان 4ی ئۆکتۆبری 1957 خەڵکی جیهان بە سەرسووڕمانەوە بیستیان کە یەکییەتی سۆڤێیەت سەردەمی داگیرکردنی فەزای کردەوە، و مانگیلەیەکی لێکۆڵینەوەیی بە نێوی ئیسپۆتینگ خستە بازنەی زەوییەوە. پاش ماوەیەکی دیکە دیسان سۆڤێیەتییەکان لە ئاوریلی 1961دا رایانگەیاند کە مانگیلەی وستۆکی یەکەم لە گەڵ سەرگورد گاگارین دا کە یەکەمین کەس بوو چوە فەزا، نارده فەزا. ئەو قۆناغە لە کێبرکێی هەم پێشکەوتنی زۆری لە گەڵ خۆی بۆ مرۆڤایەتی بەرهەم هێناو هەم پتر لە هەر قۆناغێی دیکە خەڵکی جیهانی تووشی ترس‌و دڵەڕاوکێ کردو بارودۆخی جیهانی شڵەژاند.

لەو کاتەدا رۆژئاوا بە گشتی‌و ئەمریکا بە تایبەتی بە تەواوی کەوتە خۆبە هێزکردنی بواری سەربازی‌و دەکرێ بڵێین لە سەردەمی سەرکۆماری "جان ئێف کێندی"دا (1962) واتە پاش قەیرانی کوباو مەترسی پێکدادان‌و رووبەڕووبوونەوەی سەربازیی لە نێوان دوو جەمسەردا بە لوتکەی خۆی گەیشت. لەو قۆناغەدا هەردوو لایەن چەك‌و تەقەمەنییەکی زۆریان، لەوانە چەك‌و تەقەمەنی ئەتۆمی لە مەخزەنەکاندا هەبوو. بۆ وێنە بە پێ نووسراوەی پڕۆفسۆر ئامبروز، بەشێك لە ئامرازو کەرەستەی سەربازی ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆکایەتی کێندیدا بریتی بوون

له 41 چل‌و یەك ژێر دەریاییپولاریس کە لە سەر یەك 686 شەسەدو هەشتاو شەش سەکۆی پرتاویان رادەگواست‌و 600 شەشسەد فرۆکەی بۆمب هاوێژی دووره فڕ کە 40٪ چل لەسەدی ئەوانە لە ئاستی ئامادەیی شەڕدا بوون. لە بەشێکی هەره گرینگدا، واتە لە بەشی موشەکە قارەپێوەکاندا ئایزێنهاوێر، کێندی توانییان توانایی موشەکی ئەمریکا5 پێنج بەرامبەر بکەنەوە. تا ساڵی 1967 هەژماری ئەو موشەکانەیان بە 1000 هەزار دانە گەیاند. بە وتەی ئامبروز، تیمی کێندی ـــ مەك نامار لە گەورەترین کێبرکێی مێژوویان دەست پێکردبوو. بەگشتی لەم کێبرکێیە سەربازییانەدا ئەومریکا چووە ئاستێکی ئێگجار بەرزو سۆڤێیەتی بەجێهێشت. بۆیە بەم حاڵەشەوە هەردوو لایەن یەك لە یەك مەترسیدارتر بوون‌و دەسپێکردنی شەڕ لە لایەن هەر بلوکێکەوە بە واتای کەوتنە مەترسی جیهان بوو. و بەو پێناسەیە هەردوولا ئەم راستییەیان دەزانی کە لە سەردەمی ئەتۆمدا شەڕ هاوواتایە لە گەڵ خۆکوژیدا. هەوڵەکان لەم قۆناغەدا هەردوولای ناچار بە پەسەندی هاوسەنگ کردنی هێزەکان (توازن قوا) کرد.

هاوسەنگی هێزەکان بریتییە لەوەیکە دوویان چەند هێزی گەورە لە سیستمی نێونەتەوەییدا بە مەبەستی پاراستنی دۆخی ئەو قۆناغەو یان بە مەبەستی گۆڕان لە سیستمی هێزەکاندا، هێزو دەسەڵات دابەش‌و هاوسەنگ دەکەن. ئەو دوو وڵاتە کە دوو دەسەڵاتداری سەرەکی هێزی ئەتۆمیی بوون هەر دوو بەڵێنیان دابوو کە پەرە بەچەکی ئەتۆمی نەدەن‌و ئێزن بە بڵاوبوونەوەی ئەو چەکانە لە بلوکەکانیاندا نەدەن. بەڵام چوونکە هەردوو لایەن لە مەڕ پەرەسەندنی چەك‌و چۆلی ئەتۆمی ترس‌و دڵەڕاوکێیان هەبوو، بۆیە هەر لە ساڵانی دەهەی 60ی زایینیدا چەندین گرێبەست‌و بەڵێننامە لە نێوان وڵاتاندا پەسەندکران. واتە هەر لەو سەردەمەدا بەهۆی مەترسیداربوونی چەکی ئەتۆمییەوە و لەئاکامی دیپلۆماسییەکی بەهێزو کاریگەری نێونەتەوەییدا، زۆربەی وڵاتان چاوپۆشییان لە دەستڕاگەیشتن بە توانایی چەکی ئەتۆمی کرد.

لە سەر بنەمای پەیمانێك کە لە ساڵی 1968دا واژۆکراو پاشان لە ساڵی 1955دا بە شێوازی بێسنوور پەسەند کرایەوە، 184سەدوهەشتاوچوار وڵات پەسەندیان کرد کە خۆیان لە وەدەستهێنانی وەها چەکگەلێك بپارێزن. لە پاڵ ئەوەشدا وڵاتانی خاوەن جەنگ ئامێری ئەتۆمی بەڵێنیان دا رۆڵی چەکە ئەتۆمییەکانیان لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا کەم کەنەوە. بەڵام بەشێکی زۆر لە بەندەکانی پەیمان لە لایەن خودی واژۆکەران‌و لەسەروویانەوە خاوەن هێزە ئەتۆمییەکانەوە ژێرپێ کرا. دیارە بەشێك لە کێشەکان رووخانی دیواری بێرلێن‌و لێکپاشرانی یەکییەتی سۆڤێیەت‌و کۆتایی هاتنی شەڕی سارد بوو. چوونکێ زلهێزان لە سەردەمی شەڕی سارددا، هەرکام خۆیان بە بەڵێن دەر دەزانی‌و هەوڵیان دەدا بەندەکانی پەیمانەکە لە سەر وڵاتانی ژێر کارتێکەریی خۆیان بەرێوە ببەن. بۆ وێنە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشگیری لە دەستڕاگەیشتنی تایوان‌و کووریای باشوور بە ئارەزووەکانیان لەو پێوەندییەدا کردو یەکییەتی سۆڤێیەتیش تا رادەیەك نەیتوانیبوو لەم پێوەندییەدا بەڵێنیەکانی بەجێ بگەیەنێ. واتە سەردەمێك کە سۆڤێیەت لە دیسامبری 1991دا لێك هەڵوەشاوە، چەکە ئەتۆمییەکان لەدەستی ئۆکراین، کازاخستان‌و روسیەی سپی (بلاروس)دا بڵاو ببوونەوە. لێرەدا ئەوەیکە گرینگە ئەوەیە کە هاوکاری‌و هاوپێوەندی نێزیکی دوو لایەنەی ئەمریکاو سۆڤێیەت توانی مەترسی ئەو چەکانەش لە نێو بەرێ. واتە سەرجەم 4000 چوار هەزار کڵاوەی ئەتۆمی بە مەبەستی لە ناوبردنیان گەڕێندرانەوە بۆ روسیەو لە پاڵ ئەوەشدا لە رێگای دابینکردنی سووتەمنی ئەتۆمی بۆ رێئاکتۆرەکانیان زیانەکانیان قەرەبوو کرانەوە. بەڵام ئەوە ئاخرین هاوکاری نێوان ئەو دوو زلهێزە لەو پێوەندییەدا بوو. ئێدی هیچکام لەو هێزانە وەکوو پێشوو ئەو هێزو دەسەڵاتەیان نەبوو کە پێش بە پەرەسەندنی ئەو چەکانە بگرن. هەر بۆیە لە ساڵی 1990دا هێندو پاکستان هەر دوو چەکە

ئەتۆمییەکانی خۆیان تاقی کردەوە، کووریای باکوور بە چەکی ئەتۆمی گەیشت. بە پێش نەگرتن بە کێبرکێی ئەتۆمییەك کە وڵاتانی لە چەشنی کووریای باکوور پەرەی پێ دەدەن، مەترسی ئەوە هەیە وڵاتانی لە چەشنی ژاپۆن، کووریای باشوورو تەنانەت تایوانیش لە هەوڵی وەدەست هێنای ئەو چەکانەدا بن. کە ئەوەش دیسان بەم وڵاتانەوە ناوەستیٚو پتر لەوە پەرە دەستێنێ. لەم نێوانەشدا چین بێدەنگ لە بەرامبەر ئەو هەوڵە هەڕەشە ئامێزانەدا راناوەستێ، کە وابوو لە ئاکامدا قەیرانی ئەتۆمی ناوچەیی دوور نیە.

******

## دەقی رێککەوتنی ساڵتی ـ I و لایەنە پێوەندیدارەکانی بەڵێننامە

لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکەتیی سۆڤێیەتی سوسیالیستیدا لە مەڕ سنووردار کردنی سیستمە موشەکییە دژە باڵستیکییەکان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکەتیی سۆڤێیەتی سوسیالیستی لەم بەڵێنامەیەدا، وەکوو لایەنەکان ناویان لێ دەبرێ. بە سەرنجدان لەوەیکە، شەڕی ئەتۆمی ئاکامگەلێکی وێرانکەری بۆ مرۆڤایەتی لێ دەکەێتەوەو کردەوەگەلی کارتێکەر لە پێوەندی لە گەڵ کەم کردنەوەی سیستمە دژە موشەکییە باڵستیکییەکاندا بۆ کۆنترۆڵی کێبرکێ چەك‌و چۆڵی پەلاماردان هۆکارێکی سەرەکی‌و ئێستراتیژیکی دەبێ‌و کەم کردنەوەی هەڕەشەی روودانی شەڕێکی ئەتۆمی بەدواوە دەبێ‌و سنووردار کردنی سیستمە موشەکییە دژەباڵستیکییەکان‌و بەشێك لە گرێبەستە پێوەندیدارەکان بە سنووردارکردنی چەکە ستراتژیکییەکانەوە یارمەتیدەر دەبن، لایەنەکان پابەند دەبن بەو بلێنیانەیان کە لە مادەی 6ی بەڵێننامەی رێی نەدان بە پەرەسەندنی چەکە ئەتۆمییەکاندا هاتووە.

لایەنەکان هۆگریی خۆیان لە مەڕ وەستانی کێبرکێی چەك‌و چۆڵی ئەتۆمی لە ئەوڵین دەرفەتی رەخساوداو کردەوەگەلی کارتێکەر بۆ کەمکردنەوەی چەك‌و چۆڵی ستراتژیکی، چەك داماڵینی ئەتۆمی‌و چەك داماڵینی گشتی رادەگەیەنن.

لایەنەکان هەروەها خواستی خۆیان بۆ هاوکاریی بەرین بەمەبەستی کەم کردنەوەی شلەژاوییە نێونەتەوەییەکان‌و پتەوی بەخشین بە متمانەو بڕوای نێوان دەوڵەتەکان رادەگەیەنن.

ئەم خاڵانەی خوارەوە رێکەوتنیان لە سەر کرا:

مادەی 1

1ـــ هەر کام لەلایەنەکان بەڵێن دەدەن کە سیستمگەلی موشەکی دژەباڵستیکی سنووردار بکەن‌و کردەوە گەلێکی دیکە لە پێوەندی لە گەڵ ئەم پەیمانەدا بگونجێنن.

2ـــ هەرکام لە لایەنەکان بەڵێن دەدەن، کە سیستمی موشەکی دژەباڵستیکی بە مەبەستی پەرەدانی لە خاکی خۆیاندا رێك نەخەن‌و بنکەیەك بە مەبەستی وەهابەرەوانییەك دانەمەزرێنن‌و هەروەها موشەکە دژە باڵستیکییەکان بۆ بەرەوانی لە ناوچەیەکی تایبەت رێك نەخەن، مەگەر لە بارودۆخێکدا کە لە مادەی 3ی ئەم بەڵێننامەیەدا هاتوە.

مادەی2

1ـ مەبەستی ئەم پەیمانە لە سیستمی موشەکی دژەبالستیك، سیستمێکە لە ژێر ناوی سیستمی بەرەنگاری لە گەڵ موشەکە بالستیکی ستراتژیکی یان هەر چەشنە شتگەلێکی دیکە کە بکەونە سەر ڕێگای فڕینی موشەکەکان، کە حاڵەتی ئاسایی‌دا ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

الف) موشەکی ڕێگیر موشەکی دژە بالستیك...

ب) سەکۆگەلی پرتاوی موشەکی دژە بالستیك...

پ) ڕادارەکانی موشەکی دژە بالستیك...

2ـ هەڵکەوتە جیاجیاکانی سیستمی موشەکی دژەبالستیك، کە لە بەندی یەکەمی ئەم مادەیەدا ئاماژەی پێکراوە، بریتییە لە:

الف) لە حاڵی عەمەلیاتدا"

ب) لە حاڵی چاك کردندا"

پ) لە ژێر تاقیکاری‌دا"

ت) لە حاڵی دابەزین، چاك کردنەوەو یان لە حاڵی گۆڕین یان جێگرەوەیی‌دا"

د) لە مەخزەنەکاندا پاشەکەوت کراون.

هەر کام لە لایەنەکان بەڵێن دەدەن، کە سیستمی موشەکە دژەبالستیکییەکان یان پارچەکانی بەکارنەهێنن، مەگەر لەو حاڵەتانەی خوارەوەدا:

الف) لە نێو ناوچەیەکی دەق دراوی سیستمی موشەکی دژە بالستیکی‌دا، کە بە شوعاعی 150 سەدوپەنجا کیلومیتر دبێ لە پێتەختی وڵاتەکەیاندا کۆبوەتەوە، لایەنەکان ناتوانن:

1ـ پتر لە 100 سەد سەکۆی پرتاوی موشەکی دژە بالستیك و پتر لە سەد موشەکی ڕێگری موشەکی دژە بالستیك لە خاڵەکانی پرتاودا ئامادە بکەن"

2ـ ڕادارەکانی موشەکی دژە بالستیك ناتوانن پتر لە 6ڕادار تێکەڵاو بکەن و سنووری کاری هەرکام لە ڕادارەکان بازنەیەك دەبێ و نابێ پتر لە شوعاعی 3 سێ کیلومیتری جێگیر بن.

ب) لە نێو ناوچەیەکی دەق دراوی سیستمی موشەکی دژەبالستیکی، کە شوعاعی 150 سەدوپەنجا کیلومیتر لە خۆ دەگرێ، هەروەها لە خۆگرتووی سەکۆی پرتاوی موشەکی بالستیکی قارەپێو دەبێ و لایەنەکان ناتوانن:

1ـ پتر لە 100 سەد سەکۆی پرتاوی موشەکی دژە بالستیك و پتر لە 100سەد موشەکی ڕێگر لە شوێنی پرتاودا دابمەزرێنن"

2ـ دەتوانن دوو دەزگای ڕاداری گەورەی پارێزراوی موشەکی دژەبالستیك کە لە رووی هێزەوە دەتوانین لە گەڵ ڕادارە عەمەلیاتییە لەحاڵی چاك کردنەکاندا لەکاتی واژۆی بەڵێندان دەق بدەن، هەرکام لە ناوچە دەق دراوەکانی سیستمی موشەکی دژەبالستیکی‌دا، تا پۆی (سیلو) سەکۆکانی پرتاوی موشەکی دژەبالستیکیش بوونیان هەیە"

3ـ پتر لە 18هەژدە ڕاداری موشەکی دژەبالستیك، کە هەرکامە توانایییەکی کەمتر لە توانایی ڕادارە پارێزراوە موشەکییە دژە بالستیکییە ناوبراوەکانیان هەیە، دەتوانێ دەق بدرێن (ارایش یابند).

مادەی 4

سنووردارییە ئاماژەپێکراوەکان لە مادەی 3دا لە سەر سیستمی موشەکییە دژە بالستیکییەکان و پارچەکانیان، کە بۆ پەرەپێدان و تاقیکردنەوە کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ و لە مەیدانەکانی تاقیکاری‌دا زیادی لە ڕێککەوتنن، پێویست

بە جێبەجێکردن ناکەن. هەرکام لە لایەنەکان ناتوانن پتر لە کۆمەڵەیەکی 15 سەکۆیی پرتاوی موشەکی دژە بالستیکیان هەبێ.

مادەی5

1ـ هەرکام لە لایەنەکان بەڵێن دەدەن، کە سیستمەکانی موشەکی دژە بالستیو پارچەکانیان، کە لە سەر سەکۆی دەریایی، ئاسمانی، فەزاییو یا سەکۆی زەوینی گەڕۆك سەقامگیرن، پەرە پێ نەدەن، تاقی نەکەنەوەو دەقی نەدەن"

2ـ هەرکام لە لایەنەکان بەڵێن دەدەن کە سەکۆکانی پرتاوی موشەکی دژەبالستیکی، کە بۆ پرتاوی پتر لەیەك موشەکی شوێنگر لە هەر جارەدا لە هەر سەکۆیەکی پرتاوەوە کەڵکیان لێ وەردەگیرێ، پەرە پێ نەدەن، تاقی نەکەمەوە یان دەق نەدەنو لە سەکۆە پرتاوە دەق دراوەکان بە مەبەستی دەستەبەرکردنی وەها توانابییەك بۆ خۆیان کەڵك وەرنەگرنو سیستمە خۆمەش یان نیوەخۆمەشەکان یان سیستمە هاوشێوەکانی دیکە بە مەبەستی ئامادە بەکارکردنی سەرلەنوێیو خێرایی سەکۆکانی پرتاوی موشەکی دژەبالستیکی پەرە پێ نەدەن، تاقی نەکەنەوەو یان دەق نەدەن.

مادەی6

بۆ گەرنتی کارلێهاتوویی پتری سنووورداری سیستمی موشەکی دژە بالستیكو پارچەکانی کە لەم بەڵێننامەیەدا هاتوە، هەرکام لە لایەنەکان بەڵێن دەدەن کە:

الف) توانای موشەکی، سەکۆی پرتاو یان رادار، بە وتەیەکیتر توانای موشەکە شوێنگرەکان، توانایی سەکۆکانی پرتاو، یان توانایی رادارەکان بەمەبەستی بەرەنگاری موشەکە بالستیکییە ئیسترتژیکییەکان یان بۆ بەرنگاربوونەوەی هەرجۆرە پارچەیەکی موشەك لە رێگای فڕینیدا وەدەست نەهێننو ئەوانەش لە یك رۆڵی ABMدا تاقی نەکەنەوە"

ب) دەق دانی رادارەکانی ئاگادار کردنەوە لە مەترسی وریاکەرەوە دژبە موشەکە بالستیکییە هێرش بەرە ستراتژیکییەکاننو بەدەرەوەی سنوورەکانی هەر وڵاتێکەوە سنووردارنو هەر بۆیە رادارەکان دەبێ بەرەوڕووە دەرەوەی سنوورەکان رێنوێنی بکرێن.

مادەی7

بە پێی نێوەرۆکیئەم بەڵێننامەیە، دەتوانین هەوڵی مۆدێرنیزەکردنو جێگرەوەیی سیستمە موشەکییە دژە بالستیکییەکانو زیاد کردنیان بدەین.

مادەی8

سیستمەکانی موشەکەی دژە بالستیك یان پارچەکانی، کە هەژماریان لە رادەی دیاریکراو چوەتەدەرو زیادن لەم پەیمانەدا بن، هەر وەکوو سیستەکانی موشەکی دژە بالستیك یان پارچەکانی کە لە لایەن ئەم بەڵێننامەیەوە قەدەغە کراون، دەبێ بە پێ هەلومەرجو رێوشوێنە دیاری کراوەکانی هەردوو لایەن، لە مەودای کورتترین خولی کاتی رەخساودا قبووڵ بکرێن، لە ناو ببرێن یان لە کار بخرێن.

مادەی9

بۆ گەرەنتی مانەوەو کاریگەریی ئەم پەیمانە، هەرکام لە لایەنەکان بەڵێن دەدەن کە سیستمی موشەکی دژە باڵستیک‌و پارچەکانی، کە بە گوێرەی ئەم پەیمانە سنووردار کراون، بۆ وڵاتانی دیکە نەگوازنەوەو لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیاندا دەقیان نەدەن.

مادەی10

هەرکام لە لایەنەکان بەڵێن دەدەن، کە هیچ چەشنە بەڵێنگەلێکی نێونەتەوەیی کە لە گەڵ ئەم پەیمانەدا لە دژایەتیدا بێ وەئەستۆ نەگرن.

مادەی11

لایەنەکان بەڵێن دەدەن کە درێژە بە وتووێژە کاریگەرەکانی خۆیان بە مەبەستی سنووردارکردنی چەکە هێرش بەرە ئیسترتژیکییەکان بدەن.

مادەی12

1ـ بە مەبەستی دڵنیایی‌و پێڕاگەیشتن لە لایەنی جێبەجێ کردنی مەرجەکانی ئەم پەیمانە، هەرکام لە لایەنەکان لە بەکارهێنانی کەرەستە تەکنیکییە نەتەوەییەکاندا رێی پێ دراون، بە مەرجێك کە لەگەڵ بنەما بەفەرمی ناسراوەکانی مافە نێونەتەوەییەکاندا ناتەبا نەبن.

2ـ هەرکام لە لایەنەکان بەڵێن دەدەن، کە کردەوەگەلی نهێنیکارانەی بە ئەنقەست بەڕێوەنەبن تاکوو لەرێگای بەکاربردنی کەرەستەی تەکنیکی نەتەوەییدا بۆ کۆنترۆڵ بەرامبەر بە نێوەرۆکی ئەم پەیمانە بەربەست پێك بێنن. بە هەر چەشنێك هەر جۆرە گۆڕانکارییەك لەو موشەکانەی کەلە حاڵی درووست کردن دان، یان دەق دراون‌و یان مۆنتاژ کراون، گۆڕان یان کارگەلی چاك کردنەوە لە سەریان قەدەغەیە.

مادەی13

1ـ بە مەبەستی هەڵسەنگاندن‌و بەڕێوەبردنی دروستی نێوەرۆکی ئەم پەیمانە، لایەنەکان بە خێرایی کۆمیسیۆنی راوێژکاری بەردەوام لە سەر بنەمای داخوازەکانی خوارەوە بە ئە نجام دەگەیەنن:

الف) هەڵسەنگاندنی پرسیارەکان‌و داخوازەکانی پێوەندیدار بە لەبەر چاوگرتنی بەڵێنە قبووڵ کراوەکان لە پێوەندی لە گەڵ بارو دۆخگەلێکدا کە ویدەچێ ناڕوونیگەلێك لە بنچینەو حیساب‌وکیتابە نووسراوەکان لە گرێبەستە پێکهاتووەکاندا هەبێ.

ب) ئەم کۆمیسیۆنە هەڵدەستێ بە پێدانی دەسەڵاتی زانیاری بە هەردوولا، بە چەشنێکی خۆبەخشانە بە وەدەست هێنانی دڵنیایی‌و متمانەی هەردوو لایەن لە مەڕ لەبەرچاوگرتنی بەڵێنییە قبووڵ کراوەکان.

پ) پێڕاگەیشتن بە کاروبارێك لە پێوەندی لەگەڵ ئاستەنگە نابەئەنقەستییەکان، لە رێگای بە کاربردنی کەرەستەی تەکنیکی نەتەوەییدا بەمەبەستی لێکدانەوەیەك کە لەلایەن یەکێ لە لایەنەکانەوە پێك دێت.

ت) پێڕاگەیشتن بە ئاڵو گۆڕەکان لە بارو دۆخێکی ئیسترتژیکیدا کە ویدەچێ لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرج‌و مادە ئاماژە پێکراوەکان لەم پەیمانەدا بێتەگۆڕێ.

د) رێکەوتن لە گەڵ شێوازەکان‌و کاتی لەناوبردن یان لەکارخستنی سیستمەکانی موشەکی دژباڵستیك‌و پارچەکانی لە حاڵەتێکدا کە بە پێ نێوەرۆکی ئەم پەیمانە لە بەرچاو گیراوە.

ه) پێڕاگەیشتن بە پێشنیاراتێك کە لەکۆتاییدا ئاما نجی سنووردارکردنی پتری چەکە ستراتژیکییەکان بن.

2ـ لایەنەکان لە رێگای راوێژەوە، بە پێکهێنانی چاکسازیگەلێك بەمەبەستی بەرێوەبردنی پێشنیاراتێك کە کۆمیسیۆنی راوێژکاری هەمیشەییەك کە بە سەر کردەوەکان، ریساکان، کۆبوونەوەکان و بابەتەکانیتردا دەسەڵاتدارە، چاودێری دەکات.

مادەی14

1ـ هەر یەك لە لایەنەکان دەتوانن روونکردنەوەگەلێك یان بۆچون و پلانگەلێکی تەواوکەر بۆ ئەم پەیمانە پێشنیار بکەن. روونکردنەوەکان یان ئەو تەواوکەرانەی کە لەسەریان رێککەوتوون لە پێوەندی لە گەڵ یاسا بەرێوەبەرییە دەسەڵاتدارەکان بە سەر ئەم پەیمانەدا، دەخەنە مەیدانی کردەوەوە.

2ـ پێنج ساڵ دوای بەرێوەبردنی ئەم پەیمانە، بۆ ماوەی پێنج ساڵی دیکە، لایەنەکان بۆ نوێ کردنەوەی ئەم پەیمانە لەگەڵ یەکتریدا گرێبەست واژۆ دەکەن.

مادەی15

1ـ ماوەی ئەم پەیمانە بێسنوور دەبێ.

2ـ هەرکام لە لایەنەکان بەمەبەستی پێدانی مافی حاکمییەتی نەتەوەیی خۆیان، مافیان دەبێ کە بەهۆی پێشهات یان رووداوگەلێ جیاوازو لە ناکاوی پێوەندیدار بە نێوەرۆکی ئەم پەیمانەوە بەچەشنێك کە بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەوان نەخاتە مەترسییەوە دەتوانن لەم پەیمانە بچنە دەرەوە. هەر کام لە لایەنەکان زەنجیرە بڕیارەکانی خۆیان شەش مانگ پێش لە چوونەدەرەوە لە پەیمان بە لایەنەکەی دیکە رادەگەیەنن. وەها راگەیاندنێك لە خۆگرتووی ئاماژە کردن بە هۆکارەکانی پاشگەز بوونەوەیەکە کە سەرچاوەگرتوو لە رووداوگەلێکی جیاوازو لە ناکاوە کە وێدەچێ لەئاکامدا بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەو لایەنە بخاتە بەرهەڕەشەوە.

مادەی16

1ـ ئەم پەیمانە پێرەوی پەسەندکردنی ئەنجوومەنەکانی دوو وڵات لەسەر بنەمای یاسای بنچینەیی هەر یەك لە لایەنەکانی پەیمان دەبێ. ئەم پەیمانە لەسەردەمی گۆڕینەوەی بەڵگە پەسەنکراوەکانەوە بەرێوە دەچێ.

2ـ ئەم پەیمانە بە پێی مادەی102ی مەنشووری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبت دەکرێ.

دەرچوو لە مسکۆ، لە رێکەوتی 26ی مانگی مەی 1972، لە دوو نوسخەدا، کۆپییەك بە زمانی ئینگلیزی و کۆپییەك بە زمانی رووسی، هەر دوو دەق خاوەنی یەك هورمن (اعتبار).

لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە: ریچارد نیکسۆن "سەرۆك کۆماری ئەو کاتی ئەمریکا""

لە لایەن یەکییەتی سۆڤێیەتی سوسیالیستییەوە لئۆنید برژنف " سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکییەتی سۆڤێیەت".

******

# رێکەوتن نامەی کاتی

لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکییەتی سۆڤێیەتی سۆسیالیستیدا لە مەڕ بڕێك کردەوەی پێوەندیدار بە سنووردارکردنی چەکە هێرشبەرە ئیسترتژیکییەکانەوە.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکییەتی سۆڤێیەت لەمەو بەدوا، وەکوو لایەنەکان نێویان دەبرێ.

لە مەڕ سنووردارییە دەستنیشانکراوەکان لە پێوەندی لەگەڵ سەکۆەکانی پرتاوی موشەکی باڵستیکی پرتاوبەر لە ژێردەریایی‌و ژێردەریایگەلی مۆدێڕنی تەیار بە موشەکی باڵستیکی‌و کردەوەگەلی جێگرەوەیی، لە ڕێکەوتننامەی کاتی‌دا لە سەری ساق بونەتەوە.

خاڵەکانی خوارەوە ڕێکەوتنیان لەسەر کراوە:

لایەنەکان بە پێی مادەی 3ی ڕێکەوتننامەی کاتی، تا کاتێك کە ڕێکەوتن نامە خاوەن هورم دەبێ بە پێکهاتن گەیشتن کە: وڵاتە یەکگرتووەکان نابێ پتر لە 710حەفسەدوده سەکۆی پرتاوی موشەکی باڵستیکی جێگیر لەسەر ژێردەریایی‌و62 شەست‌ودوو ژێردەریایی تەیار بە موشەکە باڵستیکییەکانی هەبێ.

سەکۆە زیادییەکانی پرتاوی موشەکی باڵستیکی جێگر لەسەر ژێردەریایی، لەئاستگەلی ئاماژە پێکراودا (کە لەحاڵی حازردا لەئەمریکادا پتر لە 656شەشسەدو پەنجاو شەش سەکۆی پرتاوی موشەکی باڵستیکی جێگیر لەسەر ژێردەریاییە ئەتۆمییەکانداو لە سۆڤێیەتیشدا پتر لە 740 حەفسەدو چل سەکۆی پرتاوی موشەکی باڵستیکی جێگیر لەسەرژێر دەریایی ئەتۆمیدا بوونی هەیە) کە لەحاڵی عەمەلیات یان لەحاڵی چاك کردن دان، بە پێی جێگرەوەیی تا گەیشتن بەرادەی پێویستی ئاماژە پێکراو لەسەکۆەکانی پرتاوی موشەکی باڵستیکی لەجۆری کۆنی ئەو موشەکە کەڵکی لێوەرگیراو لە پێش لە1964، یان سەکۆەکانی پرتاوی موشەکی باڵستیکی جێگیر لەسەر ژێردەریاییەکان لەجۆری کۆنتری، کەڵك وەرگرن.

دەق دانی موشەکە باڵستیکییە پرتاوبەرەکان لەژێردەریایی‌گەلی مۆدێڕنەوە، لەسەر جۆرە ژێردەریاییەکی نەهێندە گرینگەوە، ناتەبا لەگەڵ هەژماری پەسەندکراو بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکییەتی سۆڤێیەت حیساب دەکرێ.

ئەم پڕۆتۆکوڵە بەشێکی گرینگ لە ڕێککەوتننامەی کاتیی دێتە هەژمار.

دەرچوو لە مسکۆ، لە ڕێکەوتی 26ی مانگی مەی 1972دا.

بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ریچارد نیکسۆن "سەۆرك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا""

بۆ یەکییەتی سۆڤێیەت لئۆنید برژنف " سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکییەتی سۆڤێیەت".

******

## تیرۆریزمی ئەتۆمیی

هەمووان دەزانین بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم؟؟؟ ئەمڕۆ بوەتە ئەرکێکی جیهانی‌و هەولێکی گشتگیری مرۆڤانە. بەڵام ئەویکە لێرەدا پتر جێگای تێڕمانە ئەوەیەکە ئێمە دەزانین لە گەڵ چ جۆرە تیرۆریزمێکدا بەرەوڕووین بەڵام پرسیاری هەستیارو گرینگ ئەوەیەکە ئەو تیرۆریستانە کێن‌و لە کوێن‌و چۆن دەبێ بەرەوڕوویان ببینەوە؟

ئەوەیکە لەم بەشەدا ئاماژەی پێدەکەین تیرۆریزمی ئەتۆمی‌و چۆنییەتی بەروڕووبوونەوەیەتی. کە باس لەتیرۆریزمی ئەتۆمی دەکەین، خێرا تیرۆریزمی چەکی کۆمەڵکوژەمان بیردەکەوێتەوە. کە ئێژین تیرۆریزمی چەکە کۆمەڵکوژەکان یان چەکی کۆمەڵکوژو بیر لەکارەساتگەلێك لە چەشنی گرفتی ریئاکتۆریی‌و رووداوی چێڕنۆبیل دەکەینەوە، لەناخی هەڕەشەو مەترسییەکی تۆقێنەرانە لەچەشنی هێرشێکی تیرریستی ئەتۆمی وریا دەبینەوە. جێگای خۆیەتی لێرەدا بەکورتی ئاوڕێك لەکارەساتە کەسەربارەکەی چێڕنۆبیل بدەینەوە:

شەوی 26ی ئاوریلی ساڵی1986 لە وزەخانەیەکی ئەتۆمی لە نزیکی شاری چێرنۆبیلدا کە شارێکی چووکەیەو تا ئەو کاتە کەمتر کەسێك ناوی بیستبوو، گەورەترین هەڵەی تەکنیکی مێژووی مرۆڤایەتی تاکوو ئێستا، روویدا. ئەو هەڵە تەکنیکیە بوە هۆی ئەویکە چەندین تون مەوادی رادیو ئەکتیو، بەرامبەر بە چەندین بۆمبی بەکار هاتوو لە هیرۆشیماو ناکازاکیدا تەقییەوە. پیسایی ئەو مەوادە پاش تەقینەوە، بەشێکی زۆر لە وڵاتانی بلارووس، ئوکراین، روسیەو بەگشتی پانتاییەکی 155 هەزار کیلۆمیتری چوار گۆشەی لە خۆ دەگرت. بە پێی را پۆرتە فەرمییەکان، دەیان کەس هەر لە جێدا کوژران و هەزاران کەس بە توندی کەوتنە مەترسییەوە، کە بەشێکی زۆریان لە ساڵانی دواییدا گیانیان لەدەست دا.

پریسپات، شاری تازە دروستکراوی50.000 پە نجاهەزار کەسی بۆ ئەو کەسانەی کە کاروباری ئەتۆمییان دەکرد لەیەك رۆژدا بەتاڵ کراو دانیشتوانی هیچکاتێ نەگەڕانەوە بۆ نێو بنەماڵەکانیان. بازنەیەکی 30کیلۆمیتری وزەخانە بە پانتای 2500 کیلۆمیتری چوار گۆشە، بە هۆی پیسایی زۆرەوە وەکوو سنوورێکی قەدەغەکراو راگەیەندرا. ئاوری ئەو ریئاکتۆرانە پتر لە 10دە رۆژ درێژەی کێشا. پاش رووداوەکە بە خەڵکی شاری کییف پێتەختی ئوکراین لە 120 سەدوبیست کیلۆمیتری شوێنی تەقینەوەکەدا بە فەرمی راگەیەندرا کە لەماڵەکانیان نەڕۆنە دەرەوەو تەنانەت دەلاقەکانیش نەکەنەوە پێویست بە ئاماژە پێدانە کە لەوزەخانەی چێرنۆبیل دا 4چوار ریئاکتۆری جۆری RBMK-100 کار پێدەکران کە تا ئەوکات لە جۆری بێمەترسیترین کەرەستە ئەتۆمییەکان بوون. هەر هەنووکەش روسیە 11.000 یازدە هەزار لەوجۆرەی ئەکتیڤە کە خاڵی لاوازیان نەبوونی سەرپۆشی دڵنیا کەرەوە "ایمنی" لە سەرەوەی ریئاکتۆرەکە دایە. پاش تێپەڕبوونی پتر لەدوو دەیە بەسەر ئەو کارەساتەدا هەنووکەش هەژماری کوژراوەکان روون نین. ئامارە فەرمییەکان لەم پێوەندییەدا ئاماژە بە 59ـــ54 هەزار کەس دەکەن، بەڵام ئاماژە نافەرمییەکان جەخت لە سەر قوربانی بوونی سەدان هەزار کەس دەکەنەوە.

جێگای لێوردبوونەوەیە کە هەنووکە روون نیە کە لە 180سەدوهەشتاد تون سووتەمەنیەك کە لەم وزەخانەیەدا بوە چەندەی چوەتە نێو ئەتەمۆسفڕەوە. لەراستیدا تەقینەوەی چێرنۆبیل زەبرێکی کارەساتبارو قەرەبوونەکراوی لە خەڵك و ژینگەی ئەو ناوچەیەدا کە هەنووکەش لەوڵاتانی ئوکراین، روسیەو بلاڕووس دا هەست پێدەکرێ و لەم بیست و دوو ساڵەدا بەردەوام خەڵکی سەقەت بەهۆی ئەو تەقینەوەوە گیانیان لەدەست دەدەن و گیرۆدەبوونی منداڵان بەشێرپە نجەی خوێنەوە بەهۆی تیشکەکانی رادیۆئەکتیڤەوە بەردەوامە.

هەر لەم پێوەنییەدا دەتوانین ئاماژە بە چەندین فیرقەو تاقم و گرووپ بکەین کە ئاواتیان و خولیایان کوشتنی هەرچی زیاتری مرۆڤەو پێکهێنانی ترس و خۆفێکی زۆرتر لە کۆمەڵگای جیهانی دا. بۆ وێنە فیرقەیەك لە چەشنی "ئائۆم" لە ژاپۆندا، کە هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوو کە بە چەکێکی بەهێز کارەساتێکی مرۆیی گەورە بخوڵێنن. ئەو فیرقەیە جارێك لە ساڵی1995دا بە گازی ئەعسابەوە هێرشی کردە سەر مێتروی تۆکیۆ، بەڵام بەهۆی هێندێ گرفتی تەکنیکی ـــ کیمیاییەوە سەرکەوتوو نەبوون. ئەگەر وەها گرووپێکی تیرۆریستی، دەستی بەکڵاوەیەکی ئەتۆمی یان یۆرانیۆمی پیتێنراو بگات دەبێ چ کارەساتێکی مرۆیی بخوڵقێنێ. یان گەر وەها تێکنۆلۆژی و مەوادێك بکەوێتە دەستی گرووپێك لەچەشنی ئەلقاعیدەو گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە، وێنای بکەن بزانن دەبێ مرۆڤایەتیی چاوەڕوانی چ هەڕەشە و مەترسییەك بکات!؟

یەکێ لەهۆکارو بەڵگەکانی بوش دژبە عێراق و سەدام ئەوە بوو کە عێراق لەهەوڵی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی دایە، "گەر عێراق بتوانێ نەختێ پتر لەتۆپێکی بەیسباڵ یۆرانیۆم بەرهەم بێنێ یان بکڕێ، یان بدزێ، رەنگە کەمتر

لەیەك ساڵ بەچەكی ئەتۆمی بگات." عێراقیش دەنگۆی هاوكاریو نزیكایەتی لەگەڵ گرووپەتوندڕەو و تیرۆریستەكاندا بوەو هەیە گەر هێندێ مەوادی یورانیۆمیی پیتێنراو بەدەستی گرووپگەلێ لە چەشنی ئەلقاعیدەو حیزبوڵاو حەماس یان گرووپەكانی چیچن بگات هەر بەوچەشنە كە توانیان كارەساتی 11ی سێپتەمبر بخوڵقێنن، بە هەمان شێوەش دەتوانن كارەساتێكی ئەتۆمی پڕ قوربانی بخوڵقێنن. ئەوەش لەحاڵێكدایە كە دەزانین ئەو گرووپانە لەهەرچی زیاتر بوونی قوربانییەكان لەعەمەلیاتەكانیاندا چێژی زیاتری لێ وەردەگرن.

جۆرج بوش لە یەكێ لە وتارەكانی پاش 11ی سێپتەمبریدا ئاماژەی بەوە كرد كە ئەگەر ئەلقاعیدە دەستی بەچەكی ئەتۆمی بگات، لە كەڵك لێوەرگرتنی دژبە ئەمریكا هیچ درەنگ ناكات. پاش ئەوەیكە سلێمان ئەبوقەیس، وتەبێژی فەرمی ئۆسامە بن لادەن، رایگەیاند كە ئامانجی ئەم گرووپە كوشتنی 4.000.000چوار میلیۆن ئەمریكایی، لەوانە 1.000.000یەك میلیۆن منداڵە، خەڵكی ئەمریكا بڕوایان بە وتەكانی بوش كرد. جێگای ئاماژە بۆ كردنە، ئەوەیكە زەبری لەتیرۆریزم وێكەوتووە، لە هەموو لایەكیتر پتر بۆ لێدانو بەرەنگار بوونەوەی ئەو دیاردەیە تێدەكۆشێ.

هەر بۆیە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەهەموو رەهەندەكانەوە شەڕێكی پانو بەرینی دژەتیرۆریستی لەجیهاندا وەڕێخست. سروشتییە كە لایەنی تیرۆریزمی چەكە كۆمەڵكوژەكان لەوانە چەكی ئەتۆمی مەترسیدارترین رەهەندی تیرۆریزمە. لەم پێوەندییەدا دەوڵەتی جۆرج بوش پاش كارەساتەكەی 11ی سێپتەمبرو بە مەبەستی كەم كردنەوەی مەترسی هێرشی ئەتۆمی لەلایەن تیرۆریستەكانەوە كۆمەڵێك هەنگاوی هەڵێناوەتەوە كە لەوانە دەتوانین ئاماژە بەوە بكەین كە جارێكیترو جێددیتر پێداگریی لەسەر قەدەغە راگەیاندنی پەرەپێدانی چەكە تایبەتییەكانی كوشتاری بە كۆمەڵ (WMD) كردەوەو وتی بڵاوبوونەوەیان لە هیچ لایەنێك قبوڵ ناكرێ. هەروەها جۆرج بوش گەڵاڵەیەكی بەئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەكگرتووەكان پێشنیار كرد كە لەسەر بنەمای ئەو گەڵاڵەیە زیادكردنی چەكە كۆمەڵكوژەكان بە تاوان دادەنرێ. هەر لەو پێوەندییەدا گەڵاڵەیەكیشان بەمەبەستی بردنە سەری رادەی پاراستنی چەكە كۆمەڵكوژەكان (proliferation security initiative) لەسەر بنەمای هاوكاری یازدە وڵات هێنایە گۆڕێ. لەسەر بنەمای ئەو گەڵاڵەیە بە پەرەپێدانی چوارچێوە مافناسانەكان، پاپۆڕو كەشتیگەلی گوماناوی بە راگواستنی چەكە كۆمەڵكوژەكانەوە لەئاوە ئازادەكاندا دەپشكێنرێن.

یەكێ لەمەترسییە جیددییەكان بوونی كۆمەڵێك بۆمبی ئەتۆمییە كە سەردەمی لێكپاشرانی یەكییەتی سۆڤیەت لەوڵاتانی هاوپەیمانیدا بڵاوبوونەوەو هەنووكەش هەڕەشەن. ئەمریكا بەمەبەستی كۆكردنەوەی ئەو چەكانەو لەسەر بنەمای "پلانی كەم كردنەوەی مەترسی" ناسراو بە ( Nunn lugar Cooperatativ Threat Reduction Program ) بە مەبەستی دابینكردنی هێمنایەتیو كۆكردنەوەی چەكە ئەتۆمییەكانی سۆڤێیەتی پێشووی پەسەندكردوەو داوای لەوڵاتانی گرووپی هەشت، واتە هەشت وڵاتە پیشەسازییەكە كردوە كە هاوكاری ئەم پلانە بكەن. لەم پێوەندییەدا بەهێزترین مەترسی لەروانگەی شارەزایانی ئەم بوارەوە وەكوو پێویست نەپاراستنی چەكە ئەتۆمییەكانی زەراتخانەی سۆڤێیەتی پێشوە. لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بە ئیعترافی سناتۆرێكی كۆماریخواز بكەین كە ئێژێ: "مێشكی من سوت دەكێشێ كاتێك دەبیسم 40.000 چل هەزار یان رەنگە 80.000 هەشتادهەزار چەكی ئەتۆمی لە یەكییەتی سۆڤیەتیی پێشوودا بونیان هەیە كە بە رێكو پێكی كۆنترۆڵ ناكرێنو شێوەی هەڵگرتنو پاراستنیان شیاو نیەو جیهانیش لەترسی ئەو مەترسییەدا چۆن شێت نابێ.

ئەگەرچی تاکوو ئێستا لەو پێوەندییەداو تەنانەت لێدان‌و رووخانی حکوومەتی بەعسی عێراقیش پێوەندی بە هەبوونی ئەو چەکانەوە بوو کەچی تا هەنووکەشی لەگەڵدا بێ کردەوەگەلێ پێویست بۆ پێشگیری لەتیرۆریزمی چەکەکۆمەڵکوژەکان بە تایبەت چەکی ئەتۆمی بەڕێوە نەچوون، ئەگەرچی ئەو بابەتە پاش رووخاندنی حکوومەتی عێراق جیددیتر شوێنگری کراو رۆژ لەرۆژ پتر پێداگریی لەسەر دەکرێتەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پێشگیری لەتیرۆریزمی ئەتۆمی پێویستی بە ئێسترتیژییەکی فرەلایەنە هەیە، واتە ئێستراتیژییەك کە هەر لەدەرکەی یەکەمداو لەدەسپێکدا پێش بە دەستڕاگەیشتنی تیرۆریستەکان بەچەك‌و مەوادی ئەتۆمی بگرێ، لەسنوورەکاندا بیاناسێ‌و چاوەدێری شوێنی ئەگەری گەیاندنی ئەو چەك‌و مەوادانە بەتیرۆریستەکان بکات.

رێگایەکیتر کە بە شارێگا یان بەهێزترین رێگای بەرەنگاریی جیددی لەگەڵ تیرۆریزمی ئەتۆمیدا ئێستراتیژییەکە کە لەسەر سێ تەوەر دەچێتە پێش:

1ــ کۆکردنەوەو کۆنترۆڵ کردنی ئەو بومبە ئەتۆمیانە کە داکەوتوون‌و چاودێری‌و کۆنترڵ‌و پارێزگاری پێویستیان لێ ناکرێ"

2ــ پێشگرتن لەو بومبە ئەتۆمییانەی کە لەژێر پرۆژەی دروستکردن دان‌و پێشگرتن لەو وڵاتانەی کە تازی دەیانەوێ بین بە هێزی ئەتۆمی سەربازی‌و پێشگرتن لەدەستڕاگەیشتنی تیرۆریستەکان بەو بۆمبانە"

3ــ خەبات دژبە چەکە ئەتۆمییەکان یان خەبات دژبە بڵاوبوونەوەی مەوادی پێویستی دروستکردنی چەکە ئەتۆمییەکان، دەتوانێ رێکارێکی باشترو کاریگەرتری خەباتی دژەتیرۆر لەهەمبەر تیرۆریزمی ئەتۆمییدا بێ. لەراستییدا ئەم کارە قورس‌و گرانە پێویستی بە هاوکاری هەمەلایەنەی زۆربەی وڵاتانی جیهان، بەتایبەت پێداگریی‌و پشتگیری وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و وڵاتانی واژۆکەری پەیمانی قەدەغەکردنی دەستڕاگەیشتن بە جەنگ ئامێری ئەتۆمی(NPT) پێویستە. بەگشتی دەبێ هەوڵ بدرێ کە وڵاتانی ئەتۆمی دیکە بە هەشت وڵاتە ئەتۆمییەکان، واتە ئەمریکا، روسیە، بریتانیا، فرەنسا، چین، هێند، پاکستان‌و کازاخستان زیاد نەبێت. بەم کارە دەکرێ تا رادەیەك لە یارمەتیدان‌و بڵاوبوونەوەی چەك، ئامرازو مەوادی ئەتۆمی دڵنیا ببینەوە.

یەك لەو رێگایانەی دیکە کە رێکارێکی باشتر بۆ پێشگرتن لەبڵاوبوونەوەی چەك‌و مەوادی ئەتۆمییە، کۆنوانسیۆنی پارێزگاری لەمەوادی ئەتۆمییە. (Convention on the Physical Protection of Nuclear Materials)

بۆ بەڕێوەبردنی کردەوەگەلی کاریگەر بەمەبەستی گەرنتی پێشگیری، دیتنەوەو سزادانی تاوانگەلی پێوەندیدار بەمەوادی ئەتۆمییەوە، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی (IAEA) ئەم کۆنوانسیۆنەی لە 26ی ئۆکتۆبری 1979 لەویەن پێکهێنا.

(International Atomic EnergyAgency, Inf.Circ./274/Rev.18.ILM,P.4119.)

بەپێی مادەی 2ی ئەم کۆنوانسیۆنە لەمەڕمەودای ئەتۆمی بەکارهێنراو بۆ ئامانجگەلێناشتیخوازانە لەکاتی راگواستنی نێونەتەوەیی، یان راگرتن‌و راگواستنی نێوخۆییدا بەڕێوە دەچێ.

بە پێی مادەی 7 هەر دەوڵەتێکی بەڵێن دەرە ارتکاب ئەنقەستی ئەو کردەوانەی خوارەوە لە یاسای نێوخۆیی خۆیدا، بە شیاوی سزادان دادەنێ:

الف ) هەر كردەوەيەك كە بە بێ ئيزنی ياسايی، بەمەبەستی وەدەستهێنان، دەستەبەسەرداگرتن، كەڵك لێوەرگرتن، راگوازتن، گۆڕانكاريی، لەدەست دابوون يان خستنەبەردەستی مەوادی ئەتۆمی بیّو ببێتە هۆی مەرگ يان زيان گەياندن بەهەركەس يان زيان و خەسارگەياندنی بنچينەيی بەدارايیو يان ئەگەرێكی وای لەگەڵدابیّ"

ب ) رفاندن يان دزينی مەوادی ئەتۆمی"

پ ) بە اختلاس يان بە شێوەی نایاسایی، وەدەستهێنانی مەوادی ئەتۆمی"

ت ) كردەوەيەك كە بەمەبەستی وەدەستهێنانی مەوادی ئەتۆمی لەرێگای هەڕەشە، بەكارهێنی زۆر، يان هەر چەشنە ترساندنێكیترەوە بیّ"

د ) هەڕەشە بە كەڵك لێوەرگرتن لەمەوادی ئەتۆمی بەمەبەستی كوشتن يان زيان گەياندنی جيددی بەهەر كەس يان پێگەياندنی خەسارەتی نچينەيی بەدارايی يان هەڕەشەی بەكارهێنانی كردەوەيەك كە لەبەندی "ب"دا بە تاوان لەقەڵەم دەدرێ، بەمەبەستی ناچار كردنی كەسێكی راستەقينە يان قانوونی، رێكخراوێكی نێونەتەوەيی يان دەوڵەت بەبەرێوەبردن يان خۆپاراستن لەبەرێوەبردنی هەر كردەوەيەك.

ه) دەستپێكردن بە ارتكاب هەر يەك لەتاوانە ئاماژە پێكراوەكان لەبەندەكانی "الف، ب، پ" لەسەرەوەدا. كردەوەيەكيش كە بە مەستی بەشداريكردن لە هەر يەك لە تاوانە ئاماژە پێكراوەكان لە بەندەكانی "الف تا ە"دا بیّ، دەبیّ بە پێی ياسا نێوخۆييەكانی هەر دەوڵەتێكی لايەنی كۆنوانسيۆن، بە تاوانی شياوی سزا لە قەڵەم بدرێ.

بە گشتی پاش كارەساتەكە 11ی سێپتەمبر كۆمەڵگای جيهانی كەوتە ژێر گوشارێكی دەروونييەوەو تێكڕا هەموو پێكهاتەكان كەوتنەخۆ بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەگەری رووداني هەرچەشنە كردەوەيەكی تيرۆريستانە. ئەگەری رووداني تيرۆريزمی ئەتۆمی يان ئەوەيكە بەتيرۆری ناب بە ناباناگە، مەترسيدارترينو پڕخەسارترين شێوازی كردەوەيەكی تيرۆريستانە.

بە دوای هێمن بوونەوەی بارودۆخی پاش كردەوە تيرۆريستييەكانی 11ی سێپتەمبری 2001دا كۆمەڵێك سيمينارو كۆبوونەوەو كۆنفرانسی نێونەتەوەيی رێكخراوان، لێرەدا هەوڵ دەدەين يەكێ لەگەڵاڵەكانی وڵاتەيەكگرتووەكان لەژێرناوی"پێشگيری لەتيرۆريزم ئەركی هەموو وڵاتێكە" لەلايەن نوێنەری وڵاتە يەكگرتووەكان "لينتۆن بروكس"ەوە لە 16ی مارسی 2008دا پێشكەش بەكۆنفرانسی ئاژانسی نێونەتەوەيی وزەی ئەتۆمی كرا. گەڵاڵەی ناوبراو كە چوار گەڵاڵەی بوشی لەخۆدەگرت كۆمەڵێك رێكارو مێكانيزمی بۆ ئەو چەشنە لەتيرۆريزم خستوەتەبەرباس.

بروكس كە بەرێوەبەری دايەرەی نەتەوەيی ئاسايشی ناوەكيی وڵاتە يەكگرتووەكانە، وەكوو نوێنەری ئەو وڵاتە لەكۆنفرانسی ئاژانسی نێونەتەوەيی وزەی ئەتۆمی، تايبەت بەئاسايشی ناوەكيی لەلەندن دا قسەی كرد. ناوبراو جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە بۆ پێشگرتن لە وەها مەترسييەك پێويستيمان بە ستراتيژييەكی تێكەڵاو هەيە كە لەخۆگرتووی چالاكيەگەلی دژەتيرۆيستييە پێناسە كراوەكان لەچەشنی پارێزراوبوون يان پاراستنی مەوادی ئەتۆمیو گەڵاڵە و لايەنگەلێكی بەهێزتربیّ.

بروكس ئاماژەی بەوەدا كە ئەم چوار پلانەی بوش بەو مەبەستەيە كە هەر وڵاتێك ئەركو بەرپرسيارييەتييەكانی خۆی بە باشی بزانیّ، چونكە كۆمەڵگای جيهانی لەسەر ئەو بڕوايەيەكە هەڕەشەو گڤاشی پەرەسەندنی چەكە ئەتۆمييەكان تەحەمولّ ناكریّو دەبیّ بە تێكڕا هەولّ بدەين كار بكەين بۆ پێشگرتن لە هەر چەشنە كارەساتێكی

ئەتۆمی. ناوبراو جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە دەبێ بۆ ئەو مەبەستە ئەو چەند خاڵەی خوارەوە لە بەرچاو بگرین:

1 ــ هەوڵ و چالاکی بەربلاوتر بە مەبەستی پاراستنی زیاتری مەوادی مەترسیدارو لەوانە راگرتنی بەرهەمهێنانی پتری مەوادی توێژینەوەییەك کە بتوانرێ لەبەرکارهێنانی جەنگ ئامێریدا کەڵکی لێوەربگیرێ.

2 ــ هاوکاری راستییانەو جیدی لەگەڵ چالاکییەکان بەمەبەستی قەدەغەکردنی زیادکرنی نێونەتەوەیی، چ لەتەوەری پەیمانی قەدەعەکردنی پەرەسەندنی چەکە ئەتۆمییەکان، رێکەوتنەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، کۆنوانسیۆنە ئەتۆمییەکان و رادیۆلۆژیکی نێونەتەوەیی و بە پێی برپیارنامەی نوێی 1540ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە داوای لە هەموو ولاتان کردوە بەکردەوەی بەکۆمەڵ، پێشگیری لەبازرگانی نایاسایی چەکە کۆمەڵ کوژەکان و مەوادی پێوەندیدار بەوانەوە بکەن.

کۆنفرانسی ناوبراو کە نوێنەرایەتی 76 وڵاتی جیهانی تێیدا بوو، بەشێك لەلایەنە شاراوەکانی ئەو مەترسییەی خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لینتۆن بروکس ئاماژەی بەوەدا کە هەروا رایلکەی عەبدولقەدیرخان توانی لەنێو دەریادا پارچە پێویستەکانی بەرهەمهێنانی ئەتۆمی سازبکاو بەنهێنی بەکرپارەکانی بفرۆشێ، بەو ئاکامە دەگەین کە دەستڕاگەیشتنی تیرۆریستان بەچەکی ئەتۆمی کارێکی زۆر قورس وگران نیەو رۆژبە رۆژ ئاسانتریش دەبێتەوە. کەوابوو دەبێ خەبات بۆ پێشگیری لەتیرۆریزمی ئەتۆمی هەموو وڵاتان لەخۆبگرێ.

لەکۆنفرانسی ناوبراودا وەکوو دوو وڵاتی گەورەی ئەتۆمی ئەرکێکی قورستر کەوتە سەرشانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکییەتی سۆڤییەت. کەوابوو ئەو دوو وڵاتە دەبێ دوو کۆڵەکەی سەرەکی خەبات دژبە تیرۆریزمی مادە سرکەرەکان بن. ئەم دوو وڵاتەیش لەهەموو شتێك دەتوانن زەرادخانەکانی خۆیان بپارێزن، پاشان جەخت بکەنەسەر پاراستنی باشگای ئەتۆمی جیهان و سەرجەم وڵاتانی ئەندامی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەبێ هەوڵ بدەن بۆ سڕینەوەو لەناوبردنی هەرچەشنە مەترسییەکی ئەتۆمی لەناوچەی دەسەڵاتی جوگرافیایی خۆیانداو هاوکاری زانیاری و هەوڵدەرییان لەم پێوەندییەدا، تەوەرێکی کاریگەری شەڕی دژەتیرۆرە.

لەمەترسییەکانی تیرۆریزمی ئەتۆمی تێگەیشتن. دەزانین کە تیرۆر بەچەکی ئەتۆمی لوتکەی هەڕەشەی تیرۆرە لەمرۆڤ و مرۆڤایەتییە، لوتکەی هەڕەشەیە لەئاسایشی جیهان و کوشەندەترین شێوازی تیرۆرە. شێوازێکی تیرۆر کە هاوکات دەتوانێ خەڵکێکی زۆر لەوڵاتێکدا لەناوچەیەکداو تەنانەت لەناوچەیەکی پان و بەریندا وەکوو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەبارمەتە بگرێ. کەوابوو دەبێ هەوڵ بدرێ مەترسی و هەڕەشەکان و لابردن و سڕینەوەیان بخرێنە دەستووری کارەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئاماژەمان بە سێ رێگا کرد کە گرینگترینیان ئەو خاڵەیە کە ئێژێ دەبێ پێش بەوڵاتانی تازەی ئەتۆمی بگرین. ئەو خاڵە دەتوانێ کۆمەڵێك لەوڵاتانی چالاك لەو پێوەندییەدا لەخۆ بگرێ کە وەکوو وێنەیەکی پڕهەڕەشەومەترسی ئاماژەمان بە قەیرانی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی ئێران کردوە کە لەو وتاری دوایی‌دا دەتوانێ بیخوێنینەوە.

**************

# کۆماری ئیسلامی و ئاسایشی سیستم یان ئاسایشی نەتەوەیی

حکومەت یان هەر یەکەیەکی سیاسی، نەتەوەیی، جوگرافیایی بۆ کۆنترۆڵی بارودۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، جوگرافیایی، کولتووری و...هتد پێویستە سەرنج لە چەمك و سیاسەتەکان بدات و بە پێی توانای خۆی

بەدواداچونیان بۆ بکاتو توێژینەوەو لێکدانەوەی ورد و زانستیانەو بابەتیانەیان بۆ بکات. واتە دەبێ بزانرێ لە چ هەلکەوتێکی جوگرافیاییدا هەلکەوتووە و دراوسێی چ ولاتو نەتەوەیەکن؟ چ ژینگەیەکی گلۆبالی و چ جۆرە هیژموونیکی فیکری، کولتوریو ئایدۆلۆژیاییان بەسەردا زالە، بارودۆخ و سنووری لەگەلێ ئەو ژینگەیانە لە چ ئاستێکدایە؟ لەو ژینگەیەدا چ چەشنە پەیوەندییەکی سیاسی، کولتووری، ئابووری، ئاسایشو دیبلۆماسی دەتوانێ کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی هەبێت. لە هەمووان گرنگتر هێزو توانای ئێمە لە تەوەرە جۆراوجۆرەکاندا بۆ مامەلە لەگەلێ ئەو بارودۆخانەدا لە چ ئاستێکدایە؟ ئەم پرسیارانەو زۆر پرسیاری دیکەی لەو چەشنەو لەو پەیوەندییانە گرنگی تاوتوێکردنی ئەم بابەتەمان بۆ دەردەخەن.

لەم بابەتەدا هەولێ دەدەین بەئاماژەکردن بەئاخاوتن، نووسین، لێدوانو سیاسەتە تیۆرییو پراکتیکییەکانی کارگێران، بەرپرسانو رێبەرانی کۆماری ئیسلامی و خالە بەرامبەرەکانیان، بەپێی توانا سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی یان بەوتەیەکیتر روانگەی کۆماری ئیسلامی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بخەینە بەرباس و لێکۆلێنەوە.

لەراستیدا خستنەبەر باسی بابەتێکی لەوشێوەیە، کارێکی ئاسان نییە و بابەتێکی فرەرەهەند، بەربلاوو لقوپۆدارە کە پێویستی بەناوەندو تەنانەت چەندین ناوەندی لێکۆلێنەوەیی ئاکادیمیانەش هەیە، کەواتە قەناعەت هێنانی تەواو بەخوێنەران و وەلامدانەوەی هەموو پرسیارە وورووژێنراوەکان کە خۆیان هەموو کاتێك دەتوانن وروژێنەری دەیان بابەتو پرسیاری دیکە بن. کەواتە ئێمە لەم بابەتەدا هەولێ دەدەین هەرچەندە لەتوانامانندا بێ بە کەلك وەرگرتن لە بەلگەو دیکیۆمێنت لانی کەم دەرگایەك بەرووی بابەتێکدا بکەینەوە.

چەمکی ئاسایشو ئاسایشی نەتەوەیی

بۆ دەستپێکردنی باسەکە سەرەتا بە پێویستی دەزانین وەکو هەر چەمکێك، هەولێ بدەین چەمکی ئاسایش پێناسە بکەین، یان بە وتەیەکیتر بزانین ئاسایش چییەو لە روانگە جۆراوجۆرەکانەوە چۆن پێناسەکراوە. پێویستە بەسەرنجەوە بروانینە چەمكو زاراوە جۆراوجۆرەکانو جودا لە هەلێنجانەکانی خۆمان، برۆینە ناواخنی ئەو بابەتانەوەو لەلایەنو رەهەندی جۆراوجۆرەوە تاوتوێیان بکەین. خالێکی گرنگ کە زۆرجار سەرنجی زۆربەمان رادەکێشێ ئەوەیە کە لە پێناسەی چەمكو زاراوە سیاسییەکاندا، بەرژەوەندی قسەی سەرەکی هەموو ولات و دەولەتێك دەکات. هەموو نەتەوە و یەکەیەکی سیاسی هەولێ دەدات بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی بروانێتە ئەو چەمكو زاراوانەو بە پێی هەمان فاکتەریش پێناسەیان بکات. واتە بەها (Value)و بەرژەوەندییەکانن کە پێمان ئێژن لە پێناسەکردنەکاندا چ لەبەرچاو بگرینو خالە هەستیارەکان لە کوێدان. ئێستاش هەولێ دەدەین پێناسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە روانگەی بیرمەندانی ئەو بوارەوە بخەینە بەرباسو لێکدانەوە.

لەراستیدا زۆرێك لە بیریارانی سیاسی لەو باوەرەدان کە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی نەیتوانیوە بەو چەشنەی کە پێویستە لەگەلێ چەمكو زاراوەکانی دیکەدا بچێتە پێشەوە، بە وتەی "باری بوزان" (Barry Buzan) چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لە بیاڤی چەمکە سیاسییەکاندا چەمکێکی دواکەوتوە بۆ ئەو ولاتانەی کە هێندەی بایەخ بە چەمكو زاراوەکانی دیکە دەدات، هێندەی بایەخ بەو چەمکە نەداوە. بۆ وێنە لە بیاڤی سیاسی گەشەسەندووشدا تا سالانی 1980 لەو بارەیەوە هیچ توێژینەوە یان لێکۆلێنەوەیەکیان نەکردبوو. بەلام پاشتر کۆمەلە نووسین و توێژینەوەیەك لە لایەن کەسانێ وەکو "هێدلی بۆل" (Hedly Bull)، فرانك تراگێر (Frank Trager)و کەسانی دیکەوە بەئاکام گەیشت کە توانیان دەستپێکێك بن بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە. بەدوای ئەوانەدا چەمکی ئاسایش کەوتە ناوەندی لێکۆلێنەوە سیاسییەکانو لە بیاڤی سیاسیدا جێگەی خۆی کردەوە.

بەڵام بەدوای ئەوەش تا هەنوکەش پێناسەی ئاسایش بە شێوازێکی زانستیو ورد جێی خۆی نەکردۆتەوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین خاڵ کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

1- ئاسایشو ئاسایشی نەتەوەیی چەمکێکی گۆڕا نخوازە، لەگەڵ چرکەیەکدا دەتوانێ گۆڕان لە هەڵوێستو کردەوەو دژکردەوەدا بێنێتە ئاراوە کە بە پێچەوانەی چەمکەکانی دیکەوە ئەویش دەتوانێ کاردانەوەی تاکتیکیو ستراتیژیکی هەبێت، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی "خرۆشچۆف" لەگەڵ "کەنەدی"دا بکەین کە ڕوانگەی ئاسایشی ستراتیژییەوە بەتەواوی گۆڕاو تەنانەت هەڕەشەیەکی جیهانیشی هێنایە ئاراوە، لە سەردەمی شەڕی ساردا، یەکییەتی سۆڤێیەت کۆمەڵێك موشەکی باڵستیکی بەکلاوەی ئەتۆمییەوە بۆ کوبا نارد کە یەکێك بوو لە دوژمنانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. دەوڵەتی کوباش بەسەرۆکایەتی فیدڵ کاسترۆ ئەو موشەکانەی بە مەبەستی هەڕەشەکردن لە وڵاتە یەکگرتوەکان بردەسەر سەکۆی هاویشتن. لەوکاتەدا "جان ئێف کەنەدی" سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان بەتەلەفۆنی هێڵی سوور، پەیوەندی بە "نیکیتا خرۆشچۆف"ی ڕێبەری سۆڤێیەتەوە کرد و بە پەیامێکی هەڕەشەئامێز ئاگاداری کردەوە کە ئەگەر تا چل وهەشت کاتژمێری دیکە ئەو موشەکانە لە سەکۆ نەهێنێتە خوارێ و لە کوبا نەیانباتە دەرەوە، هەم کوبا داگیردەکات و هەم تا شەڕی جیهانی سێهەمیش دەچێتە پێشەوە. یەکییەتی سۆڤێتیش هەمان کاری کرد، یان وەکو وێنەیەکیتر دەتوانین ئاماژە بە ڕووداوەکەی 11ی سێپتەمبر ودوهااتەکانی بکەین.

2-خودی ئاڵۆزبوونی چەمکی ئاسایش و ئاسایشی نەتەوەیی بۆتە هۆکارێك و کۆسپێك کە لێکۆڵەرانو توێژەران کەمتر خۆیان لەو بابەتە بدەن.

3- لایەنی ڕیالیستی یان واقیعگەرایانەی چەمکی ئاسایش کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ سیاسەتی واقیعیدا بەرەوڕوو دەبێتەوەو ئەوەش خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتداراندا رووبەڕوو ببێتەوەو تەنانەت زۆرجاریش لە بەرژەوەندییەکانی لایەنێك یاخود سیستمێك یاخود وڵاتێك بدات.

پێناسەکان:

تا کۆتاییەکانی شەڕی سارد، ئاسایشی نەتەوەیی بەواتای سەربازی پێناسە دەکرا، ئاسایشی نەتەوەییش هەر بە پاراستنی سنوورەکانی وڵات دەوترا جاربەجاریش بەسەرکەوتنی شۆڕشو راپەرینە ناوخۆییەکانی وڵاتان دەوترا. بەڵام بەکۆتاییهاتنی شەڕی سارد زۆربەی وڵاتانی جیهان، بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەو باوەڕە گەیشتن کە ئاسایشی نەتەوەیی چەمکێکی فرەڕەهەندە (Multi-dimensonal). ئەگەرچی بەشێکی زۆر لەسیاسییەکان پێشتر ئاگاداری ئەو ڕاستییە بوون، بەڵام تەنیا خۆیان لێی بەدوورگرتبوو. واتە ئەوەش هۆکاری خۆی هەبوو، هەموو قورساییەکە کەوتبوەسەر تەوەری سەربازیو پاراستنی سنوورەکانو پاراستنی هێمنی وڵاتو ئەوەش کاکڵی واتای ئاسایشی دەگەیاند. بەڵام هەروەك ئاماژەی پێکرا ئاسایش فرەڕەهەندەو هەر رەهەندەش پێناسەی تایبەتی خۆی هەیە. لێرەدا بەپێی فەرهەنگە سیاسییەکەی (داریوش ئاشوری) ئاسایش یان (Security) لە زاراوەدا، حاڵەتی پارێزراوبوون لە هەر چەشنە هەڕەشە یاخود هێرشێك، یاخود ئامادەیی بۆ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ هەرچەشنە هەڕەشەو هێرشێکدایە. لەناوەرۆکی سیاسیو یاساییدا بە چەشنی "ئاسایشی تاکەکەسی"، "ئاسایشی کۆمەڵایەتی"، "ئاسایشی نەتەوەیی"، و"ئاسایشی نێونەتەوەیی"دا بەکار دەهێنرێت.

هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە ئاسایشی تاکەکەسی یان (individual security) حاڵەتێکە کە  تیایدا تاك بەبێ ترس لە زیان لێکەوتن بەگیان یان کەسایەتی خۆی یان لەدەستدانی ئەوانە بژێ.

ئاسایشی کۆمەڵایەتی (social security) بریتییە لە خۆپاراستن لەهەموو چەشنە ترس‌و مەترسییەکی گشتگیر کە لە لایەن دەوڵەتەوە بەشێوەیەکی نایاسایی یان کەس‌و گرووپ‌و دەزگایەکەوە بەرەو ڕووی کۆمەڵگا یان بەشێك لە کۆمەڵگا دەبێتەوە، دەوڵەتە دیموکراتەکان بەدانانی چوارچێوەیەکی یاسایی هێڵی سوور بۆ ئەو کردەوانە دادەنێن کە دەبنە هۆی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵگا، تەنانەت ئەو سنوورو یاساو هێڵە سوورانەش بۆ بیاڤی سیاسیش دادەنرێن.

ئاسایشی نەتەوەیی (national security) ئەم چەشنە حاڵەتێکە کە نەتەوەیەك مەترسی لە دەستدانی گشت یان یەکێك لە دانیشتوان، دارایی، یان خاکی هەبێت.

لەم بارەیەوە یاسا نێونەتەوەییەکانی ئەمڕۆ سنوورو مافی ئازادییەکانی دەوڵەتیان پێناسەکردوەو سنووریان بۆ داناون، لە بەرامبەر دەستدرێژی‌و داگیرکەریی وڵاتاندا یاسا دانراوە. لە هەمانکاتدا هەر ئەو سەرچاوەیە ئاماژەشی بەوە کردوە کە لە ناوخۆی وڵاتاندا ئەو یاسایانەی کە بۆ لە بەرچاوگرتنی ئاسایشی نەتەوەیی پێویستن لەبەرچاو نەگیراون، بۆ وێنە لە ناوخۆی وڵاتاندا بەتایبەت لە وڵاتانی دیکتاتۆرو تۆتالیتاردا جۆرێك لە پۆلیسی سیاسی یان ئاسایش، بوونی هەیە کە مەبەستی پشتگیری لە کارتێکەریی فاکتەری سیخوڕو بە پێی پێناسەی دەسەڵاتداران کەس‌و گرووپی تێکدەر بوو، بەڵام لە بنەڕەتدا مەبەست سەرکوتی دەنگی جیاوازو کەس‌و لایەنە ناڕازییەکان‌و ئۆپۆزسیۆن بوو.

بە پێی ئەو پێناسانە هەرچەند حکومەت "تۆتالیتارتر" بێ، دەسەڵات‌و دژکردەوەی ئەو دەزگایانە توندوتیژتر دەبێت. ئەو چەشنە سیستەم‌و حکومەتانەش نەیاران‌و ناڕەزایانی خۆیان بەردەوام لەژێر ناوی "دووژمنانی ئاسایشی نەتەوەیی"دا یان بەناو و ناتۆرەی دیکە سەرکوت دەکرد.

ئاسایشی نێونەتەوەیی (international security) حاڵەتێکە کە حکومەتەکان باڵانسی نێوان خۆیان ڕابگرن‌و بە بێدەستێوەردان لە کاروباری یەکتریدا، بارودۆخی هێمنی ناوچەیی‌و جیهانی ڕابگرن. هەرکات یەکێك لە هێزەکان پێ لە سنووری خۆی پتر بکێشێتە دەرێ، لە ڕوانگەی هێزو دەوڵەتانی دیکەوە، بەتایبەت نەیارەکانیانەوە ئاسایشی نێونەتەوەییان خستۆتەبەر هەڕەشەو مەترسی‌و ئەو حاڵەتەش زۆرجار دەبێتە هۆی شەڕو پێکدادان. ئاسایشی بەکۆمەڵ (collective security) ئەو چەشنە لە ئاسایشیش لە ڕوانگەی زانستنامەی سیاسی داریوشی ئاشوریەوەیەو  بریتییە لە بنەمای پاراستنی ئاشتی نێونەتەوەیی و بۆ ئەوەش گەرەنتی زۆر نیە، هەوڵە هاوئاهەنگەکانی وڵاتان لەوبوارەدا، بەتایبەت تێکۆشانی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان‌و لە هەموویان گرنگتر ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بەگەرەنتی ئەو حاڵەتە دادەنرێت.

بەڵام ئەوانە کۆمەڵە  پێناسەیەك بوو بۆ ئاسایشی نەتەوەیی‌و بەگشتی ئاسایش، لە ڕوانگەی زانستیانەی داریوش ئاشورییەوە. بەڵام بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی چەمکەکە پێویستیمان بە پێناسەی دیکە هەیە، بۆ وێنە لە پێناسەی ئاسایشی نەتەوەییدا "مۆرتۆن بێرکویتز" (Morton Berkowitz) دەڵێ: " ئاسایش بریتیە لە توانای نەتەوەیەك بۆ پاراستنی بایەخە نێوخۆییەکان لە بەرامبەر هەڕەشە دەرەکییەکاندا.کەسانێك وەکو جیمز مدیسۆن (James Madison)، پالرز بێرد (charles beard)، هانس مورگینتا ( hans Morgentha)و زۆرکەسی دیکەش لەو بوارەدا زۆر تێکۆشاون. واڵتر لیپمەن (walter lippmann) یەکێکی

دیکەی ئەو کەسانەیە کە روانگەکانی لەمەڕ ئاسایشی نەتەوەیی بایەخداران. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە "نەتەوەیەك کاتێك خاوەنی ئاسایشی نەتەوەییە کە ناچار نەبێ بەرژەوەندییە ڕەواکانی خۆی لەبەر توش نەبوون بەشەڕەوە فیدا بکاتو تەنانەت ئەگەر پێویستیش بوو، بتوانێ بەرژەوەندییە ڕەواکانی خۆی بەهێزی سەربازیو توانایی شەڕکردن بپارێزێت". ئەم پێناسانەو دەیان پێناسەی دیکە دەتوانن گۆشەنیگایەك بن بۆ چەمکی ئاسایشو ئاسایشی نەتەوەیی.

**چەمکی ئاسایشو ئاسایشی نەتەوەیی لە سەردەمانی شەڕی سارددا:**

هەروەك پێشتر باسمان کرد، چەمکی ئاسایشو ئاسایشی نەتەوەیی چەمکێکی گۆڕا نخوازەو لەگەڵ چرکەکاندا بەهەڵوێستو بڕیارەکانو بەکردەوەو دژکردەوەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، لە چوارچێوەی پراکتکیکیشدا پێویست بەگۆڕانو دەستکاری دەکات، بەڵام ئەوەیە کە وەکو پێشمەرجێك بۆ چوونە ناواخنی باسەکەوە، پێویستە ئاوڕێك لە بارودۆخی ئاسایش لە شەڕی ساردو پاش شەڕی سارد بدەینەوە. دەتوانین بڵێین ئاسایش لە جیهانی سێهەمدا، بەتایبەت لە سەردەمانی شەڕی سارددا، هەروەك پێشتر بەکورتی ئاماژەمان پێکرد ئاسایشو ئاسایشی نەتەوەیی لەو سەردەمانەدا جگە لە ڕەهەندی سەربازیی، واتایەکی دیکەی نەبوو، واتە دوا واتاکانی ئەو چەمکە ئێستا لەگەڵ ئەو سەردەمانەدا لە ئەدەبیاتی سیاسیو لە بزاڤی سیاسییدا دەکرێ بڵێین لانیکەم 90٪ گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. لەسەردەمانی شەڕی جیهانی دووەمدا، مەترسی فاشیزم و نازیزم جیهانی خستبوە نێو ترسو دڵەراوکێیەوە. پاشان هەڕەشەو مەترسییە ئەتۆمییەکان بەچەشنێکی دیکە ئێکۆسیستمی خستبوە بەر هەڕەشەوەو جیهان لەژێر تەوژمی ترسی تێکنۆلۆژیادا بوو.

لێرەدابوو کە تێزو تیۆری بەرگریی سەربازی یان ئاسایشی سەربازی بە تەواوی لایەن ڕەهەندەکانی دیکەی ئاسایشی خستبوە ژێر ڕکیفی خۆیەوە. ئەو بیرۆکەیە تا کۆتاییەکانی شەڕی ساردو ڕوخانی دیواری بێرلین بەردەوام بوو، لەوماوەیەشدا وڵاتانی جیهان کە زۆربەیان دابەش ببوون بەسەر هەردوو بلۆکی سۆسیالیستیو سەرمایەداریدا، بەتەواوی کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو دوو بلۆکەوە و ساتو سەوداو مامەڵەی چەك کەوتبوە سەرەوەی هەموو بابەتەکانی دیکەوە. بازاڕی چەكو چەك فرۆشی گەورەترینو قەرەباڵغترینو بەسوودترین بازاڕ بوو بۆ سەرکردایەتی هەردوو بلۆك، هەر وڵاتە هەوڵی دەدا هێز و توانای بەرگریی ستراتیژیی خۆی بۆ دەربازبوونو بۆ پارێزراو بوون لە هەرچەشنە هەڕەشەك بەهێزتر بکات. لانیکەم لەو سەردەمەدا هەر وڵات بەبێ نێونجی (25٪ تا 30٪)ی بودجەی وڵاتی سەرفی بواری سەربازی دەکرد. ئەم ژینگە سەربازییە پاش هەڵوێستە مێژووییەکی میخائیل گۆرباچۆف تاڕادەیەك هێمنتر بۆەوە لەئاکامیشدا کۆتایی پێهات.

گۆرباچۆڤ ڕاستەوخۆ پێچەوانەی هەڵوێستی نیکیتا خرۆشچۆف لە کۆنگرەی بیستەمی حزبی کۆمۆنیستدا، لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی 27ی حزبدا بەمشێوەیە لەسەر شەڕ قسە دەکات: ناوبراو سۆسیالیزم شەڕ وەکو ئامرازێ بۆ چارەسەری کێشەکان بە کاراکتەرێکی هەڵە دەزانێت، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانجی یەکییەتی سۆڤێیەت جیهانێکە بەبێ شەڕو دوور لە توندوتیژیی. جیهانێك کە تیایدا هەر نەتەوەیەك بتوانێ ئازادانە ڕێگای گەشەو پێشکەوتنی خۆی هەڵبژێرێت.

بەم هەڵوێستەی گورباچۆڤ ژینگەیەکی دیکەی جیاواز باڵی بەسەر جیهاندا کێشا، گوتاری "دیالۆگ-دیپلۆماسی" هاتە مەیدانەوە. دیارە ئەوەش کۆمەڵێك پێشەکی وەکو هاتنە ئارای پەیماننامەی "سالت" لە مۆسکۆ، لە ڕێکەوتی 26ی ئایاری 1972 لەدووکۆپیدا، یەکێك بەزمانی ئینگلیزیو ئەویتریان بەزمانی ڕووسی کە هەردوو

دەق متمانەیەكی یەكسانیان هەیە، لە نێوان ڕیچارد نیكسۆنی سەرۆك كۆماری وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاو لیۆنید برژنێفی سكرتێری كۆمیتەی ناوەندی پارتی كۆمۆنیستی یەكیەتی سۆڤێیەتدا ئیمزا كرابوو. پاش ئەو گۆڕانكارییانەی كە لە تەوەری ئاسایشی سەربازیی جیهانی هاتنەئاراوەو بە پەرەسەندنو بایەخ پەیداكردنی تەوەری گوتاری" دیالۆگ-دیپلۆماسی" ژینگەی ڕوانگەیی بۆ چەمكی ئاسایش، گۆڕانی زۆری بە سەرداهات. ئەمجارە ڕێبەرانی جیهان ئیدی كێشەی ئاسایشیان نەك تەنیا بە كێشەیەكی سەربازی بەڵكو بەكێشەیەكی سیاسی- سەربازی دەزانیو ئەوكاتەش لە ڕەهەندی نێونەتەوەییەوە سەیریان دەكرد.

## كۆماری ئیسلامیو بابەتی ئاسایش:

دەسەڵاتدارانی كۆماری ئیسلامی لە یەك ڕەستەدا ڕوانگەی خۆیان دەردەبڕن "بوونی ئاسایش لە سیستمی حكومەتی كۆماری ئیسلامیدا بەستراوەتەوە بە نەبوونی ئاسایش لە وڵاتانی دیكەدا"، ئەوەش لەكاتێكدایە كە بڕوابوون بە ئاسایش لە هزری ئەواندا بریتییە لە ستراتیژی سەربازی كۆماری ئیسلامی. لە هەمانكاتیشدا دەقی وتەیەكی "جۆزیف ستالین"مان بیر دێتەوە لە مەڕ ئاسایشی نەتەوەیی كە ئێژێت: "ئاسایشی سۆڤێیەت پەیوەندی بە نەبوونی ئاسایش لە وڵاتانیتردا هەیە".

بە پێی ئەم پێناسەو بۆچوونەی كۆماری ئیسلامی ئێران لەمەڕ ئاسایشی نەتەوەیی، دێینە سەر ئەو قەناعەتە كە لەستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەییدا یەكییەتی سۆڤێتی پێشووی كردۆتە پێشڕەو.

تیۆرسیتەكانی بواری ئاسایشی نەتەوەیی كۆماری ئیسلامی ئێران، چەمكی ئاسایشی بۆ دوو تەوەر دابەش دەكەن:

1-تەوەری نێوسیستمی"

2-تەوەری دەرەوەی سیستمی.

تەوەری نێوسیستمی تارادەیەكی زۆر ڕوونو ئاشكرایە، واتە ئەو تەوەرە هەمان پاراستنی ئاسایشی سەربازی كۆماری ئیسلامی لە ئاستی ناوخۆدایە. تەوەری دەرەوەی سیستمیش باس لەتیۆری پاراستنی بەرژەوەندییەكانی وڵات یان حكومەتو سیستم لەدەرەوەی سنوورەكانی خۆیدا دەكات. ئەو خاڵەی كە لەم بەشەی باسەكەدا زۆرتر جێگای سەرنجو لێوردبوونەوەیە، ئەوەیە كە ئاسایشی نەتەوەیی لە ئەدەبیاتی سیاسی كۆماری ئیسلامی ئێراندا ڕاستەو ڕاست بەواتای پاراستن یان مەوجودیەت (بوونو مانەوە)ی سیستمی كۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆیدا وەكو سیستمێكی شۆڕشگێڕو دەسەڵاتداری ئایدۆلۆژیاییە. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەش دەتوانین ئاماژە بەوتارێكی ڕۆژی هەینی (حوجەتولئیسلام عەلی ئەكبەری هاشمی ڕەفسەنجانی" بكەین كە ئێژێ:"ئێمە بۆ پاراستنی سیستم (سیستمی كۆماری ئیسلامی)و بەرژەوەندییەكانی، ئامادەین تەنانەت چاوپۆشی لە فەرزە دینییەكانیشمان بكەین".

واتە ئەوە پیشان دەدات كە ئاسایشی نەتەوەییو ڕەهەندەكانی گرنگە و لە حاڵەتێكی وادا نەتەوە تەنیا دەستئاوێزێكە بۆ گەیشتن بەئامانجەكانی دیكە. حكومەتی كۆماری ئیسلامی هەروەك باسمان كرد، هەوڵ دەدا نەتەوە و نەتەوەگەراییو یەكییەتی نەتەوەیی بكاتە ناوەندی بازنەی ئاسایشی نەتەوەیی و بەردەوام تێزەكانی لە سەر ئەو بنەمایە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی نوژەن بكاتەوە.

هەمووان دەزانین ئێران لە بواری چەشنی پێکهاتەوە وڵاتێکی فرەنەتەوەیە (Multi nation)، هەر ئەو تایبە تمەندییەش بۆتە ئامرازێك کە نەك تەنیا کۆماری ئیسلامی، بەڵکو رژێمەکانی پێشووش بەردەوام ئەو سیاسەتە پەیڕەو بکەن کە خودی ئەو سیاسەتەش کاراترین ئامراز بوە بۆ سەرکوتی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە وڵاتەکەدا.

لەو پەیوەندییەدا "شەهرام چوبین" لە سیاسەتی ئاسایشی ئێراندا دەبێژێ کە لە سیاسەتی ئاسایشی کۆماری ئیسلامیدا، لە نێوان ئایدۆلۆژی و بەرژەوەندی نەتەوەییدا جۆرە مەودایەك هەیە. لە تەوەرو بیاڤی نێو پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا سیستم خاوەن سێنترالیزمێك نیە کە تەوەری بڕیاردەریو هەڵوێست وەرگریی ڕوونو دیار بێت، ئەوەش پێچەوانەی بەشێکی زۆر لەوڵاتە خاوەن ئایدۆلۆژی یان بڵێین سیستمە ئایدۆلۆژیاکانە. واتە لەرواڵەتدا پێکهاتەیەك پێکهاتەیە و بڕیاردەری سەرەکی، فەرماندەری گشتی هێزەکان (فرمانده کل قوا)، جێگری خودا لە سەر زەویدا (ولایەتی موتڵەقەی فەقیە)یە کە ئێستا ئایەتوڵڵا سەید عەلی خامەنەئییە. واتە لە چوارچێوەی گشتیدا ئەو پێگەیەیە کە بڕیاری سەرەکی لە کاروبارە گرنگەکاندا دەدات. ئەویش بەپێی ئایدۆلۆژی سیستمی کۆماری ئیسلامی، ئەرکی سەرشانیەتی لە هەر کارێکداو لە هەر کێشەیەکدا بەپێویستی بزانێ ئەوا ڕاستەوخۆ دەستێوەردان بکات و بڕیاری لێبڕاندنەوە و کۆتایی بدات. بۆ ئەو چەشنە کردەوەو دژکردەوانەش، فاکتەرو بەڵگەی سەرەکی پاراستنی ئاسایشی وڵاتو پاراستنی تەواویەتی خاکی وڵاتەکەیە لە هەڕەشەو مەترسی. لەوبوارەدا دەتوانین ئاماژە بە بەڵگەیەکی گرنگ بکەین، ساڵی 2001 وڵاتە یەکگرتوەکان سیاسەتێکی پەیڕەو کرد لە چوارچێوەی ڕاپرسییەکدا لە ئاستی وڵاتانی جیهاندا، بە چەشنێك کە لەو ڕاپرسیەدا چەندین پرسیار داڕێژران کە بە پێی ئەو پرسیارانە راوبۆچونی خاوەن تێڕوانینەکان لە مەڕ شەڕی دژە تیرۆری وڵاتە یەکگرتوەکان لە ئاستی جیهاندا، پاش ڕووداوەکانی 11ی سێپتامبەر چییەو لەو بارەیەوە چ ڕەخنەو چ پێشنیارێکتان هەیە؟ یەکێکی دیکە لەو پرسیارانە پرسیارێکی چەند وەڵامی بوو بۆ خەڵکی ئەو وڵاتانە لە مەڕ پەیوەندی وڵاتەکەیان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا.

پرسیاری دووهەم لە ئێراندا لە لایەن چەند ڕۆژنامەوانێکەوە خرایە بەرباسو ڕاپرسییان بۆ کرا، لە ئاکامی ئەو ڕاپرسییەدا نزیکەی (80٪)ی خەڵکی ئێران خوازیاری وتووێژو پەیوەندی لە سەر بنەماکانی دیپلۆماسی نێودەوڵەتی بوون لە گەڵ وڵاتە یەکگرتوەکاندا، بەڵام ئاکامەکەی چی لێهات؟ (ئایەتوڵڵا خامەنەئی) ڕێبەری سیستمی کۆماری ئیسلامی لەوتارێکدا کە لە ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاوکرایەوەو تەنانەت لەئاستی جیهانیشدا دەنگی دایەوە، رایگەیاند ئاکامی ئەو ڕاپرسییە ڕەت دەکەمەوە، ئەوانەی کە ئەو ڕاپرسییەیان کردوە فاکتەری سیخوڕیی ڕۆژئاواو بەتایبەت ئیمپریالیزمی ئەمریکانو خوازیاری شۆرشی مەخمەڵی(ڕەنگاو ڕەنگ)ن. لە درێژەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە خەڵکی وڵات لە بواری عەقڵو شعوورو مەعریفەوە منداڵو خامو پێنەگەیشتووین، هەربۆیە پێویستیان بە گەورە هەیە کە چارەنووسیان بۆ دەستنیشان بکاتو، هەر لە سەر ئەو بنەمایەشە کە ئەو ڕاپرسییە بەهەڵە دەزانم، دژبەئاسایشی وڵاتی دادەنێمو وتووێژ لە گەڵ شەیتانی گەورە (ئەمریکا) ڕەت دەکەینەوە.

جێی ئاماژەپێدانە کە ئەو ڕاپرسییەش بەشێکە لە گەڵاڵەنامەیەك کە ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا ئامادەی کردوە، واتە ئەو ئەنجومەنەی کە یەکێکە لە گرنگترینو بەبڕشتترین ناوەندی بڕیاردەری ئەمریکا لە بواری ئاسایشی نەتەوەییو سیاسەتی دەرەکی وڵاتە یەکگرتوەکاندا، ئەم ئەنجومەنەیە پاش ڕووداوەکەی 11ی سێپتامبەر، گەڵاڵەیەکی لەژێرناوی (ئاسایی کردنەوەی دیپلۆماسی خەڵکی ئەمریکادا) ئامادە کرد و پێشکەش بە

بوش کرا. دوای ماوەیەك ئەم گەڵاڵەیە لە کۆنگرەی ئەمریکادا داڕێژرایەوە و بوو بە یاسا، ئێستاش ئەو گەڵاڵەیە لە مەڕ وڵاتانی جیهان بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست، بە مەبەستی جوداکرنەوەی خەڵك لە دەوڵەتو هەروەها لە پێناو تێگەیاندنیان لەسیاسەتی دژە تیرۆری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو. گەڵاڵەی ناوبراو بەیارمەتی کەسانێکی وەکو هێنری کیسنجەر، جیمز وڵسی، جۆزفیف نایو پتر لە 30کەسی دیکە لەکەسایەتییە زانستیو سیاسییەکان لە هەردوو حزبی دیموکراتو کۆماریخواز داڕێژراوە. دیارە جێگای باسە کە گەڵاڵەی ناوبراو لە چوارچێوەی ڕا پرسی لە ئێراندا بەڕێوەچووبوو ئەویش لە ڕێگای دامەزراوەی (گالوپ Gallup)ەوە بوو کە سەر بە پێکهاتەی حکومەتی ئەم وڵاتەیە. ئەوە یەکێك لەو ڕێگایانە بوو کە هەنوکەش لە نێو ڕاگەیاندنی ئێراندا جێگای باسو وتووێژە. هەروەك حکومەتێکی تاك حزبی چۆن ناتوانێ هیچ چەشنە دژبەر و ڕکەبەرو ئۆپۆزسیۆنێك تەحەمول بکات، هەرواش سیستمێکی ئایدۆلۆژیش ناتوانێ دەنگێکی جیاواز لە خۆی یاخود دەستە و لایەنو هیچ چەشنە بیرێکی جیاواز لە خۆی تەحەمول بکات. حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لەو چەشنە حکومەتانەیە کە لەسەر بنەمای سیستمی کۆماری ئیسلامی، ئایینی ئیسلام، مەزهەبی شیعەی (12) دوازدە ئیمامی دامەزراوەو لە دەرەوەی ئەو پێناسەیەش دەستوری بۆ داناوە. هیچ چەشنە جیاوازییەك قبوڵ ناکات. ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان سنووری خۆیان هەیە، ئازادییە سیاسییەکان سنووری خۆیان هەیە، سیستمی ئابووری لەسەر بنەمای ئابووری ئیسلامییە، کولتورو کاروباری کولتووری لە ژێر چاودێری وەزارەتێکی تایبەتدایە. مێژوو سنووردارو ئایدۆلۆژیای وەزارەتی پەروەردە لە هەموو وەزارەتو کاروبارەکان گرنگترەو سیستمیش بەتەواوی خستویەتە چوارچێوەی ئایدۆلۆژی سەربازی کۆماری ئیسلامییەوە. هەموو ئەو تەوەرانەی ئاماژەمان پێکردن دەبێ لە بێژنگی ئایدۆلۆژی کۆماری ئیسلامییەوە بپاڵێورێن و بەردەوامیش ئەو کارە کراوە.

لە کاتی سەرکەوتنی خەباتی نەتەوەکانی ئێران بەسەر حکومەتی پاشایەتیدا، توێژی ئیسلامییەکان بەهۆی ئەوەی ئەو سەردەمە لە لایەك هێژموونیی چەپ بەسەر ئێراندا زاڵ بوو و بێزاری لە کۆمۆنیزمیش لە بەر ئەزموونەکانی یەکییەتی سۆڤیێت پەرەی ئەستاند و لە لایەکی دیکەوە پەرەسەندنی هێژموونیی ئیسلامی سیاسی یان بە وتەی ئەو کاتە (ئیسلامی شۆرشگێڕانە) ژینگەی سیاسی دەسەڵاتی ئێرانی بە تەواوی داگیرکردبوو، لەو کاتەشدا هەر کام لە کەسایەتییەکانی نێو ئەو شۆڕشە (ئایەتوڵڵا خومەینی، ئایەتوڵڵا شەریعەتمداری، ئایەتوڵڵا خامەنەئی، حوجەتولئیسلام هاشمی رەفسنجانی، ئایەتوڵڵا بەهشتی- حوجەتولئیسلام کەروبی- ئایەتوڵڵا مونتەزێری و...هتد) هەرکام خاوەنی ڕێبازێك بوون، هەرکام خاوەن کۆمیتەیەك بوون، واتە چەندین حکومەتی بچوك بچوکی سەربەخۆ لەچوارچێوەی حکومەتێکی ناڕووندا بوون.

ژینگەی سیاسی ئەو کاتەی ئێران ژینگەیەکی بەتەواوی کۆمیتەیی بوو، بەڵام پاشان پێکهاتنی دەسەڵاتی سەرەکیو پێکهێنانی پێکهاتەی حکومەت، کۆتایی بە تەمەنی ئەو کۆمیتانەو بەشێك لە کەسایەتیەکانیشیان هاتو لە بازنەی دەسەڵاتی سیاسی وەدەرنران و لە سنوورەکانی دەسەڵاتو لە ناوەندی بڕیاردان دوورخرانەوە، ئەم چەشنە کردەوانە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بە (یەکلاکردنەوەی حساباتی ژینگەی سیاسی) بەناوبانگن. بەو پێکهاتنانانە کە خۆی هەڵگری باسێکی تێروتەسەلەو بە پێکهێنانی هاوپەیمانییەك دەسەڵاتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی دامەزرێنرا. بەڵام پاشتر ئەو هاوپەیمانێتییە خۆی تووشی کێشەی نێوپێکهاتەیی بۆوە کە لەوبارەیەوە (سەید حەسەن وەلی پور زرومی) پسپۆڕی زانستی سیاسی ئێژێ:"ساڵەکانی سەرەتای شۆڕش، وڵات ببوە مەیدانی کێبڕکێی نێوان هەردوو گرووپی گشتی دەسەڵاتدار، واتە (میانەڕەوەکان)و (هێزە حیزبوڵاییەکان). میانەڕەوەکان بریتی

بوون له نەتەوەخوازە ئايينييەكان كە سەرەتا لە حكومەتى كاتىو ناوەندە حكومييەكاندا جێگیر بوون، تەنانەت سەرۆك كۆماريشيان بەدەستەوە گرت. هێزە حيزبولڵاييەكانيش، هەرهەمان مەكتەبييە مەزهەبييەكان بوون كە لە رووى بيرو باوەڕى سياسييەوە، پێڕەوى ڕێبەرى شۆڕشى (سيستم) بوون. بە هەڵسەنگاندنى كردەوەى هەردووكيان لە ساڵانى سەرەتادا دەركەوت كە دەتوانين بەم چەشنە لێكدانەوەى بۆ بكەين. لەم نێوانەدا مەكتەبييە حزبوڵلاييەكان بڕوايان بە پەرەپێدانى سنوورەكانى ئاسايشى سيستم هەيە. مەبەست لە ئاسايشى سيستم چييە؟ ئەويش خۆى هەڵگرى باسێكى ديكەيە.

لە هەمانكاتدا نەتەوەخوازە مەزهەبييەكان پتر باس لە ئاسايشى بەرژەوەندى نەتەوەيى دەكەن، بەڵام باسكردن لەئاسايشى نەتەوەيىو مەزهەبيش لەلاى ئەوان ڕاستەو ڕاست بە واتاى پاراستنى يەكييەتى خاكى ئێران بەدەسەڵاتدارييەتى نەتەوەيى فارسو پاراستنى سەروەرى ئيسلامى سياسيى شيعەى دوازدە ئيمامى لە سەر ڕێبازى (خومەينيزم) كە ڕێبازێكى ئايينى شۆڕشگێڕانەيەو بڕواى بە ڕێبازێكى شۆڕشگێڕانەى بناژوويى ئيسلامى لە سەر بنەماى ناردنەدەرەوەى شۆڕش بۆ تەواوى جيهان هەيە، ڕێبازەكە بە پێشڕەوترين ڕێبازى ئايينى-شۆڕشگێڕى دەزانىو لەو بڕوايە دايە كە ئەو ڕێبازە خاوەنى شياوترينو پێشكەوتوانەترين ئايديايە بۆ ڕێبەرايەتى دونياى ئيسلام، هەر بۆيە لەو بڕوايەدايە كە ئەو شۆڕشە نابێ لەنێو سنوورەكانى ئێراندا قەتيس بكرێت، بەڵكو وەكو ترۆتسكى بۆ كۆمۆنيزم دەيوت، ئەوانيش لەو بڕوايەدابوون كە دەبێ ئەو شۆڕشە بنێردرێتە دەرەوەى سنوورەكانى ئێرانو لە پێشدا وڵاتانى ئيسلامى، ڕێبەرى شۆڕشەكەش بە "وەلى ئەمر موسلمين" بەناوبانگە.

هەروەك ئاماژەمان پێيدا، ئاسايشى نەتەوەيى بۆ حكومەتى كۆمارى ئيسلامى بەو ئايدۆلۆژيايەيە كە باسمان كرد، واتە ئاسايشى سيستمى كۆمارى ئيسلامى. لە ئاستى ناوخۆدا ئەو بابەتە ببوە خاڵى پێكدادانى نێوان (ميانەڕەوەكان)و (مەكتەبييەكان)، هەرچى ميانەڕەوەكان بوون پێيانوابوو كە دەبێ لە بيرى دارشتنەوەى ياساى بنچينەيىو ڕێكوپێك كردنەوەى وڵاتدا بن. واتە بە بڕواى ئەوان شۆرش تەنيا لە هەنگاوى يەكەمدا سەركەوتوە، بەڵام چەندين قۆناغى سەركەوتنى ديكەى ماوە. هەرچى مەكتەبييەكانيش بوون لەو بڕوايەدابوون كە شۆڕش سەركەوتووەو كۆتاييشى پێهاتووەو قۆناغى ديكەى شۆرش دەست پێدەكات كە ئەويش شۆڕشى بێ كۆتايى پەرەپێدانى ئيسلام لە ئاستى جيهانيدايە،ـ تێز و كاريان لەو بارەيەوە سياسەتى هەنگاو بەهەنگاو يان سەنگەر بەسەنگەر بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ناوەندەكانى دەسەڵات كە پێشتر باسمان كرد، واتە كۆميتەو كۆميتەچييەكان لەهەمبەر نەيارانو جودابيران وەكو دووژمنانى شۆڕش (زێدى ئينقلاب) دەجوڵانەوەو "موهەنديس بازرگان" سەرۆك وەزيرانى ئەوكاتە لە پەيامێكى تەلەفزيۆنيدا لە ڕێكەوتى (1357/12/9)دا لەمەڕ كۆميتەكانى شۆڕش كە بەناوەندە شۆڕشييەكان ناودێر دەكران وتى:" كۆميتەكانى ئيمام خومەينى و گرووپە توندڕەوەكان مەترسييەكى گەورەن لەبەرامبەر حكومەت شۆڕشدا". چەند ڕۆژ دواتريش وتى كە دەبێ سەرەتا بەدواى كۆميتەكان بكەوين و دەستو باڵيان ببەستين[1]. مەبەست لەو وتانەى موهەنديس بازرگان ئەوەبوو كە ئەو كۆميتانە هەركات بە دەسەڵاتێكى ڕەهاوە كاريان دەكردو فايليان بۆ كەسو لايەنگەرى جۆراوجۆر سازدەكردو دەيانڕفاندنو پاشان لە دادگاى كۆميتەى خۆياندا دادگاييان دەكردنو سزاى لە گوللەبارانيان بەسەردا دەسەپاندن. ئەو كارانەشيان لەژێر ناوى پاراستنى ئاسايشى سيستم، نەتەوەو وڵاتدا جێبەجێ دەكرد. جێى ئاماژەپێدانە كە هەر لەبەر گرتنەبەرى

[1]-م. مهدى، انقلاب اسلامى در مقايسه با انقلابهاى فرانسەو روسيه، بى جا، ناشر مولف، 1374، ص 235.

هەڵوێستگەلی لەو چەشنە، موهەندیس بازرگان کەوتەبەر هەڕەشەو مەترسیو پاشان بەهۆی ئەوەوە یان باشتر بڵێین بە بیانوی هاوکاری نەکردنی سیستم لەگەڵ حکومەتدا، بەفەرمی دەست لەکارکێشانەوەی نووسیو پێشکەشی حکومەتی کرد. لە ئاکامی پێکدادانی ئەو دوو باڵە سەرەکییەی نێو دەوڵەتدا، لایەنی مەکتەبیە حیزبوڵڵاییەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێناو دەسەڵاتی ڕەهایان گرتە دەست. ئەو بنەما گشتییانەی هێزە شۆڕشگێڕەکان کە بە مەکتەب یان حیزبوڵڵا ناسرابوون، وەرگیراو لە هزرو ڕێبەری شۆڕش(خومەینی)دا بوون، بریتی بوون لە:

1-باوڕ بە بنەمای ولایەتی فەقیە"

2-پێداگری لەسەر پاراستنی بنەماو پێوەری ئایدۆلۆژیای باوڕمەندی، بەرلەوەی باوەڕیان بەسەرکەوتنی قۆناغەکە هەبێت"

3-پەسەندکردنی ئیسلام وەکو مەکتەبێکی تەواو و کەماڵ کە دەتوانێ لە هەموو کاتو شوێنێکدا بەڕێوە بچێت"

4-باوڕ بە پێداگری لەسەر بنەمای فیداکاریو لەخۆبوردنو شەهیدبوون لەڕێگای ئامانجدا کە دەبێتە هۆی ئەوەی هیچ دەسەڵاتو هێزێك توانای بەربەرەکانێی لەگەڵ ئەواندا نەبێت، تەنانەت کەس نەتوانێ بیر لە بەربەرەکانی لەگەڵیاندا بکاتەوەو مەترسیو ترسیان لە هیچ هێزێکی ماددی نەبێت"

5-خۆ دوورخستنەوە لە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواو دژایەتیکردنیان تا لەناوبردنی یەکجارەکی (استکبار)"

بەسەرنجدان لەو پێنج بنەمایە، دەتوانین لە بەشێك لە پێکهاتەی ئێستراتژی ئاسایشی "سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێران تێبگەین. خاڵی (2،3) دووخاڵی تەواوکەری یەکترن. پێداگری لەسەر بنەما ئایدۆلۆجیاییەکانی سیستم بەر لە بیرکردنەوە لە سەرکەوتنە قۆناغییەکان ڕاستە سەرەتایەك بوو بۆ بە ئەکادیمیکردنی ئەو بیروباوەڕە، ئەو کارەش بەتێکەڵکردنی ناڕاستەوخۆی حەوزە و زانکۆ، واتە یەکگرتنی حەوزە ئیسلامییەکان لەگەڵ زانکۆکانو ناوەندەکانی خوێندنی باڵادا بوو. ئەو کارەش بوە هۆی ئەوەی کە نەوەیەکی بەهێزتر لەنەوەی شۆڕش بۆ ئایندەی سیستمەکە پەروەردە بکەن، هەربۆیە ناوەندێکی ئیسلامی وەکو (حەوزەی عیلمیەی قوم) گەیشتە ئاستێك کە بانگەشەی کێبەڕکێی لەگەڵ زانکۆی ئەزهەردا دەکات. لە پاڵ ئەوەشدا چەندین ناوەندو فێرگەی ڕاهێنانو بارهێنان سازکران کە تایبەت بە بارهێنانی کەسانی گیانفیدا، فیدائی ئیسلامو (ایسارگران)و (شهادت تەلبان) بوونو مەبەست لە بارهێنانی ئەوانەش لە خاڵی سێهەمدا دەردەکەوێت، واتە لە سەر بنەمای تێزی (ناردنە دەرەوەی شۆڕش). ئەو ئایدۆلۆژیای شیعەی دوازدە ئیمامی پەیڕەوی ولایەتی موتلەقەی فەقیەیە. بە پێی شیکردنەوەی خاڵی چوارەم، ئەوانەی بەو چەشنە پەروەردە دەکرێن ئامادەی بەڕێوەبردنی ئەرکی بنەمای سیستم دەبن، واتە گەیاندنی یارمەتی بۆ هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی ئیسلامی سیاسی شیعی لە سەرتاسەری جیهانو زۆرجاریش هەرچەشنە بزووتنەوەیەکی ئیسلامی کە بەرەوڕووی دووژمنان واتە (استکبار) ببێتەوە. بەتێڕامان لەخاڵی چوارەم، ئەو مەبەستە هەڵدەهێنجین کە تەنیا لە بەرامبەر هێزێکی خۆکوژیدایە کە هیچ هێزێك ناتوانێ خۆڕا بگرێت.

هەر لە بابەتی ئاسایشی نەتەوەیی لە سیستمی ناوخۆییدا، تیۆریستەکانی سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێران باس لەوە دەکەن کە لە سەردەمی پاشایەتیدا، گوتاری "پەهلەویزم"، ڕاستەو ڕاست باس لە ئاسایشی بنەماڵە دەکاتو ئاسایشو دەسەڵات ئەو واتایەی لەگەڵ سیستمەکەیدا دەگەیاند. ئاسایشی ڕەها بە سەر کۆمەڵگادا زاڵ بوو، یان بە پێناسەیەکی دیکە تیۆری ئاسایش ڕاستەوخۆ لە لایەن دەزگایەکی سەرکوتکەر وەکو (ساواك)ەوە پراکتیزە دەکرا. سێبەری قورسی ئاسایشی نەتەوەیی بە پێناسەی ئەوکاتو ئەوچەشنە، وڵات و کۆمەڵگاو بەتایبەت نەتەوەکانی دیکەی خستبوە ژێنگەی ترسو خۆفەوە. کۆمەڵگا بەگشتی کۆمەڵگایەکی ئەمنیستی بوو کە ڕێگەی بە

هیچ دەنگ و جۆر و ڕەنگێکی دیکە نەدەداو کەمترین ناهاوئاهەنگی لەگەڵ سیستمی پاشایەتیدا لەچاو و گوێیەکانی دەزگای ساواك نەدەشاردرایەوە. بەکرێگیراوان و پیاوانی ساواك تەنانەت پاش ڕووخانی حکومەتی پاشایەتی بۆ دەست ون کردن، کردەوەی ڕفاندن و تیرۆرکردنیان درێژە پێدا.

تیۆریسینەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئێستا زۆربەیان سەر بەهەمان باڵی مەکتەب بوون، حزبوڵڵاییەکانن کە لە ڕوانگەیەکی ئەکادیمی و پسپۆڕانەوە بارودۆخی ئاسایشی سیستمی پاشایەتی لێکدەدەنەوەو دەیخەنە ژێر تیشکی ڕەخنەوە.

لە ڕاستیدا حاشا لەوە ناکرێ کە بە لێکدانەوەیەکی زانستیانەو خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی پێکهاتەی دەسەڵاتیو سیستمی حکومەتی (پەهلەویزم)و هەڵسەنگاندنی لەگەڵ پێکهاتەو سیستمی حکومڕانی (خومەینیزم)دا، بۆمان دەردەکەوێ کە لە کۆی پێکهاتەو سیستمی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا، جیاوازییەکی ئەوتۆ نابیندرێت. واتە بەسەرنجدان لە سیستمی بەڕێوەبەریی دەسەڵات لە سیستمی پاشایەتیدا بۆمان دەردەکەوێ کە حکومەت، حکومەتی (توتالیتاریزم) بوە. واتە ئەو دروشمە دروشمی سەرەکی فەرمانڕەوایی بوو: "خودا، شا، نیشتیمان". خودا لە سەرەوە، پاشان پاشا سێبەری خودا بوو لە سەر زەوی، وڵاتیش لەژێر چاودێری سێبەری خودادا بوو. لە وڵاتیشدا هەموو شتێك دەبووایە لە چوارچێوەی ئەو دروشمەدا لێکدرابایەوە. سیستمی کۆماری ئیسلامیش تەنیا چەند جیاوازی بچوکی لەگەڵ سیستمی پاشایەتیدا هەیە. واتە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا "خودا، نوێنەری خوداو وڵاتە" ڕێبەری سیستم بە"وەلی ئەمری موسلمینی جیهان" بەناوبانگەو وەلی فەقیەو نوێنەری خوداو ئیمامی زەمان "حەزرەتی مەهدی"یە لە جیهانو بەتایبەت دنیای ئیسلامدا. کەواتە پەیوەندییەکی بەهێزی فەلسەفی لە نێوان ئەو دووچەشنە حکومەتەدا هەیەو بەهێزترین هۆکارێك کە بوە هۆی ڕووخانی سیستمی پاشایەتی، کێشەی دەسەڵات بوو لە نێوان ئایینیو نەتەوەخوازە ئایینییەکان لە لایەكو سیستمی پاشایەتیو سەڵتەنەتیو مەشروتەخوازەکان لە لایەکیترەوە. بەدەر لەوە هەردوو سیستمو حکومەت، دوو سیستمو حکومەتی هەڵنەبژێردراو بوون.

محمد رەزا تاجیك ئاسایشی باڵا (پاراستن)ی دەبەستێتەوە بە (پەرەپێدانەوە)، لە ناوەندی گوتاری ئاسایشیدا پارێزگاری لە (بەهاکان)ی جێگیر کرد. ئاسایشو پاراستن، پاراستنی ئاسایشی سیستمە، واتە ئەو سیستمەی کە دوای شۆڕش پێکهاتبوو. مەبەست لە "پەرەپێدان"یش، پەرەپێدانی ئەو تەوەرە ئاسایشییەیە کە لەو سەردەمەدا کەووتبوە ئاراوە. ئاسایشێك کە بە پێناسەیەکی سەربازییەوە داڕێژرابوو، وڵات لە لایەك لەژێر دروشمی ناردنە دەرەوەی شۆڕشدا لەگەڵ عێراقدا تووشی شەڕێکی پڕخەسار بوو کە دنیای عەرەبو ئیسلامی سوننەی لە پشتەوە بوو، لە لایەکی دیکەوە بە دروشمی "نەرۆژهەڵات، نەرۆژئاوا" یاخود دروشمی (نەشەرقی، نەغەربی، جمهوری اسلامی) هەموو دەرکە دیپلۆماسیو سیاسیو ئابورییەکانی بەڕووی خۆیدا داخستبوو، لە لایەکی دیکەشەوە بە هەڕەشەکانی ئیمامانی ڕۆژی هەینی لە مینبەرەکانەوە لە کۆمەڵگای جیهانی، تادەهات پتر دەوڵەتانی جیهانیان لە خۆیان دوردەخستەوە.

ژینگەی ئاسایشی ناوخۆیش تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو، سیستمیش بەباسێکی سەربازیو پۆلیسی نهێنییەوە قۆڵی لە سەرکوتی دەنگە نەیارەکانو ڕەنگە ئازادیخوازییەکان هەڵماڵیبوو. لە ساڵی (1358)ی هەتاویدا بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە چەشنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵەی بەدەستکردی (استکبار) زانیو ڕێبەرانی ئەو بزوتنەوانەی بە نۆکەری ئامپریالیزم ناساند. پتر لە (3000) سێ هەزار بنکەی سەربازی تەنیا لە

چەشنی بنکەو زیاتر لە (300) هەزار هێزی چەکداری بە هەموو توانایەکەوە لە کوردستان جێگیر کرد کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ بەرێژەی (3/2) دوو لەسەر سێی ئەو هێزانە واتە (200) هەزار کەس هەر لە جێی خۆیاندان.

دەتوانین بڵێین ئەوە تەنیا وێنەیەك لە نەتەوەیەکی ئێران و گۆشەیەکی ئەو وڵاتە بوو، ئەگەرنا لە نێو عەرەبەکان، تورکەکان هەم لەبەر هۆکاری نەتەوەیی و هەم مەزهەبی، ئازەرییەکان، بەلوچەکان و عەرەبەکان و کەمینە ئایینییەکانی دیکەدا ئێمە شاهیدی ئەو چەشنە لە پێناسەو دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیین لە ئێراندا.

هەر لەو پێوەندییەدا د. محمد رەزا تاجیك ئێژێ: "شەڕ، ئایدیاو ئاما نجە ناسیۆنالیستی و نەتەوەییەکانی ئێمەی تارادەیەك زیندووکردەوە" و هەستی نیشتمانپەروەری چووە نێو کۆمەڵە پێناسەیەکی نوێی ئاسایشی نەتەوەییەوە.

شەڕی "پەرەپێدان"ی بەستەوە بە "پاراستنەوە". "پاراستن" بوو بە گریمانەیەکی پێویست و چوە چوارچێوەی گرنگترینەکانەوە. شەڕی ئێمە گەیشتن بوو بەقودس، رێگای قودسیش لە کەربەلاوە تێدەپەڕی، شەڕی ئێمە تایبەت بە عیراق نەبوو، ئێمە جیهانێکی کوفرمان لە بەرامبەر خۆماندا دەبینی، شەڕی نێوان "دارولسەلام"و "دارولحەرب" بوو. ئەو شەڕەش ببوە پەردەپۆشێك بۆ کوژاندنەوەی دەنگە دژە نێو خۆییەکان.

تیۆرییەکی دیکە بۆ دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی لە سیستمی نێوخۆییدا، تواندنەوەی نەتەوەو فاکتەرەکانی بە نەتەوەبوونی نەتەوەیەك، بە واتایەکی دیکە "ئاسێمیلاسیۆن" بوو. ئەو تیۆرییەش پتر هەوڵ دەدا لە کەناڵی گوشارەوە پراکتیزە بکرێت. لەم پەیوەندییەدا (دکتۆر هۆشەنگ ئەمیر ئەحمەدی) بەم چەشنە رای خۆی دەردەبڕێ: "پێچەوانەوەی یاساو رێساکان، سیاسەت و پرۆگرامە دوفاقییە پەیوەندیدارەکان سەرجەم گرووپە نەتەوەییەکان، چینە کۆمەڵایەتییەکان و یەکە جوداکان بواری تواندنەوەیان لەنێو نەتەوە و دەسەڵاتی دەوڵەتدا بەهێزتر دەکەن. کۆنترۆڵی کاریگەری راگەیاندنە گرووپییەکان و ئامرازە ئایدۆلۆژیا حکومییەکانی دیکە، دەتوانرێ ئەم رێکارە بە مەبەستی سەپاندنی باوەڕەکان بە کۆمەڵگا یان شاردنەوەی دژایەتییە ئایدۆلۆژیای، سیاسی و ئابووری-کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان گرووپەکان، چینەکان و پارتە سیاسییەکاندا بەکاردەبردرێت. لە ئاکامدا، پاڵپشتی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بەتایبەتی دەوڵەتانی دراوسێ، کاریگەرییەکی لێبڕاوانەی لە دیاریکردنی ڕادەی دەسەڵاتی دەوڵەتیدا هەیە. ئەم رێکارەش دەتوانێ چەند شێوازی جیاوازی هەبێت:

1-حاڵەتی چالاك واتە کاتێ دەوڵەت کۆمەڵە یارمەتییەکی سیاسی، دارایی و سەربازیی ڕاستەوخۆ وەردەگرێت"

2-حاڵەتی ناچالاك، واتە کاتێ کە دەوڵەتی دراوسێ یارمەتی بزووتنەوەو شۆڕشە نەتەوەییەکان نەکات و بایکۆتی بکەن. (ئەوە بۆچوونی یەکێکە لە بیرمەندانی ناسیۆنالیزمی فارس کە لە پێشکەوتووترین وڵاتدا واتە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەژی، بەڵام لە بواری تیۆرییەوە لە ناوەندە لێکۆڵینەوەییەکانی کۆماری ئیسلامیدا کار دەکات. ئەو تیۆرییە یەکێکە لە تیۆرییە بەهێزەکان لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، لەو تیۆرییەدا هەموو بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بەفاکتەرێکی دژە ئاسایشی لە قەڵەم دەدرێ و بەکاراکتێرێکی تێکدەری ئاسایش لە وڵاتدا دەزانرێ و دەخرێتە بازنەی پلانڕێژی تواندنەوە و سەرکوت و لەناوبردنەوە.

## *ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی لە ئاستی سیستمی دەرەکیدا:

ناوەرۆکی ئاسایشی دەرەوەی پێکهاتەی ئێران پتر لە سنوورو چوارچێوەی ئاسایشی سیستم یان سیستمی کۆماری ئیسلامیدا دەخولێتەوە. واتە سیستم دواتر حکومەتو دواتر وڵات. بۆ ئەوەی پتر لە ناواخنی ئەم بەشەی باسەکە بگەین تێڕامانێك لە ئایدۆلۆژیای سیستمی کۆماری ئیسلامیدا دەکەین. هەروەك دەزانین ڕێبەری سەرەکی سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، سوپای شۆڕشی ئیسلامی دامەزراندو بە هێزی سەربازی پارێزەری کۆماری ئیسلامی لە ئەدەبیاتی سیاسییدا ناوی دەبرد. (ئایەتوڵڵا خومەینی) مەبەستی لە شۆڕشی ئیسلامی ئامانجێکی بەتەواوی تیۆریزەکراوی فەلسەفی بوو، ئامانجەکانیشی لە سێ تەوەری سەرەکیدا پێناسە کران:

1- پەرەپێدانو درێژەپێدانی ئەو شۆڕشە تا رزگارکردنی جیهان لە کوفرو بە ئیسلام کردنی جیهان کە تەنیا ڕێگاش، فەلسەفەی ئیسلامی سیاسی شیعی دوازدە ئیمامی بوو"

2-رزگارکردنی قودس لە دەستی زایۆنیزم یان ئیسرائیل بوو، بۆ ئەو ئامانجەش تیۆری ڕێگای قودس بە کەربەلادا تێدەپەڕێ بوو کە ڕێکارەکەشی بە ڕێگای شەڕ لەگەڵ عیراقی بەعسیدا هەڵبژێردرا"

3- پاش بەئاکام نەگەیشتنی ئەو دوو تێزەو دانی باجێکی گەورە، بە پەسەندکردنی ناچاریانەی بڕیارنامەی (598)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان، ڕێگای سێهەم هەڵبژێردرا کە ئەویش تیۆری مانگی شیعی(هلال شیعی) یان پێکهێنانی تەوەرو یەکێتییەکی شیعی لە ناوچەکەدا بوو کە هەنوکەش بەردەوامە.

خاڵی یەکەم کە گرنگترین خاڵو تەوەریترین خاڵی سیاسەتی ئاسایشی دەرەکی کۆماری ئیسلامییە، تیۆرسێنەکانی سیستمی کۆماری ئیسلامی بەئامانجە نەتەوەییەکان ناوی دەبەن. لە بارەی ئامانجە نەتەوەییەکانەوە (سەید حەسەن وەلی پور زرومی) لە باسی گوتارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئێژێ: "کۆمەڵە ئامانجێك کە بەسەرنجدان لە ئایدیالەکانو باوەڕەکانو بایەخە زاڵەکان بەسەر کۆمەڵگادا، لە ڕوانگەیەکی بەرینتر لە دابینکردنی بەرژەوەندی نەتەوەییەوە، هەست بە پەیامێك لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتدا دەکەنو خۆیان لە بەرامبەریدا بە بەرپرس دەزانن. بە چەشنێك کە ئامانجو بەرژەوەندی نەتەوەیی گرێ دەدەن بە بەرژەوەندی جیهانی یان سیستمەکەوە. خەبات لەگەڵ ئیمپریالیزمو (استکبار جهانی)و ئیسرائیلدا بە پشتیوانی لە ئامانجەکانی فەلەستین، پاڵپشتی لە بزووتنەوەو ڕێکخراوە ئازادیخوازەکان بریتین لە بەشێك لەو ستراتیژییەی کە لە خاڵی یەکەمی سترتیژییەکەدا باسمان لێوە کرد.

لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی ئێران لە دروشمی "نە شرقی، نە غربی"دا خۆی ڕووبەڕووی تەواوی جیهانکردەوە، ئەو دروشمە بۆ یەکەمجار (ئایەتوڵڵا خومەینی) لە یەکەم وتاریدا کە لە "بەهەشتی زەهرا"دا ئاماژەی پێکردو بوو بە دروشمی سەرزاری خەڵکی لە نوێژی هەینیو ڕێپێوانە ڕێکخراوەییەکانی نێو سیستمدا. مەکتەبییەکان ئەمریکایان بە (دایکی گەندەڵی) ناودێر دەکرد. (بنەمای ناردنەدەرەوەی شۆڕش) بنەمایەك بوو کە لە بەرامبەر هێژموونی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا هێنرابوە ئاراوە. ئەم بنەمایە وەکو بنەمایەکی سیاسەتی دەرەکی لە لایەن شۆڕشگێڕەکانەوە پڕوپاگەندەی بۆ دەکرا. بە پێی بۆچوونی "میانەڕەوەکان" ئەوە سیاسەتی دەستوەردان بوو لە بارودۆخی ناوخۆی وڵاتانی دیکە. مەکتەبییەکان بڕوایان بە "امە واحد اسلام" هەبوو و پێیانوابوو کە وڵاتانی ئیسلامی کەوتوونەتە ژێر ڕکێفی سیاسەتی ڕۆژئاواییەکانەوەو بنەمای "امت واحد اسلام" ژێر پێ خراوە، هەربۆیەشە باشترین ڕێگا هەمان بنەمای "ناردنە دەرەوەی شۆڕشە".

له هەمانكاتدا "میانڕەوەكان" كە ئەوكاتە موهەندیس بازرگانیشیان تێدا بوو دەیوت:" من ئیسلامم بۆ ئێران دەوێ و ئیمامی ئێرانیشم واتا خومەینی بۆ ئیسلام دەوێ."[2].

ئەو شێوازە لە سیاسەتی دەرەكیدا هەر خێرا جیهانی وریاكردەوەو زەنگی مەترسی بۆ دراوسێیەكان و بەرژەوەندی زلهێزان لە ناوچەكەدا لێدا. ئەمریكاو سۆڤییەت و وڵاتانی ژێر هیژموونیان بەخۆداهاتنەوە، ئیسرائیل لە دەهۆڵی مەترسی و هەڕەشەی بۆ سەر خۆیدا، وڵاتانی عەرەبی هەركام بە چەشنێك هەڵوێستیان گرت، ناسیونالیزمی عەرەبیش لەگەڵ هەست كردن بەمەترسیدا كەوتنە پشتیوانیكردنی هەمەلایەنەی عێراق لە شەڕدا. بەگشتی پێكهاتەی ئاسایشی سیستمی نێونەتەوەیی بەهاتنە ئارای ئاكتۆرێكی دیكەی وەكو كۆماری ئیسلامی تێك چوو. پاش شەڕی عێراق كە ڕێگای گەیشتن بەقودس لە كەربەلاوە تێدەپەڕێ، بە دیواری ئاسنین داخرا، ڕێگایەكی دیكە بۆ تیۆری "ناردنە دەرەوەی شۆڕش" دۆزرایەوە كە ئەویش یەكەم هەنگاوی یارمەتییەكانی كۆماری ئیسلامی بەحزبوڵڵای لوبنان بوو. یارمەتی مادی- مەعنەوی فەلەستینییە جیهادییەكان بوو و هەروەها ئێستراتژی داڕشتن بوو بۆ وڵاتانی دیكە. ئەوكاتە لەگەڵ ئەوانەشدا شیعەكانی باشوری عیراقیش لە بەرنامەدابوون و بەشێكیشیان لە ئێران لە ناوەندە ئاینییەكاندا پەروەردە دەكران..

بە هاوێشتنی چەندین هەنگاو لەو چەشنە هەنگاوانەی سەرەوە، بوار بۆ پراكتیزەكردنی تیۆری (ام القری) ڕەخسێنرابوو. ئەم تیۆرییە بریتی بوو لەوەی كە لە تیۆری "ام القری"دا ئەگەر وڵاتێك لە نێو وڵاتانی ئیسلامیدا بوو بە "ام القری" یان "دار الاسلام"، بەچەشنێك كە شكست یان سەركەوتنی ئەو وڵاتە شكستە یان سەركەوتنی تەواوی ئیسلامە، لەو بارودۆخەدا پاراستنی (ام القری) لە هەر كارێكی دیكە گرنگترەو دەكەوێتە پێش هەموو گرنگییەكانی دیكەوە. تەنانەت پێویستە بێ بنەما سەرەتاییەكانی دیكە وەلادەنێین[3]. هەر بە پێی باوڕی د. محەمەد جەواد لاریجانی كە ماوەیەك بەرپرسی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی بوو، ئەگەر لە نێوان بەرژەوەندییەكانی حكومەتی "ام القری"و وڵاتەتی جیهانی ئیسلامدا دووفاقییەتێك ببینرێ، هەر بەرژەوەندی (ام القری) لە پێشەوەیە. بە باوەڕی ناوبراو ئەمڕۆ ئێران (ام القری و دار الاسلام)ە، شكست یان سەركەوتنی كۆماری ئیسلامی ئێران، شكست یان سەركەوتنی داروئیسلامە. دكتۆر محمد جواد لاریجانی لەدرێژەیدا ئێژێ: "نابێ پلانی ئامادەكردن و ڕێكخستنی هێزەكان بەخەڵكی ئێرانەوە سنووردار بكەینەوە، بەڵكو دەبێ بۆ كەڵك وەرگرتن لە هەموو نەتەوەكان لە سەرانسەری وڵاتانی ئیسلامیدا پیلان و گەڵاڵە ڕێژی بكەین و كارە بنچینەییەكانی بەئەنجام بگەیەنین." هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێكرد كۆماری ئیسلامی لە تیۆری "ڕێگای قودس لە كەربەلاوە تێدەپەڕێ" نەك تەنیا سەرنەكەوت، بەڵكو لە گەڵ یەكدەنگی بێ وێنەی ناسیۆنالیزمی عەرەب و مەزهەبی سوننەو پشتیوانی لۆجستیكی ڕۆژئاوادا بەرەو ڕووبوەوە و زیانێكی قەرەبوو نەكراوەی بەخۆوە دیت كە دوو لایەن لە بواری زیانی مرۆییەوە بە پێی سەرژمێری خودی كۆماری ئیسلامی (300.000) سێ سەد هەزار كەس كوژران.

300 ملیار دۆلار زیان بەهەردوولا گەیشت. كۆچ و گواستنەوەی خەڵك گەیشتە یەك ملیۆن كەس. هەر بۆیەشە پاش ئەوە بنەمای ناردنە دەرەوەی شۆڕش كە بۆ سیستمی كۆماری ئیسلامی بنەمایەكی نەگۆڕ بوو، بەڕێكارێكی دیكەدا پراكتیزە كرا. ئەویش ڕێكاری تەوەری شیعی یان "هیلالی شیعی" بوو، هیلالی ئاماژە پێكراو ئامرازی گوشارێكە بۆ یاری سیاسی لە ناوچەكەداو بۆ گۆڕانی باڵانسەكان لە كاتی پێویستدا بوو. ئەو هیلالە لە سەر تەوەری ئەو

---

2-علی اكبر ولایتی: مقدمه مجله سیاسه خارجی، سال اول، دی واسفند 1365) ص (4-5).

3- محمد جواد لاریجانی، مقولاتی در استراتژی ملی، تهران، مركز ترجمه ونشر كتاب، 1369 ص 20)

هاوپەیمانێتییە بوو کە بە سەرکردایەتی کۆماری ئیسلامی پێکهاتووەو زۆربەی هێزەکان هێزی شیعین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێزی دیکەش دەتوانن بەشداربن‌و شیعەش نەبن، بەڵام بە مەرجێك هاوپەیمانی ستراتیجیی کۆماری ئیسلامی ئێران بن. لەو هێزانەش دەتوانین ئاماژە بەوێنایەکی پەیمانەکە بکەین، دەتوانین ئاماژە بە حزبوڵڵای لوبنان‌و حەماس‌و جیهادی ئیسلامی فەلەستین بکەین، دەتوانین ئاماژە بە بەحرین، شیعەکانی ئەفغانستان، پاکستان، ئوردون‌و باشوری عیراق بکەین.

کۆماری ئیسلامی لانیکەم کاریگەرییەکی بەهێزی لە سەر ئەم هێزانە هەیە، ئەو هێزانەش بەشێکی زۆریان لەگەڵ ڕۆژئاوا بەگشتی‌و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتایبەتی دژایەتییەکی توندیان هەیە، هەروەها بەشێکیشیان لە بەرەی تیرۆردان وەکو حزبوڵڵای لوبنان‌و حەماسی فەلەستین‌و ...هتد کۆماری ئیسلامی وەکو دروستکەری قەیران‌و لە شوێنەکانیان وەکو ناوەندی قەیران خوڵقێن کەڵك لەو هێزانە وەردەگرێت. (کۆندالیزا رایس) وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە وتارێکدا کۆماری ئیسلامی ئێرانی بە بانکی ناوەندی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ناوبردو پێی وابوو کە گەورەترین پاڵپشتی تیرۆریزم لە جیهانداو گرووپ‌و لایەنە تیرۆریستییەکانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، هەر لەوبارەیەوە لە مەڕ پەیوەندی نێوان کۆماری ئیسلامی‌و گرووپی حزبوڵڵای لوبنان، شۆن مەك کۆرمەك وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان وتی: "حزبوڵڵای لوبنان هاوپەیمانێتی تیرۆریزمی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا وەرگرتوە. لێرەدا ئێران بەشێك لەو هێزانەی بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵدایەو تەنانەت لەبەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی دیکە رایاندەگوێزێ‌و بەگشتی لەناوەندەکانی قەیراندا یارییان پێدەکات. بۆ وێنەش دەتوانین ئاماژە بەشیعەکانی ئەفغانستان لە پاکستان، هێزەکانی لوبنان‌و فەلەستین لەیەکتریدا، هێزەکانی ئەفغانستان، هێزەکانی چیچێن‌و هێزەکانی حزبوڵڵا لەعیراقدا بکەین تادەگاتە ئاستی نێونەتەوەییش.

## تیۆری شەڕی پێشگرانە :

تیۆری شەڕی پێشگرانە لە پێکهاتەی ئاسایشی کۆماری ئیسلامیدا تیۆرییەکی گرنگ‌و هەستیارە، تیۆری ئاماژەپێکراو پەیوەندی راستەوخۆی بەچۆنیەتی کۆنترۆڵی ئاسایشی "دەرەوەی پێکهاتەوە" هەیە. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەروەك لەتێزی مەکتەبە حزبوڵڵاییەکاندا دەردەکەوێ ئاسایشی (نێوسیستمی)ی سیستمەکە پەیوەندی بەئاسایشی (دەرەوەی سیستم)ەوە هەیەو لەسەر ئەو بنەما ئێستالینیستی-خومەینیستیەیە، دەبێ ئاسایشی وڵاتانی دیکە تێکبدەین‌و ناوەندی قەیرانەکان بوروژێنین، تا بتوانن ئاسایشی نێو پێکهاتەی وڵات بپارێزین. لەمبارەیەشەوە د. "عەلی ئەکبەر ویلایەتی" ڕاوێژکاری باڵای ڕێبەری سیستم ئێژێ: "ئێمە شەڕی پێشگرانە بەمافی بێ ئەملاو ئەولای خۆمان دەزانین، ئێمە بەمافی خۆمانی دەزانین کە شەڕی خۆمان لەگەڵ دووژمنانمان لە دەرەوەی سنوورەکاندا بکەین، بۆ ئەوەش دەتوانین لەهەر شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە هێزی داگیرکەری ئەمریکای لێیە، کێشەی بۆ بنێینەوە، ئێمە توانای قەیران خوڵقاندنمان لە عیراق، ئەفغانستان، فەلەستین، لوبنان‌و زۆر شوێنی دیکە هەیە. ئەمریکاش خۆی باش ئەوە دەزانێت[4].. کۆماری ئیسلامی ئێران دووژمنانی پلە بەندی کردوە، لە پلەی یەکەمدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە پاڵپشتی هەموو هێزە دوژمن‌و نەیارەکانی

---

4-"تلوزیون جمهوری اسلامی ایران شبکه خبر-برنامه تفسیر خبر-1385.11.25 – وتووێژ

ئەو حکومەتەیە، لە پلەی دووهەمدا ئیسرائیل بوونی هەیە کە دووژمنی سەرەکیو سوێند خواردووی کۆماری ئیسلامییە. دیارە بۆ ئاماژەپێکردن دەبێ بڵێین ئیسرائیل یەکێك بوو لەو دەوڵەتانەی لە کاتی شەڕی ئێرانو عیراقدا، چەكو تەقەمەنی بەئێران دەفرۆشتو بە هاوپەیمانێکی کاتی خۆی دەزانی لەشەڕ دژ بە عەرەبەکاندا، ئەو هاوپەیمانێتییە بەردەوام بوو تا کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئاشکرا دروشمی لەناوبردنی ئیسرائیلی هەڵگرت، کۆماری ئیسلامی ئێرانو ئیسرائیل دوو دوژمنی سوێندخواردووی یەکترن، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەند فاکتەرەی کە پێشتر لە ناوەرۆکی کۆماری ئیسلامیدا باسمان لێوەکردن. واتە کۆماری ئیسلامی بەو ئایدۆلۆژیای دروشمانەوە کە هەیەتی هەڕەشەیەکی پڕ مەترسییە لەسەر ئیسرائیل.

لەلایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی ئێران، ئیسرائیل بەنەخۆشییەکی شێرپەنجە دەزانێ کە لە جەستەی دونیای ئیسلامدایە "مورتەزا شەمس" لەوبارەیەوە ئێژێ:"کۆماری ئیسلامی ئێران ڕەنگە کێشەی سنووریو خاکی، دابەشکردنی سەرچاوە ئاویی و وزەییەکان، بواری ڕێکخستنی سیستمی هێزە ئاساییەکانی هەردوولای لەگەڵ ئیسرائیل نەبێت، بەڵام دەبێ ئاگادار بین کە هەڕەشەکان بۆ سەر وڵاتێك لە روی ژێئۆپۆلیتیکییەوە بەشێکن لەو هەڕەشانە، هەڕەشەی ئیسرائیل بۆسەر سیستمی کۆماری ئیسلامیو هەڕەشەو مەترسی جددیترو بنەمایتر، لە مەترسی کەوتنی بنەما بایەخدارەکانو بنچینە شۆڕشگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامین. هەروەها یەکێك لەو هێزە جیهانیانەی کە دژایەتییەکی بنچینەیی هەتاهەتایی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هەبوە بریتییە لە زایۆنیزمی سیاسی و نوێنەرەکەشی ڕژێمی داگیرکەری قودسە کە ئیسرائیلە.

لەلایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی پێیوایە کە ئێران، تورکیاو میسر بەردەوام لەبواری خاك، پێداویستی، سەرچاوەو کانزاو تایبەتمەندییە جوگرافیاییەکانی دیکەوە بەردەوام خوازیاری ڕۆڵی سەرەکی بوون لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، هەربۆیەشە هاتنە ئارای یاریکەرێکی نوێ لەو مەیدانەدا بەئایدۆلۆژیو دروشمی دژە ئیسلامییەوە، لەگەڵ پشتیوانییەکی زۆری ماددیو مەعنەوی جیهانیدا، زیاتر دەتوانێ لە دژی بەرژەوەندی دنیای ئیسلام و بەتایبەتی ئەم سێ وڵاتەدا بێت[5].

بەگشتی هۆکارەکانی دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ ئیسرائیلدا دەتوانین لەسێ خاڵدا کورت بکەینەوە:

1- ناوەرۆکی ئایینی سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێران"
2- هەڵوێست گرتنەکانی سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێران"
3- قۆناغە هەستیارەکانو پێویستی بەبوونی دوژمنی دەرەکی[6].

هەر لەوبارەیەوە "بنیامین نێتانیاهۆ" لەدوا وتاریدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد:"ئێران پاش حزبوڵڵای لوبنان دوژمنی سەرەکی ئیسرائیلە...و ئیسرائیل دەبێ خۆی بۆ رووبەڕووبونەوە لەگەڵ ئەو مەترسییەدا ئامادە بکات". هەر لەوبارەیەوە بۆ وێنە (ئیسحاق ڕابین) سەرۆك وەزیرانی پێشووی حکومەتی ئیسرائیل ئێژێ:"ڕێژەی تەواوی ئەو

---

[5]- (مجله اطلاعات سیاسی- اقتصادی، فروردین- اردیبهشت 1374، ص12)

[6]-(مرتضی شمس- فصلنامه مطالعات راهبردی) (جۆزیف ئەلفەر)(Joseph Alpher) بەرپرسێکی پێشووی موسادو بەرپرسی ئێستای ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیکی ئیسرائیل لە(جافە لەزانکۆی تەلئەبیب): (بەبڕوای بەرپرسانی حکومەتی ئیسرائیل، کۆمەڵە سیاسەتو بایەخێك کە ئێران بەدوایانەوەیە، گەورەترین مەترسین بۆ ئیسرائیل. ( Newyork Times، 8، Nov، 1992)

فەلەستینیانەی کە کردەوەی توندوتیژانە دژ بەئیسرائیل دەکەن، کەڵك لە ئیسلامی شێوازی کۆماری ئیسلامی وەردەگرن"[7].

هەڵوێستەکانی کۆماری ئیسلامی لەسێ تەوەردا بۆتە هۆی تووڕەیی بەرپرسانی حکومەتی ئیسرائیل:

1- پشتیوانی لە گرووپە دژە ئیسرائیلیەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بەشێوەیەکی دیاریکراو لە ئەو گرووپە فەلەستینیو لوبنانییانەی کە بەگژ ئیسرائیلدا دەچنەوە"

2-دژایەتی کردنی پرۆسەی ئاشتی نێوان عەرەب و ئیسرائیل"

3-سەرکردایەتی بزوتنەوە دژە ئیسرائیلییەکان لە کۆڕو کۆمەڵەی جیهانیو ئاستی نێونەتەوەییدا. بە دانپێدانانی خودی بەرپرسانی سیستمی کۆماری ئیسلامی بەو سێ تەوەرەی سەرەوە، بەو ئاکامە دەگەین کە شەڕی پێشگرانە ئێستا لەتەوەری سەرەوەی ئێستراتژی سیاسەتی دەرەوە، یان سیاسەتی بەرگریی ئەو حکومەتەدایە. هەربۆیە بە بونی کۆماری ئیسلامییەکی بەهێز لەناوچەکەدا، لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەگشتی وڵاتانی ناتەبا لەگەڵ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیداو هاوپەیمانانی ئیسرائیلو ئەمریکا بەردەوام لە قەیرانو کێشەی جۆراوجۆروو پێکدادانی توندوتیژ بێ بەش نابن"

ئەوەش بەو واتایەیە کە کۆماری ئیسلامی سیاسەتی شەڕی پێشگرانە وەکو تێزێکی بەهێزو سیاسەتی ئێستراتژی پێشگرانە بەکاردەهێنێو تائێستاش هەندی سەرکەوتنی تاکتیکی و کورتخایەنی بۆ ئەو ڕژێمە بەدواوە بوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە لەئاستی کۆمەڵگای جیهانیدا کۆماری ئیسلامی وەکو حکومەتێکی پشتیوانی تیرۆریزمو ڕێژیمێکی یاخی ناساندووە کە دەسەڵاتدارانی رۆژئاوا بە نازیزمی بێ دەسەڵات یان نازیزمی دوەمی ناودەبەنو بە حکومەتێکی پێشێلکەری یاساو پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی دەزانن. ئەوەش هەم لەئاستی ناوخۆدا ئەو ڕژێمەی تووشی قەیران کردووەو هەم لەئاستی جیهانیدا کۆماری ئیسلامی رۆژ بەرۆژ پتر تەریك دەخاتەوە.

## سیاسەتی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی:

سیاسەتی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی پێشینەیەکی دوورتری هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (1353) لەسەردەمی پاشایەتیدا کە ئەو کات لەلایەن ڕووسەکانەوە هەنگاوی یەکەمی بۆ نرا، بەڵام دواتر لە ساڵانی سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیدا لەلایەن وڵاتی چینەوە درێژەی پێدراو بە یارمەتی بازاڕی رەشو هێندێ لە وڵاتانی نزیکتر لە کۆماری ئیسلامی ئەو پرۆژەیە تا بە ئێستا گەیشت، بەڵام ئەوەی پتر جێگەی بایەخپێدانی ئەو پرۆژەیە، واتە کۆماری ئیسلامی ئێران مەبەستی لە پرۆژەی ئەتۆمی چیە؟ کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوام ڕایدەگەیەنێ کە پرۆگرامی ئەتۆمی ئێمە پرۆگرامێکی ئاشتیخوازانەیەو هەر وڵاتێك مافی خۆیەتی سود لە تەکنۆلۆژیای ئاشتیخوازانەی ئەتۆمی وەربگرێت، لەپاڵ ئەوەشدا هەم یەکییەتی ئەورووپاو هەم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایدەگەیەنن کە ئامادەین تەکنەلۆژیای ئاشتیخوازانە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دابین بکەین بەمەرجێك پرۆژە ئەتۆمییەکەی بە تەواوی وەلا بنێو پیتاندنی یۆرانیۆم رابگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەلبەرادعی بەرپرسی ئاژانسی ئەتۆمی بەردەوام ڕایدەگەیەنێ کە پرۆژەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی ئاشتیخوازانە نییە، بەڵام بەگشتی بە تێڕامانێك لەناوەرۆکی کۆماری ئیسلامیو ئایدۆلۆژی مەکتەبەی، بەو ئاکامە دەگەین کە کۆماری ئیسلامی لەناوچەدا

---

[7]-(مجله سیاست خارجی سالی 9، شماره 1، بهار 1374 ص84).

ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی ئەوا چ مەترسیگەلێك رووبەڕووی جیهان دەبێتەوە. هەر ئەو رستەیەی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جەختی لەسەردەکاتەوە "ئاسایشی وڵاتە یەکگرتوەکان بە بێ ئاسایشی جیهان دەستەبەر نابێ" لەلایەن دەسەڵاتدارانی سیستمی کۆماری ئیسلامیشەوە بەردەوام دووپات دەکرێتەوە کە:"ئاسایشی ئێران بەبێ ئاسایشی ناوچە دەستەبەر نابێ".

هەردوولا جەخت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندی نەتەوەیی دەکەنەوە، لەوبارەیەوە (موحسین ڕەزایی) بەرپرسی کۆڕی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی سیستم ئێژێ:"بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێران ئەمڕۆ لەدەرەوەی سنوورەکانیشدایەو ئاسایشی نەتەوەیی بەبێ ئاسایشی ناوچەکە بوونی نییە". ناوبراو ئاماژە بە هیندستان و پاکستان دەکات کە دوو دراوسێی کۆماری ئیسلامین، ئەو دوو وڵاتە هەردووکیان خاوەنی چەکی ئەتۆمیین، هەردوو وڵات بۆ نیشاندانی هێزی سەربازی خۆیان چەکەکانیان تاقی کردۆتەوە. تاقیکردنەوەکانیان لەنزیك سنوورەکانی ئێمەدا بەڕێوەچوو. بەوتەی (محسن رەزایی) چالاکییە ئەتۆمییەکانی هیندستان و پاکستان بۆ دەیەی 1960 دەگەڕێتەوە، لەو ساڵەدا هیندستان یەکەمین بۆمبی خۆی تاقیکردەوە، ئەمەش لەکاتێکدابوو کە پاکستانییەکان پێشتر دەستیان پێکردبووو یەکەم ناوەندی خۆیان بەهاوکاری کەنەداییەکان دروست کردبوو. پاش ئەوەی کەنەداییەکان بەجێیان هێشت، خودی زانا پاکستانییەکان بەیارمەتی چین و کۆریای باکوور درێژەیان بە پرۆژە ئەتۆمییەکانیاندا. تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکانی هیندستان و پاکستان پەرەی دەستاند، ئەویش لەناوچەیەکی پڕ قەیراندا کە دەیتوانی کێشەی قوڵ بنێتەوە. بەوتەی بەرپرسانی پاکستان، سەرجەم ئەو حەوت 7 تاقیکردنەوەیەی کە بەڕێوەچون لەناوچەیەکی وا هەستیاردا کەم وێنەبوون.

ئێران لەهەمبەر ئەو تاقیکردنەوانە هەست بەمەترسی دەکات، چونکی جگە لە پاکستان و هیندستان، ئیسرائیلیش خاوەنی چەکی ئەتۆمییە، لەکێشەی ئەتۆمیدا ئێران دەیەوێ لەبەرامبەر ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتوەکان و هاوپەیمانانی لە ناوچەکەدا خۆی بەهێز بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستراتژی سیستمی کۆماری ئیسلامی لەلایەك لەهەوڵی بەهێزکردنی باڵانسی خۆیەتی لەناوچەی قەفقازو دەریای قەزوین، ئەمەش بۆتە ناوەندی ململانێی وردە هێزەکانی دەوروبەری و ئەو هێزانەش بەشی ئێرانن لەسەرچاوەکانی ئەو زەریایە.

لەلایەکی دیکەوەوە بە دەستهێنانەوەی پێگەی سەربازییە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە پێشتر لەسەردەمی پاشایەتیدا هەبیوو، ئەوکات بەپشتیوانی ئەمریکاو بریتانیا بوو، بەڵام ئەمجارە دەیەوێ سەربەخۆ بێت. بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش، تەنیا رێگای گەیشتن بەقۆناغی بوون بە سۆپەرپاوەر بریتییە لە باوەڕێك کە خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێزی ئێستراتژی بێت لە چەشنی چەکی ئەتۆمی ، چونکی دەتوانێ هەم هەڕەشەیکی ناوخۆیی بێ و هەم لەئاستی ناوچەیی و جیهانیدا هەڕەشەیەکی دەرەکی بێت. واتە سیستمی کۆماری ئیسلامی سەلماندوویەتی کە لەگەڵ هەرچەشنە بزووتنەوەیەکی ناوخۆییدا وەکو دووژمنێکی ئێستراتژی ودەرەکی بەرەو ڕووی ببێتەوە، تەنانەت ئەگەر پێویست بێ سود لە چەکی کیمیایی، بیۆلۆژیکی و ئەتۆمیش وەربگرێت. ئەو ڕاستییەش لە مامەڵەکردنی ناوخۆییەکاندا سەلماوە کە بە توندی وەڵامی نەیارەکانی دەداتەوە. لە ئاستی دەرەکیشدا کاتێ سەرۆك کۆماری کۆماری ئیسلامی ئێران محمود ئەحمەدی نەژاد لەمەڕ ئیسرائیل ئێژێ:"ئیسرائیل دەبێ لەسەر گۆی زەوی بسڕدرێتەوە". یاخود دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی دامەزراندنی سیستمی کۆماری ئیسلامی کە (ئایەتوڵڵا خومەینی) دەیوت:"ئێمە ئیسرائیل دەڕژێنینە ناو دەریاوە". یان وتەکانی مەنوچەهر موتەکی کە ڕایگەیاند:"هاوپەیمانی

ئەمریکا بۆ وڵاتانی کەنداو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، زیانی بەدواوە دەبێ بۆ ئەو وڵاتانەو هەرچەشنە هاوپەیمانێتییەك دژ بە کۆماری ئیسلامی زۆر زیانی بۆ خۆیان دەبێت".

موحسین ڕەزایی لەوباوەڕدایە کە ئێستا وڵاتێکی وەکو میسر بایەخی ئێستراتژی خۆی لەدەستداوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە وڵاتێکی وەکو ئێران بەهەڵسەنگاندنی لەگەڵ رابردوودا هێشتا هەر بایەخی خۆی پاراستووە. موحسین ڕەزایی دەچێتەوە سەر تیۆرییە سەرەتاییەکانو جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە بەهۆی دراوسێیەتی ئێران لەگەڵ چەند وڵاتێکدا، بایەخی ئێران لەهاوکێشەکاندا هەڵدەکشێ، بەو واتایەی ئێران لەناوەندی کۆمەڵە وڵاتێکی پڕ قەیراندا هەڵکەوتوە. ناوبراو لەو پەیوەندییەدا بەڕوونی بەمشێوەیە دەدوێ:"لەڕۆژئاوای وڵاتی خۆماندا، ڕووداو و کێشەیەکی زۆر ئاڵۆزمان هەبوو کە مەسەلەی تورکیا و ئیسرائیلە. لەباشووردا باسی بوونی ئەمریکا لەکەنداودا بەرچاوە، و لەڕۆژئاواشدا عیراقو گێرەو کێشە سیاسی و ئاسایشییەکانی بە گرنگ خۆی دەنوێنێ. ئێستا فاکتۆرێکی دیکە لەڕۆژهەڵاتی ئێراندا هاتۆتە ئاراوە کە بە پێچەوانەی پێشبینییەکانی پێشوو، بایەخی ئێستراتژی ئێرانی زۆر بەرزکردۆتەوە. هەر لەوبارەیەشەوە برژنیسکی وتبووی:" لەبایەخی ئێستراتژی ئێران شتێك کەم نەبۆتەوە". ئەو لێدوانانەی ئاغای ڕەزایی پیشانی دەدات کە بوونی ئێرانێکی بێ چەکی ستراتیجی، دیسان لە ناو وڵاتانێك لەچەشنی عیراق، ئەفغانستان، پاکستان، ئازەربایجان، گورجستان (جورجیا)، ئەرمەنستان، تورکمانستان، تورکیا، ئیسرائیل، فەلەستینو لوبنانو هەموو وڵاتانی کەنداودا کە زۆربەیان هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان، تەنانەت ئەمریکا لەبەشێکیاندا بنکەی سەربازی هەیەو لەکەنداوێکدا کە پتر لە (65٪) وزەی جیهان بەرهەم دێنێت، زۆر پڕ مەترسییەو بوونی چەکی ئەتۆمی دەتوانێ ئاسایشی ئێران بەو پێناسەی خۆیان بپارێزێو ئاسایشی جیهانیش بکەوێتە بەر هەڕەشەیەکی جددییەوە. هەر موحسین ڕەزایی لەشوێنێکیتردا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "هەڵکەوتەی ئێمە خۆی هەڵکەوتەیەکی هەستیاری ژیۆئیستراتژییە، بەو واتایەی ئێمە دەکرێ پێویستمان بەچەکی ئەتۆمیش نەبێ، بۆ وێنە ئەگەر بتوانن چەکگەلی مۆدێرنی مووشەکی لەچەشنی زەوی بەزەوی، دەریا بە کەشتیو کەشتی بەکەشتی چاك بکەین، لە 10 بۆمبی ئەتۆمیش بۆ ئێمە کاریگەرترەو هێزو کاردانەوەشی پترە. بۆ وێنە ئەگەر بتوانین ناوێکی فڕۆکە هەڵگری دوژمن بخەینە بەر هەڕەشەی ئەو موشەکانە، دەزانن چەندە کاریگەریی هەیە، گەر لە بۆمبی ئەتۆمی پتر نەبێ کەمتر نیە." (ئەو وتانە هەموو واپیشان دەدەن کە ئێران، ناتوانێ لەژینگەیەکدا کە ئیسرائیلو ئەمریکاو هاوپەیمانانیان بوونیان هەیە بێدەنگ دابنیشێو هەر بۆیە چەکی ئەتۆمی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران ئامانجێکی ئێستراتژی ئاسایشی کۆماری ئیسلامییە.

لەشوێنێکی دیکە (موحسین رەزایی) ئێژێ:"ئێمە لەخۆمانەوە نالێین دوورگەی هورمز دەبەستین، دوورگەیەکیشە کە وزەیەکی زۆری لێوە بەرەو جیهانی دەرەوە دەچێت. بۆ وێنە ئێمە بێینو لەو دوورگەیەدا کەشتییەکی نەوتکێش نقوم بکەین، ماوەی شەش مانگ دەخایەنێ تا ئەو شوێنە بە مۆدێرنترینو پێشکەوتووترین کەرەستە خاوێن بکرێتەوە، بەڵام ئایا ماوەی شەش مانگ وزە لەو دوورگەیەوە تێنە پەڕێ چ ڕوو دەدات؟!"

## ئاسایشی سیستەمو هێزی قودس:

هەروەك سەرەتا باسمان کرد کە کۆماری ئیسلامی سیاسەتی دەرەوەی خۆی لەسەر بنەمای (ناردنە دەرەوەی شۆڕش) داڕشتبوو، باس لەوەش کرا کە ئامانجو مەبەستەکان چی بوونو بەچەند قۆناغدا تێپەڕین. هێزی سەربازی لەهەر وڵاتێکدا باسکی بەهێزی ئەو وڵاتەیە، بەڵام سیستمی کۆماری ئیسلامی لەبەرامبەر باسکی بەهێزی خەڵکدا کە (ئەرتەش) بوو، باسکی بەهێزی سەربازیشی دروست کرد کە ئەویش (سوپای پاسدارانی شۆڕش) بوو. سوپای

ناوبراو له پێنج هێز پێکهات که هێزی قودس (نیروی قدس) یەکێکیان بوو. ئەرکی هێزی قودس لەدەرەوەی سنوورەکانی ئێران بوو، ئەو هێزە که لەسەردەمانی شەڕی ئێران و عیراقدا دروست کرا، وەك هێزێکی سنووری سوپای پاسداران چالاکییەکانی خۆی بە پشتیوانیکردنی ئۆپۆزسیۆنی سەدام وحکومەتی بەعسی عیراق دەست پێکردو هەروەها پاشان دەستیدایە پاڵپشتی کردنی ئەحمەد شا مەسعوود سەرۆکی بەرەی باکووری ئەفغانستان لەسەردەمی شەڕی سۆڤییەت و ئەفغانستانداو پاشان لەبەربەرەکانێ لەگەڵ تاڵەباندا سنووری چالاکییەکانی بەربڵاوتر کردەوە. پاشان باڵی کێشا بۆ ناوچەی باڵکان و پشتیوانی لە چەکدارانی ئیسلامگەرای بۆسنیایی لەشەڕی یوگسلافیدا کرد.

جێ ئاماژە پێدانە که ئەو دیلانەی لەکاتی شەڕی ئێران و عیراقدا لەلایەن هەردوو وڵاتەوە گیرابوون کەڵکی جۆراوجۆریان لێوەرگیرا. بۆ وێنە حکومەتی بەعس هەوڵی دەدا بەشێك لەو هێزانە بخاتە خزمەتی (ڕێکخراوی موجاهدینی گەلی ئێرانەوە) و سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لەلایەن هێزی قودسەوە لە سوپای بەدرو هێزە نەیارەکانی دیکەی حکومەتی عیراقدا سازمان دەدران. هەربۆیە پاش ڕووخانی حکومەتی بەعس، ڕۆژانە لەلایەن بەرپرسانی عیراقی و ئەمریکاییەوە بەردەوام لەسەر دەستێوەردان و ئاژاوە نانەوەو قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەعیراق لێدوان دەدەن، ئاگاداری ڕای گشتی دەکەنەوە و داوا لەکۆماری ئیسلامی دەکەن که ئاسایشی عیراق لەبەرچاو بگیرێت و ڕێز بۆ سەربەخۆیی و سەروەریی ئەو وڵاتە دابنێت. لەوبارەیەوە "دیڤید ساتر فێلد" هاریکاری کاروباری عیراق لەوەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتوەکان دا دان بەو ڕاستییەدا دەنێ.

هێزی قودس تەنانەت هەوڵ دەدا سود له هێزەکانی حزبوڵڵای لوبنان لە عیراقدا وەربگرێت. پەیامنێری تەلەفزیۆنی (C.N.N) لە 2 تەممووزی 2007 وتی هێزەکانی حزبوڵڵای لوبنان که لەشەڕی پارتیزانیدا پسپۆڕن، له عیراقدا بەرەیەکی شەڕیان کردۆتەوە بۆ تێکدانی ئاسایشی عیراق و کوشتنی ئەمریکاییەکان. هەر ئەو هەواڵدەرەی C.N.N لەوەڵامی پرسیارێکدا کە ئەوان لەعیراق چ دەکەن، وتی ئەوان لەبەرامبەر دەیان ملیۆن دۆلار یارمەتی دارایی که ئێران بەحزبوڵڵای دەدا ناچارن مل بۆ داخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕابکێشن. رۆبەرت گیتس لەوبارەیەوە وتی:"ئێمە دەزانین که هێزی قودس لەم کردەوانەدا دەستی هەیە". دیارە هێزی قودس یەکێکە لەو هێزانە که پێکهاتەکەی وەکو پێکهاتەی (القاعده)یە، واتە لەتەواوی جیهاندا هێزەکانی خۆی ڕێکخستوتەوە. بەتایبەت ئەو وڵاتانەی که دانیشتوانی موسڵمانیان هەیە. ئەو شوێنانەی هێزی ئەمریکایی و هاوپەیمانانی لێبێت، بەگشتی سەرنجی هێزی قودس ڕادەکێشن.

# ئێران، چالاکی ئەتۆمی و هەڕەشەکانی

"دەبێ ئەو غوددە شێرپەنجەییە[ئیسرائیل] لە جەستەی ئیسلامدا لە ناوبەرین، ئەگەر هەر مۆسڵمانێك سەتڵێك ئاو هەڵگرێ و بیڕێژێتە سەر ئیسرائیل، ئەو وڵاتە دەستکردە ئاو دەیبا" (ئایەتوڵڵا خومەینی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران).

"انشاالله بەم نێزیکانە شاهێدی دونیایەکی بێ ئیسرائیل دەبین" (مەحموود ئەحمەدینژاد سەرۆك کۆماری ئێران پاییزی 1384 شاری زاهێدان).

"کۆمەڵگای جیهانی هیچکات ئێرانێکی ئەتۆمی تەحەمۆڵ ناکات." (جۆرج دەبلیۆ بوش، سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا).

"کاروانگەلی بێ بڕاوانەوەی چەكو تەقەمەنییەك کە لەلایەن ئێرانەوە دەگاتە دەستی حیزبوڵا، ئەم ئامانجە دەپێکێ کە بە تێکچوونی بارودۆخی ناوچەکە حیزبوڵا بڕیارەکانی ئێران بۆ هێرشگەلی موشەکی بۆ سەر ئیسرائیل جێبەجێ دەکات" (ژنراڵ یوی بایدیتس، سەرۆکی دەزگای زانیاریو هەواڵگری ئەرتەشی ئیسرائیل، لە دانیشتنی کۆتایی کۆمسیۆنی زانیاری کۆنست لەگەڵ نوێنەرانی پەرلەمانی ئیسرائیلدا).

ئەم وتانە وتەی بەرپرسانی سێ وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەمەریکاو دەوڵەتی ئیسرائیلن، گەر بە وردی سەرنجی وتەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بدەن، بەبێ یەكو دوو وتەکەی جۆرج دەبلیو بوش پەسەند دەکەینو راستی وتەکانی "ژنراڵ یوی بایدیتس"مان بۆ دەسەلمێ.

بە تێڕامان لە نێوەرۆکی ئیسلامی شۆڕشگێڕ لە ئایدولۆژی کۆماری ئیسلامی ئێرانداو تێگەیشتن لەنێوەرۆکی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی، وەکوو ئایدیایەکی شۆڕشگێڕانە کە دەیهەوێ شۆڕشێکی ئیسلامی لە جیهاندا وەڕێ بخاتو بە وتەی ئیمام خومەینی جیهان لەناپاکیو جەهاڵەتو زوڵم درێژ دەستەییو کوفرو نیفاق پاك بکەنەوە. یان وەکوو ئەحمەدی نژاد دەڵێ: "هەژاریو دەستکورتی بەسەر جیهاندا حاکم بووە ئارامشو دادپەروەری ئاشتی لەجیهاندا بوونی نەماوە." و ئەوان لەو بڕوایەدان کە لەلایەن خوداوە بە رێبەری "وڵاتەتی موتلەقەی فەقیە" راسپێردراون کە جیهان لەو نەهامەتیانە رزگار بکەنەوەو هەروەها گەر سەرنجمان دابێتە رابردووی دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەنێو خۆداو دوستایەتیو جیرانەتییەکانیمان لەدەرەوە خستبێتەبەر تیشکی سەرنج بێ گۆمان هێندە بەڵگەمان دەست کەوتوەکە بڵێین دەبێ پاڵپشتی کۆمەڵگای جیهانی بکەین بۆ پێشگرتن بە دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ئەتۆمی. کۆماری ئیسلامی ئێران چەندین جار بە بەڵگەو دیکیۆمێنتی حاشاهەڵنەگرەوە بە بەهێزترین پاڵپشتو تەیارکەری تیرۆریزمی جیهانی بە گشتیو تاقمو گرووپە تیرۆریستییەکان لە ناوچەکەدا تاوانبارو مەحکووم کراوەو بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە ئاسایش وهێمنی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەبوونی کۆماری ئیسلامی پارێزراو نابێ. واتە هێشتا کۆماری ئیسلامی دەستی بە چەکی ئەتۆمی نەگەیشتوە. بوونی چەکی ئەتۆمی بە دەستی کۆماری ئیسلامییەوە بێ گۆمان دەتوانێ لەلایەك بەهێزترین پاڵپشت بێ بۆ کۆمەڵێك لە تاقمو گرووپو لایەنە توندڕەوە ئیسلامییەکان لەچەشنی القاعدەی ئۆسامەبنلادن، موقتەداسەدرو سوپای المهدی، حیزبوڵای لوبنانو جیهادی ئیسلامی. ئەودەم ئیدی کەس ناتوانێ گەرەنتی ئەوەش بکات کە لەعێراق، فەلەستین، لوبنان، ئەفغانستانو وڵاتانی دیکەدا هێرشو هەڕەشەی ئەتۆمی بۆسەر هێمنی جیهان بکات.

وزەی ئەتۆمی ئاشتیخوازانە:

کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە وزەی ئەتۆمیو تێکنۆلۆژی ئەتۆمی بەشێك لەگەشەو پێشکەوتنو بەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵگای مرۆیی نیە. هیچ کەس ولایەنێکیش ناتوانێو مافی ئەوەی نیە کە پێش بە دەستڕاگەیشتنو کەڵك وەرگرتنی هیچ وڵاتو نەتەوەیەك لە وزەی ئەتۆمیو تێکنۆلۆژیو بەرهەمە، ئاشتیخوازانەکانی بکرێ. ئەو وزەیە لەو کاتەدا کە دەتوانێ جیهانو مرۆڤایەتی بخاتە ژێر هەڕەشەی ناوچوون، لەوکاتەدا کەدەتوانێ حەوت جاران گۆی زەوی لەناو ببات، لەو کاتەدا کە دەتوانێ ترس و خۆفێکی لەوەسف نەهاتوو لەدڵی ئینسانەکاندا پێك بێنێ، لەهەمان کاتیشدا زۆر لایەنی دیکە هەیە کە بەلایەنە ئاشتیخوازانەکانی وزەی ئەتۆمی ناسراونو لەخزمەتی

مرۆڤ و مرۆڤاتیدان. کەڵك وەرگرتنی ئاشتیخوازانە بەمەبەستی وئابووری لەوزەی ئەتۆمیو رەهەندی جۆراجۆری زانستی ئەتۆمی و بەکارهێنانی لەبیاڤگەلی جۆراجۆر لەچەشنی بەرهەم هێنانی کارەبادا (بە وزەخانەگەلی ئەتۆمی)، بەکارهێنانی رادیۆ ئەکتیڤو ئیزۆتۆپەکان لە پیشەسازی پزشکیدا. بەکارهێنانی تیشك هاوێژەکان لە پیشەشازی کانزییدا، تیشك پێدان بە بەرهەمە وەرزێرییەکانو خەزن کردنیانو پاراستنیان، کەڵكوەرگرتن لە تیشکەکانی لەکانگاکانی بەردەخەڵوز، لەناوبردنی باکتریگەلی لەناوچووی بەرهەمە خواردەمەنیەکان، تیشك کاری لە"جوشکاریو نەشتیابی" لوولەو مەخزەنەکان، کەڵك وەرگرتنی رادیۆ ئەکتیڤ ئیزۆتۆپەکان لە پزشکی ئەتۆمی (رادیو ئەکتیڤ)داو بەرەنگاری نەخۆشیگەلی وەك شێرپەنجەو نەخوشیەکانی غودەی تیرۆئیدو...،.

ئەم کەڵك لێوەرگرتنانەو دەیان کەڵك لێوەرگرتنی دیکە بەرهەمی زانستی ئەتۆمییەکان، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا چەندین بەربەستی جۆراجۆر لەبەرامبەر ئەو دەولەتانەدا دانراوە کە دەیانەوێ لەوزەی ئەتۆمی بۆ مەبەستی سەربازی کەڵك وەرگرتنو بە هێزترین کەرەستەی کوشتاری بە کومەڵی لێ ساز بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانین هێرشی ئەمەریکا بو سەر هێرۆشیماو ناکازاکی ژاپۆنو روداوەکەی چێرنۆبیلی سۆڤێیەتی پێشوو بێنینەوە بیری خۆمانو ئەزمونێکی لێوەرگرین. هەنوکەش بەشێك لە وەڵاتان ودەوڵەتان بە نهێنیو ئاشکرا لەبواری ئەتۆمی سەربازیدا هەروا چالاکن. ئەوەیش بوەتە هۆی ئەوەیکە هەرچشنە چالاکییەکی ئەتۆمی بەتێبینییەوە چاو لێ بکریو بخرێتە ژێر زەرەبینەوە. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەۆەشدا جیاوازیگەڵکی بەرچاو لەنێوان چالاکی ئەتۆمی ئاشتیخوازیانەیو نائاشتیخوازانەدا هەیە. لەگەڵ هەموو ئەوانشدا نێوەرۆکی دەوڵەتانی چالاك لەو بوارەدا گرینگەو ئاستی دڵنیاییو مەترسی دەوروبەرو کۆمەڵگای جیهانی بەوەوە بەستراوەتەوە. زۆرێك لە وڵاتانی جیهان لەبواری پرۆژەی ئەتۆمیدا چالاکن، دەتوانین لەم پێوەندییەدا ئاماژە بە هێندێ ئامار بکەین. بە پێ ئامارەکانی وەزارەتی ئابووریو کاری ئاڵمانو کۆمیسارییای وزەی ئەتۆمی فرەنسا تا ساڵی 2000 لەسەر یەك 1118 ریئاکتۆری ئەتۆمی لەسەرانسەری جیهاندا ناسراون کە 280 ریئاکتۆری گەورەی لەبواری توێژینەوەکانو بەرهەم هێنانی ئیزوتۆپەکان لە پزیشکیو پیشەسازی بەکار دەبرێن. لە 400 وزەخانەش بە شێوەی گەڕۆك لەکەشتیو ژێر دەریاییەکاندا کەڵکیان لێوەردەگیریو 438 ریئاکتۆری گەورەش بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە 31 وڵاتدا چالاکە کە لەسەریەك 2592 تراوات کاتژمێر کارەبا بەرهەم دەهێنێ. لەم بوارەدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە 104 وزەخانەو 800 تراوات کاتژمێر کارەباوە، گەورترین بەشی هەیە. فرەنسا بە 95و ژاپۆن بە 53و روسیەو ئاڵمان لەڕیزەکانی دواتردانو پێش لەئوکراینیش، بریتانیا، کاناداو ئیسپانیا هەڵکەوتوون.

داخوازی کەڵك وەرگرتن لەوزەی ئەتۆمی لەئاستی وڵاتانی جیهاندا روو لەزیادبوونە، بێگومان ئەمەش داخواز، مەیلو ئارەزوویەکی رەوایەو مافی هەر کۆمەڵگاو نەتەوەیەکە. بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ لەم پێوەندییەشدا یەکەمین هەڵە ئاخرین هەڵەیەو جارێکیتر ناتوانین چاوەڕوان بین کە شەڕێکی جیهانی فرەلایەنە وەکوو شەڕی یەکەمو دووهەم کۆتایی پێ بێ. کەوابوو زۆر گرینگە کە کام دەوڵەت چ جۆرە نێوەرۆکێکی هەیە، ئیستراتیژیو تاکتیکەکانی چین، رابردوەکەی چۆن بوە، بۆ داهاتوو چ گەڵاڵەو پلانرێژییەکی هەیە و...، و گەر دەسەڵاتی سەربازی ئەتۆمی هەبێ دەبێ جیهان چاوەڕوانی چی بکات. بێ گومان زلهێزانی جیهان ئەو راستییەیان لەبەرچاوەو بە ئاسانیش رێگا نادەن بالانسی هێزەکان لەناوچەکەو جیهاندا بەچەشنێ گۆڕان بەسەردا بێ کە جیهان لەمەترسی بخاتو گۆڕانی ژئۆپولیتیکیو ژئۆئیستراتیژیکی پێك بێنێ.

## پرۆگرامی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی

پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی دەهەی 1350ی هەتاویو گرێبەستەکانی نێوان ئێرانو هێزە رۆژئاواییەکان، واتە ساڵی 1974 لەسەردەمی رژێیمی پاشایەتیدا رێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێران بۆنیات نراو خێرا بەوتووێژ لەگەڵ ئەمەریکا، فەرەنساو ئاڵمان رۆژئاوادا پرۆگرامە ئەتۆمیەکانی دەست پێکردو خولیای ساز کردنی 23 وزەخانەی ئەتۆمی لەمێشكدا بوو. لە ساڵی 1979دا کە رێژیمی پاشایەتی روخا، 6 گرێبەستی وەزەخانەی ئەتۆمی لەگەڵ ئاڵمانو فەرەنساو ئەمەریکادا بەسترابوو. بەڵام شای ئێران لە ژوئیەی ساڵی 1974دا پاڵپشتی خۆی لەرۆژهەلاتی نێوەڕاستێکی بێ چەکی ئەتۆمی راگەیاندو لەهەمان ساڵیشدا لەدانیشتنێکی رۆژئاواییدا لەئوسترالیا وتی ئێران لەو بڕوایەدا نیە کە لەوزەخانەکانیدا بۆمبی ئەتۆمی بەرهەم بێنێت. بەڵام هاوکات بەرنامەی بەئەتۆمی کردنی ئێران وەکوو یەکێ لەئەندامانی پەیمانی سنتۆ تا رادەیەك بۆ پێشگیری لەدەستێوەردانی سۆڤێیەت لەرۆژهەلاتی ناویندا خرابوە بەر بیروڕای ئەندامان.

بەڵام پاش روخانی حکوومەتی پاشایەتی دەستۆردانو قەیران خوڵقاندنەکانی کۆماری ئیسلامی لە ژێر تیشکی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامیدا، بەرەو رووبوونەوەی رۆژهەلات ـ رۆژئاوای جیهان لەژێر ناوی ئیستکباری جیهانیو کۆمۆنیزمداو یارمەتیدانو پەروەردە کردنو رێکخستنی لایەنو گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکانو هەوڵدان بۆ خۆپڕچەك کردن، نەدەکرا لەروانگەیەکی ئاساییەوە سەیر بکرێ. کۆماری ئیسلامی ئێرانیش چونکی دەیزانی ئەو ئیستراتیژییەی ئەو دەیهەوێ بەهای مادی، مەعنەویو نرخی مرۆیی پێویستە هەوڵی خۆتەیار کردنی هەمەلایەنەیدا. (ئیستراتیژی کۆماری ئیسلامی بریتییە لەبوونی ئێران بەرێبەری جیهانی ئیسلامی شۆڕشگێڕو هەروەها سەنتەری ئیسلامی شیعی، بوونی ئێران بەلایەنی ساتو سەودای سیاسی ئیسلام لەبەرامبەر رۆژئاواداو وڵاتانی عەرەبستانی سعوودیو میسر وەکوو رێبەری مەعنەویو زانستی ئیسلام، بۆ ئەو مەبەستەش کارکردنی ئێران لەسەر هیلالی شیعیو هەروەها یارمەتی دانی گرووپو لایەنی سوننە وەك وێنە بێنینەوە). بەشێکی ئێجگار زۆر لەداهاتی نەتەوەیی وڵات بۆ خۆپڕچەك کردن تەرخان کرد. کڕینی دەیان جۆر پا پۆڕ، فڕۆکە، ناوی شەڕکەر، چەکی قورسو سووك سارۆخی جۆراوجۆر نەیتوانی حەزو خۆزیاکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تێر بکات. هەر بۆیە پرۆژەی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمییان خستە سەرەوەی ئیستراتیژییەکانیانەوەو وەکوو پرۆژەیەکی گرینگ کەوتە دەستووری کارەوەو لەو پێوەندییەدا سەرۆك کۆمار "ئەحمەدینژاد" قسەی دڵی سیستمی کۆماری ئیسلامی دەکات، ناوبراو ئێژێ: "بۆ ئێمە دەستڕاگەیشتن بە بۆمبی ئەتۆمی لەنانی شەومان فەرزترە". ئەو قسەیەی ئەحمەدی نژاد جیهانی وەخەبەر هێنا. دەبێ بێژین کە لەقۆناغی شەڕدا لەگەڵ عێراق نەیتوانی هەوڵەکانی بۆ دەستڕاگەیشتن بەچەکی ئەتۆمی بەئاکام بگەیەنێ، بەڵام پاش کۆتایی هاتنی شەڕ ئەو هەوڵانەی دەستپێکردەوەو یەکەمین هەوڵدانەکانی لەمانگی 4 ساڵی 1372ی هەتاویدا، پاش کرانەوەی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤی ڤیەن دەستی پێکردو حەمیدڕەزا جێگری سەرۆك کۆماری ئەوکاتی ئێران لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەوکاتی چیندا لەمەڕ پێوەندییەکانی نێوانیان وتووێژێکیان کرد. دانیشتنی ئەوکاتەی دوو بەرپرسی چینی کۆمۆنیستیو ئێرانی ئیسلامی گەلێك دەسکەوتی هەبوو کە گرینگترینی ئەو دەسکەوتانە بونیاتنانی وزەخانەی ئەتۆمی لەلایەن پسپۆڕانی چینییەوە لەئێراندا بوو کە لەبەرامبەردا بوە هۆی هەناردنی بەشێکی زۆر لەبەرهەمە نەوتییەکانی ئێران بۆ چین. لەهەمانکاتیشدا دەسەڵاتدارانی رۆژئاواییو راگەیاندنەکانیان ئاشکرایان کرد کە لەنێوان چینو ئێراندا پەیماننامەگەلێکی تێکنۆلۆژی ئەتۆمیو چەکەمەنی کیمیاییو کۆمەڵکوژ بەستراوەو

تا ئێستاش هەژمارێك مۆشەكی (9m)و (11m) كە لەمەترسیدارترین ئەو موشەكەكانی دراوە بەكۆماری ئیسلامی ئێران.

هەوڵدانەكانی ئێرانی ئیسلامی بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەكی ئەتۆمی بەردەوام بووەو دەسەڵاتدارانی كۆماری ئیسلامی بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ كوریای باكوور، روسیە، كازاخستان، پاكستان و لیبی پەیماننامەگەلێكی واژۆ كردەوەو لەبازاڕی رەشیش بۆ هێندێك كەل و پەل كەڵكی وەرگرتووە. لەم رێگایەشەوە وزەخانەكانی نەتەنزی كاشان و بوشەهری بە یارمەتی پسپۆڕانی روسی وەڕێ خست و سەودای ژێربەژێری زانستی پرۆگرامی چۆنییەتی ساز كردنی بۆمبی ئەتۆمی لەگەڵ زانستمندی ئەتۆمی پاكستان، عەبدولغەدیرخاندا تا رادەیەكی زۆرتر دەرخەری ئەو راستییەیە كە كۆماری ئیسلامی ئێران بە دووی پرۆگرامی سەربازی ئەتۆمییەوەیە نەك تكنۆلۆژی ئاشتیخوازانەوە. هەر لەو دەمەدا هەوڵدانە پێداگرانەكانی كۆمەڵگای جیهانی بۆ سەر ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی و هەوڵدانی ئاژانسی ناوبراو بۆ سەردان و پێشكنینی لە ناكاوی شوێنە گومان لێكراوەكان لەئێراندا و راگرتنی چڕكردنەوەی یۆرانیۆم، لەلایەن كۆماری ئیسلامییەوە كۆسپیان خرایە سەر رێ و ئەمەش یەك لەو هۆكارانە بوو كە گومانەكەی هێندەیتر بەهێز دەكرد.

پاش ئەو گێرەو كێشانە لەكۆتاییەكانی یەكەم مانگی بەهاری ساڵی 1383ی هەتاویدا كۆماری ئیسلامی بەفەرمی رایگەیاند كە ناوەندی ئەتۆمی (UCF)ی ئیسفەهان وەڕێ خراو پرۆژەی ناوی قورسی "ئەراكیش دەستی بەكار كرد. هاوكات بەرپرسانی دەوڵەتی تاران رادەگەیەنن كە ئەم پرۆژانە بۆ بەكارهێنانی پزشیكی كەڵكیان لێوەردەگیرێ. كە بەپێ راپۆرت و لێكۆلێنەوەكان ئەم پرۆژە كە مەبەستەكەی چالاكیی پزشیكی راگەیاندراوە، توانایی چاكردنی بۆمبی ئەتۆمی دەبێت. لەم پێوەندییەشدا هەر خێرا وڵاتانی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، بریتانیا ئاڵمان و فرەنسا لەم پرۆژانەی ئێران بەتایبەتی پرۆژەی (UCF)ی ئیسفەهان دڵنەگەرانییان دەربڕی.

كۆماری ئیسلامی ئەم دۆسیەیەی كردە دۆسییەیەكی ئیستراتیژیك بۆ دیپلۆماسی كۆماری ئیسلامی و لەم پێوەندییەشدا كیسەیەكی گەورەی هەڵدووریبوو، بۆ ئەم مەبەستەش پەروەندەی ئەتۆمی لەژێر چاودێری راستەخۆی رێبەریی كۆماری ئیسلامیدا بوو و دەوڵەت لەم دۆسیەیەدا مافی دەستێوەردانی نەبوە. بەرپرسی دیپلۆماسی دۆسیەی ناوبراو، بەرپرسی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی كۆماری ئیسلامییە كە پێوەندییەكی چڕی لەگەڵ رێبەرایەتی سیستمی كۆماری ئیسلامیدا هەیە و راستەوخۆ پێشنیارو راسپاردەكانی ئەوان تەوەری سەرەكی و نێوەرۆكی راستەقینەی سیاسەتی دیپلۆماسی ئەتۆمی ئەو رێژیمە پێك دێنن. یەكێ لە پاساو و لابۆشییەكانی كۆماری ئیسلامی لەسەر پرۆژەی سەربازی ئەتۆمییەكەی، پێوەندی دەداتەوە بەكێشەی وزەوە. وەك دەزانین ئێران یەكێ لەوڵاتانی سەرەكی بەرهەم هێنەری نەوت و گاز لەجیهاندایە و یەكێ لەم بەهێزترین وڵاتانی نێردەری گازە لەجیهاندا. بۆیە بەم بەڵگانە ئەو راستییەمان بۆ دەردەكەوێ كە ناتوانێ مەبەستی سەرەكی ئەو پرۆژەیە وزە بێ. بەڵام بە كورتی ئاورێك لەبواری وزەی ئێران دەدەینەوە:

لەراستیدا ئێران وڵاتێكی نەوتییەو یەكێ لەسەرەكیترین ئامانجە راگەیەندراوەكانیشی لە پرۆژە ئەتۆمییەكانی بەرهەمهێنانی وزەیە. واتە بە وتەی بەرپرسانی كۆماری ئیسلامی "لەداهاتوویەكی نە زۆر دووردا دەبێ چاوەڕوانی كۆتایی هاتنی سەرچاوە نەوتییەكان بین، هەر بۆیە لەهەموو وڵاتانی جیهاندا گرینگییەكی تایبەت بە پرۆژەی چێكردنی و وزەخانەی ئەتۆمی دەدرێ.

پێویسته بیژین پاش لێدانی عێراق لەلایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانانییەوەو پاش وەکارکەوتنی چاڵە نەوتییەکانی باشووری ئێران واته کۆمەڵە چاڵە نەوتییەکانی "یادئاوران" ئەو وڵاته بوه دووهەمین بەرهەمهێنەرو نێردەری نەوتی ئۆپێکە. ئێران رۆژانە پتر لە 4/5میلیۆن بەرمیل نەوتی خاو بەرهەم دێنێت‌و ئێران هەنوکەش بە وڵاتێکی ئابووری تاقه بەرهەمی ناسراوه کە زیاتر لە80٪ی داهاتەکەی هەناردەی نەوت پێکی دێنێت. گەر سەرنجیشمان دابێ نرخی نەوت بە رێژەیەکی چاوەڕوان نەکراو زیادی کرد. جێگای ئاماژە پێدانه کە لەسەردەمی دەستپێکی گەمارۆکان لەسەر کۆماری ئیسلامی ئێرانەوه داهاتی نەوت بەرزترین پاڵپشتی ئابووری ئەو وڵاته بوەو هەنوکەش بەردەوامە. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی رایدەگەیەنن کە لە پرۆگرامی سێهەمی گەشەماندا پلانرێژی کرابوو کە دەفەرایەتی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو تاکوو کۆتایی ساڵی 1383 (2004) بە 5/9 میلیۆن بەرمیل لەرۆژدا بگات کە 1/5 بەرمیلی بە نەوتی ئۆپێك زیاد کردوه. لەلایەکی دیکەوه ئێران لە ئاستی رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا خاوەنی زۆرترین گازی سروشتییە. بە پێ هەڵکەوتی ئێران لەنێوان دوو ناوچەی ئیستراتیژیکی کەنداوی فارس‌و دەریای خەزەردا خاوەنی پتر لە 26 تریلیۆن مێتری موکەعەب سەرچاوەی سەلمێنراوی گازی سروشتی جیهانەو پاش روسیه دووهەمین وڵاتی خاوەنی گازی جیهانه. بەشێکی زۆری وزەخانەکانی کارەباش پێویستییان بە سووتەمەنی گاز هەیە. داخوازی جیهانی بۆ گازی سرووشتی ساڵانە 2/5 لەسەر روو لەزیاد بوونه. بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران داهاتی ئەم بەرهەمە پڕ سووده چی لێ دەکات؟!

هەمووان دەزانین ئەو داهاتانە لەشوێنگەلێك سەرف دەکرێن‌و بۆ ئامانجەگەلێك بەکار دەهێنرێن کە نەتەنیا بەسوودی گەلانی ئێران نیه بەڵکوو بە زیانی ئاشتی‌و ئاسایشی جیهانیشه. بۆ وێنه بەسەدان میلیۆن دۆلاری بۆ بۆنیاتنانەوەی لوبنان‌و بەهێز کردنی هەمە لایەنەی حیزبوڵا بەکار هێناوه کە لەو یارمەتیانەشدا تەنیا 2 میلیۆن دۆلار بۆ بۆنیاتنانەوەی ناوەندە ئایینییەکان تەرخان کراوه. جێگای ئاماژە پێکردنە کە حیزبوڵا لەلایەن ئیستراتژیستەکانی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامییەوه دامەزرێنراوەو تەواوی هەزینەکەشی لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوه تەرخان دەکرێ. ئەوەش لەحاڵێکدایە کە هەژاری‌و برسیەتی برستی لەخەڵکی ئێران بڕیوەو خەڵکی زستانان لەبەرگران بوون‌و زۆر جار نەبوونی نەوت‌و گاز تووشی دەیان قەیران‌و کارەسات دەبن. لەولاشەوه دەبینین ئێران لە ساڵەکانی 1984 ـ 1988دا رۆژانە 20 هەزار بەرمیل نەوتی بەخۆڕایی‌و هەروەها 40 هەزار بەرمیلیشی بەنیوه واتە 4 دۆلار بەجێ 8 دۆلار بە وڵاتی سوریه دەدا. ئەو باجەش بۆسەرپۆش دانانی دەسەڵاتدارانی سوری لەسەر یارمەتییەکانی ئێران بەحیزبوڵای لوبنان بوو.

هاوکات لەگەڵ دەست‌و دڵبازییەکانی کۆماری ئیسلامی لەبەرامبەر سوریه، حیزبوڵا، جیهاد ئیسلامی، حەماس، کوریای باکوورو....دا بوو کە جارێکیتر لەساڵی 1984دا وەخۆ کەوت تاکوو وزەخانەی بوشەهر زیندوو بکاتەوەو ناوەندێکیش بۆ لێکۆڵینەوەی ئەتۆمی لەئیسفەهاندا دابنێت. هێندێ لایەنیش لەو بڕوایەدان کە هەوڵدان تویژینەوەی ئێران بۆ چەکی ئەتۆمی بۆ ساڵی 1985 دەگەڕێتەوەو ساڵی 1987 بوو کە بوجەی تایبەتی بۆ تەرخان کرا. هەر لەساڵی 1979وه پاش قەیرانی بارمەتە گرتنی باڵوێزخانەی ئەمەریکاو کارگێڕانی لەلایەن تارانەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان حکوومەتی تارانی خستە لیستەی تێرۆرەوەو هەر بەدوای ئەویشدا ئەمەریکا گەمارۆی ئامرازو کەرەستەی سەربازی خستە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئەوکارەش لەسەر بنەمای لایەحەی 37ی یاسای کۆنترۆڵی چەکەمەنی بوو. لەساڵی 1984 ـ 1988 عێراق حەوت جار هێرشی کردە سەر وزەخانەی ئەتۆمی ئێران لەبوشەهر بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

پاش عەملیاتی گەردەلولی بیابان دژبە عێراق، وەزیری بەرگریی ئەوکاتی ئێران گوتی "ئەمرۆ هەبوونی بۆمبی ئەتۆمی لەئێراندا وەکوو خۆکوژی وایە. چونکی زلهێزەکان بەهەبوونی موشەکی رێك‌و دوورهاوێژ دەتوانن بەئاسانی چەکە ئەتۆمییەکانی ئێران بکەنە ئامانج‌و لەناویان بەرن. کەوابوو خاوەنداریەتی‌و هەبوون‌و کەڵك لێوەرگرتنی ئەتۆمی لە پرۆگرامی ستراتژیکی ئێمەدا نیە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە توێژینەوەو حیساباتی ورد لەمەڕ پڕۆگرامی ئەتۆمی ئێران بەو ئاکامە گەیشت کە ئێران لەهەوڵی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی دایە. هەر بۆیە قەیرانی ئەتۆمی ئێران بە راپۆرتی محمدالبرادعی بەرێوەبەری گشتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بەدانیشتنی 1382/3/26ی ئەنجوومەنی حوکام دەستی پێکرد. ئەمجار ئێران هەوڵی هێندێ پتەوکاری لە پرۆگرامی ئەتۆمی خۆیدا کرد. بۆ وێنە راپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەین کە دامەزراوەکانی نەتەنزی کاشان لەقوڵایی 75 فووتی ژێرزەوی‌دا چاك کراوان، مەبەست لەوەش پارێزەرانی ئەو دامەزراوانە لەهێرشگەلی هەواییە.

راپۆرتەکانی دوایی ئاژانسیش لەساڵی 2003دا کە هەر سێ مانگ جارێ بەئەنجومەنی حوکام دەدران، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئێران لە 18ساڵی رابردوودا بێ ئەوەیکە ئاژانس ئاگادار بکاتەوە دەستی بە چڕکردنەوەی یۆرانیوم‌و جیاکردنەوەی پلۆتۆنیۆم کراوە. گرینگترین پرسیاری ئاژانس‌و وتووێژ کەرانی ئورووپایی‌و ئەمەریکایی ئەوە بوو کە مەبەستی ئێران لەو چالاکیانە چیە؟ ئێران بە چ مەبەستێك یۆرانیۆم دەوڵەمەند دەکاتەوە. دڵەڕاوکێیەکی‌تری ئاژانس لەدامەزراوەی وەزەخانەی ئاوی قورسی 40 مگاواتی ئەراك بە سووتەمەنی ئۆکسیدی یۆرانیۆمی سروشتیەوە بوو. زۆرێك لەچالاکییەکانی ئێران لە پرۆگرامی ئەتۆمی خۆی‌دا پیشانی دەدا کە ئێران ژێر بە ژێر خەریکە کار بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی دەکات. لەم پێوەندییەدا ساڵی 2005 ئەمەریکا بە روونی هەڵوێست دەگرێ. "جەکی ساندرز" نوێنەری ئەو وڵاتە لەئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی‌دا ئێژێ" "ئێران بۆ دەستڕاگەیشتن بە جەنگ ئامێری ئەتۆمی پرۆگرامی شاراوەی بوەو بە گوتەگەلێکی شوێن‌و نکەر، بۆدرێژماوە ئاژانسی بەهەڵەدا بردوە."

گرفتێکی گەورەتری ئورووپاییەکان ئەوە بوو کە ئێران هیچکات هەڵپەساردنی چڕکردنەوەی یۆرانیۆمی قبوڵ نەکردوە. پێداگرتنی ئێران لەسەر رانەگرتنی چڕ کردنەوەی یۆرانیۆم‌و درێژەدانی پرۆگرامی ئەتۆمی خۆی بێ متمانەیی‌و ترس‌و دڵەراوکێیەکی بۆ کۆمەڵگای جیهانی، بەتاییەت رۆژئاوا لەلایەك دروست کردبوو، و لەلایەکی‌ترەوە ترس‌و دڵەخورپەیەکی بۆ بەشێك لەوڵاتانی ناوچەکە، واتە کەنداوی فارس پێکهێنابوو کە ئەوان ناچار بە بەهێز کردنی لایەنی سەربازی خۆیان کرد. ئەوان لەلایەك هەڕەشەی ئیسرائیلی ئەتۆمی لەسەریان بوو، لەلایەکی دیکەوە هەڕەشەی ئێرانی رادیکاڵ ئیسلامی پێ زیاد دەبوو کە ئیدیعای رێبەرایەتی ئیسلامی لەئاستی جیهاندا دەکرد. ئەوەش هۆکارێکی گرینگ بوو بۆ ئەوەیکە ئەو وڵاتانە هەرچی زیاتر لەئەمەریکا نزیك ببنەوەو لەبەرامبەردا ئیسرائیل لەستراتژی سیاسەتی دەرەکی ناوچەیی ئەواندا جێگای خۆی بدات بە ئێرانێکی ئەتۆمی لەداهاتوودا.

لەسەر بنەمای پەیمانی NPT دەوڵەتەکان دەتوانن هەموو لایەنەکانی تێکنۆلۆژی ئەتۆمی پەرە پێ بدەن، بەو مەرجەی کە بە شوێن چاك کردنی جەنگ ئامێری ئەتۆمییەوە نەبن. بەڵام ئەورۆ وەدەستهێنانی جەنگ ئامێری ئەتۆمی بەشێکی سەرەکی لەئامانجی چالاکی ئەتۆمی وڵاتان بەتاییەت وڵاتانی نادێمۆکرات‌و دیکتاتۆر لێدراوە. شائوڵ موفاز: "گەر پێش بە چالاکی ئەتۆمی ئێران نەگیرێ وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەموویان خۆیان بە چەکی ئەتۆمی تەیار دەکەن." لەلایەکی‌ترەوە بەرپرسانی هەواڵگری ئەمەریکا ئێژن کە ئێران لەنێوان ساڵەکانی

2010 تا 2015دا بەتوانایی چاك کردنی چەکی ئەتۆمی دەگات". هەر لەو پێوەندییەدا دەریا سالار "مایك مەك کامڵ" لەوتووێژێك لەگەڵ فاکس نیوزدا، یەکشەممە 1387/1/18 ئێژێ: "وێدەچێ تاکوو ساڵی 2009 ئێرانییەکان بە بۆمبی ئەتۆمی بگەن." ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە "ئەم چاوەڕوانییە چاوەڕوانییەکی لۆژیکییە." زۆرێك لە شاهێدیو بەڵگەو دیکیۆمێنتەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیو راپۆرتەکانی ئورووپاو ئەمەریکا جەخت لەسەر نائاشتیخوازانە بوونی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران دەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێرانیش نەیتوانیوە ئەو گومانو دڵەراوکێیانە بڕەوێنێتەوە.

پاش ئەوەیکە ئێران لەمەڕ رای کۆمەڵگای جیهانی کەمتەرخەم بوو، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتە سەر ئەو قەناعەتە کە دەبێ ئێران سزا بدرێ، هەر بۆیە بە دانیشتنی وڵاتانی ئەمەریکا، روسیە، چین، بریتانیا، فەرەنساو ئاڵمان بە دوو بڕیارنامەی دوا بە دوای یەکدا ئێرانیان سزادا، بەڵام ئەم سزایانە هەنوکەش نەیانتوانیوە پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران راگرن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتانی گرووپی 8، واتە هەشت وڵاتی پیشەسازی جیهانو وڵاتانی 5+1 بەو قەناعەتە گەیشتوون کە دەبێ جیددیتر رووبەرووی کۆماری ئیسلامی ئێران ببنەوە. بەشێکی دیکە لەوڵاتان لەلایەك لەوتووێژو دیالۆگ لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی بەمەبەستی چارەسەر کردنی کێشەی ئەتۆمی ئەو وڵاتە ماندوو بێ هیوا بوونو لەلایەکیترەوە پێیان وایە کۆماری ئیسلامی تەنیا دەیهەوێ کات بکڕێ بۆ هەرچی زیاتر بردنەپێشی پرۆگرامە ئەتۆمییەکانی. لەراستیشدا لەدیپلۆماسی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامیدا نە دەوڵەتو نە دیپلۆماتەکان هێچکام هیچ چەشنە دەسەڵاتێکیان نیە. پرۆگرامی ئەتۆمی لەچوارچێوەی ستراتژی سیستمی کۆماری ئیسلامیدایە. گەڕانەوەی دەست خاڵی خاوێر سۆلانا بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکییەتی ئورووپا لەئێرانو وەرنەگرتنی بەستەی پێشنیاری ئورووپا، 5+1ی هێنایە سەر ئەو قەناعەتە کە لەبیری داڕشتنی بنچینەکانی گەمارۆیەکی نوێدا بن. واتە گەمارۆیەکی بەهێزتر لەگەمارۆی بڕیارنامەی 1803، گەمارۆی ناوبراویش یەك لەو گەمارۆە بەهێزانە بوو کە کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر سیاسەتی دەرەوەو لایەنی ئابووری ئێران دانا. بێ گومان سێ گۆشەی هاوپەیمانی سارکۆزی ـ مێرکێل، سۆلانا لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەتوانێ ئەمجارش زەبرێکی کاریگەر لەئابووری زریان لێداروی ئێران بدات.

سیاسەتی ئێران لەمەڕ پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی سیاسەتی هەڵاتنو شوێن کەوتنە (تعقیبو گریز"، سیاسەتێك دەیانهەوێ بە کردنەوەی درگایەکیتر یاری هەزارو یەك شەوی ئەتۆمی خۆیان درێژە پێبدەن. ماوەیەك لێدان لەناوبردنی وەزخانە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ئەمەریکا یان ئیسرائیلەوە کەوتە بەرباس، بەو ئەزموونەی کە ئیسرائیل لەوبوارەدا هەیەتی، واتە بەهێرشێکی هەوایی بۆ سەر وزەخانەی ئۆزیراك ساڵی 1981لە باشووری عێراق ئەو وزەخانەیەی لەناوبردو وزەخانەیەکی سووریەشی هەر بە هێرشی هەوایی لەناو برد. ئێرانیش ترسو دڵەڕاوکێیەکی بۆ دروست بوو، و لەو پێوەندییەدا ئەمەریکاو ئیسرائیلی ئاگادار کردەوە کە کارێکی وەها بۆ هەرکام لەوان گران تەواو دەبێو راشیان گەیاند کە لەگەڵ ئەوەیدا کە ئیسرائیل موشەك باران دەکەین هاوکاتیش تەواوی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لەناوچەکەدا دەکەینە ئامانجی موشەك. واتە ئەو هەڕەشانەی کە عێراق پێش روخانی دەیکردن. لەو پێوەندییەشدا "سەید عەلی خامنەیی" لە وتارێکیدا بەم چەشنە جۆرج بوش سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئاگادار دەکاتەوە: "گەر لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئەودا، کردەوەیەك دژبە ئێران بەڕێوەبچێ، تەنانەت پاش کۆتایی دەسەڵاتدارییەتییەکەشی سزای دەدەین. دەوڵەتی چینیش کە یەکێ لە هاوپەیمانانی تاکتیکیو کاتی کۆماری ئیسلامی دێتە هەژمار، هاوکاری زانیاری باش لەمەڕ پرۆگرامی ئەتۆمی

کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیدا کراو بە پێشنیاری گەمارۆی ئابووری ئێران دەنگی ئەرێنیدا. شان مەك کۆرمەك، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا وتی هاوکاری تاران لەگەڵ ئاژانسدا زۆر لاوەکییە، هەروەها ئەوەشی لێ زیاد کرد لەمەڕ پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران کۆمەڵە پرسیارێك بوونیان هەیە وەڵام بدرێتەوە. پرسیاری ئەمریکا، فرەنساو بریتانیا. لەو پێوەندییەدا دیکۆمێنتارێك هاتۆتە گۆڕێ کە لە10 لاپەڕە پێکهاتووە کە سەرچاوەی پرسیاری ئەو وڵاتانە لە ئێرانە.

بۆ وێنە فرەنسا داوای خشتەی کات بەندیکراو لەمەڕ پێوەندییەکانی لەگەڵ رایەڵکەی بازاڕی رەشی ئەتۆمیدا دەکات. بازاڕی رەشێك کە دەگوترێ ئێران سانتریفیوژەکانی لەوێوە وەدەستهێناوەو هەروەها بەشێك لە پێداویستییە ئەتۆمییەکانی دیکەشی لەوێوە وەچەنگ خستوە.

بریتانیا پێداگری لەسەر روونبوونەوەی پێوەندییەکانی ئێران‌و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی دەکات‌و دەڵێ ئێران‌و ئاژانس پێشتر تا رادەیەك دژایەتی یەکترییان دەکرد، بەڵام چیبوو کە رای ئاژانس لەناکاو لەسەر ئێران گۆڕدرا، ئێران چی بە ئاژانس گوت کە رای ئاژانسی گۆڕی‌و ئایا ئاژانس لەراستی‌و ناڕاستییەکانی ئێران دڵنیایە؟

و ئەمریکاش خوازیاری دەستڕاگەیشتن بە تەواوی ئەو کەس، دامەزراوەو شت‌و مەك‌و مەوادەیە کە بتوانن ئەو گریمانەگەلە بسەلمێنن‌و روونی بکەنەوە کە ئایا چالاکییە سەرەتاییەکان‌و چڕکردنەوەی یۆرانیۆمی ئێران پێشکەوتووتر لەوە بوە کە ئێران رایگەاندوە؟ ئایا چالاکییەکانی ئێران پێوەندییان بە کارو باری سەربازییەوە هەبوە یان نە؟

ئاخاوتنی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ پرۆژەی ئەتۆمی ئێران رۆژ بەرۆژ مەترسییەکان بۆ سەر کۆمەڵگای جیهانی بەگشتی‌و دەرو جیرانەکانی ئێران بەتایبەتی زیاتر دەکات. بۆ وێنە بەرپرسان‌و فەرماندەکانی سەربازی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران رۆژی 1386/5/17 پرۆژەی ucf ی ئیسفەهانیان وەکار خستەوە. ucf ی ئیسفەهان تایبەت بە کارو باری سەربازییە. ئەوان رێکەوتی دەستپێکردنی چالاکی ئەو پرۆژەیەیان هاوکات کردەوە لەگەڵ ساڵرۆژی بە ناو سەرکەوتنیان لەشەڕی 8 ساڵەی دژبە عێراقدا.

هاوینی 1386 عەلی لاریجانی بەرپرسی پێشووی ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی‌و هەروەها بەرپرسی فایلی ئەتۆمی ئێران لەبەرامبەر ئێرانییەکانی دانیشتووی دەرەوەدا گوتی: "ئەمڕۆ رۆڵی تێکنۆلۆژی لەگەشەو پێشکەوتندا بە تەواوی روونەو ئیرادەی ئەمریکاییەکان بۆ مەحرووم کردنی ئێران لەدەستڕاگەیشتن بەو تێکنۆلۆژییەش روونە، گومانی تێیدا نیە کە ئێمە بە تێکنۆلۆژی ئەتۆمی دەگەین، بەڵام رەنگە دێرو زوویی هەبێ...." ناوبراو گوتیشی "شەڕێك لەئارادا نیە، ئەوان دەیانهەوێ ئێمە لەترسی شەڕ خۆمان بکوژین، بەڵام ئەمریکاییەکان خۆشیان نادەنە دەم تێخەوە...، ئەمەریکاییەکان توانایی دوو شەڕیان لەدوو بەرەیان دا نیە." ئێرانییەکان بە سواربوونی شەپۆلی هەستی خەڵك دەیانهەوێ بابەتەکە بکەنە بابەتێکی ئێحساسی‌و نەتەوایەتیی، هەر بۆیە رۆژی دانیشتنی بەنەتەوەیی کردنی وزەی ئەتۆمییان هاوکات کردوە لەگەڵ رۆژی بەنەتەوەیی کردنی پیشەسازی نەوت دا کە سەردەمی "د.موحەممەد موسەدێق" کە ئەو کات سەرۆك وەزیران بوو بەڕێوە چوو.

"ئەحمەد جەننەتی" سکرتێری ئەنجوومەنی پاسەوان: "ئەی میللەتی ئێران! "هرکە خربزە میخورە پای لرزشم میشینە" (هەرکەس کاڵەك دەخوات لە پای لەرزەکەشیدا رادەوەستێ). گوتتان ئێمە شۆڕشمان کرد، سەربەخۆییمان

دەوێ، ئازادییمان دەوێو ناچینە ژێر باری زوڵم. با ئەرووپاییەکان بزانن لەپێی پرۆژەی ئەتۆمیشماندا رادەوەستین و ئەگەر ئوروو پاییەکانیش کاری شێتانە بکەن پتر تووشی زیان دەبن." (1384/11/28 نوێژی هەینی تاران)

مەحموود ئەحمەدی نژاد: "ئەم خزمەتکارە بچووکەی نەتەوەی بەشەرەف داواکارە تاکوو لەرۆژانی ماتەمینی حوسەینیدا لەکۆبوونەوەو دانیشتنەکاندا بەتایبەت رۆژی 22ی رێبەندان، رای خۆمان لەمەڕ مافی وزەی ئەتۆمیکە کەمتر لەنەتەوەیی کردنی پیشەسازی نەوت نیە بە دەنگی بەرز دەری برن." (1384/11/16ی هەینی ــ تاران)

ئەو چەشنە هەڵویستەو دەیان هەڵویستی دیکەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بڕیارنامەکان توندترو توندتر دەکاتو رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر ئێران لەلێوارەکانی هەڵدێر نزیك دەکاتەوە. ئێستا پرۆژەی ئەتۆمی ئێران بۆتە گرفتێکی گەورە بۆ ئاسایشی جیهانیو ماوەیەکی دوورو درێژ سەرەکیترین باسی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو کە بۆ ماوەیەك بە هۆی هێرشی روسیە بۆسەر گورجستان کەم رەنگتر بوە بەڵام دیسان هەر وەها باسی گەرمی کۆڕو کۆبوونەوەو دانیشتنی بەرپرسانی دەوڵەتیو غەیرە دەوڵەتییەو بەهێزترین هەڕەشەی ئاسایشی لەجیهان بەگشتیو ناوچەی پڕ قەیرانی رۆژهەڵاتی ناڤین بەتایبەتییە.

گرینگی بڕیارنامەی 1803 هێنامانییە سەر ئەو بڕوایە کە بەجێ باسکردن لەمەڕ بڕیارنامەکە، دەقی بڕیارنامەکە بخەینە بەردیدی خوێنەران:

## دەقی بڕیارنامەی1803

دەقی بڕیارنامەی1803ی ئەنجوومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەمەڕ پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران،

ئەم بڕیارنامەیە بە دەنگی ئەرێنی 14 ئەندامی ئەنجوومەنو دەنگی بێلایەنی ئەندۆنزی پەسەند کرا. ئەنجوومەنی ئاسایش، بە وەبیرهێنانەوەی راگەیاندراوی ئەنجوومنی ئاسایش لە 29ی مارسی 2006 "s/prst/2006/15"دا دەنگی بە بڕیارنامەی 1696ی جوولای 2006داو بڕیارنامەی 1737 لە 23ی دێسامبری 2006داو بڕیارنامەی 1747 لە 24ی مارسی 2007داو بە تەئیدی نێوەرۆکەکەیان، بە جەختکردنەوە لەسەر بەڵێنی خۆی لەمەڕ رێی پێنەدان بە پەرەسەندنی چەکەمەنی ئەتۆمی، پێویستی پابەند بوونی هەموو وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیماننامە بە بەرێوەبردنی تەواوی بەڵێنیەکان لەم بوارەداو وەبیرهێنانەوەی هەموو وڵاتانی ئەندام بە پێ بەندەکانی یەکەمو دووهەمی ئەم بەیاننامەیە بە مەبەستی، لێکۆڵینەوەی پەرەپێدان، بەرهەمهێنانو کەڵك وەرگرتن لەوزەی ئەتۆمی لەرێگای ئامانجە ئاشتیخوازەکاندا بەبێ هیچ هەڵاواردنێك، بە وەبیرهێنانەوەی بڕیارنامەی ئەنجوومەنی حوکامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی "GOV/2006/14" کە لەودا هاتوەکە رێکارێك بۆ کێشەی ئەتۆمی ئێران لە پاڵ هەوڵدانە نێونەتەوەییەکان بۆ پێشگیری لە پەرەسەندنی ئەتۆمیو وەدیهێنانی ئامانجی پێکهێنانی رۆژهەڵاتێ نێوەڕاستێکی خاڵی لەچەنگ ئامێری ئەتۆمیو ئامرازەکانی کەڵك وەرگرتن لەو جەنگ ئامێرانەیە.

"ov/2007/48"، 15ی نەوامبری 2007 "ov/2007/48"و 22ی فێوریەی 2008 "gov/2007/4" سکرتێری گشتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی"IAEA" پەسەند کراوە، ئێران بە شێوەی تەواوو جێگیر چالاکییەکانی چڕ کردنەوەو ئافراندنەوەی پرۆژەکانی تایبەت بە ئاوی قورس کە لەبڕیارنامەکانی1696

"2006"، 1747 "2007" برەویان نەبوە، هاوکارییەکانی خۆی لەگەڵ ئاژانسدا لەسەر بنەمای ڕێکەوتننامەی پەیوەستی سەرلەنوێ دەست پێ نەکردەوەو کردەوەگەلێك کە ئەنجوومەنی حۆکامی ئاژانس داوایان لێ کردبوو بەڕێوەی نەبردوە، هەر وەها پابەند نەبوە بە نێوەرۆکی بڕیارنامەکانی 1796 "2007"، 1737 "2006"، 1747 "2007" کە بۆ متانە دروست کردن پێویستن‌و لەوەیکە ئێران ئەم کردەوانەی نەگرتوەتە پێش، بەداخ بوونی خۆی دەردەبڕێ، بە دڵەڕاوکێیەوە هێمای بۆ دەکا کە ئێران سەرنجێکی تایبەت لەمافی ئاژانس لەبینینەوەی زانیاری پێوەندیدار بە داڕشتنی، کە لەلایەن ئێرانەوە خراوەتە بەردەست‌و ئاکامەکانی چاکسازی لەکۆدی 3،1داو بە جەختکردنەوە لەسەر بنچینەی بەندی 39ی ڕێکەوتننامەی پادمانی ئێران کە لەسەر بنەمای ئەو، ناتوانین کۆدی3،1 بە شێوەی یەکلایەنە چەك بکەین یان هەڵیپەسێرین‌و بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەیکە مافی ئاژانس لەبینینەوەی زانیاری داڕشتنێك کە خراوەتە بەردەستی ئەو، مافێکی هەمیشەییە کە پێوەندی بە قۆناغی چاکردن‌و بوونی مەوادی ئەتۆمی لەدامەزراوە ئەتۆمییەکانەوە نیە، بە جەختکردنەوە لەسەر بەڵێنی خۆی بە بەڕێوەبردنی دەرەتانەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، پاڵپشتی هێز لەرۆڵی ئەنجومەنی حۆکامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، لەگەڵ سوپاسی ئاژانس بۆ هەوڵدانەکانی لەرێگای چارەسەریی کێشە پاشماوە پێوەندیدارەکان بە پرۆگرامی ئەتۆمی ئێرانەوە کە وەکوو گەڵاڵەی بەڕێوەبردن لەنێوان سکرتارییەتی ئاژانس‌و ئێراندا (gov/2007/48) ڕێککەوتن کراو بە پێشوازی لەپێشکەوتنە وەدەست هاتووەکان لەبەڕێوەبردنی ئەم پرۆگرامە کارییەدا کە لەرا پۆرتی 15ی نوامبری 2007ی بەڕێوەبەری گشتی (gov/2007/48)یش‌دا ئاماژەی بۆ کراوە، لەسەر بایەخی پێدانی ئاکامگەلی خێراو هەست پێکراوو بەڕێوەبردنی کاریگەری ئەم گەڵاڵەی کارکردە لەلایەن ئێرانەوە لەوانە دانی وەڵام بەتەواوی پرسیاراتی داڕێژراو لەلایەن ئاژانسەوە جەخت دەکاتەوە، تاکوو ئاژانس بتوانێ لەرێگای بەڕێوەبردنی چارەسەرگەلی روونکەرەوەوە بتوانێ ڕاستی‌و دروستی دەربڕینەکانی ئێران بخاتە بەرلێکدانەوە. ڕای دەگەیەنی هەڵپەساردنی ئاماژە پێکراو لەبەندی دووهەمی بڕیارنامەی 1737 (2006)داو هەروەها پابەندی تەواو و بینینەوەیی پێویستییە دەستنیشانکراوەکان لەرێگای ئەنجومەنی حوکامی ئاژانسەوە لەچارەسەریی دیپلۆماتیك داو لەرێگای وتووێژێکەوە کە بتوانێ نێوەرۆکی تەنیا ئاشتیخوازانەی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران بسەلمێنێ، بەشدار دەبێ.

جەخت دەکاتەوە کە چین، فەرەنسا، ئاڵمان، روسیە، بریتانیاو ئەمەریکا پێیان باشە ڕێگاچارەسەرگەلێکی بنچینەیی پتر بۆ لێکدانەوەی زیاتری ئیستراتژییەکی گشتی بۆ چارەسەریی کێشەی ئەتۆمی ئێرانییەکان لەرێگای وتووێژەوەو لەسەر بنچینەی پێشنیاری ژوئەنی 2006ی خۆی (5/2006/521) بێننە گۆڕێ‌و وەبیر دێنێتەوە کە جەختکردنەوەی ئەم وڵاتانە کە هەر کەمتمانەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەمەڕ نێوەڕۆکی تەنیا ئاشتیخوزانەی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران وەدەست هات، لەگەڵ ئەم واتە وڵاتەدا بە چەشنێ هەڵسوکەوت دەکرێ کە لەگەڵ وڵاتێکی غەیرەجەنگ ئامێریی ئەندامی پەیماننامەی ڕێی نەدان بە پەرەسەندنی جەنگ ئامێری ئەتۆمیدا دەکرێ.

بەسەرنجدان لەمافو بەڵێنی وڵاتان لەپێوەندی لەگەڵ بازرگانی نێونەتەوەییدا، بەکەڵك وەرگرتن لەرێنوێنییە پێشاندراوەکان لەلایەن تیمی تایبەتی کردەوەگەلی دارایی (FATF) بە مەبەستی یارمەتی بە وڵاتان لەبەڕێوەبردنی بەڵێنییە داراییەکانی خۆیاندا لەسەر بنەمای بڕیارنامەی 1737 (2006)ی ئەنجومەنی ئاسایش، (2006)، بڕیارنامەی 1737 (2007)و پێویستیەکانی ئاژانس بەڕێوەبەرێ. ئەنجومەن بۆ پێشگیری لەپەرەسەندنی بەرهەمهێنانە هەستیارەکانی ئێران لەبواری پرۆگرامە ئەتۆمی‌و موشەکییەکانی خۆیدا هەوڵ دەدا

تا كاتێ كە ئەنجومەنی ئاسایش دەستنیشانی بكا كە ئامانجی ئەم بڕیارنامانە وەدی هاتوە، (2006)، بڕیارنامەی 1747 (2007)ی ئەنجومەنی ئاسایشەو هەروەها بەسەرنجدان لەبەرپرسایەتی سەرەكی ئەنجومەنی ئاسایش لەچوارچێوەی مەنشووری ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكاندا بۆ پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێونەتەوەییو كردەوە لەسەر بنەمای مادەی 41 لە پاری حەوتەمی مەنشووری ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان:

ئەنجومەن جەختی لەسەر دەكاتەوە كە ئێران دەبێ بێ هیچ درەنگێك كردەوەگەلی پەسەندكراوی ئەنجومەنی حۆكامی ئاژانس لەبڕیارنامەی gov/2006/14دا كە بۆ پێكهێنانی متمانە لەمەڕ ئاشتیخوازانە بوونی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێرانداو هەروەها چارەسەری ئەو بابەتانەدا كە گرینگن، بێنێتە گۆڕێو بەپێ ئەم دەقە، ئەنجومەن بڕیاری خۆی لەسەر بنەمای ئەوەیكە ئێران دەبێ بەبێ دواخستنی زیاتر هەنگاوە ئاماژە پێكراوەكان لەبەندی دووهەمی بڕیارنامەی 1737 (2006) هەڵبێنێتەوە، پەسەند دەكاتو بەراشكاوی رایدەگەنێ كە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی وەدووی ئەم جەختكردنەوەیە كە ئێران بەندی چاكسازی كراوی 3،1 بەكار بێنێ"

2ـ ئەنجومەن لە ڕێككەوتنی نێوان ئێرانو ئاژانس بە مەبەستی چارەسەریی تەوایی بابەتە پاشماوەكانی لەپێوەندی لەگەڵ برۆگرامی ئەتۆمی ئێرانو پێشكەوتنگەلێك كە لەم پێوەندییەدا هاتوتە گۆڕێو لەراپۆرتی 22ی فێوریەی 2007ی بەرێوەبەری گشتی (GOV/2008/4)دا ئاماژەی پی كراوە پێشوازی دەكاو هانی ئاژانس دەدا كە چالاكییەكانی خۆی بۆ دەستنیشانكردنی بابەتگەلی پاشماوەی درێژە بداو جەخت دەكاتەوە كە ئەم كردەوەیە دەبێتە هۆی ژیانەوەی متمانەی كۆمەڵگای جیهانی بەتەنیا ئاشتیخوازانە بوونی نێوەرۆكی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێرانو پاڵپشتی دەكا لەئاژانس لەبەهێزكردنی پادمانەكانی خۆی لەمەڕ چالاكییە ئەتۆمییەكانی ئێران بەپێ ڕێككەوتننامەی پادمانی نێوان ئێرانو ئاژانس"

3ـ ئەنجومەن داوا لەهەموو وڵاتانی ئەندام دەكات تا لەمەڕ هاتوچوی كەسانێ كە راستەوخۆ لەچالاكیگەلی ئەتۆمی هەستیاری بەرهەمهێنانو فرەكردن یان پەرەپێدانی سیستمی رادەست كردنی جەنگ ئامێری ئەتۆمی ئێراندا دەستیان هەیە یان پاڵپشتی لێ دەكەن، لەخاكی خۆیاندا وریا بنو ئاگادار بن. ئەنجومەن هەروەها بڕیاری داوە كە وڵاتان كۆمیتەیەك كە بە دوای بەندی 18ی بڕیارنامەی 1737دا پێكهاتوە (لەم دەقەدا وەك كۆمیتە نێوی دەبرێ) لەهاتوچو یان تێپەڕبوونی كەسانی ئاماژە پێكراو لەخاكی خۆیدا ئاگادار بكاتەوە، مەبەست كەسانێكە كە لەپەیوەستی 1737(2006)، پەیوەستی یەكەم بڕیارنامەی 1747 (2007) یان پەیوەستی یەكەمی ئەم بڕیارنامەیەدا نێویان هاتوە. ئەوان هەروەها دەبێ كەسانێك كە ئەنجومەنی ئاسایش یان كۆمیتە رایگەیاندووە راستەوخۆ لە بەرەوپێش بردن یان پاڵپشتی كردن لەبەرهەمهێنانی ئەتۆمی هەستیار، بەرهەمهێنانیو زیادكردن یان پەرەپێدانی سیستمگەلی پرتاوی چەكو چۆڵی ئەتۆمیو هەروەها كەسانێك كە لەدابینكردنی پارچەكان، كاڵاكان، ئامێرەكا، مەوادو بەرهەمهێناندا ڕۆڵیان هەیەو لەسەر بنەمای بەندەكانی سێهەمو چوارەمی بڕیارنامەی 1737 (2006) قەدغە كراو راگەیەندراوە بخەنە ژێر چاوەدێریو هێنانو بردنی ئەوانە لەخاكی خۆیاندا بە ئاگاداری كۆمیتە بگەیەنن، مەگەر ئەویكە سەرفەری ئەوانە راستەوخۆ پێوەندیدار بێ بە بەشەكانی "ب"یەوە،كە لەكەرتی یەكەمو دووهەم لەبەندی 3ی بڕیارنامەی 1737 (2006) راگەیندراوە"

4ـ ئەنجومەن جەخت دەكاتەوە كە هەموو شتێك لەبەندی سەرەوەدا پێویستی بەوە ناكات كە وڵاتێك ڕێگری بكات لەهاتنی هاووڵاتیانی خۆی بۆ خاكی خۆیو هەموو ولاتان دەبێ لەپێوەندی لەگەڵ بەرێوەبردنی بەندی سەرەوەدا تێبینیگەلی مرۆڤدۆستانە لەوانە ریسائاییبنییەكانو هەروەها ئامانجگەلی داڕێژراو لەم بڕیانامەیەدا،

بڕیارنامەی 1737 (2006)و بڕیارنامەی 1747 (2007) لەوانە بەندی 15ی مەنشووری ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لەبەرچاو بگرن"

5ـ ئەنجومەن بڕیار دەدا کە دەبێ تەواوی وڵاتان ڕێوشوێنی پێویست بە مەبەستی پێشگیری لەهاتن یان تێپەڕینی کەسانی ناوبراو لەریزی دووهەمی ئەم بڕیارنامەداو هەروەها کەسانێکیتر کە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش یان کۆمیتەوە وەکوو کەسانێك نێویان دەبرێ کە لەچالاکییە ئەتۆمییە هەستیارەکانی بەرهەمهێنانو زۆر کردن یا پەرەپێدانی سیستمی رادەست کردنی چەكو چۆڵی ئەتۆمی ئێراندا راستەوخۆ رۆڵیان هەیە یان پاڵپشتی لێدەکەن، بگرنەبەر. هەروەها ئەوان دەبێ کەسانێك کە ئەنجومەنی ئاسایش بە کۆمیتەی راگەیاندوەو بە شێوەی راستەوخۆ لەبەروپێش بردن یان پاڵپشتی لەتێکنۆلۆژی ئەتۆمی هەستیاری بەرهەمهێنانو زۆر کردن یان پەرەپێدانی سیستمەگەلی رادەست کردنی چەكو چۆڵی ئەتۆمیو لەگەڵ ئەوەشدا لەدابینکردنی پارچەکان، ئامێرەکان، مەوادو تێکنۆلۆژیدا رۆڵیان هەیە کە لەسەر بنچینەی بەندەکانی سێهەمو چوارەمی بڕیارنامەی 1737 (2006)دا قەدەغە راگەیەندراون، بخەنە ژێر چاوەدێری، مەگەر لەو کاتانەیدا کە سەفەری ئەوان راستەوخۆ پێوەندیدار بێ بە بەشەکانی "ب"یەوە، کەرەتی یەکەمو دووهەمی بەندی سێهەمی بڕیارنامەی 1737 (2006)ەوەو ئەوەیکە هیچ شتێك لەم بەندەدا نابێ ببێتە هۆی ئەوەیکە وڵاتێك ئیزنی چوونە ناوەوە بە هاووڵاتیانی خۆی بۆ نێوخاکی خۆی نەدات"

6ـ ئەنجومەن بڕیار دەدات ڕێگاچارە لەبەرچاو گیراوەکان لەبەندی 5دا نابێ خاڵگەلێك لەخۆ بگرێ کە کۆمیتە بە چەشنی بابەتی بڕیار دەدات، کە وەها سەفەرگەلێك لەسەر بنەمای پێویستیگەلێکی مرۆڤدۆستانە، لەوانە بەڵێننامە ئایینییەکان یان لەکاتێکدا کە کۆمیتە بەم ئەنجامە بگات کە وەها جیاکارییەك دەبێتە هۆی بەرەوپێش چوونی ئامانجەکانی بڕیارنامەی هەنوکەیی، نابێ بەرێوەبچێ"

7ـ ئەنجومەن بڕیار دەدات کە ڕێوشوێنی لەبەرچاو گیراو لەبەندی 12، 13، 14و 15ی بڕیارنامەی 1737 (2006)دا دەبێ کەسانو ڕێکخراوە ریزکراوەکان لە پەیوەستی یەکەمو سێهەمی ئەم بڕیارنامەیەداو هەرکەسو ڕێکخراوێك لەخۆ بگرێ کە لەلایەن ئەوانەوە یان لەرێگای ئەواندا چالاکی دەکاتو یان ڕێکخراوگەلێك کە خاوەنێتی یان بەرێوەبردنی لەدەستی ئەوان دایەو کەسانو ڕێکخراوگەلێك کە ئەنجومەن یان کۆمیتە دەستنیشانی دەکەن بە کەسان یان ڕێکخراوە ناوبراوەکان لەکەمترخەمی بە گەمارۆکان، یان بە ژێر پێ کردنی نێوەرۆکی ئەم بڕیارنامەیە، بڕیارنامەی 1737 (2006) یان بڕیارنامەی 1747 (2007) یارمەتییان داوە"

8ـ ئەنجومەن بڕیار دەدات کە هەموو وڵاتان دەبێ ڕێوشوێنگەلی پێویست بۆ پێشگیری لەدابینکردن، فرۆشتن یان راگۆاستنی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی مەواد یان چەكو چۆڵی پێوەندیدار لەرێگای خاکی ئەم وڵاتانەوە، شارۆمەند، ناو، یان فرۆکەوە کە بە ئاڵای ئەوەانەوە هاتوچو دەکاتو یان لەوان بە سوودی ئێران کەڵك وەرگیرێ، بە چاوپۆشی لەوەێکە ئەو لەخاکی ئەوانەوە دەستی پێکردبێ بگیرێتە بەر"

ئە) ـ پێشگیری لەهەموو شتەکان، مەواد، کەرەستەکان، کاڵاکانو تێکنۆلۆژییەك کە لەINFCIRC/254/Rev.7/Part2 لە بەڵگەنامەی s/2006/814دا دەستنیشانکراوە جگە لەدابینکردن، فرۆشتن یان راگواستن، لەسەر بنەمای پێویستییەکانی بەندی بڕیانامەی 1737 (2006)، شتەکان مەواد، کەرەستەکان، کاڵاکانو تێکنۆلۆژی پێناسە کراو لەبەشی یەکەمو دووهەمی پەیوەستی ئەو بەڵگەیەو، بەشی 3 تا 6 پێشتر بە ئاگاداری کۆمیتە گەیشتوە، تەنیا کاتێ کە تەنیا بۆ کەڵك وەرگرتن لەرێئاکتۆری ئاوی سووك دابین

دەكرێن‌و كاتێ كە وەها دابینكردن، فرۆش یان راگواستنی بۆ هاوكاریگەلێكی تەكنیكی كە لەلایەن ئاژانسەوە بە ئێران دەدرێ یان لەژێر چاوەدێری ئەودا هەربەو چەشنە كە لەبەندی 16ی بریارنامەی 1737 (2006)دا دەستنیشان كراوە.

ب) ـ پێشگیری لەتەواوی شتەكان، مەواد، كەرەستەكان، كاڵاكان‌و تێكنۆلۆژی پێناسە كراو لە A.3.19 لەبەشی دووهەم S/2006/815"

9ـ ئەنجومەن لەتەواوی وڵاتان داوا دەكات لەقبوڵ كردنی بەڵێنگەلی نوێی گشتی بۆ یارمەتیگەلی دارایی بە مەبەستی بازرگانی لەگەڵ ئێراندا، لەوانە پێشاندانی متمانە نامەگەلی هەناردە، گەرەنتی نامەكان، یان بیمە، بە شارۆمەندانی خۆیان یان رێكخراوگەلێ كە لەوەها بازرگانیگەلێكدا دەستیان هەیە، وریا بن تا لەوەها یارمەتیگەلێكی دارایی كە رەنگە ببێتە هۆی بەرهەمهێنان‌و زۆربوونی چالاكیگەلی هەستیاری ئەتۆمی‌و یان پەرەسەندنی سیستمگەلی پرتاویی‌و هەڵدانی چەك‌و چۆڵی ئەتۆمی، هەروەها لە بابەتگەلێكدا كە لەبریارنامەی 1737 (2006)دا هێمای بۆ كراوە، دووری بكرێ"

10ـ ئەنجومەن داوا لەتەواوی وڵاتان دەكات ئاگادار بن لەسەر چالاكیگەلی دامەزراوەكانی دارایی وڵاتەكەیان لەگەڵ تەواوی ئەو بانكانەی لەئێراندان، بەتایبەت بانكی ملی‌و سادرات‌و لقەكانی‌و ژێركۆەكانیان لەدەرەوەی وڵاتدا تاكوو پێشگیری بكەن لەوەیكە وەها چالاكیگەلێك نەبێتە هۆی پەرەسەندنی چالاكیگەلی هەستیاری ئەتۆمی بە گەشەسەندنی سیستمگەلی پرتاوی چەك‌و چۆڵی ئەتۆمی بەو چەشنەی كە لەبریارنامەی 1737 (2006)دا هێمای بۆ كراوە.

11ـ ئەنجومەن داوا لە هەموو وڵاتان دەكات بە پێ یاساكان‌و دەسەڵاتەكانی مافی نەتەوەیی خۆیان‌و بە پێ یاساگەلی نێونەتەوەیی، بەتایبەت یاسای دەریاو رێكەوتننامەگەلی نێونەتەوەیی پێوەندیدار بە ئاسمان فرینی غەیرە سەربازییەوە، بارگەلێك كە لەلایەن كەشتییەكان‌و فرۆكە گەلێكەوە كە بەرەو ئێران یان لەئێرانەوە لەرێگای كۆمپانیای فرۆكەوانی ئێران‌و یان كۆمپانیای راگواستنی دەریایی كۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دێتە فرۆكەخانەكان‌و بەندەرەكانی ئەوان، بپشكێنرێن. بە سەرنجدان لەوەیكە هۆكارگەلێكی لۆژیكی بوونیان هەیە، ئەگەر وابزانن كە شتییەك یان فرۆكەیەك لەحاڵی راگۆاستنی كالایەك دایە كە لەسەر بنەمای ئەم بریارنامەو بریانامەی 1737 (2006) یان بریانامەی 1747 (2007) قەدەغە راگەیەنداوە"

12ـ ئەنجومەن هەموو وڵاتان ناچار دەكات تا لەحاڵێكدا كە پێشكنینێك كە لەبەندی سەرەوەدا ئاماژەمان پێكرد بەرێوەچوو، لە 5 رۆژی كاریدا راپۆرتێكی نووسراو لەمەر پێشكنین، بەتایبەت روونكردنەوە لەمەر هۆكارەكانی پێشكنین‌و هەروەها زانیاری پێوەندیدار بەكات، شوێن، هەلومەرج‌و ئاكامگەلی وەدەستهاتووی پێوەندیدار بەو پێشكەنینەوە بدەن"

13ـ ئەنجومەن داوا لە هەموو وڵاتان دەكات لەماوەی 60رۆژدا لەكاتی پەسەند كردنی ئەم بریارنامەوە ئەگەر رێوشوێنگەلێكیان لە پێوەندی لەگەڵ بەرێوەبردنی كاریگەری بەندەكانی 3، 5، 7، 8، 9، 10، 11دا بەرێوەبردوە كە لەسەرەوە ئاماژەیان پێكرا، راپۆرت بدەنەوە بە كۆمیتە"

14ـ ئەنجومەن بریاردەدات كۆمیتەیەك كە لەسەر بنچینەی بەندی 18ی بریارنامەی 1737 (2006) ئامادە كراوە بۆ رێگاچارەی كار پێ كراو لەبریارنامەی 1747 (2007)و بریارنامەی هەنوكەییدا دەتوانرێ بەرێوە ببردرێ"

15ـ ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر خواستی چین، فەرەنسا، ئاڵمان، روسیە، بریتانیاو ئەمەریکا بە مەبەستی ئاسایی بوونەوەی هەوڵە دیپلۆماتیکەکان بۆ بردنەسەری سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی دانووستانەکان و راوێژەکان لەسەر بنەمای پێشنیاری خۆیان بە ئێران، ئەم روانگەیەوە کە بە رێگاچارەیەکی بە کەڵك، درێژماوەو رێك و پێك بۆ ئەم کێشەیە بگاتو لەئەنجامدا رێگای دەستپێکردنی تەواوی پێوەندییەکان و هاوکاریگەلێکی بەربڵاوتر لەگەڵ ئێراندا لەسەر بنەمای رێزی بەرامبەرو متمانە سازی نێونەتەوەیی لەمەڕ ئەوەیکە پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران تەنیاو تەنیا ئاشتیخوازانەیە، جەخت دەکاتەوەو رادەگەیەنێ، لەحاڵێکدا کە ئێران تەواوی چالاکییەکانی پێوەندیدار بە چڕکردنەوەو بینیەوە، لەوانە چالاکییە لێکۆڵینەوەییەکان و پەرەپێدان هەڵپەسێرێ و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی راستییەکەی تاقی بکاتەوەو بیسەلمێنێ، دانووستانە راستەوخۆکانی خۆی لەگەڵ ئەم وڵاتە دەست پێدەکاتەوە"

16 ـــ ئەنجوومەنی نوێنەری باڵای سیاسەتی هاوبەشی دەرەکی و ئاسایشی یەکییەتی ئورووپا هان دەدا تاکوو درێژە بە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێران بدات لەسەر بنەمای پێشنیاراتی پێوەندیداری نوێنراو لەلایەن چین، فەرەنسا، ئاڵمان، روسیە، بریتانیاو ئەمریکا بەم روانگەوە کە هەلومەرجی پێویست بۆ سەرلەنوێ دەست پێکردنەوەی وتووێژەکان پێك بێنێ، درێژە بدات"

17 ـــ ئەنجوومەن پێ لەسەر گرینگی ئەم کارە دادەگرێ کە هەموو وڵاتان لەوانە وەك ئێران، رێوشوێنگەلی پێویست بۆ گەرەنتی ئەم کارە بەرێوەبەرن کە نابێ ئیدیعایەك لەلایەن دەوڵەتی ئێران یان نیهاد یان کەسایەتییەك لەئێراندا کە لەسەر بنەمای بڕیارنامەی 1737 (2006)و بڕیارنامەکانی پێوەندیدارەوە دەستنیشان کراون، یان کەسانێك بمێننەوە کە مودەعین بە سرودی کەس یان نیهاد لە پێوەندی لەگەڵ هەر گرێبەست یان پێکهاتنێکدا دەخاڵەتیان هەیە کە بە پێی رێوشوێنە لەبەرچاو گیراوەکان لەم بڕیارنامەدا، بڕیارنامەی 1737 (2006) و بڕیارنامەی 1774 (2007) قەدەغە راگەیەندراوە.

18 ـــ ئەنجوومەن داوا لەبەرێوەبەری گشتی ئاژانس دەکات لەماوەی 90 رۆژدا راپۆرتێك لەسەر ئەوەیکە ئایا ئێران تەواوی چالاکییە ناوبراوەکان لەبڕیارنامەی 1737 (2006)،و هەر وەها لەمەڕ پابەندی ئێرانییەکان بەتەواوی ئەو کردەوانە کە ئەنجوومەنی حوکام خوازیاری بوون لەئێران و ئەو بابەتانەی دیکە کە لەبڕیارنامەی 1737 (2006)، بڕیارنامەی 1747 (2007)و ئەمم بڕیارنامەیەدا لەوان خوازراون، بدات بەئەنجوومەنی حوکامی ئاژانس و هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا بدرێ بە ئەنجوومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان تا بپشکێندرێ"

19 ـــ ئەنجوومەن سەرلەنوێ جەخت دەکاتەوە کە دەبێ کردەوەکانی ئێران بەسەرنجدان لەو راپۆرتانەی کە لەبەندەکانی سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، هەڵسەنگێنێتەوە"

الف ) ئەوەیکە ئەنجوومەن دەبێ بەرێوەبردنی رێوشوێنەکان تا کاتێك کە ئێران سەرجەم چالاکییەکانی هەمدیس بەرهەمهێنانەوەو چڕکردنەوەی یورانیۆمی راگرتبێ، لەوانە لێکۆڵینەوەو پەرەپێدان کە لەلایەن ئاژانسەوە راستییەکەی تاقی کرابێتەوە، هەڵپەسێرێ تاکوو وتووێژەکان بە نیەتێکی باشەوە چووبێتە پێشەوەو ئەنجامێکی خێرا بەچەشنێ وەدەست بێ کە لەلایەن لایەنەکانەوە پەسەند بکرێ"

ب ـــ ئەم ئەجومەنە دەبێ رێوشوێنە لەبەرچاوگیراوەکان لەبەندەکانی 3، 4، 5، 6، 7، 12ی بڕیارنامەی 2، 4، 6، 7، 8، 9، 10، 11ی ئەم بڕیارنامەیەی لەزوورترین کاتی گونجاو پاش وەگرتنی راپۆرتی ئاماژە پێکراو

لەبەندی سەرەوەدا لەسەر بنەمای ئەوەیکە ئێران بە تەواوی بە بەڵێنییەکانی خۆی لەبڕیارنامە ناوبراوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشداو هێنانەوەی داخوازەکانی ئەنجومەنی حۆکامدا بەرێوەبەرێ بەچەشنێك کە بە پەسەندی ئەنجومەن گەیشتێبێت. (2006)، بڕیارنامەی 1747 (2007)و ئەم بڕیارنامەیە کاریگەریی نەبوە، رێوشوێنگەلێکیتر لەسەر بنەمای بەندی 41 لە پاری حەوتەمی مەنشووری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگرێ تاکوو ئێران بە قەناعەت بگەیەنن کە بەم بڕیارنامانەو داخوازەکانی ئاژانس وڵامی ئەرێنی بدات، و جەخت دەکات بڕیانامەکانی دواتر کاتێك پێویست دەبن کە وەها رێوشوێنگەلێکی پێویست بن"

20ـ ئەنجومەن هەروەها ئەم بابەتە شوێن پێ دەگرێ"

پەیوەستی I ـ 1 ـ امیرمعید علایی (کە بەرپێوەبەری مونتاژو موهەندس سانتریفیوژەکاندا بەشدارە)

2ـ محمد فدایی ئەشیانی (کە لە بەرهەمهێنانی کەربۆنی ئامۆنیوم ئورانیل و بەرێوەبەری کۆمەڵەی چڕکردنەوەی یۆرانیۆمی نەتەنزدا بەشدارە)

3ـ عەباس رچایی ئەشتیانی ـ لەبەرپرسانی باڵای دایرەی دۆزراوان(اکتشافات)و دەرهێنانی کانزاکانی رێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێران. AEOT.

4ـ هالە بەختیار (کە لەبەرهەمهێنانی مگنزیۆم یان چڕکراوەی 99و 9 دەهەمی لەسەددا بەشدارە).

5ـ مرتچی بهزاد (بەبۆنەی بەشداری لەبەرهەمهێنانی بەشەکانی دەزگاکانی سانترفیوژدا).

6ـ دکتر محمد اسلامی (بەرپرسی دامەزراوەی لێکۆڵینەوەیی و فێرکاری پیشەسازی بەرگریی).

7ـ سید حسین حسینی (لە بەرپرسانی رێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێران AEOT کە لە پرۆژەی ریئاکتۆری لێکۆڵینەوەیی ئاوی قورسی ئەراکدا بەشدارە).

8ـ م.جواد کریمی پابت (سەرۆکی کۆمپانیای وزەی ئەتۆمی مۆدێرن کە لە بڕیانامەی 1747 (2007)دا نێوی براوە)

9ـ حمید رچا مهاجرانی (بە هۆی بەشداری لە بەرێوەبەری دامەزراوەکانی جێگۆرکێی یۆرانیومی (ucf)ی ئیسفەهان).

سەرتیپ محمد رچا نقدی (جێگیری پێشووی لێکۆڵینەوەی لۆجستیك و پیشەیی ناوەندی گشتی هێزە چەکدارەکان، سەرۆکی پێشووی ناوەندی بەرەنگار بوونەوەی کاڵا قەدەغەکراوەکان و دراو کە لەهەوڵدان بۆ دەور لێدانی گەمارۆە بەکارگێراوەکان لەلایەن بڕیارنامەکانی 1737و 1747ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بەشدار بوە)"

11ـ هوشنگ نوبری (کە لە بەرێوەبەریی کۆمەڵەی چڕ کردنەوەی نەتەنزدا بەشدارە)"

12ـ عباس رشیدی (بە هۆی بەشداری لە چالاکیگەلی پێوەندیدار بە چڕکردنەوە لە نەتەنزدا)"

13ـ قاسم سلیمانی (بەرێوەبەری کردوەوکاری هەڵکۆڵینی یۆارانیۆم لە کانگای یۆرانیۆمی ساغەندا)

پەیوەستی II ئە) کەسانێك کە ناویان لە بڕیارنامەی 1737ی ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژەی پێکراوە:

1ـ محمد قنادی (جێگری AEOT لە بەشی لێکۆڵینەوەو گەشە پێدان)"

2ـ داود ئەقاجانی (سەرۆکی ناوەندی تاقیکاری چڕکردنەوەی سووتەمەنی PFEP لە نەتەنز)"

3ـ بهنام عسگرپور (بەرێوەبەری کارگێڕیی ئەراك)"

ب) کەسانێك کە ناویان لە بڕیارنامەی 1747ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژەی پێکراوە:

1ـ سید جابر صفدری (بەرێوەبەری دامەزراوەکانی چڕکردنەوەی نەتەنز)"

2ـ امیر رحیمی (سەرۆکی ناوەندی لێکۆڵینەوەو بەرهەمهێنانی سووتەمەنی ئەتۆمی ئیسفەهان کە بەشێك لە کۆمپانیای بەرهەمهێنان و دەستەبەر کردنی سووتەمەنی ئەتۆمی رێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێرانەو لە چالاکی چڕ کردنەوەدا بەشداره)" پەیوەستی III 1 ـ کۆمپانیای کەرەستەی بڕینەوەی کاوە (بەبۆنەی بەشداری لە بەرهەمهێنانی پارچەی دەزگاکانی سانتریفیوژدا)"

3ـ کۆمپانیاکانی بازرگانی تیجارەتی بە قەوەتی سکاڵ و کۆمپانیاکانی سیستمی سکاڵ (ئەم کۆمپانیا ژێر دەستە هەوڵی دابوو بۆ نیهادێك کە لە بڕیارنامەی 1737دا ئاماژەی پێکراوە، کەرەستەگەلێکی هەستیار بکڕێ)"

4ـ کۆمپانیای ئیلەکترونیکی سەنام (ژێرکۆی رێکخراوی پیشەسازی هەواو فەزای وەزارەتی بەرگریی (AIO) کە لە پرۆگرامی موشەکە باڵستیکییەکانی ئێراندا بەشداره"

5ـ گرووپی تەکنیکی یەکییەتی (ژێرکۆی رێکخراوی هەواو فەزای وەزارەتی بەرگریی (AIO) کە لە پرۆگرامی کوشەکە باڵستیکییەکانی ئێراندا بەشداره)"

6ـ کارگاگەلی پیشەسازی ماشینە رێکەکان (IFP)، (کارگای کاربردنی ئاکا ـ ژێرکۆی رێکخراوی پیشەسازی هەواو فەزای وەزارەتی بەرگریی (AIO) کە بۆ دابینکردنی هێندێ کەرەستە کەڵکی لێوەرگیراوە"

7ـ جابرابن حیان ـ تاقیگەی سەربە (AEOI) چالاك لە بوارەکانی سووڕی سووتەمەنی ئەتۆمی)"

8ـ کۆمپانیای پیشەسازی جوزا (ژێرکۆی رێکخراوی پیشەسازی هەواو فەزای وەزارەتی بەرگریی (AIO) کە لە پرۆگرامی موشەکە باڵیستیکییەکانی ئێراندا بەشداره"

9ـ پیشەسازی مێتالۆژی خوراسان (ژێرکۆی پیشەسازی چاککردنی تەقەمەنی (AMIG)یە کە پێوەندی بە وەزارەتی بەرگریی ئێرانەوە هەیە. ئەم گرووپە لەبەرهەم هێنانی پارچەی دەزگاکانی سانتریفیوژدا بەشداره)"

10ـ کۆمپانیای بەرهەمهێنانی باتری نیرو (ئەم کۆمپانیایە ژێرکۆی رێکخراوی پیشەسازی بەرگریی ئێرانە. ئەرکی چاك کردنی یەکەگەلی کارەبا بۆ ئەرتەشی ئێرانە، لەوانە سیستمگەلی موشەکی"

11ـ پیشەسازی وزەی پێشەنگاو (لە چاك کردنی دامەزراوەگەلی گۆڕینی یۆرانیومی ئیسفەهاندا بەشدار بوە"

12ـ کۆمپانیای دابین کردنی کەرەستەی هێمنی (SEP) (ژێژکۆی رێکخراوی پیشەسازی هەواو فەزای وەزارەتی بەرگریی (AIO) کە لە پرۆگرامی موشەکە باڵیستیکییەکانی ئێراندا بەشداره)"

13ـ کۆمپانیای تەماس (لە چالاکیگەلی پێوەندیدار بە چڕکردنەوەدا بەشداره. تماس نیهادێکە کە چوار کۆمپانیا لەژێر پۆشەنی ئەودا دامەزرێنراون. یەکێ لەوان لە بواری دەرهێنانی یۆرانیۆم، یەکێ لە بواری کنسانترەو یەکێ لە بواری بەرهەمهێنانەوەی یۆرانیۆم، چڕکردنەوەو خراوەکانیدا چالاکی دەکەن)"

1ـ ئەم دەقە ئاخرین جار لە 48: 10، 6، ژوئەنی 2008دا گۆڕدراوە.

2ـ ئەم دەقە بە پێ ئیزننامەی License GNU Free Documentation کەوتوەتە بەردەستتان.

******

## دژە تیرۆیزم (anti terrorism) یان پادتیرۆریزم (Counter terrorism)

دەمێکە لە هەوڵدام پێناسەیەکی تەواو بۆ تیرۆریزم ببینمەوە، بەڵام لە راستیدا بە ئاکامی دڵخواز نەگەیشتم؛ مەبەست لە ئاکامی دڵخواز چیە؟ ئاکامی دڵخوازی من چیە؟ ئایا ئەوەیکە ئاکامی دڵخوازی منە دەتوانی وەڵامی تۆش بێ؟ دەتوانێ ئەویتریش (ئەویتریش دەتوانێ x یان y بێ، ئەو دوو بەربژارەش ناڕوونن و هەرکەس، لایەن و فاکتۆرێکیش دەتوانێ لە جێیاندا دابنیشێ) بە قەناعەت بگەیەنی؟ بە لای منەوە x تیرۆریستە، بەڵام لە روانگەی تۆ و ئەوەوە y تیرۆریستە، رەنگە y خۆی بە ئەنتی تیرۆریسم (Anti terrorism) بزانێ. بە گشتی دەبینین بۆ دژە تیرۆریزمیش هەر وەکوو تیرۆریزم پێناسەیەکی گشتگیر بوونی نیە کە کۆمەڵگای جیهانی هاوئاهەنگ و هاودەنگ لەسەری کۆك بێ. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە لە پێناسەی تێرۆرو تێرۆریزمدا ئاماژەمان بە کۆمەڵێك فاکتۆری دیکەدا کە دەتوانن پێناسەکان دەستنیشان بکەن و هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك هێزولایەن وەکوو بیروڕاو روانگەی لێك نزیك هاوئاهەنگ بکەن کە ئەوەش روویداوەو هەنوکە سیاسەتی جیهانی لەسەر ئەو تەوەرە دەچێتە پێشەوە. ئەو کۆمەڵە فاکتۆرەش بریتین لە ئاسایشی هاوبەش، بەرژەوەندی هاوبەش، دوژمنی هاوبەش، دوستی هاوبەش و... کە پێڤاژۆی هەنوکەیی سیاسەتی جیهانی پێك دێنن. بەڵام بە بوونی هەموو ئەوانە بە پێناسەی هەموو ئەو بەربژارانەش دیسان لە دیاریکردنی سنووری نێوان تێرۆریزم و ئەنتی تێرۆریزمدا کێشە هەیە. دەتوانین بێژین کە هێزو توانایی دەستنیشانکردنی سنووری نێوان ئەو دوو گوتەزایە راستەوخۆ سەرچاوە لە هێزو دەسەڵاتی سیاسییەوە دەگرێ. لەو پێوەندییەدا ئانتونی گرامشی ئاماژە بە "هێژموونی بەرامبەر" (Counter – hrgemony) و یان میشل فوکۆ ئاماژە بە دادپەروەری بەرامبەر" (Counter – justice) دەکات. بەڵام دیسان ئەوانەش هیچکام وەڵامدەری پێناسەیەکی یەکدەست و گشتگیرو جیهانی نین.

لە واقعدا کێشەی جیانەکردنەوەی سنوورەکانی تێرۆرو دژە تێرۆریزم دەتوانێ خەسارو زیانێکی قورس بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی بگەیەنێ. زیانێك کە تەنیا بەشی کۆمەڵگاو نەتەوە کەم دەسەڵات یان بێ دەسەڵاتەکان دەبێ. خەسارێك کە دەکەوێتە سەرشانی کوردەکان لە تورکیەو منداڵ و پیرو پەك کەوتەی کورد لەکوردستانی تورکیە باجی بێ دەسەڵاتی و بێ پالپشتی دەدەن خەباتگێڕانی ئیرلەندی، بەرهەڵستکارانی باسکی ئیسپانیا و... دەبنە قوربانیی.

## کێشەکانی روون نەبوونی پێناسەی دژە تیرۆریزم

هەر وەك ئاماژەمان پێکرد دژە تیرۆریزمیش وەکوو تیرۆریزم پێناسەییەکی روونی نیەو لەنێو بازنەی بەرژەوەندییەکاندا دەخولێتەوە. رۆژانە دەبینین ئاماری قوربانییەکان، ئاماری زیان و خەسارەکان، ئاماری رووداوە تیرۆریستیەکان، ئاماری عەمەلیات و سەرکوت و هێرشەکان بە نێوی تیرۆرو دژە تیرۆرەوە رووله زیاد بوونن. زۆرجار دەبینین کردەوەیەکی توندووتیژانە روودەدا بەڵام بە هیچ جۆرێك ناچێتە بازنەی تێرۆریزمەوە بەڵام بە هۆی ئەوەیکە لەلایەن قەوارەیەکی سیاسیەوەیەو داخوازو پەیامێکی سیاسی لە پشتەوەیە بەنێوی تێرۆریزمەوە بە کردەوەو عەمەلیاتێکی دژە تێرۆریستی وەڵام دەدرێتەوە. لێرەدا بەهۆی ئەوەیکە پێوەرو پێناسەکان روون نین رەنگە بە فەرمی نەتوانین کردەوە دژەتێرۆریستانەکە بەنێوی کردەوەیەکی تێرۆریستییەوە مەحکووم بکەین، کەچی لەنێوەرۆکدا وەڵامەکە بە کردەوە توندوتیژانەکە چەند قات تێرۆریستانەترە. بۆ وێنە خەڵکی کورد خەباتی رەوای

دەكرد بۆ  وەدەستهێنانی مافە ڕەواكانی خۆی. لەگەڵ هێزە سەربازییەكانی دوژمنەكەیدا بەرەوروو دەبوەوەو پێكدادانێكی رووتی سەربازی، سیاسی، ئابووری بەهێزتر، بەبوونی راگەیاندنی بەربڵاوو بەبوونی... دەیتوانی كردەوەكەی خۆی بە شەڕی دژە تێرۆریزمو كردەوەی بەرامبەرەكەی بە كردەوەیەكی تێرۆریستی لە قەڵەم بدا. دەوڵەتی توركیە لە بەرامبەر خەباتی كورددا بە توندووتیژانەترین شێواز هەڵدەستێ بە كوشتاری هەزاران كەسو ژینوساید دەكات، بە هەزاران گوندو شار دەسووتێنێو بە هەزاران خەڵكی سیڤیل لەژێر ناوی تێرۆردا لەناو دەباو هەموو ئەوانەش دەخاتە بازنەی تێرۆریزمەوەو هاوكات یارمەتییەكی زۆرو زەوەندی سەربازی ـ ئابووری لەناتۆ بۆ ئەم مەبەستە وەردەگرێ. لەم پێوەندییەشدا نوام چۆمسكی رەخنەگری زمان زانی ئەمەریكایی ئێژێ:

"لەساڵی 1984دا توركیە شەڕێكی تێرۆریستی بەربڵاوی دژ بە كوردەكان لەناوچەكانی باشووری رۆژهەڵاتی ئەم وڵاتەدا وەرێخست. ئەوەش ڕاست كاتێك بوو كە یارمەتییە ئابووریو سەربازییەكانی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بە توركیە زیادی كرد.

مەبەستم لەیارمەتییە سەربازییەكان حەوت تیر نیە، بەڵكوو فڕۆكەگەلی شەڕكەر، تانك، پەروەردەی سەربازیو ئەو شتانە ئێژم. ئەم یارمەتییە سەربازییانە كاتێك بە لووتكەی خۆی گەیشت كە حكوومەتی توركیە بە ئەو پەڕی دەرەندەیی خۆی گەیشت. لەم كاتەشدا یارمەتی ئابووریو سەربازییەكان ئەو دەڕەندەییەی توندترو بەهێزتر كرد." لێرەدا بەڕوونی بۆمان دەردەكەوێ كە ئەوەیكە هۆكاری ئەو سیاسەتە بوو بەرژەوەندی هاوبەشی دوو وڵات بوو. ناوبراو ئاماژە پێدەكات كە "ئەم رەوتە، بوە هۆی ئاوارەبوونی 2دوو، 3 سێ میلیۆن هەژارو بێدەرەتانو خراپترین نەتەوەكوژی كۆتاییەكانی 1990، دەیان هەزار مرۆڤ كوژرانو 3500 هەزارو پانسەد شارو گوند وێران بوو." بە قەوڵی چومسكی "ئەو نەتەوەكوژییە تەنانەت خراپتر بوو لەرووداوی كۆزۆڤۆ لەبوردمانی ناتۆدا، و وڵاتە یەكگرتووەكانیش، واتە نزیكترین دۆستی تاكتیكی ئێستای كورد لەباشووری كوردستان، ئەوكات لەسەدا هەشتادی 80٪ چەكو چۆڵو تەقەمەنی ئەو جینایەتەی دابین دەكرد. "هەر پاش ئەوە خێرا" بۆلێند ئەجویت" ئەوكات رایگەیاند كە لە خزمەتی بەرەی دژە تێرۆر دایەو ئامادەیە بە هێزی سەربازیش بەشدار بێ. و هەروەها گوتیشی ئێمە خۆمان بە قەرزداری ئەمەریكا دەزانین لەشەڕی دژە تێرۆرداو وڵاتە یەكگرتووەكان تەنیا وڵاتێك بوو كە لەم شەڕ دژە تێرۆریستاندا یارمەتی داین.

لێرەدا دەبینین لەنێوان تێرۆر، بەرخودانو شەڕی دژە تێرۆریستیدا هیچ سنوورێك بوونی نیە. بەرخوردانو خەباتی رەوا بە ناوی تێرۆرەوە بە تێرۆریستانەترین شێواز سەركوت دەكرێ بە شانازیشەوە بە شەڕی دژە تێرۆریستی ناودێر دەكرێ.

یان كاتێ كە دەوڵەتی بەعسی عێراقو كۆماری ئیسلامی بە ناوی تێرۆریزمەوە بزوتنەوەی كوردەكانیان سەركوت دەكرد، بۆ ئەم مەبەستە هەموو هێزەكانیان كۆدەكردەوەو بەشێكی  زۆر لەداهاتی وڵاتیان سەرفی شەڕی بەناو دژەتێرۆر دەكرد. حكوومەتی عێراق تەنانەت بۆ ئەم مەبەستە لەچەكی كۆمەڵكوژیش لەچەندین شوێنی كوردستاندا كەڵكی وەرگرتو كۆماری ئیسلامیش حوكمی جیهادی دژبە كوردەكان داو تەنانەت لەم شەڕانەدا دایكانو باوكانی كورد بەسەر بەرماڵەكانە گوللوباران دەكران. ئەوە تازە جوودا لەوەشە كە لەچەندین رەوتی پێوەندیداردا چالاكانی خەباتگێڕو سیاسییەكانی كورد دەكەوتنە بەر تیخی تێرۆری دەزگا شۆفاریو تێرۆریستییەكانی ئەو وڵاتانەو تیرۆر دەكران. واتە میتی توركیە، ئیستیخباراتی بەعسی عێراق، ئیستیخباراتی بەعسی سوریە، ساواكو واواكی حكومەتی پاشایەتیو كۆماری ئیسلامی ئێران لەهیچ چەشنە كردەوەیەكی تێرۆریستانە دەستیان نە پاراستوە.

هەرچەند ساڵ پێش ئێستا واتە لە دەهەی 90ی زایینیدا ماشینی تیرۆری وەزارەتی ئیتلاعاتی كۆماری ئیسلامی لەرێگای قەرارگاو بنكەو دەستوپێوەندییە نهێنییەكانییەوە شەپۆلێكی بەهێزی تیرۆری لەعێراقو بەتایبەت لەكوردستانی عێراق رێكخست كە بە سەدان كەسی كردە قوربانی. تەنیا بەوەوە نەوەستا بەڵكوو بە هەمان مكانیزمو رێگای، چەندین كەسایەتی سیاسیو چالاكی سیاسیو ئەندامو لایەنگری پارتە سیاسییە دژبەرەكانی لەئاستی سەركردایەتیدا لەنێو دڵی پێشكەوتنو شارستانیەتی مۆدێرن، واتە وڵاتانی ئووروووپاییدا تیرۆر كرد. وەكوو وێنەی زیندوو دەتوانین ئاماژە بە تیرۆری سەرۆك وەزیرانی سەردەمی پاشایەتی ئێران، شاپوور بەختیار لە ساڵی 1991 لە پاریس، ژنراڵ غولامعەلی ئوەیسیو براكەی 1986 لە لەندەن، د. عەبدولرحمان قاسملوو لە 13ی ژوئیەی 1989 لە سەر مێزی بەناو وتووێژ لە گەڵ نوێنەرانی كۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر مێزی وتووێژ لە ویەن، د. صادق شەرەفكەندی لەگەڵ هاورێیانی فەتاح عەبدولیو هۆمایون ئەردەڵانو نووری دێهكوردی لە 17ی سپتامبری 1992 لە رێستورانی میكونوس لە بێرلیندا بكەین. (پرویز دستمالچی - تروریسم دولتی، بێرلین، 1995)

بە پێناسەگەلێك كە لە تیرۆرو تیرۆریزم كراوە، دەسەلمێنرێ كە هەر چەشنە كردەوەیەك كە ببێتە هۆی ترسانو خۆفو تۆقان یان خەسارو زیان گەیاندن بە خەڵكی سیڤیلو مەدەنی، دەچێتە خانەی تیرۆرو تیرۆریزمەوە. بە پێی ئەم پێناسەیە كە هەم وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاو هەم بریتانیا و هەم زۆربەی وڵاتانی هاوپەیمانیان جەختیان لەسەر كردوەتەوە، زۆربەی كردەوە توندوتیژانەكانی وڵاتانی داگیركەری كوردستان دژبە گەلی كورد دەچێتە ئەو بازنەوەو بە كردەوەیەكی تیرۆریستانە دەناسێنرێن.

## پێناسەی دژەتیرۆریزمو هێزو دەسەلات

چەندین جاری دیكە جەختمان لەسەر ئەو راستییە كردوەتەوە كە دیاریكردنو دەسنیشانكردنی كردەوەیەكی تیرۆریستانەو كردەوەیەكی دژەتیرۆریستانە، پێوەندی راستەوخۆی بەهێزو دەسەلاتی سیاسییەوە هەیە. واتە رەوتی مێژوو سەلماندوویەتی كە هێزو دەسەلاتی سیاسی دەتوانێ لەو پێوەندییەدا رۆڵێكی تەوەریو سەرەكی هەبێ. چونكی دەبینین كە هەر ئێستاش خاوەن هێزو دەسەلاتە سیاسییەكانن كە تیرۆریزمو دژەتیرۆریزمیان دەستنیشان كردوەو بەرەیان بۆ شەڕی دژە تیرۆر پێكهێناوەو ئیمكاناتی تەواویان بۆ تەرخان كردوەو یاسای دژەتیرۆر دەخەنە پەرلەمانەكانیانەوەو پەسەندی دەكەن. هەر ئەوانن لە كۆڕی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكاندا تەوەری باسەكان دەسنیشان دەكەنو تیرۆرو دژەتیرۆریزم دەخەنە دەستووری كاری رۆژانەی نەتەوە یەكگرتووەكانەوەو تاوانبارانی تیرۆریست، پاڵشتەكانیانو دەستو پەیوەندییەكانیان دەستنیشان دەكەن، دەیبەنە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتوەكانەوەو دەنگی بۆ وەردەگرنو سزایان بەسەردا دەسەپێنن. بە گشتی ئەوانن كە رێبەری شەڕی دژە تیرۆریزم دەكەنو لە كونجاو كونجی جیهاندا وەدوویان دەكەونو بە هاوكاری یەكتری سەركوتیان دەكەن.

كە وابوو مەبەستی باسەكە روونە، هەر چەند دەبێ ئێمە هەوڵ بدەین پێناسەی خۆمان بۆ ئەو گوتەزایانە هەبێ، بەلام دەبێ هاوكاتیش هەوڵ بدەین هەرچی زیاتر لە ستراتژیو بەرژەوەندی ستراتژیكی زلهێزانو خاوەن پێناسە سەرەكییەكان خۆمان نزیك بكەینەوەو خۆمان بخەینە بازنەی بەرژەوەندییەكانیانەوەو هەوڵ بدەین لە كارتی یارییەوە پێگەی خۆمان بگۆڕین بۆ یاریكەری سەرمێزەكان. راستییەكەی ئەوەیە كە ئێمە لە هەڵكەوتێكی ژێئۆپۆلیتیكی داین، هەڵكەوتێكی هەستیار، پڕ كێشەو قەیراناوی. هەڵكەوتێك كە بەشێكە لەمەیدانی سەرەكی پێكدادانی شەڕی تیرۆرو دژەتیرۆریزم. كەوابوو خوازراو یان نەخوازراو لەو شەڕەوە دەگلێین. گرینگ ئەوەیە كە لەو

شەڕەدا بە چ ئاقارێکدا بڕۆین، گرنیک ئەوەیە هاوکێشەکان و هاوسەنگییەکان چ گۆڕانێکیان بەسەردا بێ. بە هەر حاڵ دەبێ خۆمان ئامادە کەین بۆ کاریگەری وەرگرتن لەشەڕی تیرۆرو دژە تیرۆر. بۆیە لەهەرحاڵدا ئەو پێناسەو خاوەن پێناسانەن کە لەو مەیدانەدا خاوەن بڕیارن، هەر ئەوانن بە کەڵك وەرگرتن لەئامرازو تێکنۆلۆژی مۆدێڕن بەرەو رووی تیرۆریزم دەبنەوە. بۆ زیاتر تێگەیشتن لەشەڕی دژە تیرۆریزم ئاوڕێك لەکونوانسیۆن و یاسا پەسەند کراوە دژە تیرۆریستییەکان دەدەینەوە.

## یاسا پەسەند کراوەکان دژە بە تیرۆریزم

گەر رۆژانە چاو لەتلوزیۆنەکان بکەین، رۆژنامەو گۆڤارەکان کۆنترۆڵ بکەین و سەرنجی بەگشتی را پۆرت و هەواڵەکان بدەین، تێدەگەین کە دیاردەی تیرۆریزم لەبەرامبەر شەڕی جیهانیەوەیە. رۆژانە لەکۆڕو کۆبوونەوەو کۆنفرانسەکاندا بابەتی باس و موناقشەیەو یاساو کۆنوانسیۆنی نوێی بۆ پەسەند دەکرێ. بۆ ئەم مەبەستە پێشتر بە پێویست دەزانم ئاوڕێك لەتیرۆریزم لەبەڵگەنامەو دیکیۆمێنتە نێو دەوڵەتییەکاندا بدەینەوە.

جێگای ئاماژە پێدانە کە لەئاستی مافە نێونەتەوەییەکاندا زاراوەی "تیرۆریزم" بۆ یەکەمین جار لەسێهەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی کردنی یاساکانی سزا، ساڵی 1930 لە بروکسلدا کەڵکی لێوەر گیرا. کە وابوو نزیك بەیەك 1 سەدەیە کە مرۆڤ و کۆمەڵگای جیهانی بە یاساو پەسەندکراوی نێونەتەوەیی بەرەو ڕووی تیرۆرو توندوتیژی بوەتەوە. ئەوەش نیشان دەدا کە پتر لەدوو سەدەیە پێناسە بۆ تیرۆریزم کراوەو ئەو دیاردەیە وەکوو کێشەیەکی ئاڵۆزی مرۆیی لە ژیانی مرۆڤ ئالاوە. زانایان و پسپۆڕانی ئەم بوارە پێناسەی تیرۆرو تیرۆریزم تایبەت بە بوارێکی سیاسی دەزانن و بەکار هێنانی ئەو پێناسەیە بۆ کردەوەگەلی ناسیاسی بە هەڵە دەزانن. تیرۆریزم لە راگەیەندراوی جیهانی مافی مرۆڤیشدا رەنگ دەداتەوە. بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ کە لەدەی 10 دیسامبری 1948ی زایینیدا پەسەند کرا، پێداگریی لەسەر ئەو بابەتە کردوەتەوە. پێویستی پەسەند کردنی ئەم جاڕنامەیە کاتێك دەرکەوت کە شەڕی جیهانی دووهەم کۆتایی پێهاتوە، مرۆڤی ماندووی ئەو سەردەمە لەهەموو شوێنێکدا بە دوای ئارامی و ئاسوودەییدا دەگەڕێ، کەچی تیرۆرتیرۆیزم هەموو دەرفەتەکانی لێ زەوت دەکات و جارناجار بە ئەنجامدانی کردەوەو عەمەلیاتێك هیچ مانایەك بۆ ئابووریی ناهێڵێتەوە.

هەر لەو پێوەندییەدا دەبێ بێژین کە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ بایەخی زۆری بە ئاسوودەیی و ئارامی مرۆڤ و کۆمەڵگا داوەو لە مادەی 3ی بەیاننامەی مافی مرۆڤدا هاتووە کە "مافی هەر کەسێکە خاوەنی ژیان، ئازادو هێمنی خۆی هەبێ." وەك ئاماژەمان پێدا ئەم بەشەی باسەکەمان هەڵسەنگاندنی تیرۆریزم لە بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکاندا :

کونوانسیۆنی توکیو 1963 لەمەڕ چەشنێك لە تیرۆریزم. دەبێ بزانین کە هەر وڵاتێك و دەوڵەتێك پتر لەگەڵ چەشن و شێوازێك لە تیرۆردا بەرەوڕوو بوە کە لە چەشنە و شێوازەکانی دیکە پتر بەرێوە چوە. لەکوانسیۆنی توکیودا پتر جەخت کراوەتە سەر تیرۆرو کردەوەی تیرۆریستی لە کاروباری فڕۆکەیی و نێو فڕۆکەدا. هەروا لە کونوانسیۆنی 1971ی مونترال لەمەڕ سەرکوتی کردەوەگەلی نایاسایی دژبە هێمنایەتی فرینی فڕۆکەکان.

کونوانسیۆنی پێشگیری و یان سزای تاوانگەلێك دژبە کەسانێك کە لەلایەنی نێونەتەوەییەوە لەژێر پارێزگاریدان، لەوانە چالاکانی سیاسی. پەسەندکراوی کۆڕی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی 1973دا.

کونوانسیۆنی نێونەتەوەیی دژ بە بارمەتەگرتن پەسەند کراوی 1979، پاش ماوەیەکی زۆر لە پاییزی ساڵی 1985دا ئەندامانی کۆڕی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تێکڕای دەنگەکان کردەوەی تیرۆریستی

لەلایەن هەر کەسێکەوەو لە هەر جێگایەکدا کە رووبدات، مەحکووم کردو ئەم مەحکومییەتی لە بڕیارنامەی ژمارە 140/061ی کۆری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا سەبت کرا.
کونوانسیۆنی فڕۆکەڕفاندنی لاهە پەسەندکراوی ساڵی 1970 ئەرك دەخاتە سەرشانی وڵاتان کە تاوانبارانو تیرۆریستان رادەستی وڵاتانی خۆیان بکەنەوە.
لە بریتانیادا یاسای پێشگیری لە تیرۆریزم لە ساڵی 1984دا پەسەند کرا کە بە پێ ئەو یاسایە ئەندام بوون لە رێکخراوە تیرۆریستییەکاندا بە تاوان دانراوەو ئەم رێکخراوانە دەبێ بە فەرمی لەلایەن بەرپرسانی بەرێوەبەریو ئەمنییەتییەوە وەکوو رێکخراوێکی تیرۆریستی بناسێنرێن، ئەگینا ناتوانین ئەندام بوون لەو رێکخراوانەدا بە ئەندام بوون لە رێکخراوێکی تیرۆریستیدا نێو بەرین. ئەوەیکە لێرەدا هاتوە خاڵێکی گرینگە، واتە رێکخراوێك کە بە تیرۆریست نەناسێنرێ دەتوانێ پارێزگاریو بەرگریش لە ئەندامانی بکات. بەڵام گەر رێکخراوێك بە تیرۆریست بناسێنرێ، لەهەر شوێنێکی جێهاندا دەتوانرێ ئەندامانی دەستبەرسەر بکرێن. هەروەها لەم یاسایەدا تاوانگەلێکی دیکە وەکوو تاوانی تیرۆریستی ناسێنراون. لە یاسای بەرێوەبەریی ئاڵمانیش دا رێکخراوگەلێك کە دەیانهەوێ نەسڵ کوژی، مرۆڤ رفاندنو کاری دیکەی لەو چەشنە بکەن دەخرێنە بازنەی رێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە. دروست کردنی وەها رێکخراوگەلێك بە لانی زۆر بە دە 10 ساڵ زیندان سزا دەدرێ.
لە ئەمەریکادا ساڵی 1972 ریچاردنیکسۆن سەرۆك کۆماری ئەوکاتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆمیتەی خەبات دژ بە تیرۆریزمی (Friedlander, 1982) پێکهێنا. بە توێژینەوەیەك کە کراوە دەتوانین بێژین ئەوە یەکەمین هەوڵدانی فەرمی دەوڵەتی ئەمەریکایە بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ کێشەی تێرۆریزم لە خاکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا. ئەگینا هیچکام لە یاساکانی دیکەی دەوڵەتی فیدراڵیو وڵاتە یەکگرتووەکان ئاماژەی بەو تاوانە نەکردوە. ئەوەش راست سەڵمێنەری ئەو راستییەیە کە ئێران وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تاکوو تیرۆریزم هێرشی نەکردوەتە سەرخۆی هیچ چەشنە دژکردەوەیەکی فەرمیی نەنواندوە. بەڵام دەتوانێ ئاوڕێك لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای پاش 11ی سێبتەمبر بدەینەوە. لێرەدا دەبینین کە پاش 11ی سێبتەمبر 2001ی زایینی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە فەرمی بوو بە رێبەری شەڕی دژە تیرۆریزم لە ئاستی جیهانداو نەتەنیا یاساگەلێکی توندوتوڵی نێوخۆیی بۆ بەرەنگار بوونەوەی تێرۆرو تیرۆریزم بە پەسەند گەیاند، بەڵکوو لە ئاستی جیهانیشدا هەوڵیدا کۆمەڵگای جیهانی بۆ شەڕێکی جیهانی دژبە تیرۆریزم ئامادە بکاتو بۆ ئەو مەبەستە زۆربەی وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمەریکا بە پێڕەوی لەو وڵاتە یاساو بڕیاراتی توندو توڵی دژە تیرۆریستانەیان پەسەند کردو بەرێوە دەبن.
جێگای ئاماژە پێدانە کە تا ساڵی 1972 هیچکام لە یاساکانی فیدراڵ بە روونی ناچنە سەرکێشەی تیرۆریزمو تا هەزارەی سێهەم رۆڵی ئیدارەی لێکۆڵنەوەگەلی فیدراڵ (FBI)و رێکخراوی ناوەندیی زانیاری سیا (CIA) لە لایەنی کارتێکەریی بۆ نێو گرووپە تیرۆریستییەکان زۆر سنووردارو بەستراو بوو. گەر نەختێ بەربڵاوتر سەیری کێشەکە بکەین تێدەگەین کە هاوکاریو رێککەوتنگەلی نێودەوڵەتیش لە نێوان وڵاتاندا بۆ بەرەنگاریی تیرۆریزم لەوە باشتر نەبوە. بەڵام پاش ئەوە لەلایەنی نێوخۆییەوە، هەم رێکخراوگەلی فیدراڵی بەرێوەبەریی یاساو هەم سوپا جوخەکانی خەبات دژبە تیرۆریزمیان پێکهێنا. بۆ وێنە یەکێ لەم جوخانە دلتا فورسی (Delta furse) بەناوبانگە کە ئەندامەکانی لە چوار رەستەی سەربازی بەناوبانگن.

چالاکییەکانی دلتافورس لە ئەسڵدا نهێنین بەڵام لە ئێران (1983)، هندوراس (1982)، سودان (1983)و رووداوی هێرشی گرانادا (1983دا عەمەلیاتی بەرێوەبردوەو ئەندامانی دلتافورسی ئامادەی دژکردەوە لە بەرامبەر رفێنەرانی کەشتی ئاکیلە لائورو لە ساڵی 1985یشدا بوون. (L.siegel, Criminology,st. Paul, MN:west PublishingCo, 1992.) ئەوەش لە راستیدا لە جۆری خۆیدا کارێکی گرینگە کە یەکەیەکی دژە تیرۆریستی عەمەلیاتی نێونەتەوەیی لە دوورترین سنوورەکانی وڵاتەکەیداو لە بەرژەوەندی وڵاتەکەیدا بەرێوەبەرێ. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەم کارە ئەرکی ئینترپۆل (Inter pol)، واتە پۆلیسی نێونەتەوەییو یەکەکانییەتی.

پاش ئەوەش یەکێکیتر لەو پێشکەوتنانەی کە لە رێگای شەڕی دژە تیرۆریزمدا هاتە ئاراوە واژۆی گەلاڵەیەکی دژەتیرۆریستی فێدراڵ لە 24ی ئاوریلی 1996دا لەلایەن بیل کلینتۆن سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بوو کە پاشان پەسەند کراو بوو بە گەلاڵەیەکی یاسایی. گەلاڵەی ناوبراو کۆمەڵێك یاساو ریسای گرینگی لەخۆ دگرت کە دەست ئاوڵاییەکی زۆرتری بە یەکە دژەتیرۆریستییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان دەدا.

دەتوانین لەوانە ئاماژە بدەین بەوەیکە گەلاڵەی دژە تیرۆریستی ناوبراو مەجالی پێداچوونەوە بە فایلی تاوانبارانەی کە بە مەرگ مەحکوم کراون سەختتر دکاتەوە. واتە بەپێ ئەم یاسایە تاوانبارانی بەندکراو تەنیا دەتوانن لە ماوەی 6 شەش مانگدا پاش ئاخرین دانیشتنی دادگای هەرێمی خۆیان، نارەزایەتی خۆیان بە نووسراوە، بە مەبەستی داواکاری بۆ پێداچوونەوەی دادوەریی بە حوکمی پێدراودا بە شوێنی پەیوەندیدار بگەیەنن. هەروەها گەلاڵەی ناوبراو ئەو مافە بە دەوڵەتی فیدراڵ دەدا کە رێگای بە ئەندامانی رێکخراوگەلی تیرۆریستی ناسراو نەدا بچنە نێو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. هەروەها ئەو گەلاڵەیە لە بورای گەڕانەوەی بیانیگەلێك کە گۆمانیان لێدەکرێ لەگەڵ رێکخراوە تیرۆریستییەکاندا لە پێوەندیدا بن سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەمەریکا بەرینتر دەکات. دانی ئەو دەسەڵاتە بەرینەش بە پۆلیسیو دەزگا دادوەرییەکانی وڵاتە یەکگرتووکان. لەلایەکەوە توانی خودی تیرۆرو تیرۆریزم تا رادەیەکی ئێجگار زۆرتر هان بدات بۆ خۆ بەهێزکردنو خۆ تەیار کردن بە تەکنیكو زانیاری زیاتر بۆ هەرچی پسپۆڕانەتر بەرێوەبردنی کردەوەکانیان. بەڵام لەلایەکیترەوە دەسەڵاتو رێگا بە وڵاتە یەکگرتووەکانو سەرجەم هاوپەیمانانی دەدا کە لەنێو ستراتژی ناوچەیی هاوپەیمانی خۆیاندا مەیدانی کردەوەو دژکردەوەی تیرۆریزم بەرتەسك بکەنەوەو شەڕی دژە تیرۆریزم بەهێزەوە ببەنە پێشەوەو هەم لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیاندا بە پاڵپشتی دیپلۆماسیو هێزی ئابووریو سەربازییەکی گەورەتر وەدووی ئامانجەکانیان بکەون.

هەر لەساڵی 1996دا کۆمەلێکی دیکە یاسای دژتیرۆریستی لەوڵاتە یەکگرتووەکان پەسەند کران کە بریتین لە:

هەر کەس بۆ گرووپگەلی گومانلێکراو بەدەست هەبوون لەکردەوەگەلی تیرۆریستیدا پارە کۆبکەنەوە یان یارمەتی داراییان بدەن دەکەونە بەر بە دوادا چوونی دادگاوە.

بەرهەمهێنەرانی مەوادی تەقینەوەی پلاستیکی دەبێ لەمەوادی بەرهەمهێنانی خۆیاندا مەوادێك بەکار بێنن کە بتوانرێ دوایی ئەو مەوادەو پێکهاتەکانی بناسرێن.

تاوانبارانێك کە بەپێ یاسای فیدراڵ بە تاوانبارو مەحکوم دەناسرێن، لە زۆرجارەکاندا دەبێ غەرامە بە قوربانییەکانی خۆیان بدەن.

ئەوە ئاوڕدانەوەیەك بوو لەقۆناغی یەكەمی بەرەوڕوو بوونەوەی تیرۆر لەوڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا، یان بە وتەیەكیتر دتوانین بێژین ئەوە قۆناخی دەستپێك و پێشەكی شەڕی دژە تیرۆر بەتایبەت لەئاستی یاساو بڕیارنامەدا بوو لەلایەن وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاوە.

جۆرج بوش سەرۆك كۆماری وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا ئێژێ: "كۆمەڵگای جیهانی لەشەڕی دژە تیرۆریزمدا هاتن بەهانامانەوە". ناوبراو پاش پێكهاتن لەسەرەبەرەی شەڕی دژە تیرۆریزم وتی: "پتر لە 90 وڵات، لە بەرەی دژە تیرۆریستیدا هاتنە پاڵ ئەمەریكا، و ئەم بەرە بوەتە هۆی ئەوەیكە هێرشەكان لەلایەن تیرۆریستانەوە كەم بنەوەو بەرگرییەكانی ئێمەش بێن بە هێرش". هەروەها بوش وتی: "هێرشە كارەستابارە تیرۆریستییەكانی 11ی سێبتەمبری 2001 بۆ نیویۆرك، پنسلوانیاو واشنگتۆن، لە 80 وڵات قوربانی لێكەوتەوە، كارەساتێك كە پاش ئەوە لە كینا، كازابلانكا ـ مراكش، ریاز ـ عەرەبستانی سعوودی، جاكارتا ـ ئەندونزی، ئیستامبول ـ توركیە، لەندەن، عەمان ـ ئۆردۆن، مادرید ـ ئیسپانیا، بسلان ـ روسیە، بالی ـ ئەندونزی، ئەلجەزیرەو شوێنەكانیتر دووپات كرایەوە".

یەكێ لەو رێكارانە كە ئەمەریكاییەكان بەردەوام پشتیان پێ بەستو تەنانەت سەرنجی هاوپەیمانانیشیان بۆ ئەو خاڵە گرینگە راكێشا، ئەوە بوو كە ئەوان جودا لەهاوپەیمانی و هاوئاهەنگی سەربازی، دەبی هاوئاهەنگی و هاوپەیمانی زانیاریشیان لە شەڕی دژە تیرۆریزمدا هەبێ كە دەتوانین بێژین ئەوە خاڵێكی بنەڕەتی و هەرەگرینگی هاوكاری دژە تیرۆریستیی لەنێوان وڵاتانی هاوپەیمان دایە. لەراستیدا ئەو هاوپەیمانەتییە زانیاری ـ ئەمنیەتییە لە نێوان وڵاتان و دەوڵەتانی هاوپەیمان لەشەڕی دژەتیرۆریستیدا كاریگەرییەكی باشی نواند. بۆ وێنە هاوكاری ئەمنیەتی ـ زانیاری پاكستان و وڵاتە یەكگرتووەكان، بریتانیا و وڵاتە یەكگرتووەكان، ئەمەریكاو عەرەبستانی سعوودی، ئەمەریكا ـ ئیسرائیل ـ توركیە و... كە تەنانەت لەم ئاخرانەشدا واتە لەهێرشەكانی 2008ی توركیە بۆ سەر دژەبەرە كوردەكانی لەچیاكانی زاگروس و یارمەتی باشی زانیاری ـ ئەمنییەتی ئیسرائیل ـ ئەمەریكا بەو وڵاتە لەسەر شوێن و جموجۆڵی گریلاكانی پارتی كرێكارانی كوردستان (PKK) وێنەیەكی ئەو هاوپەیمانەتییە بوو كە بەردەوام دەبێ.

جۆرج بوش وەكوو یەكێ لەرێبەرانی سەرەكی شەڕی دژە تیرۆر ئێژێ: "هاوكاریگەلی دیپلۆماتیك و بەشداری لەزانیاری ئەمنییەتیدا یارمەتی بە رەوتی دەستبەسەركردنی مۆرەگەلی سەرەكی تیرۆریستەكان و عامیلەكانیان لەوڵاتانی كانادا، دانمارك، فەرەنسا، ئیتالیا، ئەندونزی، ئوردۆن، عەرەبستانیسعوودی، ئیسپانیا، تونس، توركیاو بریتانیاداوە. هەروەها هاوكاری لەنیوان دامەزاوەو بونیاتە داراییەكاندا بوەتە هۆی بەستران و داخرانی حیسابی بانكی تیررۆریستەكان و ئەو كارەش مەجالی پلانڕێژی، دابینكردنی ئامرازو كەرەستەو ئەندامگیری و پەروەردەكردن و هەروەها هێرشگەلی نوێی نەهێشتوە.

زۆرجاریش وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا لە هەڵبژاردنی و مەیدان و رێكاری تیرۆریستیدا هەڵەی كردوە. واتە ئەو هەڵانەش نەزانراو نەبوون بەڵكوو راستەوخۆ سەرچاوەیان لەبەرژەوەندییەكانی وڵاتە یەكگرتووەكان وەرگرتووەو لەسەر تەوەری سیاسەتی دەرەكی ئەو وڵاتە داڕێژراون و بە پاڵپشتی عەمەلیاتە دەرەوەی سنوورییەكانی سیا (CIA) بە هاوكاری هاوپەیمانە ئەمنییەتی= سەربازییەكانیان بەڕێوەچوون. واتە ئەم شەڕە لەتیۆریدا بەردەوام تەوەرێكی سیاسەتی دەرەكی ئەو وڵاتە بوە. دەكرێ بێژین هەر لەسەردەمی سەرۆك كۆماری رۆناڵد رەیگانەوە واتە پتر لە 20 ساڵ لەمەوپێشەوە دەستی پێكردوە. لە سەردەمی كلینتۆندا یاسایی كرایەوەو پێداگری لەسەر كراو

سەردەمی جۆرج بوشی دووهەم بوو بە هێرشی قورس و بەرین لەئاستی جیهانیدا. ئەوە هەمان شەڕە کە جۆرج بوش: بە"بەڵای شەیتانی تیرۆریزمی" ناو دەبات و راگەیاندنەکان بە دێوو دێوەزمەی نیشان دەدەن.
بەرپرسانی دەوڵەتیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رۆژانە باس و وتووێژیان رێژەیەکی زۆری بۆ تاوتوێکردنی شەڕی دژەتیرۆر تەرخان کرابوو. ئەوان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئێمە دەبێ پێشگیری بکەین لەچوون و هاتنی تیرۆریستان لەوڵاتانی دیکەوە بۆ عێراق. ئەوەش تاکوو ئێستا کە 5 ساڵ بەسەر داگیرکردنی عێراقدا تێدەپەڕێ بە چەندین رێکارو مکانیزم تاقی کراوەتەوە بەڵام تاکوو ئێستا نەیتوانیوە ئەمەریکاو هاوپەیمانان بە ئاکامێکی دڵنیاکرەوە بگەیەنێ. پێویست ناکات ئێستا بگەرێینەوە بۆ هۆکارەکانی ئەم سەرنەکەوتنە، چونکە لەبەشەکانی دیکەدا تا رادەیەکی زۆر باس و تاوتوێ کراوە. لەم پێوەندییەدا تەنانەت راپۆرتەکەی ژنراڵ پێتراپس کۆمەڵێك هۆکارو فاکتۆری بە بەڵگەو دیکێومێنتەوە خستوەتە بەردەست. ئاماژە بەوە کراوە کە پتر لە 90٪ نەوەد لە سەدی ئەو تیرۆریستانەی کە تا ساڵی 2008 لەعێراقدا چالاکی تیرۆریستیان ریك خستوەو بەرێوە بردووە، خەڵکی عێراق نەبوون، واتە ئەوە نیشان دەدا کە دەست و هێزگەلێکی نهێنی و بەهێز لە پشتی پەردەوەن کە ئاسایش و هێمنی عێراقیان ناوێ، یان بە وتەیەکیتر ناهێمن بوون و قەیراناوی بوونی عێراق لە بەرژەوەندی ئەواندایە.
یەکێ لەرێگاکانی دیکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ شەڕی دژە تیرۆر ویشك کردنی بونیاتە دارییەکانی تاقم و گرووپە تیرۆریستییەکان و تیرۆریزمی جیهانییە. بۆ ئەو مەبەستەش وڵاتە یەکگرتووەکانی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لەئوروپاش و ئاسیاشدا هاوئاهەنگی و هاوکاریکاری لەو بوارەدا هەیە. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە "دایرەی کۆنترۆڵی دارایی دەرەکی" وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکەین، ئەو بەشە سەربە بەشی خەزێنەداریی ئەو وڵاتەیە کە ئەرکی هەڵسەنگاندنی گریان گومان و تانگەلی دارایی لە ئەستۆیەو یەکێ لەبەشە سەرەکییەکانی ئەم سیستمە "شەڕ بە دژبە تیرۆریزمە". وەکوو وێنە لەمانگی ئاوریلی 2004دا دایرەی ناوبراو کۆنگرەی ئاگادار کردەوە کە بە 4 چوار کەس لە 120 سەدوبیست کارمەندەکەی ئەرکی شوێنگرتنی یارمەتییەدارایییەکان بە ئۆسامەبن لادن و سەدام حوسەین سپێردرابوو. یەکەی ناوبراو لە ساڵی 1990 تا 2003، 93 خاڵی لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆریزمدا شوێنگری کردو خستنیە ژێر لێکۆڵینەوە کە لەئاکامدا خەرجەکەی گەیشتە 9000 نۆ هەزار دۆلار، کە ئەوەش لەراستیدا وەڵامدەرە کە وابوو هەنوکەشی لەگەڵدابێ ئەو سیاسەتە و ئەو رێکارە نەیتوانیوە وەڵامدەر بێ.

## بەرگریی رەوا (دفاع مشروع)

یەکێکیتر لەو خاڵانەی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەکوو رێکارو مکانیزمێکی گونجاو کەڵکی لێوەرگرت و بەرێوەشی برد، بەرگریی رەوا یان (دفاع مشروع) بوو. ئەو حاڵەتە هەم لەبەرامبەر مەترسییەکی دەوڵەتیشدا کەڵکی لێوەردەگیرێ و هەم بۆ وەڵامدانەوە بە هێرشێکی تیرۆریستی کەڵکی لێوەر دەگیرێ. لێرەدا پێویستە هەڵکەوت و شوێنی گرووپ و لایەنە تیرۆریستییەکە روون بێ. بۆ وێنە وەڵامی وڵاتە یەکگرتووەکان بە ئەلقاعدەو تاڵەبان لێدانی ئەفغانستان و داگیرکردنی ئەو وڵاتە بوو. بەڵام دەوڵەتی وڵاتە یەگرتووەکان پێش ئەوەیکە هێرش بکاتە سەر ئەو وڵاتە، رووداوەکەی 11ی سێپتەمبریان بە شەڕ لەقەڵەمدا، کە لێرەدا بەرگریی رەوای چەکدارانە دەتوانێ رێگای بەرەنگار بوونەوە بێ. سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان، جۆرج بوش هێرشەکانی 11ی سێپتەمبری دژبە

وڵاتەکەی بە هێرشێکی سەربازی دادەنێ کە لەلایەن دوژمنانی ئازادییەوە دژبە وڵاتەکەی بەرێوە چوە، کە وابوو پێکداادانی چەکدارانە (Armed Attack) دەستەبەر بوە.

هەر یەك ڕۆژ پاش ڕووداوەکەی 11ی سێپتەمبر، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بە تێکڕای دەنگ بڕیارنامەی ژمارە 1368 یان لەمەڕ هێرشە تیرۆریستییەکان پەسەند کرد، بڕیارنامەی ناوبراو هەر چەند خاڵەکانی ڕوونن، تارمایی‌و ناڕوونیشی تێدایەو لەبڕێ شوێنیش‌دا دوفاقی‌و دژبە یەك دەنوێنێ. جێگای ئاماژە پێدانە کە لە پێشەکی ئەو بڕیارنامەیەدا ئەنجوومەن لەیەکەم پارگرافی سەرەکی‌دا، هێرشەکەی مەحکوم کردوە، و بە هێرشکی تۆقێنەرانەی تیرۆریستی لەقەڵەم داو (Horrifing Terrorist Attacks) هەروەها بە هەڕەشە دژبە ئاشتی‌و ئاسایشی نێونەتەوەیی زانی (Un Security Council Resolution, 2001, para1). ئەنجومەنی ئاسایش لەو بڕوایەدایە کە هەڕەشەو کردەوەکانی گرووپێکی تیرۆریستی دەتوانێ ئاشتی‌و ئاسایشی نێونەتەوەیی بخاتە مەترسییەوە. هەر هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەدانیشتنێکدا بڕیارنامەیەکی دەرکردو ئەو کردەوەیەی 11ی سێپتەمبری بە کردەوەیەکی کارەساتبارو ناشیرینی تیرۆریستی (heinous actsof terrorism) لەقەڵەم داو مەحکومی کرد، هەر لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژی دوازدەهەمی سێپتەمبر ئەنجومەنی ناتۆ بە ئاماژە کردن بە مادەی 5 پێنجەمی پەیماننامەی واشنگتۆن مافی بەرگریی ڕەوای بەکۆمەڵی لە لە ئەندامانی ناتۆدا کە مەترسی هێرش بۆسەریان هەبێ یان هەڕەشەیەکی جیددییان لەسەر بێ. ئەو ئەنجومەنش بە تێکڕا ڕاگەیەندراوێکی دەرکردو هێرشەکانی 11ی سێپتەمبری بە هێرشی سەربازی نێو برد. (The Nonrth Atlantic Treaty, 1959) بەم جۆرە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی جیهانی کە دەتوانێ لەئاستێکی بەربڵاودا مەرترسی دروست بکات دەتوانرێ لە بەرامبەر دەوڵەتێکدا دابنرێ‌و تەنانەت زۆر جار هەڕەشەکانی زۆر بەرێنترن لەدەوڵەتێکی دڕندە.

## یاساو ستراتژی یەکییەتی ئورووپا لە خەباتی دژە تیرۆردا

ئەگەر کەم تا کورتێ لەگەڵ مێژووی شۆڕش‌و گۆڕان‌و گەشەکانی گەلان‌و وڵاتانی ئورووپادا ئاشنا بین بەو ئاکامە دەگەین کە شۆڕشی مەزنی فەرەنسا خاڵی وەچەرخانەنێکی مەزن بوو. واتە دەبینین کە لە شۆڕشەکانی دیکەش‌داو بە گشتی لە ڕەوتی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ئورووپادا توندوتیژی‌و پێکداادانی جۆراوجۆر بوونیان هەبوە. بەڵام ئەوەیکە لێرەدا شۆڕشی مەزنی فەرەنسا (1789)مان وەکوو دەستپێکێك بۆ تیرۆر لە ئورووپادا دەستنیشان کردوە لەبەر ئەو هۆکارە گرینگانەن لەئەو شۆڕشە لە خۆیدا هەییوەو ئەو کاریگەرییانەن کە لەسەر ئەو قۆناغەو قۆناغەکانی دیکە بەجێ هێشتوە.

بەڵام ئێستا یەکییەتی ئورووپا خەبات دژ بە تیرۆریزم وەکوو یەکێ لەمەزنترین قەیرانەکانی خۆی لەم سەردەمەدا خستوەتە ریزی هەرە پێشەوەی ئیستراتژییەکانیەوە. بەڵام هەروەها کە لە بەشەکانی دیکەش‌دا ئاماژەمان پێ کردوە ئەم یەکییەتییەش وەکوو وڵاتان‌و دەوڵەتەکانیتر هەنوکەشی لەگەڵدابێ نەیتوانیوە هاوڕا لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانێ پێناسەیەکی هاوبەش‌و گشتگیر لەتیرۆرو تیرۆریزم بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە پەسەند بکات. بەڵام دیسان لەگەڵ ئەوەشدا هاوپەیمانی بەرەی دژە تیرۆری کردوەو لەمەیدانی شەڕی دژەتیرۆردایەو ستراتژی ڕوونی خۆشی بۆ ئەو مەبەستە هەیە. جێگای ئاماژە پێدانە کە پاش ڕووداوە تیرۆریستییەکانی 11ی سێپتەمبری 2001ی زایینی وڵاتانی ئورووپایی‌و یەکییەتی ئورووپاش ناچار بوون جارێکیتر بە سیاسەتەکانی خۆیاندا بچنەوەو خۆیان لەخەسارەکانی ئەو ڕووداوەدا بە بەشدار بزانن. هەر بۆیە لەدژکردەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەمبەر

ئەفغانستاندا هاوڕایی‌و پاڵپشتی خۆیان دەربڕی. کەچی زۆری پێ نەچوو کە ئەوانیش بوونە ئامانجی چەندین کردەوەی تیرۆریستی. واتە ڕووداوەکانی تەقینەوەی مێترۆی شەمەندەفەری مادریدی پێتەختی ئیسپانیاو تەقینەوەکانی لەندەن دوو ڕووداوی گرینگ بوون کە دەتوانین بە خاڵی یارمەتیدەری ئەو شەڕە دژەتیرۆرەیان بزانین کە ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبر خوڵقاندیان. ئەو سێ ڕووداوە پێکەوە توانیان شەڕێکی جیهانی دژە تیرۆریزم ساز بکەن کە هەنوکەش درێژەی هەیە.

بەرپرسانی یەکییەتی ئورووپاو پسپۆڕانی بواری تیرۆریزمی ئەو یەکییەتییە لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەگەر بیانهەوێ بەسەر دیاردەی تیرۆردا سەرکەون پێویستیان بە بەڵگەنامەو پلان‌و پرۆژەیەکی ستراتژیك هەیە کە بتوانێ وەڵامێکی چڕوپڕی ئەم ئەم یەکییەتییە بە تیرۆریزم بێ. جێگای ئاماژە پێدانە کە تا ساڵی 2005 یەکییەتی ئورووپا ئیستراتژییەکی هاوبەشیان بۆ خەباتی دژە تیرۆر نەبوو، بەڵام لە دیسامبری ساڵی 2005دا ئەنجومەنی دادوەری‌و کاروباری نێوخۆیی یەکییەتی ئورووپا "ئیستراتژیی ڕووبەڕوو بوونەوەی تیرۆریزمی یەکییەتی ئورووپای" پەسەند کرد. دەتوانین بێژین ئەم ئیستراتژییە یەکێ لەو گەڵاڵەو پلانە کاریگەرانەو پراکتیکیانەیە کە سەرجەم وڵاتانی ئورووپایی‌و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش پێشوازییان لێکرد. دیارە هەروا کە ئاماژەمان پێدا بزوێنەی داڕشتنی ئەم گەڵاڵە ستراتژیکە پاش تەقینەوەکانی مادرید هاتە گۆڕێ. واتە ئەنجوومەنی ئورووپا لە مانگی مارسی 2004دا دەستی بە داڕشتنی ڕەشنووسەکەی کرد.

ستراتژی ناوبراو بەلەبەرچاو گرتنی ئازادییە مرۆییەکان‌و مافی مرۆڤ داڕێژراوە، بەڵام هاوکات پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێ تیرۆریزم بە هەڕەشەیەکی جیهانی بناسێنرێ‌و بۆ شوێنگری‌و بەرەو ڕوو بوونەوەی تیرۆریستان دەبێ هاوکاری‌و یەکییەتییەکی جیهانی پێك بێت. یەکییەتییەك کە یاساو کردەوە دژە تیرۆریستییەکانیان هەتا بکرێ هاوئاهەنگتر بێ. یەکییەتی ئورووپا بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئیستراتژییە بە پێویست دەزانێ جودا لە هاوئاهەنگییەکی نەتەوەیی، ئورووپایی‌و نێونەتەوەیی ئەو چەند خاڵەی خوارەوەش بە جیددی لەبەرچاو بگیرێ"

1- بەهێز کردنی دەفەرایەتییە نەتەوەییەکان"

2- ئاسانکاری بۆ هاوکاری‌و هاوئاهەنگییە ئورووپاییەکان"

3- پەرەپێدانی دەفرایەتییە کۆمەڵایەتی‌و بە کۆمەڵەکان"

4- بردنەسەرو پەرەپێدانی بەشداری‌و هاوکاری نێونەتەوەیی لە ڕێگای دیالۆگ‌و دیپلوماسییەوە.

خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە ئەم یەکییەتییە واتە یەکییەتی ئورووپا کارەکانی ڕێك‌و پێك‌و سیستماتیك دەباتە پێشەوە، بۆ ئەو مەبەستەش هەر شەش 6 مانگ جارێ بە کاروچالاکییەکانی خۆیدا لەهەموو بوارەکانەوە دەچێتەوەو بە وردی هەڵیاندەسەنگێنێ، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئیستراتژییەشدا هەر 6 شەش مانگ پتر لەیەك جار بۆ تاوتوێ کردنی چالاکییە دژەتیرۆریستیەکانی دانیشتن ساز دەکات‌و لەئاکامی کارەکانی دەپرسنەوە. بۆ باشتر تێگەیشتن لەچوارچێوەی کاری ستراتژی ناوبراو هەوڵ دەدەین چوار تەوەرە سەرەکییەکەی کە بریتین لە پێشگیری، پاراستن، شوێنگرتن‌و، دژکردەوە، بەم چەشنە خوارەوە بخەیە بەرباس‌و لێکدانەوە:

1- پێشگیری

یەکییەتی ئورووپا بە پێ ئەم ئیستراتژییە لە هەوڵدایە کە پێشگیری لەبوونە عامیلی تیرۆریستی خەڵکی ئاسایی بکات. بەرەوڕوو بوونەوەی ئەو بنەماو فینداسیۆنانەی کە دەتوانن مرۆڤ بۆ بوونەتیرۆریست هان بدەن‌و بەلای توندڕەوییاندا بکێشن هەم لەئاستی ئورووپاداو هەم لە ئاستی نێونەتەوەییدا.

پێویستییەکانی ئەم خاڵە بریتین لە:

A- هەوڵدانی هاوبەش بە مەبەستی زەفکردنەوەو هێرش بۆسەر کرداره کێشە خوڵقێنەکان، بەتایبەت کەڵکی خراپ وەرگرتن لەئینترنت"

B- هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی سەرباز گرتنی گروپەکان لەشوێنە گرینگەکاندا (بۆ وێنە بەندیخانە و شوێنە ئایینی و فێرگەیی و پەروەردەییەکاندا) بەتایبەت لەرێگای ناساندنی تاوانگەلی نوێی پێوەندیدار بە وەها کردەوەگەلێکەوە"

C- پێکهێنانی ستراتژی راگەیاندن و پێوەندی گرتن بە مەبەستی شیکردنەوەی کارتێکەریی سیاسەتەکانی ئوروووپا"

D- بردنە سەری دەسەڵاتدارێتی باشتر، دێموکراسی، پەروەردە کردن و ئاسایشی ئابووری لەرێگای پرۆگرامگەلی هاوکاری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگای ئوروووپا"

E- پێکهێنانی وتووێژی نێوان کولتووری لەچوارچێوەی یەکییەتی ئوروووپا و دەرەوەی ئەو یەکییەتییەدا"

F- دانانی قامووسگەلی تایبەتی عەقڵانی و ناهەستیاری بۆ باس لەمەڕ ئەو بابەتانە"

G- بردنە سەری دەرکی یەکییەتی ئوروووپا لەمەڕ ئەو بابەتانەو دانەوەی وڵامگەلی سیاسی لەرێگای توێژینەوەی بەردەوام و هاوبەش لەئەزموونەکان و شیکارییەکاندا.

پاراستن

پارێزگاری لەهاووڵاتیان و ژێرخانەکان ئەرکێکی ژیانەکییە. یەکییەتی ئوروووپا لەچوارچێوەی کردەوەکانیدا لەرێگای هێمن کردنی سنوورەکانیدا، هەڵگرتن و راگوازتن و ژێر پێکهاتە ژیانەکییەکان، بە دوای کەم کردنەوەی خەسار هەڵگری لەبەرامبەر هێرشەکانداییە.

پێویستییە گرینگەکان:

A- دابینکردنی هێمنی پاسپۆرتەکانی یەکییەتی ئوروووپا و بیومتریک بوونیان"

B- پێکهێنانی سیستمی زانیاری ویزا (VIS) و نەوەی دووهەمی سیستمی زانیاری شنگن (SISII)"

C- گەشە پێدانی شیکاریگەلی کارتێکەر لەمەترسی و هەڕەشەکان لەمەڕ سنووره دەرەکییەکانی یەکییەتی ئوروووپا"

D- بەرێوە بردنی ئەو ئێستاندارانەی کە بەگشتی لەسەریان رێککەوتوون لەمەڕ فڕینی ئاسمانی ئاسەربازی، بەندەری و هێمنی دەریایی"

E- رێککەوتن لەسەر پلانێکی ئوروووپایی بە مەبەستی پارێزگاری لەژێرخانە پاراستنییەکان"

F- باشترین کەڵك وەرگرتن لەئاستەکانی چالاکیگەلی توێژینەوەی یەکییەتی ئوروووپا و کۆمەڵگای ئوروووپایی.

شوێنگریی

ئامانجی یەکییەتی شوێنگری و پشکنین و لێپرسینەوە لەتیرۆریستگەلێکە کە لەنێوخۆی یەکییەتی ئوروووپا و لە ئاستی جیهانیدا چالاکی دەکەن. بەربەست دانان و پێش گرتن لەگەڵاڵە رێژیگەلی تیرۆریستی، هاتووچو پێوەندیگرتنی ئەوان ئەرکێکی ژیانەکییە. کاروچالاکی رایلکەگەلی تیرۆریستی دەبێ بە بڕینی سەرچاوە داراییەکان و مەوادە عەمەلیاتەکەیان تێك بدرێ. مەبەستی گشتی دانانی تیرۆریستەکان لەبەرامبەر دادگاو داد پەروەری دایە.

پێویستییە گرینگەکان

A- بەهێز کردنی دەفرایەتییە نەتەوەییەکان بۆ بەربەرەکانێ تیرۆریزم بە لەبەرچاو گرتنی راسپاردەگەلێ کە بۆ هەڵسەنگاندنی وردی پرۆگرامگەلی نەتەوەیی دژە تیرۆریستی بە ئە نجام گەیشتوە"

B- کەڵك وەرگرتنی تەواو لە پۆلیسی ئورووپایی، دەزگای دادوەری ئورووپاییو ناوەندی هاوبەشی لێکدانەوەی بارودۆخ"

C- بردنە سەری ئاستی بە فەرمی ناسینی دوو لایەنەی حوکمو یاسا دادوەرییەکان، لەوانە لە رێگای پەسەند کردنی "گەرەنتی شاهیدی ئورووپاییەوە""

D- گەرەنتی بەرێوەبردنی تەواوی‌و هەڵسەنگاندن لەو یاساینەی بوونیان هەیەو هەروەها پەسەند کردنی بەڵێننامەکان‌و کونوانسیونە نێونەتەوەییە پێوەندارەکان"

E- پەرەپێدانی ئەسڵی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، واتە ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان وڵاتانی ئەندامدا بە مەبەستی بەهێزکردنی یاسا"

F- هێرش بۆسەر دەستڕاگەیشتنی تیرۆریستەکان بە چەك‌و چۆڵ‌و مەوادی تەقینەوەیی، لە کەرەستەی دەستکردەوە بگرە تا مەوادی کیمیایی، بیولۆژیکی یان ئەتۆمی (CBRN).

G- هێرش بۆ سەر سەرچاوە داراییەکانی تیرۆریستان لە رێگای بەرێوەبردنی ئەو یاسایانەی لەسەری رێککەوتوون، هەوڵدان بۆ پێشگرتن لە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە بەشی ناحوکمی‌و چاوپێداخشاندنەوەی شێوازی گشتی بەرێوەبردنی یەکییەتی ئورووپا لەم بیاڤەدا"

H- دابینکردنی یارمەتی تەکنیکی بە لەریزی پێشەوە دانانی وڵاتانی جیهانی سێهەم بە مەبەستی دەفرایەتییەکانی ئەوان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی تیرۆریزم.

دژکردەوە

هەرکام لەوانەی سەرەوە کە باسمان کردن فاکتۆرێکی کاریگەرن، بەڵام کاتێك هیچکام لەو فاکتۆرانەی سەرەوە کاریگەر نەبوون‌و پرۆسەی سێ تەوەری پێشگیری، پاراستن‌و شوێنگری شکەستی خوارد، دەبێ ئامادە بین بە رۆحێکی بە کۆمەڵ، بە بەرێوەبەرییەکی کارامەوە لە بیری بە لانیکەم گەیاندنی خەسارەکانی هێرشێکی تیرۆریستیدا بین.

پێویستییە گرینگەکان

A- رێککەوتن لەسەر رێوشوێنە پێویستیەکان لە حاڵی ئەگەری رووادنی قەیرانێك لە یەکییەتی ئورووپادا"

B- ئاوڕدانەوەی دووبارە لە یاسادانان لە کەش‌و هەوای کۆمەڵگای ئورووپاییدا بە مەبەستی پاراستنی حەشیمەتی سیڤیل"

C- بردنەسەری ئاستی هەڵسەنگاندنی هەڕەشەو مەترسییەکان وەکوو ئامڕازێك بۆ یارمەتیدان بە ڕاگەیاندن لەمەڕ پێکهێنانی دەفرایەتیگەلێ بۆ دژکردەوە نیشاندان بە هێرشێك"

D- چاك کردنی هاوئاهەنگی لەگەڵ رێکخراوگەلی نێونەتەوەییدا بۆ بەرێوەبەری دژکردەوەکان بە هێرشە تیرۆریستییەکان‌و کارەساتەکانیتر"

E- بە هاوبەش کردنی باشترین ئەزمونەکانی بەرێوەبەری و پەرەپێدانی رێگاچارەگەلێك بە مەبەستی یارمەتیدان بە قوربانیەکانی تیرۆریزم و بنەماڵەکانیان.

بەم چەشنە یەکییەتی ئورووپا هەنگاوێکی جیددی‌و لێبڕاوانەی هەڵگرت، ئەم هەنگاوە دەتوانێ ببێتە بنەمایەکی بەهێز بۆ خەباتی دژەتیرۆر لەئاستی جیهانیدا.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە وردی سەرنجی لەتیرۆریزم و ڕەهەندو لایەنەکانی داوە بۆ وێنە هەر لە 14ی سێپتەمبری 1963دا لەتوکیو کونوانسیۆنی پێوەندیدار بە تاوانەکان و بڕێک کردەوەی دیکە لەفرۆکەکاندا، (International Civil Aviation Organization (ICAO)) جەختکردنەوە لەسەر تاوان لە فرۆکەدا یان فرۆکەرفاندن وەکوو کارێکی تیرۆریستی ئەوە پیشان دەدات کە لەو وڵاتانەدا فرۆکە ڕفاندن کردەوەیەکە کە تیرۆریستان پتر هەوڵ دەدەن بەڕێوەی بەرن.

کونوانسیۆنێکی دیکە پێشگیری لەدەستبەسەرداگرتنی نایاسایی فڕۆکەیە (کونوانسیۆنی لاهە) (Convention For the Suppression Of Unlawful Seizare Aircraft) کونوانسیۆنی ناوبراو لە 16ی دیسامبری ساڵی 1970دا لە شاری لاهە واژۆ کرا.

کونوانسیۆنی دیکە پێشگیری لە کردەوەگەلی نایاسایی دژ بە هێمنایەتی فڕۆکەوانی نیشتمانی (کونوانسیۆنی مونتراڵ) (Convention for the suppression of unlawful Acts against the safety of civil Aviation) کونوانسیۆنی ناوبراو لە 23ی سێپتەمبری 1971دا لە مونتراڵ واژۆ کرا.

پرۆتوکولی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ کردەوەگەلی توندوتیژی نایاسایی لە فڕۆکەخانە ناسەربازییە نێونەتەوەییەکاندا، (protocol for the suppression of unlawful Acts of violenceat Airport serving International Civil Aviation) پرۆتوکولی ناوبراویش لە 24ی فورییەی 1988دا لە مونتراڵ واژۆ کراو پێوەندی هەبوو بە تەقینەوەو بۆمبدا نانەکانی فڕۆکەخانەکانی فرانکۆرت و توکیو لە ژوئەنی 1985داو هێرشە تیرۆریستەکان لە فڕۆکەخانەکانی ڕۆم و ڤیەن لە دیسامبری 1985دا.

کونوانسیۆنی نێونەتەوەیی بەرەوڕوو بوونەوەی بە بارمەتیگرتن (International Convention against the Taking of Hostages) ئەم کونوانسیۆنەش لە کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 17ی دێسامبری 1979دا دارێژراو بە پەسەند گەیشت. مەبەستەکەشی ڕوونە هاوکاری دژ بە تیرۆریستانی بارمەتەگر لەئاستی نێونەتەوەییدا. کونوانسیۆنی نیشان کردنی مەوادی تەقینەوەی پلاستیکی بە مەبەستی دەستنیشانکردنیان (Convetion on the Marking of plastic Explosives for thr purpose of Detection) کونوانسیۆنی ناوبراو لەلایەن ڕێکخراوی نێونەتەوەیی فڕۆکەوانی نیشتمانی، لەسەرەتای مارسی 1991دا دراێژرا.

کونوانسیۆنی ئورووپایی بەرەوڕوو بوونەوەی دژە تیرۆریزم (European Convention on the suppression of Terrorism) ئەم کونوانسیۆنە کە لە 27ی ژانوویەی 1977دا ئیسترابۆرگ دارێژراو واژۆ کرا، یەکێ لەکارەکانی بردنە دەرەوەی تاوانگەلی تایبەتی تیرۆریستی لەگوتەزای تاوانگەلی سیاسی بوو.

بەڵگەنامەیەکیتر کە دەکرێ ئاماژەی بدەین کونوانسیۆنی ناوچەیی ڕووبەڕوو بوونەوەی تیرۆریزمە کە لەچوارچێوەی یەکییەتی باشووری ئاسیا بۆ هاوکاریگەلی ناوچەیی دابین کراوە.

(South Asia Assocition for the Regional Cooperation) (SAARC) کونواسیۆنی ناوبراو لە چواری نوامبری ساڵی 1987دا لە کاتماندو واژۆ کرا.

ئەوانەی کە باسمان کردن ڕێگاو مکانیزم و کونوانسیۆن و ڕێککەوتننامەی دژە تیرۆریستی پەسەند کراوی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بوون، بەڵام دەبینین ساڵی 2005 لە شاری مادرید پێتەختی ئیسپانیادا کونفرانسێك

لەو پێوەندییەدا بەڕێوە چوو. لە کۆنفرانسی ناوبراودا کە لەمەڕ تیرۆرو تیرۆریزم کارێکی کەم وێنە بوو کوفی ئەنان سکرتێری ئەوکاتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە راگەیەندراوێکی 5 پێنج خاڵیدا رێکارەکانی بەرەڕوو بوونەوەی تیرۆریزمی بەم چەشنە ئاماژە پێکرد:

1ـ جودا کردنەوەو دابڕینی گرووپگەلی ناڕازی لە چالاکیگەلی تیرۆریستی"

2ـ قەدەغە کردنی ئەو چەشنە ئامراز کەرەستەو پێداویستیانەی کە یارمەتی هێرشی تیرۆریستی تیرۆریستەکان دەدات لەوان"

3ـ پێشگرتن لە پاڵپشتی دەوڵەتەکان لە تیرۆریزم"

4ـ پەرە پێدانی توانایی دەوڵەتەکان بۆ پێشگرتن لە تیرۆریزم"

5ـ بەرگریی و دفاع لە مافی مرۆڤ.

ئەو پێنج خاڵە لەو گرینگترین خاڵانەن کە لەمەڕ تیرۆریزم لەو کونوانسیۆنەدا ئاماژەیان پێکرا. لەوانەش خاڵی یەکەم لە هەمووان جیگای سەرنجترە. واتە جودا کردنەوەی بزوتنەوە ئازادیخوازییەکان لە گرووپ و لایەنی تیرۆرستی. بۆ ئەم مەبەستە لە وتارێکی تایبەتدا ئەو بابەتەمان خستۆتە بەرباس.

بەشێکی زۆر لە شارەزایانی بواری تیرۆریزم لەسەر ئەو بڕوایەن کە کێشەی زۆو بەرچاو لەسەر رێگای شەڕی دژە تیرۆردا جیاوازی یاساو کولتووری نەتەوەو دەوڵەتەکانە. بۆ وێنە کەس یان گرووپێك لە زۆربەی وڵاتاندا بە تیرۆریست ناسراون و لەلایەن یاساوە شوێنگری دەکرێن، بەڵام دەبینین کە وڵاتێك پەنایان دەدات و دەشیان پارێزێ و تەنانەت پەروەردەشیان دەکات. ئەمەش لانی زۆری هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پێناسەی روون و هەروەها یاسای روونی نێونەتەوەیی بۆ تیرۆریزم. لەم پێوەندییەدا "پترۆس پترۆس غالی" سەرۆکی پێشووی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئێژێ: "جیازاوی یاسایی ولاتانی جۆراوجۆر دەتوانێ ببێتە هۆی دانی بارودۆخی پەنابەری بە تیرۆرستیەکان لە بەشێك لە وڵاتەکانداو یان بەشێك لە وڵاتان بکاتە پەناگایەکی هێمن بۆ تیرۆریستان. بۆ وێنە کاتێ ولاتێ سزای ئیعدام بە ڕەوا دەزانێ و ولاتێکی دیکەی قەدەغەی دەکات، ئەم کارە دەتوانێ رادەست کردنی تیرریستەکان دژوارو تەنانەت مەحاڵ بکات و سەرنجدان بەو ئاسایەش یان دەسەڵاتی نەتەوەییش دەتوانێ ببێتە رێگر لە بەردەم هاوکاری زانیاریدا". بە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی یاساو کوانسیۆن و رێککەوتننامە پەسەند کرۆاوەکان دژ بە تیرۆریزم و کارکردەکانیان بەو ئاکامە دەگەین کە هەم ئەندامانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەم ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پراکتیزە کردنی سیاسەتە دژە تیرۆریستییەکاندا کەمتەرخەم بوون. کەوابوو پێویست بە بەستنی کونفرانسگەلێکی دیکە لە چەشنی کونفرانسی لیما، کونفرانسی وەزیران (پاریس)، کونفرنسی مادرید و... هەیە. دەبێ جاریکیتر بە سیستمی نێونەتەوەییدا بچنەوەو هاوئاهەنگی و هاودەنگییەکی جیهانی بۆ ئەو مەبەستە پێك بێنێن. بەشێکی زۆری یاسا پەسەند کراوەکان و بەشێکی زۆری کونوانسیۆنەکان تەنیا بە مەبەستی سزادان و سەرکوتی تیرۆریستان بوون. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە مەبەستی سەرەکی دەبێ کاری فینداسیۆنی و ریشەیی لەسەر ئەو بوارە بێ.

پێشگیری و شێك کردنی رەگ و ریشەکانی تیرۆرو تیرۆریزم پێویستی بە کولتوورسازی هەیەو پێویستی بە چاکسازی ریشەیی لە کۆمەڵگاکاندا هەیە، پێویستی بە پێداچوونەوەی کولتووری، ئابووری، سیاسی و سیستمی دەسەڵاتداری سیاسی، دابینکردنی دێموکراسی و ئازادی سنووردار و... هەیە. پێویست بە پێداچوونەوەو سەرلەنوێ داڕشتنەوەی سیستمی پەروەردە هەیە. واتە جێگرکردنی سیستمێکی سیکیولارو زانستی. بە سەرنجدان لەو باس و

لێکدانەوانەمانو بە سەرنجدان لە پەرەسەندنو مەترسیدارتر بوونی هەرچی زیاتری تیرۆریزمو لایەنەکانی دێنینە سەر ئەو بڕوایە کە دەبێ خۆمان ئامادە بکەین بۆ بەرەنگار بوونەوەی بەهێزتری تیرۆر، تیرۆریزمو پاڵپشتەکانیان.
تاکوو هەنوکەش زۆربەی وڵاتان بەپێ یاسا دەستکردنەکانی خۆیان رووبەرووی تیرۆریزم دەبنەوە، هەنوکەش رێککەوتنێکی گشتگیر لەمەڕ چۆنییەتی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم بوونی نیە. کە وابوو رێککەوتن لە سەر شێوازێکی گشتگیریان کۆمەڵە رێوشوێنێکی گشتگیر لە ئاستی نێونەتەوەییدا تەنیا رێگاچارەی رزگار بوونی جیهان لە چنگی تیرۆرو تیرۆریزمە.
****************************

# جیاوازی بزوتنەوەی ئازادیخوازیو تیروریزم

"تیروریزمو بزوتنەوە رزگاریخوازییە نەتەوەییەکان دوو مەسەلەی جیاوازن. شەڕی چەکدارانە یان پارتیزانی بۆ رزگاری نەتەوەیەك پەنا بردن بۆ تیروریزمی پێویست نیە. بە پێچەوانە من پێم وایە بزوتنەوە بەهێزەکان، ئەو بزوتنەوانەی بەرێگای دێموکراتیدا دەڕۆنو رێنوێنی دەکرێنو لایەنگری و پشتیوانی خەڵکیان لەگەڵە پێویستیان بە پەنا بردن بۆ تیرۆریزم نیە". وەڵامی "د.قاسملوو بە پرسیاری هەواڵنووسی رۆژنامەی فرەنساوی لیبراسیون، چاپی پاریس".
لەوەتەی چەمکی تیرۆریزم هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی سیاسییەوە، پێناسەکەرانی تیرۆرو تیرۆریزم، و پێوەری پێناسەکانیان بەرژەوەندییەکانیان بوون. ئەگەر وردە سەرەنجێك لەو چەمکە لە بیاڤی ئەدەبیاتی سیاسی دەسەڵاتە جوراوجورەکاندا بدەین دەسەلمێنرێ کە هیچکام لە پێناسەکان لە لایەك بۆ پێناسەیەکی گشتگیرو جیهانی نابنو لەلایەکیترەوە بە تەواوی بیرۆکەی داڕشتنەکەیان سەرکوتو خنکاندنی بزوتنە ئازادیخوازییەکان بووە. بە گشتی لە ئاستی جیهانی دا، تا تەقینەوەکانی مادرید لە ساڵی 2003دا هیچ چەشنە کۆدەنگییەیەك نەهاتبوە گۆڕێ و بە پێی پێناسەی "واڵتر لاکوئیور" لە "ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئیستراتیژیكو نێونەتەوەیی"لە ئەمریکا، تەنیا هاودەنگییەك کە لەم پێوەندییەدا بوونی هەیە ئەوەیە کە "تیرۆریزم لە خۆ گرتووی توندوتیژیو هەڕەشە بە توندو تیژییە".
بە پێی پلەبەندی دەتوانین بێژین هەر چەشنە هەڕەشەیەکی جودا لە شەڕی کلاسیك، (عەمەلیاتی پارتیزانی)لە لایەن دوژمنێکی دەرەکییەوە دژ بە بەرژەوەندییەکان، بە تایبەت پێکهاتەی نیزامی ئەمریکا لە هەر قوژبنێکی جیهاندا، خراوەتە خانەی تیرۆرو پێناسەکانی تیرۆریزمەوە. جێگای ئاماژە پێدانە کە تاکوو نیو دەیە پێش ئەوە سیاسەتی فەرمی دەوڵەتەکانی ئەو وڵاتە بوو. ئەوەش لە چوارچێوەی پێناسەی "سیاسەت یەکسانە بە بەرژەوەندی "دا شتێکی سەیرو سەمەرە نیە. لە چوارچێوەی ئەو پلەبەندییەدا هەر حیزب، گروپو لایەنێکی خەباتگێڕو شۆڕشگێڕی نەتەوەیی، کە دژ بە دەسەڵاتێکی ناڕەواو داسەپاوی حکوومەتێك هەستاونەتەوە، لە لایەن دەسەڵاتدارانی حکوومەتیەوە بەهاوکاری حکوومەتە هاوپەیمانەکانی دیکەی دیسان خراوەتە تیرۆریزمەوە. جێی ئاماژەپێدانە کە زۆ جار شەڕی پارتیزانیان بەسەر دا سەپاندوون، لەبەر ئەوەی بتوانن ئاسانتر بەرچەسپی تیرۆریستیان بەرسەردا بسەپێنن.

"بێرنت همینگر" لە ناوەندی سەربەخۆیی تویژینەوەی تیرۆریزم لە واشنگتۆن دا ئێژێ، "هەڵێنجانی هەر کەسە لە تیرۆریستێك‌وخەباتگێڕێکی ڕێگای ئازادی، لەگەڵ کەسێکیتر جیاوازە. ناوبراو لە درێژەدا ئێژێ، گەر ئێوە لە شەقامەکانی ئەمریکادا لە 10کەس لە قەومە جیاجیاکان لەمەر تیرۆریزم پرسیار بکەن 10وڵامی جیاواز دەبیسن". ئەوە ڕوانگەی تەنیا ئەمریکاییەکان نیە، بەڵکوو بە نەبوونی پێناسەیەکی گشتی جیهانی لەو چەمکە، ئەو چەشنە تێگەیشتنە لە تیرۆریزم بەردەوامە. بە بوونی کۆمەڵێ بەرژەوەندی جیاواز و زەبەلاح، کە هەرکام لەوانەش خاوەن پێناسەی تایبەت‌و هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندان، لەوانەش دەتوانین ئاماژەبە پێناسەی تیرۆریزم بکەین کەوابوو تاکوو هاتنە ئارای تێگەیشتن‌و پێناسەو بڕیارو یاسایەکی جیهان پەسەندی تیرۆریزم‌و دژە تیرۆریزم ئەو کێشەیە هەروەها لە جێی خۆیدایە.

لە ڕاستیدا تیرۆرو تیرۆریزم لە پێناسەو چەمکە مۆدێرنەکان‌و هاوکات لەگەڵ چەمکی نەتەوەخوازی‌و ناسیۆنالیزدا هاتۆتە ئاراوە. واتە پێش لەوەیکە باسی ناسیونالیزم‌و نەتەوەگەرایی بێتە گۆڕێ بەڵگە نیە کە چەمکی تیرۆریزم بەکار برابێ. واتە پاش شۆڕشی مەزنی فەرەنساو سەرهەڵدانگەلی بزوتنەوەی نەتەوە ژێر دەستەکان‌و خۆ پێناسە کردنیان لە ئورووپادا بوو کە دەسەڵاتداران کەوتنە هەوڵدان بۆ پێناسە کردنی تیرۆریزم‌و تاوانبار کردنی ئەو بزوتنەوانەو خەباتەکەیان بە کردەوەی تیرۆریستی.

هەر لەو سەردەمەدا کە بەشێك لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی کونگرەیەکیان بەست لەژێر ناوی کونگرەی "ویەندا"و لەو کونگرەیەدا بوو پیلان دارێژرا بۆ سەرکوتی هەرچەشنە بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی‌و سەربەخۆیی خوازی نەتەوەکان. نەتەوەکان‌و بزوتنەوە ڕەواکانیان بە تەواوی هێزەوە بەرەوڕووی دەسەڵات بوونەوەو چەندین بزوتنەوەی بەهێز لە وڵاتانی ئورووپادا پێیان نایە مەیدانی خەباتی نەتەوەایەتی کە لەوانە دەتوانین بزوتنەوەی "کاربونری(carbonairie) لە ئیتالیادا، بزوتنەوەی "بورشن شافت" (buschin shaft) یان ئەنجومەنی خوێندکارنی یەکیەتی خوازی ئاڵمانی لە زانکۆی "ئەیەنا" (Iena)، بزوتنەوەی خوێندکاریی "یوگ- ئێسلاو(youg- slave) بۆ سەربەخۆیی سێربستانی گەورە هاتنە مەیدان.

ئەو بزوتنەوانەش کە لەنێوەڕۆکدا ئاشتیخوازانەو مرۆڤدۆستانە بوون هەرکام بە چەشنێك لەلایەن دەسەڵاتدارانی حاکمی وڵاتە کانیانەوە بە تیرۆرو توندوتیژی تاوانبار دەکران

کلۆنیالیزم‌و بزوتنەوە ڕزگاریخوازییەکان

پێکدادانی نێوان حکوومەتە کۆلۆنیاییەکان‌و بزوتنەوە ڕزگاریخوازییەکان لەسەدەی نوزدەهەم بەردەوام بووە، بەڵام ئەو بزوتنەوانە لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمەوە بە چەشن‌و شێوازگەلی جۆراجۆر هاتنە ئاراوە. واتە بەکار هێنانی توندو تیژییەکی مۆدێرن‌و تکنیك‌و تاکتیکی جۆراجۆر خەباتی ئەو بزوتنەوانەی لەقۆناغەکانی پێشتر جودا کردبووەوە. بەشێك لەو بزوتنەوانە توانیان وڵاتەکانیان لەژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستەکان ڕزگار بکەن‌و دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆیان حاکم بکەنەوە. لانی زۆری ئەو بزوتنەوانە لەو قۆناغەدا بە تیرۆریست بوون تاوانبار کران‌و هەوڵی سەرکوت‌و لەناوبردنیان دەدرا. بەڵام بەشێکیان بە هێندێ هۆکاری نەتەوەیی، ناوچەیی‌و جیهانی بە نوێنەری نەتەوەکەیان دەناسران‌و وتووێژیان لەگەڵدا دەکرا. زۆرجار تەنانەت ئەوانەش دەکرانە قوربانی، واتەوتووێژ تەنیا ئامرازێك بوو بۆ خستنەداوو پاشان بە تەڵەیەکی سیاسی لەناو دەبران. نەبوونی سنوورێك لە نێوان شەڕی ئازدیخوازی بزووتنەوە نەتەوەییەکان‌و گروپ‌و لایەنە تیرۆریستی‌یەکاندا بۆتە هۆی ئەوەیکە لەلایەك گروپە تیرۆریستی‌یەکان هەروەها درێژە بە چالاکی خۆیان بدەن‌و لەلایەکیترەوە بزوتنەوە نەتەوەییەکان ببنە

قوربانی ئەو سیاسەتە ناڕوونەی بەناو دژە تیرۆریزم. بە پێناسەیەکی تر هاوبەرژەوەندی بوونی چەند وڵات یان پێکەوە سازانی چەند دەوڵەتو بە پێکهێنانی هێزێکی ناوچەیی توانیویانە بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانە کە بە چەشنێك پێوەندی بە بەرژەوەندی هەموویانەوە هەیە بکەنە قوربانی. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە خەباتی مێژوویی گەلی کوردو یەکیەتیو هاوپەیمانی تورکیە، ئێران، عێراقو سوریەو زۆر جاریش چەند هێزێکی جیهانی لە پشتی پەردەوە بکەین. لەم پێوەندییەش دا وڵاتانی زلهێز بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نا ئەمنیو فەزایەکی دژە ئاسایشی بەسەر جیهانو بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا حاکمەو هەنوکەش هۆکارەکەی بە بوونی ئەو بزوتنەوە رزگاریخوازانە دەدەنە قەڵەمو ئیستراتیژیەکانی سیاسەتی نێونەتەوەیی ئەو دەسەڵاتانە هەوڵی پێناسە کردنو داڕشتنی ئیستراتیژی ئاسایشی نێونەتەوەییەك دەدەن کە لە بازنەی ئەو ئیستراتیژییەش دا هەر بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی قوربانی دەکرێن. بەڵام لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییە بەرینەکانی جیهاندا وڵاتێکی هێژموونخواز وەکوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بەو قەناعەتە گەیشتوون کە ئیدی دەبێ چاویلکەی تێڕوانین لەو گۆڕانکارییانە بگۆڕنو سیاسەتێکی دیکە پێڕەو بکەن. ئەوان تێگەیشتوون کە کورد وەکوو نەتەوەیەکی خاوەن خەباتێکی دوورو درێژ بە چەندین قۆناغی ئەزموونی دا تێپەڕیوەو سەلماندویە کە تەنانەت لە چوارچێوەی سیاسەتی دەستکردی بە تیرۆریست ناساندنی بزوتنەوەکەیدا تواندنەوەو سەرکوت کردنی مەحاڵەو دەبێ ڕێکارێکی دیکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی ببیننەوەو بە ڕێگای دیالۆگو دیپلۆماتیك چارەسەری بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش خەباتێکی خوێناویو لە بڕان نەهاتوو لە باشووری کوردستانو قوربانی دانی نیو میلیونی لەنیو سەدەدا لەو پارچەیەی کوردستانو لە ئاکامدا پێکهاتنی کیانێکی دێموکراتیكو مودێڕن سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە. هەر بۆیە دەبینین کورد ئێستا هەم لە فەزای نێونەتەوەیی دا پێگەیەکی شیاوی وەدەست هێناوەو هەم یەکێ لە هاوپەیمانە گرینگەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەیەکی پڕ کێشەو قەیراناوی وەکوو عێرقدایە کە یەکەم سەنگەری تیرۆریزمە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا. بە لەبەرچاوە گرتنی ئەو ڕاستییە دەتوانین بێژین هێزی کوردو بزوتنەوە رزگاریخوازییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بەشێکن لە پێکهاتەی هاوپەیمانی شەڕی دژە تیرۆر لە ناوەندی پێکدادانی بەرەی تیرۆرو دژە تیرۆردا. جێی خۆیەتی کە ئاوڕێکیش لە سیاسەتی دەوڵەتانی دیکەی داگیرکەری کوردستانو سیاسەتەکانیان لەمەڕ بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردو هەروەها سیاسەتی بزوتنەوە رزگاریخوازییەکانی کوردو کاردانەوەیان لە هەمبەر ئەو سیاسەتانەدا بدەینەوە.

کێشەی کورد لە نێوان سێکوچکەیەکی شۆڤینیستی فارس، تورکو عەرە بدایە. ئەو سێ نەتەوە باڵادەستە خاوەن دەسەڵاتی حکوومەتینو هەر سێ خاوەنی هەموو فاکتەرەکانی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرو مەزنیخواز بوون. بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەردەوام چالاك بووە. هەرکام لەو دەسەڵاتە داگیرکەرانەی کوردستان بە نۆبەی خۆیان بۆ سەرکوتی بزوتنەوەی ڕەوای کورد لە ئامرازو ڕێکاری تیرۆیستی دا تێکەوتوون. ئەو سیاسەتە هەنوکەش بەردەوامە، واتە دەوڵەتی تورکیە هەر ئێستاش ئەو سیاسەتە پێڕەو دەکا. دیارە نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێتەوە کە تاكوتەرا یەك لە بزوتنەوە کوردییەکانیش هەڵەیان هەبووەو ئەو هەڵانەش هەڵەیەکی مێژووینو دوژمنیش بە ئاماژە بەو هەڵانە بەڵگە دێنێتەوە. بۆ گشتاندنی بزوتنەوەی کورد وەکوو دیاردەیەکی تیرۆریستی.

بەشێکی تر لە بزوتنەوەی کورد لەژێر تێخی کۆماری ئیسلامی ئێراندایە. کۆماری ئیسلامی ئێران قەت نەیتوانیوە چەمکی تیرۆریزم بۆ بزوتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا بەکار بێنێ. ئەوەش سێ هۆکاری سەرەکی هەیە کە

بریتین لە: 1- چەشنی خەباتی بزوتنەوەی کورد لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەوانە، پێکهاتەی ڕێکخراوەیی‌و سیاسی، نیزامی حیزبێك لە چەشنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە وەکوو نوێنگەی مۆدێڕن، ئازادیخواز، دێموکرات‌و ئاشتیخواز لە فەزای نێونەتەویی دا ناسراوە.2- لایەنی بەارمبەری بزوتنەوەی کورد کە کۆماری ئیسلامی ئێرانە، ئەو نیزامە خۆی هەر لە هاتنە سەرکار یەوە تاکوو ئێستا بەڕێوە بەری سیاسەتی تیرۆریستی بووەو بەبانکی جیهانی تیرۆریزم ناسراوەو کاراکتێرێکی سەرەکی تەوەری شەڕ لە ناوچەکەدایە. 3- لە هەردووی ئەوانەش گرینگتر ئەوەیە کە دوو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و چەندین ئەندامانی سەرکردایەتی‌و بە سەدان کادرو پێشمەرگەو ئەندام‌و لایەنگری ئەم حیزبە و ئەحزابی دیکەی کوردی لە ڕێگای ماشینی تیرۆری کۆماری ئیسلامییەوە تیرۆر کراون.

****

سیاسەتی دەوڵەتی عێراقیش لە سەردەمی بەعس دا بۆ کەس شاراوە نەبوو. لەژێر عینوانی "مخربین" دا بە هەموو ئامرازو کەرەستەکانی تیرۆرو تۆقاندن هەوڵی لەناوبردن‌و جینۆسایدی گەلێ کوردی لە باشووری کوردستان دەدا. حوکمی ڕێژیمی بەعس لە عێراق بۆ گەلی کورد مێژوویەکی خوێناوی و پڕ لە ترس‌و خۆف ودڕندەییە. حکوومەتی بەعسی لە سووریەش کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ بەعسی عێراقدا نەبووە. ئەوان ئیددیعای نەبوونی کوردیان لە سوریە دەکردو هەر چەشنە دەنگێکی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە وێدا سزای مەرگ بە ئامرازی تیرۆر بوو.

راستی ئەوەیە، کە ڕۆژانە گرووپ‌و لایەنێکی نوێ بە لیستی تیرۆرریزمی نێونەتەوەیی زیاد دەبن بە هەڵسەنگاندێك تێدەگەین کە گروپی مافیای‌و تیرۆریستی وەها لەو لیستەیە دان کەهیچ کات لەگەڵ بزوتنەوەی ئازادیخوازدا هەڵناسەنگێندرێن. واتە هاوتا دانانیان گەورەترین بێ حورمەتییە بە نوێنەرایەتی نەتەوە ژێر دەستەکان‌و بزوتنەوەی ئاشتی جیهانی. تێکەڵ کردنی بە ئەنقەستی خەباتی ڕەوای جووڵانەوە رزگاریخوازییەکان لەگەڵ تیرۆریزمداو گەشە کردنی ڕەوتی ئازادیخوازی و رزگاری نەتەوەیی لە جیهاندا، نیهادەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی هێنایە سەر ئەو بڕوایە کە دەبێ ئەو بابەتە بکەنە پرۆگرامی داهاتوویان. واتە لە ساڵی 1970دا پاش ڕوودانی چەندین ڕووداوی تیرۆریستی‌و گەلێك پێکدادان‌و خەبات‌و بەرخۆدانی نەتەوەیی، "کورت والدهایم" سکرتێری ئەو کاتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان خوازیاری بە دوادا چوونی ئەم بابەتە بوو، هەر بۆیە خێرا خرایە پرۆگرامی کاری کومیتەی شەشەمی کۆمەڵەی گشتی‌یەوە.

بەشێك لە وڵاتانی کۆلۆنی کە خۆیان ژێرڕدەستەی کۆلۆنیالیزم بوون لەو بڕوایەدا بوون کە بزوتنەوە رزگاریخوازییەکان نەتەنیا تیرۆریست نین، بەڵکوو کردەوەو خەباتەکەشیان کردەوە و خەباتێکی دژە تیرۆریستیە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دانیشتنێکدا جودا کردنەوەی ئەو دوو چەمکەی لە یەکتری بە "لەبەرچاوە گرتنی مافی مرۆڤ" دانا. هەر لەم پێوەندییەدا کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان پێداگری لەسەر رەوایی چالاکی بزوتنەوە رزگاریخوازییەکان کردەوەو خەبات دژ بە تیرۆریزم‌و جودا کردنەوەی ئەو دووەی لە یەکتری بە ئەرکێکی سەرەکی دانا.

هەر وەها ئەم کۆمەڵە تیرۆریزمی لەهەر شکڵ‌و شێوازێکی دا مەحکووم کردوە.(G.A.RES/49/60,ANEX(1994),9 DECEMBER). کاتێك ئەم بزوتنەوانە لە کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا کەوتنە بەرباس، ئەو ڕێکخراوە جەختی لەسەر رەوایی خەباتەکەیان کردەوەو هەر ئەوەش بووە هۆکارێك بۆ ئەوەیکە خەبات لە پێناوی ئازادیدا شێلگیرانەتر پێڕەو بکرێ. ماددەی 55ی

مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان بە روونی پێداگری لەسەر پێوەندی دۆستانەی نێوان نەتەوەکان و ڕێزگرتن لە بنەمای دەستنیشانکردنی چارەنووسی ئەوان و پەرەپێدانی لە جیهاندا دەکات، لەم پێوەندیەش دا دەتوانین ئاماژەبە مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان ) بکەین. مافناسانی نێو نەتەوەییش ئەم ئەسڵەیان بە یاسایەکی بڕیاری لە یاسای نێونەتەوەیی زانیوەوجاری واش هەبووە کە ئەو یاسایە لە لای یاساکانی پێشگیری لە داگیرکاری، کوشتاری بە کۆمەڵ، کویلەتی و هەڵاواردنی رەگەزی کردۆتەوە.

یەکێ لەو بڕیارە ئازادیخوازانەو ئاشتیخوازانانە کە لە مێژووی نوێدا لەمەڕ جیاوازی تیرۆریزم و بزوتنەوە نەتەوەییەکان دراوە ئەو راگەیاندنەیە کە ساڵی 1792 کۆمەڵەی گشتی فەرەنسا دەریکرد. لەو راگەیاندراوەدا ئەو کۆمەڵەیە پاڵپشتی لە هەموو ئەو گەلانە دەبڕی کە داوای ئازادی دەکەن و هەر لەوراگەیەندراوەدا ئامادەییان دەربڕی بۆ پارێزگاری لەو هاووڵاتیانەی کە رووبەڕووی ئازار دەبنەوە، لە ساڵی 1916 پرنسیپی گەلان لە بڕیاردانی چارەنووسیاندا، لە لایەن "ولسۆن" سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پشتگیری کرا، ئەو پرنسیپە یەکێك لەو پرنسیپانە بوو کەلە راگەیەندراوە 14 خاڵییەکەدا هاتو لە ساڵی 1918دا بە فەرمی راگەیەندرا( LONDON,1922), P.45.) لە درێژەی ئەم رەوتانەدا بزوتنەوە ئازادیخوازییە نەتەوەییەکان هێندێ دەسکەوتی گرینگیان وەدەست هێنا کە بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە دەسکەوتە مافناسییەکان لە چەشنی مافی بەشداری کردنی ئەو بزوتنەوانە لە ڕێکخراوو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا بکەین.

تیۆری "بەرگریی رەوا"ش یەك لەو رێکارانەیە کە رێگا بە بەرگریی لە بەرامبەر دوژمندا دەداو تەنانەت شەڕو لێدانیش پەسند دەکات. لە راستی دا پاش شەڕی جیهانی دووهەم چەندین جار لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکوو ئەسڵێکی بنەڕەتی جەختی لەسەر کراوەتەوە ( ماددەی 2ی بەندی 4ی مەنشوری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان )و تەنانەت بەڕای یەکێك لە مافناسان وەکوو پرنسیپێکی بڕیاری جەختی لەسەر کرایەوە.

بەڵام لە راستیدا رێبەرایەتی و بیرمەندانی شۆڕش و بزوتنەوە ئازادیخوازییە نەتەوەییەکان زۆر جار ئاماژەیان پێکردوە کە مافی مرۆڤـــ، یاساکانی مافی مرۆڤـــ، بڕیارنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ ئاوڕ لەو بڕیارو تیۆریانەی خۆیان بدەنەوەو هەڵە و کەم و کوڕییەکانیان چارەسەر بکەن.

لە راستیدا ئەوان بە پێی "رۆژئاوا"دا بەشێکی زۆر لە یاساو بڕیارنامەکانیان دەرکردوە یان بەشێکی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی چەند لایەنی زلهێزە، چوونکی، نوێنەرانی نەتەوە بەشخوراوەکان و بزوتنەوە ئازادیخوازانەکانیان لە وێدا بەشدار نەبوون، هەر بۆیە دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ، وڵاتانی جیهانی سێهەم، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ وێنە داگیرکەرانی کوردستان، لەوانە کۆماری ئیسلامی، تورکیە، سوریەو عێراقی پێشوو کام بڕیارنامەو یاسای نەتەوە یەکگرتووەکانیان جێبەجێ کردوە؟، دەوڵەتێ وەکوو کۆماری ئیسلامی ئێران هەر بە هاتنە سەرکاری، ئاڵای تیرۆریزمی لەسەر باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان هەڵکرد، تائێستاش بە گەورەترین پاڵنەری تیرۆریزم لە جیهاندا ناسراوە، یان سوریە کە ئەندامی تەوەری شەیتانییەو تورکیە کە بەناوی حکوومەتی عەلمانیەوە تاکوو ئێستاش هەزاران گوندو شارۆچکەی کوردستانی سووتاندوەو بە دەیان هەزار کەسی لەناو بردوەیان عێراقی پێشووی بەعسی کە جینایەتەکانی دژ بە کورد جێگای شەرمن بۆ جیهان و دەسەڵاتدارانی رۆژئاوایی، کەوابوو دەبێ بە چ شێوازێك لە بەرامبەر دەڕەندەییاندا خۆ بپارێزین؟و کۆمەڵگای جیهانی کام رێگای شیاوو جێگای پەسەندی خستۆتە بەردەم بزووتنەوە رزگاریخوازییە نەتەوەییەکان و دەیان پرسیاری دیکە؟؟؟

**************************

# "ماده هۆشبەرەکان مەرگی هێدی هێدی کۆمەڵگا"

**گیرۆدە بوون بە مادەهۆشبەرەکانەوە مەرگی هێدی هێدی کۆمەڵگایە.**

جێی ئاماژەپێدانە کە تیرۆرو تیرۆریزم گوتەزایەکی بەربڵاون و بەهۆی ئەو تایبە تمەندییەشەوە رەهەندو لایەنی جودا جودا لەخۆ دەگرێ. هێندێ رەهەندو لایەنی ئەم گوتەزایە بوونیان هەیە کە دەتوانین بە لایەنی پشتی پەردە یان ژێرزەوینی تیرۆریزمیان دابنێین. ئەو رەهەندو لایەنانە زۆر لە تیرۆریزمی بۆمب تەقاندنەوە، تیرۆری سیاسی، تیرۆری کۆمەڵایەتی و... مەترسیدارترە. یەك لەو لایەنە پرخەسارو زیانانەی تیرۆریزم تیرۆریزمی مادە هۆشبەرەکانە. چەشنێك لە تیرۆریزم کە دەتوانێ ئامانجێکی روخێنەری ستراتژیك لەخۆ بگرێ. ئامانجێك لە چەشنی لێدانی بن و بنەچەکانی کۆمەڵگا، شێواندنی کولتووره بایەخدارەکان و جێگیر کردنی دژەبایەخەکان. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵمانداوە بە توێژینەوەیەکی زانستی لە سەر مادەهۆشبەرەکان، رەهەندە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی، هۆکارەکانی گیرۆدەبوون بەو مادانەوە، چۆنییەتی پێشگرتن لە گیرۆدەبوونی لاوان و مێرمندالآن بەو مادانەوە کە هەستیارترین توێژی کۆمەڵگان و بە گشتی چۆنییەتی خەبات و بەرەڕووبوونەوەیان بخەینە بەردیدی خوێنەران.

**پێشەکی:**

گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکانەوە دیاردەیەکی نوێ نیە، بەڵکوو پێشینەیەکی ئەفسانەیی و مێژوویی دوورو درێژی هەیە کە خۆ لە10هەزار ساڵ دەدات. واتە مرۆڤ گیای خەشخاشی لە هەزاران ساڵ پێشەوە ناسیوە. لە توێژینەوەو لێکۆڵینەوە فەرمی و نافەرمییەکانیشدا دەرکەوتوە کە لانیکەم لە 8 هەزار ساڵ پێشەوە لە مەوادی ئێفیونی و مۆرفیندار بۆ هێور کردنەوەی ئێش و ئازار کەڵك وەرگیراوە. لە نێو ئەو مادە مۆرفیندارانەدا "تریاك" مادەیەکە کە زیاترین رادەی گیرۆدە بوونی لە کۆمەڵگادا بە جێ هێشتوە. لە لایەك بە مەبەستی دەرمانی، بە نواندنی پزیشکی و بە تێکەڵ کردنیان لە گەڵ هێندێ مادەی دیکەدا، لە لایەکی دیکەوە بە مەبەستی سەرخۆشی و رابواردن کەڵکی لێ وەرگیراوە. مێژووی بەکارهێنانی دەرمانی و رابواردنیی تریاك و مادە مۆرفیندارەکانی دیکە بە روونی دەستنیشان نەکراوەو ناکرێ. جێگای تێڕامانە کە لە کتێبی ئاوێستادا ئاماژە بە گیای (کانابیز) کراوە کە هاوچەشنی تریاك بوەو پێڕەوانی ئایینی زەردەشت بە مەبەستی هێور کردنەوەی کاتیی ئێش و ئازار کەڵکیان لێ وەرگرتوە.

بەڵام تەوەری باسەکەی ئێمە تیرۆریزمی مادە هۆشبەرەکانە. ئەگەر سەرنج بدەینە مادە هۆشبەرەکان، شێوەی بەرهەم هاتنیان، چۆنییەتی بازرگانی پێکردنیان و کاریگەرییەکانیان لە سەر کۆمەڵگا، بەو ئاگامە دەگەین کە دەبێ لە هەمبەر ئەو قەیرانە تۆقێنەرە هەست بە مەترسییەکی جیددی بکەین و بە خێرایی هەوڵ بدەین بۆ دۆزینەوەی ئەنتیبیەکانی. مێژووی بوون و بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان بۆ رابردوویەکی کۆن دەگەڕێتەوە، رابردوویەك بە قەد تەمەنی مرۆڤایەتی، بەڵام پاش بەکارهێنانی وەکوو کەرەستەیەکی تیرۆر لە لایەن کۆلۆنیالیزمەوە لە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتیاندا وەکوو هێندوستان، چین، ئەفغانستان، وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و بە گشتی وڵاتانی کۆلۆنیال لێدراو، بوو بە دێوەزمەیەکی سامناك و رەگ و بنەچەی ئەو وڵاتانەی بۆ ماوەیەکی درێژ خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، بە جۆرێك کە ئێستاش پاش تێپەڕبوونی ساڵانێکی دوور ئاسەوارەکانی هەروا دەبینرێ. تا ساڵەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم وڵاتی چین 6 شەش میلیۆن گیرۆدەی هەبوو، رێژەی گیرۆدەبوان لە وڵاتی هێندوستانیش چەندقات پتر لە چین بوو، ئەفغانستانیش کە گەورەترین بەرهەمهێنەری ئەو جۆرە مەوادیە.

پێویست ناکا زۆر بگەڕێتەوە بۆ مێژووی کۆنی چاندن و بەکارهێنانی ئەو مادانە، چونکی باسێکی کورت مەجالی ئەو هەموو بابەتەی نیە. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە پاش شەڕی جیهانی یەکەم و دووهەم یەکێك لە چەکە بەهێزەکانی دەستی تیرۆریزم بەگشتی بوە. ئەوە بەو مانایە نیە کە لە نێوان ئەو شەڕانەدا یا پێشتر لەلایەن گرووپ و لایەنەکانی دیکەوە بەکار نەهێنراوە، بەڵکوو مەبەستی ئێمە پەرەسەندنی کەڵکوەرگرتن لە تیرۆریزمی مادەهۆشبەرەکان وەك فاکتەرو ئامرازێکی بەهێزی تیرۆریستییە. لە نێوان شەڕە جیهانییەکاندا لەلایەن هێندێك گرووپ و لایەنی دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتییەوە وەك سەرچاوەیەکی دارایی کەڵکی لێ وەرگیراو لە لایەن هێندێك گرووپ و لایەنیشەوە جیا لە سەرچاوەی دارایی وەك کەرەستەیەك بۆ لەناوبردن و ناکارا کردنی نەیارو رەقیبەکانیان بەکار دەهێنرا. ئەوەی کە لەم باسەدا گرینگە وڵامی ئەم چەند پرسیارەیە: مادە هۆشبەرەکان چین؟ چون وەکوو ئامرازێکی تیرۆریستی کەڵکی لێ وەرگیراوە؟ وڵاتانی بەرهەمهێنەری ئەو مادانە کامانەن؟ رێگای ترانزیتیان لە کوێوەیە؟ جۆرەکانی ئەو مادانە چین؟ کاریگەرییان لە سەر مرۆڤەکان چۆنە؟و دەبێ بەچ رێکارو مکانیزمێك بەرەنگاریان ببینەوە؟

پاش کۆتایی دوو شەڕی جیهانی و پێکهاتنی هاوسەنگی خۆف (توازن و وحشت)و دابەشبوونی بە سەر جیهانی دوو جەمسەریی، واتە بلۆکی سۆسیالیزم بە سەرکردایەتی یەکییەتی سۆڤێیەت و بلۆکی کاپیتالیزم بە سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، تیرۆر وەکوو میکانیزمێك بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەرو بەهێزێکی چاوەڕاواننەکراوەوە پەرەی سەند. بۆ ناساندنی باشتری مادە هۆشبەرەکان هەوڵ دەدەین وێنەیەك لە گیرودەیەکی ئەو مادانەتان بۆ بکێشینەوە. مادە هۆشبەرەکان ئەو مادە سێحراویانەن کە مرۆڤێك بەرهەم دێنن بە سەرو پرچێکی ئاڵۆزاو، ترسناك و دووکەڵاوی و چڵکن، دەموچاو رێشێکی لیکاوی و ڤیزەوەن و هەزار رەنگ و لکاو، دەم و ددانێکی زەردو ژەنگاوی، دەنگ و نەفەسێکی نەخۆش و کۆخاوی، سەرو سیماو رەنگێکی مردوو، جەستەیەکی داتەپاوو تێکشکاوو رۆحێکی بە تەواوی نابوودو وەرگەڕاو، ترسەنۆك و بێهەڵوێست و....، مادەهۆشبەرەکان رۆژانە هەزاران لاوی کوڕو کچ، ژن و پیاو تەنانەت مێرمنداڵ لە قوڕاوی خۆیاندا غەرق دەکەن. ئەو مادانە ساڵانە 150 میلیارد دۆلار لە جیهاندا دەکەنە ژارێکی کوشندەو خەڵاتی مەرگ و لەناو کۆمەڵگاکاندا بڵاوی دەکەنەوە. بە کۆتایی هاتنی شەڕی ساردو لە ناوچوونی قۆناغی دوو جەمسەری جیهان، کەشی ئەمنییەتی جیهان گۆڕاو چەکی کوشەندەی مادە هۆشبەرەکان وەکوو لایەنی ئیستراتیژیکی تیرۆریزمی ئەو مەوادە جێگای بە جۆرەکانی دیکەی تیرۆریزم لێژ کرد.

هەر چەند ئەو لایەنەی تیرۆریزم لە بەشێك لە وڵاتاندا تاکوو ئێستاش هەستی پێنەکراوە، بەڵام وەکوو قەیرانێکی جیهانگیر بە رەگ و ریشەی کۆمەڵگاکاندا رۆچووەو وەك کێشەیەکی جیددی سەیر دەکرێ. هەر بۆیە لە ئاستی جیهاندا (UNODC) دایرەی خەباتی نێونەتەوەیی دژبە مادە هۆشبەرەکان سەر بە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان پێکهات. دایرەی ناوبراو لەم بوارەدا رۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوەو چەندین دایرەی دیکەی لە جیهاندا بۆ خەبات دژی مادە هۆشبەرەکان پێك هێناوە. بە گشتی ئەو مادانە لە سێ وڵاتی ئەفغانستان، میانمارو لائۆس دا بەرهەم دێن، واتە بە پێی ئەو راپۆرتانەی (UNODC) بڵاوی کردوونەتەوە، 90٪ی خەشخاشی جیهان لە سێ وڵاتی ناوبراودا بەرهەم دێن و لەو سێ وڵاتەشدا ئەفغانستان سەرەکیترین بەرهەمهێنەری ئەو مادانەیە. هەر بە پێی راپۆرتی دایرەی ناوبراو 78٪ی تریاکی جیهان لە ئەفغانستان بەرهەم دێ. ئەو راپۆرتە ئاماژە بەوە دەکا کە پتر لە 3 میلیارد دۆلار داهاتی ساڵانەی تریاکە لەو وڵاتانەدا. جێگای سەرسوڕمانە کە بە هەبوونی هێزی هاوپەیمانان و هێزەکانی بریتانیا وەك پارێزەری فەرمی، هێشتا پتر لە 1300 کیلومیتری چوارگۆشەی خاکی

ئەفغانستان خەشخاشی تێدا دەچێندرێ‌و پتر لە 3 میلیۆن وەرزێر لەگەڵ بنەماڵەکانیاندا خەریکی بەرهەمهێنانی ئەو مادانەن. واتە ئەوانە جگە لە چاندنی خەشخاش بیر لە هیچیتر ناکەنەوە.

سیاسەتوانانی جیهان بەو ئاکامە گەیشتوون کە بوونی مادەهۆشبەرەکان سەرەکەترین فاکتەری مەترسییە دژ بە ئاسایشی کۆمەڵگای جیهانی‌و بۆ بەرەنگار بوونەوەشی پێویست بە خەبات‌و بەرەنگاربوونەوەیەکی جیهانی دژ بە مادە هۆشبەرەکان هەیە. جێگای ئاماژە پێدانە کە ئەگەرچی شوێنی سەرەکی بەرهەم هێنانی مادەهۆشبەرەکان ئاسیاو وڵاتانی ئاسیاییە بەڵام بەشێکی زۆر لەو مەوادە دەبرێتە بازاڕەکانی ئۆروپاو ئەمەریکاو لە لایەن خەڵکی ئەو وڵاتانەوە بەکاردەهێنرێ. هەربۆیە جێگای خۆیەتی ئاماژەی پێ بکەین کە لەو وڵاتانەدا ئاسەوارەکانی تیرۆری مادەهۆشبەرەکان پتر لە هەموان لە سەر وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا دیارکەوتوەو شەڕی مەوادی هۆشبەریش لەو وڵاتەدا شەڕێکی گەورەو بەهێز بوە.

شەڕێك بە وێنەی شەڕی "کۆخ" کە ئەرتەشی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سەردەمی سەرۆك کۆماری رەیگاندا هێرشی راستەوخۆی هەوایی، دەریایی‌و زەوینی کرد بۆ سەر کۆڵەمبیاو بولیوی‌و پێرۆ. ئەم هێرشە کە گەورەترین شەڕی دژ بە مادە هۆشبەرەکان لە جیهاندا بوو لە ناوچەی کارائیب لە هەرێمی لۆس ئانجلس دا بوو کە لە هێزی زرهی‌و 150 فڕۆکەو هێلیکۆپتەر کەڵك وەرگێرابوو، و دەکرێ بڵێین سەرەتای پێکهاتنی بیرۆکەی روو بە ڕوو بوونەوەیەکی جیهانی لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان هاتە ئاراوە. بۆ وێنە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ لەسەرکار لادانی دەسەڵاتە دژبەرەکانی خۆی لە گرووپ‌و لایەن‌و رایلکەی قاچاخی مادەهۆشبەرەکان‌و چەك‌و چۆڵ کەڵکی وەردەگرت. بۆ وێنە لە سەردەمی سەرۆك کۆماری رۆناڵد رەیگاندا دوو رووداوی بەرچاو روویاندا کە بریتی بوون لە:

1_"شەڕی مادەهۆشبەرەکان " لە خودی وڵاتەیەکگرتوەکاندا"

2_شەڕی ئەو مەوادە لە ئەمەریکای ناوەندی‌دا کە مەبەستەکەی لەناوبردنی حکومەتی ساندینیستەکانی(Sandinista) نیکاراگوئە بە دەستی گرووپگەلی چەکداری ناسراو بە کۆنتراکان(Kontras) بوو. لە ئەمەریکادا سەردەمانی رۆناڵد رەیگان، سەردەمانی زێڕینی خەبات دژبە مادەهۆشبەرەکان بوو، و هەوڵ درا ئەو مەوادە چاندنەکەیان ریشەکێش بکرێ‌و بەگشتی کڕین‌و فرۆش‌و بازرگانی وردو بەربڵاویان قەدەغە بکرێ.

بەڵام زۆر جاریش هەر پێش رۆناڵد رەیگان خەرج‌و ئیمکاناتی کۆنتراکان لە رێگای کڕین‌و فرۆشتن‌و قاچاخی مادەهۆشبەرەکانەوە دابین دەکرا کە بریتی بوون لە:

1_ پارەیەك کە راستەوخۆ لە رێگای قاچاخی مەوادی هۆشبەرەوەو لە لایەن قاچاخچییەکانی ئەو مادانەوە بە دەستی کۆنتراکان دەگەیشت"

2_"پلانی چەك‌و چۆڵ لە بەرامبەر مادەهۆشبەرەکاندا" کە کارتلەکانی کۆکائین تێیدا دەستیان هەبوو"

3_قاچاخچییەتی راستەوخۆی مادە هۆشبەرەکان.

واتە بەگشتی مەبەستی زۆربەی عەمەلیاتەکانی کۆنتراکان (قاچاخچییەتی مادەهۆشبەرەکان لە بەرامبەر چەك‌وچۆڵدا) بوو. سەرچاوەی زۆربەی ئەو مەوادەش کە قاچاخ دەکرا مەزرای کەسێك بەناوی جان هۆل Johan) (Hull لە باکووری کاستاریکادا بوو کە لە ساڵانی 1984،1985 دا مانگانە 10000دە هەزار دۆلاری لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی وەردەگرت.

لە راستیدا قاچاخچییەتی مادە هۆشبەرەکان (بەتایبەت کۆکائین بەشێکی سەرەکی لە ستراتژی ئەوان بوو بە مەبەستی لەناوبردنی دەوڵەتی نیکاراگوئە لە رێگای کردەوەگەلی توندوتیژانەوە. ئەو راستییانە زۆرجار لە زاری

بەرپرسانی ئەمنی وڵاتەیەکگرتوەکانەوە دەردەکەوت. بۆ وێنە کاتی خۆی سەرۆکی دایرەی خەبات دژبە مادەهۆشبەرەکانی ئەمەریکا لە سان خوزە(San Jose)دا وتی:"کاستاریکادا بە رۆژنامەوانانی وت:"ئێمە راپۆرتگەلێکمان لەبەردەستدایە کە نیشان دەدا بڕێك لە گرووپەکان بە بیانوی هەناردنی چەکەوە بۆ شۆڕشییەکانی کۆنتراکان خەریکی قاچاخی مادەی هۆشبەرن بۆ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا. (Tico Tunes, Mary 31, 1985). هەروەها لە مانگی مەی 1986 دا شەبەکەی هەواڵدەریی ABC راپۆرتی دا کە پشکێنەرانی کۆمیتەی فەرعی پێوەندییەکانی دەرەوەی سنا بەڵگەگەلێکی دیتوەتەوە کە پێشان دەدا "کۆنتراکان بارگەلی قاچاخ لە پاپۆڕگەلی بازرگانی مەیگودا لە ئەمەریکای ناوەندییەوە بۆ مەیامی ناردوە."

لە راستیدا تیرۆریزمی مادەهۆشبەرەکان هێمنیو ئاسایشی وڵاتەیەکگرتوەکانو وڵاتانی دەوروبەری بە تەواوی بردبوە ژێرپرسیار. قاچاخچییەکانو باندو گرووپەکانی قاچاخچی ئەم مەوادە تەنانەت زۆرجار بەرەوڕووی دەوڵەتیش دەبوونەوە. هەڕەشەیان لە تەواوی ئەو کەسانە دەکرد کە بە چەشنێك لەگەڵ شەڕی مەوادی هۆشبەردا لە پێوەندیدان. بۆ وێنە قاچاخچییەکانی ئەو مەوادە لە ساڵی 1981ەوە پتر لە 200 دوسەد قازیو کارگێڕی دادگایان کوشتوەو لە رابردوودا چەندین پاڵێوراوی سەرۆك کۆمارییان تیرۆر کردوە. بەگشتی هەر کەس دژبە ئەوان بێژێ، بنووسێ، لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بکات دەکەوێتە بەر هەڕەشەی کوژرانو تیرۆر کرانەوە. هەروەها لە فێوریەی 1986 دا جەك بلوم(Jack Blum) راوێژکاری سەرەکی کومیتەی فەرعی پێوەندییەکانی دەرەوەی سنا کە لەمەڕ عەمەلیاتی چەکدارکردنی سەرلەنوێی کۆنتراکان لێکۆڵینەوەی دەکرد وتی:" لە سەر بنەمای شتگەلێك کە بیستومانە بڕوامان وایە کە هیچ گومانێکی تێدا نیە کە کۆنتراکانو رێکخستنە پێوەندیدارەکان بەوانەوە لە بازرگانی کۆکائینو هێنانی بۆ فلۆریدادا دەستیان هەبوە." ئەو کۆنترایانە زۆرجار تیرۆرە نێوخۆییەکانیان بە کرێ بەڕێوە دەبردو زۆرجاریش بە مەبەستی سەرکوت کردنی نەیارانو دوژمنانیان ئەو کارانەیان دەکرد. دەبینین لە وڵاتێك وەکوو ئەمەریکادا تیرۆریزمی نێوخۆیی لەشارەکاندا بە رێبەریی گرووپگەلی جامایکاییو کۆلەمبیاییو باندە مەزنیخوازەکانی لۆس ئانجلس لە چەشنی کریپس(Crips)و بلادز (Bloods) ەوە بەڕێوە دەچوو. ئەم چەشنە لە تیرۆریزم لە دەهەی 70و80 دا گەیشتە لوتکەی خۆیو لە وڵاتانی ئۆروپاییو بەتایبەت ئەمەریکاییدا کەوتە سەرەوەی چەشنەکانی خشتەی تیرۆرەوە. لە وڵاتێك وەکوو کۆلەمبیادا دەسەڵاتی باندو گرووپەکانی قاچاخی مەوادی هۆشبەر حاکمییەتی دەوڵەتیان بە تەواوی لەمەترسی خستبوو.

بە بڵاوبوونەوەی ئەو باندانەو بە هێزگرتنیان لە ئاستی جیهانیدا تۆڕێکی بەربڵاو و گەورەی مەوادی هۆشبەریان پێکهێنا کە دەتوانین بە ئیمپراتوری مەوادی هۆشبەر نێوی بەرین. بە پێی راپۆرتی (UNODC) لە ساڵی 2004دا رێژەی بەکارهێنەرانی مادە هۆشبەرەکان لە جیهاندا پتر لە 200 میلیۆن کەس بووس کە دەکاتە 3 لە سەدی حەشیمەتی جیهان کە 74٪ لە سەدی تەمەنی لە نێوان 15 تا 65 ساڵەکان پێك دێنن. بە پێی بەراوردو توێژینەوەکان بەرهەمەکانی گیای شادانە بەتایبەت ماریجوانا لە رێژەی گشتیترین مادەی بەکارهاتووی جیهاندایە، مادە وروژێنەرەکان وەکوو ئافتامینەکان، مێتائافتامینەکانو ئێکستاسی بە 30 میلیۆن بەکارهێنەر لە پلەی دووهەمو مادە ئیفیونییەکان وەکوو هێرۆئین، تریاكو مۆرفین بە 15 میلیۆن بە کارهێنەر لە پلەی سێهەم، کۆکائین بە 13 میلیۆن بەکارهێنەر لە پلەی چوارەم دان.

بە هیممەتی کۆمەڵگای جیهانی، وڵاتانی لائۆسو میانمار بەو قەناعەتە گەیشتوون کە دەبێ پێش بە بەرهەمهێنانی ئەو مادانە بە قەرەبوو کردنەوەی بە شێوازێکی دیکە لە وڵاتەکانیاندا بگیردرێ. کەوابوو ئەو ئاکامە

دەگەین کە داهاتووی مادەهۆشبەرەکان لە جیهاندا ئێستا بەستراوەتەوە بە بەرهەمهێنان یان نەهێنانی ئەو مادانەوە لە ئەفغانستاندا. زانیارییەکان نیشان دەدەن لەم چەند ساڵەی داگیرکرانی ئەفغانستاندا بەرهەمهێنانی ئەو مادانە نە تەنیا کەمی نەکردوە بەڵکوو لە هەوڵیشدا بوون کە جیگای ئەو دوو ولاتەشی پێ پڕ بکەنەوە، هەر بۆیە بە پێ سەرژمێری بەرهەمهێنانی ئەو مادانە 8٪ لە سەد زیادی کردوە، هەر بە پێی زانیارییەکانی رێکخراوی (UNODC) هەر ساڵە لە جیهاندا 4800 تۆن تریاك بەرهەم دێت کە 3600 تۆنی لە ئەفغانستاندایەو بەو رەوتە کە لە پێشدایە چاوەڕوان دەکرێ کە بەرهەمی ئەو مادەیە لە ساڵانی داهاتوودا خۆی لە پتر لە 5000 تۆن لە جیهاندا بدات. بە پێی را پۆرتو هەواڵگەلێك کە لە لایەن رێکخراوە جیهانییەکانەوە دراوە 90٪ی مەوادی ئیفیۆنی ئۆروپا لە ئەفغانستان بەرهەم دێو رێگای ترانزیتیشی ناوچەی باڵکانە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئێستاش هێزی پارێزەی ئاشتی ناتۆ لەو ناچەیە دایە. ئەو رێگایە هێشتا وەکوو گشتیترین رێگای ترانزیتی هێرۆئینە لە ئەفغانستانەوە بۆ ئورووپا. جێ ئاماژە پێکردنە کە زۆربەی بارە ترانزیتییەکانی ئاسیای ناوەندی، هێرۆئین پێکی دێنێ. لە هەموو گرینگتر بە هۆی هەڵکەوتی جوگرافیای و حاکم بوونی سیستمێکی فیندەمنتاڵی ئیسلامی لە ئێراندا سەرەکی ترین رێگای ترانزیتی مادە هۆشبەرەکان بەرەو ولاتانی دیکەیەو خۆیشی وەك یەکێ لە پڕ بەکارهێنەرترین ولاتان بە حیساب دێ کە ئێستا پلەی یەکەمی لە جیهاندا هەیە. زۆرترین رێژەی مادەکانیش تریاك هێرۆئین و مورفینن. لە لایەکی دیکەوە باندو گرووپە مافیاییەکان وەکوو کەرەستەیەکی پڕ داهاتی ئابووری و بازرگانی کەڵکی لێوەر دەگرن بەڵام لە هەمانکاتیشدا باند، گرووپ، رایەڵکە، حیزب، و دەوڵەت و لایەنە تیرۆریستییەکانی دیکەش هەم وەکوو سەرچاوەیەکی ئابووری بەهێز، هەم وەکوو چەکێکی کوشەندە دژ بە کۆمەڵگاکان بەکاری دەبێنن، بۆ وێنە سوریا بۆ یارمەتی گرووپە تیرۆریستییەکان لە دۆڵی بیقاعدا خەشخاشیان دەچاند. لە ئەفغانستانی پێش 11ی سێپتەمبر بەهێزترین سەرچاوەی دارایی تاڵەبان و القاعدە بەرهەمهێنان و ترانزیت و قاچاخی ئەو مادانە بوو. سەردەمی کۆلۆنیالیزم، بەریتانیا لە چیندا بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ تێکشکاندنی بەرخۆدانی خەڵکی خەباتکاری ئەو ولاتە و بۆ تێکدانی کولتووری جوان و خاوێنی چینی کەڵکی لێ وەردەگرت و زەبرێکی وەها کاریگەری لە بناخەی کۆمەڵگای چین دابوو کە ئێستاش کاریگەرییەکانی هەر ماون.

هەڵسەنگاندنە ئامارییەکان نیشان دەدەن کە کۆمەڵگای جیهانی تێکڕا بە دەست ئەو کێشەیەوە دەناڵێنێ. لەڕاستیدا دەسەڵاتدارانی ولاتان گەر بیانهەوێ دەتوانن ئەو کێشەیە لە ئاستی جیهانیدا چارەسەر بکەن. بە پێ توێژینەوەگەلێکی مەیدانی کە لە لایەن لێکۆڵەرانی ئەو بوارەوە کراوە، زۆرترین رادەی تریاك یان مەوادی ئێفیوندارو مەوادی سەرەتایی مادەهۆشبەرەکان لە چەند خاڵێ لە جیهاندا بەرهەم دێ کە ولاتی ئێمە کوردستان لە بواری جوگرافیایی و ژیۆپۆلیتیکییەوە لە سەر رێگای لانی زۆری ترانزیتی ئەو مادانەدا هەڵکەوتووە.

بە پێ ئامارێك کە لە دەست دایە پتر لە 80٪ی تریاکی جیهان هەنوکەش لە ولاتی ئەفغانستان بەرهەم دێ، هەربۆیە بۆ ئەو کەسانەی کە نەختێ شارەزاییان لەم بوارەدا هەیە، بە هاتنی نێوی ئەفغانستان خێرا بەرهەمهێنانی تریاك و مادە هۆشبەرەکانی دیکە و ترانزیت و بازرگانیان دێتە بەرزەێنیان. بە پێ لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی 2003، نزیك بە 90٪ی کشتوکاڵی خەشخاش لە جیهاندا لە سێ ولاتی ئەفغانستان، لائوس و میانمار، واتە "سێگۆشەی زێڕین" دا بوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە کۆمەڵگای جیهانی یارمەتی ئەو سێ ولاتەی داوە کە لە بیاڤگەلی دیکەدا سەرمایە وەگەڕ بخەن و بەرهەمی دیکە جێگۆڕ بکەن. ئەو مەوادە بەشێکی لە رێگای یاساییەوە بۆ کاری دەرمانسازی و پزیشکی و کاری تاقیگەیی، ترانزیت دەکرێ، بەڵام لانی زۆری ئەو مەوادە دەمێنێتەوەو دەبێ بکاتە

دەستی سەدها میلیۆن گیرۆدە لە جیهاندا. بەشێك لەو مەوادە بەرهەم هێنراوە لە ڕێگای هێندوستانەوە دەگاتەوە وڵاتانی باشوورو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو یان ڕاست لە ڕێگای باشووری پاکستانەوە دەگاتە دەریای عەرەبو ئاوە ئازادەکان. بەشێکی زۆری لە هیندوستان بەکار دەهێنرێ، واتە بە پێ ئاماری ڕێکخراوی بنکەی تەندرووستی جیهانی(WHO)70 میلیۆن کەس لەو وڵاتەدا گیرۆدەن کە لانی زۆری ئەو گیرۆدانە لە شارو شارۆچکەکاندان. دایرەی (UNODC) ئەڵێ لە هەر پێنج پیاوێك کە چوونەتە ناوەندەکانی تەرکی گیرۆدەیی یەك کەسیان هاوسەرەکەی گیرۆدەیە. یەکێکی دیکە لە ڕێگاکان تەوەری ترانزیتی تورکمەنستان ـ دەریای خەزەر ـ ئازەربایجان ـ گورجستان ـ ئەرمەنستان ـ دەریای ڕەشو ئورووپایە. بەڵام هەرزانترین ڕێگای ترانزیتی بۆ ترانزیتی ئەو مادانە ئەم ڕێگایەیە کە هەر لە کۆنەوە گرینگییەکی جیهانی پێدراوە، واتە لە ئەفغانستاو پاکستانەوەو لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە دێتە ناو ئێرانو لە سنوورەکانی ڕۆژئاواو باکووری ڕۆژئاواوە دەچێتە نێو عێراقو تورکیە، پاشان لە عێراقەوە دەچێتە سووریەو عەممانو ئۆردۆنو بەشێکی دەچێتە دۆڵی بێقاعو دەگاتە دەستی هێزە تیرۆریستییەکان بە گشتیو بەشێکی دیکەی لە دەریای مێدیترانەوە دەچێتە ئورووپا. لە نێو جوگرافیای ترانزیتی ئەم مەوادەدا "کوردستانو کورد" لە هەموو لایەك پتر خەساریان وێدەکەوێ. چونکی ئێمە لە سەر ڕێگای ترانزیتی ئەو مەوادەداین. واتە پتر لە 60٪ لە تریاکی بەرهەم هێنراوی ئەفغانستان بە ئێراندا تێدەپەڕێ کە لانی زۆری ئەو ڕادەیەش بە کوردستاندا تێدەپەڕێ. بە پێ ئامارێکی(UNODC) لە حاڵی حازردا زۆرترین ئاماری دیتنەوەی مەوادی ئێفیۆنی لە ئێراندا ڕاپۆرت کراوە. واتە بە چەشنێك کە تەنیا ساڵی 2000 پتر لە 54٪ی دیتنەوەی مەوادی هۆشبەری جیهان لەم وڵاتەدا بوو کە ئەمە خۆی ئێکجگار جێگای مەترسییە. پێویستە بزانن کە ئێران مەخزەنی 76٪ی تریاکی جیهان، 19٪ی هێرۆئینی جیهانو 5٪ی حەشیشی جیهانە. بەگشتی هەم لە ڕێگای عێراقەوەو هەم لە ڕێگای تورکیاوە لانی زۆری مەوادی ترانزیتی بە کوردستاندا تێدەپەڕێ کە هەم ڕۆژهەڵات، هەم باکوور، هەم باشوورو هەم ڕۆژئاوا دەگرێتەوە. هەر بۆیە زۆرترین گوشار لە سەر ئەم بەشە جوگرافیاییەیە، تەنانەت دوژمنان دەتوانن سیاسەتی ترانزیتی ئەو مەوادە بکەنە ئامرازێك بۆ لێدانی ئاسایشو هێمنی نەتەوەییو تێکدانی باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان.

گیرۆدەبوون(اعتیاد) بە مادە هۆشبەرەوەکانەوە"

وەك دەزانین تیرۆریزم تەنیا قوتار ناکرێتەوە بە تیرۆرجەستەییو لەناوبردنی فیزیکییەوە، هەربۆیە لایەنی دیکەی تیرۆر کە پێشتر باسمان لێوە کرد زۆر کارەساتبارترە. لەوانە تیرۆری کولتووریو لێدانی بنەماکانی کولیتووری نەتەوەو کۆمەڵگایەك دەتوانێ شێوازێکی مەترسیدارتری تیرۆر بێ. لەم بەشەی باسەکەماندا هەوڵدەدین ڕەهەندەکانی دیکەی ئەو دیارەدیە شی بکەینەوە، واتە تێدەکۆشێن "گیرۆدەیی، بەستراوەیی" (اعتیاد)و قۆناغە جیاجیاکانی ئەو دیاردەیە کە ناشیرینترین شێوازی لێدانی کولتووری کۆمەڵگایەکە، جۆرەکانی مەوادی هۆشبەر، شێوازەکانی بەرەهێنانو بەکارهێنانیانو چۆنییەتی کارتێکردنیان لە سەر مرۆڤەکان بخەینە بەر تیشکی ڕامانو توێژینەوەیەکی زانستی.

کەوابوو دەچینە سەر ئەم بەشەی باسەکەمان:

1) گرنگی بابەتی ئیعتیاد (گیرۆدە بوون)

2) پێناسەی ئیعتیاد

3) جیاوازی عادەت (خوپێوە گرتن) لەگەڵ ئیعتیادا (بەسترانەوەی توند ـ گیرۆدە بوون)

4 ) وابەستەگی ( بەستراوەیی ) بە مەوادی هۆشبەرەوە
5 ) لایەنە پێوەندیدارەکانی ئەو دیاردەیە.
گرینگی دان بە بابەتی ئیعتیاد ( گیرۆدە بوون )

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا قۆناغێك بەدی ناکرێت کە مرۆڤ گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکان نەبووبێت، تەنانەت دەتوانین بڵێین کە لەگەڵ سەرهەڵدانی مرۆڤدا ئەویش سەری هەڵێناوە، ئەگەر سەیری کێشە مێژووییەکان بکەین بەو ئاکامە دەگەین. بەڵام لە سەردەمی ئێمەدا ئەم مادەیە شێوازێکی پڕمەترسی گرتوتەبەرو ئاکامێکی ماڵوێرانکەری بە دواویەو پەرەسەندنێکی جیهانی بە خۆوە دیوە. لەم دیاردەیە جیا لە ئاکامە رووخێنەرە جەستیییەکان، وەکوو گیرۆدە بوون بە نەخۆشییە مەترسیدارە عفوونیو گشتگیرەکان وەکوو ئایدز یان ویروسی (HIV)، هیپاتیتەوە، ئاکامێکی مەترسیداری ئابووریو کۆمەڵایەتی، وەکوو چوونە سەری تاوەنەکان وەکوو جینایەت و...ی بە دواوەیە.

پێناسەی گیرۆدەیی "ئیعتیاد" : گیرۆدەیی واتە گیرۆدە بوونو بەستراوەیی جەستیو رۆحیو عەسەبی مرۆڤ بە مادە هۆشبەرەکانەوە، کە وەلانانیان چاوەڕوان نەکراوو مەحاڵ، یان زۆر گرانە.

گیرۆدە بوون واتە بەکار هێنانی نابەجێو بەردەوامی مادە هۆشبەرەکان کە دەبێتە هۆی گیرۆدە بوون بەو مادانەوە. ئەم گیرۆدە بوونە رۆحیو جەستەیییەو وەلانانی ئەو مادانە گیروگرفتو قەیرانی جەستەییو رۆحی بەدواوەیە.

گیرۆدەیی بریتییە لە بەسترانەوە بە هۆکارو مادەگەلێکەوە کە بەردەوامی بەکارهێنانیان چەندو چۆنییەکانی دیاریکراوی دەرمانی تایبەت لەلایەن کەسی گیرۆدەوە گرینگ دێتە بەرچاو. گیرۆدەیی نەخۆشییەکی رۆحی، کۆمەڵایەتی، ئابوورییە کە بە هۆی گیرۆدە بوونو بەستراوەیی بە لایەنی کیمیایی تایبەت بەو مادانەوە لە سەر جەستەو رۆح کاریگەری دادەنێو حاڵو هەوایەکی ئابووری کۆمەڵایەتی، جیسمیو رۆحی، نەریتی تایبەت بە سەر گیرۆدەدا دەسەپێنێ.

بەستراوەییو گیرۆدە بوون، بەستراوەییو بوونی ژیانی مرۆڤە بەو مادانەوە، کە ئیدی ژیانی مرۆڤ هی خۆی نیە، بەڵکوو لە خزمەتی ئەو مادانە دایەو رۆژ لە رۆژ زیاتر هەوڵ بۆ زیاد کردنی رادەی بەکارهێنانیان دەداو رۆژ لە دوای رۆژیش پتر لە مەرگی هێدی هێدی نزیك دەبێتەوە، جێگەی ئاماژە پێدانە کە کەسی گیرۆدە جیا لە دابین کردنی ئەو پێداویستییەی هیچ شتێکی دیکەی بەلاوە گرینگ نیە.

هۆکارەکانی گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکانەوە:

پێویستە بزانین لە کۆمەڵگا ئەمڕۆییەکاندا گیرۆدە بوون بە چەشنو شێوازی جۆراوجۆر خۆدەنوێنێ. واتە تاکوو ئێستا گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکانەوە قووڵترین کێشەی تەندرووستی بۆ کۆمەڵگاکانیان ناوەتەوە. بەڵام ئێستا گیرۆدە بوون بە ئینتێرنێت، کێشە جێنسییەکان، قومارو... بەو شێوازە گیرۆدە بوونانە زیاد بوە، کەچی گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکانەوە هەروا وەکوو کوشەندەترین شێوازی گیرۆدە بوون هەر لە جێی خۆیدایە. ئەو کێشەیەش ناتوانین تەنیا بە کێشەی توێژێکی کۆمەڵگای دابنێین، چونکی تایبەتمەندی ئەو دەعبا خوێنخۆرە ئەوەیە کە هیچ سنوورێك ناناسێو هیچ توێژێك لێك جودا ناکاتەوەو هێرش بۆ لەناوبردنی رەگو ریشەو بنجو بنەماکانی کۆمەڵگا دەکات.

ئەو هۆکارە بنچینەییانە چین کە دەبنە رێخۆشکەر بۆ ئەو شێرپە نجە کوشەندەیەی کۆمەڵگا( گیرۆدە بوون )؟

دەتوانین بەم چەشنەی خوارەوە ئەو هۆکارانە بە 23 بەش دابەش بکەین:

1ـ بەرادەران و دۆستان و گرووپ:

بۆ وێنە کاتێ لاوێ بیەوێ بچێتە نێو گرووپێکەوە کە چەند کەسیان گیرۆدە بن، ئەویش بۆ ئەوەیکە لەو گرووپەدا جێ بکرێتەوە رووەکاتە بەکارهێنانی ئەو مەوادە. واتە بەو چەشنە دەیهەوێ پێشان بدات کە من لە ئێوە نزیکم و پێویستە جێم بکەنەوە"

2ـ لێك پاشراوی بنەماڵە، یان بنەماڵەی لێك پاشراو:

ئەوەش کێشەی بنەماڵەیی دەگرێتەوە کە زۆر گرینگە، واتە کاتێك کەسەکە بنەماڵەکەی لێك پاشراوە یان یەکێ لە گەورەکانی، واتە باوك یان دایکی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە لای نەبووبێ"

3ـ باوك و دایك و کەسوکاری گیرۆدە:

کاتێك باوك یان دایك یان یەکێ لە کەسە نزیکەکان گیرۆدە بن، ئەوکاتە لە مەترسیدارترین کاتەکانە بۆ گیرۆدە بوون"

4ـ بە سەمبۆل دانانی کەسانی گیرۆدە:

بە سەمبۆل دانانی کەسانی بەناوبانگ و گیرۆدە بۆ وێنە "داریوش اقبالی" گۆرانیبێژی بەناوبانگی فارس، لە لایەن لاوان و مێرمنداڵانی ئێرانەوە"

5ـ ئاسان دەستکەوتنی مادە هۆشبەرەکان:

واتە مەوادی هۆشبەر جاری وا هەیە کە بە ئاسانی دەست دەکەون و ترس و لەرزو زەحمەتی ناوێ، کە لێرەدا وێدەچێ بە فەرمی دەسەڵات خۆی تێوەگلابێ یان ناڕاستەوخۆ کەمتەرخەمی بنوێنێ کە ئەمەش رێگایەکە بۆ یارمەتیدانی فرۆشەندەکان. بۆ وێنە گەر رێگای گەیشتن بە مەوادی هۆشبەر 10خولەك بێ، لە گەڵ ئەوەیدا کە رێگای بەدەستهێنانی ئەو مەوادە 1 کاتژمێر بێ زۆر جیاوازییان هەیە، رەنگە لەو یەك کاتژمێرەدا گۆڕان لە باری دەروونی ئەو کەسەدا کاریگەر بێ یان زۆر شتی دیکە روویدات"

6ـ بەکارهێنانی ئەو مەوادە بۆ دەرمانی کاتی ئێش و ئازار:

جاری وا هەیە خەڵکی بۆ لابردنی ئێش و ئازار بەکاری دێنن کە ئەویش لەراستیدا فێڵێکە بۆ گیرۆدە کردنی خەڵکی، ئەگینا ئەو مەوادە تەنیا بە هۆی مۆرفیندار بوونەوە نەختێ مرۆڤ هێور دەکەنەوە، بەڵام مرۆڤ بۆ هەمیشە گیرۆدە دەکەن. ئەوەش شێوازێکی چاکە بۆ گیرۆدە کردنی خەڵکی ساویلکەو نەزان"

7_ تەنیایی و دوورکەوتنەوە لە بنەماڵە:

زۆرجار مرۆڤەکان بە تایبەت لاوان لە بنەماڵە و زێدی خۆیان دوور دەکەونەوەو بۆ کارکردن یان بۆ خوێندن روو لە شارە دوورەکان دەکەن، یان نەخێر لە نێو بنەماڵەی خۆیاندان بەڵام هەست بە تەنیایی و بێ کەسی دەکەن"

8_ نەبوونی چاوەدێری دایك و باوك یان کەمتەرخەم بوونیان:

لێرەدا پرسیارێك دێنمە گۆڕێ، ئایا بەڕاستی باوك و دایکەکان، براو خوشکە گەورەکان! تاکوو ئێستا بە مێشکتاندا هاتوە لە منداڵەکانتان یان لە براو خوشکە چووکەکانتان بپرسن کە تا ئەم کاتەی شەو لە کوێ بوون؟ یان رۆژانە ئەو هەموو کاتەی شەو لە دەرەوەی ماڵن بۆ کوێ دەچن و لە کوێ دەبن؟ لە گەڵ کێ دۆستن؟ دۆستەکانیان چۆن کەسایەنێکن و لە بواری کۆمەڵایەتییەوە چۆنن؟

9_ شادی و خۆشحاڵی کاتیی(گەمژە کردنی بەکارهێنەر):

کەسانێك وەها چووەتە مێشکیانەوە کە گەر مەوادی هۆشبەر بەکار بێنن ئەوە سەرخۆش و شاد دەبن! لەوە بێ ئاگان کە ئەوە لە راستیدا تەنیا کاریگەرییەکی گەمژانەو کورتخایەن و کاتییە. یان کارتێکەرییەکی خولەکی مۆرفین و نیکۆتینە، و خێرا دەگەڕێنەوە سەر دۆخی پێشووان و ئەم کاتە لە هەموو کاتەکانی پڕئازارترە کە مرۆڤی گیرۆدە ئامادەیە لە بەرامبەر گەڕانەوەی بۆ دۆخی پێشووی هە موو ژیانی بدات"

10_قۆناغی پێگەیشتن (بلوغ) و تەمەنی میرمندالی:

ئەم قۆناغە یەکێ لە هەستیارترین و ناسکترین قۆناغەکانی ژیانی هەر مرۆڤێکە. لەم قۆناغەی تەمەندا تایبە تمەندیگەلی لە چەشنی گەڕان بە شوێن کەسایەتی دا، راگەیاندنی سەربەخۆیی کەسایەتی، دژایەتی کردنی دەوروبەر، خۆنواندن، پێڕەوی لە گرووپگەلی جۆراوجۆرو دەیان تایبە تمەندی دیکەی لێ دەردەکەوێ. ئەم قۆناغەی تەمەن قۆناغی قەیران و شۆڕشی دەروونییە. ئەو تایبە تمەندییانەی توێژی لاو کە بەردەوام بەدوای گۆڕان و گۆڕینەوەیە زۆر جار بەلاڕێیدا دەبات کە یەکێك لە مەترسیدارترینیان دەتوانێ گیرۆدە بوون بێ.

11_کێشەی بنەماڵەیی و دژایەتی و بلێ و مەڵێ لە نێوان باوك و دایك دا:

ئەو چەشنە بارودۆخە بەردەوام دەبێتە هۆی ئەوەیکە باوك و دایك خەریکی کێشەی خۆیان بن و ئاوڕ لە رەهەندە گرینگەکانی دیکەی ژیان کە ماڵ و منداڵ و هەست و سۆزی بنەماڵەیین نەدەنەوە، وەها بارودۆخێك لە ژیاندا دەبێتە هۆی ئەوەیکە هیچ چەشنە نزیکی و خۆشەویستییەك لە بنەماڵەدا نەمێنێ و ئەندامانی بنەماڵە(منداڵەکان) کچ و کوڕ، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیان روو بکەنە فەزای دەرەوەی بنەماڵەکە لەو حاڵەتەدایە دەکەونە نێو داوو تەڵەی مرۆڤە شەیتان و گورگ سروشتەکانی کۆمەڵگاوەو ئەوەیش باشترین رێگایە بۆ پێ نانە رێگای مردنی هێدی هێدی، واتە گیرۆدە بوون بە داوی مادە هۆشبەرەکانەوە.

12ـ بوونی دۆست و هاوڕێ نەشیاوو لاداو (گیرۆدە):

زۆر جار دەبینن کەسانێك هەن لاوازو بێ ئیرادەن و باوەڕیان کردوە کە بە بەکارهێنانی مەوادی هۆشبەر گرفت و کێشە دەروونییەکانی خۆیان لە بیر دەکەن و حاڵەتی "ئارامش" "وشاری" بە خۆوە دەبینن، مرۆڤە بێ ئیرادەکانی دیکەش هان دەدرێن کە لەو رێگایە کەڵك وەرگرن، هەربۆیە پاش چەند جار بەکارهێنان، نەخوازراوانە گیروده دەبن و تەمەنێك ئازارو پەشیمانی دەکێشن.

13ـ کێشەو گرفتەکانی ژیانی لاوان و بێکاری:

بێکاری، گێرەو کێشەکانی ژیان و تاڵی و سۆڵییەکانی لەو هۆکارانەن کە مرۆڤە لاوازەکان لە پێ دەخەن. هەر بۆیە ئەو چەشنە مرۆڤە بەزیوانە ژیان و ماڵ و منداڵ لە بیر دەکەن و بۆ خۆ ڕزگار کردنێکی خەیاڵی پەنا دەبەنە بەر بەکار هێنانی مادە هۆشبەرەکان و بەو چەشنە هەم خۆی و هەم بنەماڵەیەك لە قۆڕاوی ئەو گەناوەدا هێدی هێدی دەخنکێنێ.

14ـ گوشارە عەسەبی و دەروونییەکان:

زۆر جاریش هۆکارە دەروونی و عەسەبییەکان و هەست کردن بە تێکشان و لاوازی لە بەرامبەر ئەو گوشارانەدا کەسانێك دەکاتە دیلی ئەو مادانەو گیرۆدە بوون دەکاتە خەڵاتی هەتا هەتایی"

15ـ چێژە نەفسانییە کورت و کاتییەکان:

جاروباریش کەسانێك دەبینین خولیاو خەیاڵ و ئاوات و هیواکانیان لە نەزەری واقعدا وەدی نەهاتوون، ناچار پەنا دەبەنە بەر ساوێر، وەهەم و خەیاڵ و لە رێگای بەکار هێنانی ئەو مەوادەوە لە گەناوی مەرگ و خەیاڵ و

وەهەمدا هەست دەکەن لانیکەم بە دونیای مەجازی خۆیان گەیشتوون، کە چی خۆشیان و بنەماڵەکەشیان کردۆتە قوربانی مەیل و داخوازە کاتییەکانی خۆیان"

16ـ وەهەم و خەیاڵی چێژو بەرهەمی جینسی:

کەسانێك بوونیان هەیە کە ریشەی گیرۆدە بوون پێوەند دەدەن بە کاروباری جینسییەوە، واتە بە خەیاڵی ئەوان ئەو مادانە توانایی جینسی زیاد دەکات و چێژی جینسی دەباتە سەرێ، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کەمەسرەفی ئەو مادانە نە تەنیا توانایی جینسی ناباتە سەرێ، بەڵکوو دەبێتە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی هۆرموونە جینسییەکان و عەقیمی لە پیاوان داو نەزۆکی لە ژناندا"

17ـ بوارە تایبەتییە بنەماڵەییەکان:

کەسانێك لە لەنێو بنەماڵەدان کاریگەرییان لە سەر رەوشتی منداڵان و مێرمنداڵان زۆر دەبێ کە ئەو کاریگەرییە دەبێتە کولتوور بۆ داهاتوو. بۆ وێنە جگەرە کێشان، خواردنەوەی مەشرۆباتی ئەلکۆلی، گیروەدە بوون بە مادە هۆشبەرەکانەوەو زۆر لادانی رەوشتیی دیکە لە بنەماڵەدا. لە وەها بنەماڵەیەکدا لاوان و مێرمنداڵان بەجێ ئەوەیکە خەریکی چالاکی ئەرێنی بن، بەردەوام دەبێ لە هەوڵدابن بۆ بەرەو ڕووبوونەوە لەگەڵ ئەوکێشەو گرفتانەدا کە یەخەی خۆیان و بنەماڵەکەیانی گرتووە. واتە رەخساوترین و گونجاوترین بوار بۆ تێوەگلان، بواری بنەماڵەییە"

18ـ هەژاری و دەستکورتی مادی:

لەگەڵ ئەوەیکە کە هەژاری و دەستکورتی راستەوخۆ هیچ پێوەندییەکی بە گیرۆدە بوونەوە نیەو تەنیا بیانوویەکە نەك هۆکار، بەڵام ئێستا ئەم عامیلە بۆتە هۆکارێکی گرینگ لە ژیانی لاواندا و بۆتە گوشارێك بۆ پەنا بردنیان بۆ گیرۆدەیی. چونکی لەبەر هەژاری و نەداری و پیشەیەك بۆ داهاتوو فێر نابن و لە ئاکامدا لە بازاڕی کاردا خۆیان نابیننەوە، هەر ئەم هۆکارە دەبێتە هاندەر بۆ روو هێنانی بەشێك لە لاوانی کۆمەڵگاکان بۆ فروشی مادە هۆشبەرەکان و زۆر شتی دیکە"

19ـ نەبوونی وشیاری و خوێندەواری یان نزمی ئاستی خوێندەواری:

سروشتییە کەسانێك کە خوێندەواریان نزمترە ئاسانتر زەبر دەخۆن تا کەسانێك کە لە نێوەرۆك و چەشنی مادەکان و دواهاتەکانیان ئاگادارن. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بڵێین کە رادەی خوێندەواری پێوەرێکی گونجاو بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی ئەو مادەانە نییە. بەڵام لێکۆڵینەوەکان پێشانیان داوە کە هەرچی ئاستی وشیاری و خوێندەواری توێژی لاو لە سەرەوەتر بێ کەمتر پەنا دەبەنە بەر گیرۆدەیی و بەکارهێنانی مەوادی هۆشبەر. بە پێ ئامارێك کە لە ئێراندا گیراوە، 66٪ی کەسانی گیرۆدە بە مادە هۆشبەرەکانەوە خوێندەوارییان لە ئاستی سەرەتایی و بڕێکیشیان لە ئاستی ناوەندی و دواناوەندی دا بوون. ئەوەشمان لە بیر نەچێ، بە هەر رادەیەك باوك و دایك، لاوان و مێرمنداڵەکانیان بە حاڵی خۆیان بێڵنەوە، بەو رادەیە ئەوانیان لە بەرامبەر ژینگەو کۆمەڵگادا زەبرخۆرتر کردوە کە بە داخەوە لە داهاتوودا دەدەن بە سەر ئەژنۆیانداو لە هەڵەکانیان وەخەبەر دێن کە ئەوکات ئێدی سوودێکی نیە"

20_ تایبەتمەندییەکانی لاوان و میرمنداڵان:

زۆر دەبینین کە لاوان و میرمنداڵان ناڕاحەت، پەرێشان و تووڕەو بێزارن و لە بارودۆخێك کە تێیدان، تووشی خەمۆکی و تەنیایی و گۆشەگیری دەبن، لەو کاتەدا بەردەوام تووشی تێکشکان لە خوێندن، کۆمەڵگاو بنەماڵەدا دەبن و ئیرادەو باوڕبەخۆبوون و متمانەکانیان لە دەست دەدەن و رووودەکەنە جگەرە کێشان، خواردنەوەی مەشروباتی

ئەلکۆلی، بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکانو...وەکوو مەرهەمێکی کاتی بۆ سارێژ کردنی کاتیی برینو ئازارە رۆحیوجەستەییەکانیان، بەداخەوە پاش تێوەگلانو نزیک کەوتنەوە لە خنکان بەخۆدا دێنەوە، کە ئێدی ئەو کات کار لە کار ترازاوەو لە لێوارەکانی هەڵدێردانو گەڕانەوەیان لە ئاستی موعجیزەدایە"

21ـ روانگەی ئەرێنی بۆ مەوادی هۆشبەر، واتە بە باش زانینی بەکارهێنانی ئەو مەوادە"

22ـ نەبوونی یاسایەك دژ بە مادە هۆشبەرەکانو بازرگانیو بڵاوکەرو پەرە پێدەرانیان"

23ـ جێ کەوتنی بەکارهێنانی ئەو مەوادە وەکوو نۆرمێکی کۆمەڵایەتی، واتە وەکوو کردەوەیەکی بایەخدا"

رێگاو شێوازە بنچینەییەکان بۆ پێشگیری لە گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکانەوە"

لە دەسپێکی ئەم قۆناغەی باسەکەماندا دەبێ بڵێین تاکوو بەکارهێنەری مەوادی هۆشبەرمان هەبێ، ئەومەوادە لە رێگاو کاناڵی خۆیەوە بە کۆمەڵگاکان دەکات. کەوابو گرینگترینو گونجاوترین رێگاو رێکاری چارەسەرییو شێوازی بەرەنگاربوونەوە ئەوەیە کە لە بیری ئەوەدا بین بە لێکۆڵینەوەی ورد کاناڵەکانی هاتنەژوورەوەی ئەو مەوادەو عامیلانی ببینینەوە، سنوورەکانی هاتنەناوەوەی ئەو مەوادە بدۆزینەوە، باندو رایلکەکانی بازرگانی ئەو مەوادە کە هاوتەریین لە گەڵ بەرپوەبەرانی جینۆسایدو ئەنفال دا بناسینو بە دادگایان بسپێرین.

1ـ لێکۆڵینەوەگەلی بەربڵاوو زانستی بە مەبەستی ناسینی وردی هۆکارەکانی رووکردنی مرۆڤ، بە تایبەتی لاوان لە گیرۆدەیی:

دیاردەی گیرۆدە بوون دیاردەیەکی زۆر ئاڵۆزە، هەر بۆیە دەبێ بۆ گەیشتن بە ئە نجامێکی سوودبەخش لە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی لێکۆڵینەوە بکەین، خاڵە لاوازەکانی کۆمەڵگا لە بەرامبەر ئەو دیاردەیەدا ببینینەوەو هەوڵ بۆ بەهێز کردنیان بدەینو دیوارێکی پۆڵایین لە وشیاری، زانیاری، ئاگاهی دان، ئیرادەو باوڕ لە بەرامبەر ئەو دیاردە ماڵوێرانکەرەدا پێك بێنین. لاوانو میرمنداڵان لە بەرامبەر گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکانەوە هەستیارترین توێژی کۆمەڵگان، کەوابوو دەبێ ریشەکانی گیرۆدەبوون لە کۆمەڵگادا بە گشتیو لە نێو لاوانو میرمنداڵاندا بە تایبەتی لەناو بەرین.

2ـ بەهێزکردنی پەروەردەی گشتی لە مەڕ هۆکارو دواهاتەکانی گیرۆدەیی:

ئەرکی پەروەردەو فێرکردنی گشتی لە مەڕ ئەم دیاردانە ئەرکێکی ژیانەکییە. بۆ وێنە دیاردەی جگەرە کێشان کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆرەو جگەرە کێشان خۆی باشترین رێگایە بۆ چوونە ناو دونیای مادە هۆشبەرەکانەوە، ئەرکی پەروەردەیە کە وەك وانەیەکی پەروەردەیی لە قوتا بخانەکاندا بیلێینەوە. واتە پێشگیری لە پەرەئەستاندنی ئەو مەوادە دەبێ بکرێتە کولتوورێکی گشتی لە کۆمەڵگادا، کە ئەوەش ئەرکی سیستمی پەروەردەیە کە بە شێوەیەکی گونجاو هەر لە سەرەتاوە پرۆگرامێکی بۆ دابرێژرێو بکرێتە وانە بۆ قۆناغی سەرەتاییو ناوەندی.

3ـ ناسینی درووستی داخوازیو پێویستییەکانی لاوان:

بنەڕەتی ترین پێویستییەکانی لاوان، خوێندن، کارکردن، پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، خانوو ئێمکاناتی سیاحەتیو وەرزشیو...هتد.

بە ناسینی وردو دروستی پێویستییەکانو بڕیاری جیددی بۆ دابینکردنی ئەم پێداویستیانە لە ئاستی توانادا لە لایەن بنەماڵەکان، لاوان، بەرپرسان و.... وە دەتوانین بە بەرگریی لە دیاردەی گیرۆدە بوون هیوادار بین.

4ـ رۆڵی میدیاکان و ئامرازو کەرەستەی پێوەندییە گشتییەکان“

سیستمی راگەیاندن دەتوانێ لەم مەیدانەدا رۆڵێکی بەرچاو بگێڕێ. واتە هەر لە دنیای منداڵانەوە تا دەگاتە بەرنامەو پرۆگرامە ئاساییەکان هەر کام دەتوانن لە گەیاندنی پەیامدا، لە دروستکردنی کولتووردا کاریگەرییان هەبێ. چونکی پرۆگرامە تلوزیونییە بە نێوەرۆك، زەانستیو سەرنج راکێشەکان، بواری راکێشرانی عەقڵانی "بەریان" دەرەخسێنن بۆ لاوەکان بەرەو ژیانێکی پاك و خاوێن و تەندرووست و دووری لە گیرۆدەیی.

5ـ رۆڵی تەندرووستیو پاك و خاوێنی“

دەبێ بزانین لە هەموو جیهاندا راگرتنی تەندرووستی لە سەرەووی بەریان و عەلاجەوەیە. لە دیاردەی گیرۆدە بوونیشدا، پێشگیری لە رێگای پەروەردەو فێر کردن و هاندانی خەڵکی بەتایبەتی توێژی لاوەوە لە باشترین و گونجاوترین رێکارەکانە.

6ـ خەباتێکی لێبڕاوانەو بەردەوام لەگەڵ بازرگانیو بازارگانانیدا“

وەکوو لە پێشتریشدا ئاماژەمان پێکردوە خەبات دژ بەو دیاردەیە خەباتێکی جیهانیو نێونەتەوەییە. بۆ ئەو مەبەستەش "دایرەی، مادە هۆشبەرەکان و تاوانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان" (UNODC) لە ساڵی 1997 لە بیستەمین دانیشتنی تایبەتی کۆمەڵەی گشتی لەمەڕ مادە هۆشبەرەکان لە ئاستی جیهانیدا لە نێویورك پێکهات. هەروەها ساڵی 1990ز کۆمەڵەی گشتی راگەیاندراوێکی سیاسیو پرۆگرامی دژ کردەوەی جیهانی لەمەڕ مادە هۆشبەرەکان و ترانزیتیان لە ئاستی جیهانیدا پەسەند کرد. هەروەها لە ساڵی 1991 کۆمەڵەی گشتی پرۆگرامی کۆنترۆڵی نێونەتەوەیی مادە هۆشبەرەکانی، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (UNDCP) ی دروست کرد.(UNODC) لە کاتی دەستبەکار بوونیەوە 500 کادرێری لە وڵاتانی جیا جیای جیهان هەبوو، کە یەکێ لە گرینگترین شوێنەکانی (UNOV) داریرەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڤیەن بوو. ئەم رێکخراوەو لقەکانی لە ئاستی جیهانیدا بە هاوکاری ئینترپۆل، پولیسی نێونەتەوەیی چالاکی باشیان بەرێوە بردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ هاوکارییەکی جیهانییان بکرێ تاکوو پرۆژەکان سەرکەوتووانە بڕۆنە پێش.

7ـ رۆڵی بۆنیات و دامزراوو ناوەندە کولتوورییەکان“

روونە کە بۆ دوور راگرتنی لاوان لەو بەڵا ماڵوێرانکەرە، بۆنیاتگەلێ وەکوو قوتابخانە، دامەزراوە کولتووریو وەرزشییەکان، هێزە ئینتیزامیەکان، دامەزراوە ئایینییەکان، و... دەتوانن زۆر بە کەڵك بن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بایەخی هیچکامیان ناگاتە بایەخی بنەماڵە. بنەماڵە وەکوو بنچینەیی‌ترین یەکەی کۆمەڵگا رۆڵێکی بەرچاوی لە پاراستنی لاوان لە مادە هۆشبەرەکان هەیە، واتە کۆنترۆڵی بنەماڵە زۆر جەختی لە سەر دەکرێتەوە چونکی دەتوانێ بە ئاسانی کولتوورو دژە کولتووری وەها ساز بکات کە ببێتە دیوارێکی پۆڵایین.

8ـ رۆڵی بنەماڵە لە وشیار کردنەوەی لاوان و مێرمنداڵاندا“

1) دەبێ بزانین، نرخی پێشگیری لە گیرۆدە بوونی لاوان و مێرمنداڵان بە مادە هۆشبەرەکانەوە، وشیاریو وریایی باوك و دایك و بنەماڵەکانە. پێوەندی توندو تۆڵ و دۆستانە و هاوڕەیانەی نێوان ئەندامانی بنەماڵەکان زۆر گرینگە، بۆ وێنە بەرئەنجامی لێکۆڵینەوەیەك پێشان دەدا کە لاوان و مێرمنداڵانێك کە پێوەندیەکی نزیك و دۆستانەیان لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکانیاندا هەیە و لە بوونیان لە نێو کۆڕی بنەماڵەدا هەست بە بەختەوەریو شادی دەکەن، کەمتر وەدوای کردەوەگەلی نادرۆست دەکەون.

2) بنەماڵەکان دەبێ پێوەرەکانی "چاك بوون"و"خراپ بوون" بە منداڵەکانیان بناسێنن.

3) باوكو دایكێك كه خۆیان جگەره كێش یان ئەلكۆلی بن ناتوانن ئەو مادانه له منداڵەكانیان مەنع بكەن، بەداخەوه له باشووری كوردستان كولتوورێك له بەشێك له بنەماڵەكاندا هەیه كه پێوەری گەوره بوونی منداڵ به پاكەت هەڵگرتن هەڵدەسەنگێنێ. واته باوكو دایك ئێژن: "شوكور كووریاكەمان گەوره بوه، ئێستا ئێدی پاكەتی خۆی له گیرفاندایه!".

4) باوكو دایكەكان دەبێ له بەرامبەر كزی منداڵەكانیاندا بێ دەنگ دانەنیشنو هاوكات راوێژیان له گەڵ بكەنو له هۆكارەكانی گۆشەگیرییەكەیان بپرسنەوه، چونكی ئەو بارودۆخه بۆ لاوانو مێرمنداڵان هەستیارترین كاته بۆ لادان.

5) ئەركه له سەر باوكو دایكان كه به گشتی منداڵەكانیان بۆ چوونه ناوەوەی كۆمەڵگا ئاماده بكەن. واته فێریان بكەن كه دەبێ خۆیان بناسن، كۆمەڵگاكەیانو توێژه جیاجیاكانی بناسن، نەتەوەكەیان بناسن، رێز بۆ مرۆڤ بوون دابنێنو پێوەرەكانی مرۆڤی چاكو خراپ بزانن‌و له بەرامبەر خراپەكاندا راوێستن ئەگەرچی به زیانی ئەوانیش نەبێو...هتد.

بەگشتی ئەوه كورتەیەك بوو له ناسینو ناساندنی ماده هۆشبەرەكان، كاریگەرییه سیاسیی، كۆمەڵایەتییەكانیان له سەر كۆمەڵگاكانو هۆكارەكانی سەرهەڵدانیان، چۆنیەتی پێشگیریو رووبەڕووبوونەوەیان. واته ئەو دێوزمەیه كه رۆژانه هەزاران بنەماڵه لێك دەپاشی، ئەو دێوزمەیه كه هەستی مرۆڤ دۆستانه، هەستی نەتەوایەتی، هەستی نیشتمان پەروەری، سۆز، خۆشەویستی، شەرف، حەیا، كەسایەتی، ناموسو رەحمو سەرجەم تایبه تمەندییەكانی مرۆڤ دەكاته فیدای چركه ساته مەرگ هێنەرەكانی خۆی، دەبێ ئێدی له شوێنێكدا پێشی پێ بگیرێ.

*******************

# هێز، دەسەڵاتی سیاسیو سیاسەت

"حكوومەتێك كه پشتی به خەڵكەوه نەبێ، ناچاره پشت به هێزێكی دیكه ببەستێ، ئەگینا بێشك عومرێكی نابێ" "د.ساق شەرەفكەندی"

له سەرانسەری مێژوودا هێزو هێزداری خولیایەكی گەلێك بەرزبووه. پێموانەبێ مرۆڤ بتوانێ مێژوویەك بۆ هاتنەئارای هێز، چەمكو نێوەرۆكی دەستنیشان بكا. یان پێموانەبێ كەسێك بتوانێ سنوورو چوارچێوەیەك بۆ هێزو دەسەڵاتخوازی دابنێ. له هەمان حاڵیشدا كه سەیردەكەم دەبینم خۆم حەزم له هێزه، پێمخۆشه دەسەڵاتم هەبێ، پێم خۆشه لەو هێزو دەسەڵاته بۆ گەیشتن به مەبەستو ئاما نجەكانم كەڵك وەرگرم. دڵنیام كه تۆش له من پتر خوازیاری هێزو دەسەڵاتی، ئەویش هەروا خوازیارو خولیای دەسەڵاته، به گشتی دەتوانین بڵێین هێزو دەسەڵاتو دەسەڵاتخوازی بەشێك له بوونی مرۆڤەو تایبه تمەندییەكی زۆر گرینگی مرۆڤه. بەڵام ئەوەی لەم باسەدا گرینگه پێناسەی ئەو چەمكو زاراوانەیه. واته گرینگ ئەوەیه پێناسه من بۆ هێز و دەسەڵات چیه؟ پێناسەی تۆو ئەوی دیكه چیه؟ مەبەستمان له هێزو دەسەڵا چیه؟ واتای هێز زۆر له مێژه هاتۆته نێو ئەدەبیاتی ژیانی مرۆڤەوه. دەكرێ بڵێین لەوەتی مرۆڤ دەستی به ژیانی كۆمەڵایەتی سیاسی، ئابووریو نیزامی كردوه، دەسەڵاتخوازیو بەرژەوەندیخوازی له ناوەندی ژیاندا هەڵكەوتووه، واته بەبێ بوونی هێز، لایەنو رەهەندەكانی ژیان هیچ واتایەكی نامێنێ.

واتاو پێناسەی هێز، واتای هێز، واتای بنچینەیی روانگەی نوێ سیاسییە. هەروا کە پێشتریش ئاماژەم پێکرد، پێناسەکردنی هێز کارێکی هاسان نیەو، ناتوانین پێناسەیەکی راستو دروست لە هێز بکەین. واتە دەبێ بزانین کە نە لە زمانی رۆژانەدا و نە لەقاموسەکاندا لەسەر پێناسەی هێز هیچ رێککەوتنێك بوونی نیە. بۆ سەیرکردنی هێز دوو روانگەی دژبەیەك بوونیان هەیە، 1ـ لایەنی ئەرێنی هێز، 2ـ لایەنی نەرێنی هێز. ئەوەی کە لایەنی نەرێنی هێزە، بێگومان لەگەڵ چەمکگەلێك لەچەشنی"ستەم"، "زۆر"، "یاخیگەری"، "دیکتاتۆری"و ... هتد، هاوواتایە. بەڵام ئەوەی کە مەبەستی ئەم بابەتەی ئێمەیە، هێز بە واتای ئامرازێکە بۆ لەبارکردنی رێگا بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی کە ئەویش لەرێگای سیاسەتەوە کاناڵیزە دەکرێ. هەر لەم پێوەندییەدا لەگەڵ واتاو نێوەرۆکی "هێز"دا، لێکۆڵەرانی سیاسیی، بەلەبەرچاوگرتنی ئیدئۆلۆژیو دنیابینی خۆیان، پێناسەگەلی جۆراوجۆریان لەهێزو دەسەڵات کردوە، کە بە پێویست دەزانین ئاماژە بە بەشێکیان بکەین:

بە بڕوای "ماکس ڤێبەر"، هێز، دەسەڵاتداربوونی کەسێك یان گرووپێکە بەهۆی بوونی پێگەیەك لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دا کە بتوانێ بە چاوپۆشی لەهێندێ هۆ، هاوکات ئیرادەو باوەڕی خۆشی بەکار بێنێو لەرەوتی کاردا خۆڕاگربێو لە پێ نەکەوێ.

لەم پێوەندییەدا "گرین" بڕوای وایە کە: "هێز بە زمانێکی ساکار ئەوپەڕی توانایی بۆ کۆنترۆڵکردنی کەسانێکی دیکەیە، بە چەشنێك کە کارێك لەوان بخوازی، بە ئاکامی بگەیەنن".

"دال" بەم چەشنە رای خۆی دەردەبڕێ:" هێز پێوەندییەکە لەنێوان ئاکتۆرکاندا، کە لەو نێوانەدا ئاکتۆرێك ئاکتۆرکانی دیکە ناچار بە کردەوە دەکا کە ئەگەر هێز نەبوایە ئەو کردەوەیەش پێویست نەبوو". هەروەها "لاسول"یش دەڵێ:" هێز، بەشداری لەبڕیاردانو پێوەندییە لەنێوان تاکەکاندا". با بۆچوونی "مورگنتا"ش لەم پێوەندییەدا بخوێنینەوە:" مەبەست لەهێزی سیاسی ئاماژە بە بوونی کۆنترۆڵ لە پێوەندی بەرامبەری خاوەن دەسەڵاتە گشتییەکانو نێوان دەسەڵاتدارێتی گشتیو کۆمەڵانی خەڵکە"."مورگنتا" هەر لە پێناسەیەکی دیکەدا دەڵێ: "هێز بریتییە لەدەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر زەینەکانو هەروەها کردەوەی خەڵکیدا". لەو نێوانەدا ئاماژە بە پێناسەیەك دەکەین کە تا رادەیەك لەنێوەرۆکی راستەقینەی "هێز"ەوە نزیکترە، واتە لەو پێوەندییەدا "هێربێرت گلدهامیرو ئیدوارد شیلر" دەڵێن:"هێز بریتییە لەتوانایی کاریگەری دانان لەسەر هەلسوکەوتی خەڵکی، لە پێوەندی لەگەڵ مەبەست، بیرۆکەو ئامانجگەلی کەسێکدا." هەر لە درێژەی پێناسەی هێزدا دەتوانین ئاماژە بە پێناسەیەکی "مەك ئایور" بکەین کە دەڵێ:"مەبەست لەبوونی هێز، توانایی سەنتراڵکردن یان رێکخستن یان رێنوێنی کرداری تاکەکەکان یان کارەکانە." بەهەڵسەنگاندنێکی کورتی پێناسەکان دەتوانین مەبەست لەهێزو دەسەڵات لەدوو خاڵدا چڕ بکەینەوە، 1ـ کەڵکوەرگرتن لە ئیرادەو هێزو تواناییەکان بۆ گەیشتن بەئامانج، بە چاوپۆشی لەراو و بۆچوونو بەرژەوەندی خەڵکیو گشتیو سەپاندنی بیروڕا بەسەریاندا، تەنانەت بە نرخی چەوساندنەوەش، 2ـ کەڵکوەرگرتن لە هێزو توانایی، بیروڕاو سەرجەم ئامرازو کەرەستەکان بە شێوازێکی شیاوو گونجاوو رەوا، بۆ گەیشتن بە ئامانجو مەبەستە رەواکان کە تەنانەت زۆرجار فیداکردنی گیانو ژیانی بەدواوەیەو ئامانجەکەش خزمەت بەقازانجو بەرژەوەندی گشتیو خەڵکییە. لەخاڵی یەکەمدا گرینگ ئامانجو مەبەستی قازانجی تاکەکەسە سەرەڕای دژایەتی توندی خەڵکیش، بەڵام خاڵی دووهەم بوونی خۆی دەبەستێتەوە بە بوونی ئەوانیترەوەو قازانجو بەرژەوەندی خۆی لە هی ئەوانی دیکەدا دەبینێتەوە. لەروانگەکان "هێز"بە پێوەندی نێوان تاکەکان دەزانن‌و بەم چەشنە راڤەی دەکەن، واتە کەسی (A) هەوڵ دەدا کەسی دیکە، واتە کەسی (B) ناچار بە

بەڕێوەبردنی کارێك بکا. لێرەشدا پێوەندی نێوان (A)و (B) خۆی جێگای پرسیارە. زۆرجاران پێوەندی نێوانی کەسی (A)و کەسی (B) دەتوانێ لەخزمەت کەسی (C)و یان (C و B)دا بێ. ئەم چەشنە پێوەندییە بەرامبەرە بە هاوکێشەی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا کە دەسەڵاتی کۆمەڵگا پێکدێنن. لەسەر چ حیسابێکە کە A دەتوانێ هێزی خۆی بەسەر Bیان B بەسەر Cدا بسەپێنێ، ئەوە خۆی باسێکی دیکە هەڵدەگرێ. واتە بە بەجێگەیاندنی ئەرکی B، کەسی A دەبێــتە خاوەنی هێز، ئینجا لێرەدا باس باسی هێزی رەواو ناڕەوا نیە. لە یەکێك لە هاوکێشەکاندا هێز دەکەوێتە خزمەت پرۆژەو بەرنامەو بیرۆکەیەکەوە کە ئەوانیش خۆیان لەخزمەتی ئامانجێکی رەوادان. لەم نێوانەدا کەسی B توانایی بیرکردنەوەی هەیەو کەسی ئەگەرچی سنووردار بەڵام خاوەن بڕیارە، بەڵام لە بەشێکی دیکە لە هاوکێشەکاندا، کەسی B رۆڵی دەزگایەك یان ماشینێك دەگێڕێو بە تەواوی لەلایەن Aوە فەرمانی پێدەدرێو کۆنترۆڵی دەکرێ.

سەرچاوەکانی هێز

بۆ گەیشتن لەهێزو دەسەڵات کۆمەڵێك ئامرازو بیرۆکە، فاکتەرو سەرچاوە پێویستە، واتە دەبێ هۆکارێك هەبێ کە هێزی A لەبەرامبەرB دا بەهێزتر پیشان بداو B ناچار بە پێڕەوکردن لە A بکا. ئەو هۆکارانەش بریتین لە، پاداش پێدان، زانیاری، سزادان، هاندان، رەوایی، پسپۆڕیو شارەزایی هێزو توانای رێبەریو ... هۆکاری دیکە دەتوانین بە سەرچاوەی پێکهێنانی هێز دابنێین، هەروەها زۆرجاریش ئەوانە بە تەنیا ناتوانن ببنە سەرچاوەی هێز، بەڵکوو ئەوە ئیدئۆلۆژی، بەرنامەی رێکخراوەیی، پێکهاتەیەکی سیاسیی یان هی دیکە دەتوانن باڵ بەسەر هێزو دەسەڵاتدا بکێشن. بەڵام لەم نێوانەدا رەواییوونی ئامانج، مەبەست بیرۆکەیە کە دەبێتە سەرچاوەی هێزو دەسەڵات، توانایی رێبەریو پاڵپشتی عەقڵانی خەڵکیە کە رەوایی بە هێز دەبەخشێ. لێرەدایە کە مەبەست لەدەسەڵاتو دەسەڵاتخوازی زاتی دەردەکەوێ، واتە یەکێ لەخاڵە سەرەکییەکانی بنەمای مرۆڤ بوونە، هەروەها بەکارهێنانی ناڕەواو بەرژەوەندیخوازانەی رووتی هێز دەتوانێ واتای مرۆڤبوون لەمرۆڤ وەربگرێتەوەو کەسێتی یان کەسایەتی مرۆڤ و تایبەتمەندییە مرۆییەکان پێچەوانە بکاتەوەو وەریگێڕێ بۆ بوونەوەرێکی دڕندە. جێگای ئاماژە پێدانە کە زانست یارمەتی گەشەی زەینو رۆح دەدا، رێبەریش لەم گەشەیەوە سەرچاوە دەگرێ. لەکۆمەڵگایەکی وشیاردا هیچ رێبەرێك ناتوانێ لەدەسەڵاتی رەها بگا یان دەسەڵات بخاتە ژێر رکێفی خۆی، مەگەر بە مەرجێك کە خاوەن پاڵپشتییەکی مەعنەویو وشیاریو زانایییەکی گونجاو وشیار بێ.

هێزو رێکخستن

هێزو دەسەڵات تا لەرێکخراوێکدا یان لەدەوڵەتو حکوومەتێکدا دەرنەکەوێ، ناتوانێ پاشگری سیاسی لەگەڵ خۆدا بکێشێ. واتە هێزێکی مەعنەوی ئاسایی لەنێو خەڵکیدا، هێزێکی عیرفانی لەکۆمەڵگادا، هێزێکی ئابووری وەکوو سەرمایە، هێزێکی خۆشەویستی داد پەروەری کەسایەتییەكو ... تاکوو لەرێگای ئامانجێکی سیاسیدا کەڵکیان لێوەرنەگیردرێ ناتوانن پاشگری سیاسیی بوون بە خۆوە ببینن. بۆ ئەم مەبەستەیە کە رێکخراوێك ساز دەکرێو بەرنامەو پێڕەو دادەنێو درووشمی تاکتیکیو ئێستراتێژیکی دیاری دەکا. بە رێکارێکی سیاسییانەدا چالاکی خۆی دەست پێدەکا. بە دەربڕینێکی دیکە دەتوانین بڵێین خودی رێکخراوو لەزاتی خۆیدا هێزێکە کە دەتوانێ سیاسی بێ. لەنیزامە سیاسییە دێموکراتیکەکاندا، پارتە سیاسییەکان بۆ بەدەستهێنانی هێز خۆ رێکدەخەن. بەڵام ئەو نیزام پێدانو خۆ رێکخستنانە بە تەنیا بەس نین، هەر بۆیە زۆرجار فاکتەرگەلێکی دیکە دەتوانن هاوسەنگییەکان بگۆڕنو تەنانەت پێچەوانەشی بکەنەوە. واتە رێکخراویان پارتێکی سیاسی بە بێبوونی هێزێکی ئابووری زۆرێك

لەهەڵەكان لەدەست دەدا. چونكە زۆرجاران هێزێكی ئابووری دەتوانێ هاوكات پاڵپشتێكی بەهێز بێ بۆ راكێشانی خەڵكی، گەیاندنو راگەیاندنی بەرنامەو ئامانجو ئیستراتیژییەكان، گۆڕانی هاوسەنگییەكانو ...، پێگەی كۆمەڵایەتی یەكێكی دیكە لە پێویستییەكانی هێزە، واتە كەسێك بێ پێگە، لەنێو كۆمەڵگادا ناتوانێ ئیدیعای رێبەری، هێزو دەسەڵات بكا. واتە جێگەو پێگەی كۆمەڵایەتیو كەسایەتییەكی بەهێز كارتێكەری لەسەر چینو توێژەكانی كۆمەڵگا دەبێ. هەوڵدن بۆ دیتنەوەو تێگەیشتن لەباوەڕو بیرۆكەی خەڵكی كۆمەڵگایەك، بۆ وێنە باوەڕە دینییەكان لەو بوارەدا دەتوانێ یارمەتیدەرێكی بەهێز بێ.

جیاوازی نێوان تێگەیشتنەكان لە هێزو دەسەڵاتی سیاسی:

بەو جۆرەی لەدێڕەكانی پێشتردا كەم تا كورت هێنامانە بەرباس، هێز و دەسەڵات هاوڕان لەگەڵ سیاسەت، كە دەڵێین هێزو دەسەڵاتی سیاسی بەو واتایەیە كە دەبێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتو بوونە خاوەن هێزێكی سیاسی، لەواتاو نێوەرۆكی سیاسەت تێبگەین بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدەدەین بە كورتی ئاوڕێك لەسیاسەت بدەینەوەو پاشان جیاوازی نێوان دوو روانگەی سەرەكیی بۆ دەسەڵات شی بكەینەوە. بە بۆچوونێك سیاسەت تەنیا هونەرە، واتە كەسێك وەك د.قاسملوو بە زمانێكی سادەو لەهەمان كاتدا زانستیو فەلسەفی دەڵێ: "سیاسەت هونەری مومكینە"، زۆر كەسیش لەو بڕوایەدان كە سیاسەت ئەمڕۆ ئیدی زانستەو كەسێك دەتوانێ پاشگری سیاسیبوون بە داوی خۆیدا بكێشێ كە خاوەن پلەیەكی ئاكادمیك لەسیاسەت بێ، بەڵام لەراستیدا ئەمەش دەكرێ بە تێگەیشتنێكی هەڵە لەسیاسەتی دابنێین. چونكە مەیدانی پراكتیكی لەسیاسەت بە تەواوی پێچەوانەی ئەوەی بۆ سەلماندووین. بۆ سەلماندنی ئەو راووبۆچوونەشمان دەتوانین هێما بە زۆر رێبەری سیاسیو خاوەن دەسەڵات بكەین كە پێچەوانەی ئەم بۆچوونانە هاتوونە مەیدانی سیاسەتەوەو زۆریش سەركەوتوو بوون. واتە كەسێك بتوانێ ئەو دنیایەی تێیدا دەژێ باشتر بناسێو لەنێوان كونو قوژبنە جیاجیاكانیدا باشترین رێگا بۆ گەیشتن بە ئامانج هەڵبژێرێ، مرۆڤێكی سیاسییە. هەر لەو پێوەندییەشدا بۆچوونێكی دیكەش هەیە كە دەڵێ مرۆڤ لەنەفسی خۆیدا بوونەوەرێكی سیاسییەو مرۆڤێك كە بیر لەسیاسەت نەكاتەوەو بە چەشنێك لەدەسەڵاتی سیاسی وڵاتەكەیدا خۆی بە بەرپرسو بەشدار نەزانێ لەگەڵ مرۆڤبوونی خۆیدا كێشەی هەیە.

دەتوانین بڵێین زانستی سیاسی یارمەتی چاكترو سیستماتیكتر بەڕێوەچوونی دەسەڵاتی سیاسی وڵات دەدا. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین كە واتای نەریتی زانستی سیاسەت، بە واتای زانستی راڤەكردنو بەڕێوەبردنی دەوڵەت یان حكوومەت، ئیدی كاریگەری خۆی لەدەست داوە. واتە ئێستا كە بەشێك لەروانگەكان دەڵێن كە زانستی سیاسەتیش نوێنگەیەك لەنوێنگەكانی هونەری سیاسەتە، دەبێ ئەوەش قبوڵ بكەین كە زانستی سیاسی سیاسەت دەبێ رێكخستنە سیاسییەكانو كردەوەو دژكردەوەی سیاسی لەكۆمەڵگادا لەخۆ بگرێ. لەلایەكی دیكەوە كۆمەڵێك لەلێكۆڵەرانی سیاسی لەسەر ئەو بڕوایەن كە زانستی سیاسەت بە شێوەی تاك بوونی نیە، واتە هەموو زانستە كۆمەڵایەتییەكان كە لەگەڵ كارە رێكخراوەییەكانی كۆمەڵگادا پێوەندییان هەیە، بە ناوی كۆمەڵە زانستی سیاسی ناسراونو زانستی سیاسەتیش تەنیا یەكێ لەوانەیە.

بەڵام هێزو دەسەڵا تخوازی لەمەیدانی سیاسەتدا، دەكرێ بڵێین روانگەی جیاجیا لەمەڕ سیاسەت هەیە كە دەتوانین هێما بۆ چەند جۆرێكیان بكەین. سیاسەت لەسەر بنەمای مەكتەبی ماكیاڤلیزمو سیاسەت لەسەر بنەما شۆڕشگێڕییەكان، یەكەمیان لەئاستی دەوڵەتانی سەربەخۆو نێوان دەوڵەتدا پەیرەو دەكرێو بە تایبەت پتر لەرۆژئاوادا، بەڵام دووهەمیان رێبازی سیاسی رێكخراوە شۆڕشگێڕییەكانە. ئەو رێكخراوە شۆڕشگێڕییانە كە

ئامانجێکی شۆڕشگێڕانەیەیان هەیە، بە ڕێگاگەلی شۆڕشگێڕانە دەچنە پێشەوە، لەئامرازو کەرەستەی شۆڕشگێڕی کەڵك وەردەگرن، خاوەن دروشم‌و گوتاری شۆڕشگێڕانەن‌و... ئیدیعا دەکەن کە "شۆڕشگێڕ دەبێ قازانج‌و بەرژەوەندی خۆی لە قازانج‌و بەرژەوەندی گەل، نەتەوەو کۆمەڵگاکەیدا ببینێ‌و تەنانەت گەر پێویسیش بوو قازانج‌و بەرژەوەندی خۆی بکاتە فیدای قازانج‌و بەرژەوەندی گەل‌و نەتەوەو کۆمەڵگا". کەوابوو لە یەکەمیاندا پاییەندی متمانەی سیاسی لە نێوان خۆیاندا ساز دەکەن‌و هەوڵدەدەن لەگەڵ یەکتری بە شێوازێکی واقیعبینانە هەڵسوکەوت بکەن‌و لە بەرامبەر بابەتەکاندا خاوەن ڕوانگەیەکی ڕاسیۆناڵ بن. لەیەکەمیاندا تاك یان گرووپ ئامانجە، وات ڕێکار دەتوانێ فیداکردنی قازانج‌و بەرژەوەندی کۆمەڵگاو نەتەوە لە خزمەت گەیشتن بە قازانج‌و بەرژەوەندی تاك‌و گرووپ یان لایەندا بێ. بۆ وێنە دەتوانین لایەنی شۆڕگێڕ بە E‌و لایەنی ماکیاڤێلیست بە F دابنێین. لایەنی E هەوڵ دەدا پێکهاتەی خەباتەکەی پێکهاتەیەکی سیکۆلارو ئاوەزمەندو شۆڕگێڕانە بێ‌و بە تەواوی بە ئامرازێکی دادەنێ بۆ خزمەتکردن بە قازانج‌و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەو کۆمەڵگا بە بێ لەبەرچاوگرتنی هەر چەشنە بیرێکی دوگم‌و داخراوی کۆسپ‌و تەگەرەئامێز. لەو چەشنە بیرکردنەوەو خەباتەدا E کەسی سیاسی هەوڵ دەدا لوتکەیەك بکا بە ئامانج‌و هەموو لوتکە، پێدەشت‌و بەرزاییەکانی دیکە بکا بە ئامراز بۆ گەیشتن بەو لوتکەیە، ئەو لوتکەیەش تەنیا هەوڵدان‌و تێکۆشانی شۆڕگێڕانە لە پێناو قازانج‌و ئامانج‌و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەدایە. بەڵام لە بابەتی Fدا، بابەتی E‌و F بە تەواوی هاوتاو دژبەیەکن.

واتە لە Fدا سیاسەت ئامرازێکی سێحراوی‌و ئازادە بۆ گەیشتن بە هێز، دەسەڵات‌و ئامانجێکی سیاسی. لێرەدایە ڕەوایی تەنیا لەرواڵەتدایە، دروشم‌و بابەتی پڕوپاگەندەیی بریقەدار تەنیا بۆ گەیشتن بە مەبەست‌و ئامانجەکانە.

لێرەدایە کە دەگوترێ، ئامانج ڕەوایی بە ئامراز دەدا، هەموو ڕەواییەکان لەخزمەت ئامانجدان‌و ئامانجیش لەرەوایی بێبەرییەو لەدەرەوەی ڕەواییەتە. بۆ وێنە دەتوانین دوو لایەن لەنێو ڕێکخراو یان حیزبێکی سیاسیدا لەبەرچاو بگیرێن‌و ئەم لایەنانە نێو بنێین لایەنی H‌و لایەنی G، لایەنی H لە نێو حیزبێکی سیاسی ـ نەتەوەیی‌یەو بۆ ئامانجێکی ڕەوایی نەتەوەیی خەبات دەکا. لایەنی H لەو نێوانەدا بە پێی پرۆگرام‌و گەڵاڵەنامەی حیزبەکەی کە لە ئەنجوومەنێکی فەرمی وەردەدا، داڕێژراوە خەبات دەکاو ئامانجەکەشی لەبەرچاو گرتووەو بۆ بەدەست هێنانی مافە زەوتکراوەکانی نەتەوەکەی خەبات دەکا. بۆ لایەنی H گوتارە بەرژەوەندی نەتەوەیی‌یەو قازانجی نەتەوەیی لوتکەی چالاکییەکانی ئەو خەباتەیە. پێوەری هەڵسەنگاندنەکان، هەموان، فاکتۆرە نەتەوەییەکانن. واتە لەم نێوانەدا هەرکەس بە مافی خۆی دەزانێ دەسەڵات بەدەست بێنێ‌و لەرێگای دەسەڵاتەکەیەوە بەو ئامانجەی کە دەخوازێ بگا. واتە هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی هێزو یەکسانە لەگەڵ کەڵکوەرگرتن لەو هێزە، بەدەستهێنانی دەسەڵات یەکسانە لەگەڵ گەیشتن بە دەسەڵات، کەڵك وەرگرتن لەدەسەڵات بە مەبەستی، بە ئامرازکردنی دەسەڵات، بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان یان ئەو ئامانجانەی کە سیستەم بۆی تێدەکۆشێ. کەواتە سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی لەگەڵ هێزو دەسەڵاتی شۆڕگێڕانە، یەکسانە لەگەڵ بەدەستهێنانی قازانج‌و بەرژەوەندی نەتەوەییدا.

کەوابوو، ناوچەیی بیرکردنەوەو هەر چەشنە هەوڵدانێکی داخراوی کورتبینانە دەتوانێ بچێتە خانەی دژ بەو لایەنەوە. بەڵام لایەنی G ڕاست لایەنی بەرامبەری لایەنی H ـە، واتە ئەو دوو لایەنە بە تەواوی هاوتای یەکترن. تەنانەت بەردەوام لە پێکدادانیدا بوون. بە تایبەت ئەم دوو لایەنە ئەگەر لە نێو حیزب یان ڕێکخراوێکی سیاسی

دابن. لە هزرینی لایەنی Gدا تەنیا شتێك بوونی نیە، ئامانج و بەرژەوەندی نەتەوە یان پێکهاتە و سیستمە، لە پاڵ ئەوەیکە بە لای ئەوانەوە جێگای تێڕامانە دەسەڵات و هێزە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و هێزێك کە ئامانجەکانی تێرکردنی ویستەکانی تاك یان گرووپێکە کە لەسەرەوەی هێرەم دایە. لەو چەشنە لە دەسەڵاتخوازییەدا، مەبەست تەنیا گەیشتنە بە دەسەڵات و هیچی دیکە، واتە گەیشتن بە دەسەڵات ئامانجە، بۆ ئەو مەبەستەش ویترینی سیاسی بە درووشم و وتاری رەنگاورەنگ دەڕازێنێتەوە. لەم چەشنە چالاکییە دەسەڵاتخوازانەیەدا، ئێستراتیژی دەسەڵاتە کە بریتییە لەنێوەرۆکێك بە کۆمەڵە ئامانجێکی تاك یان گرووپێکەوە. لەم چەشنە دەسەڵاتخوازییەدا تاکێك دەتوانێ بەردەوام بە هەر چەشنێ کەرەستەیەکی رەوا بێ.

بەرەنجام:

هێز و دەسەڵات، لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی هەر مرۆڤێکە. دەسەڵات وتێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، مافێکی رەوا و سروشتی هەر مرۆڤێکە، بەڵام بە مەرجێك پێناسە لەدەسەڵات، پێناسەیەکی ماکیاڤێلیستانە نەبێ. مەبەستی ئێمە لەدەسەڵات، دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی و سیاسەت، سیاسەتی شۆڕشگێڕانەیە. دەسڵاتخوازی رەوایە بە مەرجێك، تەنیا بە واتای وەلانان یان لەنێوبردنی دەسەڵاتەکەی دیکە نەبێ، بەڵکوو بەلەبەرچاوگرتنی دەسەڵاتەکەی دیکە و کەم و کوڕییەکانی و داڕشتنی پلان و گەڵاڵەی نوێ بۆ داهاتوو لە پێوەندی لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکا نماندا و بۆ خزمەت بە ئامانجەکانی نەتەوە و پاراستنی دەسکەوتەکانی نەتەوە بێ.

******

# پێگەی کورد لە ئاسایشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا

"کوردەکان لە هەلومەرجی نوێ دا لەو کاراکتێرە سەرەکیانەن کە لێدانی نەبزی ناوچەکە پێوەندی بەوانەوە هەیە". "د.عەلی راستبین" بەرپرسی ئەنیستیتۆی نێونەتەوەیی توێژینەوەی ئیستراتێژیك ـ پاریس.

نەتەوەیەك بە تەوای فاکتۆرە نەتەوەییەکانەوە و بە حەشیمەتێك نزیك بە 40 میلیۆن کەسەوە، بە خەباتێکی دوور و درێژ و لە نێوەرۆکدا ئاشتیخوازانە، بە هەڵکەوتێکی هەستیاری جوغرافیای سیاسییەوە و ....، زۆر جار کەوتۆتە بە هێرشی ژینۆساید بە هەموو رەهەندەکانییەوە، بەڵام بەردەوام وەکوو کاراکتێرێك هاوتەریب یان دژبەر لەگەڵ سیاسەتی جیهانیی و ناوچەییدا درێژەی بە خەباتی نەتەوەیی خۆی داوە. ئەوەیکە پتر لە هەموو فاکتەرەکان بۆتە هۆی بە ئاکام نەگەیشتنی ئەو خەباتە، لە لایەك بوونی روانگەی ئاسایشی لەسەر کێشەی کورد بە چەشنێك بووە کە بەردەوام کورد وەکوو کاراکتێرێکی دژە ئاسایش و کێشەو پوتانسیەلەکانی وەکوو فاکتەرێکی دژە ئاسایش بۆ تێکدانی ئاسایشی ناوچەکە سەیر کراون. لە بەرامبەریشیدا لە لایەك کەمتر هەستمان بەو سیاسەتە کردوە، لە لایەکی دیکەوە لە یارییە سیاسییە پێوەندیدارەکان بە خۆمانەوە وەکوو پێویست رۆڵمان نەگێڕاوە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی تێگەیشتن لە سیاسەت و یاری سیاسی کە لە ژمارەی پێشووی ئەم گۆڤارەدا ئاماژەی پێکراوە. لەم وتارەدا هەوڵدەدەین یەك لەو رەهەندە گرینگانەی روانگەی پێویست بۆ کێشەکەمان، واتە روانگەی ئاسایشی، بە کورتی بخەینە بەرباس.

ئاسایش (امنیت) (Security) لە زاراوەدا "بریتییە لە حاڵەتی بەرییبوون لە هەرچەشنە هەڕەشە یان هێرش و یان ئامادەیی بۆ بەروڕووبوونەوە لەگەڵ هەر هەڕەشە و هێرشێکدا" ئەگەر لە دەلاقەیەکی واقێعبینانەوە سەیری واتای چەسپاوی ئاسایش لە ئەدەبیاتی سیاسی نێونەتەوەییدا بکەین، بەو ئاکامە دەگەین کە ئەو پێناسەیە پتر بۆ

حکوومەتو دەسەڵاتەکان کراوە نەك بۆ هێزو لایەنە ژێردەستەو مافخوراوەکان. چونکە ئەوەیەکە دیاریکەری پێناسەکانە، هێزو دەسەڵاتی سیاسیو بەرژەوەندیی لایەنە جۆراوجۆرەکانە، نەك زمانو ئەدەبیاتی "مەزڵوم نمایی"و چەوساوەیی. واتە هێزێك ئەگەرچی چووکە، دەتوانێ هاوکێشەکان بگۆڕێ، بە مەرجێك بە چاوێکی واقێعبینانەوە سەیری رووپەڕە سیاسییەکان بکاتو کار بکاتە سەر پشت پەردە سیاسییەکان. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە هەوڵ بدا بۆ بوونە کاراکتێرێکی بەهێزو سەرنجڕاکێش لە سووژەی سەر مێزی دیالۆگی پشت پەردە سیاسییەکاندا.

ئێمە وەکوو نەتەوەیەك کە لە حاڵی خەبات داین، خاوەن ژێئۆپلتیکێکی (Geopolitics) زۆر هەستیارین، کە دەتوانێ لە دوسێیەی کورد دا هەم خاڵی ئەرێنی هەبێو هەم خاڵی نەرێنی. ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناوچەیەکی گرینگو هەستیاری جیهانە کە هەر چەشنە کردەوەیەك تێیدا دەتوانێ کارتێکەریی و کاردانەوەیەکی جیهانیی هەبێ. بە پێی توێژینەوەی زانستی دەرکەوتووە کە ئەو ناوچەیە 67٪ی پاشکەوتە نەوتییەکانی جیهانی لەخۆگرتووە کە لە ئاستێکی باشدا بەرهەم دەهێنرێو تێچوونێکی کەمیشی هەیە. وڵاتانی ناوچەکەش بە تێکڕا خاوەنی ئابوورییەکی "تاك بەرهەم"ینو زۆربەشیان ئابوورییەکەیان بەستراوەتەوە بە نەوتو وزەکانی دیکەوە کە تەنانەت دەبێ نەوتو وزەی پێویستی خۆشیان لە دەرەوە دابین بکەنەوە(هاوردە)، بە واتایەکی دیکە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست شادەماری ئابووری پیشەسازیی جیهانە. ئەم پێناسەیە لەو ناوچەیە دەتوانێ لە رەهەندی جۆراوجۆرەوە تاوتوێ بکرێ، یەك لەو رەهەندانە، رەهەندی ئاسایشییە، پارێزەرانی ئاسایشی شادەماری ئابووری پیشەسازیی جیهان. بۆ ئەو مەبەستەش هەم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هەم یەکییەتی ئورووپاش لە سەر ئەو باوەڕەن کە دەبێ بە هەمو نرخێك ئاسایشی ئەو ناوچەیە بپارێزرێ. بۆ ئەو مەبەستەش چەندین تیۆریو پرۆژە هاتوونەتە ئاراوە کە بۆ وێنە دەتوانین لەوانە ئاماژە بە تیۆری "پێکهێنانی جیهانی ئاسایشی یەکدەست"ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین، بێگومان حاکمبوونی هێژموونی سیاسی، نیزامیو ئابوورییەکی یەکدەست بەسەر جیهاندا، هاتنە ئارای ئاسایشێکی یەکدەستی بەدواوەیە.

وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بردنە پێشی ئەم تیۆرییە لە چوارچێوەی پرۆژەیەکدا، خەریکی رەخساندنی بوارێکی لەبارە بۆ ژێۆپۆلیتیکی نوێ بە نێوی "ژێۆپۆلیتیکی رەخنەگرانە" (ژئوپولتيك انتقادی)، (Critica Geopolitics) یان بە واتایەکی دیکە بەو پێناسانەی کە پێشتر هێنامانە ئاراوە، ژێۆپۆلیتیکی پۆست مۆدێڕن دەست پێدەکاتو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی وڵاتان لەگەڵ ئەو پێناسانەدا سیاسەتی دەرەکی خۆی دادەڕێژێو هەر لەسەر ئەو بنەمایەشە کە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر بناخەی دوکترینی ئاسایشی نەتەوەیی بەڕێوەدەچێ. وەکوو ئەوەیکە زۆرجار ئاماژەی پێکراوە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەزموونی پشتگیری لە دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆو حکوومەتە توتالیتارەکانی لەبیرە، لە ژێۆپۆلیتیکی پۆست مۆدێڕندا هەوڵی داوە نێوەرۆکی ئەو سیاسەتەی پێشووی پێچەوانە بکاتەوەو یان لانیکەم گۆڕانێکی ریشەیی تێدا درووست بکات. بۆ چوونە پێشی ئەم سیاسەتەش شەڕی دژیەتێرۆریان وەکوو هەنگاوی یەکەمی ژێۆئستراتیژیکەکانی خۆیان هێناوەتە ئاراوە. یان بە واتایەکی دیکە ژێۆپۆلیتیکی پۆست مۆدێڕن سنووری نێوان شەڕو ئاشتی دست نیشان دەکاتو هۆکارو فاکتۆرە دژە ئاشتییەکان دەناسێنێ.

بۆ وێنە دیاریکردنی تەوەری شەڕ ( محور شرارت ) ئێران، سوریەو کورەی باکوور لەو رێکارانە بوون، پێش لێدانی عێراق ئەو وڵاتەش لەو تەوەرەدا بووە کەوابوو لێرەدا یەك، هیچ، سەڵەواتیـ بە سوودی دۆزی کوردە. لە چوارچێوەی

ئەو ژیۆپۆلیتیکە نوێیەدا کورد تۆپەکەی لەبەر پێی دایەو خۆشی لەمەیدانی بەرامبەرەکەدایە. واتە گەر گوڵیشی پێنەکرێ، دەتوانێ یاری پێبکات تا بوار بۆ گوڵ کردن برەخسێنێت.

لە بواری حەشیمەتەوە بەشی دووهەمی کورد لە ئێراندایەو خاوەنی بزووتنەوەیەکی ناسراو، بەهێزو دێموکراتیکە، هەنووکەش لەحاڵی خەباتدایە دژبە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران کە یەك لە وڵاتانی تەوەری شەڕەو بەهێزترین و ئەکتیڤترین پاڵپشتی تیرۆریزم لەئاستی جیهاندایە. کۆماری ئیسلامی زۆربەی مەوادە خاوەکانی تەوەری شەڕی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، پاڵپشتی پەرەپێدانی تیرۆریزمی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، دەستێوەردان لەکاروباری وڵاتانی دراوسێو ...، ئەوانە هەموو لەلایەك و دژایەتییەکی لەمێژینەی رۆژئاوا، بە تایبەت لەگەڵ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیەو، خۆی بەرێبەری ئیسلام و لایەنی بەرامبەری مەسیحییەت و زایۆنیزم دەزانێو بەردەوام لەهەوڵدایە کە خۆی بەلایەنی بەرامبەری ئەو دوو لایەنەی دیکە نیشان بدات. لەو نێوانەشدا لایەنی سوننە بە گشتی و توندئاژووی سوننە بە تایبەتی بە دوژمنی ئیستراتیژیك دەزانێت. کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خاوەنی تیۆری "شەڕی پێشگیرانەیە (Pre – empitive actions) کە مەبەست لەو تیۆرییە پێشگرتن بە مەترسییەکان لەدەرەوەی سنوورەکانی ئێرانەوەیە کە باشترین رێکاریش بۆ پراکتیزەکردنی ئەو تیۆرییە رێگای تیرۆر، ئاژاوەو قەیران خوڵقاندنە. بۆ ئەو مەبەستەش هاوڕێو هاوپەیمانێکی گرینگ وەکوو سوریەو پەیمانکارگەلێکی تازەنەفەس و ئامادە وەکو حیزبوڵڵای لوبنان، حەماسی فەلستین، شیعەکان لە عەرەبستانی سعوودی، شیعەکان لە ئەفغانستان، پاکستان و لە هەمووان گرینگتر شیعەکانی عێراق کە کاتی خۆی لەلایەن خۆیەوە سازماندراون و لەفێرگەکانی خۆیاندا ئاموزش دراون، هەیە. جیا لەوانە پەل دەهاوێژێ بۆ وڵاتانی دیکەو ناوچەکانی دیکەش. جیالەمانەش کۆماری ئیسلامی بە هەموو تواناوە تێدەکۆشێ پیشان بدات کە لەدابینکردن و کۆنترۆڵ کردنی ئاسایشی نێوخۆیی و سنووریدا سەرکەوتوو بووە، ئەوە لەحاڵێکدایە کە لە تیۆری ئاسایشی نەتەوەییدا کۆماری ئیسلامی، تێکدانی ئاسایشی وڵاتانی دیکە بە فاکتۆرێکی کاریگەر دەزانێت.

بە سەرنجدانێکی ورد لە پێکهاتەی دێموگرافی ئێران، تێدەگەین کە ئەو وڵاتە لە رادەیەکی 60٪دا لەنەتەوەکانی دیکە پێکهاتووە، ئەو نەتەوانەش هەر کامە خاوەن رابردوویەك لەخەبات و پێکدادان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران و کۆماری ئیسلامیدا بوون، یەك لەو نەتەوانە، نەتەوەی کورد بووە کە هەردەم خاوەنی فاکتۆرەکانی خەباتێکی ئەکتیڤ بووەو ئێستاش لەسەرەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندایە. لە ئێرانیشدا توانایی مانۆڕی لەچوار پارێزگای ورمێ، کوردستان، کرماشان و ئیلامدا هەیەو هاوکات دەتوانێ کێشەی چەند لایەنە بۆ وڵاتانی ئەرمەنستان، تورکیەو عێراق درووست بکات و سنوورە نێوخۆییەکانیش تێك بدات، واتە دینامیزم و پۆوتانسیلێك هەیە کە نەتەنیا دەتوانێ ئاسایشی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی تێك بدات، بەڵکوو ئەو هێزەشی هەیە کە پێش لە دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی جیراندا بگرێ.

کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە لەبەرامبەر هێزێکی پارتیزاندا چەندە بێهێزو لاوازە، بەڵام بە پێچەوانەوە بۆ بەڕێوەبردنی کردەوەگەلی دژەئاسایشی و سیخوڕی و تیرۆرو تەخریبکردن پسپۆڕو بەئەزموونە. لەباشووری کوردستانیشدا پێنج پارێزگای گەورەی دهۆك، موسڵ، هەولێر، کەرکووك و سلێمانی دەتوانن رۆڵی گرینگ لەئاسایشی ناوچەکەدا بگێڕن، موسڵ، دهۆك و هەولێر دەتوانن کار بکەنە سەر سنوورەکانی تورکیەو سوریەو قەیرانی گەورەی ئاسایشی، ئابووری، سیاسی، بۆ ئەو دوو وڵاتە بخوڵقێنن و لەلایەکی دیکەوە لە پارێزگای

هەولێرو سلێمانیەوە کێشەی سنووری بۆ ئێران بخوڵقێنن، لەسەرەوەشی باکووری کوردستان دەتوانێ لەرێگای پارێزگاکانی هەکاری، وان، قەرە کۆسە، قارس، ئەرزرووم، ئەرزنجان، سیواس، مەلاتیە، درعەش، ئەسکەندەری، گازی ئانتەب، ئورفەو ماردینەوە دەتوانن هەم لە ئاستی نێوخۆداو هەم لەئاستی دەرەکی دا کەمەربەندێکی ئاسایشی پێك بێنن و هەم کار بکەنەسەر ئاسایشی وڵاتانی دراوسێ وەکوو ئێران، سوریەو هەم تورکیە کە وڵاتێکی توریستییەوە زۆرترین داهاتیشی لە رێگای پیشەی توریست( گەشتیاری"یەوە بەرهەم دێت. ئەو تایبە تمەندییە یەکێ لە تایبە تمەندییە گرینگەکانی وڵاتی تورکیەیە. کەوابوو خودی بوونی پیشەی توریسم (گەشتیاری) دەتوانێ فاکتەرێکی بەهێز بێ بۆ بەرەوپێش بردنی پلانە سیاسییەکانی خەڵکی کورد. بە سەرنجدان بەوەیکە باکووری کوردستان 21 پارێزگایەو حەشیمەتی کورد لەوێ پتر لە هەرسێ پارچەکەی دیکەیە، بزوتنەوەی کورد ئەگەر لە چوارچێوەی سیاسەتێکی ئەمڕۆیی، دێموکراتیك و خەڵکیدا چالاکی بکات و لە دەرفەتەکان کەڵکی گونجاو وەربگرێت دەتوانێ لە لایەك فەزایەکی دۆزەخی بە جێی فەزای ئەمن و هێمنی لە تورکیەدا بخوڵقێنێ، لەلایەکی دیکەشەوە دەتوانێ لە هەڵکەوتێکی توریستی ئەو وڵاتە وەکوو پردێکی پێوەندی بەرەو دنیای دەرەوە کەڵك وەربگرێت.

پێش لێدانی عێراق دەکرا بڵێین کوردستان لە نێوان چوار کوچکەی شەڕ یان شەیتانیدا هەڵکەوتبوو، بە لێدانی عێراق یەکێ لە فاکتۆرە مەترسییە دژەئاساییشەکان لەسەر بەشێك لە کوردستان کەم بووەوە، بەڵام سێکوچکەی شەیتانی دژە کورد هەر لەجێی خۆیەتی. خاڵێکی جێگای سەرنج ئەوەیە کە دوو وڵاتی ئێران و سوریە، لە کۆمەڵێك خاڵدا دەکەونە تەوەری شەرارەتەوە کە بریتین لە پاڵپشتی گرووپە توندڕەوەکان و بزاوتە توندئاژۆییەکان لە فەللەستین و لوبنان دژ بە ئیسرائیل، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، دژایەتی رەوەتی ئاشتی ناوچەکە بە تایبەتی ئاشتی عەرەبەکان، فەلەستین، ئیسرائیل و ....، بەسەرنجدان بەو هەڵکەوتە تامپۆنییەی کوردستان، دەتوانین لە روانگەیەکی واقێعبینانەوە بڵێین کوردستان و کورد خاوەنی توانایەکی ئەوتۆیە کە هاوکات نەتەنیا ئاسایشی هەر چوار دەوڵەتی داگیرکەرەکەی تێکبدات، بەڵکوو دەتوانێ پتر لە فەلەستین کێشە بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بخوڵقێنێ.

چوار دوژمنی سوێندخواردوو

جار جار دەبیستین یان دەخوێنینەوە کە فڵان وڵات یان فیسار دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان چاکتر بووە یان خراپترە، بەڵام بەڕاستی ئەمە نیشانەی سادەیی و ساویلکەیی ئێمەیە یان هەر وایە؟ ئەگەر خوێندنەوەیەکمان لەسەر کردەوەو سیاسەتی هەر چوار وڵات هەبێ خێرا لەو چەشنە بیرکردنەوەی خۆمان پەژیوان دەبینەوە. چونکە هەر چوار وڵات لەچەندین دانیشتن و ئاخافتندا، پەیمان و بەڵێنییان بۆ یەك هەڵوێست بوون لەهەمبەر هەڕەشەی کوردەکاندا چەند پات کردۆتەوە بۆ وێنە پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانی هەشتاکانی باشووری کوردستان لەلایەن دیکتاتۆری بەعس، سەددام حوسێنەوە، دانی حوکمی جیهاد دژبە گەلی کورد و بە کافرزانینیان و حەڵاڵکردنی خوێن، ماڵ و نامووسیان لەلایەن دیکتاتۆری بە ناو ئیسلام ئایەتوڵڵا خومەینییەوە، تورکیە بەردەوام بە دڕندانەترین شێواز شۆڕشە کوردییەکانی سەرکوت کردوە، لەوانە دەتوانین ئاماژە بە هێرشەکانی ساڵی 1984 بکەین کە دەوڵەتی کەمالیستی تورکیە شەڕێکی تێرۆریستی بەرین و ترسناکی لەدژی کوردستان دەستپێکرد، بە داخەوە ئەوەشی لەکاتێکدا بوو کە یارمەتییە ئابووری و نیزامییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ تورکیە روو لەزیادبوون بوو، ئەو یارمەتییانە بریتی بوون لەفڕۆکە جەنگییەکان، تانگ، ئاموزشی جۆراوجۆری نیزامی و ....، دیارە لەبیریشمان نەچێ کە تورکیە ئەندامی ناتۆ بوو و هەر وڵاتێکی ئەندامی ناتۆ پێویستە لەیارمەتی بەخشینەکانی وڵاتەیەکگرتووەکان بێبەری نەبێ، ئەوکات مافی مرۆڤ بەلای ئەوانەوە جیا لە مافی هاووڵاتییانی ئەمریکایی

بوو؛ گرینگ راگرتنی پێگە ئێستراتیژیکییەکان و دڵی هاوپەیمانانیان بوو؛ لە راستیدا ئەوە لە رووداوەکەی 11ی سێپتەمبری 2001ی زایینیدابوو کە مافی مرۆڤیش لای ئەو دەوڵەتە گرینی پەیدا کرد. جێگای هێما بۆ کردنە کە بەکەڵکوەرگرتن لەو یارمەتیو دیارییانەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو سیاسەتی فاشیستییانەی دەوڵەتی کەمالیزم دەیان هەزار خەڵکی بێچەک کوژران، پتر لە 3500 شارو گوند کاول کران، دەکرێ بڵێین ئەم جینایەتە کارەساتبارتر لە بۆمبارانی کۆزۆڤۆ لەلایەن هێزەکانی ناتۆوە بوو، دیارە لوتکەی ئەو دڕندەییە 1997 بوو کە جگە لەو کوشتارو کاولکارییە پتر لە دوو تا سێ میلیۆن کەس پەڕیوەی وڵاتان بوون. لە راستیدا ئەم کردەوە ژینۆسایدو نەسلکوژییەش لەژێر ناوی شەڕی دژە تیرۆردا بەڕێوە چوو. سورییەش کە بەردەوام بە هۆی کەمی حەشیمەتی کورد لەوێو سیاسەتی راگواستنیانو بڵاوکردنەوەیان لەگەڵ چوکترین کردەوەدا بە توندترین دژکردەو سەرکوت کراون، لەوانەە دەتوانین هێما بۆ کوشتارەکەی قامشلی بکەین.

کوردستان و گرینگی ئاسایشی ناوچەکە:

بە سەرنجدانێك لەنەخشەی جوغرافیایی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەو راستییە دەگەین کە جوغرافیای کوردستان لە روانگەی ژیۆپۆلیتیکەوە هەڵکەوتێکی گرینگی هەیە کە ئێران، عێراق، سوریە، تورکیە، ئازەربایجان، ئەرمەنستان، گورجستان پێکەوە دەبەستێتەوە. هەروا کە هێمامان بۆ کرد سێکوچکەی ئێران، سوریە، عێراق کە وڵاتانی تەوەری شەڕانگێز (شرارت) بوونو بەردەوام زەقترین ئاستەنگی سەر رێگای ئاشتیو دێموکراتیزاسیۆنی ناوچەکە بوونو هەن، سێوڵاتن کە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە. لەلایەکی دیکەوە زۆرترین بەشی کورد لەوڵاتی تورکیەدایە، وڵاتێك کە لەلایەك لەسەردەمانی ئیمپراتووری عوسمانیدا لەئاڵا هەڵگرانی شەڕی سەلیبی بووەو ئێستاش یەکێ لە مەترسیدارترین خێزگەکانی ئیسلامی توندئاژۆیە. لەلایەکی دیکەوە ئەو وڵاتە ئەگەرچی سەردەمانێك بە هۆی تایبەتمەندی ژیۆپۆلیتیکییەوە لە هاوپەیمانانی رۆژئاوا بە تایبەت ئەمریکا بووە، کەچی لەلایەکی دیکەوە وەکوو نوێنگەی پان تورکیزم بە دەسەڵاتێکی تەواو نیزامییەوە پرۆژەی ژینۆسایدی کوردو پاکتاوی رەگەزی ئەرمەنی بەڕێوە بردووەو دەستێوەردانی کێشەی قیبرسی کردووە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گەورەترین پردی پێوەندی هەمەلایەنەی نێوان ئورووپاو ئاسیا بەتایبەت ئورووپاو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە.

بە سەرنجدانی ورد لە بارودۆخی ئەو چوار وڵاتە بەو ئاکامە دەگەین کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەسڵی دابینبوونی ئەمنییەت، کە بچووکترین فاکتۆر دەتوانێ هۆکارێکی نائەمنی بێت، بەڵام بۆ سەقامگیرکردنی ئەمنییەت کۆمەڵە فاکتۆرێکی بەهێزو فرەڕەهەند پێویستە، ئەو چوار وڵاتە بە بێ لەبەرچاوگرتنی خواستەکانی کورد ناتوانن بانگەشەی پاراستنی ئاسایشی خۆیان بکەن. بێگومان رەوتی ئاسایش حاڵەتێکی سیاسی هەیە، واتە شەڕێکی پارتیزانی لە چیاکانی کوردستان، یان هەڕەشەیەك بۆ سەر چاڵە نەوتەکانی باباگوڕگوڕ، یان هەڕەشەیەك بۆ سەر شارەکانی تورکیە، یان هەڕەشەیك بۆ سەر سنووری بازرگانی لەنێوان ئێرانو تورکیەدا، یان هەڕەشەیەك بۆ سەر پاڵاوگە نەوتییەکانی "نەوتشار"ی کرماشان دەتوانێ دەنگدانەوەیەکی جیهانی هەبێو ئاسایشی ناوچەکە بخاتە ژێر کاریگەرییەوە. بە پێچەوانەشەوە چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەتوانێ فاکتۆرێکی بەهێزو کاریگەر بۆ بەرەو پێشچوونی پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو پرۆژەی چاکسازی هەمە لایەنە لەناوچەکەو پراکتیزەکردنی پرۆژەی دێموکراتیزاسیۆن بێت. چونکە دەبێ بزانینو دونیاش بەو قەناعەتە بگەیەنین کە سەرچاوەی بەشێکی سەرەکی لەقەیرانەکانی ئەو ناوچەیە، ئێران، سوریە، عێراقو تورکیەیە، هەروەها کە دەزانین رەوتی رادیکالیزمی

ئیسلامی کە پڕ مەترسیترین فاکتۆری توندوتیژی لە ناوچەکەو جیهاندایە لەو ناوچەیەدا بە زەقی خۆدەنوێنێو تەنانەت بانگەشەی رێبەریی رادیکاڵیزمی جیهانی ئیسلامیش دەکات.

تەنیا فاکتۆرێك کە بتوانێ پێش بەو مەترسییە بگرێ، پاڵپشتی هێزێکە کە لەبەرامبەر ئەواندابێت. بۆ ئەم مەبەستەش کورد هەموو تایبەتمەندییەکانی وەها هێزێکی هەیە. ئەگەرچی دەبینین وڵاتانی ئیسلامیو عەرەبی هەوڵ دەدەن هەرکام بە چەشنێك هێزێکی ئیسلامی لە کوردستاندا ساز بکەن یان ڤیرووسی توندڕەوی ئیسلامی لە کوردستاندا ببیننەوەو پەرەی پێبدەنو بەهێزی بکەن، کەچی ساڵانێکی دوورودرێژە کە گەڕان بە دوای شوناسی خۆیدا، کوردی کردۆتە هێزێکی سێکۆلارو بەرەو هێزی ناوچەییبوونی دەبات.

جێی هێما بۆ کردنە تورکیەی کەمالیستی دەبێ لەو راستییە گەیشتبێ کە ئیدی ئەو بایەخەی بۆ رۆژئاواو ئەمریکا نەماوە. تورکیە ئێستا بە جیددی قەیرانی دۆزی کورد هەیە، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەکە ئەو وڵاتە ئێستا بە تێکچوونی هێڵە ئێستراتیژیکەکان لە ناوچەدا وەکوو هاوپەیمانێکی پڕ کێشەو گرفت دەرکەوێ، هەر بۆیە نە وڵاتانی ئورووپاییو نە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هیچکام حەزیان لە خۆتێکەڵ کردن لەگەڵ ئەو کێشانەدا نیە. تورکیە بە هۆی چەند هۆکاری توندوتیژی، گەندەڵی، شۆڤێنیستیو تەنانەت راسیستیی نەتەوەیی، سەرکوتو خەفەقان، کێشەی ئیسلامیو سێکۆلارو نیزامییەکان، کێشەی کورد لە ئاستێکی جیددیداو کێشەی ئەرمەنییەکانو کۆمەڵێك کێشەی دیکە، ئەو وڵاتەی وەکوو دارێکی بە تەواو کرمۆڵ لێکردوە، ئەرتەشی تورکیەش بەو کولتوورە کودتاییەوە کە هەیەتی ئیدی توانای راوەستانی لە بەرامبەر ئەو هەموو گرفتانەدا نیە. خولیا ئێستراتێژییەکانی تورکیە بە بنبەست گەیشتوون. کوردەکان لە عێراقدا قسەی سەرەکی دەکەن، هەرێمی کوردستان وەکوو هەرێمێکی خولیایی لە ئێستای عێراقدا خۆدەنوێنێ، هەرێمێك کە هێمایە بۆ توانایی خۆبەڕێوەبەرییو سیستمی ئیداری حکوومەت لە لایەن کوردەکانەوە، لە لایەکی دیکەوە دەتوانین بڵێین رووخانی ئارمانە ئێستراتیژکەکانی حکوومەتی بەعسی عێراقو لە دەستدانی نرخی هاوپەیمانەتیو ئێستراتێژیکی تورکیە، هەلێکی زێڕینە بۆ بەخۆداچوونەوەی هێزە کوردییەکان، هەلێکە بۆ خۆپێناسە کردنەوەیەکی دیکەی کوردو خواستەکانی. بۆ داڕشتنەوەیەکی دیکەی خەتە سیاسییەکانو لە چاوکردنی چاویلکەی ئەمنیەتی بۆ دیتنەوەی رێگاگەلێکی کردەکیتر بە مەبەستی بردنەسەری نرخی دۆزەکەمان.

پێویستە بزانین کوردەکان هەم لە عێراقو هەم لە ئێراندا لەسەر سەرچاوەی چڕی نەوتنو بە درێژی زەنجیرە چیای زاگرۆس تا نێو تورکیە دەسەڵاتیان بەسەر سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاو لەو ناوچەیەدا، واتە دوو رووباری گەورەی دیجلەو فوراتدا هەیە کە رۆڵێکی بەهێز لەداهاتووی ناوچەکەدا دەگێڕن. هەروەها کوردەکان لەسەر زۆر سەرچاوەو کانزای جۆراوجۆرنو لە رێگای بەندەری ئەسکەندەروونەوە دەگەنە دەریای رەش، ئەو شوێنەی کە خاڵی پێکدادانی ئیدیعا چەندین ساڵەییەکانی تورکیەو سوریەیە، بەڵام بەستراوە بە چارەنووسی کوردەکانەوە. چارەنووسی کوردەکان لە ناوچە، لە ئێستراتێژی نوێیاندا بێگومان لە چاوی ئستراتیژیستەکانی وڵاتەیەکگرتووەکانەوە دوور ناکەوێتەوە.

وڵاتانی ناوچە بە تایبەت وڵاتانی عەرەبی زۆر جار پێوەندی نێوان کوردەکانو ئیسرائیلییەکان دەکەن بە کراسە خوێناوییەکەی عوسمانەوەو ئێرانو تورکیەش بەردەوام دڵەڕاوکێو ترسو نیگەرانی خۆیان لەو پێوەندییانەدا دەربڕیوە. ئەوە، لەحاڵێکدایە کە خودی وڵاتانی عەرەبی چ بە نهێنیو چ بە ئاشکرا بەردەوام لەگەڵ ئەو وڵاتە لە پێوەندیدا بوونو تورکیەش بە هاوپەیمانێکی ئێستراتیژیکی دەزانێو ئێرانیش لەشەڕی ئێرانو عێراقدا بەشی

هەرەزۆری چەك‌و تەقەمەنی بە نهێنی لەو وڵاتە دەکرێ. ئەوانیش پێویستە ئیدی لەو راستییە تێبگەن کە بەو هەڵکەوتە جوغرافیایی‌و ژیۆپۆلیتیکییە کە کوردستان هەیەتی، لەژیۆپۆلیتیکیی رەخنەگرانە (Critical Geopolitics)دا شیاوترین جێگای هەیەو سوپرە پاوەرانی جیهان ناتوانن چاوپۆشی لێبکەن. کوردستان لەناوەندی کۆی ئەو وڵاتە قەیران خوڵقێنانەدا هەڵکەوتووە کە فێرگەی ئیسلامی سیاسی، راسیزم، بیرۆکەی تیرۆریستانەکان‌و کۆی سەرچاوە توندوتیژییەکانن. ئەو ناوچەیە کە بەردەوام مەکۆی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەو جیهان بووە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کورستان خۆی بە درێژایی مێژوو گیرۆدەی دەستی ئەو فاکتۆرانە بووەو لە هەوڵی دەربازبوون لەو قەیرانانەدا بووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فاکتۆرانە کوردستان باشترین کاراکتێرو هێزی کورد ئەکتیڤترین هێز بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتی‌و پێکەوەژیان‌و تەناهی لەو ناوچەیەدایە.

دەرەنجامەکان:

1ـ بە سەرنجدان لەحاڵەتی سیاڵی جیهان هێزی کوردو رێبەریی کورد دەبێ هەوڵ بدات وەکوو کاراکتێرێکی ناوچەیی هێزی خۆی بسەلمێنێ، چونکە لەراستیدا لەتیۆری ژیۆپۆلیتیکی پۆست مۆدێرندا، زۆرێك لەوردە هێزە پێشووەکان ئێستا باندۆری بەرچاویان لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوچە هەیە.

2ـ کوردستان تامی کاریگەری دەسەڵاتە ئیدئۆلۆژیکەکان، چ ئیسلامی و چ نائیسلامی بە بوونی دیکتاتۆرەکان چێشتوە، کەوابوو ئیدی عەقڵییەتی سیاسیی کورد چ لەئاستی گشتی‌داو چە لەئاستی رێبەریی سیاسیدا جارێکی دیکە نایهەوێ ئەو ئەزموونە تاڵە داسەپاوانە بە هیچ نرخێك بچێشێتەوە، هەر بۆیە ئاگایانە یان نائاگایانە بوار بۆ فەزای راسیۆناڵ‌و سیکۆلار رەخساوەو ئەوەش خاڵێکی ئەرێنییە.

3ـ ئێستا ئیدی لەقۆناخێکداین کە هێزە راستەقینە کوردییەکان ئامادەن بە هەموو نرخێك لەبەرامبەرئەو هەڕەشەو مەترسییانەدا راوەستن کە لەناوچەکەدا بەرەوڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش هەم لەئاستی فەزای نێونەتەوەیی‌دا شەپۆلی دیپلۆماسی هێزە کوردییەکان یەکدەنگ‌و چالاکەو هەم لەکوردستانیش هێزەکان یەکدەنگ‌و یەکسەنگەرن. کەوابوو ئەم قۆناغە سیاسییەی کوردستان لەتەواوەتی خۆیدا قۆناخێکی تایبەتەو لەگەڵ هیچ قۆناخێکی مێژوویی دیکەدا هەڵناسەنگێندرێ.

***********

# فەرهەنگۆك

1_هەڤگریی: (Antigration)

2_هێزنواندن: (Manour)

3_تێخ کێشان : هەڕەشەکردنی جیددی بە مەترسی کردەوە( پراکتیك )ەوە.

4_دەفرایەتی : هەڵگریی (زەرفییەت )(Cafacity)

5_تێکەڵاو : تەرکیب(Combination)

6_دوو تێکەڵاوی : دوو پێکهاتەیی (دو ترکیبی )(Multi-Combination)

7_بەرگریی رەوا : دفاع مشروع

8_وزەخانەی ئەتۆمی: شوێنێ کە لە رێگای ئەتۆمەوە وزە بەرهەم دێ (نیروگاە اتمی )(Nuclear Agent)

9_وزەی ئاشتیخوازانەی ئەتۆمی : (نیروی سلح امیز اتمی )

10_یاریی هەزارو یەك شەو: بەواتای یاری درێژخایەنەو لە ئەدەبیاتی سیاسی فارسی دا واتای خەڵافاندن دەدا( بازی هزارو یك شب )
11_رایلكەی بازاڕی رەش : بە واتای بازاڕی ئازادو مافیاییە كە هەموو سەودایەكی تێدا دەكرێو جارجار خودی بەرپرسانی دەوڵەتەكانیش تێیدا بەشدارن.
12_چەكەمەنی : ئامرازی شەڕ یان چەكو چۆڵ(Weapon)
13_جەنگ ئامێر : ئامێری شەڕكردن
14_دۆزراوان: ( اكتشافات)(Invition)
15_ژینگەی گلۆبالی : جۆری ژیانی زاڵی جیهانی بەسەر كۆمەڵگادا
16_تیرۆریزم : (Terrorizm)
17_ئاسایش : هێمنایەتی ( امنیت)(Security)
18_ئاسایشی كۆمەڵایەتی : (Sosial Security)
19_ئاسایشی نەتەوەیی :(Ntional Security)
20_ئاسایشی نێونەتەوەیی :(International Security)
21_ئاسایشی بەكۆمەڵ :(Individual Security)
22_ئاسایشی تاكەكەسی :(Collective Security)
23_ئاسایشی دەرەوەی پێكهاتەیی: ( امنیت برون ساختاری )
24_ئاسایشی نێو پێكهاتەیی ( امنیت درەون ساختاری )
25_دژە ئاسایش: ( زد امنیت)(Anti Security)
26_توانای بەرگریی ستراتژیك :(Pomer of strategic defence)
27_كومیتەكان: باندو گروپگەلێ بوون كە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران، لە لایەن ئاخوندەكانەوە ساز كرابوونو بۆ ماوەیەك كوشتو بڕیان كرد
28_ئاوبەن كردن : اب بندی (بە واتای پتەوكاری بە مەبەستەی نم نەدانی كارەكە، كە لێرەدا یانێ كەڵك وەرگرتن لەو پەڕی وردبینی )
29_ هاوسەنگی هێزەكان: توازن قوا
30_هاوسەنگی وەحشەت: ( توازن وحشت )
31_بەربەستی كارتێكەری: ( سد نفوز)(Controlling interferce)
32_زاڵەترەكێن: هەستكردن بە ترسێكی لەڕادەبەدەرو كاریگەریی وەرگرتنی دەروونی(Panic)
33_پە یمانكاریی تیرۆریستی: واتە گرێبەست مۆركردنی گرووپو لایەنی تیرۆریستی لە لای لایەنو هێزێكیترەوە
34_شوفاریی: سیخوڕی ( جاسوسی )(Espionaje)
35_چلۆسك: دارێكی باریك كە سەرێكی ئاوری پێوەیە، كۆمەڵەدارێكیتری پێ ئاور دەدەن
36_سیاسەتی ئامرازی: بەكارهێنانی لایەنێك ین فاكتۆرێك لە سیاسەتدا وەكوو ئامراز
37_ستراتژی تۆقان: ستراتژی ترسو خۆف
38_تۆقێنەر: پلەیەك بانتر لە ترسناك

39_گوژم: توندو گوشار

40_رێی پێ نەدان: قەدەغەکردن

41_خۆمەش: (خودکار)(Awtomatic)

42_نیوەخۆمەش: (نیمەخودکاری)(Half-awtomatic)

43_گڤاش: هەڕەشەی توند(Fear)

44_ هۆرم: متمانە

45_ساوێر: توهم ـ خەیاڵی خاو(dreamly)

46_تەوەری شەڕئاشۆیی: تەوەری ئاژاوە ـ تەوەری شەیتانی ـ ( محور شرارت)(Axis of evil)

47_هێلالی شیعی: ستراتژییەکی جوگرافیایی ـ سیاسی کە لە سەر بنەمای هاوپەیمانی شیعی بە سەرکردایەتی ئێران لە ئارادایە

48_ستراتژی شەڕی پێشگرانە: بازدارندگی ستراتژیك(deterrent stratejy)

49_وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا: (The United states)

50_سیال: بۆ وێنە بە واتای ئەوەیە کە ڕوودانی ڕووداوێك لە کونجێکی جیهان کار دەکاتە سەر خاڵەکانی دیکەی جیهان بە ڕێژەی کەم تا زۆر.

51_هیژمون: باندۆری سیاسی(Hegemony)

52_سێقتی جنین: بە واتای لە نۆتفەدا کوشتنو ساقت کردنی منداڵە، کە لێرەدا بۆ ساقت کردنی پرۆژەیەکی سیاسی بەکار دێ

53_شەڕی پێشگرانە: (جنگ پیشگیرانە) ـ دفاع پیشدستانە.(deterrent war)

........................................................................

**هوشیار ئەحمەدی:**

07501311433

07501076439

بڵاو کرایەوە لە

**https://pmnews.se**

سە رچاوە کانی کتیبی "گە مە ی سێبە رە کان):

١_تروریسم - تاریخ، جامعە شناسی، حقوق. گردآوری و ویرایش علیرچاگیب – نشرنی چاپ یکم ١٣٨٢.

٢_ویل دورانت – تاریخ تمدن، قیێر وسیع - ترجمە حمید عنایتی، پرویز داریوش و علی اێغر سروش، تهران، شرکت انتشارات علمی فرهنگی - ١٣٦٦.

٣_آلبرماله وژول ایزاک، تاریخ رم، ترجمه غلامحسین زیرک زاده، تهران ابن سینا، ١٣٤٥.

٤_علی بیگدلی، ترورهای سیاسی در تایخ ایران معاێر، سروش، ١٣٧٧.
٥_مجله اگلاعات سیاسی اقتێادی -شماه ١٧٤ - ١٧٣، ( بهمن و اسفند ١٣٨٠ ).

٦_"انترنت علیه تروریسم" مجله کامپیوتر، سال ١٠، شماره ٦٨، ( خرداد و تیر ١٣٧٨).

٧_درباره ترویسم و آینده، مقاله و الترلاکوئیور، " تروریسم پست مدرن" ماهنامه نگاه شماره ٢٤.

٨_برنارد لوئیس، تاریخ اسماعیلیان، ترجمه فریدون بدرهای، تهران، توس، ١٣٦٢.

٩_د. فرهاد دفتری افسانه های حشایش یا اسگورهای فدائیان اسماعیلی، ترجمه فریدون بدره ای، تهران، فرزان روز، ١٣٧٦.

١٠_پرویز دستمالچی، تروریسم دولتی، برلین، ١٩٩٥.

١١_مجتبی رحماندوست. درباره گروه فرقان، "گژری بر تاریخچه و اندیشه گروه فرقان "گرد آورنده حسین واپقی، تهران، ێدرا، ١٣٧٨.

١٢_وتاره کان و لێکۆڵینەوە کانی دامەزراوەی راند ( Rand corporation ) لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئامریکا لەمە ڕ تیرۆریزم. کە ئە م دامە زراوە زەنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی بە ئاکام گەیاندوە کە پتر لە ٣٥٠٠ ڕووداوی تیرۆریزمی لەخۆ دەگری لە ساڵی ١٩٦٨ وە تاکوو ئێستا.

١٣_وتاری برایان جنکینز ( Brian Jenkins ) لەمەڕ ئیستراتیژە جۆراوجۆرەکانی تیرۆریزم.

١٤_وتاری شۆڵتس وەزیری دەرەوەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئامریکا لە ئۆکتۆبری ١٩٨٤ لە نیۆیۆرک دا لەمەڕ دژە تیرۆریزم.

١٥_(New uoyrk times, ٢٥Jun ١٩٨٥) وتاری الکساندرهیگ، وەزیری پێشووی دەرەوەی ئامریکا. سە روتار.

١٦_Leon Trotsky, Their Morals ond ours, New york: Pahfinder Press, ١٩٦٩ باسێک لە لایەن ترۆریستێکەوە لەمەڕ بارمتە گرتنی ئیستالین، بە بارمتە گرتنی بنەماڵەی دیپلۆماتە لەلایەن ئیستالینەوە.

١٧_ڕاپۆرتی نیۆیۆرک تایمز لە ساڵی ١٩٨٨دا، لەمەڕ کوژرانی کۆمەڵێک پۆلیس لە شەڕی مادە هۆشبەرەکاندا.

٣٠ سیپتامبری ١٩٨٩ لاپەرە ٢٢.

١٨_New york Times. ٣١Agust ١٩٨٩ ڕاپۆرتآ لەمەڕ کۆمەڵێک پۆلیس لە شەڕی مادە هۆشبەرەکانء گروپی مائۆیستی "ڕێگای درەوشاوە "ی پێرۆ.

١٩_ڕەزا هیلال، جیهانی ئیسلامیء پرۆسەی دێموکراسی –و: شوان ئەحمەد-گۆواری سەردەم، ژ: ٣١ - ٢٠٠٤.

٢٠_تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، ن: د.ئەحمەد محەممەد ڕەفعەت. د. ساڵح بەکر- ئەلتەیار -و: کوێستان جەمال - ٢٠٠٣ سلێمانی.

٢١_نڤام بین الملل: بازدارندگی و همپاییگی استراتیژی - د. علیرچا ازغندی - تهران ١٣٧٠ نشر قومس.

٢٢_جوزف فرانکل، روابگ بین الملل در جهان متغیر، و: عبدالرحمان عالم ( دفتر مگالعات سیاسی و بین المللی ١٣٦٩).

٢٣_مجله سیاست خارجی، سال دوم، دی –اسفند ١٣٦٦، شماره ١ لەمەڕ سیستەمی نێونەتەوەییء ڕەوتی گۆڕان پاش شەڕی سارد.

٢٤_سیف زاده، سیدحسین، نڤریه های مختلف در روابگ بین الملل (تهران نشر سفید ١٣٦٨).

٢٥_بهزاد (مددی). حمید، اێول روابگ بین الملل و سیاست خارجی ( تهران انتشارات دهخدا ١٣٥٢).

٢٦_کلود دلماس. پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، و: مهدی پرهام (تهران، سازمان انتشارات و آموزش انقلاب اسلامی ١٣٦٨.

٢٧_گرێبەستی چەند لایەنە ی قەدەغە کردنی تاقیکاری چەکە ئەتۆمیەکان لە ئاسماندا، و لە ژێر دەریاوە، مسکۆ لە ئوتی ١٩٦٣ زایینی.

٢٨_پقفی عامری. نائر، ئیبتکاری بەرگری ئیستراتیژی ئامریکا یان شەڕی ئەستێرەکان (تهران ـ دفتر مگلعات سیاسی و بین المللی ١٣٦٥.

٢٩_ازغندی، علیرچا: میلیتاریسم و عقب ماندگی اقتێادی جهان سوم ( تهران، فرهنگ ١٣٦٢.

۳۰_الجزایری ـ سعیده : سازمانهای اگلاعاتی و جهان، و: عباس سعیدی فر ( تهران. انتشارات سلسله ۱۳٦۳.

۳۱_انیّاری، مسعود: تشنجات سیاسی پس از جنگ دوم جهانی، ( تهران انتشارات اشراقی ۱۳۵۳).

۳۲_بهزادی. حمید: اۑول روابگ بین الملل و سیاست خارجی، تهران انتشارات ۱۳۵۲.
۳۳_تراگنزا، مایکل: سازمانهای جاسوسی مهم جهان، ترجمه ا.ش. زندنیا ( تهران، ایران زمین ۱۳٦۰).

۳٤_چامسکی. نوام و دیگران: دهه ی جنگ سرد (روند جنگ سرد در دهه۱۹۹۰)، ترجمه شاهروخ وزیری ( تهران، نشر سلسله ۱۳٦٤).

۳۵_راسل. برتراند: جنگ هسته ای، ترجمه فریدون حاجتی ( تهران، انتشارات اکباتان ۱۳٦۱).

۳٦_ژیاک. جان. جی: برداشتهای شوروی از بین قدرت نڤامی، ترجمه مسعود کشاورز ( تهران، دفتر مگالعات سیاسی و بین المللی ۱۳٦۷).

۳۷_سوئیزی. پل و دیگران: سیاست خارجی امریکا در دهه۱۹۸۰، ترجمه پیروز الف ( تهران، انتشارات تکاپو ۱۳٦۰).

۳۸_سیف زاده، سیدحسین:نڤریه های مختلف در روابگ بین الملل( تهران، نشر سفید۱۳٦۸).

۳۹_فرامرزیان. ر.ا: نڤامگیری و اقتۑاد در ایالات متحده امریکا، ترجمه مرتچی کاڤمی یزدی ( تهران. نشر آژرپوش. بی تان).

٤۰_لیویچی، آئور و دیگران: جهان در آستانه قرن بیست و یکم، ترجمه علی اسلامی ( تهران، سازمان انتشارات و آموزش انقلاب اسلامی ۱۳٦۷).

٤۱_معتدی. محمد: تشنج زادایی، آمریکا و شوروی، ( تهران، بی نا ۱۳۵۷).

٤۲_والترز، رابرت: دام سلاح هسته ای و راهی برای گریزازان، ترجمه محمد رچا فتاحی( تهران، دفتر مگالعات سیاسی و بین المللی ۱۳٦۳).

٤۳_الهی.د. همایون: امپرالیزم و عقب ماندگی،۱۳٦۷، نشر قوس.

٤٤_الهی د. همایون: خلیج فارس و مسایل آن ۱۳٦۸.

٤۵_نقیب زاده. د.ئه حمه د: تحولات بین الملل،( از کنگره وین تا امروز( آژرماه ۱۳٦۹).

٤٦_نیروهای واکنش سریع امریکا، شروور کوردیر« ترجمه گروه مترجمین. بهمن ١٣٦٩).

٤٧_کاڤمی. د.علی اچغر، نقش قدره ت در جامعه و روابگ بین الملل، اسفند ١٣٦٩).

٤٨_اگلاعات سیاسی ـ اقتیّادی، سال چهاردهم، شماره ١٥٦_١٥٥ جهانی شدن در اپار آن بر کشورهای جهان سوم. سید اچغر قریشی.

٤٩_جاشرآبستین، استراتیژی و گرح ریزی نیروهای امریکا در خلیج فارس، ترجمه کاوه باسمنجی، تهران، انتشارات روشنگران ١٣٧٠.

٥٠_سنجابی ـ علیرچا: استراتژی و قدرت نڤامی تهران انتشارات پاژنگ ١٣٧٥.

٥١_اخوان زنجانی. داریوش: "ساختار جامعه بین الملل و امنیت ملی" اگلاعات سیاسی اقتیّادی، سال نهم شماره ٩٢_٩١ فروردین و اردیبهشت ١٣٧٤.

٥٢_آسمون. رونالد: "بازنگری "استراتیژی نڤامی امریکا" ترجمه معیّومه شمشیرپنا همدانی، مجله سیاست دفاعی.

٥٣_برژینسکی ـ زبیگنیو: در جستوجوی امنیت ملی، ترجمه ابراهیم نجف آبادی، تهران: نشر سفید، ١٣٦٩.

٥٤_انتونی کوردزمن، "امریکاواستراتژی مقابله با تهدیدها" روزنامه اگلاعات، ١٣٧٩\٣\١٨.

٥٥_گزارش استراتژی امریکا در مقابله با تروریسم، مجله سیاست خارجی، سال هفتم، شماره ٤ ، زمستان ١٣٧٢.

٥٦_عامری.هوشنگ: ایّول روابگ بین الملل، تهران: انتشارات آگاه، ١٣٧٠.

٥٧_ریچارد کاگلر،استراتژی نڤامی و وچیت نیروهای امریکا در قرن بیست و یکم.

٥٨_ادوارد ـ ای،آژر،چونگ این مون، امنیت ملی در جهان سوم،(تهران: پژوهشگر، مگالعات راهبردی، ١٣٧٩).

٥٩_مگالعات منگقه ای( اسرائیل شناسی ـ امریکاشناسی)،جلد یازدهم، ٣٨١، پریدآژر: سیدحسین موسوی.

٦٠_محمد.مهدی، انقلاب اسلامی در مقایسه با انقلابهای فرانسه و روسیه. بی جا، ناشر مولف، ١٣٧٤.

٦١_ولایتی.علی اکبر: مقدمه مجله سیاست خارجی،(سال اول، دی و اسفند ١٣٦٥).

٦٢_لاریجانی. محمد جواد: مقولاتی دراستراتژی ملی،(تهران.مرکز ترجمه و نشربکتاب، ١٣٦٩).

٦٣_اگلاعات سیاسی ـ اقتێادی،(فروردین ـ اردیبهشت ١٣٧٤).

٦٤_(مرتچی شمس ـ فێلنامه مگالعات راهبردی).

٦٥_مجله سیاست خارجی ـ سال نهم، شماره یک، بهار١٣٧٤ ێ ٨٤.

٦٦_دانشنامه داریوش آشوری(فرهنگ و اگلاعات ومکتبهای سیاسی).

٦٧_کانت. دمارانش، جنگی چوارمی جیهانی(جاسوسی له سه رده می دیپلوماسیه تدا).

٦٨_پاییزه ـ فراقلی نوزری: تروریسم دولتی جمهوری اسلامی: نشریه نگاه، سیاسی ـ اجتماعی ـ فرهنگی ـ شماره ٩ـ سال چهارم ـ تابستان ١٣٧٨.

٦٩_رفیع زاده ـ شهرام ـ بازی قدرت و قتلهای زنجیره ای ـ زمستان ١٣٧٩ـ انتشارات اکنون.

٧٠_هنوز در برلین قاچی هست ـ زنجیره برنامه رادیو فردا به مناسبت سیزده همین ـ سالگرد ترور میکونوس.

٧١_عزیزی ـ سید سلام: سفەری بێ گەرانەوە.

٧٢_هانتینگتۆن ـ پ ـ سامۆئیل. پێکدادانی شارستانیەتە کان، و: مامەند ڕۆژە، وەزارەتی ڕۆشنبیری سلێمانی ٢٠٠٥.

٧٣_چامسکی ـ د. نوام: دمکراسی بازدارنده، ترجمه مهوش غلامی. انتشارات اگلاعات.تهران ـ ١٣٧٥.

٧٤_یزدانفام.محمود: سلاحهای غیر متعارف عراق:"گزارش تحلیل" تحلیلهای نڤامی راهبردی نگاه، سال سوم،شماره ٢٧، بهمن ١٣٨١.

٧٥_گزارش تسلیحاتی عراق، موچوعات و تحلیلها، گزارش و تحلیلهای نڤامی راهبردی نگاه، سال سوم، شماره ٣٠ ، بهمن ١٣٨١.

٧٦_ڕاپۆرتی بەڕێوەبەری گشتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەیی ئەتۆمی، ئەنجومەنی ئاسایش لە ڕێکەوتی٨ی ئۆکتۆبری١٩٩٧دا.

٧٧_زمانی. سیدقاسم، حقوق بین الملل و کاربرد سلاحهای شیمیایی در جنگ ایران و عراق(تهران: استاد کل نیروهای مسلح. بی تا.

٧٨_مجله سیاست خارجی. سال سیزدهم،شماره ٤،زمستان ١٣٨٤.

٧٩_اگلاعات سیاسی ـ اقتێادی ـ شماره ١٨٤-١٨٣،سال هفدهم(آژر و دی ١٣٨١).

٨٠_محله تحقیقات حقوق شماره ١٤-١٣،پاییز١٣٧٢ تا تابستان١٣٧٣.

٨١_رچا ـ موسی زاده: حقوق بین الملل و معاملات بین الملل، چاپ اول ـ تهران: نشر میزان، دادگستر١٣٧٧.

٨٢_مقتدر ـ هوشنگ، تحولات سازمان ملل متحد، دانشگاه پهلوی شیراز.

٨٣_جهرمی افتخار ـ گودرز: "حاکمیت دولتهاو محدودیتهای منشور ملل متحد". مجله تحقیقاتی حقوق دانشگاه شهید بهشتی شماره١٨.

٨٤_اگلاعات سیاسی ـ اقتێادی. فروردین و اردیبهشت، ١٣٨١.

٨٥_روشندل ـ جلیل: امنیت ملی و نڤام بین الملل، تهران،١٣٧٤.

٨٦_"ابعاد نرم افزاری امنیت ملی" مجله سیاست دفاعی، جلد دوم، تهران، انتشارات چاپخش،١٣٧٢.

٨٧_"امنیت ملی در جهان سوم" پژوهشگده مگالعات راهبردی، تهران، نشر مدرس،١٣٧٩.

٨٨_"مداخلات بشر دوستانه و تحدید حاکمیت ملی" اگلاعات سیاسی ـ اقتێادی، فروردین و اردیبهشت ١٣٨١.

٨٩_مجله اگلاعات سیاسی ـ اقتێادی، سال نوزدهم، شماره اول و دوم، مهروآبان١٣٨٣.

٩٠_جعفری ولدانی ـ اێغر: روابگ عراق و کویت(تهران: دفتر مگالعات سیاسی و بین المللی.١٣٦٩).

٩١_رمچانی ـ روح الله: چهارچوب تحلیلی برای سیاست خارجی ایران، ترجمه علیرچا گیب(تهران: نشرنی ١٣٨٠).

٩٢_اگلاعات سیاسی ـ اقتێادی ـ شماره ١٤٠_١٣٩ (فروردین و اردیبهشت١٣٧٨).

٩٣_سریع القلم ـ محمود: سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران بازبینی نڤری و پارادایم ائتلاف( تهران: مرکز تحقیقات استراتژیک، ١٣٧٩).

٩٤_بوئیزی ـ پل: جهانی شدن با کدام هدف، ترجمه ناێر زرفشان، انتشارات اگه.

٩٥_هایت، کلاود یاو دیگران، ١٣٨٣، جهانی شدن و جنگ، ترجمه لگفعلی سمینو.نشر اختران.

٩٦_"جهانی ژئوپولیتیک در سه سال گڎشته ـ اگلاعات سیاسی ـ اقتێادی سال بیست ویکم، شماره سوم و چهارم ـ آڎر و دی ١٣٨٥.

٩٧_محمدی ـ منوچهر ـ سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران: اێول و مسایل. چاپ دوم. تهران ـ دادگستر، ١٣٨٠.

٩٨_وتەکانی کاندولینرا ڕایس وەزیری دەرەوەی ئامریکا لە کۆڕی هەواڵنێری کاناڵی تەلەزیۆنی دەنگی ئامریکادا(VOA)١٣٨٤/١٠/١٣).

٩٩_سیف زاده ـ سید حسین: معمای امنیت و چالشهای جدید غرب. تهران. وزارت امور خارجه.١٣٨٣.

١٠٠_فێلنامه مگالعات خاورمیانه، شماره ٣، پاییز١٣٨١).

١٠١_احمد زاده ـ داود: "پیشنهاد ایران برای توافق امنیتی با عراق"١٣٨٣.

١٠٢_ڕاپرسی لەمەڕ یاسای بنچینەی عێراق. ١٣٨٥/٢/١١. www.mehrnews.
١٠٣_امین زاده ـ محسن:" سرانجام عراق روابگ ایران با امریکا" ماهنامه نگاه، ش٤٩(اردیبهشت١٣٨٥).

١٠٤_برژینسکی زبیگنیو و رابرت گیتس(٢٠٠٤)"لزوم رویکرد جدید امریکادر قبال ایران" اگلاعات بین الملل(١٣٨٥/٥/٢).

١٠٥_حسینی ـ حسن(١٣٨٤) گرح خاورمیانه بزرگتر(القاعده و قاعده در راهبرد امنیت ملی امریکا) تهران.

١٠٦_حیدری ـ محمد(١٣٨٢) " تحلیل وچعیت امنیتی عراق پس از اشغال در سگح منگقه ای و بین الملل و تاپیر آن بر امنیت ایران.

١٠٧_فێلنامه مگالعات خاورميانه( پاييز١٣٨٢).

١٠٨_"رقابت ايران و امريكا برسر نفوژ بيشتر در عراق"(١٣٨٥/٤/٢٧) www.ajtanews.ir

١٠٩_زيد آبادى ـ احمد" دولت شيعه درعراق، معچلى تازه براى جمهورى اسلامى:١٠٠٤/٨
www.bbc.co.uk/parsian/iran/story

١١٠_شاه ركنى ـ هدايت الله(١٣٨٢). " ناامنى در عراق، پاشنه اشيل بوش" ١٣٨٤/٤/١٥
www.did.ir/document/index

١١١_"عراق دروازه نفوژ ايران به جهان غرب"(١٣٨٥/٤/٣١). www.oftadnews.ir/

١١٢_"سلاح دموكراتيك درمقابله با تروريسم در عراق"(١٣٨٥/١/١٦)
www.did.ir/document/index

١١٣_كاران. كيسين و ديگران(١٣٨١): جنگ امريكا و عراق، هزينه ها، پيامدهاو گزينه هاى موجود. تهران. ابرابر معاێر.

١١٤_ويسى ـ مراد(١٣٨٢). مسائل ايران و عراق، (عراق پس از ێدام)، جلد اول. تهران.

١١٥_"سياست امريكا در قبال برنامه هسته اى ايران" فێلنامه مگالعات سياسى روز، شماره ١٢، ١٣٨٣.

١١٦_روزشمار پرونده ايران. همشهرى ديپلوماتيک، (ارديبهشت١٣٨٥) www.hamshahri.net

١١٧_شاه و اتم(١٣٨٣). ماهنامه گزارش. شماره ١٥٥،(مرداد١٣٨٣).

١١٨_مرادى ـ منوچهر(١٣٨٥). "روسيه و برنامه هاى هسته اى ايران حفڤ پيات و رقابت( ارديبهشت١٣٨٥"). www.hamshahri.net

١١٩_"بررسى وچعيت پرونده هسته اى ايران در شوراى امنيت سازمان ملل؛ چالشها و فرێتها".(ارديبهشت١٣٨٥). www.hamshahri.net

١٢٠_مجله دفاعى امنيتى: شماره ٤ سال ١٣٨٣، "نقش عراق در ژئوپوليتكى خاورميانه بزرگ".

١٢١_"كتێبى ڕێنوێنى كەرى" مەيدانى شەڕى ئەرتەشى وڵاتە يەكگرتووەكانى ئامريكا.

١٢٢_بۆ زانیاری زیاتر لە سەر پاڵپشتی نێودەوڵەتی تیرۆریستان سەرنج بدەنە:
١٨٣.stohl,Terrorism and state Jerrorism, op.cit.p

١٢٣_ڕاپۆرتی ساڵانەی پۆلیسی فیدراڵی ئامریکا(FBI) لە ساڵی ١٩٩٨ دا.

١٢٤_بڕیارنامەی ٤٦/٥١ پەسەندکراوی ڕێکەوتی ٩ی دێسامبری ١٩٩١، ئەنجومەنی ئاسایش، بۆ لە ناو بردنی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی.

١٢٥_بڕیارنامەی ٤٢/١٥٩ کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٧ی دێسامبری ١٩٨٧، لە مەڕ تیرۆریزم.

١٢٦_بڕیارنامەی ٣٣١٤. کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دانیشتنی بیست و نۆهەم لە ٢٤ی دێسامبری ١٩٧٤.

١٢٧_بڕیارنامەی ٤٤/٢٩، کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، گەسەندکراوی ٤ی دێسامبری ١٩٨٩.

١٢٨_بڕیارنامەی ٤٤/٢٩، کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پەسەندکراوی ٦ی دێسامبری١٩٨٩.

١٢٩_کونوانسیۆنی ١٩٧١ی لاهە.

١٣٠_کونوانسیۆنی ١٩٧١ی مونیترالڕ.

١٣١_ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ بابەتی تیرۆریزم، لەساڵی ١٩٩٦دا.

١٣٢_بڕیارنامەی ١٣٧٣ (٢٠٠١)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٨ی سێپتامبری٢٠٠١دا.

١٣٣_بڕیارنامەی ٢٥٢٦ی کۆڕی گشتی، ڕێکەوتی ٢٤ی ئۆکتۆبری ١٩٧٠ کە بە (ڕاگەیەندراوی پێوەندی دۆستانە ناسراوە).

١٣٤_بڕیارنامەی ١١٨٩ کۆڕی گشتی پەسەندکراوی ١٣ی ئووتی ١٩٩٨.
١٣٥_کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی ژاک شیراک سەرۆک کۆماری فەرانسە و کۆفی ئەنان سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٩ی سێپتامبری ٢٠٠١.
(.doc.htm٧٩٦٤/sgsm٢٠٠١/http://www.un.org/news/press/docs)

١٣٦_"همه چیز درباره چرخه سوخت همیشه ای در ایران"« اگلاع، فروردین ١٣٨٥.
www.ittela.com

١٣٧_اسفیدو اجانی، سید مهدی،" امریکا و برنامه هسته ای ایران"، اگلاعات سیاسی ـ اقتێادی، شماره ٢١٩/٢٢٠.

١٣٨_"آشنایی با برخی از کاربردهای انرژی هسته ای" سایت ایران علمی
www.iranscientific.com

١٣٩_ولقرزـ آرنولد،"اهداف سیاست خارجی".

١٤٠_شوسودوفسکی ـ میشل، جنگ و جهانی سازی.(واقعیتهای پشت پرده ١١ی سپتامبر). ترجمه جمشید نوایی ـ نشرنی، ١٣٨٤.

١٤١_مبارزه علیه تروریسم و حقوق بین الملل(خگرات و فرێتها)١٣٨٣/٣/٢٠
www.bashgah,net

١٤٢_رایش ـ والتر ـ ریشه های تروریسم، ترجمه: حسن محمدی نجم(تهران، ١٣٨١).

١٤٣_هافمه ن ـ بروس ـ تیرۆریزم ـ وەرگێران: ئاوات ئەحمەد، ساڵی٢٠٠٥ـ کتێبی گیرفانی.

١٤٤_عمیقی ابرقویی. ابراهیم: مراد از تروریسم دولتی چیست؟( مجله حورا. شماره ٥.

١٤٥_شەرەفکەندی ـ د. سەعید، گۆڵبژێرێک لە وتارەکانی، بڵاوکراوەی حیزبی دێموکرات، ١٣٨٣.

١٤٦_گۆواری وەرزی تیشک، گۆوارێکی سیاسی ـ ڕۆشنبیری گشتیە، کومیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەری دەکات ـ ساڵی هەشتەم ـ ژمارە ٢٠ ـ ڕەزبەری ١٣٨٦.

١٤٧_چامسکی. نوام ـ وتار ـ دیاربە کر. (www.news.gooya.com) و: مهرناز شهابی.

١٤٨_وتووێژی "ڕادیۆ فەردا" لەگەل "مایکل شوئر" ( مائمور سابق سازمان سیا) ٢٠٠٥/٨/٢٥). لەمەڕ تیرۆریزم.

١٤٩_وتوویژی "ڕادیۆ فەردا" لەگەل "رایان جاکسۆن" لەمەڕ تیرۆریزم. شرۆوفە کەری دامەزراوەی رەند (Rand) ٢٠٠٥/٨/٢٨.

١٥٠_گۆفاری گوڵان ـ ساڵی دوازدەهەم ـ ژ (٥٤٨) ـ ئەیلولی ٢٠٠٥.

١٥١_جارڕنامەی گەردوونی مافی مرۆف ـ مادەی(٥٥)، مادەی(٢) بەندی(٤).

١٥٢_گۆفاری تیشک. وەرز گۆفارێکی سیاسی ـ ڕۆشنبیری گشتییە. ژ: ٢٢ـ کومیسیۆنی حدکا بڵاوی دەکاتەوە. گەلاویژی ١٣٨٧.

١٥٣_محمد کارزان: تیرۆریزم( لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریء مێژوویيء سیاسییە.(چاپخانەی ڕۆشنبیری ـ سلێمانی ـ ٢٠٠٥).
١٥٤_کاڤمی ـ علی اێغر: مدیریت بحرانهای بین المللی. (تهران ـ وزارت امور خارجە ـ دفتر مگالعات سیاسی و بین المللی.

١٥٥_خبرگزاری اسینا ١٣٨٤/١١/١٣، بخش انرژی هستە ای. www.isna.ir

١٥٦_روزنامە شرق، ١٣٨٣/٩/٧ www.sharghnewspaper.com

١٥٧_رو.نامە شرق ١٣٨٤/١١/٢٥ www.sharghnewspaper.com

١٥٨_مجلە اگلاعات سیاسی ـ اقتێادی ـ سال بیست و یکم ـ شمارە ٥ ـ ٦، بهمن و اسفند ١٣٨٥.

١٥٩_گۆفاری سەردەمی ڕەخنە، ژمارە(١)، ساڵی ٢٠٠٥، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.

١٦٠_مجلە گفتمان نو، دورە جدید، سال یکم، شمارە،(١)، خرداد و تیر ١٣٨٥، ماهنامە سیاسی ـ فرهنگی، اجتماعی.

١٦١_گۆفاری ڕەهەند ـ ژمارەی ١٥/١٤،ساڵی ٢٠٠٣، تیور، کولتوور، ڕافەکردن.

١٦٢_سایتی ئینتێرنێتی: www.sharghnewspaper.com

١٦٣_سایتی ئینتێرنێتی، ناوەندی خەبات دژ بە مادە هۆشبەرەکان لە ئێراندا: www.dchq.ir

١٦٤_سایتی جیهاد دژ بە مادە هۆشبەرەکان: www.sarbsdaran.org

١٦٥_تیرۆریزمی خوێنین، سایتی ئینتێرنێتی:
www.iranliberty.com

١٦٦_سایتی، تیرۆریزمء سیاسەتی نوێی جیهانی ئامریکا:
www.irandidan.com

١٦٧_سايتی بابەت و هەوال: www.akhab

١٦٨_سايتی ئینتێرنێتی: www.tir – e – akhar_blogstop.com

١٦٩_سايتی ئینتێرنێتی: www.melliun.org

١٧٠_سايتی ئینتێرنێتی: www.entegham_mihanblog.com

١٧١_سايتی ئێنتێرنێتی بیوتیرۆریزم: www.kums.ac.ir

١٧٢_سايتی ئینتێرنێتی: www.aftabkaran.com

١٧٣_سايتی ئینتێرنێتی هێزه جیهادییەکان: www.toob-ir.org

١٧٤_سايتی ئینتێرنێتی: www.bashgah,het

١٧٥_سايتی ئینتێرنێتی: www.gellery١persianblog.com.

******

بڵاوکرایەوە لە
**https://pmnews.se**

**30/11/2018**